

الوجيز في أصول الفقه

به كوردى

دانانى

دكتۆر عەبدولكەريم زەيدان

عەبدوڵلاّ مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوايى

كردوويەتى بە كوردى

بەرگى يەكەم

٢٠١٤



الوجيز
في أصول الفقه
بە كوردی

دانانی
دكتۆر عەبدولكەریم زەیدان

عەبدوڵلاّ مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی
كردوویەتی بە كوردی

بەرگی یەكەم

پێناسی کتێب

*ناوی کتێب: الوجیز في اصول الفقه، به کوردی.
* دانانی: دکتۆر عەبدولکەریم زەیدان
* وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی
*پەیوەندیکردن: shexnami@yahoo.com
* ﴿بەرگی یەکەم﴾
* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
* چاپ: چاپخانەی گەنج - سلێمانی
*بڵاوکردنەوەی: کتێبخانەی بێخود – سەییدسادق، ﴿٠٧٥٠١٢٤٦٨١٨﴾.
*ساڵی چاپ: ١٤٣٤ – ٢٠١٤

ژمارەی سپاردنی (١٢٣٧)ی،ساڵی(٢٠١٣)ی، پێدراوە.



﴿پێشەكی وەرگێڕ﴾

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

إنَ الحَمدَ للّه نَحْمَدُهُ وَ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ. وَ نَعُوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَ مِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا. مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ. وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ. وَ أَشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلا الله وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ. وَ أشْهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ) (آل عمران: ١٠٢)

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً) (النساء: ١)

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً) (الأحزاب: ٧٠ – ٧١).

أَمَّا بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار.

پاشان: جەنابی دكتۆر مستەفا زەڵمی، لە پێشەكی چاپی پێنجەمی كتێبەكەیدا، ﴿أصول الفقهِ الاسلامي، في نسيجِهِ الجَديد﴾، زۆر جوانە، كە فەرموویەتی: " شتێكی حاشا هەڵنەگرە، بۆ هەركەسێ كە دەس و پەنجەی لە گەڵ دەقە شەرعییەكاندا نەرم كردووە، و دەیەوێت گەوهەری زانست لە قوڵایی ئەو دەقانەدا هەڵبهێنجێت، پێویستە لە چوار زانستدا زۆر شارەزا بێت، كە یەكێكیان (زانستی ئوصوڵی فیقهـ)ـە، و پاشانیش بەردەوامی دەدات، بە گوفتارەكەی و دەڵێت، پێشەوا غەزالی فەرموویەتی، (مَنْ لا مَعْرِفَةَ لَهُ بالمنطق، لا ثِقة بِعِلْمِهِ!)، بەڵام دكتۆر دەڵێت، من گوتومە: (مَنْ لا مَعْرِفَةَ لَهُ بأُصول

الفِقهِ، لا ثِقَةَ بِعِلْمِهِ!)، خـودای مـەزن سـەرفرازی بكـات، بـۆ جـوانی ئـەم فەرمایـشتە بـە پێزەی، بـە ڕاسـتی هەركـەس سـەرنجێكی وردی ئـەم زانـستەی نـەدابێت، نازانێـت، ئـەم فەرمایشتەی چەندە بە جێیە!

جـا ئـەمڕۆ كـە سـەدان لێكۆڵینـەوە، و ماسـتەرنامە، و دكتـۆرا، تایبـەت لـەم بـوارەدا دەنووسرێت، ئاستی نرخ و بایەخ و مەزنی ئەم زانستە پیرۆزە دەردەخات.

ئەگەر چی زانایانی كوردیش، بە زمانی عەرەبی لەم بوارەدا زۆر داهێنـەر، و بـە توانـا بوون، هەر لە (أبن الحاجب)، تا (ئامێدی)، و(مـەلا موحەممـەدی جـەلی زادەی كـۆیی)، و دەیانی تر، كە بە بەرگی كوردی، بەلأم بە زمانی عەرەبی، ڕێگا تاریك و تەسـكەكانی ئـەم زانستەیان بۆ تامەزرۆیانی زانست لە جیهانی ئیسلامیدا ڕووناك كردۆتەوە، و سـوپاس بـۆ خوا ئێستاش وورده وورده بە زمانی كوردی، خەریكە وەرگێڕان، و شـەرح، و لێكدانـەوە، و نووسین، دەكەوێتە كتێبخانەی كوردییەوە، و تامەزرۆیانی زانستی لە كوردسـتاندا پێـی بەهرەمەند دەبێت.

بۆیـە منـیش لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەو گرنگییـەی ئـەم زانـستەدا، و وەك خزمـەتێك بـە قوتابیانی زانستی شەرعی لە كوردستاندا، بـە بیرمـدا هـات، كـە لـەم بـوارەدا، پەرچـڤەی ﴿الـوجیز في أُصـول الفقـه﴾. پێـشكەش بكـەم، كـە پـەڕاوێكی ناسـراوە، لـە مەڵبەنـدە زانكۆیی، و ئەكادیمییەكاندا، بە هیوای ئـەوەی كـە جێـی خـۆی بگرێـت، و خـوای گـەورە فەقێ، و قوتابیانی زانستی شەرعیی پێ بەهرەمەند بكات.

لە وەرگێڕانەكەدا، زیاتر پشتم بە پەرچڤەی گشتی و مانادان بە دەستەوە بەستووە، و خۆم لە تەرجەمەی حەرفی پاراستووە، و لە بـە كـوردی كردنـی ئایەتەكانـدا، (تەفـسیری ڕامان)ـی، (مامۆستا مەلا ئەحمەد كاكە مەحموود)ـم، بە كارهێناوە، "ڕەحمەتی خوای لێ بێت".

و ئینجا لە بەر گەورەیی قەبارەكەی بڕیارمدا، بە دوو بەرگ چاپی بكـەم، ئەمـە بـەرگی یەكەمە، و پشت بە خوا پاش ماوەیەكی كەم بەرگی دووەمیشتان پێشكەش دەكەم.

ئومێدەوارم خودای پەروەردگار، بە هۆی ئەم پەڕاوەوە فەقێ، و خوێندکاران، و تامەزرۆیانی زانستی شەرعیی کورد، لە هەر جێگایەك هەن، پێی سوودمەند بکات، منیش لە دووعای خێر بێبەش نەکەن، و ئەوەی من نووسیومە، ئەگەر پێکابێتم، لە خودای مەزنەوەیە، و ئەگەر هەڵەشم کردبێت، لە خۆمەوەیە، و ئومێدەوارم هەڵەکان لە خزمەت مامۆستایاندا ئیصلاح بکەن، و ئیتر هەر بە تەمای دووعای خێر ....

<u>خزمەتگوزاری زانستەکانی شەریعەت</u>

<u>باوکی نامی</u>

(عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی)

(٢٠ / ١ / ٢٠١٤)

خورماڵ - هەورامان - کوردستانی عێراق

﴿پێشەكی دانەر﴾

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾

الحمد لله ربّ العالمين. والصلاة والسلام على سيّدنا محمّد وعلى آله وصحبه أجمعين.

پاشان: شەرعزانانی شەریعەتی ئیسلام، (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، زانستێكی زۆر مەزنو بەسودیان بۆ داناوین، كە لە ناو گەلانی تری جیهاندا هاووێنەی نی یەو نەبووە، چ لە ڕابردووو چ لە ئێستادا، كە ئەو زانستەیش زانستی ئوصولی فیقهە، و مەبەست لە دانانو دەربڕینیو ڕوونكردنەوەی زانیارییەكانیو ڕەهەندو ماناكانی بریتی یە لە خزمەتكردنی ئیسلام، لە ڕێگای دروست حاڵی بوونەوە لە قورئانو فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ)و دەرهێنانی حوكمەكان لەو سەرچاوانە، و هەروەها لە سەرچاوە بڕواپێكراوەكانی تر، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی كۆمەڵێك یاساو بنەمای بنچینەیی زانستی ئوصولی فیقهە.

پێش چەند ساڵێك چەند زانیارییەكم لەسەر ئەم زانستە مەزنە یاداشت كردو، گوتمەوە بە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی كۆلێژی ماف لە زانكۆی بەغدادو، دواتر لە كتێبێكدا كۆم كردنەوە، و ناوم نایە: ﴿الوجيز في أصول الفقه﴾، و لەچاپەكانی پێشوویدا، ئەوەی بە جێگای سوودم زانیوە لە پوختەكردنو، زیادەو كەم لەسەر كردنو هەمواركردنەوەو، نموونە بۆ هێنانەوەدا بۆم ئەنجام داوە، هەموو مرۆڤێكیش وایە، كاتێك ئەمڕۆ شتێكی نووسی، سبەینێ كەمو كوڕی تیادا بەدی دەكات، ئەمەش لە گەورەترین نیشانەكانی كەمو كورتی مرۆڤەو، تەنها پەروەردگار كامڵی ڕەهایەو، بەڵام زۆركەس نازانن.

لەو زیادانەی كە بە پێویستم زانیوە بۆی زیادبكەم كە لەچاپەكانی ڕابردوودا نەبووە، هەندێك نموونە بوونی لە یاسا وەضعیەكان بۆ ئەو یاسایانەی ئوصولی فیقه، كە پەیوەستن بە ڕاڤەكردنی دەقەكانەوە، چونكە ئەو یاسا ئوصولیانە پێوەرن، بۆ

تێگەیشتن لە دەستەواژە عەرەبیەکانو دروست حاڵی بوون لێیانو، زانینی مەبەستەکانیانو، لەبەرئەوەی کە(یاسا) بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، ئەوا بێگومان لەکاتی توێژینەوەو ڕاڤەکردنیدا، پێویستە کە ملکەچی بۆ ئەو یاساو بنەمایانە ببێت، وەك دواتریش باسی دەکەین.

لە کۆتاییدا، ئومێدەوارم بەم کارە گچکەیە، ڕێگای حاڵی بوونم لەو شتانەی پێویستن لەم زانستەدا، بۆ قوتابیانمان ئاسان کردبێتو، داواکارم لە پەروەردگار منو ئەوانیش سەرفراز بکات، بۆ خزمەتی شەریعەتەکەی، و بەرز ڕاگرتنی فەرمانەکانی، و هەر خودا بیسەر، و وەڵامدەرەوەی نزاکانە.

د. عەبدولکەریم زەیدان

﴿پێشەکی﴾

ئوصولی فیقهـ دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکانە، لەو سەرچاوانەی کە لەڕووی شەرعەوە بڕوا پێکراون، نەوەك ئەو حوکمانە بەپێی حەزو پێکەوتنی لاوەکی هاتبنە ئاراوە، بەڵکو دەبێت، لە ئاڕاستەو ڕەوگەی دیاریکراوو دروستەوە کەسو زانای موجتەهید هەڵیهێنجابن‌و، بە بەرچاوڕونی یاساو ڕێساکانی شەریعەت وەری گرتبن‌و، لەسەر چەند یاساو بنەمایەك هێنابنی، کە دواجار لەگەڵ دەرهاوێشتەکانیاندا کۆك‌و تەبابن، لەم ڕێگایەوە ئیجتیهادەکە دروستەو وەرگیراوە،و هەر لێرەیشدایە کە دەگەین بەو حوکمانەی کە دروست‌و گونجاوو بەردەستن.

٢- ئەو زانستەی کە بایەخ دەدات بە ڕاڤەو لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی ئەحکام‌و، ئاستی بەدۆکیۆمێنت بوونیان‌و، پلەوپایەیان لەکاتی کردنیاندا بە بەڵگەی شەرعی‌و، مەرجەکانی ئەو بە بەڵگەکردنە، ئەمە زانستی ئوصولی فیقهە ئەم کارە دەکات‌و، نەخشە ڕێگای ئەو هەڵهێنجانی حوکمانە دیاری دەکات‌و، سەرجەم ئەو یاساو ڕێسایانەش دەردەهێنێت، کە پەیوەندیدارن بەم بابەتەوەو، کۆنتاکتیان لەگەڵیدا هەیەو، هەروەها باس لەو ڕێ‌و شوێنانە دەکات، کە کەسی موجتەهید دەبێت، پێیانەوە پابەند بێت، لەکاتی ناساندن‌و دەرهێنانی ئەو حوکمە شەرعیانەیدا، کە لە(الأدلة التفصيلية) وەردەگیرێن، ئەم باس‌وخواسە بە زانستی ئوصولی فیقهـ ناوزەد کراوە، بۆیە ئەم زانستەیش، وەك عەللامەئیبن خەلدون فەرموویەتی: لە مەزنترین زانستەکانی شەریعەتەو، بە بایەخترین‌و بەسودترینیانە[1].

٣- ناوەڕۆکی زانستی ئوصولی فیقهـ ئەوەیە کە باسمان کرد، بەڵام زانایانی ئەصولی فیقهـ پێناسەی زاراوەیی(إصطلاح)ی بۆ دەکەن، بەو پێیەی کە ناوو نازناوە بۆ زانستێکی

---

[1] مقدّمة إبن خلدون. ل ٤٥٢.

تایبەت لە زانستە شەرعییەکانو، لەو ڕوانگەیەوەقسەی لەسەر دەکەن، کە ئەم ووشەیە، (مورەکەبی ئیضافی) یەو، لە ووشەی (أصول)-و (الفقه) پێکهاتووە، کە (أصول) بۆلای (الفقه) ئیضافە کراوە.

لە ڕاستیدا، ئەم ڕەوگەیە قوتابی سوختە، واتە، ئەوەی کە لەسەرەتای ئەم زانستەدا بێت، سودمەند دەکات بەوەی کە زاراوەکانیو زانایانی ئەم زانستەی پێ دەناسێنێتو، کاتێك کە گەڕایەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەم زانستە تووشی شۆك نابێت، بۆیە ئێمە لەم کتێبەدا لەسەر ئەو ڕەوتە کارمان کردو ڕایان دەهێنینو، بۆیە باسی پێناسەی زانستی (ئوصولی فیقه) دەکەین لەو ڕووەیانەوە، کە (مورەککەبێکی ئیضافی)یەو، دواتر پێناسەی دەکەین بەو جۆرەی کە نازناوە بۆ زانستێکی تایبەت، کە ئێمە لەپێودانگی ڕاڤەو توێژینەوەیدایین.

٤- پێناسەی (ئوصولی فیقه)، بەگوێرەی ئەو پێودانگەی کە لە دوو بەشی بۆلای یەکتر زیادکراو (المركب الأضافي) پێك هاتبێتو، پێناسەیش لەسەر ئەم شێوازە بەجودا هەردوو ووشەی (أصول)و (فقه) پێناسە بکەین، (أصول) کۆی (أصل: بنەما)یەو، لە زمانی عەرەبیدا ئەو شتەیە کە شتی تری لەسەر بنیات نراوە، ئیتر ئەو بنیاتنانە لەڕووی بەرجەستەیی (حسّيي) بێت، یان عەقڵی چونیەکەو، لە پێناسەی زانایانو بەکارهێنانیان بۆی، مەبەستیان لە ووشەی (أصل) چەند مانایەکە، لەوانە[1]:

أ-بە مانای بەڵگە (الدليل) هاتووە، وەك دەگوترێت (أصل هذه المسألة الأجماع) واتە: بەڵگەکەی ئیجماعە، کۆڕای زانایانە، کە (أصل) مانای بەڵگەی) وەرگرتووەو، بەگوێرەی ئەم مانایەش کە گوترا، (أصول الفقه)، واتە: بەڵگەکانی ئوصولی فیقه، چونکە (فیقه) لەسەر بەگەی عەقڵی بنیات نراوە.

---

1 نهاية السول، شرح منهاج الأصول، الأسنوي، ل ٧، لطائف الأشارات. للشيخ عبدالحميد بن محمد علي قدس، کە شەرحێکە لەسەر (الطرقات لنظلم الورقات). ل٨.

ب- بەمانای (الراجح: ڕاستتر) هاتووە، وەك ئەوەی كە دەگوترێت، (الأصل في الكلام الحقيقة)، واتە ڕەهەندی ڕاستتر (الراجح)ی قسە، ئەوەیە كە زیاتر بەلای ڕاستیدا دەكەوێت، نەك بەلای ڕەهەندی ناڕاست (المجاز) داو، هەروەها دەگوترێت (الكتاب أصل بالنسبة إلى القياس). واتە، قورئان ئەرحەمترە لەچاو قیاسدا.

ج- بەمانای یاساو ڕێسا (القاعدة) دێت، وەك دەگوترێت، گۆشتی مردارەوەبوو، بۆ كەسی ناچار حەڵاڵە، كە ئەمەش پێچەوانەی یاساو ڕێسای بنەڕەتیو گشتی یەو، هەروەها كە دەگوترێت، (الأصل أن الفاعل مرفوع)، واتە یاسای گشتیو هەمیشەیی لەسەر ئەوەیە، كە فاعیل مەڕفوعە، یاخود مەڕفوع بوونی فاعیل، لە یاسا بنەڕەتییەكانی زانستی ڕێزمانی عەرەبی (نحو)ە.

د- هاوڕابوون، جا كە دەگوترێت، (الأصل براءة الذمّة) واتە ئەستۆپاكی هاوڕایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا، كە ئەو كەسە دوورە لە تۆمەتەكە، تا پێچەوانەی ئەم شتە ڕوودەداتو، ئەستۆپاكی نامێنێت، كە ئەم ئەستۆپاكییە هاوڕای حاڵەتەكە نەبوو، ئیتر كابرا تۆمەتی ئاڕاستە دەكرێت.

بەڵام (فیقه) لە زمانی عەرەبیدا بوونی زانستە بە شتێكو، تێگەیشتنە لێی، بەڵام بەكارهێنانی لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەمان فێردەكات، كە مەبەست لێی زانست بوونی ڕەها نی یە، بەڵكو بوونی تێگەیشتنێكی وردو هەست پێكردنێكی ناسكە، نەوەك زانستی تەواو، ناسینی مەبەستەكە بەگوێرەی تێگەیشتنی قسەكەرو، لێرەیشەوە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿قَالُوا يَاشُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ﴾،[1] واتە: ئەی شوعەیب زۆرو بەتەواوی لەو قسانە تێناگەین، كە تۆ دەیانكەیتو، هەروەها قورئان دەفەرموێت: ﴿فَمَال هَؤُلاَءِ الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا﴾.[2] ئەرێ ئەو خەڵكە

---

1 هود (٩١).

2 النساء (٧٨).

دەڵێی لە قسە تێناگەن، کەواتە فیقه بەمانای حاڵی بوونی تەواو نەهاتووە، بەڵکو مانای بوونی زانستی نیوەو ناچڵی وەرگرتووە.

بەڵام فیقه لە زاراوەی زانایاندا بریتی یە لە بوونی زانست بە حوکمە شەرعییە کردارییەکان، کە لە بەڵگە تەفصیلیەکان وەرگیراون،[1] یاخود خودی ئەو حوکمانە بریتین لە فیقه.

(أحكام: حوکمەکان)، کۆی حوکمەو، بریتی یە لە جێگیر کردنی حاڵەتێك بەسەر شتێك یان کەسێکی تردا، بە دۆکیۆمێنت، ئیتر ئەو حاڵەتە پۆزەتیف بێت، یان نێگەتیف چونیەکە، وەك ئەو قسەیەی کە دەڵێت، (خۆر یان دەرهاتووە، یان هەڵنەهاتووە)و، (ئاو یان گەرمە، یان گەرم نی یە).

مەبەست لە (الأحكام)، لەم بوارەدا، ئەوەیە کە کاروکردەوەی کەسانی بەربار (المكلّف) جێگیر بکرێتو، حاڵەتی (واجب)و (مندوب)و (حرام)و (کەراهەت)و (مباح) بوونو، دروستیو نادروستی (الصّحه والفساد)و، بەتاڵییان دیاریو پۆلێن بکرێتو، هەروەها مەرج نییە، کە زانستمان بە سەراپای ئەحکامە شەرعییەکان بە ڕەهایی هەبێت، جا دروست بێت، ووشەی فیقهی بۆ بەکار بهێنین، بەڵکوبوونی زانست بە زۆرینەو، لەسەر ئاستی تێکڕا بە ئەحکامە شەرعیەکان بە فیقه هاتۆتە ئەژمارو، فیقهی ئەو بڕە زانست بوونەیەو بڕایەوەو، زانا بەو شتە بەکەس شەرعزان (فقيه) ناوزەد کراوە، چونکە هونەرو توانای دەرهێنانو هەڵهێنجانی حوکمی شەرعی هەیە.

لەم سەروبەندەدا بە مەرج گیراوە، کە ئەو ئەحکامانە شرعی بنو، درابنە پاڵ شەرعو لەوێوە وەرگیرابن، ئیتر بە ڕاستەوخۆ وەرگیرابن، یان بە ناڕاستەوخۆو بەهۆی ئامرازی ترەوە چونیەکە، بۆیە ئەحکامی عەقڵی ناچنە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەی ئێمە، وەك بوونی زانستو زانینی ئەوەی کە (الكل أكبر من الجزء): شتی گشتی گەورەترە، لە شتی فەرعیو چڵو پۆپە)، یاخود نیوەی دوو یەکە، یان ئەم جیهانە ئەفرێندراوە، ئەمانە ئەحکامی عەقڵینو شەرعی نینو ناچنە چوارچێوەی پێناسەکەمان، چونکە ئێمە گوتمان

1منهاج الأصول، الأمام البيضاوي. ل ٢٢، الأحكام في أصول الأحكام، للأمدي، ب١،ل ٧، إرشاد الفحول، للشوكاني، ل ٣، لطائف الأشارات، ل٨.

دەبێت حوکمی شەرعی بن‌و، هەروەها ئەحکامی بەرجەستەیی (حسّيي) لە دەرەوەی ئەم پێناسەیەی ئێمەوەن، واتە ئەو حوکمانەی کە بە هەست‌و بەرجەستەبوون زانراون، وەك زانینی ئەوەی کە ئاگر سوتێنەرەو، هەروەها ئەو حوکمانە ناگرێتەوە، کە بە ئەزموون زانراون، وەك زانینی ئەوەی کە ژەهر کوشندەیەو، هەروەها حوکمی دانراو (وَضعي) ناگرێتەوە، وەك زانینی ئەوەی کە (كان و أخواتُها) موبتەدا مەرفوع دەکەن‌و، خەبەر مەنصوب دەکەن، کە ئەم یاسایە دانراوەو دەسکردە.

ئینجا لەو حوکمە شەرعییانەدا، ئەوە بە مەرج گیراوە، کە کرداری (عَملي) بن، واتە ئەوانەی کە پەیوەستن، بە کارو کردەوەی ئەو کەسانەی کە ئەرکیان لەسەر شانە (مکلّف)ن، وەك نوێژی نوێژخوێنان‌و، کڕین‌و فرۆشتن‌و، خواردن‌و خواردنەوەیان‌و، سزادانیان لەکاتی سەرپێچی کردندن، لە پەرستش‌و مامەڵەکانیاندا، بۆیە ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە بیروباوەڕەوە ناچنە ناو ئەم باسەمان، وەك باوەڕبوون بە خواو ڕۆژی پەسڵان، ئەمانە ئەحکامی ئیعتیقادین‌و، هەروەها ئەو حوکمانە ناگرێتەوە کە پەیوەستن بە ئەخلاق‌و هەڵس‌و کەوتەوە وەك. واجب بوونی ڕاستگۆیی‌و حەرامی درۆزنی، ئەمانە لە زانستی فیقهدا باس ناکرێن‌و، بەڵکو لە زانستی یەکتاپەرستی (التوحید)و زانستی کەلام دا باس دەکرێن، ئەگەر ئەحکامی ئیعتیقادی بوون‌و، ئەگەر ئەحکامی ئەخلاقی بوون ئەوا لە زانستی ئەخلاق‌و تەصەوفدا باسیان لێوە دەکرێت.

هەروەها لەو حوکمە شەرعییە عەمەلیانەدا بە مەرج گیراوە کە وەرگیراو (مکتسب) بن، واتە لە بەڵگە تەفصیلیەکان وەرگیرابن، لەڕێی تێڕوانین‌و بەڵگە هێنانەوە (النظر والاستدلال) ەوە.

و بەپێی ئەم مەرجە بێت، زانینی پەروەردگار بە ئەحکامەکان‌و زانستی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان، هەروەها زانینی تەقلیدکارەکان بە ئەحکامەکان، ئەمانە هەموو لە زاراوەی زانایاندا بە فیقه ناوزەد کراون‌و، هەروەها زانەرەکەشیان بە (فەقیهـ) ناوزەد نەکراوە، چونکە بوونی زانستی پەروەردگار بەو ئەحکامانە، لە صیفاتە لازمەکانی زاتی پەروەردگار خۆیەتی، و ئەو زانایە بە حوکم‌و بەڵگەکانیش‌و، هەروەها زانستی

پێغەمبەر(ﷺ) پێیان لە سروش (وەحی) وەرگیراوە، نەك لە بەڵگەكانو، هەروەها زانستی كەسی موقەلید، لەرێگای تەقلیدەوە فێری بووە، نەوەك لەرووی تێرامانو ئیجتیهادكردنەوە.[1]

(الأدلة التفصيليّة)، ئەو بەڵگە جوزئیانەن، كە هەریەكەیانو هەر بەشێكیان پەیوەستن، بە پرسێكی تایبەتو، وەك دەق بەكارهێنراون بۆ حوكمێكی دیاریكراو، وەك:

أ- فەرمایشتی پەروەردگار كە دەفەرموێت: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ ﴾[2]، ئەمە بەڵگەیەكی تەفصیلی یە، واتە بەڵگەیەكی جوزئییەو، تایبەتە بە پرسێكی تایبەتەوە كە مارەكردنی دایكو دایكی باوكو دایكی دایكەو هەروەها بەڵگەیە لەسەر حوكمێكی دیاریكراو، كە حوكمی حەرامی مارەكردنی ئەو پێرەیە كە ناومان هێنان

---

1 لێرەدا تێبینی ئەوە كراوە، كە كەسی تەقلیدكار كە برێك لە حوكمە شەرعیەكانی بە بەڵگەوە زانی، بە (فەقیە) ناونابرێت، چونكە كەسی (فەقیە) لای زانایانی ئوصول ئەوەیە كە هونەری دەرهێنانی حوكمو هەڵهێنجانی لە بەڵگەكانەوە هەبێت، ئیتر چونیەكە بە كردار ئیجتیهادی كردبێتو حوكمی هەڵهێنجابێت، یاخود ئیجتیهادی نەكردبێت،و حوكمی هەڵنەهێنجابێت، كەواتە (فەقیە ئەو كەسەیە) كە فیقە بوبێتە خولیای،و ئەمە هەڵگری مانای ئیجتیهادە، بەڵام لێرەدا گۆڕانێك لە ماناكەدا ڕوویداوە،و ووشەی (فیقە) بۆ پرسە فیقهییەكان بەكارهێنراوە، ئیتر چونیەكە ئەو كە بە تێرامانو بەڵگەهێنانەوە دەستی كەوتبن، یاخود بەرێگای تێگەیشتن لە قسەی موجتەهیدەكان، یاخود بەرێگای تەقلیدكردن،و لەبەركردن، هەروەك چۆن كەسێك بەو ڕێگایانەی باسمان كرد زانیاری دەست كەوتبێت، هەر بە (فەقیە: شەرعزان) ناوزەد كراوە،و ئەم مانا نوێیەش، لەلای زانایانی فیقە، بڵاوبۆتەوە، نەوەك لەلای زانایانی ئوصولی فیقە، بروانە (مذكرات في تأريخ الفقه)، للشيخ فرج السنهوري، ل٤.

2 النساء (٢٣).

ب- فەرمایشتی قورئان: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾﴾[1] کە بەڵگەیەکی جوزئییەو تایەتە بە پرسێکی دیاریکراو، کە داوێن پیسی یەو، بەڵگەیە لەسەر حوکمێکی تایبەت، کە حوکمی حەرامی داوێنپیسی کردنە.

ج- هەروەها فەرمایشتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ﴾[2] کە بەڵگەیەکی جوزئی یە، لەسەر پرسێکی دیاریکراو، کە ئامادەکاری سەربازی‌و هێزە لەلایەن کۆمەڵێکی دیاریکراوەوەو، هەروەها بەڵگەیە لەسەر حوکمێکی دیاریکراوی تایبەت، کە حوکمی وزاجب بوونی ئامادەسازی جەنگی یە، لەلایەن کۆمەڵی موسوڵمانانەوە، بۆ ترساندنی دوژمنانی ئیسلام.

د- هەروەها وەك ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (العَمْدُ قَوَد: بۆ کوشتنی ئەنقەست، تۆڵەکردنەوە بە کوشتنەوەی هەیە)، ئەمە بەڵگەیەکی جوزئییە، کە پەیوەستە بە پرسێکی دیاریکراو، کە کوشتنی بەدەست ئەنقەستەو، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەو حوکمەیش، کە حوکمی بوونی کوشتنەوەو تۆڵەکردنەوەیە.

هـ- بوونی (الأجماع: کۆڕای زانایان) لەسەر ئەوەی کە میراتی داپیرە شەش یەکە، ئەمەیش بەڵگەیەکی جوزئییە کە تایبەتە بە پرسێکی دیاریکراو کە میراتی داپیرەیەو، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەو حوکمەی کە واجبە شەش یەك ببدرێت بە داپیرە.

کەواتە (الأدلة التفصيليّة) ئەو بەڵگانەن کە حوکمی هەموو پرسێکمان بۆ یەکلایی دەکەنەوەو، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بوونەتە باس‌و خواسی فەقیهەکان، تا ئەو حوکمانەیان لێ هەڵبهێنجن کە لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو یاساو ڕێسایانەی کە زانایانی ئوصوڵی فیقە بۆ دەرهێنانی ئەحکام‌و شێوازی پەیڕەوی بەڵگەهێنانەوە دایانناون، بەڵام زانای ئوصوڵی لەسەر ئەم بەڵگانە توێژینەوە ناکات، بەڵکو لەسەر بەڵگە گشتی یەکان (الأدلـة الأجماعيـة) یاخود (الأدلـة الكليّـة) توێژینەوە

---

1 الأسراء (٣٢).

2 الانفال (٥٩).

دەكات، تا لەم ڕێگایەوە كۆمەڵێك یاساو ڕێسا دابنێت بۆ زانایانی فیقه، تا ئەوانیش بەسەر بەڵگە جوزئییەكاندا پراكتیزەیان بكەن‌و جێ بە جێ یان بكەن‌و دواجار بگەن بە زانینی حوكمە شەرعییەكان.

٥- پێناسەی (ئوصوڵی فیقه) لە زاراوە(إصطلاح) دا :

پێناسەی ئەم زانستە بە پێودانگەی كە نازناوە بۆ زانستێكی دیاریكراو بریتییە لە زانینی یاساو بەڵگە گشتییەكان، ئەو یاساو بەڵگانەی كە فاكتەرن بۆ گەیشتن بە ڕێگای هەڵهێنجانی فیقه،[1] هەروەك ئەم ناوەیش بڕدراوە بەسەر خودی ئەو یاساو بەڵگە گشتییانەدا.

یاساو ڕێساكانیش (القواعد) ئەو پرس‌و دۆزە گشتی یانەن كە حوكمەكانیان جێ بەجێ دەكرێت بەسەر ئەو شتە كاوەكی‌و جوزئیانەیدا كە لەژێر ڕكێفیدان، ئیتر لەم ڕوانگەیەوە حوكمی ئەو شتە جوزئیانە[2] دەزانین‌و، لەو نمونانەیش:-

یاسای بنەڕەتی (ئەمر بۆ واجب بوونە تەنها لە كاتێكدا نەبێت كە نیشانەیەك بێتە ئاراوە، لەو ڕەوگەیەی لابدات)، ئەم یاسایە حوكمەكەی جێ بەجێ دەبێت بەسەر سەرجەمی دەقە جوزئیەكانی ژێر ڕكێفیداو بەسەریاندا پراكتیزە دەكرێن، وەك ئەم فەرمایشتە، پەروەردگار كە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ﴾،[3] و

---

1 فتح الغفار، بشرح المنار، لإبن نجيم، ل ٧، تسهيل الوصول إلى علم الأصول، للمحلاوي، ل ٧، إرشاد الفحول، ل ٣

2 ئەو یاساو ڕێشایانەیش بە بەڵگە گشتییەكان ناودەبرێن‌و ئەحكامەكانیش بە ئەحكامی گشتی ناودەبرێن. بۆیە فەرمانكردن (الأمر) بەڵگەیەكی گشتی یەو ئەو حوكمەی كە دەریكردووە كە واجب بوونەكەیە حوكمێكی گشتی یەو ئەو دەقانەی فەرمانەكەیان كردووە بەڵگەی جوزئین‌و، حوكمەكانیش حوكمی جوزئین.

3المائدة (١).

هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾[1] كەســـەرجەم دەستەواژە ڕاستەوخۆكانی ئەمرو فەرمانكردن دەچنە ژێر ئـەم یاساو قاعیدەیـەوەو لـە ڕێگایەوە واجب بوونی ئەو شتانە دەزانین كە پەیوەستن بـە دەستەواژە ئەمریەكانـەوە، وەك واجب بوونی پابەند بـوونی بـە گرێبەستەكانی مامەڵـەوەو، هـەروەها واجنـی نوێـژو زەكاتدانو گوێڕایەڵی كردنی فەرمانەكانی پێشەوامان (ﷺ).

هەروەها وەك یاسای بنـەڕەتی،(نـەهی بـۆ حـەرام بـوونی شـتەكەیە تـەنها لەكاتێكدا نەبێت كە نیشانەیەك خۆی قوت بكاتەوەو لە ئاڕاستەیەی لابدات) ئەم یاسایە بەسەر ئـەو داقانەدا جێ بە جـێ دەبێـت كـە مانـای ڕاسـتەوخۆی (نـەهی: ڕێگـرتن) دەگەیـەننو لـەم ڕێگای پڕاكتیزەكردنی یاسایانەوە بۆمان دەردەكەوێت كـە ئـەو شـتانەی دەسـتەواژەی (نەهی) یان بۆ بەكارهێنراوە حەرامن، وەك ئایەتی﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓ ﴾،[2]و هەروەها ئایەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَـٰطِلِ ﴾،[3] كەواتـە بـەگوێرەی دەقی یەكەم حوكمی داوێن پیسی حـەرام بوونیـەتیو حـوكمی خـواردنی مـاڵی خـەڵك بـە ناهەق ئەمیش دیسان حەرام بوونی ئەو كردەوە نەشیاوەیە.

لە ڕوانگەی ئەم یاسا بنەڕەتیانەوە كەسی موجتەهید دەگاتە ئاستی هەڵهێنجانی فیقه، واتە دەرهێنانی حوكمی شەرعی كرداری لە بەڵگە تەفصیلییەكان كە باسمـان كـردن، جـا كە موجتەهید ویستی حوكمی نوێـژ بزانێـت ئـەم ئایەتـە دەخوێنێـت﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، دەڵێت (أقیموا) دەستەواژەیەكی بێ پێچو پەنای فەرمان كردنەو یاسای (الأمـر للوجـوب، الا لقرنیة صارفة)، ئەمر بۆ واجب بوونەی بەسەردا جێ بـوجێ دەبێـتو دەرەنجـام بـەوە دەگات كە نوێژ كردن واجبە.

---

1 النور(٥٦).

2 الاسراء (٣٢).

3 النساء (٢٩).

پاشان سەبارەت بە بەڵگە گشتییەکانیش (الأدلة الإجمالیّة) ئەمانەیش بریتین لە سەرچاوەکانی حوکمی شەرعی وەك قورئانو فەرموودەو ئیجماعو قیاس،و زانینی ئەمانەیش لە ڕوانگەی زانینی ئاستی بە بەڵگە بوونیانو پایەیان لە بە بەڵگە کردنیاندا دەبێتو دێتە دیو هەروەها بە زانینی ڕەهەندەکانی بە بەڵگە کردنی ئەو دەقە لەڕووی ئاڕاستە جیاوازەکانی بە بەڵگە کردنییەوەو هەروەها بەزانینی مانای (الأجماع: کۆڕای زانایان)و مەرجەکانیو جۆرەکانی قیاسو عیللەتو ڕێگاکانی زانینی ئەو عیللەتانەو زانینی شتەکانی تری پەیوەست بە قیاسو بەڵگە گشتییەکانی تر، کەواتە بە زانینی سەرجەم ئەمانە، زانینی بەڵگەی ئیجمالی دێتەدی.

زانای ئوصوڵی فیقه توێژینەوەو بەدواداچوون لەسەر بەڵگە ئیجمالییەکان دەکات تا حوکمە جوزئییەکانیان لێوە وەربگرێت، ئەمەش بە پشت بەستن بەیاسا ئوصوڵییەکانو بە پشتیوانی پرسو باسی بەڵگە ئیجمالییەکان دەبێت.

٦- ئامانج لە توێژینەوەی زانستی ئوصوڵی فیقهو ئاستی پێویستمان بەم زانستە:-

لەو باسانەوەی پێشتر لەسەریان دواین بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستو ئامانج لە دانانی زانستی ئوصوڵی فیقه بریتییە لە گەیشتن بە حوکمە شەرعییە کردارییەکان ئەویش لەڕێگای دانانی یاساو ڕێساو پەیڕەوگەلێك بۆ گەیشتن بەو کارە، ئەمەش بە شێوازێك دەبێت کە کەسی موجتەهید لە هەڵەو گرفت بپارێزێت کەواتە فیقهو ئوصوڵ لەوەدا کۆکن کە مەبەست لێیان گەیشتنە بە حوکمە شەرعییەکان، چونکە ئوصوڵ پەیڕەوو ڕێگای ئەو گەیشتنەو ڕێگاکانی هەڵهێنجان ڕوون دەکاتەوەو فیقهیش بە کردەوە حوکمەکان دەردەهێنێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیڕەوەدا کە زانستی ئوصوڵ داینـاوەو بە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی زانستی ئوصوڵ دەری کردوون.

ئینجا نابێت بگوترێت ئێستا پێویستمان بەو زانستە بی یە، چونکە دەگوترێت دەرگای ئیجتیهاد داخراوە، چونکە ئێمە دەڵێین ئیجتیهاد تا ڕۆژی دوایی بەردەوامە، بەڵام کۆمەڵێك مەرجی هەیەو ئەوەی فەتوا دەدات کە دەرگای ئیجتیهاد داخراوە ئەوە بە ئیجتیهادی خۆی ئەو قسەیەی کردووەو لە کاتێکدا بووە دیویەتی هەندێك خەڵکی نەزان

بێ دەربایسی قسەیان لەسەر شەرعی پەروەردگار کردووەو هەر بە ئارەزووی خۆیان ئەحکامیان داناوەو شەرعیان بۆ خەڵك کردووەو، هەروەها دیویانە کەسانێك دروست بوون بانگەشەی ئیجتیهادیان کردووە، لەکاتێکدا کە تەنها ناوەکەیان زانیوەو لە ناوەرۆکی ناحاڵێنو ئەم فەتوایە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

بۆیە هەرکەس نەگەیشتبێتە پلەی ئیجتیهاد هەر پێویستی بەوە هەیە کە ئەم زانستە بزانێتو، لە یاساکانی ڕابمێنێت تا سەرچاوەی قسەی پێشەوا مەزنەکانمان بزانێتو بنەڕەتی مەزهەبەکانیان بۆ ڕوون ببێتەوەو ئینجا لێرەوە تا ڕادەیەك دەتوانێت بەرابەری (المقارنـه)و بەلاداخستن (الترجـیح) بکات لەنێوان قسە جیاوازەکانیانداو هەروەها دەرهێنانی حوکمەکان لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوی پێشەواکانی ئیسلامدا ئەو پەیڕەوو یاسایانەی کە لە هەڵاوێرکردنو دەرهێنانی حوکمەکاندا ئەو پێشەوایانە بەکاریان هێناون.

هەروەها کەسی بایەخدەر بە حوکمە شەرعییەکان، دیسان ئەمیش ناتوانێت دەسبەرداری ئەم زانستە ببێتو، کەسی ڕاسپێردراوو یەکلابووەوە بۆ یاسا مرۆڤکردەکان هەر لە پارێزەرو قازیو وانەبێژ، هەریەکەیان پێویستی بەم زانستە هەیە، چونکە ئەو یاساو ڕێسایانەی کە زانستی ئوصولی دایناون، وەك قیاسو بنەماکانیو هەروەها یاسا ئوصولیەکان بۆ ڕاڤەی دەقەکانو ڕێگای بە بەڵگەکردنو واتاو دەستەواژەکان بەگوێرەی خودی ئەو مانایانەی کە هەڵی گرتووەو هەروەها ڕەهەندی ئەو بە بەڵگەکردنەو یاساکانی تەرجیح لەنێوان ئەو بەڵگانەداو گشت ئەمانەو زانیاری تریش پێویستن بۆ ئەو کەسەی کە دەربارە بە ئەحکامی وەضعی توێژینەوە دەکاتو دەیەوێت ڕاڤەی ئەو ئەحکامانە بکاتو ئەو حوکمانەش بزانێت کە لەسەریان بنیات نراون بۆیە کۆلێژەکانی شەریعەو یاسا لە عێراقو وڵاتانی شامو میسرو هی تریش لە کۆنو ئێستادا بایەخیان داوە بە گوتنەوەی ئەم زانستە بە قوتابییەکانیان.

٧- نەشونماكردنی زانستی ئوصولی فیقهـ:

لە سەردەمی دەركەوتنی فیقهەوە ئوصولی فیقهیش هەبووە چونكە كە فیقهـ هـەبوو بێگومان بوونی بنـەماو یاسـاو ڕێساگەلێكیش پێویـستە بـۆی ئـەو یاسـاو ڕێساگەلەیش پایەو كۆڵەكەی زانستی ئوصولۆ ناوەڕۆكەكەین، بەڵام فیقهـ پێش زانستی ئوصولۆ كەوت لەڕووی نووسینەوەو ڕێك خستنەوە، هەرچەندە لە هاتنەئارادا هاوشان بـوون، واتـە فیقهـ كۆكرایەوەو ڕێكخراو یاساكانی هەڵاوێر كرانو بەشەكانی ڕێكخستنیان بۆ كرا پێش ئەوەی ئەم كارو پڕۆژەیە بۆ زانستی ئوصولی فیقهـ ئـەنجام بـدرێتو، لـە زانـستەكانی تـر جـودا بكرێتـەوەو ئەمـەش مانـای ئـەوە ناگەیـەنێت كـە تـەنها لـەو كاتـەوە سـەریهەڵدابێت كـە نووسراوەتەوەو ڕێكخراوە، بەڵكو پێشتر هەبووەو زانایان بەبێ یاساو پەیڕەوی دیاریكراو حوكمیان دەرنەهێناوە، بەڵكو بەسـاسـای ئوصـولی ئـەو كارانـەیان كـردووەو ئـەو یاسـاو ڕێـسایانە لــە هــزری موجتەهیدەكانــدا هــەبووەو لەبــەر ڕۆشــنایی ئەوانــدا حوكمیــان هەڵهێنجاوە بەڵام تا ئەو كاتە هێشتا بە سەربەخۆیی دەریان نەبڕیبوو بۆیە هاوەڵی مـەزن عەبـدوڵڵای كـوڕی مەسـعود (خـوا لێـی ڕازی بێـت) كـە شـەرعزانێكی مـەزن بـووە كاتێـك دەیفـەرموو ئـەو ژنـە سـكپڕەی مێردەكـەی مـردووە عیددەكـەی بـە دانـانی منداڵەكـەی دەبێتو ئەوە عیددەیە بۆی لەبەر ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە بـووە كـە دەفـەرموێت: ﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ﴾[1] و ئەوەیشی كردۆتە بەڵگە كـە سـووڕەتە تـەڵاق كـە ئەو ئایەتەی تیادایە لەدوای سوڕەتی بەقەڕە دابەزیوە، كە ئەم ئایەتەی تیادا هاتووە كە دەفــــــــــــەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوۡنَ مِنكُمۡ وَيَذَرُونَ أَزۡوَٰجٗا يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَعَشۡرٗاۖ﴾[2]بەم بەگە هێنانەوەیش ئاماژە بە یەكێك لە یاساكانی زانستی ئوصولۆ دەكات كە دەڵێت: (إن النص اللاحق، ينسخ النص السابق: دەقی دواتر دەقی پێشوو دەسڕێتەوە)،

---

1 الطلاق (٤).

2 البقرة (٢٣٤).

هەرچەندە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەمە نەکردووە،[1] بێگومان هەموو شتێکیش هەروایە، لە سەرەتادا دێتەدی، جا دواتر هەموار دەکرێت،و ڕێکدەخرێت،و کۆدەکرێتەوەو دەنووسرێتەوە،و ئەو کۆکردنەوەیەش سەلمێنەری ئەوەیە کە پێشتر هەبووە، هەروەك زانستی نەحو،و لۆژیك (منطق) کە پێشتر عەرەبەکان فاعیلیان مەرفوع کردووە،و مەفعولیان لە قسەکردندا مەنصوب کردووە، کەچی هێشتا زانستەکە نەنوسرابوویەوە،و چەندەها یاسای تری نەحو هەن، کە جێ بە جێ کراون، پێش ڕێکخستن‌و نوسینەوەو ڕێکخستنی زانستی نەحو،و خەڵکانی ژیرو وریا باسی شتی بەڵگەنەویست (بدیهی) یان کردووە، پێش ئەوەی کە زانستی لۆژیك‌و یاساکانی زانستی لۆژیك (مەنطیق) بنووسرێنەوە.

کەواتە زانستی ئوصوڵی فیقە هاوشانی فیقهەو لەگەڵ ئەودا سەریهەڵداوەو تەنانەت پێش زانستی فیقهیش هەبووە، چونکە ئوصوڵ کۆمەڵە یاسایەکە بۆ دەرهێنانی فیقهو تەرازووی بیروڕاکانە، بەڵام تا ئەو کاتە ئاتاجمان نەبوو بە نوسینەوەی‌و ڕێکخستنی.

بۆیە لە سەرەتاداو لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) هەر پێویستمان بە قسەکردن لەسەری نەبوو، چ جای نووسینەوەی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی سەرچاوەی فەتواو ڕوون کەرەوەی ئەحکامبوو هیچ پێویستیەك لەو سەردەمەدا نەبووە، بە ئیجتیهادکردن‌و فیقه، جا کە ئیجتیهاد نەبوو کەواتە پەیڕەوی هەڵهێنجاوی حوکمیش نی یەو، ئیتر پێویست بە یاساو ڕێساش ناکات.

٨- دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) ڕووداوی زۆر جۆراوجۆر ڕوویاندا کە دەبوو بە ئیجتیهادکردن‌و دەرهێنانی یاساو ئەحکام لە قورئان‌و سوننەت ڕووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام لەم نێوەندەدا ئەوە هەبوو کە شەرعزانانی هاوەڵان (خوا لێ یان ڕازی بێت)، پێویستیان بەوە نەبوو کە قسە لەسەر یاساکانی ئیجتیهادو ڕەوگەی بە بەڵگەهێنانەوەو هەڵهێنجان بکەن، چونکە زمانی عەرەبی‌و ڕەوتی زمانەکەیان دەزانی‌و هەروەها ڕەهەندی

1 شرح التوضیح، للتنقیح، ب ١، ل ٣٩.

بەبەڵگەبوونی زاراوەو دەستەواژەکانیان وەك خۆی دەزانی، چونکە نهێنیی و هونەری ڕاستەقینەی شەرع دانانیان پێ شارەزابووو هەروەها زانابوون بە هۆکارەکانی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی قورئانو دەربڕینی فەرموودەکان.

پەیڕەوی ئەم کۆمەڵە لە دەرهێنانی ئەحکامدا، ئەوەبوو کە هەرکات ڕووداوێکیان بهاتایە بەردەست هەوڵیان دەدا حوکمەکەی لە قورئانی پیرۆزدا بدۆزنەوە، ئەگەر لە قورئاندا دەستیان نەکەوتایەت، پەنایان دەبردە بەر سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) تا لەوێ دەستی بخەنو ئەگەر لە سوننەتیشدا دەستیان نەکەوتایە ئەوا ئیجتیهادیان دەکردو ئیجتیهادەکەشیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانینەی خۆیاندا بوو، کە هەیانبوو سەبارەت بە ئامانجەکانی شەریعەت، هەروەها لە ڕوانگەی ئەو ئاماژانەوە ئیجتیهادیان دەکرد کە لە دەقەکان دەفامرانەوە، بۆیە تووشی هیچ سەختی نەدەبوون لە ئیجتیهاد کردنداو ئیتر پێویستیان بە نووسینەوەی یاساکانی ئوصولّ نەبوو، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ئەو حەزە فیقهیەی هەیانبوو ئاسانکاری لەم بارەیەوە بۆ دروست کردبوون کە ئەم زەوقو حەزە فیقهیەیشیان لەمەوە بۆ دروست بووبوو کە زۆر هاوەڵایەتی پێغەمبەریان (ﷺ) کردبووو زۆر لەخزمەتیدا بووبوون، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشیان بیر تیژو دەرون خاوێنو خاوەن هەستی باڵاو مەزن بوون. بەم جۆرە سەردەمی هاوەڵان بەڕێ کراو یاساکانی ئەم زانستی ئوصوڵی فیقهە ڕێك نەخرانو هەروەها شوێنکەوتنوانی ئەوانیش (التابعین) ئەم کارەیان هەر نەکردو لە هەڵهێنجانی حوکمدا هەر لەسەر پەیڕەوی هاوەڵان ڕۆیشتن، چونکە هێشتا سەردەمەکەیان نزیك بوو لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ)و هەروەها شەرع لەسەر دەستی هاوەڵان فێربیبونو زانستیان لەوان وەرگرتبوو، بۆیە هێشتا پێویستیان بەوە نەبوو زانستی ئوصوڵی فیقه بنووسنەوەو ڕێکی بخەن.

٩- بەڵام لەدوای بەکۆتاهاتنی سەردەمی تابعین، جیهانی ئیسلامی فراوان بووو ڕووداوی زۆرو جۆراوجۆرتر ڕوویانداو عەجەمەکان (بێگانە) تێکەڵی عەرەبەکان بوونو ئیتر زمانی عەرەبی بە پاراوییەکەی خۆی نەمایەوەو، لێرە ئیجتیهادو خەڵکی موجتەهید زۆربوون،و ڕێگاکانی هەڵهێنجانی حوکم زۆربوونو، ڕکابەریو چەلەحانێو گفتوگۆی

ناتەبا هاتنە ئاراو، لایەنی تێکەڵو پێکەڵو مانای زۆرهەڵگر دروست بوونو بەهۆی هەموو ئەمانەوە شەرعزانەکان هەستیان بەوەکرد کە کۆمەڵێك یاساو ڕێساو بنەما بۆ ئیجتیهادکردن دابنێن، تا موجتەهیدەکان لەکاتی ڕاجیاییدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو یاسایانەو هەروەها تا ئەو بنەمایانە ببنە سەنگی مەحەك بۆ زانستی فیقهو ڕای دروست لێیانەوە سەرچاوە بگرێت.

ئەم یاساو بنەماگەلەیش لە زمانی عەرەبیو ناوەڕۆکەکەیو ئامانجو نهێنییەکانی شەریعەتو، ڕەچاوی بەرژەوەندیو پەیڕەوی هاوەڵان، لە بەڵگە هێنانەوە وەرگیرابوونو ئیتر لەم یاساو باس گەلە ((زانستی ئوصوڵی فیقه)) هاتە پێکهاتن.

١٠- ئەم زانستە بەشێوەی نوسراوو کۆکرایەوە، بەدەرکەوت لەسەر شێوەی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا، کە لە قسەی شەرعزانەکانو ڕاڤەکانیان لەسەر حوکمەکان وەرگیرابوون، جا کە شەرعزانێك باسی حوکمێکی دەکردو بەڵگەکەی بۆ دەهێناو ڕووی ئەو بەڵگەی شیدەکردەوەو دیاری دەکرد لەم سەروبەندەدا تیشکی ئەم زانستە دەردەکەوت هەروەك پرۆسەی ڕاجیایی نێوان شەرعزانەکان (الخلاف بين الفقهاء) بە کۆمەڵێك یاسای ئوصوڵی دەڕۆیشت بەڕێوە کە هەر شەرعزانەو ئەو یاسا ئوصوڵیانەی پشت پێ دەبەست، تا ڕاکەی خۆی بەهێز بکاتو بسەلمێنێتو، مەزهەبەکەی خۆی سەربخاتو چاوگی ئیجتیهادەکەی ڕوون بکاتەوەو ئەمەش شتێکە زانستی ئوصوڵی زیاتر ڕۆشن دەکردەوە.

١١- گوتراوە کە یەکەم کەسێك لە زانستی ئوصوڵی فیقهدا نووسیویەتی زانا ئەبویوسفی هاوەڵی ئیمام ئەبو حەنیفە بووە، بەڵام هیچ لەو کتێبو نووسراوانەیان دەست نەگەیشتووە.

قسەی باو لای زانایان ئەوەیە کە یەکەم کەسێك ئەم زانستەی نووسییەوەو کۆکردەوەو لە کتێبی سەربەخۆدا داینا پێشەوا موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافعی بووە کە لەساڵی (٢٠٤) ی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[١]

ئیمامی شافعی کتێبی (الرسالة)ی لەم زانستەدا داناوە، کە زۆر بەناوبانگەو تیایدا قسەی لەسەر قورئان کردووەو ڕوونکردنەوەکانی قورئانی بۆ ئەحکامەکان باس کردووە

هەروەها ڕوونکردنەوەی سوننەت بۆ قورئانو باسی ئیجماعو قیاسو (الناسخ)و (المنسوخ)و ئەمرو نەهیو ئاستی بە بەڵگەبوونی فەرموودەی یەك كەس لە ڕیوایەتداو چەندەها بابەتی تری ئوصولی لەم کتێبەیدا باسکردووە.

پەیڕەوی ئیمامی شافعی لە کتێبی (الرسالة) دا پەیڕەوێکی ووردو قوڵەو ئەوەی دەیڵێت بە بەڵگەو دۆکیۆمێنت سەلماندوویەتیو توێژینەوەی بیروڕای بەرامبەرەکانی خۆیی بە شێوەیەکی زانستیانەی بتەو کردووە.

لەدوای ئیمامی شافعی، پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) کتێبێکی سەبارەت بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نووسیوەو هەروەها پەڕاوێکی سەبارەت بە (الناسخ والمنسوخ)و کتێبێکی دەربارەی (العلل: فاکتەرەکان) داناوەو دواتر زانایان بە شوێنیاندا دەستیان دایە نووسینو، باسەکانی ئوصوڵیان بەتەواوی ڕێکخستو فراوانیان کردو زۆر زیادەیشیان خستەسەر.

1 لای زانای پایەبەرز مەحمود شەهابی خورامانی لە پێشەکی کتێبی (فوائد الأصول) دا لە (الحجة النائيني)ی شێخ موحەممەد عەلی کازمی خوراسانی یەوە هێناویەتی کە گوتویەتی: ژمارەیەك لە زانا پایەبەرزەکانی وەك (إبن خلكان)و (إبن خلدون)و حاجی خەلیفەی خاوەنی (کشف والظنون) ئەوەیان درکاندووە کە یەکەم کەسێك لە زانستی ئوصوڵی فیقهدا کتێبی داناوە ئیمامی شافعی بووە، بەڵام ئەمە یەکلاکەرەوە نی یە، بەڵکو بۆی هەیە کە (أبو یوسف یعقوب بن إبراهیم) کە یەکەم کەسە نازناوی (قاضي القضاة) هەبووە، پێش ئیمامی شافیعی لە ئوصوڵدا کتێبی دانابێت.

١٢- ڕەوگەی زانایان لە توێژینەوەی زانستی ئوصولی فیقهدا :-

زانایان دەربارەی توێژینـەوەی زانـستی ئوصـولی فیقـه، تـەنها یـەك ڕەوتو ڕێگـەیان نەگرتۆتەبـەر، بـەڵكو خـاوەنی چـوند ڕەوتو میتـۆدێكی جیـان، هەیانـە كـە پـەیڕەوی دارشتنی یاساو بنەما ئوصولیەكانی گرتۆتەبەر بە پشت بەستن بـە بەڵگـەو دۆكیۆمێنـت، بەبێ گوێدانە ئەوەی كە ئایا ئەو یاساو بنەمایانە كۆكن یان پێچەوانەن، لەگـەڵ ئـەو لقـە فیقهیانەی كە لە پێشەوا موجتەهیدەكانەوە وەرگیراون، ئەمـە ئاراستـەیەكی تیـۆری یـە، مەبەست لێی ئەوەیە كە بنەڕەتی ئەم زانستە دابڕێژنـەوە، بـەو شـێوازەی كـە بەڵگـەكان دەری دەخەنو دەلالەتی لەسەر دەكەن،و ئەو یاساو بناغەیە دەكەنە پێوەر بـۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەو پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەیە (الأستدلال) وە هەروەها ئـەو یاسـاو ڕێو شـوێنانە كراونەتـە پێـوەر بـۆ ئیجتیهـادی زانـا موجتەهیـدەكانو نەكراونەتـە خزمـەتگوزاری چـڵو پۆپەو لقی مەزهەبەكان، ئەم میتۆدەیش بە میتۆدو ڕەوگەی موتەكەللمین ناسـراوەو لـەم بارەیـەوە موعتەزیلـەو شـافعیو مـالكیو زانایـانی جەعفـەری لـە سـەرەتادا كـە فیقهیـان نووسـیەوە لەسـەر ئـەم میتـۆدە دەڕۆیـشتن، هەرچـەندە دواتـر جەعفەرییـەكان ئـەم میتۆدەیان تێكەڵ كرد لەگەڵ میتۆدێكی تردا كـە بریتـی بـوو لـە دارشـتنەوەی یاسـاكانی ئوصولّ لەبەر ڕۆشنایی پرسە لاوەكیەكانی مەزهەبەكاندا.[1]

ئـەم میتـۆدە پـشت بـە ئیـستیدلالی عـەقڵی دەبەسـتێت، لـە دارشـتنی یاسـاكانی ئیجتیهـادداو دەمـارگیری بـۆ مەزهەبـەكان نـی یـەو كـەمتر بـاس لـە بابەتـە فەرعییـەكان دەكاتو ئەو باسكردنە كەمەیش تەنها بۆ نموونە هێنانەوەیەو هیچی تر.

١٣- ژمارەیـەك لـە زانایـانی تـر لەسـەر میتـۆدێكی تـر دەڕۆن، كـە بریتـی یـە لـە دارشتنەوەی یاسا ئوصولیەكان لەسەر ئەو شێوازەی كـە لـە پێـشەواكان وەرگـیراوە، لـە بابەتە فەرعییە فیقهییەكاندا، واتە ئەم زانایانە ئەو یاسا بنچینەییانەیان داناوە، كەوای بۆ دەچـن كـە پێـشەوای مەزهەبـەكانیان لـەكاتی ئیجتیهـادكردنو دەرهێنـانی ئەحكامـدا

---

1 محاضرات في أصول الفقه الجعفري للشيخ محمد أبو زهرة، ل ٢٢

ڕەچاویان کردوون‌و، ئەم کارەشییان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدایە کە لە بابەتە فەرعییە فیقهییەکاندا گەیشتۆتە دەستیان‌و زانایانی حەنەفی وا ناوبانگیان دەرکردووە کە شوێنکەوتەی ئەم جۆرە میتۆدەن‌و تەنانەت ئەم ڕەوتە بە میتۆدی حەنەفییەکان ناسراوە.

ئەم ڕەوگەیەو میتۆدە بەوە ناسراوە کە زیاتر شێوەوکی کرداری (الگابع العملی) وەرگرتووەو خۆی لە خۆیدا توێژینەوەیەکی کرداری‌و جێ بەجێ کاری‌و پراکتیزەییە بەسەر بابەتە فەرعییە فیقهییەکاندا، ئەوانەی کە لە پێشەوای مەزهەبەکانەوە گەیشتۆتە دەستیان‌و، هەروەها ڕەوگەیەکە بۆ دەرهێنانی یاساو ڕێساو بیردۆزەکانی زانستی ئوصولێ، کە پێشەوایانە لەکاتی هەڵهێنجان‌و ئیجتیهادکردنەکانیاندا ڕەچاویان کردوون، بۆیە ئەم میتۆدە ئەو یاساو ڕێسایانە دادەڕێژێتەوە کە لە خزمەت بابەتە فەرعییەکانی مەزهەبدان، تەنانەت ئەگەر یاسایەکی ئوصولی لەگەڵ ڕیوایەتێکی فیقهیدا نەگونجابا ئەوا یاساکەیان دەسکاری دەکردو هەمواریان دەکردەوەو وازیان لەو ڕیوایەتە نەدەهێناو پەیڕەوانی ئەم میتۆدە بەرگری سەرسەختانە دەکەن لە ڕەوگەی پێشەوایانی ئەم مەزهەبە، لەکاتی ئیجتیهادکردنیانداو هەروەك زانای پایەبەرز (ئیبن خەلدون) یش دەڵێت: ئەم ڕەوتەو میتۆدەکەی زۆر گونجاوترن بۆ بابەتە فەرعییەکان،و نزیکگتریشن لە خودی فیقهەوە.[1]

١٤- لەکاتی توێژینەوەی ئەم زانستەدا میتۆدی سێیەمیشم بۆ دەرکەوتووە، کە بریتی یە لە کۆکردنەوەی هەردوو ڕەوتەکەو، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ناخی پەیڕەوانی‌و، ئەم میتۆدە نوێیەش هەڵدەستێت بە دارشتنەوەی ئەو یاساو بنەما ئوصولیانەی کە لەسەر بەڵگە بنیات نراون‌و، ئەم کارەیش بەشێوەیەکی بێ لایەنانە ئەنجام دەدەن، تا ببێتە پێوەر بۆ هەڵهێنجاندن‌و، ببێتە چاودێر بەسەر سەرجەم بیروڕاو ئیجتیهادەکانەوە، لەگگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو شتانەی کە لە پێشەواکانەوە

---

1 مقدمة إبن خلدون، ل ٤٥٥.

گواستراوەتەوە، سەبارەت بە بابەتە فەرعییە فیقهییەکانو، هەروەها کاردەکات بۆ ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو بنەمایانەی کە ئەو بابەتە فەرعییانەی لەسەر بنیات نراونو، هەروەها سەرجەم یاساو بنەماکان پڕاکتیزە دەکاتو، دەیانبەستێتەوە پێیەوەو، دەیانکاتە خزمەتگوزاری فەرعەکانو زانایانی سەرجەم مەزهەبە جیاوازەکانی شافعیو مالکیو حەنبەلیو جەعفەریو حەنەفی لەناو پەیڕەوانی ئەم ڕەوتەدا بوونیان هەیە.

١٥– لەو کتێبانەی کە لەسەر میتۆدی موتەکەللمین دانراوە، وەك کتێبی (البرهان)ی ئیمامی حەڕەمەین، کە ناوی عەبدولمەلیکی کوڕی عەبدوڵڵای جومێن شافعی یەو لەساڵی (٤١٣) ی کۆچی وەفاتی کردووەو، هەروەها کتێبی (المستشفی)ی ئیمامی غەزالی، کە شافعی مەزهەب بووەو لەساڵی (٥٠٥)ی کۆچی دنیای بەجێ هێشتووەو هەروەها کتێبی (المعتمد) ی ئەبی حوسەین محەمەدی کوڕی عەلی بەصرەیە، کە موعتەزیلە بووەو لەساڵی (٤١٣) ی کۆچی کۆچی دوایی کردووەو ئەم سێ کتێبە لەلایەن پێشەوا (فەخرەدینی ڕازی) یەوە کورتو پوخت کراونەتەوە، کە ئیمامی ڕازی شافعی مەزهەب بووەو لەساڵی (٦٠٦) ی کۆچی وەفاتی کردووە، هەروەك دیسانەوە پێشەوا سەیفەدینی ئامێدی شافعی کوردی پوختی کردوونەتەوەو زانیاری لەسەر زیادکردوونو، ئەم کارەی لە پەڕتوکێکدا ئەنجام داوە کە ناوی ناوەتە (الإحکام، في أصول الأحکان)و ئیمامی ئامێدی لەساڵی (٦٣١)ی کۆچی لە دنیا دەرچووە.[1]

سەبارەت بەو کتێبانەی کە لەسەر ڕەوتی زانایانی حەنەفی دانراون، گرنگترینیان بریتین لە کتێبی (الأصول)ی ئەبوبەکر ئەحمەدی کوڕی عەلی ناسراو بە (جەصاص)، کە لەساڵی (٣٧٠)ی کۆچی وەفاتی کردووەو، هەروەها کتێبی (الأصول) ی ئەبوزەید

---

1 هەروەها جەنابی زانای پایەبەرزی کورد، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، (المستصفی) ی ئیمام غەزالی کە ناومان برد، کورتو پوختی کردووەو ناوی ناوەتە (صفوة اللآلي من مستصفی الإمام الغزالي)و چاپکراوە. (وەرگێڕ)

عەبدوڵڵای کوڕی عومەری دەببوسی، کە لەساڵی (٤٣٠) ی کۆچی دنیای بەجێ هێشتووەو، هەروەها کتێبی (الأصول) ی فەخرولئیسلام عەلی کوڕی محەمەدی بەزدەوی کە لەساڵی (٤٨٣) ی کۆچی وەفاتی کردووەو هەروەها شەرحەکەی سەر ئەم کتێبە کە ناوی (کشف الأمرار)ەو عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی بوخاری لەسەری نووسیوە، لە پەڕتوکەکانی ئەم میتۆدەن‌و ئەم عەبدولعەزیز بوخاریە لەساڵی (٧٣٠) ی کۆچی دنیای بەجێ هێشتووە.

لەو کتێبانەی کە لەسەر ئەو میتۆدە دانراون کە کۆکەرەوەی هەردوو ڕەوتەکەیە. وەك کتێبی (بدیع النظام) کە کۆکەرەوەی هەردوو کتێبەکەی بەزدەوی‌و ئامێدی یەو، پێشەوا مظفر الدین ئەحمەد کوڕی عەلی ساعاتی حەنەفی داینـاوە، کە لەساڵی (٦٤٩) ی کۆچی وەفاتی کردووەو هەرواها کتێبی (التنقیح)و (التوضیح) کە شەرحە لەسەری‌و صدر الشریعە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی حەنەفی داینـاون، کە لەساڵی (٧٤٧) ی کۆچی دنیای بەجێ هێشتووەو هەروەها کتێبی (شرح التوضیح) کە دانراوی شێخ سەعدەدینی مەسعودی کوڕی عومەری تەختازانی یەو، ئەمیش لەساڵی (٧٩٢) ی کۆچی وەفاتی کردووەو هەروەها کتێبی (جمع الجوامع)، نوسراوی تاج الدین عەبدولوەهابی کوڕی عەلی سوبکیە، کە شافعی مەزهەب بووەو لە ساڵی (٧٧١)ی کۆچی وەفاتی کردووەو، هەروەها کتێبی (التحریر)ی ئیبن هومامی حەنەفی، کە لە ساڵی (٨٦١)ی کۆچی وەفاتی کردووەو هەروەها کتێبی (التقریر و التجیر)، کە شەرحی تەحریرەو موحەمەدی کوڕی موحەمەدی ئەمیر حاجی حەڵەبی، کە قوتابی ئیبن هومام بووە، ئەو شەرحەی نوسیووە، لەسەری‌و ئەمیش لە ساڵی (٨٧٩)ی کۆچیدا وەفاتی کردووەو هەروەها کتێبی (مُسَلَّم الثبوت)ی، موحیبەددین کوڕی عەبدولشەکور، کە لە ساڵی (١١١٩)ی کۆچی دنیای بەجێهێشتووەو هەروەها ئەو شەرحەی کە زانای پایەبەرز (عبدالعلي محەمەدی کوڕی نظام الدینی ئەنصاری) لەسەر (مُسَلَّم الثبوت)ی نووسیووە، ئەمەو چەندەهای تر لەو کتێبانەن کە لەسەر ئەم پەیڕەوەی کۆکەرەوەی نێوان دوو میتۆدەکە نوسراون.

ئینجا سەبارەت بەو کتێبانەی کە لەلای زانایانی جەعفەری گرنگن، وەك کتێبی (الذريعة إلى أصول الشريعة)ی سەیید شەریفی مورتەچا، کە لە ساڵی (٣٣٦)ی کۆچی وەفاتی فەرمووەو هەروەها کتێبی (عدّة الأصول)ی شێخ ئەبوجەعفەر محەمەدی کوڕی حسەینی کوڕی عەلی طوسی، کە لە ساڵی (٤٦٠)ی کۆچی وەفاتی کردووە.[1] لە کتێبەکانی دوای ئەم پێڕەیش، پەرتوکی (القوانین) دێتە پێش، کە ئەبوحەسەنی گەیلانی دایناوەو لە ساڵی (١٢٠٥)ی کۆچی لە نووسینی بووەتەوەو لە کتێبە هاوچەرخەکانیشیان وەك پەرتوکی (العناوین)، کە شێخ محەمەد مەهدی خالصی کاظمی دایناوەو لە ساڵی (١٣٤١)ی کۆچی لە نووسینی بوەتەوە.

١٦- میتۆدی توێژینەوەی زانستی ئوصول:

باسەکانی زانستی ئوصولی فیقه، بریتین لە باسی حوکمی شەرعیو بەڵگەی حوکمی شەرعیو ڕێگاو ڕێبازی هەڵهێنجانی ئەو حوکمەو، باسی خودی هەڵهێنجەر، واتە: موجتەهیدەکە، لەو ڕووەوە کە ئایا تا چەند گونجاوەو لەو ئاستەدایە کە ئیجتیهاد بکات.

- لەم ڕوانگەیەوە، باسەکانی ئەم کتێبە، بەم شێوازەی لای خوارەوە دابەش دەکەین:
- بەندی یەکەم: دەربارەی حوکمە.
- بەندی دووەم: دەربارەی بەڵگەی ئەو حوکمانەیە.
- بەندی سێیەم: ڕێگاکانی دەرهێنانی حوکمو بنەماکامی حوکمو پاشکۆکانی ئەمانەیە، وەك: یاساکانی یەکلاکردنەوە (الترجيح)و باسی ناسیخو مەنسوخ.
- بەندی چوارەم: باسی ئیجتیهادو مەرجەکانیو، کەسی موجتەهیدو تەقلیدو مانای تەقلید کردنە.

[1] فوائد الاصول، ل ٥.

﴿بەندی یەکەم﴾

باسەکانی حوکم

بەشی یەکەم

حوکم و بەشەکانی

بەشە باسی یەکەم

پێناسەی حوکم و بەشە بنەڕەتییەکانی

١٧- زانینی حوکمی شەرعی، ئامانجی سەرەکییە لە فیقهو، ئوصولی فیقهدا، بەڵام زانستی ئوصولْ لە ڕوانگەی دانانی ئەو یاساو ڕێسایانەوەو، ڕێگەی گەیشتن پێیان لە پرسەکە دەڕوانێت و، زانستی فیقه، لە ڕوانگەی هەڵهێنجانی کرداری حوکمەکەوە سەیری دەکات، ئەویش بە جێبەجێ کردن و پڕاکتیزە کردنی ئەو ئامرازانەی کە زانستی ئوصولّی فیقه، دایناون، بۆ گەیشتن بەو زانیارییانە.

حوکم لەلای زانایانی ئوصولْ، بریتی یە لە فەرمایشتی پەروەردگار، ئەو فەرمایشتەی کە پەیوەستە بە کارو کردەوەی کەسانی گەورە (مكلّف)، لە ڕووی داواکردن، (إقتضاء)، یان سەرپشك کردن (التخيير)، یان لە ڕووی دانان (وَضع)[1] ەوە، بێت.

مەبەست لە فەرمایشتی پەروەردگار (خطاب الله)، بریتی یە لە فەرمایشتی ڕاستەوخۆی خودای مەزن، کە قورئانی پیرۆزە، یاخود بەهۆی نێوەندگیرێکەوە فەرموویێتی، کە لە فەرمایشتی ئەو زاتە سەرچاوەی گرتبێت. وەك سوننەت و ئیجماع و، ئەو بەلگە شەرعییانەی تر، کە شەرعدانەر، کە پەروەردگارە لە بنەڕەتدا دایناون، تا حوکمەکان بزانرێت.

---

[1] فواتح الرحموت، بشرح مسلّم الثبوت، ب١، ل (٥٤)، و إرشاد الفحول، دانانی، ئیمامی شەوکانی، ل (٥).

سوننەت: ئەوەیە کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەمەبەستی شەرعدانان دەربڕدراوەو، سوننەتیش لە چاوگی فەرمایشتی پەروەردگار وەرگیراوەو، ڕوونکەرەوەیە بۆی‌و، سروشی پەروەردگارە، بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، وەك قورئان دەفەرموێت:﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۞ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۞ ﴾.[1] پێغەمبەر (ﷺ) هەر لە خۆیەوە قسە ناکات‌و، بەڵکو سروشی خودایە دەری دەبڕێت.

ئیجماعیش بە تۆبزی پێویستی بە بەڵگەی قورئان‌و فەرموودە هەیەو، بەم پێودانگیەش بێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ فەرمایشتی پەروەردگارو هەر سەر بەوە.

هەروەها دیکەی بەڵگە شەرعییەکان، سەرجەمیان ڕاڤیارو ڕوونکەرەوەو ئاشکراکاری فەرمایشتەکانی پەروەردگارن‌و، ڕۆشن کەرەوەی حوکمی شەرعین‌و، ناتوانن جێگیر (ثابت)ی بکەن.

مەبەست لە (الأقتضاء)، واتە داواکردن (الطلب)، ئیتر داواکردنەکە لە ڕووی کردن یان نەکردنەوە بێت، چونیەکەو، هەروەها چونیەکە کە ئایا ئەو داواکردنەوە بەجۆرێك بەجۆرێك لە جۆرەکان، داواکراوە کە بە تۆبزی بکرێت، یان بەو جۆرە هاتووە، کە (واباشترە، وابکرێت)ی، لێ بفامرێتەوە، واتە (تەرجیع) بکرێت.

مەبەست لە (التخییر: سەرپشك کردن)، ئەوەیە کە سەرپشکە لەنێوان کردن یان نەکردنی ئەو کارەدا، بەبێ ئەوەی کە لایەکیان بخات، بەسەر لایەکی تردا، و کابرای موکەللەف هەرکامیان ئەنجام بدات، هەر بۆی دروستە.

مەبەست لە (الوضع: دانان)، ئەوەیە کە شتێك بکرێتە فاکتەرو هۆکار بۆ شتێکی ترو، ببێتە مەرج بۆ کردنی، یاخود بۆ نەکردنی.[2]

---

1 النجم (٣-٤).

2 لێرەوە ناوزەدکردنی شتێك بەوەی کە (صحیح) دروستە، یان بەتاڵە، یان خراپ (فاسد)ە، ناودەنرێت، هەروەك لە جێگای خۆیدا باسیان دەکەین.

خـــوداى پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ﴾[1] ئـــەى بـاوەڕداران، بـە گرێبەستەكانتانەوە پابەنـد بـن، ئەمـە حـوكمێكى شـەرعى يـە، چـونكە فەرمايـشتى پـەروەردگارەو، پەيوەسـتە بـە كارێـك لـە كارەكـانى مـسوڵمانە بـاڵغ بـووە ژيرەكـان (مكلَّـف)، كـە ئـەويش پابەندبوونـە بـە گرێبەسـتەكانەوەو، لـە ڕووانگـەى داواكاريشەوە فەرموويەتى كە ئەنجام بدرێت.

هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢﴾[2] كە ئەمەيش حوكمێكى شەرعى يە، چونكە فەرمايشتى خودى شـەرعدانەرە، كـە خوداى مەزنەو، تيايدا داواى كردووە، كە كارێك هەيە ئەنجام نەدرێت، كە داوێن پيسى يە.

وە هـەروەها قورئـان دەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْۚ﴾[3] كـە ئەمـەيش حـوكمێكى شـەرعى يـە، چـونكە بێـژەى خودايـە، كـە ڕاوكردنـى حـەڵاڵ كـردووە، لـە دواى ئيحـرام شكاندنو بەجێهێشتنى حەرەم.

هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾[4] كـە ئەمـەيش حـوكمێكى شـەرعى يـە، چـونكە ئـەميش هـەر فەرمايـشتى پـەروەردگارە، كـە بڵاوبوونەوەى بەسەر زەويدا، لە دواى لێبوونەوە لە نوێژى هەينى حەڵاڵ كردووە.

هـــەروەها پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ﴾[5] كە ئەمەيش حوكمێكى شەرعى يە، چونكە بێژەى پەروەردگارە، كە حەجكردنى لەسەر كەسانى موكەللەف واجب كردووە.

---

1 المائدة (١).

2 الأسراء (٣٢).

3 المائدة (٢).

4 الجمعة (١٠).

5 آل عمران (٩٧).

هــەروەها قورئــان دەفــەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا﴾[1] کە ئەمەیش حوکمێکی شەرعی یە، چونکە فەرمایشتی زاتی خودایە، کە دزی کردۆتە هۆکار بۆ واجب بوونی بڕینی دەستی دزی پیاوو ژن.

هــەروەها خــودای مــەزن دەفــەرموێت: ﴿أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمْسِ﴾[2] کــە ئەمــەیش حوکمێکی شەرعی یە، چونکە فەرمایشت (خطاب)ی پەروەردگارە، کە لادانی خــۆری لــە نیوەی ئاسمان ڕوو بە ڕۆژئاوای[3] کردۆتە فاکتەر، بۆ واجب بوونی نوێژی نیوەڕۆ.

هەروەها فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((رُفع القلم عن ثلاثة، عن النائم حتى يستيقظ، و عن الصبيٍّ حتى يحتلم، و عن المجنون حتى يفيق)) واتــە: ســێ جــۆر کەس تاوانێن لەسەر نی یەو، لەو حاڵەتەیاندا لەسەر کردەوەکانیــان ســزا نــادرێن، کەســی خەوتوو، تا بەخەبەر دەبێتەوەو، منداڵ تا باڵغ دەبێتو، شێت تا چاك دەبێتەوە، ئەمانــە تا ئەو حاڵەتەیان لەسەر لادەچێت، هەر کارێکی نەشیاویان کرد، چاوپۆشیان لێ دەکرێت، ئەمەیش فەرمایشتی شەرعدانەرە، کە خودای مەزنەو لەسەر زاری پێغەمبەر (ﷺ) دەری بڕیوەو، وای داناوە، کە خەوو منداڵیو شێتی کۆمەڵە هۆکارێکن کە تەکلیف لەسەر شانی ئەو ئەنجام دەرەیان لادەبەنو، تا حاڵەتەکەی لەسەر لادەچێت، لە شەرعدا چاوپۆشــی لێ کراوە.

١٨- لە پێناسەی حوکمەوە، لەلای زانایانی ئوصول، دوو بابەت دێنە زانێن:

یەکــەم: ئــەو فەرمایشــتەی پــەروەردگار، کــە پەیوەســتە بــە کەســانی بــێ ئــەرك (غير مكلّف)، ئەمە لەلای زانایانی ئوصولی فیقه، بە حوکم ناونــەبراوە، وەك ئــەو خیتابــەی کــە تایبەتە بە زاتو سیفاتەکانی خــودای مــەزن، وەك دەفــەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾

---

1 المائدة (٣٨).

2 الأسراء (٧٨).

3 الدّلوك: لادانی خۆرە لە نیوەی ئاسمان، بەلای ڕۆژئاوای ئاسماندا.

[1]، خـودا بـه هـهموو شـتێ ئاگـادارو زانایـه، یـان ئـهو فهرمایـشتانهی پـهروهردگار کـه پهیوهستن بهو مادده بێ گیانانـهی کـه دروسـتی کـردوون وهك دهفـهرموێت: ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾.[2] خـۆرو مـانگو ئهسـتێرهکان، ملکهچـن بـۆ فـهرمانی خـودای مـهزن، هـهروهها دهفـهرموێت: ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ۝٦ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ۝٧﴾.[3] ئایا زهویمان نهکردۆته لانکه بۆتان‌و، شاخهکانمان نهکردۆته، مێخی داکوتراو بۆ ڕاگرتنـی ئهو زهویه؟!

ههروهها ئهو خیطاب‌و فهرمایشتانهی پهروهردگار که پهیوهسـتن بـه کـارو کـردهوهی مرۆڤه بهربارهکان (المكلّف)، بهڵام لهسهر شێوهی داوا (طلب)و سهرپشککردن (التخيير)و (الوضع: دانان) نههاتوون، ئهمه له چیرۆکه قورئانیهکاندا بوونی ههیه، وهك دهفهرموێت: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِىٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ وَهُم مِّنۢ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ۝٣ فِى بِضْعِ سِنِينَ﴾.[4]

کـه ئهمـه چـیرۆك‌و گێڕانـهوهی مێـژووه، وه یـان دهربـارهی دروسـت کردنـی دروسـتکراوهکانی دهفـهرموێت: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ۝٩٦﴾.[5] خـودا دروسـتکهری خۆتان‌و ئهو بتانهیشه که دروستتان کردوون، که ئهمانه لای زانایـانی ئوصـول بـه حـوکم نههێنراونهته ئهژمار.

دووهم: خودی خیطاب‌و فهرمایشتهکهی پهروهردگار لهلای زانایانی ئوصـول بـه حـوکم هێنراوهتـه ئـهژمار، واتـه خـودی دهق‌و تێکـسته شـهرکییهکان حـوکمن، بـهڵام لـهلای

---

1 النور (٣٥).

2 الأعراف (٥٤).

3 النبأ (٦-٧).

4 الروم (١-٤).

5 الصافات (٩٦).

شەرعزانەکان (الفقهاء)، حوکم بریتی یە لە شوێنەوارو جێ دەستەکانی ئەو خیطابەو ئەو مانایانەی کە دەیگرێتە خۆی، جا کە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ﴾[1]، ئەمە لەلای زانایانی ئوصول حوکمە، بەڵام لەلای شەرعزانەکان، ئەوەی ئەم دەقە گرتویەتیە خۆی، کە حەرامی داوێن پیسی یە، ئەوە حوکمەکەیە.

١٩- بەشەکانی حوکمی شەرعی:

حوکم لەلای زانایانی ئوصول، دەکرێتە دوو بەشەوە[2]:

یەکەم: حوکمی تەکلیفی (ئەرکدار)، ئەوەیە کە داواکردنی ئەنجامدانی کارێك، یان دەستهێشتنیو نەکردنی تیادا دەفامرێتەوە، یاخود سەرپشکت دەکات لەنێوان کردن یان نەکردنی کارێکدا.

ئەم جۆرە حوکمەیش، بۆیە بە حوکمی تەکلیفی ناوزەد کراوە، چونکە ئەرکو تۆبزی تیادایە بۆ سەر شانی مرۆڤو، بێگومان هەر کارێك داواکرابێت بکرێت، یان نەکرێت، خۆی لە خۆیدا ئەمە ئەرکە، بەڵام ئەوەی کە مانای سەرپشك کردن دەدات، ئەمیش هەر خراوەتە سەر حوکمی تەکلیفی، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەمەیان ڕەهەندی چاو لێ پۆشین (التسامح)و، زاڵکردن (التغليب)و، لایەنی زاراوەیی (الأصطلاح)ی تیادا ڕەچاو کراوەو، سەبارەت بە ڕووە ئیصطیلاحییەکەی هیچ گرفتێکی تیادا نی یەو، بێ خەمە.

---

1 الاسراء (٣٢).

2 هەندێ لە زانایانی ئوصول حوکم دەکەنە سێ بەش:-

أ- حوکمی داواکاردار، واتە داوای کردنی کارێك یان نەکردنی گرتۆتە خۆی.

ب- حوکمی سەرپشك دار: واتە سەرپشکت دەکات، لە نێوان کردن یان نەکردنی کارێکدا.

ت- حوکمی مەرج لەسەر دانراو (وضعی)، کە بریتی یە لەوەی کە شتێك بکرێتە مەرج بۆ کردنی کارێك یان شتێکی تر، و یان بکرێتە هۆکار، یان بکرێتە هۆکاری بەرپێ گرتنو نەکردنی، بڕوانە (الأمدی ب١/ل١٣٧)، ئەم دابەشکارییە وردترە، و نزیکترە لە پێناسەکەیەوە، بەڵام ئێمە بۆیە ئەو دابەشکرانە دوانەییەی سەرەوەمان هێنا، چونکە زۆرینەی زانایانی ئوصول لەسەر ئەوەن.

یاخود گوتراوە، کە دانانی (مُباح: ڕێگە پێدراو) لە چوارچێوەی بەشەکانی حوکمی تەکلیفیدا بەو پێودانگیە کە ئەم کارە تایبەتە بە کەسی موکەللەف، واتە، موباح کران، یان سەرپشك کران (التخییر) لەنێوان کردن یان نەکردنی کارێکدا، هەر بۆ کەسێك دەبێت، کە شیاوە بۆ پابەند بوون بە کردن یان نەکردنی کارێکەوە، بۆیە لەم ڕەهەندەوەیە، کە (مُباح) خراوەتە چوارچێوەی حوکمی تەکلیفی، نەوەك ئەوەی کە (مُباح) ئەرك بێتو، لەسەر شانی مرۆڤ قورسی دروست بکات.

دووەم: حوکم لەڕووی دانانەوە (الحکم الوَضعي): ئەمیش ئەوەیە کە شتێك بکاتە فاکتەرو هۆکار، یان مەرج، بۆ کردن یان نەکردنی شتێکی تر.

ئەم حوکمەیش، بۆیە بە (وَضعي) ناوزەدکراوە، چونکە فاکتەر (سبب)و مەرج (شرط)و ڕێگر (مانع)ی کردوون، بە نێوەندگیر لەنێوان دوو شتداو، ئەمەش شەرعدانەر، کە پەروەردگارە، یان پێغەمبەرە (ﷺ) کە ئەویش هەر بە فەرمانی پەروەردگار کردوونی، دایناون، واتە، دانەری شەریعەت ئەو هۆکارە، یان ئەو مەرجە، یان ئەو ڕێگرەی دیاری کردووە، چونکە تەنها مافی ئەوەو، پێشتریش نموونەمان بۆ ئەم دوو جۆرە هێنایەوە.

٢٠- جیاوازی نێوان حوکمی (تەکلیفی)، و حوکمی (وَضعي):

أ- حوکمی تەکلیفی، ئەو حوکمەیە کە داوای کردنی کارێك، یاخود نەکردنی لێ دەفامرێتەوە، یان دروست بوونی (الأباحة) کردنن یان نەکردنی کارێك، بۆ کەسی موکەللەف دەخاتە ڕوو، بەڵام حوکم لە ڕووی دانانەوە (وَضْعي)، ئەو ماناو سوودەی تیادا نی یە، چونکە مەبەست تیایدا ڕوون کردنەوەی ئەو فاکتەرانەیە، یان ئەو مەرجو ڕێگرانەیە، کە شەرعدانەر (الشارع) دایناون، تا کابرای موکەللەف ئەوە بزانێت، کە ئەو حوکمە شەرعیە، کەی دادەمەزرێو، کەی دانامەزرێتو، بەرچاوڕوون بێت، لەم بارەیەوە.

ب- ئەو شتەی کە کراوەتە ئەرکی سەر شان، دەبێت لە توانای کەسی موکەللەفدا بێتو، شتێك بێت، کە کەسی موکەللەف توانای کردن یان نەکردنی ئەو کارەی هەبێت، چونکە مەبەست لە (ئەرك: تكليف)، ئەمەیە کە کابرای ئەرکدار ئەو ئەرکە جێبەجێ

بکات، جا کە توانای جێبەجێ کردنی نەبوو، ئەو کاتە تووشی سەرگەردانیی دەبێتو، کاری لەم جۆرەش دوورە، لە زاتی پەروەردگارەوە، کە شەرعدانەرەو، شەرع لە ئاستێکدا دادەنێت، کە لە توانای مرۆڤدا هەبێت، پراکتیزەی بکات، هەربۆیەش یاسای (لا تكليف، إلاّ بمقدور، ئەو شتەی لە توانای مرۆڤدا هەیە، دەکرێتە ئەرك)، لە شەریعەتی ئیسلامدا هاتووە.

بەڵام لە حوکمی (وَضعي)دا، لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئەوە ڕەچاو نەکراوە، کە دەبێت، لە توانای کەسی موکەللەفدا بێت، بۆیە هەیەتی کە لە توانای موکەللەفدایەو، هەیەتی کە لە توانایدا نی یە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا هەرکات ئەم حاڵەتەیان ڕوویدا، هەر حوکمی شەرعی تیادا جێبەجێ دەکرێت، نموونە بۆ ئەو حوکمە وەضعی یانەی کە لە توانای موکەللەفدا هەن، وەك، دزیو داوێن پیسیو تاوانەکانی تر، کە شەرع ئەنجامدانیانی کردووە، بە هۆکار بۆ سزادانەکانیان، وەك چۆن دزی کراوەتە هۆکار، بۆ بڕینی دەستی دزەکەو، داوێن پیسی کراوەتە هۆکار، بۆ جەڵد لێدان، یان بەرد باران کردنی کەسی داوێن پیسو، هەروەها تاوانەکانی تریشو، گرێبەستو کاروبارەکانی تریش، هەموویان بە مەرج گیراون، تا حوکمی شەرعیان لەسەر بنیات بنرێت، وەك چۆن فرۆشتن، هۆکارە بۆ ئەوەی کە کەسی دووەم ببێتە خاوەن موڵكو، نیکاحو مارەکردن هۆکارە بۆ ئەوەی کە ژنو پیاو لەیەکتر حەڵاڵ ببنو، مافیان بەسەر یەکترییەوە بۆ دروست ببێتو، ئامادەبوونی دوو شایەت، مەرجە بۆ دروستی گرێبەستی مارەکردنو، دەستنوێژ مەرجە بۆ دروستی نوێژو، نیکاح بەبێ شایەت نادروستەو، هەروەها نوێژ بەبێ دەستنوێژ بەتاڵەو، کەسی میراتبەر کە خاوەن میراتی کوشت، ڕێگرە لە میرات بردنو لە میرات بێبەش دەبێتو، هەروەها کابرای وەسیەت بۆکراو، کە وەسیەتکاری کوشت، دەبێتە ڕێگر، لە جێبەجێ کردنی وەسیەتەکە. لەو حوکمە وەضعی یانەی کە لە توانای کەسی موکەللەفدا نین، وەك هاتنی مانگی ڕەمەزان، کە هۆکارە بۆ واجب بوونی ڕۆژوو گرتنو، لاربوونەوەی خۆر لە نیوەی ئاسمان، لە کاتی نیوەڕۆدا، هۆکارە بۆ واجب بوونی نوێژو، خزمایەتی هۆکارە بۆ میرات بردنو، سەرجەم ئەم هۆکارانەیش لە توانای کەسی

موکەللەفـدا نـین‌و، هـەروەها بـاڵغ بـوون مەرجـە بـۆ ئـەوەی کـە کەسـەکە بتوانێـت خودموختاری وەربگرێت‌و، هەروەها گەیشتن بە سەردەمی ژیری‌و عەقڵ شکان مەرجە بۆ ئـەو کەسـە کـە هەنـدێ هەڵسوکەوت هـەن، خـۆی ئـەنجامیان بـداتو، بێگومـان بـاڵغی‌و کرانـەوەی عـەقڵ لـە چوارچـێوەی توانـای موکەللەفـدا نـین‌و، لێـی بـەدەرن‌و، هـەروەها باوکایەتی ڕێگرە، لەوەی کە بکوژرێتەوە، هەرکات تەنانەت بەتایبەتی کوڕەکەی خۆیشی کوشـت‌و، شـێتی ڕێگـرە لـەوەی کـە شـێت تـەکلیفی بکەوێتـە سـەر شـان‌و، بۆیـە گرێبەسـتەکانی دانامـەزرێن‌و، هـەروەها کەسـی وەسـیەت بـۆکراو، لەبـەر ئـەوەی کـە میراتگرە، ئەمە ڕێگرە لەوەی کە وەسیەتەکەی بۆ جێبەجێ بکرێت. لەسەر ڕای زۆرینـەی شەرعزانەکان‌و، سەرجەم ئـەم ڕێگرانـەیش لـە دەرەوەی چوارچێوەی توانـاو دەسـەڵاتی کەسی موکەللەفدان.

﴿بەشە باسی دووەم﴾

بەشەکانی حوکمی تەکلیفی

٢١- زۆرینەی زانایانی ئوصولی فیقهـ[1] ، حوکمی تەکلیفی دابـەش دەکـەن، بـۆ پێـنج بەش، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

یەکەم: واجبێتی (الأيجاب)، ئەوەیە کە شەرع فەرمان دەکات، بە کردنی ئەو کارە، بـە تۆبزیو پابەندبوونـەوەو، ئـەو شـوێنەوارو کاریگەرییـەی کەلەسـەر هەڵسوکەوتی کەسـە موکەللەفەکە دروستی دەکات، لە کاتی ئەنجامدانیدا واجب بوونەکەیە، (واتە: کردەوەکـە لەسەر کابرای موکەللەف واجب دەکات)و، ئەو کردەوەیەی کە داواکراوە ئـەنجام بـدرێت، بەو شێوەیە، ئەوە خودی واجبەکەیە.

دووەم: (الندب): ئەو کارەیە کە شەرع داوای کردووە، بە شێوەی فەرمان نـا... بـەڵکو وای بـە باشـتر دانـاوە بکرێـتو، کاریگـەری ئـەوەی هەیـە، کـە کردەوەکـە لەسـەر کـابرا (مندوب) دەکاتو، وای دادەندێ، کە باشترە بکرێتو، کردنی ئەو کارەیش بـەو شـێوازە، (مندوب)ـە.

سێیەم: (التحریم: حەرام): ئەو شتەیە کە شـەرع داوای کـردووە، ئـەنجام نـەدرێت، بـە داواکردنی تۆبزیو پابەندبوونی ڕەهاو، کارەکە لەسەر کابرای موکەللەف حەرام دەکاتو، کاریگەرییەکەی ئەو حەرام کردنەیەو، ئەو کارەی کە داوا کراوە، ئەنجام نـەدرێت، بریتـی یە لە حەرامەکە، یاخود حەرامکراوەکە.

چوارەم: (الكراهة)، ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، ئەنجام نەدرێت، بەڵام بە تۆبزیو یەکلایی داواکەی نەکردووە، بەڵکو بە باشتری داناوە نەکرێتو، ئەم داواکردنە کردەوەکـە

---

[1] حەنەفیەکان دابەشی دەکەن، بۆ حەوت بـەش، (الأفـراض، الأيجـاب، النـدب، التحـريم، و الكراهة تحريماً، و الكراهة تنزيهاً، الأباحة).

لەسەر کابرای موکەللەف مەکروهـ دەکاتو، کاریگەری مەکروهـ بوونی لەسەر دروست دەکاتو، ئەو کارەی کە لەسەر ئەم شێوازە داواکراوە نەکرێت کارە مەکروهەکەیە.

پێنجەم: (الأباحة: حەڵاڵیو رەوالی)، ئەو کارەیە کە شەرع کابرای موکەللەفی سەرپشك کردووە، لەنێوان کردنو نەکردنیداو، هیچ کامیانی پێش نەخستووە، بەسەر ئەوی تریاندا، لە ئەنجامدانیداو، کاریگەرییەکەی ئەوەیە، کە ئەو کارە لەسەر کابرای موکەللەف موباحو حەڵاڵ دەکاتو، ئەو کردەوەیەی کە کابرای تیادا سەرپشك کراوە، بریتی یە لە کارە موباحەکە.

لەم ڕووانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو شتانەی کە داواکراوە بکرێت، دوانن، (الواجب)و (المندوب)و، ئەوانەی کە داواکراوە ئەنجام نەدرێن، دیسان دوانن، (المحرّم)و (المکروه)و، ئەوەی کە مرۆڤ سەرپشك کراوە، لەنێوان کردنو نەکردنیدا بە دڵی خۆی، یەك جۆرە، کە ئەویش (موباح)ەو، لەمەودوا لەسەر هەموو جۆرێ لەم جۆرانە) و بەگوێرەی پێویستو سنوری خۆی دەدوێین.

مەبەستی یەکەم

باسی ((واجب))

٢٢- واجب، لە ڕووی شەرعەوە، ئەو کارەیە کە خودای مەزن داوای کردووە، کە ئەنجام بدرێتو، داواکردنەکەیشی لەڕووی پابەندبوونی تەواوەیە، بەجۆرێك کە هەرکەس ئەنجامی نەدات، سەرزەنشت دەکرێتو، سزا دەدرێتو، ئەنجامدەرەکەی ئافەرم دەکرێتو، پادتشت دەدرێتەوە لەسەر ئەنجامدانی.[1]

کاری واجب دەبێت، لە ڕووی دڵنیاییو پابەندبوونی ڕەهاوە ئەنجام بدرێتو، ئەم مانایەش لە دەستەواژەکەیەوە دەفامرێتەوە، کە مانای فەرمانکردنی تیادایە، وەك

1 الأحكام، لإبن حزم، ب٣، ل٣٢١.

دەستەواژەی ڕووتی فـەرمانکردن (الأمـر) مانـای واجبـی تیادایـە، یـان کـە ئەنجامنـەدرا، لەسـەری سـزا وەردەگیرێـت، بـۆ نموونـە، کردنـی نوێـژو، چـاکە لەگـەڵ دایـكو باوکـداو، پابەنـدبوون بـە گرێبەسـتو مامەڵـەوەو، هتـد... کـە سـەرجەم ئەمانـە کـارو کـردەوەی واجبن و، شەرع فەرمانی دەرکردووە، کە دەبێت مرۆڤی موکەللەف پێیانەوە پابەند بێـتو ئەنجامیان بداتو، هەروەها سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە جێبەجێیان ناکات.

(واجب)و (فرض) لەلای جەماوەری زانایان یەکێکن و، لە حوکمو مانادا جیاوازییـان نـی یـەو، هـەردووکیان مانـای ئەمـەیان هەیـە، کـە دەبێـت ئـەنجام بـدرێن و، کەسـی ئـەنجام نەدەریان دەبێت سزا وەربگرێت، لەسەر خەمساردی بەرامبەریان.[1] بـەڵام حەنەفەیـەکان، جیاوازی دەکەن، لە نێوانیاندا، لە ڕووی ئەو بەڵگەیەوە، کـە ئـەو فـەرزو واجبـەی جـێگیر کردووە. جا دەڵێن ئەگەر بەڵگەکە (ظني) گوماناوی، بووو، یەکلاکەرەوە (قطعي) نـەبوو، ئـەوە واجبـە، وەك ئـەو فـەرموودە ئامـادەی، کـە قوربـانی کـردن جـێگیر دەکـاتو، دەیسەلمێنێتو، ئەگەر بەڵگەکە (قطعي) بـووو، (ظـنيّ) نـەبوو، وەك دەقـەکانی قورئـانی پیرۆز، سەبارەت بە پێویستی نوێژ، لەسەر کەسی باڵغ بـوو، ئەمـەیان کردنـی (فـرض)ە. بۆیە حەنەفیەکان، لە ڕوانگـەی ئـەو بەڵگەیـەوە کـە کارەکـەی واجـب کـردووە، سـەیریان کردووەو، (واجب)و (فرض)یان، ناوزەد کردووە.

بەڵام جەماوەری زانایان، وا سەیری کردەوەکە دەکەن، کە ئەرکە لەسەر شانی کەسـی موکەللەفـو، سەیری ئەوەیان نەکردووە، کە ئایا بەڵگەکەی (قطعـي)یـە، یـان (ظـنيّ)یـە، بۆیە جیاوازییان نەخستۆتە نێوان (واجب)و (فرض)و، هەردووکیان وەك ناو بەکارهێناوە، بۆ یەك شتی تاك مانا.

---

1 المـسودّة في أصـول الفقـە، ل٥٠، ئـیبن عـەقیلی حەنبـەلی لـە ئیمـام ئەحمـەدەوە گێڕاویەتیـەوە، کـە (فـرض) ئەوەیـە کـە قورئـان فـەرزی کردبێـت، و (واجـب) ئەوەیـە کـە فەرموودە واجبی کردبێت، و بەم گێڕانەوەیە بێـت، حەنبـەلیو حەنەفیـەکان زۆر لـە یـەکتری نزیکن، لە کاتێکدا کە جیاوازی لەم جۆرە بۆ (فرض)و (واجب) لای غەیری ئەوان بـوونی نـی یە.

هەر لەبەر ئەمەیشە، کە (پاداشتو سزا)، فـەرزو واجـب لای حەنەفییـەکان گۆڕانکـاری بەسەردا هاتووەو، وایان داناوە، کە پابەندبوون بە واجبەوە کـەمترە، لـە پابەنـدبوون لـە فەرزەوەو، هەر بۆیەش سزای پشتگوێخـستنی واجـب، کـەمترە لـە سـزای ئەنجامنـەدانی فەرز، هەروەك چۆن کەسێك نکۆڵی لێ بکات، لە فەرزێك، پێی کافر دەبێت، بەڵام کەسێك نکۆڵیو ئینکاری واجبێك بکات، پێی کافر نابێت.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوتووە، ئەوەیە کە ئەم ڕاجیاییە، لـە ڕووی دەربڕینەوەیـە، نەك لە حەقیقەتدا وابێت، حەنەفیەکان هاوڕان لەگەڵ جەماوەری زاناياندا، لەسەر ئـەوەی کە فەرز وەك واجب وایە، هەردووکیان داواکراوە کە ئەنجام بدرێن، بە پێداگیریو دڵنیایی تەواوەوەو، هەروەها ئەنجامنەدەری تووشی سەرزەنشتیو سزای پەروەردگار دەبێت.

هەروەها جـەماوەری زانایـان، لەگـەڵ حەنەفیەکانـدا هـاوڕان، لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو شتەی کە داواکراوە کە ئـەنجام بـدرێت، بـە پێـداگیری تـەواوەوە، بـۆی هەیـە بەڵگەکـەی قەطعی بێتو، ئاساییشە کە بەڵگەکەی ظەننی بێت،[1] بەڵام ئەوەیان کە بەڵگەکەی قەطعی یە، هەرکەس ئینکاریو نکۆڵی لێ بکات، پێی کافر دەبێت.

سەرەڕای ئەمەش جەماوەری زانایان، فەرزو واجب بە هاوشانی یەکتر دەزانـن، چـونکە هەردووکیان پێویستن لەسەر شانی کەسی موکەللەفـو، هەروەها سەرزەنشت کردنو سزا پێویست دەبێت، لەسەر ئەو کەسەی کە ئەنجامیان نادات، ئەمەش بەسە بۆ ئـەوەی کـە بسەلمێت، واجبو فەرز یەك شتن. بەڵام ڕەچـاوکردنی بەڵگـەکانیانو، قرسـاندنی ئاسـتی پابەنـد کردنیـان بـۆ ئـەو کـارەو، تونـدی سـزاکەیو، کـافر کردنـی ئەوانـەی کـە نکـۆڵی یەکێکیان دەکەن، ئەمانە گشتیان باس گەلێکی دوورن لە نێـوەڕۆكو چـییەتی (ماهیـة)و، حەقیقەتی ئەو کارەی کـە کەسـی موکەللـەف ڕاسـپێردراوە، بـە ئەنجامـدانیو پڕاکتیـزە کردنیو، ناویش نراوە، بە (واجب)و، هەموو لایەکیش کۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە نـاواخنی ئەو فەرمانەی کە شەرع داویـەتی، لـە ڕووی دڵنیـاییو پابەنـدبوونی تەواوەوەیـە، کەواتـە

---

1 المستصفى، للأمام الغزالي، ب١، ل٦٦.

((ئەم ڕاجیاییەی کە لێرەدا هاتۆتە ئارا لە دەربڕین (لفظ)دایە، بۆ بەڵگە تەفصیلییەکە دەگەڕێتەوەو، ئەمەش بابەتێکی فیقهی یەو، ڕاجیایی نێوان زانایانی ئوصولێ نی یەو، هەروەها تەنانەت لەنێوان شەرعزانەکانیشدا ڕاجیاییەکە لابەلایی یەو، حەقیقی نی یە)).[1]

٢٣- بەشەکانی واجب:

واجب دەبێتە چەند بەشێکەوەو، هەربەشەو خاوەنی ڕەهەندو تانو پۆی خۆیەتیو، لێرەدا چەند بەشێکی هەیە، لەوانە:

- دابەشکردنی واجب لە ڕووی کاتی پراکتیزە کردنییەوە.
- دابەشکردنی واجب، لە ڕووی ئەوەوە کە ئەندازەگیری بۆکرابێت، یان بۆی نەکرابێت.
- دابەشکردنی واجب لە ڕووی ئەوەی کە دیاریکراوە، یان دیاری نەکرابێت.
- دابەشکردنی واجب، لە ڕووی ئەوەوە کە مەبەست لە پراکتیزە کردنی چی یەو، چۆنە.

لێرەشدا باس لە سەرجەم ئەم بەشانە دەکەین.

٢٤- دابەشکردنی واجب، لە ڕووی کاتی جێبەجێ کردنییەوە:

بەم پێودانگیەش بێت، دەبێتە دوو بەشەوە، واجبی ڕەها (المطلق)و، واجبی کۆتو پەیوەنددار (المقیَّد).

واجبی ڕەها، ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، ئەنجام بدرێت، بەبێ ئەوەی کە کاتی جێبەجێ کردنەکەی ببەستێتەوە، بە کاتێکی دیاریکراوەوەو، بە ڕەهایی دایناوە، کەسی موکەللەف لەسەریەتی کە ئەنجامی بدات، هەرکات ویستیو، کە ئەنجامی داو جێبەجێی کرد، ئیتر لەسەر ئەستۆی لادەچێتو، لە دواخستنیدا تاوانبار نابێت، بەڵام پێویستە کە دەسپێشخەری بکات، لە جێبەجێ کردنو ئەنجامدانیدا، چونکە چارەنووس نادیارەو مرۆڤ نازانێت کەی مەرگ یەخەی پێ دەگرێت. نموونەی ئەم جۆرەیش، وەك، گرتنەوەی

---

[1] سلّم الوصول، للعلاّمة محمّد بخيت المطيعي، ب١، ل٧٦.

ڕۆژووی ڕەمەزان، بۆ کەسێك کە ڕۆژووی شکاندبێت، بەهۆی بیانوویەکی شەرعییەوە، جا ئەم کەسە لەسەریەتی کە بیگرێتەوە، هەرکات ویستی، بێ ئەوەی کە بەستبێتیەوە بە ساڵێك‌و کاتێکی تایبەتیەوە، ئەمەش ڕای گروپێك لە شەرعزانەکانە، وەك حەنەفیەکان، هەرچەند گروپی تر هەن، کە ڕایان بەم جۆرە نی یە.

هەروەها وەك ئەو کەفارەتەی کە واجب بووە، لەسەر کەسێك کە سوێندی کەوتووە، ئەمیش لەسەریەتی کە ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی سوێندەکە کەفارەتەکەی بدات، یاخود ماوەیەك دوای ئەوە بیدات.

هەروەها وەك حەجکردن، کە واجبە لەسەر کەسی ساماندار بە شێنەیی‌و، نەك بەپەلەو، ئەتوانێت حەجکردنەکە ئەنجام بدات، لە هەر ساڵێکدا ویستی‌و، لە هەر تەمەنێکدابوو.

واجبێتی کۆت‌و بەنددار (المقيَّد)، ئەو واجبەیە کە شەرع داوای کردووە، ئەنجام بدرێت‌و، جێبەجێ بکرێت، بەڵام بۆ کاتی ئەنجام دانەکەی کاتی دیاریکراوی بۆ داناوە، وەك پێنج نوێژە فەرزەکەو، ڕۆژووی ڕەمەزان، کە بێگومان پێش کاتی دیاریکراوی خۆیان دروست نی یە، ئەنجام بدرێن‌و، لەگەڵ ئەمەیشدا گەر دوابخرێن، بەبێ بیانووی شەرعی، مرۆڤ سزای لەسەر وەردەگرێت.

ئەمە بزانە کە لە (واجبی موقەیەد)دا، پابەندبوون لەسەر کردنی کارەکەو، جێبەجێ کردنی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ڕەچاوکراوە، بەڵام لە (واجبی موتڵەق)دا، پابەندبوون تەنها لەسەر کردنی کارەکە ڕەچاوکراوەو، باسی کاتەکەی نەکراوە.

بۆیە کەسی موکەللەف هەرکات کارێکی واجبی لەکاتی خۆیداو، بە شێوەیەکی دروست ئەنجامدا، کارەکەی بە (أداء) ناوزەدکراوە، واتە جێبەجێ کردنی کامڵ‌و لەکاتی خۆیدا، بەڵام ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەنجامیدا، بەڵام بە هەڵەو پەڵەوەو، بە ناکامڵی‌و پاشان سەرلەنوێی بە دروستی‌و کامڵی دووبارەی کردەوە، ئەوا ئەم دووەم جارە، کارەکەی بە (إعادة) ناوزەد کراوە، واتە دووبارە کردنەوەو، ئەگەر کارەکەی نەکردو، لە غەیری کاتی

خۆیدا جێبەجێ کرد، ئەوا بە (قضاء) ناوزەدکراوە، واتە، دووبارەکردنەوەی کارێك کە هەر لە بنەڕەتدا نەکرابێتو ئێستا ئەنجامی بدات.[1]

٢٥- دابەشکردنی واجب لە ڕووی ئەوەوە، کە ئەندازەگیری بۆ کرابێت، یان بۆی نەکرابێت:

واجب لە ڕووی ئەوەوە کە ئەندازەی ئەوەی تیایدا داواکراوە چەندە، دەبێتە دوو بەشەوە، (واجبی سنوردار)و، واجبی بێ سنور- بێ ئەندازە).

- واجبی سنوردارو، ئەندازە بۆدانراو، بریتی یە لەوەی کە شەرع ئەندازەیەکی دیاریکراوی تیادا داناوە، وەك زەکاتدانو، هەروەها نرخی کڕینو فرۆشتنەکانو، ئەندازەی مافی کوشتنو تاوانەکانی تر (دیة)[2]و، هتد... ئەم جۆرەی واجب، لە ئەستۆدایەو، دروستە بەبێ وەستان لەسەر بڕیاری دادگاو، ڕازی بوونی دوولایەنی پرۆسەکە، ئەنجام بدرێت. چونکە خۆی لەخۆیدا دیاریکراوەو، سنوری بۆ دەستنیشان کراوەو، ئەو کاتەی کە جێبەجێ کرا. جا لە ئەستۆی ئەو کەسە دەکەوێت، کە وەك ئەرك لەسەر شانیەتی کە ئەنجامی بداتو، دەبێت بەو جۆرەیش جێبەجێی بکات، کە شەرع دیاری کردووەو، نەخشەی بۆ داناوە، کە لەسەر ئەستۆی لابچێت.

- واجبی بێ سنورو، ئەندازە نادیار، ئەو واجبەیە کە شەرع ئەندازەکەی دیاری نەکردووەو، سنوری بۆ دانەناوە، وەك بەخشین لە ڕێی خوادا، (جیا لە زەکاتدان)، ئەم جۆرە بەخشینە بێ سنوورەو، ئەندازەکەی دیاری نەکراوە، بەڵکو بەگوێرەی پێداویستی نەدارانو، توانای کەسی بەخشەرە، بۆیە هەرکەس جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی کەسێکی هەژاری بەسەردا سەپێنرا، ئەوە ئەو واجبەی لەسەر شانە، بەڵام بە دیاریکراوو

---

1 تنقيح الأصول، إلى علم الأصول، للعلاّمة الحلي، و تسهيل الوصول إلى علم الأصول، للشيخ محمّد عبدالرحمن المحلاوي، ل٢٧٦.

2 واتە، ئەو پارەیەی کە لەجیاتی تاوانی کوشتنو تاوانەکانی تر وەردەگیرێت.

سنورداری نا... بەڵكو پێویستە لەسەری كە پێدویستیەكانی ئەو نەدارە جێبەجێ بكات، ئەمەندەی كە ئیتر پێداویستی نامێنێت.

هەروەها نموونەیەكی تر، وەك، هاوكاریكردن لەسەر ئەنجامدانی چاكەكاری، ئەمەش واجبێكی بێ سنورەو، بەڵكو تەنها جۆری ئەو چاكەیەی كە كەسی موكەللەف لەسەر شانیەتی هاوكاری بكات، بۆ جێبەجێ كردنی، سنورەكەی دیاری دەكات. دەنا ڕەهایەو، چوارچێوەیەكی سنورداری بۆ نییە! ئەم جۆرە واجبە، سزا لەسەر ئەستۆی مرۆڤ پێویست ناكات، چونكە ئەو شتەی كە سزا دەخاتە ئەستۆی كەسی ئەنجامدەر، مەرجی ئەوەیە كە ئەو شتە سنوردارو دیاریكراو بێت، بۆیە بژێوی ژن، لەسەر پیاو نی یە، پێش بریاری دادگا، یان پێش ڕازی بوونی هەردووكیان لەسەری، لەسەر ڕای هەندێ لە شەرعزانەكان، وەك شەرعزانانی حەنەفی، چونكە پێش بریاری دادگا، یان ڕازی بوونی هەردووكیان بڕی ئەو بژێوییە دیاری كراو نی یە، بۆیە ناكەوێتە ئەستۆی پیاوەكەو، بەم هۆیەوە ناتوانرێت، پێش بریاری دادگا، یان ڕێكەوتنی هەردوولا داوابكرێتو، پاشان لەلای هەندێ لە شەرعزانەكان، وەك شەرعزانەكانی مەزهەبی ئیمامی شافعیو، هی تریش، لایان وایە كە بژێوی ژن لە ئەستۆی مێردەكەدایە، بەڵام لەو كاتەوەی كە پیاوەكە خۆی لادا، لە كێشانی ئەركی ئەو بژێوییە، چونكە ئەم بژێوی (نفقة)ەیە لەلای ئەم برە شەرعزانە واجبێكی دیاریكراوەو، بەپێی حاڵو توانای مێردەكە دیاریكراوە، بۆیە ژنەكە دەتوانێت پێش بریاری دادگاو، ڕێكەوتنی دوولایەنە داوای ئەو مافەی خۆی بكات، واتە، لەو كاتەوەی كە كابرای مێرد، یاخی بووو، بژێوی جێبەجێ نەدەكردو، یاسای باری كەسێتی لە عێراق، ژمارە (٨٨)ی، ساڵی (١٩٥٩) كاری بەم بریارە كردووە.[1]

---

1 برگەی چوارەمی، ماددەی (٢) دەڵێت، بژێوی ژنێك كە نەتۆرابێت لە مێردەكەی، لە ئەستۆی پیاوەكەیدایە، لەو كاتەوەی كە پیاوەكە لە بژێوی كێشانی دەستی هەڵگرتووە.

٢٦- واجب لە ڕوووی ئەوەوە، کە واجبکراوەکە دیـاری کرابێـت، یان دیاری نەکراوبێت:

لەم ڕووەیشەوە، واجب دەبێتە دوو بەشەوە، واجبی دیاریکراوو، واجبی دیارینەکراو.

واجبـی دیـاریکراو، ئـەو واجبەیـە کـە شـەرع بـە دیـاریکراوی داوای جێبـەجێ کردنـی کردووە، بـەبێ ئـەوەی کـە کەسـی موکەللـەفی سەرپـشك کردبێـت، کـە لـە نێـوان چـەند جۆرێکیـدا، جۆرێکیـان هەڵبـژێرێت، وەك، نوێـژکردنو، ڕۆژووگـرتنو، گێڕانـەوەی مـوڵکی دەست بەسەرداگیراو ئەگەر خودی شـتەکە مـابوو، ئـەم جـۆرە واجبـە، بـە ئەنجامـدانی خودی واجبەکە، جا لە ئەستۆی مرۆڤ لادەچێت.

- واجبی دیارینەکراو: ئەو واجبەیە کە شەرع داوای کردووە، ئەنجام بـدرێت، بـەڵام بە دیاری کردنی خودی ئەو شتە نی یە، بەڵکو لـەناو چـەند بابـەتێکی زانـراودا، ئامـاژەی پێـداوەو، کەسـی موکەللـەف لەسـەریەتی کـە یـەکێك لـەو شـتە زانراوانـە هەڵبـژێرێتو، ئەنجامی بدات، وەك ڕاپەڕاندنێکی ئەو واجبەو، جاری وا هەیە، کە ئەو واجبـە، لـە نێـوان دوو شـتدایەو، بـە کردنـی یـەکێکیان، ئـیتر واجبەکـە جێبـەجێ کـراوە، وەك خـوای پەروەردگار دەربارەی دیلی جەنگ دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَا﴾[1] واتـە: بجـەنگن تـا کـاتێ لاوازیـان دەکـەن، بـە کوشـتار لێکردنێکی زۆرو شکاندنیان، ئینجا ئەوەی ماوە دیلـی بکـەنو مەحکـەم بیانبەستنەوەو، چاودێرییان بکەن، ڕاەکەن، ئەوسا یان بەخۆڕاییو منەت خستنە سەریان ئازادیان بکـەن، ئەگەر پێشەوای مسوڵمانان پێی چاك بوو، یـان بـە فیدیـەو برێتـی دانـان، واتـە دیـل بـە دیلیـان پـێ بکـەن، یـان شـتێکیان لێ وەرگـرن، بـەڵام ئەمـە دوای ئەوەیـە شـەوکەتو پەڕوباڵیان دەشکێتو، دەسەڵاتی جـەنگیان نامێنێـتو، ئەمـەش تـا کـاتێ جـەنگ تـەواو دەبێت.

---

1 محمد (٤).

کەواتە پێشەوای مسوڵمانان دەتوانێت، کە دیلەکان بە منەت بەربدات، یان دیل بە دیلیان پێ بکات.

ئینجا جاری وا هەیە کە واجبی دیارینەکراو، لەنێوان سێ شتدا دەبێت، وەك، کەفارەتو لەجیاتی بۆ سوێندی کەوتوو، کە لەم بابەتەدا لەسەر کەسی سوێند کەوتوو پێویستە کە یەکێك لەم سێ شتانە ئەنجام بدات، یان خواردن دانی (دە) کەسی کەمدەست، یان جلو بەگ پۆشینیانو، یان ئازادکردنی بەندەیەکو، ئەمەیش بۆ کاتێکە کە توانای دارایی هەبێت، بەڵام کە دارایی نەبوو، واجبەکە دەبێتە واجبی دیاریکراو، کە ئەویش گرتنی سێ ڕۆژ ڕۆژویەو، هەندێ لە زانایان، ئەم جۆرە واجبەیان، بە واجبی سەرپشك (مخيّر) ناوزەدکردووە، چونکە کابرای موکەللەف سەرپشکە، کامیان ئەنجام بدات.[1]

٢٧- واجب بەگوێرەی ڕوانگەی شتە داواکراوەکە:

لەم ڕوانگەیەشەوە، واجب، دەبێتە دوو بەشەوە، واجبی دیاریکراو لەسەر گشت کەسێکی موکەللەف (عَيْني)و، واجبێك، کە بە کردنی لەلای هەندێ کەس، لەسەر تێکڕا لادەچێت، واتە (الكفاية).

– (الواجب العيني): ئەو داواکارییەیە، کەلەسەر هەموو تاکێکی موکەللەف دانراوەو، ئاڕاستەی کراوە، واتە: شەرعی لەسەر هەموو کەسێکی موکەللەفی داناوەو پێویستی کردووە، ئەنجامی بداتو، هەستانی کۆمەڵێك کەس بەو ئەرکە، بەس نی یەو، لەسەر شانی کۆمەڵەکەی تری لانابات و، کاتێك لەسەر ئەستۆی کەسی موکەللەف لادەچێت، کە خودی خۆی جێبەجێی بکات، چونکە مەبەستی شەرع لەم کارەدا کاتێك دێتە دی کە خودی کەسەکە ئەنجامی دابێتو بۆیە هەرکەس ئەنجامی نەدات تاوانبار دەبێتو لەسەری سزا وەردەگرێتو کە خەڵکی تر جێبەجێی کرد، لەسەر ئەم کەسە لاناچێت.

---

1 فواتح الرّحموت، شرح مسلّم الثبوت، ب١، ل٦٦.

ڕوانگەی ئەم واجبەو مەبەست تیایدا، خودی کردنی کارەکەو هەروەها خودی بکەرەکەیە، وەك: نوێژکردنو ڕۆژووگرتنو پابەندبوون بە گرێبەستەکانی مامەڵەو دانی هەموو مافێك وەك خۆی...

– (الواجب الکفائي):[1] ئەو کارەیە کە شەرع داوای کردووە، کە کۆمەڵێك کەسی موکەللەف ئەنجامی بدەن، نەوك سەرجەمی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە، چونکە ئامانجو مەبەستی شەرع ئەوەیە کە کۆمەڵێك ئەنجامی بدەن، واتە: مەبەست ئەوەیە کە ئەو کارە هەبێتو جێبەجێ بکرێتو، مەبەستی ئەوە نی یە کە تاکەکان واتە ئەوانەی کە موکەللەفن تاقی بکاتەوە،[2] جا کە هەندێ کەس کارەکەیان ئەنجامدا، ئەوا لەسەر هێندەکەی تر لادەچێت،[3] چونکە ئەو جێبەجێ کردنەی لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە، لە جێی کردنی لەلایەن کەسەکانی ترەوە دەبێتو ئەژمار دەکرێتو تەنانەت لەم ڕوانگەیەوە ئەو کەسەیش کە نەیکردووە، هەر بە بکەرو جێبەجێ کار دەهێنرێتە ئەژمار، چونکە بە کردنی لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە ئیتر لەسەر شانی ئەمانی تر کەوتووەو لاچووەو، ئەگەر کەس بە کارەکە هەڵنەستا، ئەوا سەرجەمو هەموو لایەك تاوانبار دەبن، بۆیە داواکردن لەم واجبەدا بەستراوە بە کردنی کارەکەوەو، نەوەك بە کەسێکی دیاریکراوەوە. بەڵام لە واجبی (عەینی: خودی)دا، مەبەست تیایدا کردنی کارەکەیە، لە خودی کەسەکە موکەللەفەکەوە، نموونەی واجبی کەفائی، وەك: جیهاد لە ڕێی خواداو دادوەریو فەتوادانو لە ئایینو شەرع شارەزا بوونو شایەتی دانو فەرمانکردن بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپەو کردنی کارە پیشەسازییەکانو سەرجەم پیشەکانو ئەو زانستانەی کە گەل پێویستی پێیەتیو هەروەها وەك ئامادەکردنی سەرجەم کەرەستەکانی جەنگو،

---

1 هەندێ لە زانایان بەشی سێیەمیان بۆ زیادکردووە، کە ئەویش ئەو واجبەیە کە مەبەست تیایدا ئەنجامدانیەتی لەلایەن خودی کەسێکی دیاریکراوەوە، وەك واجبی دیاریکراو لەسەر تەنها خودی پێغەمبەر (ﷺ) وەك: واجب کرانی شەونوێژ لەسەری، المحلاوي، ل٢٦٩.

2 تیسیر التحریر، ب٢،ل٢٦٣–٢٦٤.

3 المسوَدَّة، ل٣١.

ئەوەی تر لەو شتانەی تر کە لە بەرژەوەندی گەلدا، چونکە بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە (فەرزی کیفایە)، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی گەلەو، هەروەها ئەگەر واجبی کەفائی جێبەجێ نەکرا، ئەوا هەموو لایەك تاوانبار دەبن، چونکە لەسەر جەمی گەل داواکراوە کە ئەنجامی بدەن، بۆیە هەرکەس لە توانایدا هەبوو دەبێت بیکاتو کەسێك کە نەیدەتوانی بیکات دەبێت کەسی تواناندار هان بدات بۆ کردنی، بەڵام ئەگەر هەر ئەنجام نەدراو جێبەجێ نەکرا، ئەوە کەمو کورییەکە لە هەموو لایەکەوە بووەو لەسەر هەموویانە، واتە: لەسەر کەسی توانادارە، چونکە ئەنجامی نەداوەو هەروەها لەسەر کەسی بێ تواناکەیشە، چونکە کەسی تواناداری هان نەداوەو پەری نەکردووە، تا بچێت جێبەجێی بکات، پێشەوا شافیعی دەربارەی فەرزی کیفائی دەفەرموێت: ئەگەر سەرجەمی خەڵکی خەمسارد بوونو جێبەجێیان نەکرد، ئەوا من لەوە دەترسم، کە سەرجەم خەڵکی تواناداروو بێ توانا گوناهبار بن.[1]

لەم ڕوانگەیەی واجبەوە دەردەکەوێت، کە پێویستە لەسەر گەل چاودێری حکومەت بکاتو هانی بداتو بیخاتە سەر ڕێگای ئەنجامدانی (واجباتە کەفائیەکان)و، یان ئامرازە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردنی واجب ئامادەو ساز بکات، چونکە حکومەت بریکاری گەلە لە جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانداو، توانای ئەنجامدانی فەرزە کیفائییەکانی هەیە، جا کە دەوڵەت خەمساردی لە کردنیاندا نواند، ئەوا تێکڕای گەل تاوانبار دەبن، بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیشەوە، چونکە گەل نەیتوانیوە حکومەت هانبدات، تا ئامرازەکانی جێبەجێ کردنەکە دابین بکات، کە پێویستن بۆ جێبەجێ کردنی فەرزە کیفائییەکانو هەروەها حکومەتیش تاوانبارە، چونکە لەگەڵ بوونی توانایدا، کەچی هەڵنەساوە بە جێبەجێ کردنی ئەو فەرزە کیفائییانە.

جاری وا هەیە، کە فەرزی (کیفایە) دەبێتە فەرزی (عەین)، هەروەك لە (جیهادکردندا) ڕوودەدات، ئەمە هەرکات بە کردنی لەلایەن هەندێ کەسەوە، ئامانجەکە نەهاتە دی، ئیتر

---

1 الرّسالة، للأمام الشافعي، ل٣٦٦.

دەبێتە (فەرزی عەین) لەسەر هەموو کەسێکی موکەللەف، کە توانای بەرەنگار بوونەوەی دوژمنی هەبێت، بە هەر جۆرە چەکێك بێتو بە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەك بێت.

هەروەها وەك ئـەوەی ئەگـەر موکەللـەفێکی توانـادار، خراپەیـەکی بینـی، بـەڵام تـەنها خۆی توانای بەرەنگار بوونەوەیی هەبوو، ئەوا بە گوێرەی توانـای خـۆی لەسـەریەتی کـە ڕووبەڕووی ئەو خراپەیە ببێتەوەو هەروەها ئەگەر لە گوندێکدا تەنها یـەك دکتـۆر هـەبوو، ئەوا لەسەریەتی کە فریای نەخۆشەکان بکەوێتو لەسەری واجبـە، بـە (واجبـی عـەینی)و هتد... کە چارەسەریان بۆ ئەنجام بدات.

مەبەستی دووەم

((باسی مەندوب))

٢٨- (الندب)، بە مانای بانگەوازکردن بۆ کارێکی گرنگ هاتووەو (المنـدوب) واتـە: شتە بانگەواز بۆکراوەکە، یاخود بانگ کردن بۆ کارێکی شیاوو بایەخدار.

هەروەك شاعیر گوتویەتی:

لا يسألون أخاهم، حين يندُبهُم   للنائبات على ما قالَ بُرهانا

کاتێك کە براکەیان، بانگیان دەکات لە کـاتی دژواریو سـەختیدا دەچـن بـۆ لایو هـیچ بەڵگەیـەکیان ناوێـت، یـان داوا ناکـەن بـۆ ئـەو بـانگ کردنـەو ڕاسـتەوخۆ بـەرەو ڕووی دەکشێن!

لە زاراوەدا، ئەو کارەیە کە شەرع داوای کـردووە جێبـەجێ بکرێـت، بـەڵام بـە تـۆبزیو پێداگیری نا...و بکەرەکەی مەرج دەکرێتو لەسـەر کردنـی پاداشـت وەردەگرێـت، بـەڵام ئەنجام نەدەری سەرزەنشت ناکرێتو سزا وەرناگرێت،[1] بەڵام لەسەر هەندێ لە جۆرەکانی مەندوب، سەرزەنشکاریو سزادان لە ئارادا هەیە.

شـێوازی دەسـتەواژەی داواکردنەکـە، کاریگـەریو ڕەنگدانـەوەی هەیـە، لەسـەر دیاریکردنی ئەو کارە وەك کارێکی مەندوب، ئەگەر مانای مەندوب بوونی تیادا فامرایـەوە،

---

1 المسودَّة، ل٥٧٦، الأحكام، لأبن حزم، ب١، ل٤٠، ب٣، ل٣٢١.

نەك مانای تۆبزی کردنو پێداگیری تەواو (الألزام)و ئیتر چونیەکە ئەو نیشانەیەی کە لە مەندوب بوونەکەدا دەرکەوتووە دەق بێت، یان هەر شتێکی تر، یەکسانە، جا کە خوای پـــــەروەردگار دەفــــــەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَٱكْتُبُوهُ﴾،[1] ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەرکات قەرزو قۆڵەی ماوەدارتان لەگەڵ یەکتردا کردو یان کڕینو فرۆشتنتان بە قەرز کرد، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بینوسن)، کە ئەم داواکارییە مانای تۆبزیو پێداگیری سەرسەختی تیادا نافامرێتەوە، بەپێی ئەو نیشانەیەی کە لە دەستەواژەی ئەم ئایەتەی تردا دەرکەوتووە، کە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَـٰنَتَهُۥ﴾[2] واتە: ئەگەر بڕواتان بەیەکتری هەبوو ئەمین بوونو بارمتەی نەویست، جا با ئەو کەسەی کە بە ئەمین دانراوە، واتە: قەرزدارەکە لە کاتی خۆیدا سپاردەکە (قەرزەکە) بداتەوە بە خاوەنەکەی، کە ئەم دەقە دۆکیۆمێنتە لەسەر ئەوەی کە داواکردنی نووسینی قەرز، داوایەکی مەندوبە، نەوەك بەتۆبزیو پێداگیری، کە ئەمەش لە ڕوانگەی ڕێنوێنی کردنی بەندەکانەوەیە، تا مافەکانیان لە فەوتان بپارێزن، جا کە ئەم ڕێنوێنییەیان ڕەچاو نەکرد، ئەوا خۆیان بەرپرسن لە دەرەنجامی خەمساردییەکەیان.

هەروەها کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾،[3] واتە: پسوڵەیان بۆ بنووسنو بیکەنە مانگانە بەسەریانەوە،"بۆ ئەو بەندانەی ئەیانەوێت، خۆ ڕزگار بکەنو لە کۆیلایەتی ئازاد ببن"، ئەم نووسینە بۆ کاتێکە، ئەگەر خێرو چاکەو توانای کارکردنو خۆ ئازادکردنتان لێ ببینن، واتە: ئەتانزانی ئەمانەتو فامیان تیایەو ناوەڕۆکی پسوڵەتان بۆ جحێبەجێ دەکەن، دەقی ئەم ئایەتە وا دەردەخات، کە

---

1 البقرة (٢٨٢).

2 البقرة (٢٨٣).

3 النور (٣٣).

نووسینی ئەو پسوڵەیە واجب نی یە، بەپێی نیشانەی ئەو یاسا شەرعییەی کە دەفەرموێت: (خاوەن موڵك ئازادە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ موڵکی خۆیدا دەکات).

هەروەها وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((یا معشر الشباب، من استطاع منکم الباءة،[1] فلیتزوّج)): ئەی کۆمەڵی گەنجان، هەرکامتان توانای هەیە، با ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنێت، کە ئەم فەرمانە، دەلالەت ناکات لەسەر واجب بوونی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرێتی، لەسەر گشت موکەللەفێك، بەپێی نیشانەی ئەو فەرمایشتانەی کە بە موتەواتیری لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێردراونەتەوە، کە هەموو موکەللەفێکی بە تۆبزی پابەند نەکردووە، ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، سەرەڕای ئەمەیش کە توانای ئەنجامدانی پرۆسەکەی هەبێت.

٢٩- مەندوب، (سوننەت)و (نافلة)و (موستەحەب)و (تطوّع)و (إحسان)و (الفضیلة)یشی پێ دەگوترێتو ئەم مانایانە هەمویان لەیەکەوە نزیکنو مانای مەندوبیان تیادا دەفامرێتەوە، کە ئەویش ئەوەیە کارەکە ئەنجام بدرێت، بەبێ پابەندبوونی ڕەهاو تۆبزی.[2]

- مەندوب تەنها یەك جۆر نی یەو چەند پلەیەکی هەیە:

بالآترین پلەی مەندوبە، ئەوەیان کە پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام خولیای سەری بووەو لەسەری پابەند بووەو زۆر بەدەگمەن، دەنا هەرگیز پشت گوێی نەخستووە، وەك: کردنی دوو ڕکات نوێژی سوننەت پێش نوێژی بەیانی، کە ئەمەش بە (سوننەتی مۆککەدە)

---

1 الباءة: واتە: توانابوون بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی هاوسەرگیری.

2 بۆیە ناونراوەتە (مندوب: بانگەواز بۆکراو)، چونکە شەرع بانگەوازی بۆ کردووەو بۆیە بە (مستحب: خۆشەویست) ناوبراوە، چونکە شەرع حەز بە کردنی دەکاتو خۆشیی لێ دێتو بۆیە ناونراوەتە (نفل)، چونکە لە دەرەوەی فەرزەوەیەو خێری کارەکە زیاتر دەکاتو بۆیە (تطوع)یشی پێ دەگوترێت، چونکە بکەرەکەی خۆبەخشانە ئەنجامی دەداتو کەبە (فضیلة)یش، ناوزەدکراوە، لەبەر ئەوەیە کە کردنی باشترە لە نەکردنی، (ردّ المختار) لأبن عابدین، ب١، ل٩١و دواتریش.

ناوزەدکراوە، کە کەسێك خەمسارد بێت، تیایدا سەرزەنشت دەکرێت، بەڵام لەسەری سزا نادرێتو هەروەها وەك ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە کاتی خۆیداو لە بارودۆخی ئاساییدا، بۆ کەسێك کە توانادار بێتو هەروەها بانگدان کە لەو دروشمە ئیسلامییانەیە کە پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکی ئایینی گشتییەوەو دروست نی یە خەمساردیو سستی تیادا بکرێتو، بۆیە ئەگەر خەڵکی جێگایەك رێکەوتن، لەسەر ئەوەی کە نەیکەنو وازی لێ بهێنن، ئەوا دەسەڵاتی سەردەم دەبێت بەزۆر پێیان ئەنجام بدات.

دوای ئەم پلەیە، (سوننەتی غەیرە موئەککەدە) دێت، وەك ئەو سوننەتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە لەسەری بەردەوام نەبووە، وەك: چوار ڕکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی نیوەڕۆو هەروەها وەك: خێر کردنی زیادە، بۆ کەسێك کە لە توانایدا هەیە ئەنجامی بدات، ئەگەر هەژارو نەدارێکی دەست نەکەوت، کە زۆر حاڵەتی خراپ بوو، کەم دەست بووو پێویستی هەبوو، ئەوا بۆ خێرکەرەکە سوننەتەکە لێرەدا، غەیر موئەککەدە.

دوای ئەم پلەیەی (مەندوب)یش،ی (الفضیلة)و (الأدب)و (سنة الزوائد) دێن، کە هاومانان، وەك پەیڕەوکردنی پێغەمبەر (ﷺ). لەو کردەوە ئاساییانەدا، کە وەك مرۆڤێك ئەنجامی داون، وەك خواردنو خواردنەوەو خەوتن، جا پەیڕەوی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەم کارانەیدا سوننەتەو موستەحەبەو نیشانەی پابەندی ئەو کەسەیە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ)و ئەنجام نەدەری سەرزەنشت ناکرێتو سزا نادرێت، چونکە ئەم کارە کارێکی تایبەت بە ئایین نی یەو تەنها لە جوانییەکانی ئاکاری مرۆڤی مسوڵمانەو سەر بە ڕەوگەی پەرستشەکان نی یەو بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە نەریتەکانەوە هەیە.

٣٠- لەم بابەتەدا، دوو شت تێبینی دەکرێن:

یەکەم: بە گشتی مەندوب، وەك پێشەکی بۆ (واجب) دێتە بەرچاوو باسی لێوە دەکرێتو وا لە کەسی موکەلەف دەکرێت، کە بەلایەوە ئاسان بێت ئەنجامی بدات، چونکە کە مرۆڤ ئەو مەندوبانەی ئەنجامداو لەسەریان بەردەوام بوو، ئەوا جێبەجێ کردنی واجبەکانی لەسەر ئاسان دەبێتو خوو دەگرێت پێیانەوەو لەم بارەیەوە ئیمامی شاطبي دەفەرموێت: (ئەگەر بە ڕوانگەیەکی گشتی تر، تەماشای مەندوب بکەیت دەبینیت وەك

خزمەتگوزاری واجب وایە، چونکە یان پێشەکییە بۆ واجب، یان بیرخەرەوەی واجبە، ئیتر چونیەکە واجبەکە لە جینس‌و شێوازی یەکترین، یان نا...).[1]

دووەم: مەندوب، ئەگەر بە لاوەکی‌و جوزئیش پێویست نەبێت، ئەوا لە ڕووی ڕەهایی‌و بەگشتی پێویستە، واتە دروست نی یە کە مرۆڤی موکەللەف سەرجەم مەندوبەکان بە گشتی واز لێ بهێنێت، چونکە ئەمە نەگی یە بۆی‌و شوخت دەخاتە عەدالەت‌و دادی مرۆڤی مسوڵمانەوەو لەم بارەیەوە ئەدەب دادان‌و سەرزەنشتکردنی پێویستە، هەربۆیەش پێغەمبەر (ﷺ) بیری لەوە کردۆتەوە، کە ماڵی ئەو کەسانە بسوتێنێت، کە بە بەردەوامی نوێژی جەماعەتیان واز لێهێناوە.

جا بانگدان‌و نوێژی بە کۆمەڵ‌و خێری خۆبەخشانە (التطوّع)و سوننەتی بەیانیان، ئەمانە هەموو بە لاوەکی‌و تاک‌و تەرایی مەندوبن، بەڵام بە گشتی‌و ڕەهایی ئەنجامدانیان پێویستەو دروست نی یە بە تەواوی وازیان لێ بهێنرێت.

هەروەها وەك: ژنهێنان دروست نی یە کە سەرجەمی گەلی ئیسلام واز لەو پرۆسەیە بهێنن، چونکە کە واز لەو کارە هێنرا، تەواوی گەلی ئیسلام تیادەچێت‌و ئەم پرۆسەیە بۆ تاکەکان کارێکی مەندوبە، بەڵام بۆ سەرجەم گەلەکە واجبەو وەك فەرزی کیفایە وایەو بۆیە (وازهێنان لە سەرجەم مەندوبەکان، کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخی ئایین، ئەگەر ئەو واز لێهێنانە هەمیشەیی بوو، بەڵام ئەگەر وازلێهێنانەکە لە هەندێ کاتدا بوو، ئەوە کاریگەری نابێت).[2]

---

1 الموافقات، للأمام الشاطبي، ب١، ل١٥١.

2 الموافقات، للأمام الشاطبي، ب١، ل١٣٢-١٣٣.

مەبەستی سێیەم

باسی حەڕام: (یاساغو نەشیاو)

٣١- حەرام:

ئـەو کارەیــە کــە شــەرع داوای کــردووە کــە دەســتی لیّ هــەڵبگرێت،و نــەکرێت، و داواکردنەکەیش لە ڕووی تۆبزیو پێداگیری تەواوەیە، وبۆیە ئەو کەسەی کە دەستی لیّ هەڵـدەگرێت پاداشـتی لـە سـەر وەردەگرێـت،و بەکەسـێکی گوێڕایـەڵ دێتـە ئـەژمار،و ئەنجامدەریش تاوانبارەو بەسەرپێچی کار ناو نووس دەکرێت، ئیتر لەوەشیدا چونیەکە، بەڵگەی حەرام کردنەکە یەکلاکەرەوە (قطعي)بێـت، وهـیچ گومـانێکی تێـدا نـەبێت، وەك حـەرامی داوێـن پیـسی کـردن، یـان بەڵگەکـەی گومانـاوی (ظـني) بێـت، وەك ئـەو شـتە حەرامانەی کە بە فەرموودەی (ئاحاد) حەرام کراون،هەردووشێوازەکە چونیەکنو حـەرام کراوەکەیان، بە بەهای حەرامە.

بەڵام لای حەنەفیەکان، حەرام بەوە نـاوزەرد دەکرێـت، کـە بەڵگـەی قطعـي بێـت، جـا ئەگەر بەڵگەکەی (ظني)

بوو، ئەوا بە (مەکرهی حەرام) ناو زەدیان کردووە.

حەرام بوونی شتێك لەوەوە دەزانرێت، کە خودی دەربڕینی (لفظ)ی، حەڕام بۆی بەکار هاتبێـت، وەك لـەفزی (حـڕام) یان،یـان لـەفزی (حـەلاڵ نیيـە)، وەك خـوای پـەروەردگار دەفەرموێت ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ ﴾[1] یان پێغەمبـەر (ﷺ) کـە دەفرمووێـت: (لا يحل مال امرىء مسلم، إلا بطيب مـن نفسه) مـاڵی مـسوڵمان بـۆ کەسـێکی تـر حـەلاڵ نییە، مەگەر بە ڕازی بوونی خۆی نەبێت)[2] هەروەها حەڕام بوون لـە ویـشەوە دەزنـدرێت،

---

1 سورة (النساء/٢٣).

2 با کەس وا گومان نـەبات، کـە مـاڵی پـەیمانـدار (أهـل الذمـة) کـە ناموسـڵمانە، حەلاڵـە، چونکە ناوهێنانی (موسڵمان: المسلم) لە فەرموودە پیرۆزەکەدا، ئەو ماناو خەیاڵە ناگرێتەوە، ولەڕاتیدا، لە

که دەستەواژەی نەهیکردن هاتبێ، کەمانای تۆبزی‌و پابەندی ڕهای لێ بفامرێتەوە، یاخود بە کردنی کارەکە سزادانی لەسەربێت، نمونە بۆ یەکەمیان، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموویت ﴿فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ﴾[1] واتە بت پەرستن شتێکی زۆر بێنرخ‌و پیسە. جا کەوایە ئێوەش لە بت پەرستن خۆتان دوور بگرن، چونکە پیسن، وەهەروەها لە هموو گوتارێکی درۆو نابەجیێ‌و هەڵبەستراویش خۆتان بە دوور بگرن،و هەروەها قورئان دەفەرموویت: ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ﴾[2] واتە: ئارەق خواردن‌و قومار بازی یانسیب‌و ئەو بەردەی حەیوانی بتەکانی لە سەر سەر دەبڕدرێت، بۆ بتەکان،و فالگرتنەوە. ئەمانە هەموویان پیسن‌و لە کردەوەی شەیتانن، لە ئەنجامدانیان دوور بکەونەوە.

نموونەیش بۆ دووەم، واتە: ئەوەیان کە سزا بۆکردنی دانراوە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ﴾[3]، واتە: ئەو کەسانەی کە ژنان یان پیاوانی داوێن پاك تۆمەت بار دەکەن، بەداوێن پیس کردن، و دواتریش چوار شایەت ناهێنن، بۆ چەسپاندنی داواکەیان، دەبێت ئەوانە هەشت شەلاقیان لێ بدەن، تا جارێکی تر بەناڕەوا، ناموسی خەڵکی لە کەدار نەکەن.

ڕێزگرتنی ماناو موڵك‌و هێنانی دارایی‌و یەکتری، بەرزی بوونی خۆی، و زۆر شتی تردا، مسوڵمان و نامسوڵمان چونیەکن، چونکە یاسای شەرع دەفەرموویت: ئەوەی ئێمە هەمانە، هی ئەوانیشە، و ج مافێکیش لەسەر ئێمەیە، لە سەر ئەوانیشە، و پێشەوەوا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویت: بۆیە گرێبەستی ذیمەو پەیمانەکەیان وەرگرتووە، تا خوێنیان وەك خوێنی ئێمە پارێزراو بێت، وە هەروەها ماڵ‌و موڵکیشیان، وەك ماڵ‌و موڵکی خۆمان بپارێزرێت، بڕوانە (بدائع الصنائع) للكاساني،ب٦، ل ١١١، ءسنن الدارقطني، ب٢، ل ٣٥٠. وشرح السير الكبير ب٣، ل٣٥٠.

1 سورة (الحج /٣٠).

2 سورة (المائدة/ ٩٠).

3 سورة (النور/٤).

هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا ١٠﴾[1]، واتە: ئەو کەسانەی کەبـە ستەمو ناهەق، مـاڵو سـامانی هـەتیوان دەخۆن، ئەوانـە تـەنها ئاگردەکەنـە سـکو ورگیانـەوە،و بەزوویيش دەخرێنە ناو ئاگری گەرمی دۆزەخەوە.

٣٢- بەشەکانی حەرام:

ئـەوەی لـەکاتی جێگیرکردنـی ئـەحکامو یاسـاکانی شـەریعەتی ئیـسلامدا، بـۆ ئێمـە چەسپاوەو یەکلایی بۆتەوە، ئەوەیە کـە شـەرع هـەر شـتێکی حـەرام کردبێـت، بـە هـۆی ئەوەوە بووە، کە ئەو کارە بەتـەواوی خراپـە، یـان لایـەنی خراپـەی زیـاترە،و بەسـەریدا زاڵترە، و ئەم خراپییـەیش، یـان ئەوەیـە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خـودی شـتە حەرامەکـە،و ئەمەیش بە (المحترم لذاته)، یان (المحترم لعینـە) نـاوزەرد کـراوە، واتـە: لـە بـەر خـودی کردەوەکـە حـەرام کـراوە، ویـان بـۆ خـودی کارەکـە ناگەڕێتـەوە، بـەڵکو بـۆ شـتێك دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندی پێتەوە هەیە،و ئەمەیش بە (المحترم اغیره) نـاوزەرد کـراوە، واتە: بەهۆی شتی ترەوە، کە کۆنتاکی هەیە، پێیەوە، بۆیە حەرام کراوە.

---

1 سورة (النساء/ ١٠).

٣٣- باسی (المحرم لذاتة):-

ئەوەیە کەشەرع لە سەرەتاوە حەرامی کردووە، بەهۆی ئەو خراپەو زیانانەی کە تیایدا هەیە،و قەت لێی جیا نابنەوە، وەك، داوێن پیسی‌و مارەکردنی ژنانی مەحرەم،و خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو، و فرۆشتنی، و هەروەها دزیکردن‌و کوشتنی بەناهەق، و هت.... کە ئەم جۆرە کارانە لە خودی خۆیاندا، و بە هۆی خۆیانەوە حەرامن‌و حەرام کراون.

حوکمی ئەم جۆرە حەرامە، ئەوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا ناشەرعییە، و دروست نییە، کە کەسی موکللەف ئەنجامی بدات،و ئەگەر بیکات، ئەوا تووشی سەرزەنشت‌و سزا دەبێت،و هەروەها ناگونجێت، ببێتە مەرج‌و ئامراز (سبب)ێکی شەرعی،و ئەحکامی لەسەر بنیات بنرێت‌و هەر کات بووە هۆی حەڵاڵ کارو دروستکاری گرێبەستێك،ئەوا ئەو گرێبەستەش هەڵدەوەشێتەوە،وهیچ شوێنەوارو ڕێ‌و شوێنێکی شەرعی لە سەر ناگرێتە بەر.

جا کە خواردنی مردارەوە بوو، حەرامە لە سەر کەس موکەللەف، بۆیە دروست نیە، بیکات،و بیخوات،و هەروەها دزی کردن نابیتە مەرج‌و ئامرازی شەرعی، بۆ ئەوەی کە ئیتر ئەو موڵکە بۆ دزەکە بچەسپێنێت،و هەروەها داوێن پیس کردن، نابێتە هۆکارێکی شەرعی بۆ چەسپاندنی ڕەچەڵەك‌و میرات بردن،و هەروەها مردارەوە بوو، ئەگەر بوویە مەرج، بۆ دروست گرێبەستێك، یان شتێکی مردارەوە بوو، تەوەری مامەڵە کەو گرێبەستەکەبوو، ئەو گرێبەستەکەیش هەڵدەوەشێتەوە، چونکە مەرجەکە ناشەرعی یە،و ئەوەی کە لە گرێبەست‌و مامەڵەیەکی شەرعی دروستدا پێوستیە، لەم مامەڵە بەتاڵدا پێوسیت نابێت،و هیچی لە سەر بنیات نانرێت،و هەروەها گرێبەستی هاوسەرێکی ئەگەر لە گەڵ ژنێکی مەحرەم داکراو،و بەمەشیان دەزانی، کە ئەو ژنە مەحرەمە، ئیتر گرێبەستەکە بەتاڵە،و ئەوەی لە گرێبەستێکی هاوسەرگیری شەرعیدا پێویست دەبێت، لە مدا هیچی نایەتە دی،و هیچ لە سەر ئەو گرێبەستە بنیات نانرێت، وەك چەسپاندنی

ڕەچەڵەك،و میرات بردنو پابەندی بە مافەکانی هەردوولاوە،و لە یەکتر حەلاڵ بوونیان،و تەنانەت جووتبونیشیان بە داوێن پیس (زینا) دەهرێتە هەژمار، چونکە بنەمای کارەکە حەرامە.

٣٤- بەلاّم هەندێ لەم جۆرە حەرامە، (المحترم لذاته)

لە کاتی پێوستیدا حەلاڵ دەبێت، چونکە حەرام بۆنەکەی بە هۆی ئەو خراپەو زیانانەوە بووە، کە لەخودی شتەکەدا هەن،و پێچەوانەن لە گەڵ پاراستنی پێنج شتە پێوستیەکەدا، کە بریتین لە، پاراستن باوەڕو ئاینو پاراستنی گیان، پاراستنی ژیری،و پاراستنی شەرەف،و پاراستنیماڵو سامان، بۆیە مردارەوبوو، لە کاتی برسێتیو ترسی مردن لە برساندا، حەلاڵ دەبێت،و هەروەها ئارەق خواردن، لە کاتی تینوێتی زۆردا، کە ترسی مەرگی هەبوو، خواردنەوەی حەلاڵ دەبێت، چونکە پاراستنی گیان پێوستیە،و دەبێت ئەگەر بەحەلاڵ کردنی شتی حەرامیش بێت، بپارێزرێت (بەلاّم بە گوێرەی پێویست).

٣٥- باسی (المحرم لغيره):-

ئەو حەرامەیە، کە لە بنە ڕەتدا دروستەو شەرعییە، چونکە هیچ زیانو خراپەیەکی نییە،و یاخود لایەنی سودەکەی زیاترە، لە لایەنی زیانەکەی، بەلاّم بەستراوەتەوە بە شتێکەوە، کە حەرامە،و پەیوەندی پێیەوە هەیە، وەك نوێژکردن لە زەوی داگیرکراودا،و مامەڵە کردن لە کاتی نوێژی هەینیدا،و مارەکردنی ژن، بەمەبەستی ئەوەی کە حەلاڵ بکرێتەوە، بۆ مێردە پێشووەکەی، کە بەتەلاّقی سێ بەسێ تەلاّقی داوە،و واتە، مارە بەجاش،و هەروەها مارەکردنی ئافرەتێ، کە کەسێکی تر داوای کردبێت، واتە، مامەڵە بەسەر مامەڵەدا،و هەروەها تەلاّقی بیدعی، کرد تەلاّقدانی ژن، لەکاتی نەشیاو دا، و یان مامەڵەی چارە نووس نادیار، و هەروەها ئەو مامەڵەیەی سووداره،و هتد... کە ئەمانە هەموو لە خودی خۆیاندا حەرام نین بەڵکو بە هۆی کردەوە گەلێکی دەرەوەی خۆیانەوە حەرام بوون،و ئەو حەرام بوونەشیان لە بەر خودی کردەوەکە نیە، چونکە خودی کارەکە

زیانو خراپەی تیادا نیە، بەڵکو پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە کە ئەو شتە دووەمینە زیانی هەیە،و خراپە.

کە لێرەدا نوێژ، خۆی لەخۆیدا شەرعییەو دروستە،و واجبیشە، بەڵام لە بەر ئەوەی کە پەیوەندی بە شتێکی نادروستەوە هەیە، کە کردنیەتی لە زەوییەکی داگیرکراودا، بۆیە رێگری کراوە، لەلایەن شەرعەوە، بەکردنی نوێژ، لە زەوی داگیرکراودا.

هەروەها مامەڵەکردن، لە خودی خۆیدا حەڵاڵە، بەڵام ئەنجامدانی لە کاتی نوێژی هەینیدا، ئەو خراپییە دەهێنێتە ئاراوە، کە کابرا ئیتر ناتوانێت بچێت، بۆ نوێژی جومعە، کە فەرزە لە سەر شانی، بۆیە ئیتر شەرع لەم کاتەدا نەهی کردووە، لە مامەڵە کردن.

هەروەها ژن مارە برین، لە خودی خۆیدا شەرعییە،و موباحو مەندووبیشە، بەڵام ئەنجامدانی لە کاتێکدا کە بچیت ژنێك مارە بکەیت، کەسێکی تر داوای کردووە،و مامەڵە بەکەیە بەسەر مامەڵەی کەسێکی تردا، زیانەکەی لێرەدایە کە ئازاردانی خەڵکی تیادایە،و رقو دوژمنایەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە شەرع نەهی لێکردوە.

یاخود مارەبرینی ژن، بەنیازی (مارە بەجاش)، ئەمە یاری کردنە بەئامرازە شەرعییەکان،و بە کارهێنانیانە لە جێگای نەشیاوی خۆیاندا، بۆیە لە بەر ئەم فاکتەرە شەرع نەهی لێکردوە.

٣٦- حوکمی ئەم جۆرە حەرامە، لە سەر تێروانینی ئێمە وەستاوە، بۆیە (المحترم لغیره) لە بنەڕەتداو لە خودی خۆدا شەرعییە، بەڵام لەو ڕووەوە کە پەیوەندی هەبێت، بە شتێکی حەرامەوە لێرەدا حەرامو یاساغ دەبێت.

بۆیە هەندێك لە شەرعزانان (الفقهاء)، رەهەندی شەرعی بوونی ئەو شتەیان لە بنەڕەتدا زاڵکردووە بەسەر حەرام بەوەنەکەیدا، بەهۆی شتی ترەوە،و گوتویانە: دەکرێت بە فاکتەرێکی شەرعی بهێنرێتە هەژمار،و پاداشتو سزای لە سەر دابنرێت، هەر چەندە بە هۆی ئەو شتەوە حەرام بووە، کە پیوەندی پێوە هەیە، بۆیە لەم ڕووەوە بکەرەکەی تاوانبار دەبێت، واتە، بە هۆی پەیوەندی بوون بە حەرامەکەوە، نەك بە هۆی ئەوەی کە خودی کردەوەکەی ئەنجامداوە.

کەواتە لەم ڕوانگەیەوە، نوێژکردن لە زەوی داگیرکراودا دروستە،و لە سەر شان لادەچێت، بەڵام لەو ڕووەوە تاوانبارە، کەلە زەوی داگیرکراودا کردوویەتی،و هەروەها مامەڵەکردن لە کاتی نوێژی هەنیدا دروست، بەڵام تاوانیشە، چونکە لەو کاتە نەشیاوەدا کردوویەتی‌و هتد...... لەلایەکی تریشەوە، هەندێك لە شەرعزانەکان، لایەنی خراپەکەیان زاڵ کردووە، کە لە شتی پەیوەندیداردا هەیە، بەسەر لایەنە بنەڕەتیەکەیدا، کە حەلاڵ بوونیەتی،و کردەوەکەیان بەخراپ ناوزەد کردووە،و پێیان وایە کە هیچ ڕێو شوێنێکی شەرعی نیە،و بکەرەکەشی تاوانی ناگات، چونکە لە بنەڕەتدا کارەکە بەهۆی ئەو پەیوەندی بوونەی بە حەرامەوە، ئیتر حەرام بووە،و بۆیە هیچ ڕێو شوێنێکی شەرعی لەسەر ناگرێتە بەر.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە بێت، ئەم گروپەی شەرعزانان پێیان وایە، کە نوێژ لە زەوی داگیرکراودا بەتاڵە،و هەروەها گرێبەستی مارە بڕین، بەمەبەستی مارە بەجاش‌و گرێبەستی تەلاق، لە کاتی نەشیاودا (الطلاق البدعی) سەرجەمیان بەتاڵن،و هتد....[1]

مەبەسی چوارەم

((باسی مەکروهـ))

٢٧- مەکروهـ، ناپەسند، ئەوکارەکە، کەنەکردنی باشترە، لە ئەنجامدان‌و کردنی[2]، یاخود ئەوەیە کە شەرع داوای لە کەسی موکەللەف کردووە، کەوازی لێ بهێنێت، بەڵام بە تۆبزی‌و سەرسەختی‌و پێداگیری داواکەی ئاڕاستە نەکردووە، وەك ئەوەی دەستەواژەکە لە خودی خۆیدا ناپەسندی لێ بفامرێتەوە، یاخود بە دەستەواژەی (نەهی) کردن دەربڕدرابێت،و دواتر نیشانەیەك ڕەوتەکەی گۆڕیبێت، لە حرامێتی بۆ مەکروهـ بوون.

---

1 إن شاء الله ڕووکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە لە بەشە باسەکانی (الصحة والفساد)،و (النهي)دا دێت.

2 المحلاوي.ل ٢٥٠.

نمونه بۆ یەکەمیان، وەك فەرموودەی: (إن الله يكره لكم قيل، وقال، وكثرة السؤال، و إضاعة المال: خودا واتە وات، و زۆر پرسیارکردن،و مالّ بە هەدەردانی بە کارێکی ناپەسند هێناوەتەو ئەژمار).

نموونەیش بۆ دووەمیان، وەك ئایەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾[1] واتە:ی ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، لەو شتانە مەپرسنو پرسیار مەکەن، کە ئەگەر بۆتان ڕونبکرێتەوە، غەمبارو ناڕەحەت دەبن،و لێرەدا ئەو نیشانەیەکە ئەم کارە لە حەرامێتی دەگۆڕێت، بۆ مەکروهێتی، ئەو دەقەیە کە لە هەمان ئایەتدا فەرموویەتی: ﴿وَإِن تَسْـَٔلُوا۟ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾[2] واتە: ئەگەریش پرسیارەکە هەلگرن، بۆ ئەو کاوتەی قورئان بێتە خودرەوە، ئەوسا وەلامەکەتان بۆ شی بکرێتەوە، لەوانەیە تووشی ناڕەحەتی ببن، کەواتە لەو خۆرە شتانە پرسیار مەکەن، ئەوەك لەسەرتان توند بکرێتەوە.

حوکمی مەکروه:- ئەوەیە کە بکەرەکە تاوانبار نابێت،و هەر چەندە سەرزەنشت دەکرێت،و بەلاّم ئەو کەسەی نایکاتو و وازی لیّ دەهێنێت، ستایش دەکرێتو پاداشتیش لە سەر وەردەگرێت، ئەگەر لەبەر خاتری خوای پەروەردگار دەستی لیّ هەلگرتبوو.

٣٨- ئەوەی دەربارەی مەکروه، باسمان کرد. ئەوەیە کەڕای جەماوەری زانایانی لە سەرە،و لە زاراوەی ئەواندا بەکارهێنراوە،و مەکروه، لای ئەوان یەك جۆرە،و یەك شتە،و ئەویش ئەوەیە کەباسمان کرد، بەلاّم لە لای زانایانی حەنەفی مەکروه، دوو جۆرە:

یەکەم:- ئەو مەکروهەی کە حرامە (مەکروهی تەحریمی)، ئەویش ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، لە کەس موکەللەف، کە دەبێت وازی لیّ بهێنێت،و داواکەیشی مانای تۆبزیو پێداگیری تیادایە،و ئەم جۆرەیش بە بەلگەی (ظني بەگوماناوی) جێگیر کراوە، نەك بە بەلگەی (قطعي، یەکلاکەرەوە)، وەك، خوازبێنی کردن، لە کاتێکدا کە کەسێکی تر خوازبێنی ئەو ئافرەتەی کردبێت،و هەروەها مامەلّەکردن بە سەر مامەلّەی تردا، کە

---

1 سورة (المائدة /١٠١).

2 سورة (المائدة /١٠١).

ئـەم دووانـە هـەردووکیان بەفـەرموودەی (ئاحـاد) چەسـپاون،و بێگومـان فـەرموودەی ئاحادیش بەڵگەیەکی ظەننی،و ئەم جۆر مەکورهەش لەلای حەنەفیـەکان لـە گـەڵ واجبـدا بەرامبەرە،و لەلای جـەماوەری زانایـان حـوکمی حـەرامی هەیـە،و واتـە: بکەرەکـەی سـزا وەردەگرێتو هەرچەندە ئەو کەسەی کە نکوڵی، بەکافر دانانرێت، چونکە بەڵگەکـەی ظـە ننیەو گوماناوی یە.

دووم:- ئەو مەکروهەی کە جوانترەو باشـتر وایـە نـەکرێت،و پـارێزی تێدایـە، (المکـره التنزیهي)، ئەمەیش ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، دەستی لێ هەڵبگرێت، بەڵام داواکە، موکەللەف پابەند ناکات پێیەوە، وەك خودردنی گۆشتی ئەسپ، لە کاتی پێوسـتیدا،و لـە شـەڕدا،و هـەروەها دەسـتنوێژ گـرتن بـە ئـاوی بـەرماوەی باڵنـدە. حـوکمی ئـەم جـۆرە مەکروهە، بکەرەکەی سەرزەنشت ناکرێت،و سزایش لە سـەری وەرناگرێـت، هـەر چـەندە کردنی کارەکەی باشترە.

ئەم ڕاجیاییەی نێوان حەنەفیەکانو جەماوەری زانایان، وەك ڕا جیاییەکەیان وایە، کـە لە نێوان (فـەرز)و (واجـب)دا هـەیانبوو، حەنەفیـەکان لـە ڕوانگـەی بەڵگەکـەوە سـەیریان کردووە، کە داوای واز هێنـانی لـەو کـارە کـردووە، بـە تـۆبزیو پێـداگیری تـەواو، ئەگـەر بەڵگەی یەکلاکەرەوە (قطعي) بووە، ئەوە لە لایان حەڕامە،و ئەگەر بەڵگەکەی گومانـاوی (ظـني) بـوو، ئـەوە مـەکروهی حەڕامـە،و ئەگـەر وازهێنانەکـە لـەو کـارە، ناپێـداگیری لێ دەفامرایەوە، ئەوە ئەو مەکروهەیە، کە واباشترە نەکرێت،و بۆ تەنزیمە.

بـەڵام جـەکاوەری زانایـان، لـە ڕوانگـەی (قطعـي) بـوونو (ظـني) بوونـەوە، سـەیری بەڵگەکەیان نەکردووە، بەڵکو سەیری سروشتی داواکەیان کردووە، بۆ دەستهێـشتنی ئـەو کارە، جا ئەگەر داواکەی پێداگیری لێ دەفامرایەوە، ئەوە لەلایەن حەڕامەو ئیتر چـونیەکە بەڵگەکـەی قـەطعـی بێـت یـان ظـني،و ئەگـەر داوای ئـەو دەسـت هەڵگرتنـە لـەو کـارە ناپێداگیری لێ دەفامرایەوە، ئەوە لەلایـەن مەکروهـەو، ئـەم خـۆرەیش لـە جێـی (المکـره تنزیمت) دایە، لەلای حەنەفییەکان.

مەبەستی پێنجەم

((باسی موباح))

٣٩- موباح: ئەوەیە کە شەرع کەسی موکەللەفی سەرپشك کردووە، لە نێوان کردنو نەکردنیداو،و کردنو نەکردنی هیچ ستایشو سەرزەنشتێکی لە سەر نیە،و هەروەها حەلاڵیش پێ دەگوترێت.[1]

مووباح بوون، بە هۆی چەند شێکەوە دەزانرێت، لەوانە:

أ- دەقێکی شەرع، کە حەلاڵ بوونی ئەو شتە بسەلمێنێت، وەك ئەم دەقەی قورئانی پیرۆز، کە دەفەرمووێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ﴾[2] واتە: لەمڕۆ بەدواوە، هەموو شتێکی چاكو پاکتان بۆ ڕەوایەو، سەربڕاوی دەست ئەوانەی نامەیان پێدراوە، ڕەوایە بۆتانو دەتوانن بیخۆنو، خواردنو سەربڕاوی دەست ئێوەش بۆ ئەوان حەلاڵەو، ڕێی پێدراوە، کە لەم دەقەدا (حەلاڵ بوون، دەر بڕدراوە.

ب- دەقێکی شەرعی، کە گوناهو، تاوان، لە ئەستۆ بوون لە سەر شتێك لاببات، نمونە بۆ یەکەمیان وەك ئایەتی: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ﴾[3] هەر کەسێ لە بەر ناچاریو بێ ئارەزو، هەر بەئەندازەی پێویست بخواتو، زیادە خۆری نەکات، ئەوا هیچ تاوانو گوناهێکی ناگات لە خواردنی ئەو شتە حەرامانەدا،نموونە بۆ دووەمیان، وەك ئایەتی: ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا عَرَّضۡتُم بِهِۦ مِنۡ خِطۡبَةِ ٱلنِّسَآءِ أَوۡ أَكۡنَنتُمۡ فِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ﴾[4] واتە: هیچ گوناهێکتان لە سەر نییە، لەخواستنی ژنە مێرد مردووەکاندا، (بەکینایەو

---

1 الشوكاني. ل٦، الشاطبي ب١،ل ٤٠.

2 سورة (المائدة /٥).

3 سورة (البقرة) /١٧٣.

4 سورة (البقرة /٢٣٥).

ئاماژەدان)و ناڕاستەوخۆ لەماوەی عیددە دا، وەك ئەوەی بلێت، ئەگەر خوا بۆم ڕێك بخات، دەمەوێت: ئافرەتێکی چاك بخوازم، یان بەدڵ حەزیان لێ بکەن‌و، بڕیار بدەن، کە مارەیان بکەن‌و، نەیخەنە ڕوو.

نموونە بۆ سێیەمیان، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ﴾[1] واتە: لە سەر کوێرو شەل‌و نەخۆش‌و خۆشیتان، هیچ تاوانێك نیە، کە لەماڵەکانی‌خۆتان‌و، کوڕەکانتان نان بخۆن، بەبێ مۆڵەت.

ج- دەستەواژەکە فەرمانی لێ بفامرێتەوە، بەڵام نیشانەیەك بێتە ئاراوە، کە لە واجب بوونەوە، بیگۆڕێت بۆ (موباح) بوون، وەك فەرمایشتی پەروەردگار کە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟﴾[2] واتە: هەر کە خۆتان حەلاڵ کردووە واتە: ئیحرامتان شکاندو، حەرامتان جێهێشت، ڕاوو نێچیر گرتنتان بۆ ڕەوایەو، دەتوانن ڕاو بکەن.

د- هێشتنەوەی موباح بوونە بنەڕەتییەکە، بۆ ئەو شتانە، لە سەر ڕوگەی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا حەلاڵ بوون، هەر وەك درێژەی ئەم باسە لە باسی (أستمحاب) دا دێت، إنشاءالله، کە یەکێکە لە بەڵگەکانی ئەحکام.

لەم ڕوانگەیەوە سەرجەم کارو کردەوەکانی، لە گرێبەست‌و هەڵس‌و کەوتەکانی ترو، شتە بێ گیانەکان‌و، ئاژەڵ‌و ڕەوەکەکان، سەرجەمیان لە بنەڕەتدا حەلاڵن، لە بەر ئەوەی کە لە شەرعدا بەڵگەیەکی ڕاستەو خۆ نەهاتووە، بیانخات بە لایەکدا، بۆیە هەر بەحەلاڵی دەمێننەوەو، حەلاڵ بوون هاوڕێ‌و هاوشان‌و هاودەمیانە، چونکە لە بنەڕتدا حەلاڵن.

بۆیە حوکمی موباح ئەوەیە، کە نەپاداشت‌و، نەسزای لە سەر نیە، بەڵام بەگوێرەی نیازو مەرامی مرۆڤپاداشتی لە سەر وەر دەگیرێت، وەك ئەوەی کە کەسێك وەرزشە

---

1 سورة (النور/ ٦١).

2 المائدة (٢).

جۆراوجۆرەکان پراکتیزە بکات، بۆ ئەوەی لاشە بەهێز بکات‌و، بتوانێت بەرەنگاری دوژمنان ببێتەوە، ئەمە لە سەر ئەم نیازەی پاداشت وەردەگرێت.

٤٠- ئەوەی پێویستە لێرەدا تێبینی بکرێت، ئەوەیە کە وەو موباحەی کە ئێمە راڤەمان کرد، ئەوەی لە رووی جورئیاتەوەیەو، بەلآم لە رووی گشتی بوون‌و، کولیاتەوە،ئەوەیە کە یان داواکردنی کارەکە دەکات، یان نەکردنی‌و، موباح بوون روو بە جورئیاتە، نەك کوللیات‌و، لە رووی کاتیشەوە بۆ هەندێ کاتە، نەك بۆ هەموو کگاتێك.

وەك چۆن خواردن موباحە، واتە: کەسی موکللەف سەر پشکە لەوەیدا کە چ خۆرێك خواردنی موباح هەڵدەبژێرێ، چ بوێت، دەیخوات‌و، کامی بوێت نایخوات، هەروەك چۆن دەتوانێت، هەندێ کات، هەر خواردن واز لێ بهێنێت، بەلآم بەگشتی خواردن، کارێکە ئەمنجامدانی پێویست چونکە پەیوەستە بەژیانی مرۆڤەوەو، بێگومان پاراستنی ژیانیش کارێکی داواکراوە، لە کەسی مرۆڤ، کە بیپارێزێت.

هەروەها سود وەرگرتن لە شتە پاکەکان، هەر لە خواردن تا خواردنەوەو، پۆشین‌و بەرگی پاك‌و چاك، لە رووی لاوەکی‌و جورئیاتەوە داواکراوە، و لە هەندێ حاڵەتدایە، بۆیە کەسی موکللەف دەتواتنێت، کە ئەو شتە جورئیانە، لە شتە پاکەکان جێ بەجێ بکات،و دەتوانێت نەیانکات، ئیتر خواردن بێت، یان خواردنەوە، یان پۆشاك چونیەکە، تەنانەت ئەگەر هەندێ کات، ئەنجامیان نەدات‌و، بە کاریان نەهێنێت، ئەگەر توانی، هیچ گرفتێکی نیە، بەلآم ئەگەر بە رەهایی‌و بەگشتی وازی لێ هێنان، ئەوە لە رووی شەرعەوە کارێکی پێچەوانەی سوننەتی ئەنجامداوە، وەك لە فەرموودەدا، هاتووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إن الله يحب أن يرى أثر نعمته على عبده) واتە: خوای پەروەردگار پێی خۆشە، کە بەخششێکی دا بە بەدەکەی خۆی، شوێنەوەاری ئەو بەخششەی تیادا بەدی بکات‌و، هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە، کە دەفەرموێت: (إذا أوسع الله عليكم، فأوسيعوا على أنفسيكم) واتە: کە خودای مەزن بەخششی رشت، بەسەرتانا، ئەوا ئەو بەخششە بۆ خۆشیتان بە کار بهێنن، بۆیە واز هێنان لە شتە باشەکان (الطيبات)، بە رەهای‌و بە گشتی مەکروهەو، پابەند بوونە پێیانەوە بەگشتی مەندوبەو، سەرپشك بوونیش لە

جورئیاتەکانیاندا، لە ڕوی کردن، یان نەکردنیان، یان کردنیان لە کاتێکداو، نەکردنیاندا نەکردنیان لە کاتێکی تردا، ئەمە کارێکی موباحو حەلاڵە.

هەروەها گەمەو یاری(دوور لەتاوان کاری)، لە باخچەکانداو یاری کردن موباحو گوێگرتن بۆشتی موباحو، هتد..... ئەمانەیش لە ڕووی جورئیاتەوە حەلاڵن، واتە: ئەگەر کەسی موکللەف لە هەندێ کاتداو لە هەندێ لە حاڵەتدا بیانکات، هیچ گرفتێکی تیادا نییە، بەلام ئەگەر ئەو گەمەو ڕابواردنەی کردە نەریت بۆ خۆیو، خووی پێوە گرتو، تەواوی کاتەکانی خۆی تیادا بەکار هێناو، پێوەکوشت، ئەمە پێچەوانەی خۆڕەوشتو نەریتی جوانەو، بۆیە دواجار دەبێتە مەکروه، جا کەراهەت بوونەکەی لێرەدا بەستراوە بە بەردەوامی بوون لە سەر ئەو گاڵتەو گەپو ڕابواردنو کات کوشتن تیایدا، نەبەستراوە بەخودی کارەکەوە، وەك جورئیات، واتە: ئەو کاتەی کە جارو بار ئەنجامی بداتو، بە بەردەوامی نەبێت، موباحە.

هەروەها کە پیاو سواری ژنەکەی دەبێت، کارێکی موباحە، بەلام وازهێنان لێی بە هەمیشەییو بەردەوامی حەرامە، چونکە زیان دەگات بەژنەکەو، ئامانجەکانی هاوسەر گیری لە ناو دەبات، بۆیە موباحی کاری سێکسی کردن بەستراوەیە جورئیاتو کاتەکەوەو، حەرام بوونی بەستراوەتەوە بەوەوە کە بەتەواوی وازی لێ بهێنرێت[1].

---

1 الشاطبي ب١،ل١٣٠.

مەبەستی شەشەم

باسی ((العزیمة والرخصة))

٤١- ((العزیمـة والرخـصة))، سـەر بەبەشـەکانی حـوکمی تـەکلیفین، چـونکە (العزیمـة، نیازی قایمو پتەو)،ناوە بۆ ئەو کارەی کـە شـەرع داوای کـردووە، یـاخود بـە شـێوەیەکی گشتی حەلاڵی کردووەو، (الرخصة، دەرفەتدان)، ناوە بۆ ئەو شتەی کـە شـەرع لـە کـاتی پێویستیدا حەلاڵی کردووە، وەك ئاسانکارییەك لە سەر شانی کەسانی موکللەفـو، لابردنی سەختی لە سەر شانیانو، داواکردنو موباحو حەلاڵ کردنیش سەر بەبەشـەکانی حـومکی تەکلیفین.

هەنـدێ لـە زانـا وای بـۆ چـوون، کـە (العزیمـة والرخـصة) سـەر بەبەشـەکانی حـوکمی وەضیفین، بەو پێودانگەی کە عەزیمەت، بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە شـەرع دانـەر، کـارو بارو حاڵەتە ئاساییەکانی سەرشانی کەسانی موکللەف کردووەتە هۆکار(سبب)، بۆ ئـەوەی کە ئەو حوکمە بمێنێتـەوەو، بـەر دەوام بێـتو، ڕوخـسەتیش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە شەرع دانەر، حاڵەتە کتوپڕە نائاساییەکانی کردۆتە هۆکار (سبب)، بـۆ سـوکردنی ئەرکـە سەر شانی کەسانی موکللەفـو، بێگومان (سبب)یش، سەر بەبەشەکانی حوکمی وەضـعی یە.

بەڵام ڕای کۆمەڵی یەکەم، پسپۆڕانەترەو، ئاشکراترەو، ئێمەش لە کتێبەدا لە سەر ڕای ئەوان ڕۆیشتووینو، عەزیمەتو ڕوخصەت، سەر بەبەشەکانی حوکمی تەکلیفین.

٤٢- (العزیمة) لە زمانی عەرەبیدا، بەمانای نیـازو مەبەسـتە، بـە شـێوەیەکی پێـدگیرو جەخت لە سـەر کەرەوە (التأکید)، هەر بۆیەش پەروەردگار دەفـەرموێت:﴿فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا﴾[1] واتە: ئـادەم (سـەلامی خـوای لـە سـەر بێـت) نیـازێکی مەبەسـتدارو جـەخت

---

1 طه (١١٥).

کردنەوانەی نەبوو، لە سەر ئەنجامدانی سەر پێچی بۆ فەرمانەکەی پەروەردگاری. بەڵام مانەکەی لە ڕووی زاراوەوە، ئەوەیە کە کەمێك پێش ئێستا باسمان کرد.

هەندێ لەزانایان وا پێناسەیان کردووە، کە ناوە، بۆ ئەو شتەی کە بنە ڕەتو بنەمای ئەحکامەکانەو، پەیوەست نییە، بە پێشهاتەکانەوە، ئەمەش بەو مانایە یەکە عەزیمەت بۆ ئەو حوکمە شەرعییانە بە کاردەهێنرێت، کە شەرع داینـاون بۆ کەسانی موکللەف بەگشتی، بەبلێ ڕەچاو کردن ئەو پاساوانەی کە لە سەریان پەیدا دەبێت‌و، ئەمانە حوکمی بنەمایی‌و بنەڕتین لە سەرەتاوە بۆیە دانراون، تا ببنە یاسا بۆ سەرجەم کەسانی موکەللەف، لە کارو باری ئاساییاندا، ولە کاتی دانانییاندا وەك شەرع، بۆ خەڵك، سەیری زۆرینەو ڕەهایی کراوەو، ڕەچاوی‌پێویست‌و ئاتاجی زۆرو، کردن بە بیان‌و هتد....نەکراوە وەك نوێژو پەرستشەکانی تر،و ئەمەیش دەبێتە پێکهێنەری بەشەکانی حوکمی تەکلیفی وەك (وجوب) و(ندب) و(کراهة) و(إجابة).

پاشان توێژەرەوانی ئەم بوارە کاتێك (عەزیمەت) بۆ ئەحکامەکانی بە کار دەهێنن، کە ڕوخسەتێك لە بەرامبەریدا هەبێت.

٤٢– (الرخصة)، لە زمانی عەرەبیدا، بەمانای ئاسانی‌و ئاسانکاری کردن هاتووەو، لە زاراوەی زانایانی زانستی ئوصولیشدا پێشتر باسمان کرد.

هەندێ لە زانایانی ئوصولێ، وای پێناسە دەکەن کە بریتیە لەو کارەی کە ڕێگای پێدراوە، بەهۆی بوونی بیانووو، دەستەوستانی تیایدا، هەرچەندە هۆکاری حەڕامیەکەشی تیادا هاتو وەئەدی [1]، یان بریتین لەو حوکمانەی کە بەشەرعی دانراون، بەهۆی بوونی پاساو لە کردنیاندا، هەر چەندە حەڕامیشن‌و، ئەگەر ئەو پاساوە نەبوایە، حەڕام دەبوون‌و، بە حەڕامیش دەمێننەوە [2] مانای ئەمەیش، ئەوەیە کە گوتمان‌و، بۆیە ڕوخصەت ئەو حوکمە شەرعییانەن کە شەرع داینـاون، وەك ڕەچاو کردنی بیانووی

---

1 المستصفى، ١ب،ل٩٨، الأمدي ١ب، ل١٨٨.

2 التلويح ب٢، ل١٢٧، الأمدي ١ب، ل١٨٨.

کەسانی موکەللەف،و ئەگەر ئەو پاساوو بیانووانەنەبووایە، ئەوا هەر لەسەر حوکمە ئەسڵییەکەی خۆیان دەمانەوە، ئەمە حوکمێکی ڕێزپەڕ (إستثناء) ییە، لە حوکمێکی گشت (کلـي)،و هۆکاری ڕێزپەڕیو جیاکردنەوەیش ڕەچاوکردنی پێداویستیو پاساوەکانە، تا ئەرکی قورس کەو سەخت لە سەر شانی کەسی تەکلیف دار لابیەنو، ئەم بابەتەیش لە زۆربەی کاتەکاندا حوکمی بنەماییو ئەسڵی لەپلەی پابەندی ڕەهاوە، دەگوترێت بۆ پلەی موباح بوون،و تەنانەت دەگوترێت بۆ پلەی مەندوب بوونو، (واجب) بوونیش، هەروەك لەمەودوایش باسی لێوە دەکەین.

٤٤- جۆرەکانی ڕوخسەت:

یەکەم: حەلاڵکردنی شتی حەرام، لە کاتی پێویستدا، وەك دەربڕینی ووشەی کوفر، ئەگەر کاتێك مرۆڤ زۆری لێکرا بەلأم لە بەر ناچاری بووەو دڵی پڕ بوو لە باوەڕ، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ﴾[1] کە هەر کەسە بە تۆبزی کوفری پێکراو دڵی پڕ بوو، لە باوەڕداری، ئەوە لە بازنەی ئیمان ناچێتە دەرەوەو، هەروەها وەك، خواردنی گۆشتی مردارەوە بووو، خواردنەوەی ئارەق، چونکە پاراستنی ژیان پێویستە، بۆیە شەریعەت خواردنی بووی حەلأڵ کردووە، لە کاتی برسێتی زۆردا کە مرۆڤ ترسا لە برساندا بمرێتو، لە ناوبچێتو، هەروەها خواردنەوەی ئارەق دروستە، لە کاتێکدا کە مرۆڤ تینووی بووو دەترسا لە تینواندا بخنکێت، هەروەها لەناوبردنی موڵكو سامانی کەسانی تر، کە زۆرت لێکراو زۆرلێکردنەکە لەو ئاستەدا بوو کە بترسی بکوژرێی، یان ئەندامێکی لەشت لەدەست بدەی ئەوا لەبەر ناچاری ئەو لەناوبردنی موڵکی خەڵکە دروستە.

دووەم: دروستی پشتگوێخستنی واجبێك، وەك شکاندنی ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ کەسی گەشتیارو نەخۆش، تا سەخت لەسەر شانیان لابچێت، هەروەها وەك فەرمان

---

1 النحل (١٠٦).

نەكردن بە چاكەو ڕێگەنەگرتن لە خراپە، لە كاتێكدا كە دەتزانی دەسەڵاتداری ئەو كاتەو سەردەمە دیكتاتۆرەو ئەگەر فەرمان بە چاكە بكەیتو ڕێ لە خراپە بگریت دەتكوژێت، ئەوا دەستهەڵگرتن لەو واجبە لەو كاتەدا دروستە.

سێیەم: ڕاستكردنەوەو هەمواركردنەوەی ئەو گرێبەستانەی كە خەڵك پێویستی پێیان هەیە، هەرچەندە ئەو هەمواركردنەوەیە لەسەر یاسا گشتیەكان نەبێتو نەڕوات، وەك كڕینو فرۆشتنی دەخڵو دان (كە هێشتا نەگەیشتووەو چارەنووسی نادیارە)، كە شەرع حەڵاڵی كردووە، هەرچەندە ئەو كڕینو فرۆشتنە چارەنووسی نادیارە، بێگومان مامەڵەی شتی چارەنووس نادیاریش بەتاڵە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش شەرع حەڵاڵی كردووەو لە یاسا گشتیەكانی كڕینو فرۆشتندا هەڵاوێری كردووەو جیای كردۆتەوە، تا كار لەسەر شانی خەڵكی ئاسانو سووك بكات، هەروەها وەك ئەو گرێبەستەی كە لەگەڵ كەسێكی دەكەیت تا شتێكت بۆ دروست بكات (عقد الاستصناع) كە ئەمەیش شەرع حەڵاڵی كردووە، هەرچەندە مامەڵەی شتێكی نادیارە، بەڵام لەبەر ئەوەی كە خەڵك پێویستی پێیەتی شەرع بە دروستی داناوە، بێگومان لە ڕێگرتن لێی نارەحەتیو سەختی دروست دەكات لەسەر شانی خەڵك، بۆیە ئاسانكاری تیادا كردووەو شەرع ڕێگای پێداوە.

٤٥- حوكمی ڕوخسەت:

لە بنەڕەتدا ڕوخسەت كارێكی حەڵاڵەو، بارودۆخی هەر كارێك دەگۆڕێت، لە بنەڕەتەوە كە پابەندی تەواو بووە، بۆ حاڵەتی سەرپشككردن، كە دەتوانێت بیكاتو دەتوانێت نەیكات، چونكە ڕوخسەت لەسەر نەمای ڕەچاوكردنی بیانووو پاساوی كەسی موكەللەف وەستاوە، تا سەختی لەسەر مرۆڤەكە لابرێتو، ئەم ئامانجەیش نایەتەدی تا ئەو كارە یاساغكراوە حەڵاڵ نەكرێت،و فەرمان كردنیشی وازی لێ بهێنرێت، وەك شكاندنی ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا بۆ ڕێبوارو نەخۆش،، كە هەردووكیان دەتوانن كار بەم دەرفەتە ڕوخسەتە بكەنو، ڕۆژوو بشكێنن، وە دەیشتوانن بە ڕۆژوو بنو كار بە نیازە قایمەكەی خۆیان

(عزیمـــة) بكـــەن، ئەگـــەر ئـــەو ڕۆژوو شـــكاندنە زیـــانی پـــێ نەدەگەیانـــدن، ئـــەم جـــۆرە ڕوخـــسەتەیش لای حەنەفیـــەكان بـــە ڕوخـــسەتی ئاســـوودەبەخش (رخـــصة الترفیـــه) ناوزەدكراوە، چونكە حوكمـە بنەڕەتیەكـەی هـەر ماوەتـەوەو لانەچـووە، بـەڵام دەرفـەت دراوە بە كەسی موكەللەف كە دەستی لێ هەڵبگرێت، ئەمەش وەك ئاسودەبەخشین پێیو سووككردنی ئەركی سەرشانی.

جـاری وا هەیـە كـە كەوتنەشـوێن (عەزیمـەت) باشـترە، هەرچـەندە كـاركرن بـە ڕوخسەتەكەیش بە دروست زانـراوەو، ڕێگـای پێـدراوە، نموونـەیش بـۆ ئـەم جـۆرە وەك: دروستی دەربڕینی بێژەی كوفرئامێز لەسـەر زمـان، لـە كاتێكدا كـە دڵ پـڕ بـاوەڕ بێـت، ئەمەش لە حاڵێكدا كە مرۆڤەكە ترسی كوشتن یان لەدەستدانی ئەندامێكی هـەبوو، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەیش لێـرەدا، هـەر كـاركردن بـە عەزیمەتەكـە لـە پێـشترە، چـونكە كوفرنەكردنەكە نیشانەی سەربەرزی ئایینو نەلەخشاوی هـەقو تـووڕەكردنی بێبـاوەڕانو دەروونشكانیانو بەرزكردنەوەی ورەی باوەڕدارانی تیایە، بەڵگە بۆ ئەمـەیش ئەوەیـە كـە دەگێڕنەوە، هەندێك لە پەیڕەوانی (موسەیلەمەی درۆزن) دوو موسڵمانیان گرتنو بردیـانن بۆ لای موسەیلەمەو، پرسیاری لـە یـەكێكیان كـرد دەربـارەی موحەممـەد دەڵێـی چـی؟ ئەویش وتی: موحەممەد پێغەمبەری خودایە، وتی: ئەی دەربارەی من دەڵێی چی؟ وتـی: هـەروەها تـۆیش پێغەمبـەری خودایـت! ئـەویش وێڵـی كـردو، دەسـتی لێ نـەدا، دواتـر پرسیاری كـرد لـە دووەمیـان، دەربـارەی موحەممـەد (ﷺ)و ئـەویش لـە وەڵامـدا وتـی: موحەممەد پێغەمبەری خوایە، وتی: ئەی من؟ ئەویش وتی: من كەڕمو نابیستمو، تا سێ جار لێی دووبارە كردەوە، هەر وای وەڵام دایەوەو، دواجار كوشتی، كە ئەمـە گەیـشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی: یەكەم كەس كاری بەو دەرفـەتو ڕوخـسەتە كـردووە كـە خوای پەروەردگار ڕێگای پێداوە، دووەمیشیان هەقی وتو خۆشبەختی بۆ ئەو!

هەروەها (عەمماری كوڕی یاسر) كە كوفریان پێكـردو دژی پێغەمبـەریش (ﷺ) شـتی نەشیاوی پێگوتراو، شتایـشی بتـی هاوبەشـدانەرانی كـرد، لـە ژێـر ئەشـكەنجەی بـەهێزو دڕندانەیاندا، بـەڵام كـە پێغەمبـەر (ﷺ) گەیـشتەوەو بـۆی گێڕایـەوە، پێغەمبـەر (ﷺ)

فەرمووی: ئەی لەو کاتەدا حاڵی دڵت چۆن بوو؟ عەمماریش وتـی: دڵـم ئاسـوودەو پـڕ لـە بـاوەڕ بـوو، پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی: ئەگـەر دیـسان ئەمـەت بەسـەردا هاتـەوەو داوایان لێ کردیتەوە بیڵێیتەوە، بیڵێرەوە!

ئەم گێڕانەوەیەن بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی کـە کوفرکردن لـە کـاتی زۆرداریو ناچـاریدا دروستەو، گێڕانەوەی یەکەمیش بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە خـۆڕاگرتنو کارنـەکردن بـە عەزیمەت باشترو شکۆمەندانەترو لەپێشترە.

هـەروەها کـارکردن بـە عەزیمـەتن لـە فـەرمان کـردن بـە چـاکەو ڕێگـرتن لـە خراپـە، هەرچەندە تووشی مەرگیش ببیت، هەر ئەم باشترە، تا کارکردن بـە ڕوخـسەت، هـەروەك لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتـەوە، کـە فەرموویـەتی: کـرداری شـەهیدانی حـەمزەی کوڕی عبدولموتەلیبە، لە گەڵ ئەو کابرایەدا کـە لەبـەردەم دەسـەڵات دارێکـی دیکتـاتۆردا قسەی هەقی کردو ئەویش کوشتی:

کە لێرەدا فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپـە لـە بێـدەنگ بـوون لێـی سـەرەڕای دیکتاتۆریەتی کاربرای دەسـەڵاتدار، چـونکە پێغەمبـەر (ﷺ) لـە بـەرزیو مـەزنی پلـەی شەهیدیدا کردوویەتییە هاوڕێو هاو پلەی حەمزەی کوڕی عبدلموتەلیب.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە فەرمانکردن بـە چـاکەو ڕێگـرتن لـە خراپـە لـە کـاتی پێوسـتیدا ڕوخـستەودەرفەتی ڕێپێـدراو، کـە ئـەنجام نـەدرێتو، ئەگـەر ئـەو فـەرمانیو ڕێگرتنە ڕوو بەڕوی دەسەڵاتدارێکی ستەم کار دەکرایەوە، کە ئـەنجام دەری چـاکەو بـەر گریکاری خراپەی دەکوشت، لێرەدا هەر وەك گوتمان کارکردن بە عەزیمەتەکە باشـترە،و بەڵام ئەم حوکمە بەگشتی وانیە،و لە ڕووی (جوزء) وایـە، واتـە تایبـەت بـە تاکێـك، نـەك بەسـەرجەمی ئوممــەت، بۆیــە دروســت نییــە، کــە ســەر جــەمی ئوممــەت لــە ترسـی دەسەڵاتداری ستەم کار دەست هـەڵبگرن، لـە فـەرمانکردن بەچاکەو ڕێگـرتن لـە خراپـە فەرزی کیفایەیەو، دەبێت لە ناوگەلدا هەر هەبێت، هەر چەندە باجی دەرێتو گیان بەخت کردنی دەوێتو، نابێت ئەم باجدانە بکرێتە پاساو بۆنەکردنی.

دەبێت فەرمانکردن بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە، لەلایەن گەلەوە ئەنجام بدرێت، هەرچەندە کوشتن‌و، گیان لەدەسدانی بە دواوەیە، کەواتە فەرمان کردن بە چاکە لەم کاتەدا بە شێکە لە بەشەکانی جیهادو، نابێت کە سەرجەمی ئوممەت دەستی لێ هەڵبگرێت، هەرچەندە ئەنجامدانیش گیان بەختکردنی کۆمەڵێك کەسی بەدوادا بێت. هەندێ جاریش کاکردن بەڕوخسەت واجبە، وەك خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو، لە کاتی پێوستیدا، بە جۆرێك کە ئەگەر ئەو کەسە ناچارە ئەو گۆشتە نەخوات لەبرساندا دەمرێت، جا ئەگەر نەیخوارد، ئەوە تاوانبارە، چونکە هۆکارە، بۆ کوشتنی خۆی، چونکە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾[1] وهەروەها دەفەرموێت﴿وَلَا تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾[2] بەدەست خۆتان، خۆتان تووشی دەردە سەری‌و تیا چوون مەکەن!

فاکتەرو هۆکارەکان لەم نموونە گەلەدا بەم جۆرەن، کە مردارەوە بووو، جۆرەکانی لە شتە حەڕامەکانی وەك، ئارەق وان،و بۆیە حەڕاو کراون، چونکە دەرون‌و عەقڵی مرۆڤ دەشێوێنن‌و، تێکدەدەن، بەڵام کە بوون هۆکارو ڕێگا چارە بۆ پاراستنی گیان‌و لابردنی مەینەت لە سەری، ئەوا بەکارهێنانیان دەبێتە واجب، چونکە مرۆڤ مافی ئەوەی نییە، کە گیانی خۆی لە ناوبەرێت، یاخود لە غەیری حاڵەتی شەرعیدا تووشی تیاچوونی بکات، چونکە گیانی مرۆڤ، موڵکی حەقیقی نییە، بەڵکو موڵکی پەروەردگارە، کە گیانەکەی داوەو، ئەفراندوویەتی‌و، بە سپاردن لای خاوەنەکەیەتی، کە مرۆڤە،و مرۆڤیش ناتوانێت: بەبێ مۆڵەتی خاوەن سپاردە، دەستکاری سپاردن بکات، ئەم جۆرە ڕوخسەتەیش، کە واجبە پێوەی پابەند بێت، حەنەفییەکان ناویان ناوەتە ڕوخسەتی فڕێدان‌و لە سەر لاچوون، (رخصة الأسقاط)، چونکە حوکمە بنەڕەتییەکە لەم حاڵەتەدا فڕێدراوەو، لە کار خراوەو، تەنهایەك حوکمی تیادا ماوەتەوە، کە ئەویش کارکردنە بە ڕوخسەتەکە.

---

1 النساء (٢٩).

2 البقرة (١٥٩).

﴿بەشە باسی سێیەم﴾
بەشەکانی حوکمی وەضعی
(مەبەستی یەکەم)
﴿باسی سەبەب –هۆکار-﴾

٤٦– سەبەب، لە زمانی عەرەبیدا، ئەو شتەیە، کەبە هۆیەوە دەگەیت بە هەرشتێك کە بتەوێت.

لە زاراوەدا، ئەو شتەیە کە شەریعەت کردوویوتییە هۆکاروناسێنەر بۆ حوکمێکی شەرعی، بەجۆرێك کە هەرکاتئەو سەبەبە هەبوو، هاتەدی، حوکمەکەیش دێتە دیو، هەکات سەبەبەکە نەما، حوکمە کەیش دەپێچرێتەوە[1].لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت پێناسەی سەبەب، لە زاراوەی زانستی ئوصولدا بەم شێوازە بکەین، کە بریتییە لە هەر کارێك، کە شەرع کردبێتیێ نیشان، لە سەربوونی ئەو حوکمە شەرعییەو، هەروەها نەبوونی ئەو سەبەبەی کردبێتە٩، نیشانە بۆ نەبوونی حوکمەکە، وەك، داوێن پیس کردن، کە هۆکارە بۆ واجب بوونی شەلاق لێدانی بکەرەکەیو، هەوەها شێت هۆکارە، بۆ ئەوەی کە واجبە، چاودێری لەسەر موڵکەکەی (حجز)ی بخرێتە سەرو، هەوەها داگیرکردنی ماڵی خەڵك، هۆکارە بۆ واجبێتی گێڕانەوەی شتە داگیرکراوەکە، ئەگەر مابوو، یان قرساندنیو، نرخەکەی چەندە بۆ خوەنەکەی بگێڕدرێتەوە، ئەگەر شتەکە خۆی لەلای نەمابوو، خا ئەگەر داوێن پیسیو شێتیو، داگیرکاری لەم بارودۆخانەدا نەبوون، کەواتە سزای شەلاق لێدانو چاودێری خستنە سەر، گێڕانەوەو، لە ئەستۆ گرتن موڵکی داگیرکراویش نامێنیێ.

---

1 المستصفى، للأمام الغزالي، ب١،ل٩٣–٩٤، الآمدي،ب١،ل١١، و دوای ئەو.

٤٧- بەشەکانی سەبەب:

سەبەب، لە ڕوانگەی ئەوەوە کە خودی سەبەبەکە دەسکرداری کابرای موکللەفو ئەنجامدەر بێت، یان دەسکرداری خۆی نەبێتو خۆ ڕسك بێت، دبێتە دوو بەشەوە،

بەشی یەکەم:- سەبەبەکە کارو دەسکرداری موکللەف نەبێتو، تەنانەت لە تواناشی دا نەبێتو، سەرە ڕای ئەمەش هەر کات ئەم سەبەبە هەبوو، حوکمەکەیش دەبێت، چونکە شەرع حوکمەکەی بەستۆتەوە، بەو سەبەبەوە، بە بوون یان نەبوونو، هەر ئەو سەبەبەش هاندەری بوونی حوکمەکەیەو، نیشانەی بەرپابوونیەتی، وەك، لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان لە نیوەڕۆدا سەبەبە بۆ واجبی نوێژی نیوەڕۆو، هاتنی مانگی ڕەمەزان، هۆکارە بۆ واجبی ڕۆژووگرتنو، ناچاری سەبەب، بۆ حەلاڵی خواردنی گۆشتی مردارەوە بووو، شێتیو منداڵی هۆکاری بۆ ئەوەی کە واجبە چاودێری بخرێتە سەر ماڵو موڵکیدا، تا نەزانان بە هەدەری نەدات.

بەشی دووەم: سەبەبەکە دەسکرداری خودی موکەللفەکە بێتو، لە توانایدا هەبێت. بیکات. وەك، گەشت کردن کە هۆکارە بۆ دروستی ڕۆژوو نەگرتنو، کوشتی دەست ئەنقەست، هۆکارە بۆ واجب تۆڵە کردنەوە،و کوشتنەوەو، گرێبەستو مامەڵە جۆراو جۆرەکانی تر هۆکارن، بۆ ئەوەی کە سەرجەم ڕێو شوێنە شەرعیو یاساییەکانیان لە سەر بنیات بنریت، وەك ئەو کڕینو فرۆشتنەی کە ماڵی فرۆشراو دەبێتە موڵکی کابرای کڕیارو، دروستە بۆی سوودوەرگرتن لێی.

ئەم بەشەی سەبەب، کە دەستکرداری خودی موکەللەفەکەیە، لە دوو ڕوانگەوە تەماشای دەکەین:

یەکەم:بەو پێوەدانگەی کە کرداری خودی کەسەکەیە، کەموکەللەفو، تەکلیفی شەرعی لەسەرە بۆیە سەبەبەکە دەچێتە چوار چێوەی تەکلیفەکەوەو سەرجەم

حوکمەکانی بەسەردا جێ بەجێ دەبن‌و، کردن‌و نەکردنی کارەکەو، سەر پشك بوون لە نێوان کردن‌و نەکردنیدا، دەبێتە کارێکی داواکراوو، دەبێت بکرێت.

دووەم: بەو پێوەدنگەی کە شەریعەت، ئەحکامی تری لە سەر ئەو سەبەبە بنیات نابێت‌و، لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی حوکمی وەضعی[1].

بۆیە ژن هێنان لە کاتی ترسان لە کەوتنە ناو تاوانداو، لە کاتی بوونی توانای دارایی ئەنجامدانیدا، واجبەو، واجب بوونیش حوکمێکی تەکلیفیەو، سەبەبە بۆیە سەرجەم ڕێ‌و شوێنە شەرعییەکانی لە سەر بنیات دەنرێت، لە مارەی‌و، ئەرکی ژیان کێشان‌و میرات بردن‌و هتد.... و دەبێت ئەمانەی بۆ جێ بەجێ بکرێت‌و، بێگومان (سەبەب)یەشین. حوکمێکی وەضعي یە.

هەروەها مامەڵەی کڕین‌و فرۆشتن، کارێکی حەڵاڵەو، ئەمەیش حوکمێکی تەکلیفیەو، سەبەبە بۆ چەسپاندنی نرخەکەی بۆ فرۆشیارو، چەسپاندنی موڵکیەتی شتەکە، بۆ کڕیار، کە ئەمەیش حوکمێکی وەضعی یە.

٤٨- سەبەب، لە ڕوانگەی ئەو پێودانگەوە کە حوکمە شەرعییەکانی لە سەر بنیات بنرێت، دیسان دبێتە دوو بەشەوە:

یەکەم: سەبەب بێت بۆ حوکمێکی، تەکلیفی،وەك گەشت کردن، کە سەبەبە، بۆ دروستی ڕۆژوو شکاندن‌و، گەیشتنە ئاستی زەکاتدان، سەبەبە بۆ واجبی زەکات لەو ئاستەدا.

دووەم: سەبەب بێت، بۆ حوکمێك کە ئەو حوکمە کاردانەوەی کاری کەسێکی موکەللەف بێت‌و، ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر بگرێتە بەر، وەك ماڵە فرۆشراوەکە،و لەدوای گرێبەستەکەوە، بونە موڵکی ماڵی فرۆشراو، بۆ کابرای کڕیار، لەدوای بوونە موڵکی‌و (وەقف)سەبەبە بۆ لابردنی خاوەنێتی، بەسەر کەسی وەقف کارەوەو، مارە

1 الشاطبي ب١، ل١٨٨.

کردن سەبەبە بۆ لابردنی ئەو حەلاڵ بونی ژن‌و مێرد لە یەکتری‌و، تەلاق سەبەبە بۆ لابردنی ئەو حەلاڵیەتە لە نێوانیاندا.

٤٩- بەستنەوەی هۆکارەکان (سەبەبەو سەبەبکار) بەیەکترییەو: سەبەب کارەکان لە سەر ڕێ‌و شوێنی سەبەبەکان دادەمەزرێت، ئەگەر سەبەبەکان (هۆکارەکان) هاتنەدی‌و شەرعییانە جێ بەجێ بوون، ئەمەیش تا ئەحکامەکانیانلەسەر بنیات بنرێت، بۆ نموونە، خزمایەتی هۆکارە بۆ میرات بردن‌و، مەرجەکەی، مردنی خاوەن میراتە کەیەو، دەبێت لە ڕووی حەقیقەت، یان حوکمەوە میرات بەر لە ژیاندا بێت‌و، ڕێگر لە میرات بردنبریتیە لە کوشتن بە دەست ئەنقەست، یان بێ باوەڕبوون، جا کە سەبەبەکە هاتە دی‌و، مەرجەکان جێ بەجێ بوون‌و چەسپان‌و، ڕێگرەکان لە ئارادا نەبوون، ئەوکاتە ڕێ‌و شوێنی شەرعی لە سەردا دەمەزرێت‌و، بنیات دەنرێت، کە بریتیە لە میرات بردن‌و، هەرکات مەرجەکان (شرط) نەمان، یان ڕێگر پەیدا بوو، ئەوکاتە ئەو سەبەبە، بەسەبەبێك نایەتە ئەژمار، کەڕێ‌و شوێنی لە سەر دابمەزرێت‌و، لە سەر بنیات بنرێت‌و، ئیتر هیچ پێگەیەکی نابێت.

دامەزراندن‌و بنیاتنانی سەبەبکارەکان، لە سەر ڕەوتی سەبەبە شەرعییەکان، بەپێی حوکمی شەرع دەبێت‌و، لێرەدا پەیوەندی نابێت، بە ڕەزا بوون ڕازی نەبوونی کەسەکەوەو، شەرع خۆی تەنها بڕیار دەرەکە سەبەبە کەی کردووەتە وابەستەی سەبەبکارەکە ئیتر موکەللەف ئەمەی ویستبێت،یان نا ...چونیەکەو، لە سەر ڕازی بووبێت، یان هەر چۆنیەکە، بۆ نموونە، کوڕ میرات لە باوکی دەبات، چونکە کوڕایەتی بەبڕیاردانانی شەرع میرات بەرە، هەر چەندە میرات بەر ئەمەی لانەگەیشتبێ یان پێویستبێ، یاخود میرات دەر نەیدابێتێ، یاخود کەسێك ژن مارە بکات‌و، مارەیی‌و دابین کردنی ژیان‌و، میرات بردن لە یەکتری لێ زەوت بکات، ئەمانە مەرجی بەتاڵن‌و، بێ نرخن، چونکە شەرع ئەم حوکمانەی داناوە، کە لە سەر مارەیی بنیات دەنرێت‌و، دادەمەزرێن‌و مەرجی ئەملاو ئەوی لەم بوارەدا جگە لە مەرجی شەرع بێ نرخن‌و، بۆیە مارەیی ژن‌و دابین کردنی ژیانی‌و میرات بردن لە یکتری شەرع چەسپاندوونی، هەروەها سەبەبەکانی

تریش، كه سەرجەم ئەو ڕێو شوێنانەی شەرع لە سەری دیاری كردوون، بۆیان جێ بەجێ دەكرێتو، هەرچەندە كەسە موكەللەفەكەیش نەچێتە ژێر باریانەوەو نەیەوێت.

٥٠- باسی سەبەبو عیللەت:

سەبەب (فاكتەر، هۆكار)و، عیللەت (بۆنە)، ئەوانەن كە شەرع كردوونی بە نیشانە بۆ بوون یان هەر حوكمێكو، جاری وا هەیە، كە ئەم نیشانەیە دەر دەكەوێتو، بوونی پەیوەندی لە نێوان سەبەبو حوكمەكەدا هەست پێ دەكرێو، جاری واهەیە، كە پەیوەندیو كۆنتاكتی لە گەڵ حوكمەكەدا شاراوەیەو، عەقڵو ژیری پەی پەی نابات، جانەگەر دیارو ئاشكرابوو، ئەوا بە (سەبەب)و (عیللەت)تیش، ناو زەرد دەكرێتو، ئەگەر پەیوەندییەكە دیار نەبوو، ئەوا تەنها بە (سەبەب)ناوزەرد دەكرێتو، بە عیللەت ناو نابرێتو، ئەمەش ڕای گروپێكە لە زانایی زانستی ئوصولّی فیقهـ.

نموونە بۆ یەكەمیان وەك، گەشتكردن كە هۆكارو سەبەبە بۆ ڕۆژوو نەگرتنو، سەرخۆشی هۆكارە بۆ حەرم بوونی ئارەقو، منداڵی هۆكارە بۆ ئەوەی كە منداڵ سانسۆرو چاودێری بخرێتە سەر، لە ڕایی كردنی كارەكانیدا. كە لە نموونە گەلەدا عەقڵ پەی دەبات، پەیوەندیو گونجانی نێوان سەبەبو حوكمەكە لە گەڵ یەكتریدا، كە سەفەرو گەشت كردن چاوەڕێی سەختی تیادا دەكرێت، بۆیە ڕێ شل كراوە، بۆ هاوكاری كردنو ڕۆژوو نەگرتن تیایدو هەروەها سەرخۆش بوون عەقلچ تێك دەداتو ئەمەش هۆكارێكی گونجاوەو، فاكتەرە بۆ حەڕام كردنی ئارەق، تا عەقڵ بپارێزێت لە تێكچوونو شپرزەییو هەروەها منداڵی هۆكارە بۆ ئەوەی كە منداڵ نەزانێت چۆن هەڵسوكەوت بكاتو، سود وەربگرێتو لە مامەڵ كردنەكانیدا، بۆیە ئەو حوكمە زۆر گونجاوە، بۆ ئەوەی كەسانسۆرو چاودێری بخرێتە سەر ڕەچاوی بەرژەوەندییەكانی ئەو منداڵە بكرێتو، زیانی لێ دوور بخرێتەوە.

لەم دۆزو پرسیارانەدا، هەر یەکە لە سەفەرو سەرخۆشیو منداڵی، هۆکارو عیللەتن، بۆ ئەو حوکمانەی کە پەیوەندییان پێیانەوە هەیە.

ئینجا سەبارەت بەو حوکمانەی، کە پەیوەندی نێوان سەبەبو حوکمەکە نازانرێت، وەك بینینی مانگی ڕەمەزان، کە هۆکارە بۆ واجب بوونی ڕۆژوو گرتن، کە لێرەدا عەقڵ پەیوە نابات، کە ڕەهەندی گونجانو پەیوەندی لە نێوان، سەبەبەکەدا کە بینینی مانگەو، حوکمە کەدا، کە واجبی ڕۆژوو گرتنە چییە؟! و هەروەها ئاوا بوونی خۆر، هۆکارە بۆ واجبی نوێژی مەغریب، بەلاَم ڕووی ئەو پەیوەندییەی نێوان هۆکارەکە، (ئاوا بوونی خۆر)و، حوکمە کە(واجبی نوێژی مەغریب) نازانرێت!

بۆیە لەم سۆنگەیەوە، هەر یەکە لە بینینی مانگو ئاوابوونی خۆر، تەنها به (سەبەب) ناوزەرد دەکرێنو، بە (عیللەت) ناو نابرێنو، هەموو عیللەتێك سەبەبەو، بەلاَم هەموو سەبەبێك، عیللەت نییە.

گروپێکی تر لە زانایانی ئوصول پێیان وایە، کە عیللەت تەنها بۆئەوانە بەکار دێت، کە هۆکاری نێوان عیللەتو حوکمەکە زانراوەو، سەبەبیش بۆ ئەوانە بە کار دێت، کە پەیوەندی نێوان سەبەبو حوکمەکە نادیارەو شاراوەیە، بۆیە بەڕای ئەم گروپە (سەبەب)و (عیللەت) جیاوازنو، هەرگیز سەبەب بۆ عیللەتو بە پێچەوانە وە بە کارنایەت. لە ڕاستیدا، ئەم ڕا جیابیە ئاسانە، گروپی یەکەم، کە دەڵێن عیللەت جارو بار مانای سەبەب وەردەگرێت، ئەوە کۆیان دەکەنەوە، بەو مانایەی کە هەردووکیان نیشانەن بۆ بەرپابوونی حوکمەکە، بەلاَم لە ڕووی گونجاو پەیوەندی دیارەو، گونجاوە بەعیللەت ناوی مەبەنو، ئەویشی کە نادیارو نەگونجاوە، بە عیللەت ناو زەردی ناکەنو، ئەگەر چی هەردوو ناوەکە مانای سەبەب تیایاندا حەشار دراوەو، هەیە.

((مەبەستی دووەم))

باسی شەرط (مەرج)

٥١- (شەرط) لە زمانی عەرەبیدا، ئەو نیشانەیە کە پابەندی هەیە بە شتێکی ترەوەو، هەردەم پێوەیەتی.

لە زاراوەی زانایانی ئوصولی فیقهدا، ئەو شتەیە کە بوونی شتێکی تری پێوە بەتراوەو، لە سەر ئەم وەستاوەو، لە دەرەوەی پێکهاتو حەقیقەتەی ئەم شتەیشداو، کە چی هەر پێوەی بەستراوەو، کاتێك ئەو مەرجە هەبوو، هۆکاری تەواو نییە، بۆ بوونی حوکمەکە، کە دەبێت ببێت، بەلام هەر کات ئەو مەرجە نەبوو، ئیتر بێ دوو دڵی حوکمەکیش نابێت.[1]

مەبەست لە بوونی شتە کە (وجود الشيئ) بوونێکە لە چوار چێوەی شەرعدا، کە ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر بگرێتە بەر، وەك دەستنوێژ، کە مەرجە بۆ دروست بوونی نوێژو، مەرج بوونی دوو شایەت، مەرجە بۆ دروستی گرێبەستی هاوسەرێتی. جا دەستنوێژ مەرجە، بۆ دروستی نوێژێك، کە لە ڕووی شەرعەوە وەرگیرابێتو، ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر دیار بێتو، دروست بێتو، لە سەر ئەستۆو سەر شانی مرۆڤ وەك ئەرك لا بچێت، بەلام دەست نوێژ لە دەرەوەی پێکهاتو حەقیقەتی نوێژیشداو، بەشێك نییە لە حەقیقەتەکەیو ناوەختەکەیو، جاری وا هەیە، کە دەست نوێژ هەیەو، نوێژیش لە ئارادا نییە.

هەروەها ئامادە بوونو دوو شایەت لە گرێبەستی هاوسەریدا مەرجە، بۆ دروست بوونی ئەو گرێبەستە، لە ڕوانگەی شەرعەوەو، سەرجەم ڕێو شوێنە شەرعییەکان، کە سەر ئەو گرێبەستە شەرعییە دەگیرێتە بەر، بەلام لە گەڵ ئەمەشیدا ئامادە بوونی دوو شایەت، بەشێك نین لە حەقیقەتو چییەتی (ماهیەت)ی، گرێبەستی هاوسەرێتیو، جاری وایش هەیە کە دوو شایەت ئامادەنو کەچی گرێبەستی هاوسەرێتیش لە گۆڕێدا نییە.

---

1 المحلاوي، ل٢٥٦.

٥٢- باسی (الشرط: مەرج)و (الركن: پایە):

لەو ڕوانگەیەوە کە (شەرت)و (ڕوکن) هەردووکیان، بوونی شتێکیان، لە ڕووی شەرعەوە لە سەر دەوەشێت، لە یەکتر دەچنو لە وەشیدا جیوازن، کە(شەرط) لە دەرەوەی پێکهاتو حەقیقەتو ماهیەتی ئەو شتەوەیە، بەلآم (ڕوکن) بەشێکە لە حەقیقەتو چییەتی (ماهیەت)ی، ئەو شتە، وەك، چەمانەوە (ڕکوع) لە نوێژدا، کە ڕوکنێکە ، بە شێکە ەتی نوێژەکەو، بەبێ ڕکوع، نوێژ بوونی شەرعیيانەی خۆی وەر ناگرێتو، هەروەها دەست نوێژ گرتن مەرجە (شەرط) بۆ دروستی دەست نوێژ، چونکە بەبێ دەست نوێژ، نوێژ هیچ بوونو پێگەیەکی نییە، بەلآم لە گەلّ ئەوەشیدا لە دەرەوەی حەقیقەتو ماهیەتی نوێژدایەو، جیایە لێی، هەروەها ڕازی بوونی هەردوولا (الأيجاب والقبول) لە گرێبەستی پرۆسەی هاوسەر گیریدا، کە هەردووکیان، وەلآمو ڕازی بوون، ڕوکنن لە پرۆسەکەداو، هەروەها بەشێکیش لە حەقیقەتی کارەکەو، هەروەها ئامادە بوونی دوو شایەت (شەرت)ن، بۆ دروستی گرێبەتەکە، بەلآم لە ئەمیا لە دەرەوەی حەقیقەتو ماهیەتی پرۆسەو کارەکەدایە.

٥٣- باسی (شەرط)و (سەبەب):

شەرت (مەرج)و سەبەب (هۆکار)، لە وەدا لە یەکتری دەچن، کە هەدووکیان بەستراون بەشتێکی ترەوە، بە جۆرێك ئەو شتەی تر بەبێ هاتنەدی یەکێك لەم دووانە نایەتە دیو، بەر پا نابێتو، هیچ کامیشیان بە شێك نین لە حەقیقەتی ئەو شتە.

لەوەشیدا، لە یەکتری جیاوازن کە بوونو هاتنەدی (سەبەب: هۆکار: فاکتەر)، نیشانەی پێویتیکاری شتەکەی تر (سەبەب کارەکەیە)، مەگەر ڕێگرێك پەیدا ببێتو، لە بەر پابوونی بخاتو، (سەبەب) شەریعەت دەیکاتە بیانوو، بۆ هاتنەدی، شتەکەی تر کە (مەرجدار: شروط فيه) یەکەیە، بێتەدی، واتە، دەکرێت، (شرط) هەبێتو،کەچی شتەکەی تر کە پیوەستە پێیەوە نەبێت.

٥٤- بەشەکانی شەرط

شەرت، لەو ڕووەوە کە پەیوەندی بە (سەبەب)ـەوە، هەیە، یاخود پەیوەندی بە (سەبەبکار: المسبب) هەیە، دەبێتە دوو بەشەوە، جارێکیان (شەرتە بۆ سەببەکە)و جارێکی تریان، (شەرتە بۆ سەبەبکارەکە: مسبب)ـە کە:

یەکەم: شەرتی سەبەب، ئەوەیە کە تەواو کاری سەبەبەکەیەو مانای سەبەبیەت تیایدا بەهێز دەکاتو، ئیتر ڕێو شوێنی شەرعیەتی تیادا ڕەچاو دەکاتو، لە سەری بەرپا دەکات، وەك چۆن کوشتنی بەتایبەتیو ئەنقەست شەرتە بۆ کوشتنەوەی بکوژەکە، کە ئەمەش سەبەب بووە، بۆ واجبی تۆڵە سەندنەوەو کوشتنەوەیو، هەروەها بەمەرج گیراوە، بۆ ئەوەی کارێك بەدزی ناوزەرد بکرێت، دەبێت ئەو موڵكو سامانە لە جێگایەکی قایمو پارێزراودا هەڵگیرابێتو، هەر ئەم قایم پاراستنەی سەبەب بۆ واجب بوونی سزادانی شەرعییانەی دزەکە، یاخود تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر موڵكو سامانیدا، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی زەکاتدان، ئەمە شەرتە بۆ گەیشتن بەو ئاستەو، گەیشتن بەو ئاستەیش سەبەبی زەکاتدانەکەیەو، هەروەها شایەتیدان لە پرۆسەی گرێبستی هاوسەرێتیدا، شەرتە بۆ ئەو گرێبستە، تا ببێتە گرێبەستێك کە هەموو ڕێو شوێنێکی شەرعی لە سەر بگرێتە بەرو بە مامەڵەو گرێبەستێکی شەرعی تەماشا بکرێت.

ئیجا دەربارە بە باسی ئەو شەرتەی کە پەیوەندی بە سەبەبکار (مسبب) هەیە، وەك مردنی خاوەن میرات، ئیتر مردنێکی حەقیقی بێت، یان حوکمیو، ژیانو زیندویش میرات گر لە کاتی مردنی خاوەن میراتدا، ئەمانە دوو شەرتن بۆ میرات گرتن، کە هۆکاری ئەم میرات بردنەیش خزمایەتی یان ژنو مێردایەتیو، یان خزمایەتییە بەپشت (العصبة).

٥٥- شەرط، لە ڕانگەی سەرچاوەی بەشەرتگرتنیەوە دەبێتە دوو خۆر، شەرتە شەرعیو شەرتی دروستکراو (جعلي):-

- شەرطی شەرعی:- ئەو شەرتەیە، کە شەرع سەرچاوەی بە شەرت گرتنیەتی، واتە: شەرع دایناوە، بە مەرج بۆ هاتنەدی ئەو حوکمە، یان ئەو شتە، وەك گەیشتنی منداڵ بە

پلـەی ژیـری‌و لێزانـی، شـەرتە بـۆ ئـەوەی کـە ئـیتر ماڵەکـەی بدرێتـەوە دەسـت خـۆی‌و سانتوری لەسەر لابرێـت، هـەروەها سـەرجەم ئـەو شـەرتانەی کـە شـەریعەت بـە مـەرج‌و شەرتی گرتوون، لە گرێبەست‌و مامەڵـەو هەڵسوکەوت‌و پەرسـتش‌و سـزادان‌و بوارەکـانی تردا.

- شەرتی دروستکراو (جَعْلي): ئەو شەرتەیە کە ویستی کەسەکە خۆی (إرادة المكلّف) دروستی کردووەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك ئەو شەرتانەی کە هەندێ خـەڵك بـە مەرجی دەگرن بەسەر یەکتریەوە لە هەندێ گرێبەست‌و مامەڵـەی نێوانیانـدا، یـاخود ئـەو شەرتەیە کە کەسی موکەللەف بە شەرتی دەگرێـت، لـە هەڵسوکەوتیدا، بـە تایبـەت ئـەو هەڵسوکەوتەی کە بە تاق‌و تەنیا خۆی پێی هەڵدەستێت، وەك (وەقف کردن)و ئەم جۆرە شەرتەش دەبێتە دوو جۆر:

جۆری یەکەم: ئەو شەرتەیە کە بوونی گرێبەستەکەی لەسـەر وەسـتاوە، واتـە کەسـی موکەللەف هاتنەدی گرێبەستەکە دەبەستێت بە هاتنەدی ئـەو شـەرتەوە کـە بـە شـەرتی گرتووە لە کارەکەدا، لێرەوە وەك شەرتی سەبەبەکە تەماشا دەکرێت‌و سە بەو شەرتەیە، وەك بەستنەوەو هەڵپەساردنی گەرەنتی کەسێك (كفالة) کردنی، بۆیە ئەمـە دەکرێـت، تـا قـەرزار بـە هـۆی ئـەو کەفیلـەوە پابەنـد بێـت، بـە کـاتی قەرزدانەوەکـەی، یـاخود وەك هەڵپەساردنی تەڵاق بە شتێکەوە، وەك ئەوەی کە پیـاو بـە ژنەکـەی خـۆی بڵێـت: ئەگـەر دزیت کرد تەڵاقت کـەوتبێت، ئـەم جـۆرە شـەرتەیش بـە مـەرجی هەڵپەسـێردراو (الـشرط المعلّق) ناوزەد کراوە، هەروەها گرێبەسـتەکەیش نـاونراوە بـە گرێبەسـتی هەڵپەسـێردراو (العقد المعلّق).

ئینجا ئەوەش بزانە کە مەرج نییە سەرجەم گرێبەست‌و مامەڵەکان هەڵپەسـاردنیان بـۆ بکرێت:

بۆیە هەیان کە دروست نیە، ببەسـترێت بـە شـەرتێکەوە کـە ئـەویش ئـەو گرێبەسـتانە دەگرێتـەوە کـە تایبـەتن بـە موڵکایـەتی، کـە کـابرای خـاوەنی سـود لـە خـودی شـتەکە

وەردەگرێت، یاخود سوودەکەی لە بەرامبەر شتێکدا وەردەگرێت، یان جاری وا هەیە بۆ بەرامبەرەن هەروەها گرێبەستی هاوسەرگیری‌و پرسی (خولع)یش دەگرێتەوە.[1]

هەروەها هەندێ گرێبەست‌و مامەڵە هەن کە هەڵپەساردن تیایاندا دروستە، بەڵام دەبێت ئەو هەڵپەساردنە لەسەر شەرتێکی گونجاو کرابێت، وەك گەرەنتی کردنی نرخ، کە شەرتە بۆ جێبەجێ بوونی مامەڵەکە.

هەروەها گرێبەستی تر هەن، کە دروستە بە هەر شەرتێك بێت، تەنانەت نەگونجاوو نەشیاویش بێت، هەر دروستە هەڵپەساردنی بۆ بکرێت، وەك بریکارێتی (الوكالة)و (وەسیەتکردن).

جۆری دووەم: ئەو شەرتەی کە بەستراوە بە گرێبەستەکەوە وەك: مارەکردنی ئافرەتێك بە مەرجی ئەوەی کە لە شارەکەی خۆیدا نیشتەجێ بکرێت‌و نەبرێتە دەرەوە، یاخود بەو مەرجەی کە مافی ئەوەی بدرێتی داوای تەلاق بکات، یاخود کڕین‌و فرۆشتن بە مەرجی ئەوەی کە کڕیار کەفیلێك لە جیاتی نرخەکە دابنێت یاخود بە مەرجی ئەوەی کە فرۆشیار لە خانووە فرۆشراوەکەدا بۆ ماوەی ساڵێك بمێنێتەوە.

شەرعزانەکان جیاوازن لەوەیدا، کە تا چەند دروستە، کە شەرت ببەسرێت بە گرێبەستەکانەوە، گروپێك لەو شەرع زانانە، لەم حاڵەتەدا تەنگە تاون‌و، ڕێگرن لێی‌و گرێپێکیان فراوان بیر دەکەنەوە تیایداو، گروپی سێیەمیش میا نەڕەون، لە نێوان هەردوو گرەپەکەدا ناوەندیان گرتووە.

ئەو گروپانەی کە بیرتەسکانە لە پرسەکە دەڕوانن‌و، ویست‌و ئیرادەی کەسی مومکەللەف ڕەت دەکەنەوەو، لەبەر چاوی ناگرن‌و، تەنها تەماشای ئەسڵی حەرامی

---

1 ئەوەی من دەیبینم (د. عبدالكريم زيدان)، ئەوەیە کە شەرتی تەعلیقی هەڵپەسێردراو لە گرێبەستەکانی موڵکایەتیشدا هەر دروستە، ئەگەر پێویست بوو، یاخود بەرژەوەندی تیادا بوو، بڕوانە: (إعلام الموقعين)ی ئیبن قەییمی جەوزی، ب٣، ل٢٨٨، هەروەها بەڵگەی تریش لەسەر ئەم قسەیەی ئێمە هەیە، بڕوانە: (نيل الأوطار)، ب٦، ل ١٠٠.

شتەکە دەکەن، لە سەرجەم گرێبەستو شەرتەکانداو، هەر لەسەر حەرامی سوورن، تا کاتێك دەقێکی شەرعی دێتەئاراوەو، لە حەرامی لادەداتو، حەلاڵی دەکاتو، ئەمەش ڕای ظاهیرییەکانو پەیڕەوانیانە.

ئەو گروپەی کە بیریان فراوانە لەم بابەتەدا، ویستو ئیرادەی کەسی موکەللەف بە ڕەهایی دەکەنە پێوەندانگی پرسەکەوەو هەر ویستو ئیرادەکە بەیکلاکەرەوەی مەزن، دادەنێنلە سەرجەمی گرێبەستو شەتەکاندا، چونکە ئەسڵ لای ئەم گروپە، حەلاڵی سەرجەم شەرتو گرێبەستەکانە، مەگەر دەقێکی شەرعی پەیدا ببێت، کە حەرامی بکاتو، ئەمەش ڕای ڕەنبەلییەکانو، پەیڕەوانییانەو، لەناو حەنبەلاییەکانیش شیخ الأسلام ئیبن تەمیمە، لە هەموویان زیاتر لەم پرسەدا فراوانتر بیردەکەنەوە.

ئێرە جێگای باسکردنی درێژو ڕاڤەی فراوانی بەڵگەی ئەو گروپانە نییەو، ئەوەندە بەسە کە سەرپێیانە بڵێین، کە ڕای دروستتر ڕای ئەو گروپەیە هزریان فراوانترەو پانو پۆڕتر بیردەکەنەوە لەم پرسەدا، لەوانەی کە تەسك بیرن[1].

---

1 بڕوانە (فتاوی) شیخ الأسلام، ئیبن تەمیمە، ب٣،ل٣٢٢.و دواترو وەهەروەها تەماشای (نظریة العقد)، بکە ل١٤و دواتر، کە هەر دانراوی ئیبن تەمیمەو، حەنەفیەکان (شرط) دەمەنە سێ بەشەوە، شەرتی دروست (الصحیح) ئەویش ئەوەیە هاوڕێکی ناوەخنی کرێبەستەکەیەو، جەخت کەرەوەیە لە سەر ئەو ناوەخنە، یاخود شەرتی دروست ئەوەیە کەکە شەرع ڕێگای پێداوەو، یاخود عورف لە سەری دەڕواتو، کارێکی عورفو عادەتیەو، دووەمیان شەرتی خراپ (فاسد)، ئەوەیش ئەوەیە کە سودی تێدایە بۆ یەکێك لە دوو لایەنی گرێبەستەکە،یان بۆ لایەنی دەرەوەی ئەو دووانەو، سەر بەجۆری دروست (صحیح) نییە،و شەرعی بەتاڵ (باطل) ئەو شەرتەیە کە مانای دروست (صحیح)و خراپ (فاسد)ی تیادا بەرجەستە نەبوبێت، وەك ئەوەی کە کەسێك خانووەکەی بفرۆشێت، بەو مەرجەی کە کەسی تێدا نیشتە جێ نەبێت،جا شەرتی (فاسد) کرێ بەستێك دەداتو خراپەی دەکاتو، شەرتی بەتاڵ گرێبەستەکە سوك دەکاتو ڕۆتینی پێ دەبەخشێت، بەلام هەر گرێبەستەکە دروستە.

مەبەستی سێیەم

باسی ((المانع: ڕێگر))

٥٦- المـانع: ئەوەیـە کـە لـە کـاتی بـوونو دەکەوتنیـدا، شـەرع بـوونی حوکمەکـە ناهێڵێتو، حوکمە کە بەرپا ناکاتو، سەبەبەکەیش هەر بەهۆی دەرکەوتن ئەو ڕێگرەوە، بە تاڵ دەکاتەوەو کاریگەری ناهێڵێتو، مانعیش دوو جۆر، یان ڕێگرە لە حوکمە کەو بەر پابوونیو یان ڕێگر لە سەبەبەکەو کاریگەرییەکانی[1].

یەکەم: ڕێگر لـە بـەرپا بـوونی حوکمەکـە (مـانع الحکـم) ئەوەیـە کـە دەرکـەوتن، ئـیتر حوکمەکە نامێنێتو، بەرپا نابێت، هەرچەندە سـەبەبە کـەیش هـاتووەو، مەجـەرەکانیش تیایدا هاتوونەتەدی بەڵام هـەر حوکمەکـە بـەرپا نابێـت.ئـەو ڕێگـرە، هۆکـارە بۆنـەبوونی حوکمە کەو بەربەستە لـە بەردەمیـدا چـونکە مانایـەکی تیادایـە، کـە لـە گـەڵ هونـەریو حیکمەتی حوکمەکەدا نایەتەوەو ناگونجێت، واتە: ئامانجو مەبەستەکەی حوکمەکە تیایدا نایەتـە دی، وەك چـۆن باوکایـەتی ڕێگـرە لـەوەی کـە هـەر کـات بـاوك بکـوژ بـوو، ئـیتر ناکوژرێتـەوە چـونکە باوکـە، بۆیـە هـەرکات بـاوك کوڕەکـەی خـۆی بەتایبـەتو دەسـت ئەنقەست کوشت ناکوژرێتەوە، هەرچەندە دییـەو برێـت هـەر لـە سـەرە، چـونکە هونـەرو حیکمەتی تۆڵە سەندنەوەو کوشـتنەوە، سـزاو سـەر زەنـشتی کردنـەو، لـە باوکایەتیـشدا ئەوەندە سۆوو میهر هەیە، بۆ کوڕەکەی، ئـەو داخـەی بەسـە کـە چـووە بەدڵیـداو، ئـیتر کوشتنەوەی پێویست نییە، بۆیە پێویست کردنی کوشتنەوەی بـاوك لـە سـەر کوڕەکـەی ئامـانجو مەبەسـتی کوشـتنەوە (قـصاص) ناهێنێتـە دی، کـە سـزادانو زەجـر چەشـتنە، چونکە باوك بە تایبەتیو دەست ئەنقەست دەستی ناچێتە کوشتنیکوڕەکەی، مەگەر لـە حاڵـەت گـەلێکی ڕێزپـەڕ (شـاذ)دا، کـە ئـەویش نابێتـە فاکتـەرو داکۆکیکـار بـۆ تۆڵـە لێکردنـەوەو لـە جیـاتی کوشـتنەوەی بـەڵکو دەبێـت ئـەم یاسـای لێ هـەڵاوێر (إسـتثناء)

---

1 الآمدي، ب١، ل١٨٥.

بکرێت[1] هەر وەك لە گەڵ ئەوەشیدا کە باوك هۆکاری ژیانە بۆ کورەکەی‌و ئەو ئامرازی بەدیهێنانی بووە، بۆیە نابێت بە پێچەوانەوە کوڕ بێتە هۆکاری ژیان لێسەندنەوەی باوك.[2]

دووەم: ڕێگر لە هۆکارەکە (مانع السبب)، ئەو ڕێگرەیە کە کاریگەری لە سەر سەبەبەکە هەیەو، لە کارکردن دەخاتو، کاریگەری ناهێڵێت، لە سەر سەبەبکار (مسبب)ـە کە، چونکە لەو ڕێگرەدا مانایەك هەیە، کە پێچەوانەی هونرو حیکمەتی سەبەبەکەیە، وەك ئەوەی کە کەسێك بە هۆی قەرزارییەوە ماڵەکەی ناگاتە پلەو ئاستی زەکاتدان، کە هۆی گەیشتنە ئاستی زەکاتدان، سەبەبە بۆ واجب بوونی زەکات، چونکە گەیشتنی موڵك بەو ڕێژەیەی کە زەکاتی تیادا دەکەوێت، مانای دەوڵەمەندی دەدات، بەخاوەنەکەی‌و دەوڵەمەندیش توانای جێ بەجێ کردنی نەداری هەژارانی هەیە، بەڵام قەرزاری هیچ مانایەك بۆ دەوڵەمەندی ناهێڵێتەوە، لە ئاستی زەکاتدا بەر جەستە دەبێتو، مانای دەوڵەمەندی دەڕوخێنێتو دەسڕێتەوە، چونکە ئەوەندەی قەرزارییەکە لەو موڵکەیدا کە ئەو کابرایە هەیەتی، ئەوە بەموڵکی حەقیقی ئەو نایەتە ئەژمارو چیتر ئەو ئاستەی کە ئەم کەسە قەرزارە بڕیویەتی‌و ئەوبڕە پارەیەی کە هەیەتی،و زەکاتی تیادا واجب بووە، مانا ڕەسەنەکەی خۆی وەر ناگرێتەوەو، نابێتە سەبەب بۆ زەکاتدانو، ڕێ بۆ سەبەبکارەکە خۆش ناکات، تا جێ بەجێ بکرێت، کە واجب دانی زەکاتە.

هەروەها وەك، کوشتنی خاوەن میرات، لە لایەن میرات گرەوە، کە ڕێگرە لە سەبەبەکە کە نزیكو خزمایەتی‌و ئەوانەیە ئەم کوشتنە وای کردووە کابرا میرات نەباتو، سەبەبکارەکە کەمیرات بردنە پراکتیزە ناکرێت: چونکە لەم ڕێگرەدا مانایەك هەیە، کە ئەو بنەمایە دەڕوخێنێت، کە میرات بردنی لە سەر بنیات نراوە، کە ئەویش میرات بردنە

---

1 ئەمە ڕای جەماوەری زانایانەو، بەڵگەشیان ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێت(لا يقتل والد بولده)، باوك لە جیاتی کوشتنی کوڕەکەی ناکوژرێتەوە.

2 ئەم بەڵگەیە ڕەخنەی ئەوەی لێ گیراوە کە هۆکاری کوشتنەوەی باوك، کردەوەکەیەتی بۆیەئەو هۆکاری کە باسمان کرد، بەدروست دەمینێتەوەو دروستە.

به هۆی ئەوەوە کە میراتگر وەچەی خاوەن میراتەو، خاوەن میرات پشتیەتی‌و لە نێوانە هەردوو لادا هاوکاری یەکترو، یەکترویش لە ئارادا هەیە،بۆیە ئەم مانایە لە گەڵ ئەو کردەوەدزێوەدا یەك ناگرێتەوە، کە کوشتنەوەو، دواجار سەرجەم ئەم مانا جوانە لەو نێوەندەدا تیا دەچن، هەروەها جیاوازی ئایین‌و ماڵی خاوەن میرات‌و میراتگر، لەم نێوەندەدا میرات بردن یاساغ دەکاتو، ئەمانە هەموو رێگرن لە هاتنەدی سەبەبەکە[1].

رێگر (المانع)، وەك پێکهاتی رێگر بوون، ناچێتە چوارچێوەی بێژە(خطاب)ی، تەکلیفەوە، کە شەرع فەرموویەتی:و شەرع لە بوونی ئەو رێگرەو، نەبوونیدا دەستی بووەو، مەبەستی نەبووە، کە هەبێت، بەڵکو شەرع مەبەستی ئەمە بووە، کە پلەی حوکمی ئەو سەبەبە ڕوون بکاتەوە، یاخود بەتاڵی سەبەبکار (مسبب)ڕاڤە بکات، هەر کات رێگر پەیدا بوو، بۆیە داوا نەکراوە لەکسی موکەللەف کە ئەو قەرزە لە سەر خۆی بهێڵێتەوە، کاتێك کە سامانەکەی گەیشتبوویە ئاستی زەکاتدان، تا زەکاتی لە سەر واجب ببێت، هەر وەك چۆن ئەو کەسەی کە سامانەکەی گەیشتووەتە ئاستی زەکاتدان، لە سەری قەدەغە نەکراوە، کە قەرز وەربگرێت، تا زەکات نەدات، بەڵام دروست نییە، کە کەسی موکەلەف، کە بچێت بە تایبەتی رێگر (مانع) دروست بکات، تا لە ژێر باری حوکمە شەرعییەکان ڕا بکات، ئەمە فێڵ تەڵەکەیەو، لە شەریعەتی ئیسلامدا قەدەغەیەو، بکەرەکەی تاوانبارە، وەك ئەمەی کە کەسێك بچێت هەندێك لە سامانەکەی دەدات، بەژنەکەی خۆی، تا نەگاتە پلەی زەکاتدانو، پێش هاتنەوەی ساڵ بەسەریداو، دواتر لە ژنەکەی وەر دەگرێتەوە، تا زەکات نەداتو، لە ژێر باری ئەم فەرمانە شەرعییە دەر بچێت.[2]

---

1 کوشتنی خاوەن میرات، لەلایەن نیراتگرەوەو، جیاوازی ئایین‌و ماڵیان کە لە رێگرەکانی میرات بردنن لە نێوانیاندا، ئەمەڕای هەندێ لە زانایانەو، هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەم رێگرانە، رێگرن لە بەردەم حوکمەکەدا، نەك لە بەردەم سەبەبەکەدا، بەڵام ئەو رایە جوانترە، کە بەوەیان دامەنێت کە رێگرن لە بەردەم سەبەبداو، ئێمەیش لە کتێبەدا ئەم رایەمان هەڵبژاردووە.

2 الشاطبي ب١، ل٢٨٨-٢٨٩.

مەبەستی چوارەم

باسی دروستیو پڕو پوچی (الصحة والبطلان)

٥٧- مانای (الصحة)و(البطلان) کە کارو کردەوەی کەسانی موکەللف ئەگەر سەرجەم پایەو مەرجەکانیان تیادا هاتە ی، ئەوا شەرع بەدروست (صحیح) ناوزەردیان دەکاتو، ئەگەر نا... ئەوا بە پوچو نادروست (البطلان) دەیانهێنێتە ئەژمار.

مانای صەحیح بوونیشیان ئەوەیە کە ڕێو شوێنی شەرعییان لە سەر دەگرێتە بەرو، ئەگەر لە پەرستشەکان بوون، ئەوا لە سەر ئەستۆی ئەنجامدەرەکەیان لا دەچن، وەك ئەو نوێژەی کە سەر جەم ئەرکانو شەرتەکانی نوێژی تیادا ئەنجام دراوە، یاخود نموونەی تر صەحیحەکان، وەك ئەو نەریتو عادەتانەی کە هەن، وەك مامەڵەو گرێبەستەکانی کڕینو فرۆشتنو، بەکرێدانو، پرۆسەی هاوسەرگیری، کە سەرجەمیان ئەو ڕێو شوێنانەیان لە سەر دەگرێتە بەر، کە شەرع بۆی ڕەچاو کردوون.

مانای بەتاڵو پوچ بونیش (البطلان) ئەوەیە کە ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر ناگرێتە بەر، چونکە ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر شتێ دەگرێتە بەر، کە سەر جەم ئەو بنەما شەرعییانەی تیادا هاتبێتە دی، کە شەرع دیاری کردوون، کە ئەگەر ئەنجامەریان ئەم کارە سەر بەپەرستشەکان بوو، ئەوا لە سەر ئەستۆی کەسی موکەللەف لاناچن، چونکە بەتاڵەو، هەروەها ئەگەر سەر بەمامەڵەو هەڵسوکەوتەکان بوو، ئەو ڕێو شوێنە شەرعییانەی کە لە سەر صحیحەکە دەگیرایە بەر، لەسەر ئەم نایگرێتە بەر.[1]

---

1 لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە لەفزی (صحة) بۆ ئەو کاروکردەوانەیش بە کار دێت، کە پاداشتی قیامەتیان لە سەرەو، لەفزی (بطلان) بۆ ئەو کردەوانە بەکاردێت، کە لە قیامەتدا سزایان لە سەرە، ئیتر چونیەکە ئەو کردەوەیە پەرستش بێت، یان مامەڵەو،بەتەما بوونی پاداشت، یان بەتەما نەبوونی پاداشت لە سەری، بەستراوە بەنیازو مەبەستی کەسی موکەللەفەوە، جا ئەگەر مەبەستی لەو کردنی پەرستشە یان نەکردنی، جێ بەجێ کردنی فەرمانی شەرع بوو، ئەوە پاداشت وەدەرگریت، هەروەها لە پرسی سەر پشك کردندا، ئەگەر کەسی سەر پشك کار، وای زانی کە بەکردن یان نەکردنی پاداشت وەردەگرێت، ئەوە وایەو، وەری دەگرێت، الشاطبي ب١، ل٢٩١-٢٩٩.

٥٨- (الصحة)و(البطلان) له بەشەکانی حوکمی وەضعین:

هەندێ لە زانایانی زانستی ئوصلی فیقه، پێیان وایە کە نابردنی هەر کارێك بە دروست (الصحة) یان پوچو بەتاڵ (البطلان) سەر بەبابەتی حوکمی تەکلیفی یە، بەبەڵگەی ئەوەی کە دروستی (الصحة)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شەرع حەلاڵی کردووە، کە سوود لەو شتە وەربگرێت، بۆیە بەصەحیح ناوی بردووەو، پوچو بەتاڵی (البطلان)، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شەرع حەرامی کردووە، کە سوود لەو شتە وەربگرێت، وەك لە مامەڵەی دروستدا، حەلاچلە کاربای کڕیار، سوود لەو شتە وەر بگرێت، کە کریەیەتیو مامەڵەی کردووو، لە مامەڵەی بەتاڵدا، حەرامە سوود لەو شتە وەربگریت، ئەم رایەش بەوە بەر پەچ دراوەتەوە کە، فرۆشتن بە مەرجی پەشیمانی، لەلای فرۆشیار، لە سەر رای جەماوەری زانایان دروستەو، دروست نییە، کە کڕیار لە ماوەی دیاری کراوی ئەو پەشیمان بوونەوەیەیدا سوود لەو شمەکە وەربگرێت[1].

ژمایەکی تر لە زانایان ڕایان وایە کە (الصحة)و(البطلان) سەر بە ئەحکامی وەضعین، چونکە شەرع حوکمی داوە بە صەحیحی ئەو کردەوانەی کە پایەو مەرجەکانی صەحیح بوونیان پێوەیەو، هەروەها حوکمی داوە بە بەتاڵی ئەو کردەوانەی پایەو مەرجەکان(الأركان والشروط) یان تیادا هاتۆتە دی[2].

ئێمە ڕای دووەم پێش دەخەینو هەڵدەبژێرین، چونکە لە بابەتی (الصحة)و(البطلان) دا، کردنو نەکردنو سەر پشك بوون (الفعل والترك التخيير) باسکردنیان لە گۆڕێدا نییەو، بەڵکو شەرع ئەو کردەوانەی کە پایەکانو مەرجەکانی دروستیان تیادایەو ڕێو شوێنی دروستیان لە شەرعدا لە سەر بنیات نراوەو، ئەو کردەوەانەی کە ئەرکانو شەرتەکانیان تیادا نییەو، ڕێو شوێنیان لە شەرعدا لە سەر نەگیراوەتە بەر، بەبەتاڵ ناوی بردوون،

1 الآمدي ب١،ل١٨٦-١٨٧.

2 التلويح، ب٢، ل ١٢٣.

ئەم مانایانەش سەرجەمیان دەچنە چوار چێوەی بابەتی(وضع)، چونکە مانای سەبەبیان تیادا بەر جەستەیەو، سەبەبیش بەشێکە لە بەشەکانی حوکمی وەضعي.

٥٩- باسی (البطلان)و (الفساد):-

ئەم دوو زاراوەیە، لە لای جەماوەری زانایان یەك مانایان هەی، بەو پێیانەی کە هەر پەرستش، یان هەندێ مەرج (شرط)ی تیادا نەهاتبووە دی، ئەوە بەتاڵە، یان گەنتەو، هیچ رشیێو شوێنێکی شەرعی لە سەر بنیات نانرێت‌و، ناگرێتە بەر.

بۆ نموونە،مامەڵەی شێت، بەتاڵە، چومنکە لە یەکێك لە پایەکاندا، کە کابرای خاوەن مامەڵە _ گرێبەستکار)ە گرفتی تێدایەو، شێتە، یاخود مامەڵەی شتی نادیار، یان مردارەوە بوو بەتاڵە، چونکە لە یەکێك لە ڕوکنەکانیدا، کە ئەو شتەیە مامەڵەکەی لە سەر کراوە گرفتی تێدایە.

هەر بۆیەش مامەڵەی شێت‌و، مردارەوبوو، بە مامەڵەی بەتاڵ ناوزەرد کراوو، هەروەها بەمامەڵەی خراپ (فاسد) ناوبراوەو، هەروەها مامەڵە بە نرخێکی نادیار، یان بە نترخێکك کە دیاری نەکرابێت‌و، لە ئایندەدا بدرێت، ئەمەیش دیسان بە مامەڵەی بەتاڵ‌و خراپ ناو نراوە، هەر چەندە گرفتەکە کە هەندێ لە مەرجەکانی مامەڵەکەدا هەیەو، لە ڕوخسارو شێوازدایە، نەك لە ڕوکنەکاندا.

حەنەفییەکان درێژەی ئەم باسەیان بەم جۆرە خستۆتە ڕوو:-

أ- لە پەرستشەکاندا، عەر کات ڕوکنێك لە ئەرکەکانی تیادا نەهاتە دی، وەك نوێژکردن، بەبێ ڕکوع بردن، یاخود هەندی لە شەرتەکانی تیادا نەبوو، وەك نوێژکردن بە بێ دەست نوێژ،ئەوا ئەمە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، بە بەتاڵ‌و، خراپ (فاسد) ناو دەبرێت‌و، هیچ بنەکایەکیان لە شەرعدا بۆ نانرێت‌و، ڕێو شوێنی شەرعییانە لە ناگرێتەبەرو، (باطل)و (فاسد) لە لایەن‌و، لە پەرستشەکاندا یەك مانای هەیە.

ب- لە مامەڵەدا، کە مەبەست گرێبەست‌و هەڵسووکەوتەکانە کە پەیوەندی دارن بە مامەڵە کردنەوە، کە هەرکات ڕوکنێك لە ئەرکانەکانیان تیادا نەهاتەدی، ئەوەبەتاڵن‌و،

هيچ ڕێو شوێنێکی شەرعییان لە سەر ناگرێتە بەر، هەر وەك لە مامەڵەی شێت، یان فرۆشتنی مردارەوەبوو، یان مارەکردنی ئافرەتانی مەحرەم(کەبزانێت مەحرەمێتی)، هەموویان بەتاڵن، جا ئەگەر سەرجەم ئەرکانەکانیان تیادا هاتەدی، بەلام هەندێ مەرج (شرط) یان، تیادا نەهاتە دی، واتە: ڕوخساری دەرەوەیان گرفتی تیادابوو، ئەمەیش هەر بەخراپ (فاسد) ناوزەرد دەکرێتو، ئەگەر کەسی گرێبەستکار، هەستا بە جێ بەجێ کردنی گرێبەستەکە، ئەوا هەندێك لە ڕێو شوێنە شەرعییەکانی بۆ دەگرێتە بەر، هەروەك لە مامەڵەکردندا بەنرخێکی نادیار، یان بە نرخێکی دواخراو بۆ کاتێکی نادیار، یاخود مەرجی خراپ (فاسد)ی خرابێتە سەر، یاخود ئافرەتێ مارە کرابێت، بەبێ شایەت، لەم حاڵەت گەلەداو، لە کڕینو فرۆشتنەکەدا، ئەوا موڵکەکە دەچەسپێت بۆ کڕیارو دەبێتە خاوەنی، ئەگەر فرۆشیار لە سەری ڕازی بەەو، لە مارەکردنی بێ شایەتدا، ئەگەر کابرا ژنەکەی گواستبوویە، ئەوا مارەیی هاو شێوەی خوشكو کەسەکانی ئەو ژنە کە شوویان کردووە، چەندە، دەبێت ئەوەندە بۆ ئەمیش بکات، (مهر المثل)و، لە کاتی جیابونەوەشیدا ژنەکە عیددەی لە سەرەو، دەبێت بە تەواکردنی عیددە وە پابەندبێتو، ڕەچەڵکیش تیایدا دیاری دەکرێت،و ئەگەر منداڵی بوو، ئەو پیاوە بە باوکی دیاری دەکرێت، تا مافی منداڵەکە ڕەچاو بکرێت. لەم نموونانەوە ڕوون دەبێتەوە، کە گرێبەستی قەڵب (فاسد) لە خودی خۆیدا هیچ ڕێو شوێنیکی شەرعی لە سەر ماگرێتە بەرو، ئەو ڕێو شەێنانەی کە باسکران، بۆی بەر پا دەکرێت.لە ڕووی جێ بەجێ کردنی گرێبەتەکەویە، چونکە جێ بەجێ کردنەکە، لای شەرع ڕەچاو دەکرێت، ئەو دۆخە تەمومژاوییەی کە بەهۆی ئەو گرێبەستە نادروستەوە ئەنجام دراوە، بڕەوێنرێتەوەو، پاشان ڕێو شوێنی شەرعی لە سەر دەگرێتە بەر،و واتە: دوای لاچوونی شوبهەکان لە سەری.(الباطل) لای حەنەفییەکان، ئەوەیە کە گرفتەکەی بگەڕێتەوە بۆ ڕوکنەکانی گرێبستەکە، واتە، بۆ شێوازی گرێبەستەکەو دوولایەنی گرێبەستەکەو جێگای ئەو گرێبیەست کردنە.

-(الفاسد)، ئەوەیە کە گرفتەکە بگەڕێتەوە بۆ ڕوکنەو چۆنیەتی (أوصاف)ی گرێبەستەکە، نەك بۆ ڕوکنەکانی لێرەدا ڕوکنەکانی تەواون، بەلام گرفت لە هەندێ شێوازو چونیەتییەکەیدیدا یە وەك، (نادیاربوونی نرخی شتی فرۆشراو).

بۆیە حەنەفییەکان دەڵێن، (فاسد) ئەوەیە کە لە بنەڕەتداو لی ڕوکنەکاندا شەرعییەو، گرفت لە چونییەتیەکەیدایەو، (باطل) ئەوەیە کە نەلە بنەڕەتداو نەلە چونیەتیدا شەرعی نەبووەو، نییە.[1]

٦٠- کانگای ڕاجیایی نێوان جەماوەری زانایانو حەنەفییەکان لەم گێرەو کێشەیاندا، لە سەر دوو پرس وەساوە:-

پرسی یەکەم:- ئایا ڕێگرتنی شەرع لەو گرێبەستە، مانای ئەوەیە کە لە ئەحکامی دنیاییەکاندا کاری پێ نەکرێتو، هەر کەسیش هەر کاری پێ بکات، لە ڕۆژی پەسلاندا لە سەری تاوانبارە، یان ئەوەیە کە لە هەندێ لە ئەحکام دنیاییەکاندا کاری پێکراوەو، کاری لەسەر ڕایی دەکرێتو، سەرەڕای ئەوەی کە بکەرەکەی تاوانبارە، لە ڕۆژی دوایدا؟

پرسی دووەم: ئایا ئەو ڕێگرتنە لەو گرێبەستە لە بەر ئەوەیە کە لە ئسلّدا گرفتی تیادایە، وەك ڕێگرتن لە هەر گرێبەستێك لە بەر ئەوەی کە گرفت لە چۆنیەتی (أوضاع)ە کانیدا هەیە، نەك لە پایە (أرکان)ە کانیدا، بەو مانایەی کە ئەو ڕێگرتنە لە هەدوو حاڵەتەکەدا چونیەکەو، هیچ کامیان هیچڕێو شوێنێکی شەرعییان لە سەر ناگرێتە بەر؟ یاخود لە نێوانیاندا جیوازی هەیە؟

بەلام جەماوەری زانایان، دەربارەی پرسی یەکەم دەڵێن: کە ڕێگری کردن شەرع لە هەر کات هاتە ڕوودان، بەشەرعی ناژمێردرێنو، هیچ ڕێو شوێنێکی شەرعی لە سەر

---

1 تیسیر التحریر، ب٢، ل ٢٩١و دواتر، الأمدي ب١، ل١٨٧،و هەروەها بڕوانە (کشافالقانع)، ب٢، ل٥و دواتر، (السرح الکبیر)، للدریر ب٣، ل٦٠، بدائع الصنائع، للکساني، ب٥،ل٢٩٩و دواتر، حاشیة الجریمي، ب٢، ل٢٢٢و دواتر، (الکنز) للزیلعی، ب٤،ل٦٠-٦١، مقدمات إبن رشدب٢، ل٢١٣و دواتر.

ناگرێتــە بــەرو، بکەرەکەشــی لــە ڕۆژی دواییــدا توشــی ســزای پــەروەردگار دەبێتــەوە.و دەربــارەی پرســی دووەم دەڵــێن، ئــەو ڕێگرتنــە (نهــي) کردنــە لــە هــەردوو حاڵەتەکــەدا چونیەکە، ئەو نەهی کردنو ڕێگرتنەی کە پەیوەنـدی بـە گرێبەسـتەکەوە هەیـە، لـە بـەر ئەوەی کە گرفت لە ئەسڵو ئەرکانی گرێبەستەکەدا هەیە، یان لـە بـەر ئـەوەی کـە نـەهی یەکەی گرفت لە وەصفـو چۆنیەتییەکەیدا هەیە، جیاوازیان نیەو، لە هەردوو حاڵەتەکـەدا گرێبەستەکە بەڕێ لێگیراو ئەژمار دەکرێتو، هیچ ڕێو شوێنێکی شەرعی لە سەر ناگرێتە بەر.

بەڵام حەنەفییەکان، دەربارەی پرسی یەکـەم دەڵـێن، ئـەو نـەهی کردنـە ڕێو شـوێنی شەرعیی لە سەرەو، کردنی تاوانە بەڵام بـە هەمیـشەیی گرێبەتەکـەی بەبـەتاڵ ناهێنرێتـە ئەژمار.

و دەبارەی پرسی دووەم دەڵێن: ئەگـەر ئـەو نـەهی کـردنو ڕێگرتنـە بـۆ گرفتێکـی وا بگەڕێتەوە، کە پەیوەندی بە ڕوکنەکانی گرێبەستەکەوە هەبێت، ئەوە مانـای ئەوەیـە کـە گرێبەستەکە بەتاڵەو ، هەر کات پراکتیزە کرا، هیچ گرینگییەکی پێ نادرێتو، ئیحتیباری نییە، وەك، فرۆشتنی مردارەوە بووو، مامەڵەی کەسی شێتو، ئەگـەر ئـەو نـەهی کردنـە پەیوەندی بەگرفتێکەوە بوو، کە لە چـۆنیەتی (أوصـاف)ی گرێبەسـتەکەدا هـەبوو، ئـەوە ئەو گرێبەستە گەنو پەنە (فاسد)ەو،هەڵناوەشێتەوەو، هەندێ ڕێو شوێنی شـەرعیی لـە سەر دەگرێتە بەر، بەڵام گەندەڵی تیادا بەکار هێنراوە.[1]

---

1 بڕوانە (المستصفى) ی، ئیمامی غەزالی ب١، ل٦٠-٦١،و ب٢، ل٩و دوای ئەویش.

﴿بەشی دووەم﴾

باسی (الحاكم: یاسادانەر)

٦١- لە پێناسەی(حوكم)دا، ئەوەمان دركاند، كە بریتی یە لەو كاروكردەوانەی كە خیتابی خوای پەروەرگار داوای دەكاتو، پەیوەندی هەیە، بەكارو كردەوەی ئەوانەی كە گەیشتوونەتە سنوری تەكلیفی شەرعی (مكلف) ئیتر لە ڕووی داواكردن (طلب) بێت، یان لە ڕووی سەرپشكردن (تفجیر)، یان لە ڕووی دانان (وضع)ەوە، بێت.

ئەم پێناسەیەش ئاماژە بەوە دەكات، كە سەرچاوەی ئەحامەكان لە شەریعەتی ئیسلامدا، تەنها خودی زاتی پەروەردگار خۆیەتی.كەواتە لە سەر ئەم بنەمایە، تەنها خوای پەروەردگار ، سەرچاوەو چاوی حوكمو یاساكانە، حوكمو شەرع تەنها ئەو حوكمو شەرعەیەكە خودا دایناێتو، ئەمەش بەڵگەی قورئانی لە سەرەو كۆڕایی ئەهلی ئیسلامی لە سەرە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾[1].یاساو ڕێسا دانان، تەنها پەروەردگارەو بەس.و هەروەها دەفەرموێت:﴿أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ﴾[2].حوكم بەس بۆ خودایەو، ئەو سەرچاوەی تاقو تەنهای دەركردنیەتیو، لە سەر ئەم بنەمایە، حوكم كردن بەغەیری ئەمەی پەروەردگار ناردوویەتی، كە قورئانە، كوفرە، چونكە بەس پەروەردگار مافی یاسا دەركردنی هەیەو، غەیری ئەو یاسا بۆ دانراوەو، یاسادانانەر نییە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾[3]. هەر كەس حوكم بەوە نەكات، كە خودا ناردوویەتی كە قورئانی پیرۆزە، ئەوا كافرەو لە ئیسلام چووەتە دەرێو، تەنانەت ئەركی سەر شانی پێغەمبەرانیش، تەنها گەیاندنو بلاوكردنەوەی پەیامەكانی پەروەردگارەو، كارو ئەركی سەرشانی موجتەهیدەكانیش ناساندنی ئەو

1 الأنعام (٥٧، یوسف ٤٠، ٦٧).

2 الأنعام (٦٢).

3 سورة المائدة (٤٤).

ئەحکامانەیەو، ڕوونکردنەوەو درخستنیانە، لو ڕێی ئەو پەیڕەو ڕێسا گەلەوە کە زانستی ئوصولی فیقھ دایناون.

٦٢- کە کۆ ڕایی (إجماع) یّکی پێکهێنراوو بەستراو هەیە، لە سەر ئەوەی کە تەنها (یاسا دانەر: حاکم) حاکم خوای گەورەیە: بەلاّم لێرەدا زانایان لە پرسێکدا ڕاجیاییان هەیە، کە دەتوانین بە دوو ڕەهەند دەری ببڕین:

یەکەم: ئایا حوکمو یاساکانی پەروەردگار، تەنها لە ڕێی پەیامبەرانەوە دەناسرێنو دەزانرێن؟ یاخود عەقلّ تەنها خۆیو بەسەر بە خۆیی دەتوانێت پەی ببات پێیان؟و ئەم پرسە لە سەر چ بنەمایەکە؟

دووەم: ئەگەر عەقلّ بۆی دەربێت، کە بەبێ پەیامبەران پەی بە حوکمو یاساکانی خوای گەورە ببات، ئایا ئەو هەستکردنو پەی پەی بردنە چوار چێوەی شێوازی تەکلیف تیایدا بەر جەستە دەبێت؟و بەکردنی لە لایەن بکەرەکەوە، ئەو کەسە تووشی ستایش یان سەر زەنشت کردن دەبێت لە دنیادا؟و پاداشت یان سزا وەردەگرێت، لە ڕۆژی قیامەتدا بە هۆی کردن یان ئەنجام نەدانییەوە؟ زانایان لەم دوو پرسەدا ڕاجیاییان هەیەو، ئێمە بەم شێوازەی لای خوارەوە، قسەو ڕاکانییان کورتو پوخت دەکەینەوەو، دوای ئەوەیش ڕای ڕاستر لەم بارەیەوە دەهێنینو دەخەینە ڕوو[1]:

٦٣- گفتی یەکەم، کە هی مەزهەبی موعتەزیلەو گروپێکە لە زانایانی مەزهەبی جەعفەری:-

---

1 دەربارەی ئەم باسە بڕوانە ئەم کتێبگەلە، (مرقاة الوصولو، حاشية الأزميري ب١،ل٢٦٧و دواتر (مسلم الثبوتو، شرحه فواتح الرحمت)ب١، ل٢٥و دواتر (المستصفى)ی ئیمامی غەزالی ب١،ل٥٥و (إرشاد الفحول)ی ئیمامی شەوکانی ل٦و دواتر (التوضيع وشرحه التلويح)، ب١، ل١٧٢و دواتر،و لە کتێبەکانی مەزهەبی جەعفەری بڕوانن کتێبی (القوانين)ی ئەبو قاسمی گەیلانی،و (الفصول في الأصول)ی الشيخ محمدحسين رجيم والتقريرات التائينى. ب٢، ل٣٤و دواتر، و(اللأرئك)ی، شیخ مەهدی ل ١٣ و دواتر .

پەختەکەی ئەوەیە کە کارو کردەوە، لە خودو زاتی خۆیدا چاکیو خراپی تیادایەو، عەقڵ دەتوانێت بەسەر بەخۆیی، هەست بە چاکەو خراپەی زۆر لە کارو کردەوەکان بکات، لە ڕوانگەی صیفاتەکانی ئەو کارو کردەونەوەو، لە ڕوانگەی دەرهاوشتیە سود مەندو زیانمە دەکەینەوە پەی پەی دەبات، کە تا چەند بەرژەوەندی تیادایەو، تا چەند خراپەی لێ دەکەوێتەوەو، ئەم هەست کردنو پەی پەی بردنە لە سەر ئەمە گەیاندنو بڵاوکردنەوەی پەیامبەران نەوەستاوەو عەقڵ خۆی دەیزانێت، چاکەو خراپە زانین دوو شتن کە پەیوەندیان بە عەقڵەوە هەیە نەك بەشەرعەوە، واتە: زانینو هەسکردنو پەی پەی بردنە لە سەر شەرع نەوەستاون، بەڵکو لە سەر عەقڵو ژیری وەستاونو، حوکمی خوای پەروەردگاریش هاوڕێكو موافقی ئەو شتانەیە کە عەڵ پەی بردووە یان پەی دەبات پێیان، لە ڕووی چاکیو خراپەوە،و ئەوەی عەقڵ بەچاکی زانی، ئەوە لەلای خوای گەورەیش چاکەو، لە سەر مرۆڤ پێویستە ئەنجامی بداتو، بە کردنیشی ستایشو پاداشت وەر دەگرێتو، کە ئەنجامیش نەدا، شایستەی سەر زەنشت کردنو سزایەو، ئەوەی کە عەقڵ بەزانستو خراپی دانا، ئەوە لای خوای پەروەردگاریش خراپەو ناشرینەو، لە سەر مرۆڤ پێویستە کەوا وازی لێ بهێنێتو، لێی دوور بکەوێتەوەو، کە ئەنجامیش نەدا، شایستەی ستایشو پاداشتەو کە ئەنجامیشی دا، شایستەی سەر زەنشتکردنو سزای خوایە.

بۆیە ئەحکامەکانی شەرع لە ڕوانگەی خاوەنی ئەم بیرو ڕاگەلەوە ئەوەیە کە ئەو ئەحکامە شەرعییانە کاتێك بەرپا دەبنو دێن، کە هاوڕێكو گونجاو بن، لە گەڵ ئەوەیدا کە عەقڵ هەستی پێکردووەو پەی پەی بردووە، لە ڕووی چاکیو خراپییەوەو، ئەوەی کە ئەقڵ بە چاکی داناوە، ئەوا شەرعیش داوای کردووە کە ئەنجام بدرێتو، داوای نەکردوە کە ئەنجام نەدرێتو، داوای ئەنجام دانیشی نەکردووەو، ئەوەی کە عەقڵ پەی نەبردووە، بە چاك بوون، یان خراپ بوونو، بۆی یەکلایی نەبۆتەوە، وەك لە هەندێ لە پەرستشەکانداو چونیەتی ئەنجامدانیاندا هەیە، ئەوا فەرمانکردن یان فەرمان تەکردنی شەرع تیایاندا، ڕووی چاکی یانخراپی ئەم کردەوە نادیارانە دەر دەخات.لە سەر ئەم

بنەمایە، ئەوەیان بەر پاکردووە، کە مرۆڤی خاوەن تەکلیفو ئەرك لە سەر شان، پێش ناردنی پەیامبەرانو، یان پێش ئەوەی بانگەوازی بگاتە لا، ئەوە لە سەرپەتیو لە سەری بووە، کە ئەو شتانەی عەقڵ بەباشی زانیوە، ئەنجامی بدات، دەبێت ئەنجامی دابێتو، ئەوەی لەلای عەقڵ خراپ بووە، دەبێت، وازی لێ هێنابێت، چەنکە ئەوە خۆی حوکمی خوای پەروەردگارەو، تەکلیفی بەر پرسیارێتیو موحاسەبەو، پاداشتو سزای لە سەر ئەوکارانە بۆ دێتە ئەژمار.

٦٤- گرفتی دووەم: ڕای ئەشعەرییەکانی لە سەرە، واتە: پەیڕەوانی ئیمام ئەبواحەسەنی عەلی کوڕی ئیسماعیلی ئەشعەریو، ئەو شەرعزانانەی کە لە ڕای ئەمان بوونو، هەروەها ئەم گفتە بیرو ڕای جەماوەری زانایانی ئوصولی فیقهیش لە سەرە.

پوختەی ئەم ڕێیە ئەوەیە کە، عەقڵ بە تەنها خۆی توانای هەستکردن بە حوکمی خوای نییەو، ناتوانێت بەسەر خۆی پەی پەی ببات، بەڵکو هەر دەبێت بە هۆی پەیامی پەیامبەرانو ڕاگەیاندنی ئەوان بیزانێتو هەستی پێ بکات، چونکە کارو کردەوەکان لە خودو زاتی خۆیاندا چاپەکی سروشتییان تیادا نییە، تا پەروەردگار فەرمان بکات بە کردنیو دان بنێت بە چاکەی ئەو کارەدا، هەروەك چۆن کارو کردەوەکان لە خودی خۆیانداو، لە زاتیاندا خراپ نین، تا پەروەردگاردا وا بکات، دەستیان لێ هەڵبگرێتو، ئیرادەو ویستی خوای گەورە ڕەهایە (مطلق)ەو، هیچ شتێك نییە، مەرجدارو سنوردارو کۆتەو پەیوەندداری بکات، بۆیە کارو کردەوەی چاکە، ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، ئەنجام بدرێتو، کارو کردەوەی خراپیش ئەوەیە کە شەرع داوای کردووە، نەکرێتو، لێی دووره پەرێز بینو، کارو کردوە پێش فەرمان کردنو بەرگرتن (أمرو نهی) شەرع، نە چاك بووەو، نە خراپو، کارو کردەوەکە بەچاك دانرا، لە بەر ئەوەیە کە شەرع بە چاکی داناوەو، نەك لە خودی خۆیدا چاك بێتو، کە شەرعیش نەهی لێکرد، ئیتر ئەو کارە دەبێتە خراپ، نەك لە بەر ئەوەی کە لە خودی خۆیدا خراپ بێتو، کاروکردەوەکان بالأنسی چاکیو خراپی خۆیان لە شەرع وەردەگرن، نەك لە خودی خۆیان.

لە ڕوانگەی ئەم بنەماگەلەی سەرەوە، دەزانرێت، کە پێش ناردنی پەیامبەران خوای گەورە حوکمی چاکیو خراپی بەسەر کارو کردەوەکاندا نەداوە، بۆیە کە پەیامبەرێك نە هاتبێت، کە حوکمو یاساکانی خودا بەخەڵك بگەیەنێت، بۆیە هیچ حوکمێك نەبە چاك، نەبە خراپ، بەسەر کردەوەکانیاندا نادرێتو، هیچیان لە سەر پێویست (واجب) نابێتو، هەروەها هیچ کارێکیان لە سەر حەرام نابێتو، حوکمیش لەسەر شتەکان نەدراو، یەکلایی نەبوویەوە، تەکلیفیش لە سەریان دانانرێتو، کە تەکلیفیش نەبوو، لێپرسینەوەیان لە گەڵ ناکرێت، لە سەریو هیچ ستایش یان پاداشتو سەرزەنشتو سزایەك وەرناگرن.

٦٥- گفتی سێیەم: کە ئەمەشیان ڕای ئەبو مەنصور موحەممەدی کوڕی موحەممەدی ماتوریدییەو، لێکۆڵەرانی مەزهەبی حەنەفیو، هەندێ لە زانایانی ئوصولیش بەلای ئەم ڕایەدا چوونو، هەروەها گروپێك لە جەعفەرییەکانو خەڵکی تریش هەر ئەم ڕایەیان هەڵبژاردووە.

پوختەی ئەم ڕایەش ئەوەیە کە کارو کردەوەکان چاکیشیان هەیەو خراپیشیان هەیەو، لە زۆربەی کارەکانداو، لە ڕوانگەی سیفەتو چونیەتی ئەو کارەوەو، هەروەها لە ڕواگەی لایەن چاکەو خراپەکانی ئەو کارانەوە دەتوتنرێت عەقڵ هەست بە زۆریان بکاتو، پەی ببات پێیان، کە چاکن یان خراپن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە عەقڵ شتێکی بە چاك زانی، ئیتر شەرعیش فەرمان بکات، بەچاکبوونی ئەو شتەو بڕیاری لە سەر بداتو، هەوەها ناکاتە ئەوەی کە فلاچن کار بەعەقڵ خراپە، ئیتر شەرعیش بە خراپ بزانێت، چونکە عەقڵەکان هەر چەندە تێرو پێگەیشتووبن، هەر لە کورتی دەدەنو، هەرچەندە فراوان بن، هەر ناتەواونو، ئەو کارەی سەرەوەیان پێ هەڵناسوڕێ لەم ڕواگەیەوە ئەوە لەم بارەیەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ئەوەیە کە ئەوەی کە لە کارێکدا عەقڵ پەی پێ بکات کە چاکە، ئەو پەی پەی بردنە وا لەو کارە دەکات، کە گونجاو بێت، بۆ ئەوەی کە شەرع بە چاکی بزانێتو، هەروەها ئەوەی کە عەقڵ ئاشکرای دەکات، لە کارێکدا کە فلان لایەن خراپە، ئەم زانینو ئاشکرا کرنەیش وا لەو کارە دەکات، کە ئیتر شەرع بڕیار لە سەر خراپەی ئەو کارە بداتو، ناگوترێتو نابێت بگوترێت، کە چاکەو

خراپە (الحسن والقبح)، خۆیان پێویستیاکاری ئەوەن، کە دەبێت بۆ هەر کارێك لە ڕوانگەی ئەوانەوە حوکمی (ئەمر)و (نەهی) پەروەردگار لە سەریان دەربکرێت، (ئەمە وانییەو، حوکمی خودا مەرجو پەیوەندی قبوڵ ناکاتو، خودا خۆی حاکمی موتڵقە).

لەم ڕوانگەیەوە بێت، حوکمی خوای گەورە تەنها لە ڕێی پەیانبەرانو پەیامەکانیاوە دەزانرێتو، بێ ئەوەان هەستی پێ ناکرێتو،بۆیە پێش ناردنی پێغەمبەرانو پێش گەیاندنی بانگەوازەکەیان خودا فەرمانی داناوە. بەسەر کارو کردەوەی مرۆڤەکانەوە، کە حوکمیش نە بووو، دیاری نەکرابوو، ئیتر تەکلیفیش لە ئارادا نابێتو، کە تەکلیفیش بوونی نەبوو، بۆیە پاداشتو سزایش لە سەر ئەو کارو کردەوانە دانانرێت.

گفتو ڕای هەڵبژێردراو:-

گفتی سێیەم، گفتی هەڵبژێردراو باشترە (أرجح)ـە، بەپێی بەڵگەی قورئانو، بەڵگەی عەقڵ، جا سەبارەت بە بەڵگەی قەرئان، ئایەتی زۆر هەن، کە بەڵگەی لە سەر ئەوەی کە خوای گەورە فەرمان بەو شتانە دەکات، کە باشنو چاکنو، ڕێ دەگرێت، لەو شتانەی کە خراپنو، پێش ئەمرۆ نەهی کردن لە کارو کردەوەکان، خودی کارو کردەوەکان چاکو خراپەیان تیادا جێگیر بووە، وەك خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِ﴾[1]. واتە: خودای پەروەردگار فەرمان دەکات، بە دادگەریو چاکە کردنو سیلەی ڕەحمو چاکە لە گەڵ خزمو کەسو کارو، ڕێ دەگرێت لە هەموو کارێکی خراپەو دزێوو ستەمو لە سنوور دەرچوون، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ﴾[2]. واتە: فەرمانیان بە چاکە

---

1 النحل (٩٠).

2 الاعراف (١٥٧).

پێ دەکاتو، لە شتی خەراپو ناپەسند ڕێیان لێ دەگیرێتو، هەموو شتێکی پاكو خاوێنیان بۆ حەڵاڵ دەکاتو، هەموو شتێکی پیسو زیان بەخشیان لێ یاساغ دەکات.

بۆیە ئەوەی کە شەرع فەرمانی کردووە، بە ئەنجامدانی لەبەر دادگەریو، چاكو پاكو جون بوونیەتیو، ئەوەی کە شەرع ڕێی گرتەە لە کردنی، لەبەر خراپیو ناپەسندیو لە سنوور دەرچوونیەتیو، ئەوەی لە شتی پاك بۆی حەڵاڵ کردوونو لە شتی خراپ کە حەرامی کردووە، سەرجەم ئەم سیفەتو خەسڵەتە جوانو خراپانە، لە خودی کردەوەکاندا جێگیر بوون، پێش هاتنی دەقی شەرعیی لە سەریانو، ئەمەیش بەڵگەو دۆکیۆمێتە لە سەر ئەوەی کە کارو کردەوەکان لە خودی خۆیاندا (ذاتیاً) چاکن، یاخود خراپن.

لەم نێوەندەداو بەپێی پێویست عەقڵیش هەست دەکات بە چاکەی هەندێ کردەوەو خراپەی هەندێ کردەوەی تر وەك زانینو هەستکردن بەوەی کە دادگەریو ڕاستگۆیی دووکاری جوانن، و ستەمو دروستکرن دوو کردەوەی خراپن، بەڵام حوکمی خودای مەزن لە سەر ئەمانە تەنها لە ڕێی پێغەمبەرانەوە دەزانرێت، بۆیە هەر کارێك کە پێغەمبەرێك پەیامی خوای لە سەر دەر نەبڕیبێت، کە حوکمەکەی چییە؟ بە کارو کردەوەو هەستی خەڵك حەلاچلیو حەرامی ئەو کارە ناچەسپێت، وەك پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[1] واتە: ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکمان بۆ نەناردبن، تا ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، کەواتە پێش ناردنی پێغەمبەرانو، پێش گەیشتنی بانگەوازەکە، سزادان لە سەر کردەوە نییەو، کە سزایش نەبوو، تەکلیفیش نییەو، کە تەکلیفیش نەبوو، ئەوا حوکمدانی خودای مەزن بە سەر چاکیو خراپی کردەوەکاندا نابێتو، داوای کردن یان نەکردن یان سەر پشك بوون لە نێوان کردنو نەکردندا ناکات، ئەم وتەیەی ئیمامی شەوکانی چەند جانە؟ کە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: نکۆڵی کردنی ئەو پرسەی کە ڕای وای تیادایە، کە تەنها عەقڵ

1 الأسراء (١٥).

دەتوانێت چاکەو خراپەی کردەوەکان هەست پێ بکات‌و، یەکلایی بکاتەوە، نەوەك دەرەنجامی کارەکان، ئەمە قسەیەکی بێ بەڵگەیەو دەماراوی‌و نکوڵە کارو بێ بنچینیەو هەروەها ناتوانرێت ئەوەیش پەسەند بکرێت، کە گوایە عەقڵ دەتوانێت، هەست بەوە بکات‌و، پەی بەوە ببات، کە فلاَن کردەوەی چاك پاداشت دەرەو، فلاَن کردەوەی خراپە سزادەرەو، دواجار ئەوەی کە عەقڵ پەی دەبات پێی ئەوەیە کە فلاَن کاری چاك بکەرەکەی ستایش دەکرێت‌و،فلاَن کاری خراپ ئەنجامدەرەکەی سەر زەنشت دەکرێت‌و، لە نێوان ئەم پرسەو ئەم پادشت‌و سزادارییەی کردەوەکاندا هیچ پەیوەندی‌و پێکەوە بەسترانێك بوونی نیە.

٦٧- بەرهەم‌و دەرەنجامی ئەم ڕاجیاییە:

لە دەرەنجامی ئەم ڕاجیاییە لە سەر بەچاك دانان، یان بەخراپ دانانی کردەوە،ئەم دوو بەرهەم‌و دەرەنجامەی خوارەوەمان دەست دەکەوێت:

یەکەم: هەرکەسێ بانگەوازی ئیسلام، یاخود بانگەوازی پێغەمبەرانی نەگەشتبێتەلا، بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە لە لای گروپی موعتەزیلە لە سەر کارو کردەوەکانی لێپرسینەوەو هەڵوێستەی لە سەر دەکرێت، چونکە لێی داوا کراوە، کە هەر شتێ عەقڵ بەچاکی زانی، دەبێت بیکات،و هەر شتێ عەقڵ بەخراپی زانی دەبێت دەستی لێ هەڵبگرێت‌و ئەمەش حوکم‌و یاسای خوای پەروەردگارە.

لەلای ئەشعەرییەکان‌و ماتۆریدییەکان‌و هاوڕاکانییان ئەوەیە کە هەر کەسێ بانگەوازی نە گەیشتبێتە لا، نە لێپرسینەوەو نەسزای لە سەر نییە.

دووەم: لە دوای هاتنی شەریعەتی ئیسلام، هیچ ڕاجیایی نییە لە نێوان زانایاندا، لە وەیدا کە حوکمی خودای مەزن، بە هۆی ئەو یاساو ڕێساو شت گەلەوەدەزانرێت‌و، دەفامرێت، کە خودا لە کتێبەکەیدا باسی کردووەو، هێناویەتی، یاخود لە ناو سوننەت‌و فەرمودەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووەو، هەردووکیشیان، واتە قورئان‌و سوننەت، لە لایەن پێغەمبەرەوە(ﷺ) بلاَو کراونەتەوەو، گەیەندراون.

بەڵام ئەگەر لە پرسێکدا حوکمی شەرع نەهاتبوو، ئەوا بەڕای گروپی یەکەم (ئەوانەی کە دەبێژن عەقڵ چاكو خراپەکان لێك جوێ دەکاتەوە)، ئەمانە دەڵێن، عەقڵ سەرچاوەی ئەحکامەکانە، واتە ئەو پرسەی کە لە شەرعدا حوکمی لە سەر دیاری نەکراوەو نەهتووە، ئەگەر عەقڵ بەچاکی زانی ئەوە واجب جێ بەجێ بکرێتو، ئەگەر عەقڵ بە خراپ زانی، ئەوە کردنی حەڕامە، چونکە حوکمی خوای پەروەردگار لە کارو کردەوەکاندا لە سەر بنەمای (چاك: حسن)و (خراپ: قبح)ی ئەو کردەوانە وەستاوەو، هەرکاتو لە هەر پرسێکدا حوکمی شەرعی لە سەر نەهاتبوو، ئەوە مانای ئەوەیە کە شەرع موڵەتی داوە پێمان، کە بگەڕێنیەوە بۆ لای عەقڵ، تا ئەو لە سەر بنەمای چاکیو خراپی کارەکە بڕیارمان بۆ بداتو، لە سەر ڕای گروپی دووەمو سێیەم، عەقڵ سەرچاوەی حوکمەکان نییەو، بەڵکو حوکم لە سەرچاوە جێگیرەکانی فیقهەوە وەردەگیرێت، کە بێگومان، عەقڵ لە نێو ئەو سەرچاوانەدا وەك سەرچاوەی هەڵمێنجانی حوکم دیاری نەکراوەو، نەهاتوو.

بەشی سێیەم

((باسی المحكوم فيه : حوکم لە سەر دراو))

٦٨- المحكوم فيه: ئەو شتەیەکە بڕیارو خیتابەکەی شەرع لە سەری هاتووەو، پێوەی پەیوەستەو، ئەگەر ئەو خیتابەی شەرع لە حوکمێکی تەکلیفیدا بوو، ئەوە ئەوشتە حوکمی لە سەر دراوە، کردەوەیەکی پڕکتیکی (فیعل)ە، بەڵام ئەگەر حوکمەکە (وەضعی)بوو، تەکلیفی نەبوو، ئەوەبۆی هەیە، شتە حوکم لە سەر دراوەکە (فیعل: کردەوە) بێت، لە سەر شانی کەسی موکەللەف، وەك لە گرێبەستو، تاوانەکاندا هەیەو، جاری وایش هەیە، کە کارو فیعل نییە، لە سەر شانی موکللەفو، بەڵکو بۆ فیعلەکە دەگەڕێتەوەو بەس فیعل نییە وەك بینینی مانگ لە ڕەمەزاندا، کە شەرع کردوویەتیە هۆکارو سەبەب بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزانو، ڕۆژو ویش کاری سەر شانی کەسی

موکەللەفەو، کردەوەیەکە کە ئەنجامی دەدات، جا (محکوم فیه) هەروەها (مەحکوم بە) یش پێی دەگوترێت، بەڵام ناو نانی یەکەم باڵاترو لە پێشترە[1].

لەم فەرمایشتەی پەروەردگاردا کە دەفەرموێت: ﴿وأتوا الزكاة﴾ ئەو واجبی بوونی زەکاتەی کە لەم حوکمەوە دەستمان کەوتووەو، بەهۆی ئەم حوکمەو فەرمانەوە زانیومانە کە زەکاتدان واجبە پەیوەستە بە کاری سەر شانی کەسی موکەللەفوە، کە دانی زەکاتو، ئەم پەیوەست بوونە دانەکەیشی واجب کردووە.

کە خوا دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ﴾[2]. ئەو حەرام بوونەی کە لەم حوکمەوە دەستمان کەوتووە پەیوەستە بە کارو فیعلی موکەللەفەکەوە، کە کاری داوێن پیسی یەو، ئەم پەیوستیە کارەکەی حەرام کردووە.

هەروەها کە پەروەردگار دەفەرمویت ﴿إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَٱكْتُبُوهُ﴾[3]. ئەو مەندبو باشیەی کە لەم حوکمەوە دەستمان دەکەوێت، پەیوەستە بەکارو فیعلی موکەللەفەوە، کە نووسینو یاداشتکردنی قەرزەو، ئەو پەیوەستیە ئەم کارەی کردۆتە مەندوب، هەروەها کە قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ﴾[4]. ئەو کەراهەتو خراپێەی کە لەم حوکمەوە وەرمان گرتووەو، دەستمان کەوتووە، پەیوەستە بەکاری موکەللەفەوە، کە بەخشین شتی پیسو خراپەو، ئەم پەیوەستیە کارەکەی مەکروە کردوون. هەروەها خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾[5]. ئەو حەڵاڵ بوونەی کە لەم حوکمەو دەقەوە دەستمان

---

1 تيسير التحرير، ب٢، ل ٣٢٨.

2 الأسراء (٣٢).

3 البقرة (٢٨٢).

4 البقرة (٢٦٧).

5 الجمعة (١٠).

کەتووە، پەیوەستە بەکەکارو کردەوەو، فیعلی کەسی موکەللەفـەوە، کـە بلاوبوونەوەیـە بەسەر زەویداو، ڕۆشتن هەموو کەسێکە بەدەم کاری خۆیەوەو، ئەم پەیوەست بوونەیـە، کە کارەکەی حەلاڵ کردووە.

زانایانی ئوصولی فیقه، سەبارەت بـەو کـردەوەو فیعلانـەی کـە تەکلیفەکـە پەیوەسـتە پێیانە، لە دوو ڕەهەندەوە قسەیان لە سەر کردووە.

- ڕەهەندی یەکەم: لە ڕوی مەجەکانی ئاستی دروستی ئەو تەکلیف کردنەوە.
- ڕەهەندی دووەم: لە ڕووی ئەو لایەنەوە کە ئەو فیعلو کردەوانەی خراوەتەلا.

و ئێمە لەم کتێبەدا، لەسەرجەم ئەو ڕەهەندانەی‌و، هەر یەکـە لـە باشـی باسـی خۆیـدا دەدوێن.

«بەشە باسی یەکەم»

مەرجەکانی ئاستی دروستی ئەو تەکلیفەی، کە کراوە بـۆ ئەنجامـدانی کارێك، یاخود مەرجەکانی حوکم لە سەر دراو.

٦٩- لە کردەوەکەدا چەند شتێك بەمەرج گیراون، تـا ئـەو تەکلیفـە لـە جێگـای خۆیـدا بێت‌و، دروست بێت، کە ئەو مەرجانەیش بریتین لە:-

یەکەم: دەبێت ئەو کارو کردەوەیە، لە لایەن کەسی موکەللەفەوە زانراوبێت‌و، زانیـاری تەواوی لە سەری هەبێت‌و، ئەو ئاستی زانین‌و زانیارییە دەبێت، ئەوەندەزۆر بێت، کەهانی بدات، لە سەر ئەنجامدان‌و جێ بەجێ کردنی، بـەو شـێوازەی کـە داوای لێکـراوە بیکـات، بۆیە تەکلیف خستنە سەر شانی مرۆڤ بەکردنی کارێك کە نایزانێـت، دروسـت نییـە، بۆیـە ئـەو تەکلیفانـەی کـە قورئـان بـە گـشتی (مجمـل)ی باسـی کـردووە، وەك نوێـژ کـردن‌و زەکاتدان، پێغەمبەر (ﷺ)بە جۆرێك ڕوونی کردوونەتەوە، کە ئەو ناریـاری‌و کـورتبڕی‌و، گشتی بوون (مجمل) ییەی لە سەر لابـردوون، چـونکە ئەمـە کـاری پێغەمبـەرە(ﷺ) کـە ڕاڤەو ڕونکردنەوەیە لە سەر ئەحکامە شەرعییەکان، هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾[1].واتە: قورئانمنام ناردۆتە سەرت ئەی موحەممەد، تا بۆیانی ڕاڤەو شی بکەیتەوە. مەبەستیش لە زانیاری (علم)، کە لە سەرەوە باسمان کرد، کە دبێت، موکەللەف هەبێت، بەشتەکان، ئەوەیە کە دەبێت لە خودی خۆیدا ئەو زانیارییەی هەبێت، یاخود بتوانێت بە دەستی بهێنێتو، توانای هەبێت، بۆ خۆی یان بە هۆی شتو ئامرازێکی ترەوە، زانیاری پەیدا بکات، لە سەر ئەو شتە کە تەکلیف کراوە، بیکات، وەك ئەوەی کە پرسیار لە زانایان بکات، لە سەر ئەو شتەو لە سەر ئەو تەکلیفە، تا شارەزابێت لە سەری، یاخود نیشانەو ئامراز هەبن، لە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە توانای ئەوەی هەیە شارەزایی لە سەر ئەو شتە تەکلیف لە سەر کراوە پەیدا بکات، وەك ئەوەی کە کابرا نیشتە جێی (دار الأسلام) بێت، چونکە ئەو جێگاو ژینگەی (دار الأسلام)ە جێگای زانین ئەحکامەکانی شەریعەت، چونکە ئەحکامەکانی شەریعەت لە (دار الأسلام)دا بڵاونو، زۆرنو، مرۆڤ دەتوانێت پەی بەزانینان بباتو، بڵاویو زۆریش نیشانەی زانینو زانیاری پەیدا کردنە بەهەر شتێك کە زۆربێت، بۆیە شەرعزانەکان فەرموویانە: زانیاریو زانست بوون، بەشتەکان، لە سەر کەسێك کە دنیشتووی (دار الأسلام) بێت، پێویستەو، بە پێویستو فەرز لە سەری دادەنێت (واتە: بیانووی نەزنینی نییە).

ئینجا ئەو قاعیدەو بنەمایەی کە دەڵێت: (لا يصح الدفع بالجهل بالأحكام في دار الأسلام)، واتە بیانووی نەزانینی حوکمی شەرعی لە سەر شتەکان، بۆ کەسێك لە (دار الأسلام)دا بژی بەبیانوو بۆی حساب ناکرێت، ئەم یاسایە لە بەر ڕۆشنایی ئەو دەقانەی سەرەوەدا گوتراوەو، ئەکەش سەبارەت بە غەیری (دار الأسلام)و خەڵکی نیشتە جێی (دار الأسلام) ڕاجیایی نێوان زانایانی دروست کردووە، چونکە بەو پێیە بێت، زانیینی حوکمە شەرعییەکان بۆ ئەوان بە پێویست لە سەریان (بە هەمیشەییو هەموو کەسێك) نەزانراوەو، بیانووی نەزانینیان لیٚ وەردەگیرێتو، بە پاساو بۆیان دێتە ئەژمار بۆیە

---

1 النحل (٤٤).

هەرکەسە لە غەیری (دار الأسلام)مسوڵمان بووو، نەیزانی کە نوێژ کردن واجبە، هەر کات ئەو نەزانینیەی دواتر زانی‌و دەستی کەوت، ئەوا قەزاکرنەوەی ئەو نوێژانەی لە سەر نییە، کە لە کاتی مسوڵمانیشدا، بەلاّم بە زانینی واجب نوێژ نەیکردوون، یاخود ئارەقی خوارد، بەلاّم نەیدەزانی حەڕامە، کە گەڕایەوەو سەردانی (دار الأسلام)ی کرد سزانادرێت، چونکە زانیاری لە سەر ئەو حوکمە نەبووە.

یاساو قاعیدەی ئەم پرسە، لە یاسا مرۆڤ کردەکان‌و، شەریعەتی ئیسلامیدا چونیەکە، هەر یاسایەك بە ڕێگای یاسایی بلاّو کرایەوە، ئیتر ئەوەیە زانراوەو، زانیاری دار دێتە ئەژمار، لە سەری موکەللەف، بۆ نموونە وەك ئەوەی کە لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا بلاّو بکرێتەوەو، مەرج نییە ڕاستەو خۆ کەسی موکەللەف ببینێت‌و، بزانرێت، بەلاّم بلاّوکردنەوەی ئیتر لە سەر شانی موکەللەف حسابەو بە زانین لە سەر شانی حساب دەکرێت.

٧٠- دووەم: دەبێت ئەو کارەی کە تەکلیف کراوە ئەنجام بدرێت، لە توانای کەسە موکەللەفەکەدا هەبێت، کە ئەنجامی بدات‌وجێ بەجێی بکات، یان نەیکات، چونکە مەبەست لە تەکلیف، گوێڕیەڵی کردنی فەرمانی پەروەردگارە، کە کەکارەکە لە دەرەوەی سنوری تواناو ورەی موکەلەفدا بوو، ئەو کاتە بەگوێڕایەڵی نایەتە ئەژمارو بە ڵکو بەبێ هودە (عبث) حساب دەکرێت‌و، خودای مەزن‌و شەریعەتیش دوورن. لە کاری بێهودەو، لە ڕوانگەی ئەم مەرجەی سەرەوە، ئەم دوو شتەمان بۆ ڕوون دەبنەوە:

یەکەم: تەکلیف خستنە سەر شان، لە شەرعدا بۆ کارێکی نەگونجاوو دوورو نابەجێ (مستحیل) بوونی نییە، ئیتر چونیەکە ئەو کارە لە خودی خۆیدا موستەحیل بێت، وەك کۆکردنەوەی دووشتی دژ بەیەك، یاخود بەهۆی شتی ترەوە بووبێتە موستەحیل، وەك ئەوەی کە لە عادەتی دنیادا ڕوودانی نەبێت‌و، نامسۆگەر بێت، هەر چەندە عەقڵیش ڕێگای پێ بدات، وەك فڕین بەبێ ئامرازێك وەك فڕۆکە، یان باڵ، کە سوننەتی کەونی (نەریتی بوون)، بوونی شتێکی لەو جۆرە کارە بەوە زانیوە، کە بۆی هەیە، ڕوو بدات، بەلاّم دواجار تەکلیف کردن بەشتی نامسۆگەر (مستحیل)، بە هەردوو جۆرەکەیەوە کە

باسمان کرد، تەکلیفەکە لە دەرەوەی سنوری توانای مرۆڤەوەیەو، بۆیە شەرع داوای نەکردووە، شتی موستەحیل ئەنجام بدرێتو، خۆی لە تەکلیفی نابەجێ بە دوور گرتووە.

دووە: تەکلیف لەو شتانەدا ناکرێت، کە لە دەرەوەی ویستو ئیرادەی مرۆڤەوەن، وەك ئەوەی کە تەکلیف بخرێتە سەرشان، کە کارێکی دیارینەکراو بکات، چونکە کارەکە دیاری نەکرا، لە دەرەوەی ویستو توانای مرۆڤەوەیەو، ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات، ئەوەیە کە فەرمان بکات، بە کارێکی دیاری کراوو ناسراو، یاخود فەرمان بکات بە کەسانی تر، کە کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن.

هەروەها شتی تری لەم بابەتەیش هەن، وەك تەکلیف کردنە سەر کۆمەڵێك شتی پەیوەست بە ویژدانو دڵەوە کە تەواوی دەرونی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەنو، کردوویانو، مرۆڤ ناتوانێت زاڵ ببێت، بەسەریانداو، ناخی لە سەریان ڕاهاتووەو، شتەکە پەیوەندی بە ناخو دەرونیانەوە هەیە، هەر بۆیە دەربارەی مانەوەی شەوانە لەلای کەسێك کە زیاد لە ژنێکی هەیە، لە فەرموودەی پیرۆزدا، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە، کە فەرموویەتی: (اللهم هذا قسمي فيما أملك، فلا تؤاخذني فيما تملك، و لا أملك) واتە: پەروەردگارا ئەوەی لە توانای مندایە، لە بەشی شەوانەی هەریەکە لە ژنەکانمدا، ئەوەتا بە داد پەروەرانە جێ بەجێم کردووەو، مافی کەسێکم نەداوە، بە کەسێکی تر، بەلاّ سەبارەت بەو شتانەی کە پەیوەندییان بە دەرونو مەیلی دڵەوە هەیە، خودایە لێم نەگری، چونکە ئەوەی لە توانای مندا نییەو، تەنها دەسەلاّتی تۆیە! واتە: لەو مەیلە دڵیو حەزەی کە لە دڵەوە هەیبووە، بۆ هەندێ لە ژنەکانیو بۆ هەندێکی تریان کەمتر بووە، بەلاّم هەرگیز ئەم مەیلەی لە مەیدانی واقیعدا پڕاکتیزە نەکردووەو، لە نێوانیاندا داد پەروەر بوو.

هەروەها کە لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، کە دەفەرمێ(لا تغضب: تووڕە مەبە)، کە مەبەست لێی نەهی کردن نییە، لە خودی تووڕەیی، ئەگەر هاتوو هاتەدیو بەهۆی شتێکی تورەکەرەوە کە مایەی توڕەیی بوو، ڕوویداو، کابرا تووڕە بوو، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە با درێژدادڕی نەکات، لە توڕیداو، ئەوەندە زیاد تووڕەبێت، کە گوفتارو کردارگەلێکی لە دەست دەربچێت، کە نا دروست بن، بەڵکو پێویستە لە سەر

بێدەنگ ببێت، تا ئارام دەبێتەوەو، ئەو پشکۆی تووڕەییە لە دەروونیدا دەکوژێتەوە، هەروەك لە سەر مرۆڤیش پێویست لەو شتانە دوور بکەویتەوە، کە تووڕەیی ئەوکەسە دەورووژێننو، ئیتر ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات، بۆیە سەر جەمئەم کارە پەیوەندیارەی کە دەتوانێت بیکات، لە سەری پێویستە کە بیانکات، تا نەکەوێتە ناو ئەو کارە نادروستانەی کە لە ئەنجامی تووڕە بوونەوە ڕوودەدەن.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە مەیلی دڵ. هەرچەندە ناچێتە ناو چوارچێوەی تەکلیفەوە، وەك ئەوەی کەسێك لە ناو ژنەکانیدا یەکێکیانی زیاتر خۆش بوێت، یاخود وەك ئەوەی کە کەسێك لە نا منداڵەکانی خۆیدا یەکێکیانی زۆرتر خۆش بوێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش هەر پێویستە دادپەروەری بکات لە نێوانیاندا، چ لە نێوان کوڕەکانو چ لە نێوان ژنەکانیداو مافی هەموویانو هەریەکەیان وەك خۆی بداتو، بۆیە دروست نییە کە باوك بەهۆی ئەوەی یەکێك یان بەشێك لە منداڵەکانی خۆی زیاتر خۆش دەوێت، مافی زیاتریان بداتێو، بەوانی تری نەدات، چونکە ئەم کارە پەڕاوێز خستنی کەسانی تری تیادایەو، چاندنی دوژمنایەتییە لە نێوان براکانداو، بۆیە نەهی لێکراوە[1].ئینجا سەبارەت بەو مەیلەی دڵ کە پیوەستە بە بیرو باوەڕەوە.

وەك خۆش ویستنی خواو پێغەمبەرە خوا(ﷺ)، ئەمانە واجبن لە سەر کەسی موکەللەفو، لە سەری داواکراوە، کە ئەو خۆشویستنەی هەبێت، لە دڵداو، ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی ئەو خۆشەویستیە ئەنجامیان بدات، تا خۆشی بوێنو، ئەگەر خۆشی نەوێن، پاساوی نییە، یاخود لە میلی دلیدا دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەبێت، ئەمەیش هەر بێ پاساوە چونکە بە نەبوونی خۆشەویسی لە دڵیدا، یان بە بوونی دوژمنایەتی لە دڵیدا، بۆ خوداو پێغەبەر(ﷺ)، ئەمانە بەڵگەن لە سەر بێ باوەڕی ئەو

---

1 لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە نوعمانی کوڕی بەشیر مافو موڵکی دایە، یەکێك لە منداڵەکانی خۆیو، لەم بارەیەوە پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کردو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ئایا ئەو مافەت بە سەرجەم منداڵەکانت داوە؟ ووتی: نەخێر، پێغەبەریش (ﷺ) فەرمووی: لە خوا بترسەو لە نێوانیاندا دادپەروەر بە ریاض الصالحین، ل٢٦٦-٢٦٧.

کەسە، چونکە ئیمان پەیوەستە بە خۆشەویستی خواو پێغەمبەری(ﷺ)خواوەو، لە یکتری جیانابنەوە، کە جیا بوونەوەئەم بەڵگەیە، لە سەر نەبوونی ئیمان.

٧١- سەختیو ناڕەحەتی لە ئەنجامدانی کردەوە (عمل)دا:

گوتمان: لە کردەوە (فیعلو عەمەل)دا، بە مەرج گیراوە، کە دەبێت لە ئاستی توانای کەسی موکەللەفدا بێت، بەڵام ئایا بەمەرج گیراوە، کە دەبێت سەختو ناڕەحەتیش نەبێت؟ لە ڕاستیدا هیچ کردەوەیەك نییە، کە بەشێك لە ناڕەحەتی تیادا نەبێتو، ناڕەحەتی لەو شتانەیە کە لەو کردەوانەدا هەیە، کە داوا کراوەو تەکلیف کراوە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەگەر ناڕەحەتییەکە تیایدایە، ناڕەحەتییەکی ئاسایی بووو، مرۆڤ دەیتوانی بیکات، ئەمە کێشە نییەو ئاساییەو، نابێتە سەر بەست لە بەر دەم ئەنجام دانیداو، دەبێت ئەنجام بدرێتو، ناڕەحەتییەکە نەکرێتە پاساو بۆ ئەنجام نەدانی، بەڵام سەبارەت بەو ناڕەحەتییە نا ئاساییەی کە لە توانای مرۆڤدا نییەو، بەڵکو دەبێت زۆر لە خۆ بکاتو خۆی بخاتە ناو گرفتو چەرمە سەرییەکی زۆرەوە تا ئەنجامی دەدات، حوکمی ئەمەیان جیایەو بەم شێوازەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: ناڕەحەتی نائاسایی، جاری وا هەیە کە توشی کردەوەیەك دەبێت، بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتی کەسە موکەللەفەکەوە، وەك ڕۆژوو گرتن لە سەفەرو کاتی نەخۆشیدا، یاخود وەك زۆر کردن لە کەسێك بە کردنی کوفر، یاخود وەك فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە، کە ئەگەر مرۆڤ بیانکات، تووشی مەرگ لە ناچوون دەبێتەوە، لەم جۆرە دۆخانەدا شەرع ئەم ناڕەحەتیانەی لابردووەو، کۆمەڵێك دەرفەت (رخصة)ی داناوە، کە بەهۆیانەوە کەسی موکەللەف دەتوانێت ئەوکردەوە واجبانە ئەنجام نەداتو، کارە حەڕامکراوەکە بکات تا تووشی ناڕەحەتی نەبێتو، دژواری لە سەر لاببات.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش شەرع داوای پشودرێژیو دان بە خۆگرتنی کردووە، لە سەر هەندێ لەو ناڕەحەتیانەی نائاساییانەی کە لە هەندێ کردەوەدا هەنو، کردنیانی بە مەندوب داناوە، وەك ئەو کەسەی کە بەزۆر داوای لێدەکرێت کوفر بکات، کە دەرفەتی هەیە، لە شەرعدا، کە ئەو کوفرە بکاتو، گوناهباریش نییە، بەڵام مەندوبو هەڵبژێردراو

ئەوەیە کە خۆڕاگری بکات، لە سەر ئەو ناڕەحەتییەو، کوفرەکە نەکات، هەر چەندە تیایش بچێت، یاخود وەك ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە کە دەتوانێت نەیکاتو لێی بێدەنگ ببێتو، خۆی ڕو بەڕووی دەسەڵاتدارانی ستەمکار نەکاتەوەو، فەرمان نەکات بەچاکەو ڕێ نەگرێت لە خراپە، ئەمە دەرفەتەو ڕوخسەتەو شەرع پێیداوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشیدا مەندوبو ڕای هەڵبژێردراو بۆ ئەو کەسە ئەوەیە کە هەر چەندە تیایش بچێت، بەڵام هەڵسێت بە فەرمانکردن بە چاکەو ڕێ گرتن لە خراپە، چونکە خۆڕاگری لەم هەڵوێستەو هەڵوێستەکەی تریشدا شکۆمەندی بە ئیسلام دەبەخشێتو، گەلی ئیسلامی پێ بە هێز دەبێتو، ستەمکارانو باتڵ لاواز دەکات.

دووەم: ناڕەحەتییەکە نائاساییە، بەڵام دەبێت هەر خۆڕاگر بێت لە سەری، چونکە هەستان بە فەرزی کیفایە کارێکی پێویستەو، هەر چەندە سەختی تێدایە، بەڵام هەر دەبێت بکرێت، وەك جیهاد کردن، کە فەرزی کیفایەیە، هەرچەندە کوشتنو گیان دەرچوونو دژواری جەستەیو، خۆڕاگری لەسەر بەڵامو ناڕەحەتی تیادایەو، هەروەها چەندەها ناڕەحەتی نائاسایتر، چونکە جیهاد کردن دەبێت بکرێت، تا وڵات لە دوژمنان بپارێزێتو، لە ڕاستیدا ئەم بەشەی تەکلیف لەفەروە کیفایەکاندا هەیە، وەك نمونەمان بۆ هێنایەوە، نەك فەرزی عەیندا.

هەروەها فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە، بەشێکە لە بەشەکانی جیهادو، دەبێت لە ناو گەلی ئیسلامدا هەبێتو، سەر پابکرێت، چونکە فەرزی کیفایەیەو، هەر چەندە لە دەرەنجامدا بکەرەکەی تووشی ناڕەحەتی زۆر گەورە ببێتەوەو، ئەو فەرمانکردن بەچاکەیەی کە بکەرەکەی تووشی سەختیو دژواری دەبێتەو، بە نیسبەت کەسێکی دیاریکراوەو، لەسەر ئاستی جوزئیات، کارێکی مەندووبە، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی واجبەو، سەرجەم گەلی ئیسلام دەبێت، بەم کارە هەڵسیت، هەرچەندە تووشی دژواری ببیتەوە، چونکە فەرزی کیفایەیەو، دەبێت هەر گروپێك هەبن لەناو ئەم گەلەدا کە بەم کارە هەڵسن.

سێیەم: ئەو نارەحەتیە نائاساییەی کە بەهۆی خودی کارەکەو سروشتی کارەکەوە دروست نەبووەو، بەهۆی خودی کەسی موکەللەفەوە هاتووەتەدی کە ئەو کەسە کۆمەڵێك کاری لەسەر خۆی پێویست کردووە، کە شەرع داوای نەکردوون‌و، ئەم جۆرە کردەوانەیش دروست نین، وەك دەگێرنەو، کە پێغەمبەر (ﷺ) کابرایەکی بینی، لە بەرخۆر وەستابوو، جا پرسیاری کرد، ئەو کابرایە بۆ لەبەر ئەو هەتاوە گەرمە وەستاوە، وەڵامیان دایەوەو گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کابرایە نەزری کردووەو، پەیمانی ئەوەی لەسەر خۆی پێویست کردووە، کە لەبەر خۆر ڕاوەستێت‌ودانەنیشێت‌و نەچێتە سێبەرو، قسە نەکات‌و، بەڕۆژوو بێت، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڕۆن پێی بڵێن، با قسە بکات‌و، دانیشێت‌و، ڕۆژووەکەیشی لەسەری بەردەوام بێت[1].هەروەها کاتێکیش کە هەندێ لە هاوەڵان شەو نوێژیان بەدرێژایی شەو لەسەر خۆیان پێویست کردو، هەندێکیشیان بڕیاریاندا بەردەوام بەڕۆژوو بن‌و، ڕۆژوو نەشکێنن‌و، هەندێکیان بڕیارياندا دوور لە ژن بن‌و هەرگیز پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نەدەن، پێغەمبەر (ﷺ) لەم بارەیەوەو، سەبارەت بەم گروپانە فەرمووی: (أمّا والله إني لأخشاكم له، وأتقاكم له، لكنّي أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوّج النّساء، فمن رغب عن سُنّتي، فليس منّي) واتە: دەی سوێند بەخوا، من لەوانە لە خواترسترو، پارێکارترم‌و، بەڕۆژیش دەبم‌و، دەیشی شکێنم‌و، شەونوێژیش دەکەم‌و دەشخەوم‌و، ژنیش دەهێنم، بۆیە هەرکەسە لە سوننەت‌و ڕەوگەی من لابدات. لەمن نییە.[2] حیکمەت‌و هونەر لە گشت ئەم پرسانەدا ئەوەیە کە، سزادانی لاشەو تووشی نارەحەتی کردنی بەبێ ئامانجێکی شەرعی‌و بەبێ بەرژەوەندییەکی دروست، کارێکی بێ هودەو سەرشێتانەیەو شەرع هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدانیە، کە جەستەی مرۆڤ توشی سەختی‌و نارەحەتی بکات، بەڵکو بەرژەوەندی لەوەدایە کە جەستە بپارێزێت‌و چاو دێریت بکات، تا کەسی موکەللەف

---

1 رواه البخاري بڕوانە (رياض الصالحين)ی، ئیمامی نەواوی ل٩٢.

2 رياض الصالحين، ل٨٦.

بتوانێت، بەکارو کردەوەی چاکە هەڵبسیتو ئەنجامیان بداتو، هەرکاتیش لەو کردەوانەیدا کردووە، بکرێت، ناڕەحەتیو دژواری هەبووو، داوای کردبوو، خۆڕاگری بکرێت لەسەر ئەو ناڕەحەتیانە، تا بەرژەوەندییەك بەدی بێت، یان مەبەستو ئامانجێکی دروست پڕاکتیزە بکرێت، ئەمە حەلاڵەو، یاخود مەندوبە بۆ کەسی موکەللەف کە بیکات، یاخود هەر واجبە لەسەری کە جێ بجێی بکاتو، خۆڕاگریو دان بەخۆ داگرتنی هەبێت، لەسەر ئەو سەختیو دژواریانەی لە کاتی کردنی کارەکەدا تووشی دەبن.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ئەوە بزانینو لەوە تێبگەین کە ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە پیاوچاکانی پێشوومان، بەوەی کە دەروونی خۆیان لە سەختیو تاڵاوی ژیاندا هێشتووەتەوەو جلوبەرگو خواردنی سادەیان کردووەو خواردووە، وەك پێشەوا عومەری کوڕی خەطابو پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبو عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو هاوڕێنەکانیان، بۆیە دەروونی خۆیان لەگەڵ دژواریو زبری ڕاهێناوە، چونکە ئەوانە کاربەدەستی وڵات بوونو لە پێگەی ڕەهبانیەتیو پێشەوایەتی ئیسلامدا بوو، بۆیە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەیان پێوە جوان بووەو، سوپاسیان کراوە لەسەری، چونکە ئامانجیان لەو کارە، ئامانجێکی دروستو چاك بووە.

وە هەروەهاو هەر بەم شێوازەیش خۆنەویست لە دەروندا، هەرچەندە بکەرەکەی تووشی سەختیو دژواری ژیان بکاتەوە، ستایش کراوە، چونکە لە خۆنەویستیشیدا، هاوکاری نەدارانو دەروون پاراستنیان دەکەوێتەوە، هەروەها کەسێك ئەگەر دوور بکەوێتەوە لە دەرگای ستەمکارانو هاوکاریان نەکات لەسەر ئەم کارەی ستایش دەکرێت، هەرچەندە تووشی کەم ڕزقیو زبری ژیان ببێتەوە.

ناڕەحەتیو سەختی ژیان لەم جۆرە بارودۆخانەدا ستایش کراوەو، ئەم ستایش کردنە لەبەر خودی سەختیو ناڕەحەتیەکە نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بە هۆی ئامانجێکی شەرعییەوەو مەبەستێکی گەورە تووشی کەسی موکەللەف بوونن بەڵام لە غەیری ئەم دۆخانەدا هیچ ستایشو سوپاسێك نیە، بۆ ئەو کەسانەی کە دەروونو گیانی خۆیان تووشی گرفتو سەختیو دژواری دەکەنەوە.

﴿بەشەباسی دووەم﴾

باسی (محكوم فيه : حوكم لەسەر دراو) لە ڕوانگەی ئەو ئاستەوەی کە دراوەتە پاڵی:

٧٢- ئەو کارو کردەوانەی کەسانی موکەللەف، کە پەیوەستن بە ئەحکامە شەرعیەکانەوە، یان مەبەست لێیان بەرژەوەندییەکی گشتییە، یان بەرژەوەندییەکی تایبەتە، ئەگەر ئامانو مەبەست لێیان بەرژەوەندی کۆمەڵگە بوو بە گشتی ئەوە ئەو کردەوەیە مافی خودای پەروەردگارەو، ئەگەر مەبەست لێی بەرژەوەندییەکی تایبەت بوو، ئەوە مافی کەسەکەیەو، مافی خەڵکە، جاری واش هەیە کە لە کردەوەیەکدا مافی خوداو مافی بەندەی خودا پێکەوە کۆدەبنەوەو، جاری وایش هەیە، کە لە کاتی ئەو کۆبوونەوەیەی مافی خوداو بەندەدا پێکەوە، مافی خودا تیایدا زاڵترە لە مافی بەندەو هەروەها بە پێچەوانەیشەوە، لەسەر هەموو جۆرێك لەم جۆرانە بە پێی پێویستو سنووری خۆی دەدوێینو بەم شێوازەی لای خوارەوە:

٧٣ــ مافی خودای مەزن:

مافی خودا (حقّ الله)، بریتیە لە مافی کۆمەڵگە، بۆیە وا پێناسەیان کردووە، کە بریتیە لەو مافەی کە بەرژەوەندیو سوودی گشتی پێوەی پەیوەستە، بەبێ ئەوەی تایبەت بێت بە کەسێك دیاریکراوەوە، بۆیە دراوەتە پاڵ خوای جیهانیانو خەڵك بەگشتی، لەبەر گرنگیو گشتگیری سوودەکەی،[1] نەدانی ئەم مافە نادروستەو، کەس بۆی نیە، لێی خۆش بێتو، خۆی لێ لا بداتو لە لای یاساناسان وەك سیستەمی گشتی وایە.

بەپێی ئەزموون ئەوە جێگیر بووە کە مافی تەواوی خودای مەزن بەم جۆرەی لای خوارەوەیە:[2]

---

1 التلويح على التوضيح، ب٢، ل ١٥١.

2 تيسير التحرير، ب٢، ل٣٦ و دواتر.

یەکەم: ئەو کردەوانەی کە تەنهاوتەنها پەرستشی خودان، وەك بڕواهێنانو نوێژکردنو زەکاتدانو ڕۆژووگرتنو حەجو جیهادکردنو، هتد.... بۆیە باوەڕو ئەوەی لەسەری بنیات دەنرێت، مەبەست لێرە هێنانەدی ئەوەیە کە پێویستە، کە ئایندارییەو، ئایینیش شتێکی پێویستە، بۆیە بەرپاکردنی کۆمەڵگەو سیستەمەکەیو، پەرستشەکانیش هەموویان بۆ شەرع داینراون، وەك ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك بەرژەوەندی، کە سوودی گشتیان هەیە، بۆ کۆمەڵگە.

دووەم: ئەو پەرستشانەی کە مانای قووتو دابینکردنی تفاقیان لێ دەفامرێتەوە، وەك سەرفیترە، کە پەرستشە، چونکە مرۆڤ بە هۆی ئەو خێرەوە کە دەیکات بە هەژارێك لە خودا نزیك دەبێتەوە، بۆیە مانای قووتو نفاقی تیایە، چونکە واجب بووە لەسەر کەسی موکەللەف، بەهۆی غەیری خۆیەوە، هەروەك دابینکردنی قووت بۆ خۆیشی تەنانەت لەسەر خۆی واجبە بیکات، بە پێچەوانەی ئەو پەرستشانەی کە بەس بۆ خوداوەند دەکرێت، چونکە ئەم پەرستشە تەنها بۆ خودایە، بە هۆی خەڵکی ترەوە واجب نەکراون.

سێیەم: ئەم باجەی کە وەك دەیەك لەسەر زەویو زاو دانراوەو زانایانی ئوصولٚ ناویان ناوەتە: (ئەو تفاقەی کە مانای پەرستشیشی تیادایە)، بۆیە بە قەتو تفاق ناوبراوە چونکە باجەو لەسەر زەویو زار دانراوەو، ئەم باجەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو زەویو زارە هەر بەردەست خاوەنەکەیەوە بمێنێتەوەو، کەس بۆی نییە زیادە ڕەوی بکات بەسەریداو، بۆیە مانای پەرستشیشی تیادای چونکە ئەو دەیەکەی کە وەر دەگیرێت، ئەوە زەکاتی ئەو بەرهەمەیە کە زەوییەکە هەیبووەو لە بانكو سەنتەرەکانی زەکاتدا سەرف دەکرێتو، ئەمەیش بەرژەوەندنی گشتی تیادایە.

چوارەم: ئەو باجو خەراجەی کە لەسەر ئەو زەویانە وەر دەگیرێت کە (خراج) یان لەسەر دانراوە، کە ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە دەدرێتەوە بە خاوەنەنامو‌سڵمانەکانیان، دوای فەتح کردنو دەست بەسەر داگرتنیان لە لایەن مسوڵمانەوەو، ئیدی باجێکی دیاریکراویان لەسەر دادەنرێت تابیدەن، هەروەك ئەم خەراجە لەسەر زەویو زارەکانی عێراقو شام دانراوە، کە پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب دانیەوە بەدەست خەڵکەکەوەو،

دوای ڕاوێژ کردن بە هاوەڵانو ڕازی بوونیان خەراجو باجی لەسەر دانانو، ئەو باجو بەرهەمەیش لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەکار دەهێنرا.

پێنجەم: ئەو سزا تەواوانەی، کە تەنهاو تەنها مانای سزادانیان تیادایە، کە ئەویش بە (حدود) ناو نراون، واتە: ئەو سزا دیاریکراوو ئەندازە دارەی کە شەرع لە بەر ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی دایناونو، هەر لەبەر ئەو بەرژەوەندییە گشتییەیش بە مافی خودا (حق الله) دانراون، وەك، شەلاقدان لەسەر داوێن پیسیو، شەلاقدان لە بەر ئارەق خواردنو، بڕینی دەست لەبەر دزیکرنو، هەڵواسینی ڕێگران، سەرجەم ئەم سزایانە لە بەر بەرژەوەندی کۆمەڵگە شەرع دایناونو، کەس بۆی نییە، لایان ببات و لە کاریان بخات، بۆیە کاتێك کە ئافرەتێك سەر بەخێڵی بەنی مەخزەم دزی کردو، ئوسامەی کوڕی زەید(خوا لێی ڕازی بێت) ویستی، داوای لێخۆش بوونی بۆ بکات، لەلای پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو، لەو بارەیەوە وتاری بۆ خەڵکی داوەو، تیایدا فەرمووی: (إنما أهلك الذين من قبلكم، إنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه، وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد، وايم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت، لقطعت يدها) واتە: خودا بۆیە گەلانی پێش ئێوەی لە ناو برد، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر کەسی دەست ڕۆیشتو، لە ناویاندا دزی بکردایە، چاویان لێ دەپۆشیو ئەگەر خەڵکانی لاوازو بێ دەسەڵات دزییان بکردایە، ئەوا سزایان دەدان، دەی سوێند بەخوا ئەگەر فاتیمەی کچم دزی بکات، دەستی دەبڕم.[1]

شەشەم: ئەو سزایانەی کە مرۆڤ لە هەندێ ماف بێ بەشە دەکەن، وەك ئەوەی کە بکوژ لە میرات بردن بێ بەش دەبێتو، بۆیە بە سزای بێ بەشکردن (عقوبة قاصرة) ناوزەرد کراون، لە بەر ئەوەیە کە ئازادی جەستەیی نین، یاخود سنوردار کاری ئازادییەکانی تاوانبارەکە نین، بەڵکو هۆکارن بۆ ئەوەی کە ئەوە بچەسپێنێت، کە ئیتر ئەو کەسە نابێتە خاوەن موڵکی نوێ لەو ڕێگایەوەو، ئەمەش سزایەکی نێگەتیڤە.

---

1 تيسير الوصول إلى جامع الأصول من حديث الرسول، ب٢، ل١٤.

حەوتەم: ئەو سزایانەی کە مانای پەرستشیان تیادایە، کە ئەویش کەفارەتەکانن وەك کەفارەتی کەوتنی سوێندو، کەفارەتی ڕۆژوو نەبوون، بەدەستی ئەنقەست لە ڕەمەزانداو، کە فارەتی کوشتنی هەڵە، ئەم کارانە بە سزا دادەنرێن، لەبەر ئەوەیە کە لە جیاتی سەر پێچی کردن دەدرێن‌و دانراون‌و، بۆیە مانای پەرستشیان تیادایە، چونکە خودی کەفارەتەکانیش پەرستشە وەك گرتنەوەی ڕۆژوو، یان خێر کردن، یان ئازادکردنی بەندە، کە ئەمانە هەموو لە خۆیاندا پەرستشن.

هەشتەم: ئەو مافەی کە خۆرێکەو، پەیوەندی نییە، بە پەیمانێکەوە کە لە ئەستۆی کەسی موکەللەفدا بێت، تا ئەنجامی بداتو، بە هۆیەوە گوێڕایەڵی خودا بکاتو، بەڵکو ئەم مافە خۆی لە خۆیدا واجب بووەو، لە سەرتاوە پەروەردگار خۆی دایناوە، وەك پێنجیەك لەسەر دەسکەوتی جەنگ (غنیمة)داو، هەروەها دانی ئەو بڕە لە کاتی دەرهێنانی کانزاکانی ژێر زەوی.

٧٤- مافی بەندە (حق العبد):

مافی تەواو تایبەتی بەندە ئەو بەرژەوەندییە تایبەتەیە کە دانراوە بۆ کەسێك بە تایبەتی، وەك مافە داراییەکانی هەموو تاکێك، وەك برژاندنی شتێك کە خرپی دەکەیتو، دانەوەی قەرزو دانی خوێنی کوشتن‌و، هتد... ئەم جۆرە مافانە لە چەسپاندنیدا خودی کەسەکە سەر پشکە، لەوەیدا کە دەتوانێت جێ بەخێی بکاتو، دەیشتوانێت، نەیکات، چونکە مرۆڤ لە مافی ڕوتو تەواوو یەکلایەنەی خۆیدا، ئازادە چۆن مامەڵە دەکات تیایدا.

٧٥- ئەو کارەی کە هەردوو مافی خوداو بەندەی تیادایە، بەڵام مافی خودا تیایدا زاڵترە، وەك ئەو سزایەی کە بۆ بختانکار دانراوە.[1] جا بوختان کردن تاوانێکە، کە شەرەف لەکەدار دەکاتو، خراپە کاری لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوەو، لە دانانی ئەم سزایەدا، بەرژەوەندییەکی گشتی ڕەچاو کراوە، چونکە سەرکەتکردنی تاوانباران‌و

---

1 القذف: بوختان، تۆمەتبار کردنی پیاو یان ژنێکە، بەوەی کە داوێن پیسی کردبێت، وەك ئەوەی کە بەژنێك بڵێت، داوێن پیس.

پاراستنی ناموسی خەڵك‌و پاككردنەوەی كۆمەڵگەیە لە خراپە كاریو، بەم مانایە یان ئەم سزایە مافی خودای پەروەردگارە.

لە ڕەهەندێكی ترەوە، ئەم سزایە بەرژەوەندییەكی تایبەتی تیادایە، بۆ كەسی بوختان بۆ كراو، چونكە شەرەف‌و ناموسی لە تۆمەت پاك دەكاتەوەو، عەیبەی لەسەر لادەباتو، بۆیە لەم سزایەداو، لەم ڕوانگەیەوە مافی بەندەی تیادایە، بەڵام مافی خوای گەورەتیایدا زاڵترە، بۆیە بۆ كەسی بوختان كراو نییە، كە ئەم سزایە لاببات، بەسەر بوختان كارەوە چونكە مافی خودا، بەدەست بەندە لاناچێت، هەرچەندە هەرتەنها مافی خودای گەورە نیەو هی مرۆڤیش تێكەڵە، هەر وەك لە عیددەدا، بەتەها بڕیاری پیاو لاناچێت، هەر چەندە تیایدا مافی پیاوەكە هەیە، چونكە مافی حودایش تێكەڵە[1].

ئەو كارەی كە هەردوو مافی خوداو بەندەی تیادایە، بەلام مافی بەندە تیایدا زاڵترە، وەك كوشتنەوەی كەسێك كە بەتایبەت كەسێكی تری كوشبێت، چونكە لە كوشتنەوەدا پاراستنی ئاسایشدا گیانی خەڵكی تیادایەو، هەروەها دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایش‌و بڵاوكردنەوەی ئاسودەیی‌و هێمنایەتیو، ئەمانەیش هەموو بەرژەوەندی گشتین‌و، بۆیە بە هۆی بەرژەوەندی گشتی بوونیانەوە، مافی خوای پەروەردگارن.

لە لایەكی ترەوە كوشتنەوە، بەرژەوەندییەكی تایبەتی بۆ تاكە كەسی تیادایە، كە دڵدانەوەی كەس‌و كاری كوژراوەكەیەو، لابردنی تووڕەیی‌و قینانە لە بكوژەكەو، لەم ڕوانگەیشەوە مافی بەندەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی كە ئەم تاوانە زیاتر دەسبردنە بەتایبەتی بۆ كوژراوو كەسوكارەكەی تا بۆ كۆمەڵگە بە گشتی، بۆیە مافی بەندە تیایدا زاڵترە لە تۆڵە سەندنەوەكەدا، بۆیە خاوەن كوژراو مافی ئەوەی هەیە، كە لە بكوژ خۆش ببێت، یاخود نەیكوژێتەوەو، خوێنی لێ بسێنێتو، تەنانەت ئەگەر حوكمیش بدرێت، بەسەر

---

1 هەندێكی تر ڕایان وایە، كە لەپرسی بوختان كردندا مافی بەندە زیاتر زاڵەو، زۆر ترەو ئەوەی لە كرۆكی ئەم باسەدا باسمان كرد، ئەوەیە كە ئێمەیش لە سەری دەڕۆین‌و هەڵمان بژاردووە.

بکوژدا، که بکوژرێتەوە، ئـەوا خـاوەن (وەلی) کوژراوەکـە دەتوانێـت، ببیەخشێتو، جێ بەجێ کردنی سزاکە ڕابگرێت.

جا لەبەر ئەوەی کە لە کوشتنەوەدا مافی خودای مەزنیش تیایدا هەیە، کاتێك کە بکوژ بەهۆی لێخۆش بوونی خاوەن کوژراو ڕزگاری بوو، لە تۆڵە سەندنەوە، ئەوا دەوڵـەت بـۆی هەیە، کە سزای تەمێ کردنی لەسەر جێ بەجێ بکات [1].

ڕوگەی شەریعەت، لە پرسی تاوانی کوشتندا لە ڕەوگەی یاسـا مرۆڤکردەکـان جودایـە، چونکە یاسا مرۆڤکردەکان کوشتنەوەی بکوچیان، بە مافێکی تەواوی کۆمەڵگە زانیـوەو، بۆیە پێیان وایە. کە بەرزکردنەوەی داوا، لەم پرسەدا کـاری داواکـاری گـشتی یـەو، بـاوك یان کەسـی یەکـەمی کـوژراو (ولـي) بـۆی نییـە، مەلـە تاوانبارەکـە خـۆش ببێـت، بـەڵکو لێخۆشبون دراوەتە دەست دەسەڵاتداری وەخت.

هەروەك ڕوگەی شەریعەت، لە پرسـی تـاوانی داوێـن پیـسیدا جیایـە لـە ڕوگـەی یاسـا مرۆڤگردەکـان لـەم پـرەدا، چـونکە داوێـن پـیس لـەلای یاسـا مـرۆڤ کردەکـان (القـوانین الوضيعية)، تاوان نییە، مەگەر بەزۆر ئەنجام بدرێت، یـاخود داوێـن پیـسی لـە گـەڵ کـراو تەواو بێت، یان بکەرەکە لە کەسانی نزیكو پێش تاوان لـە گـەڵ کـراو بێـت، بۆیـە داوێـن پیسی لە یاسـای وەضـعیداو، لـە خـودی خۆیـدا بـە تـاوان دانـەنراوە، تـەنها لـە کاتێکـدا نەبێت، کە بەسترابێت بە شتی ترەوە، بەڵام داوێن پیسی کردنی ژنـی مێـرددار لـەم یاسـا دەرکردانەدا بەتاوان دانراوە، چونکە مافی پیاوی تیادا زەوت کاوەو، بۆیە سزادان تیایدا، سـەر بـەمافی تایبـەتو تاکـە کەسـە کـە مێردەکەیـە، بۆیـە تـەنها لـەلای مێردەکەیـەوە

---

1 سزای تەمێ کردن، وەك مالیکی یەکان وتویانە، ئەوەیـە کـە ئەگـەر خـاوەنیو کەسـی یەکـەمی کوژراو لە بکـوژ خـۆش بوون،ئـەوا دەسـەڵاترادری سـەردەم سـەد شـەلاقی لێ دەداتو، سـاڵێکیش زیندانی دەکات، (تبصرة الحكام)، لأبن فرحون المالكي، ب٢، ل٢٥٩.

دەکرێت، کە داوای لەسەر تۆمار بکرێتو، هەر کاتیش حوکمەکە لەسەر ژنەکە دەرچوو، هەر مێردەکە دەتوانێت جێ بەجێ کرنی ڕا بگرێت[1].

بەڵام لەم پرسەدا شەریعەتی ئیسلام ڕەوگەیەکی تری گرتۆتە بەرو سزای داوێن پیسی بە مافێکی تەواو ڕونو یەکلایی خوای پەروەردگار زانیوە، واتە مافی کۆمەڵگەیەو، مافی تایبەتی تیادا نییە بۆیە مافی زیناو، سزاکەی بە کەس لاناچێت، هەروەك بەڵێ بەرزکردنەوەی سکاڵاو داوا لەم پرسەدا، لە لایەن داواکاری گشتی یەوە دەبێت، بەڵام هەمووتاکە کە سێك دەتوانێت، لە سەر ئەم تاوانە داوا لە دادگادا تۆمار بکات، چونکە ئەم تاوانە، سەر بەو پرسەیە پەیوەندی دارانەیە کە کۆنتاکتی بەسودی گشتی کۆمەڵگەو خەڵکەوە هەیە.

﴿بەشی چوارەم﴾

(حوکم بەسەردا دراو: المحکوم علیه)

٧٧- المحکوم علیه: ئەو کەسەیە، کە فەرمایشتی شەرع ڕوو بوڕووی کردەوەی ئەو کەسە کراوەتەوەو، زانایانی زانستی ئوصولی فیقه بە (المکلف) ناو زەدیان کردووە[2].

٧٨- مەرجەکانی دروستی ئەو تەکلیفەی کە دەخرێتە سەرشان:

چەند شتێك بە مەرج گیراون گە دەبێت لەو مرۆڤەدا هەبن، کە تەکلیفەکەی خراوەتە سەرشان، لە لایەن شەرعەوە، یەکێك لەو مەرجانە ئەوەیە کە دەبێت، (بە خۆی یان بەهۆی ئامرازو هۆیەکەوە) لە توانایدا هەبێت، کە لەو تەکلیفە تێ بگات، کە ئاڕاستەی کراوەو، ماناکەی لاوەنابێت، بە گوێرەی ئەو ئەندازەیەی کە داوای لێکراوە، پێوەی

---

1 سەیری ماددەکانی (٢٣٢-٢٤٠) لە یاساکانی سزادانی کۆنی بەغداد بکەو، هەروەها یاسای سزادانی نوێی عێراقی، ژمارە (١١١)،ی ساڵی (١٩٦٩) هەمان شتی دوبارە کردۆتەوە.

2 تیسر التحریر، ب٢، ل٣٩٥، لێرەدا مانای (مکلف) ڕوون دەبێتەوە، کە زۆر جار نەمکردۆتە کوردی، چونکە زیاتر بەمانای عەرەبییەکەی دەفامرێتەوە، کە مەبەست پێی کەسێکە ئەرکی شەرعی کەوتبێتە سەر.

پابەند بێتو، گوێڕایەڵی پەروەردگار مەزنی تیادا بکات، چونکە مەبەست لە تەکلیف کردن، کردنی هەر کارێك، گومڕایەڵی کردنو، پابەند بوونە بە فەرمانەکانی پەروەردگاری مەزنەوەو، بۆیە هەرکەس توانای تێگەیشتنی نەبێت، بێگومان توانای گوێڕایەڵیشی نابێت.

توانای تێگەیشتن بە هۆی عەقڵەوە دەبێتو، دەبێت فەرمایشتەکەی شەرعیش بە جۆرێك بێت، کە لێ تێگەیشتن ئاسان بێتو بزانێت مەبەستی چییە؟و لەبەر ئەوەی کە عەقڵ شتێکی ناوەکیو نادیارەو، بەهەست پەی نابرێت پێیو، سنورو چوارچێوەی نییەو، لە ژێر کونترۆڵدانییو، لە مۆڤێکەوە بۆ مۆڤێکی تر جیاوازە، بۆیە شەرع تەمەنو ئاستی باڵغ بوونی کردۆتە مەرج بۆ تەکلیف کردن، چونکە بلغ بوون ئاشکرایەو، سنوروو چوار چێوەی هەیەو، تا ئاستێك عەقڵ کۆنترۆڵ دەکاتو، عەقڵ دوای باڵغ بوون زیاتر میوانەو، هەیە بۆیە شەرع باڵغ بوونی مرۆڤی کردۆتە مەرجی تەکلیف، چونکە عەقڵ دەرکەوتووەو، پێش ئەو تەمەنە، لە بەر ئەوەی کە کەم عەقڵە، تەکلیفی لەسەر دانەناوە، بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە(ﷺ)، کە دەفەرموێت: (رفع القلم عن ثلاثة، عن النائم حتى يستيقظ وعن الصبي حتى يحتلم، وعن المجنون حتى يفيق) واتە: خودا تەکیلفی لەسەر سێ حاڵەتو گروپ لابردووە، لەسەر خەوتوو، تا بەخەبەر دێتو، لەسەر منداڵ تا باڵغ دەبێتو، لەسەر شێت تا چاك دەبێتەوەو، گێڕنەوەیەکی تردا هاتووە، (حتى يعقل)[1]، واتە: تەکلیفی لەسەر منداڵ دانەناوە، تا عەقڵ پەیدا دەکات، جا کەمرۆڤ گەیشتە قۆناغی باڵغ بوونو، گوفتارو کرداری ئاسایی بوونەوەو، ژیرانە لە ناو خەڵکدا مامەڵەی کرد، ئەمە بەڵگەیە لەسەر تەندروستی عەقڵی ئەو کەسە، بۆیە حوکم دەدرێت بەسەریدا کە تەکلیفی لەسەرە، چونکە یەکێك لە

---

1 الأمدي ب١، ل٢١٦،و (إرشاد الفحول)ـی، شەوکانی، ل١١.

مەرجەکانی تەکلیف، کە بوونی عەقڵ تیایدا هاتۆتەدی کەواتە کەسی موکەلەف، ئەو کەسەیە کە عەقڵی پەیدا کردووە.[1] و منداڵی عاقڵ، یان باڵغی غەیرە عاقڵ ناگرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە شێتو منداڵ تەکلیفی یان لەسەر نییە، چونیکە شت بزانن و لەیەکتری جیا بکەنەوە، یان نا... بەڵام ئەوەی کەڕای جەماوەری زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە لەسامانو موڵکی شێتو منداڵ زەکات دەکەوێتو، ئەویش کە سەرجەمی شەرعزانەکانی لەسەرە، ئەوەیە کە واجبە لەو موڵکەی منداڵو شێت کە هەیەتی، پێدویستتەکانی ژیانی کەسە نزیکەکانیانو ژنیانو، هەروەها ئەو شتانەی بەدەستی ئەوان خراپ دەکرێتو لە ناو دەبرێت، ئەمەیش تەکلیف نییە لەسەر شانی ئەو منداڵە یان ئەو شێتە، بەڵکو تەکلیفە لەسەر شانی وەلیو چاودێرەکانیان کە لەسامانەکەیان ئەو مافانە بدەنەوەو سەرف بکەن[2]،و ئەم مافانەیش بۆیە لەسەزیان واجب کراوە، چونکە شیاوی (أهلیة) لەو کەسە چاودێرانەدا هەیە تا ئەو مافەیان لەسەر واجب کراوە، هەروەك دواتر لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوە دێت.

٧٩- ڕەخنەیەك لە مەرجی تەکلیف دانان:

گوتمان، مەرجی تەکلیف دانان لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە ئەو کەسە توانای تێگەیشتنی هەبێت، لەو مەرمایشتە شەرعییەو، ئەو فەرمایشتە شایانی تێگەیشتنو حاڵی بوون بێتو، لە سەر ئەم مەرجە، ئەم ڕەخنە گەلە هەن:

ڕەخنەی یەکەم: تەکلیف کردن لەو کەسەی کە لە خیطابی شەرعی تێناگات، لە شەریعەتی ئیسلامیدا هاتووە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ

---

1 باڵغ بوون بەهۆی نیشانەو خەسڵەتەکانییەوە دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر نیشانەکانی تیادا نەبوون، ئەوا بەتەمەن دیاری دەکرێت، کە زۆرینەی شەرعزانان بە (١٥) ساڵی بۆ کوڕو کچ دایان ناوە.

2 الأمدي ب١، ل٢١٧ والمستصفى ی ئیمامی غەزالی ب١، ل٥٤.

﴿لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾[1]. واتە: ئەی باوەڕداران بەسەر خۆشی نوێژ مەکەن، با بزانن لە نوێژەکەدا چی دەبێژن! مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەسە کە کاتێك سەر خۆش بوون نزیکی نوێژ مەکەونەوە، واتە مەیکەن، بۆیە بۆیە سەرخۆش لە کاتی سەرخۆشیدا موکەللەفن بەوەی کە دەست لە نوێژ هەڵبگرن، چونکە لەو کاتو حاڵەدا لە خیطابەکەی شەرع تێناگەن، دەی ئیتر چۆن دەگوترێت کە مەرجی تەکلیف کردن ئەوەیە کە توانای تێگەیشتنو حاڵی بوون لە خیطابی شەرع هەبێت؟! وەڵاممان لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئەم خیطابە لەم ئایەتەدا ڕووبەڕووی سەرخۆشەکان نەکراوە، لەکاتی سەرخۆشیدا بەڵکو ڕووبەڕووی موسڵمانان کراوەتەوە، لە کاتی ئاسایی خۆیاندا، کە لە کاتی نزیکی کاتی نوێژەکاندا ئارەق نەخۆنەوە، تا نوێژەکەیان بە سەرخۆشی نەکەنو، تا بتوانن نوێژ وەك خۆیو وەك پێویست ئەنجام بدەن.[2]

شایەنی باسە کە ئەم ئایەتە پێش حەرامبوونی ئارەق هاتۆتە خوارەوە، واتە پێش ئەم ئایەتە کە بە تەواوی حەرامی کرد، کە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾﴾.[3]

ڕەخنەی دووەم: شەریعەتی ئیسلام، بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتیە بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾[4]، واتە: تۆ ئەی موحەممەد بڵێ: بە خەڵکی، کە من نێردراوی خودام، بۆ هەمووتانو هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ

---

1 النساء (٤٣).

2 تيسير الحرير، ب٢، ل٤٠١ـ٤٠٢، فوادع الرحموت بشرح مسلم الثبوت، ب١، ل ١٤٥ـ١٤٦، إرشاد الفحول، ل ١٠.

3 المائدة (٩٠).

4 الاعراف (١٥٨).

أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ﴾[1] واتــــه: موحه‌ممـــــه‌دمان (ﷺ) بــــه مــوژده‌ده‌رو ترســێنه‌ر نـاردووه، بــۆ ســه‌رجه‌می خــه‌ڵكی، هــه‌روه‌ها پێغه‌مبــه‌ر (ﷺ) ده‌فــه‌رمووێت: ((كـان الـنبي يبعـث الى قومـه خاصـة، وبعثـت الى النـاس عامـة)) واتـه: په‌یامبه‌ری وا هه‌بووه كه تایبه‌ت بۆ هۆزه‌كه‌ی خۆی نێدراوه، بـه‌ڵام مـن بـۆ سـه‌رجه‌می خه‌ڵكی ڕه‌وانه كراوم‌و، بێگومان له‌ناو خه‌ڵكدا كه‌سانی غه‌یره عه‌ره‌ب هه‌ن، كه لـه زمـانی عه‌ره‌بی تێناگه‌ن، كه له‌زمانی عه‌ره‌بی تێ ناگه‌ن، كه زمانی قورئانو، به‌مـه‌یش بێـت، لـه خیطابی شه‌رعه، ده‌ی ویتر كه‌واته چۆن خیطابی شه‌رع بـه‌زمانی عـه‌ره‌بی ئاڕسـته‌ی كـه سانێك ده‌كرێت، كه لێی تێناگه‌ن‌و، موكه‌لله‌فیشن لێی‌و، به‌ر پرسیارن لـه سـه‌ری؟و ئایـا ئه‌مه دژو پێكدادانه له گه‌ڵ مه‌رجی ته‌كلیف؟ كه توانا بوونه له‌سه‌ر تێگه‌یشتنی خیطابـی شه‌رع؟!

وه‌ڵامی ئه‌مه‌یش ئه‌وه‌یه كه بێگومـان توانـا بـوون بـه تێگه‌یـشتنی فه‌رمایـشتی شـه‌رع مه‌رجێكی حاشا هه‌ڵنـه‌گره، بـۆ دروسـتی ئـه‌و ته‌كلیفـه‌ی دانـراوه‌و، كامـڵ كردنـی، بۆیـه ئه‌وانه‌ی كه عه‌ره‌بی نازانن، به‌پێی شه‌رع نابێـت تـه‌كلیفیان بخرێتـه سـه‌ر، تـا كاتێـك كـه توانای تێگه‌یشتنیان ده‌بێت له‌و خیطاب‌و ڕاستییه‌ی شه‌رعه‌و، ئه‌مه‌یش یـان بـه‌فێربوونی قورئان ده‌بێت، یان به‌وه‌رگێران‌و ماناكردنی ده‌قه شه‌رعییه‌كان ده‌بێت، بـۆ زمانه‌كـه‌یان، یاخود به فێركردنی مسوڵمانانه به‌زمانه‌كانی تری غه‌یره عه‌ره‌بی‌و، دواتـر هه‌ڵسانیان بـه بڵاو كردنه‌وه‌ی زانیاری‌و یاساكانی ئیسلام له ناو ئه‌و خه‌ڵكه غه‌یره عه‌ره‌بانه‌داو، به‌زمانه بیانییه‌كه‌ی خۆیان.

ڕێگای كۆتایی‌و، شیاو ترو باشتر لـه‌م باره‌یـه‌وه ئه‌وه‌یه كـه واجبـی كیفایه‌یـه له‌سـه‌ر مسوڵمانان، واته: هه‌ندێكیان ده‌بێـت پێـی هه‌ڵسن، ئه‌وه‌یـه كـه گروپێـك لـه مـسوڵمانان خۆیان فێری زمانی گه‌لانی غه‌یری عه‌ره‌ب بكه‌ن‌و، هه‌ستن بـه بڵاوكردنـه‌وه‌ی شـه‌ریعه‌تی ئیسلام تیایانداو، هه‌ر به‌و زمانه‌ی ئه‌وان قسه‌ی پێ ده‌كـه‌ن، ئه‌حكامـه‌كانی شـه‌ریعه‌تیان

---

1 سبأ (٢٨).

پێ ڕابگەیەنن، ئەگەر مسوڵمانان لەم واجبەدا خەمساردی بکەن، ئەوا هەموویان تاوان بار دەبن، هەروەك لەسەر جەم فەرزە کیفایەکاندا وایەو، خەمساردی هەموویان، تاوانبارکردنی هەموویانی لە دوایەو، بەڵگەیش لەسەر واجب ئەم ئەرکە لەسەر مسوڵمانان ئەمانەی لای خوارەوەن:

أ- ئایەتی ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾﴾[1] واتە: با گروپێك لە مسوڵمانان، هەڵسن بە ئەرکی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپەو، هەر ئەوانەیش سەرفرازن، ئەم ئایەتە هەڵگری ئەو مانایەکە فەرمانکردن بە ڕاگەیاندنی ئەحکامەکانی شەریعەت لە لایەن گروپو دەستەیەکی مسوڵمانانەوە فەرمانی پێکراوەو، ئەو ڕاگەیاندنانەیش بە هەند وەر ناگیرێت، تا کاتێك کە بە جۆرێك بێت، کە ئەو خەڵکە لێی تێبگەن، واتە: بەوزمانە بێت، کە پێی دەدوێن‌و ئاخافتن دەکەن.

ب- لە فەرموودەدا جێگیر بووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) چەندەها نامەی بۆ کیسراو قەیسەرو، نەجاشی‌و موقەوقیس‌و هی تریش ناردووەو، داوای مسوڵمانبوونی لێکردوون‌و، ئەم نامەیەی بەکەسانێکدا بۆ ناردوون، کە زمانی ئەوانەیان زانیوە.

ج- پێغەمبەر (ﷺ) لە وتاری حەجی ماڵ ئاواییدا فەرمووی: (ألا هل بلغت؟ اللهم فاشهد، فليبلغ الشاهد منكم الغائب، فرُبَّ مبلّغ أو على من سامع) واتە: ئایا ئەم پەیامەم نەگەیاند؟ خودایە تۆ ئاگادرا بە کە گەیاندم! و با ئەو کەسەی لێرە شایەتی بیگەیەنێت بەو کەسەی کە لێرە نییە، جا هەندێ پێی ڕاگەیانراو هەیە، لە گوێگرو وریاترەو تێگەیشتو ترەو، لەم فەرمودەیەدا مەبەست لە (شاهد: شایت) ئەو کەسەیە کە ئیسلامی ناسیوەو، لە یاساو کرۆکی‌و ئەحکامەکانی تێگەیشتووەو، (غائب: نەهتووە)یش ئەو کەسەیە کە زمانی عەرەبی نازانێت‌و لێی حاڵی نابێت‌و، هەروەها ئەو کەسەیشە کە عەرەبی دەزانێت، بەڵام هێشتا پەیامی ئیسلامی پێ نەگەیشتووە.

---

1 آل عمران (١٠٤).

لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر کەسێك هەرمایەوە، کە زمانی عەرەبی نەدەزانیو، لە قورئان نەدەگەیشتو، دەقەکانی شەریعەت بەزمانی خۆی بۆ وەرنەدەگێڕدراو، مسوڵمانان هەڵ نەدەسان بەوەی کە ڕێو شوێنی تەکلیفی شەرعی بە زمانەکەی خۆی بۆ ڕوون بکەنەوەو، فێری بکەن، ئەوە ئەو کەسە بە پێی شەرع تەکلیفی لەسەر شان نییە، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾[1] واتە: خودا بەپێی توانا تەکلیف دەخاتە سەر شانی مرۆڤ.

ڕەخنەی سێیەم: لە قورئانی پیرۆزدا شت گەلێك هەن، کە تێگەیشتنیان بۆ نییە، کە ئەوەیش ئەو پیتە پچڕ پچڕانەن کە لەسەرتای هەندێ لە سورەتەکانەوە هەن، دەی ئیتر چۆن دەگوترێت؟ لە قورئانو سوننەتدا شتی وا نییە، کە لێی تێنەگەین؟

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین: ئەم پیتانە بەشێك نین لەو خیطابانەی کە تەکلیف دەخەنە سەر شانی مرۆڤو، بۆیە پرسی تەکلیف لە سەر ئەم پیتانە نەوەستاوە، ئەمە لە لایەکەوو لە لایەکی تریشەوە، ئەم پیتانە مانایەکی ڕوونو دیارو ئاشکرایان هەیە، وەك پیتێك کە خۆی لەخۆیدا دەلالەتی لێ دەکاتو، بۆیە لە سەرەتای سورەتەکانەوە هێناویەتی، تا بیکاتە بەڵگە لەسەر ئەوانەی کە نکوڵی کارن، لە ئیعجازی ئەو قورئانەی کە لەو پیتانە پێکهاتووە!

---

1 البقرة (٢٨٦).

﴿بەشی پێنجەم﴾
(الأهلية وعوارضها)

شیاوی مرۆڤ، بۆ ئەوەی کە تاچەند دەگونجێت، تەکلیفی بخرێتە سەر شانو، بەربەستو لەم پەڕەکانی بەردەم ئەو شیابوونە

٨٠- ڕێ خۆشکردن:

پێشتر باسمان کرد، مەرجی دروستی تەکلیف دانان لەسەر کەسێك ئەوەیە کە ئەوکەسە شیاوبێت. بۆ ئەوەی ئەو تەکلیفەی بخرێتە سەر شانو، شیاو بوونیش بە چەند شتێك دەچەسپێت، لە وانە گەیشتن بە پلەی عاقڵی، بەڵام زانایانی ئوصولی باس لە شیاوی (أهلیة)و بەبستەکانی بەدەمی (عوارضها) بە شێوەیەکی گشتی دەکەنو، ئیمەیش لێرەدا لەسەر ئەو ڕەوتەی ئەوان دەڕۆینو، یەکەم جار باس لە (أهلیة: شیاوی) دەکەینو، دووەم جار دەچینە سەر باسی (عوارض: بەربەستەکانی بەردەمی)و ئەم باسەیشمان لە دوو بەشە باسی یەك لەدوای یەکدا هێناوە، یەکەم: باسی ئەهلیەتو شیاویو، دووەم: بەبەستەکانی بەردەم ئەهلیەت.

﴿بەشە باسی یەکەم﴾
باسی (الأهلية : شیاوی)

٨١- پێناسەی (الأهلية: شیاوی):

لە زمانی عەرەبیدا، بەمانای (الصلاحية : گونجان) هاتووە، کە دگوترێت: فلان کەس شیاوو گونجاوە، فلان ئیش، ئەم کاتێك کە ئەکەسە شیاوبێت، بۆ کردنی ئەو ئیشو کارەو، بگونجێت لە گەڵیدا.

و لەزاراوەی زانایانی ئوصولی فیقهدا، (الأهلية) دەبێتە دوو بەشەوە:-

١- أهلية الوجوب.

٢- أهلية الأداء.

٨٢- أهلية الوجوب: بريتين له گونجان‌و شياوى مرۆڤ بۆ ئه‌وه‌ى كه‌ مافه‌ شه‌رعيه‌كانى بۆ واجب بێت‌و، هه‌وه‌ها مافه‌ شه‌رعييه‌كانى به‌سه‌ردا واجب بكرێت‌و، جێ به‌جێ بكرێت،[1]

واته‌: گونجان‌و شياوى مرۆڤ بۆ ئه‌وه‌ى كه‌ بتوانرێت مافه‌كانى بۆ بچه‌سپێنرێت‌و، هه‌روه‌ها ئه‌و شتانه‌ى كه‌ واجبن بيانكات، جێ به‌جێ كردنيانى به‌سه‌ر دا واجب بكرێت‌و، ئه‌م ئه‌هليه‌ته‌يش به‌ (الذمة: په‌يماندارى) ده‌بێت، واته‌: ئه‌و ئه‌هليه‌ته‌ بۆ مرۆڤ ده‌چه‌سپێت، له‌سه‌ر بنه‌ماى چه‌سپاندنى (الذمة) بۆى.

(الذمة) له‌ زمانى عه‌ره‌بيدا، به‌ماناى (العهد: په‌يمان) هاتووه‌، وه‌ك په‌روه‌ردگار ده‌فه‌رموێت: ﴿ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ﴾[2] واته‌: له‌گه‌ڵ هيچ مسوڵمانێكدا ڕه‌چاوى خزمايه‌تى‌و هاوپه‌يمانى ناكه‌ن‌و، ئه‌و نامسوڵمانانه‌ى كه‌ (دار الأسلام)دا، به‌به‌رده‌وامى نيشته‌جێن، به‌ (أهلى ذيمه‌) ناوزه‌رد كراون، به‌هۆى ئه‌و په‌يمانه‌ى كه‌ له‌ نێوان ئێمه‌و ئه‌وانداو، ئه‌هلى (الذمة)يش واته‌: هاوپيان‌و، (الذمة) له‌ زاراوه‌دا، وه‌صفێكه‌ كه‌ شه‌رع دايناوه‌، بۆ تاكه‌ كه‌سه‌، تا به‌هۆى ئه‌و وه‌صفه‌وه‌ ببێته‌ شياوو بگونجێت‌و ئه‌هل بێت، بۆ ئه‌و كافانه‌ى كه‌ هه‌نى‌و بۆ ئه‌و مافانه‌ى كه‌ له‌سه‌ر سه‌رييه‌تى،[3] و به‌م مانا زاراوه‌يش بێت، ئه‌م په‌يامه‌ بۆ هه‌موو مرۆڤێك چه‌سپاوه‌ چونكه‌ هه‌ركه‌سێك له‌ دايك ده‌بێت، په‌يمانداره‌و، ئه‌هليه‌تى ئه‌وه‌ى هه‌يه‌، تامافه‌كانى بۆ واجب بكرێ‌و، هه‌روه‌ها هه‌ندێ مافيش له‌ سه‌ر واجب بكرێت[4].

له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مايه‌ ده‌كرێت بگوترێت، كه‌ بنه‌ڕه‌تى چه‌سپاندنى ئه‌هليه‌ت‌و شياوى واجب بوونى مافه‌كان بۆ مرۆڤ بريتيه‌ له‌ (ژيان)، چونكه‌ به‌ هاتنه‌ ژيانه‌وه‌ى مرۆڤ (الذمة)و په‌يمانى بۆ ده‌چه‌سپێت‌و، هه‌ر له‌سه‌ربناغه‌ى ژيان ئه‌هليه‌ت‌و شياوى تاكه‌ كه‌س بۆ مافه‌

---

1 شرح المنار، لأبن ملك و حاشية الرهاوي، ل٩٣٦.

2 التوبة (١٠).

3 التوضيع، ب٢، ل١٦١.

4 أصول البزدوي. ب٢، ل٢٥٧،و شرح النار، ل٩٣٨.

واجبەکان دەچەسپێت‌و، هەر بۆیەش ئەهلیەت بۆ کۆرپەلەیش چەسپاوە، هەرچەندە کەم ئەندامیش بێت، چونکە ژیانی هەیەو، لە ژیانداو، جا لەبەر ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بناغەی جێگیر بوون‌و چەسپاندنی ئەهلیەتە، تا مافەکانی بۆ واجب ببێت‌و، هەروەها لەسەری واجب ببێت، بۆیە ئەو پەیمانەی لە گەڵیدایە بەدرێژایی ژیان‌و، مردن لێی جیا نابێتەوە.[1]

جا ئەهلیەت‌و واجب بوونی مافەکان، بەو مانایەی کە باسمان کرد، لە زاراوەی زانایانی ئوصولدا، لە لای یاساناسان بە (الشخصية القانونية:کەسایەتی یاسایی) پێناسە کراوە، واتە: ئەو کەسە یاسا مافەکەسایەتی تەواوی تیادا دانابێت‌و، ئەم کەسایەتی‌و مافەیش لای یاسا ناسان بۆ هەموو مرۆڤێك چەسپاوەو، وا پێناسەیان کردووە، کە بریتییە لە گونجانی مرۆڤ بۆ ئەوەی کە ماف گەلێکی هەبن‌و، واجب گەلێکیش لەسەر پێویست ببێت،[2] و ئەم پێناسەیەی یاساناسانیش هاوشێوەی پێناسەی زانایانی ئوصولە بۆ ئەهلیەتی تاکەکەس، لە چەسپاندنی مافەکانیدا.

٨٣- أهلية الأداء: بریتین لە گونجانی مرۆڤ بۆ ئەوەی داوای جێ بەجێ کردن (أداء)ی، واجباتەکانی لێ بکرێت‌و، هەروەها شیاو بێت، بۆ ئەوەی کە گوفتارو کردارەکانی حسابیان بۆ بکرێت‌و، هەموو ڕێ‌و شوێنێکی شەرعییان لەسەر بگرێتە بەر، بە جۆرێك کە هەرکات هەڵسو کەوتێکی ئەنجامدا، لە ڕووی شەرعەوە بە ئەنجامدەر بۆی بێتە ئەژمارو، ڕێ‌و شوێنی شەرعی بگرێتە بەر لەسەری‌و هەرکات پەرستشێکی جێ بەجێ کرد، دەبێت ئەو جێ بەجێ کردنە دەردخواردوو بێت‌و، واجبەکەی لەسەر لاببات‌و، هەرکات تاوانی ئەنجامدا دژی خەڵکی تر، تۆڵەی تەواوی لە بەرامبەر لێ بکرێتەوەو لێی وەربگیرێتەوەو، لە ڕووی جەستەیی‌و داراییەوە سزابدرێت،[3] و بنەماو بنەڕەتی ئەم

---

1 هەندێ لە شەرعزانان پێیان وایە کە (ذمة)و پەیمانی مرۆڤ، بە جۆرێك لە جۆرەکانی دوای مردنیش هەر بەردەوامە، هەروەك دواتر باسی لێوە دەکەین.

2 المدخل للقانون الخاص، للدكتور البدراوي، ل٥٨.

3 شرح مرقاة الوصول، ب٢، ل٤٣٤، وأصول الفقه، للشيخ عبدالوهاب خلاف، ل١٥٠ .

ئەهلیەت‌و گونجاوی‌و شیاوییە، بریتیی یە لە قۆناغی ژیری‌و جیاکردنەوەی چاک‌و خراپ لە یەکتر (التمیز)، نەك ژیان‌و، ڕوح لەلاشەدا بوون.

٨٤- شیاوی تەواوو ناتەواو، (الأهلیة الكاملة والناقصة):

هەر یەکە لە ئەهلیەتی (واجب)و، ئەهلیەتی (أداء) کە باسمان کردن ناتەواون‌و، جاری وایش هەیە کە تەواون، بە ڕەچاو کردنی ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ لە ژیانیدا پێیاندا تێپەڕ دەبێت، هەر لە دروست بوونیەوە، تا کامڵ بوونی عەقڵی‌و، تامردنیش‌و، ئەم قۆناغەیش بریتین لە:

یەکەم: قۆناغی کۆرپەلە.

دووەم: قۆناغی هاتنە دنیا، تا کرانەوەی عەقڵی‌و، جیاکردنەوەی چاک‌و خراپ لە یەکتر.

سێیەم: قۆناغی جیاکردنەوەی چاک‌و خراپ، تا باڵغ بوون.

چوارەم: قۆناغی دوای باڵغ بوون.

لە مەودوا دەربارەی ئەو جۆرە ئەهلیەتە قسە دەکەین، کە بۆ مرۆڤ دەچەسپێت، لە هەر لەو قۆناغانەیدا کە ئەژمارمان کردن.

٨٥- قۆناغی یەکەم، قۆناغی کۆرپەلەیی:

کۆرپەلە لە سکی دیکیدا، وەك بەشێك لە دایکی سەیری دەکەین، کە دایك دانیشت، ئەویش دانیشتووە، کە دایکی جوڵا لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، ئەویش هەروەها دەجولێت، بۆیە حوکم دەدەین، بەوەی کە هێشتا (ذمة: پەیمان) ی بۆ نەچەسپاوەو، هەر بۆیەش ئەهلیەتی واجب بوونی مافەکانیشی لەسەر نییەو، جاری واهەیە کە لەو ڕووەوە سەیری کۆرپەلە دەکەین، کە گیاندارێکی سەر بەخۆیەو، ژیانی جیایە، لە ژیانی دایکی‌و، هاکا لێی جودا بووبەوەو، بەدنیا هات‌و، بوویە مرۆڤێکی سەر بەخۆو، لەسەر پێی خۆی وەستاو، ئیتر لێرەدا حوکم دەدەین، بە چەسپاندنی (ذمة: پەیمان) بۆی‌و لێرە بەدواوە ئەهلیەتی واجب بوونی مافە کانیشی بۆ دەچەسپێنین.

ئەگـەر سـەرنجی ئـەم دوو ئاراسـتەیە بـدرێت، تێبینـی ئـەوە دەكرێـت كـە هێـشتا هاوپەیمانی تەواو (الذمة كاملة)ی بۆ نەچەسپاوە، هەوەك بە موتڵەقیو ڕەهاییش ذیمـەو پەیمانی لەسەر لانەچووەو، بـەڵكو پـەیمانی ناتـەواو (ذمـة ناقـصة)ی بـۆ چەسپاوە، كە دەتوانێت بە هۆی ئەو پەیمانە ناتەواوە هەندێ لە مافەكانی دەسـتە بـەر بكـاتو تـەواو! بۆیە كۆرپەلە لە ئەهلیەتی واجب بوونی مافەكانی هەیە، بـەڵام بـە ناتـەواوی، كـە هەنـدێ مافی هەن، دەبێت بۆی جێ بەجێ بكرێت، بەڵام مافی بە سەرەوە نین، بۆیە ئەو مافانەی بۆ جێگیر دەكرێن، كە لە چەسپاندنیاندا پێویستی بە ڕاوەرگرتنی ئەو ، (قبـولێ كردنیـان) نییە، وەك میرات بردنو، وەسیەت جـێ بـەجێ كـردن بـۆیو، دانـی مافـەكانی لـە پرسـی وەقف دا جێگیركردنی ئەو مافانە پێویستی بە قەبووڵكردن نییە، بەڵام ئـەو مافانـەی كـە پێویـستی بـە (قبـولێ) كردنـی ئـەو هەیـە، وەك دیـاریو خـەڵات كـردن، ئەمـەیان جـارێ ناچەسپێت بۆی، هەرچەندە سودێكی تێرو تەواویش هەبێت بۆی، چونكە ئەو خاوەنی ڕاو لێزانین نییە لەو قۆناغـەداو، هـەروەها سـەر پەرشـتیارو بریكاریـشی نییـە، كـە لـەجیاتی ئـەو(قبـولێ) كردنـە كـە ئـەنجام بـدات[1]و، هـیچ مـافێكی لەسـەر نییـە، چـونكە ئەهلیـەتی ناتەواوی، وەك گوتمانو، هێشتا تەواو نەبووەو، دەبێت لێـرەدا تێبینـی ئـەو بكرێـت، كـە ئەهلیەتو شیاوی واجـب بـوونی مافـەكان بـۆ كۆرپەلـە، بـەو مەرجـە دێتـە دی، كـە ئـەو كۆرپەلەیە بەزندوویی بێتە دنیاوە.

---

1 ئەوەی كە جەماوەری شەرعزانانی لەسەرە، ئەوەیە كە كۆرپەلە نە سەرپەرشتیاری هەیـەو، نـە بریكار (وصی)و، تەنها ئەوە دروستە كە ئەمینداریێكی بۆ دابنرێت، كە سامانەكەی بپارێزێـتو، ئـەو یاسایەی كە ئێستا لە وڵاتـی میـسر كـاری پێـدەكرێت، ئەوەیـە كـە كۆرپەلـە لـە بریكـاری (وصـی) هەیەو، هەر سەرپەریشتارێك بەسـەر منداڵانـەوە چ مـافێكی هـەبێت، ئـەم وەصـیەی ئـەمیش ئـەو مافەی هەیەو، لـە یاسـای سەرپەرشـتیاری ماڵیدا ژمـارە ١١٩ی سـاڵی ١٩٥٢هـاتووە، كـە دەڵێـت: ماددەی ٢٨: دروستە بۆ باوك، كە بریكارێك دابنێت بۆ منداڵە كەم ئەندامەكەی یـان بـۆ ئـافرەتێكی سكپڕی لا نەواز ، مـاددەی ٢٩: ئەگـەر ئـەو منداڵـە كـەم ئەندامـە، یـان ئـەو ژنـە سـكپڕە لانـەوازە وەصفیو بریكاری بۆ دانەنرا، ئەوا دادگا بریكاری بۆ دیاری دەكات.

بەلاّم سەبارەت بە ئەهلیەتو شیاوی لە جیّ بەجیّ کردنـی (أداء)ی واجبەکانـدا، ئەمـە بۆ کۆرپەلە نییە، چونکە بەهۆی نەتوانیڕو دەستەو شانیو بچوکیەوە چاوەڕیّ ی ئەوەی لیّ ناکریّت، کە هیچ جۆرە هەڵسو کەوتیّك ئـەنجام بـدات، کـە بیّگومـان بناغـەو بنـەڕەتی ئەهلیەت لـەم قۆناغـەدا، عەقڵـەو، بیّگومـان هـیچ جـۆرە جیاکردنەوەیـەکی نیّـوان چـاكو خراپ، کە ئامرازیّکی عەقڵە لەلای کۆرپـەلە بوونی نییە!

٨٦- قۆناغی دووەم: قۆناغی جیابوونەوەی کۆرپەلە لە دایکیو، هاتنە دنیای، تـا عەقڵ کردنەوەی:

کۆرپـە هـەرکات بـە زینـدوویی لـە دایکـی جیـابوو یـەوەو بـە دنیـا هـات، ئـەوا پـەیمان (ذمة)ی، تەواوی بۆ دەچەسپیّت، بۆیە ئەهلیەتو شیاوی تەواویش لەسەر واجب دەبیّـتو سـەر جـەم مافـەکانی دەسـتە بـەر دەبـنو، مافیـشی لەسـەرنو، پیّویـستیە سـەرجەمی مافەکانی بەسـەردا بـچەسپیّنریّن، هـەروەك چـۆن ئـەو مافانـەی بەسـەر کەسـیّکی باڵغـدا دەچەسپیّن، چونکە ئەو کەسە باڵغە خاوەنی پەیمانی تەواو (الذمة الكاملة)و چەسپاندنی ئەهلیـەتی تـەواوە بۆیـە بـۆ منداڵەکـەیش هەروایـە، بـەلاّم واجـب بـوونی مافـەکان بـۆ هەرکەسیّكو، مرۆڤیّك، لەبەر خودی واجبەکـە نییـە، بـەڵکو مەبەسـت لـەو واجـب بوونـە، حوکمەکەیەتی، کە بریتییە لە جیّ بەجیّ کردنەکەی (الأداء)، جا هەر مافیّك کە بۆ منـداڵ بگونجیّت، بیکات، ئەوا لە سـەریەتی کـە بیکـاتو ئـەنجامی بـدات، بـەلاّم ئـەوەی کـە لـە توانایدا نییە، بیکات، ئەوا لە سەری واجب نیە، وەك لەم دریّژە باسـەی خـوارەوەدا شـی دەکەینەوە:

یەکەم: مافی بەندەکان، ئەوانەی کە مـافی دارایـین، وەك برژانـدنی شـتیّك کـە خراپـی دەکـەیت، یـاخود دانـی مـافی کریّکـار، یـان پڕکردنـەوەی پیّداویـستیکانی ژنو کەسـە نزیکەکانو هتد.... ئەم مافانە واجبن لەسەر منداڵیش، چونکە مەبەستو ئامـانج تیایانـدا موڵكو سامانەکەیەو، دەکریّت کەسیّك وەك بریکاری ئەو منداڵە کارەکەو بەخشینەکە جیّ بەجەٚ بکاتو، بەلام ئەو مافانەی بەندەکان کە پەیوەستن بەسزاکانەوە، وەك کوشـتنەوە، ئەمـە لەسـەر منـدالّ واجـب نییـە، چـونکە ناگونیّـتو شـیاو نییـە، بـۆ ئـەو حوکمـە، کـە

سزادانییەتی چونکە کارو کردەوەی منداڵ، بە کەم کورتی وەصف ناکرێتو نایەتە ئەژمارو، بۆیە نابێتە فاکتەر بۆ سزادانی، چونکە مانای تاوان لە کردەوەی منداڵدا بەر جەستە نابێت، هەروەك ئەم مافە لە لایەن بریکارەوە ناکرێت جێ بەجێ بکرێت، بۆیە دروست نییە، کە سەرپەریشتاری (ولي) سزا بدرێت لە جیاتی بڕیاردەری بریکارە کە (وەصي)و ئەمە بەپێچەوانەی خوێن دانەکەیە، چونکە ئەم پارە دانە واجبە، چونکە پاراستنی پرۆسەکەی تێدایەو، منداڵی بوون لە گەڵ پاراستنی گیانی خەڵك پێچەوانەوو دژینو، مەبەست لە واجب دانی ئەوو خوێنە، بڕە پارەکەیە، یان موڵکێکەو دەکرێت موڵكو پارەیش بریکار هەڵسێت دانو جێ بەجێ کردنی.

دووەم: مافی خوای پەروەردگار، هەیانە کە بناغەی پەرستشەکانە، کە ئەویش باوەڕ (إیمان)ەو، هەیانە پەرستشی پەختو تەواوەو، ئەمەیش یان پەرستش لاشەیی یىو، بەسە، وەك، نوێژ کردن، یان پەرستش داراییو بەس، وەك زەکاتدان یاخود هاوبەشە لە نێوان پەرستشی جەستەیىو ماڵی، وەك حەج کردن، ئەمانە هیچ کام لەسەر منداڵ واجب نین، هەر چەندە کە هۆکاری ئەم مافانەیش هاتبێتەدیو، هەروەها کاتو جێگای ڕەخساندن هەبێتو، پەیمانێکی گونجاو لەسەر ئەو منداڵە هەبێت، چونکە حوکمی واجب بوون لەم مافانەدا، بریتی یە لە جێ بەجێ کردنیان ڕاستەو خۆو بە پراکتیکی لە لایەن ئەو کەسەوە کە کارەکەی لەسەر واجبەو، دەبێت خۆی بیکات، بەئازادیو سەرپشکی تەواو نەك بریکارەکەی بە تۆبزی بۆی بکات، تامانای تاقیکردنەوەی ئەو مرۆڤە لەم پرۆسەیەدا بفامرێتەوەو جێ بەجێ ببێتو، بەخۆی تاقی بکرێتەوەو، لەسەر کارەکەیشی پاداشت وەربگرێتو، بێگومان منداڵ شیاو نییە، بۆ ئەم حاڵەی کە باسکرا[1] ، وەمافی

---

1 التلويح على التوضيح، ب٢، ل١٦٣و، دەربارەی واجبی زەکات لەسەر منداڵ، لە نێوان شەرع زاناندا ڕجیایی هەیەو، ئەوانەیان کە بە واجبیان زانیوە، بەو پێودانگە دایانناوە، کەمافێکی پێویستیە لەسەر دەوڵەمەندەکان کە دەبێت بیدەن بە هەژارەکانو، ئەم مانایەش پەیوەندی بە منداڵ بوون، یان بالغ بوونەوە نییەو، ئەو گروپەی کە دنی زەکاتەکە یان بە واجب نەزانیوە، بەو پێودانگە بوون، کە وەك پەرستشی وەك نوێژو ڕۆژو ئەژماریان کردووەو، بێگومان لە پەرستشدا

خوای مەزن هەن، کە پەیوەندیدارن، بەسزاکانەوە، وەك ئەو سزایانە (حدود) دانراوە بۆ تاوانەکانو، بێگومان جێ بە جێ ناکرێت، هەر وەك سزایانەیش ناگرێتەوە، کە وەك سزا لەسەر پێشێل کردنی مافەکانی بەندەکان کردوویەتی، وەك کوشتنەوە، چونکە حوکمە کە ناگرێتەوە، کە سزادانیەتیو، لەم کارەیشدا دیسان بریکار ناتوانێت لە جیاتی ئەو سزاکە وەربگرێت[1]. بەلأم سەبارەت بە شیاوی ئەهلیەتی کەسێك بۆ جێ بەجێ کردن (أداء)ی مافەکان، ئەمەیا سەبارەت بەمندالٚ هیچ جۆرێك لە ئارادا نییە، چونکە قۆناغەکەی شیاوو نەگەنجاوە، بۆ ئەم کارەو، چاكو خراپ لێك جیا ناکاتەوەو، بۆیە ناتوانێت خۆی مافەکان جێ بەجێ (أداء) بکاتو، بێگومان عەقلٚ کرانەوەو جودا کردنەوەی چاكو خراپ لە یەکتری، وەك گوتمان بناغەی ئەهلیەتو گونجاوی تاکە کەسە بۆ توانابوونی بە جێ بەجێ کردن (أداء)ـی، مافە کان، بۆیە داوا لە مندالٚ نەکراوە، کە خۆی بەخۆی هەرشتێك جێ بەجێ بکاتو، ئەوەی کە لەسەری واجب بووە، لە مافەکان بەهۆی ئەوەوە کە ئەهلیەتو شیاوی واجب بوونی لە سەرە، ئەمەیان سەر پەشتیارەکەی بۆی دەکات، کە لە هەر شتێکدا کە بگونجێت، سەر پەرشتیار لە جیاتی خۆی بۆ بکات، نەك خۆی!

لە بەر ئەوەی کە مندالٚ ئەهلیەتی (أداء)ـی، نییە، بۆیە هیچ ڕیو شوێنێکی لەسەر قسەو هەلٚسو کەتەکانی ناگرێتە بەر، بۆیە گرێبەستو هەلٚسو کەوتە زارەکییەکانی بەتالٚنو، کاریان پێ ناکرێتو، هەر ئەمەیش یاسای مەدەنی عێراقیو میسری چەسپاندوویەتیو، دانی پیا ناوە.[2]

بەمەرج گیراوە کە دەبێت بالغ بوبێت، چونکە پەرستش تاقیکردنەوەیەو، بێگومان مندالٚیش بۆ تاقیکردنەوە ناشێت، لەبەر کەم عەقلٚییەکەی، بڕوانە بداية المجتهد.ب١، ل٢٢٠.

1 كشف الأسرار، ب٤، ل١٣٦٢.

2 ماددەی ٩٦ی یاسای مەدەنی عێرقی، ژمارە ٤٠ی سالٚی ١٩٥١ دەلٚێت، هەلٚسووکەوتو مامەلٚی مندالٚی ناژیرو جیانەکەرەوەی چاكو خراپ لە یەکتر بەتالٚە، هەر چەندە سەرپەرشتیارەکەیشی مۆلٚەتی قێدابێت. ماددەی ١١٠ لە یاسای مەدەنی میسری ژمارە ١٣١ی سالٚی ١٩٤٨ دەلٚێت: مندالٚی

٨٧- قۆناغی سێیەم: قۆناغی جیاکردنەوەی چاکو خراپ لە یەکتری، تا قۆناغی باڵغ بوون:

ئەم قۆناغە بەگەیشتنی منداڵ بە تەمەنی حەوت ساڵان دەست پێدەکاتو، بە قۆناغی باڵغ بوون کۆتایی دێت، لەم قۆناغەدا ئەهلیەتی واجب بونی مافەکان بە تەواوی لەسەر مرۆڤ دەچەسپێت، چونکە کە بۆ منداڵی جیانەکەرەوەی چاکو خراپ لە یەکتر (ممیّز) زۆر باشتر دەچەسپێت، بۆیە مافەکانی جێگیر دەبن، هەروەها مافیشیلەسەر جێبەجێ دەکرێت، بەو شێوازەی کە بە درێژی باسمان کرد، سەبارەت بە منداڵی بچووکی جیانەکەرەوەی چاکو خراپ، کاتێك کە باسی قۆناغی دووەممان کرد، واتە قۆناغی لەدایك بوون تا قۆناغی ژیریو جیاکردنەوەی چاکو خراپ لە یەکتری. بەڵام سەبارەت بە شیاویو ئەهلیەتی تاکە کەس، بۆ جێبەجی کردن (أداء)ـی، مافەکان، ئەمەیان بۆ منداڵی لەم قۆناغەدا دەچەسپێت، بەڵام بە ناتەواوین چونکە عەقڵیش ناتەواوەو لەم قۆناغی ئەهلیەتی ناتەوەدا، هەر کات هەندی شتی جێبەجێ کرد، ئەوا بۆی دروستەو لێی وەردەگرێت بەڵام لەسەری واجب نیە، وەك ئیمانو پەرستشە جەستەییەکانی تر، چونکە لەمانەدا سودی تێرو تەواوی تیادایە، بۆ خودی منداڵەکە.

بەڵام سەبارەت بە مامەڵە داراییەکانی، ئەم درێژەباسەی خوارەوە ڕاڤەی پرسەکە دەکات:

١ـ ئەو مامەڵانەی کە سوودی تەواویان بۆ منداڵەکە هەیە، وەك وەرگرتنی دیاریو خێرو شتی وەسیەتو، ئەم مامەڵەو هەڵسوکەوتانە بۆ منداڵ دروستەو، پێویست بە سەرپەرشتیار یان منداڵەکە خۆی ناکات، چونکە دروستی ئەم جۆرە مامەڵانە، ئەگەر منداڵ کردنی، دەگونجێت، چونکە ئەهلیەتی ناتەواوی لەم قۆناغەدا هەر هەیە، لە دروستیشدا بەرژەوەندییەکی ئاشکرا هەیەو، ئێمەش فەرمانمان پێکراوە کە ڕەچاوی

بچوکی جیانەکەرەوەی چاکو خراپ مافی ئەوەی نییە کە مامەڵ بە دارایی خۆیەوە بکاتو، هەمو هەڵسوکەوتو مامەڵەیەکی بەتاڵە.

بەرژەوەندی منداڵەکە بکەین، هەر کات توانیمان، بۆیە لێرەدا کە دەتوانین، کەواتە دروستە ڕەوچاوی بکەین.

٢ـ ئەو مامەڵانەی کە زیانی تەواو بە منداڵەکە دەگەیەنن، ئەویش وەك ئەو مامەڵانەی کە بەشێك لە دارایی منداڵەکە بێ بەرامبەر خەرج بکرێتن وەك ئەوەی کە بکرێت بە دیاری، یان بکرێك بە وەقفو هتد... ئەم هەڵسوکەوتو مامەڵانە بۆ منداڵ دروست نینو، بەڵکو هەر ناگیرسێنو بەتاڵن، تەنانەت سەرپەرشتیارو ڕاسپێردراو بۆیان نیە، کە بە بیانووی مۆڵەت وەرگرتن، بە دروست دابنێن، چونکە ئەوان لە ڕاستیدا خاوەنی موڵکەکە نین، بۆیە مافی مۆڵەتیشیان لەم بوارەدا نیە، چونکە سەرپەرشتیاری (الولاية) لەسەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی منداڵەکە وەستاوەو، دەبێت وەك منداڵ تەماشا بکرێت، ئەو هەڵسوکەوتانەی کە زیانی پێ دەگەیەنن، ئەمە چاودێری کردن نیە، ئەگەر منداڵەکەیش مۆڵەت بدات، هەر ناکرێت، چونکە زیانی وی تیادایە.

٣ـ ئەو مامەڵەو هەڵسوکەوتانەی کە ڕەهەندی چاكو خراپیشیان هەیە، بەپێی بنەڕەتی دانانەکەیان، وەك کڕینو فرۆشتنو بەکرێدانو، دیکەیماڵگۆڕکێکانی تر،[1] ئەم هەڵسوکەوتو مامەڵانە بۆیان هەیە، قازانج بکەن، هەروەها دەگونجێت زیانیش بکەن، بۆیە ئەگەر منداڵی ژێر توخنیان کەوت دروستە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەهلیەتی جێبەجێ کردن (أداء)ـی، هەیە، بەڵام لە لایەکی ترەوە لەسەر، مۆڵەتی سەرپەرشتیار (إجازة الولي) وەستاوە، چونکە ئەهلیەتەکەی ناتەواوەو نوقسانە، بۆیە کە سەرپەرشتیار

---

1 لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەوەی ڕەچاوکراوە، لەم هەڵسوکەوتەیدا کە ڕەهەندی سودو زیانیشی هەیە، ئەوەیە کە شێوازی هەڵسوکەوتەکەو سروشتەکەی دیاری دەکات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەو کردەوەیەی کە منداڵەکە کردوویەتی لە ڕاستیدا بۆی سودمەندە؟ یان نا! بۆیە ئەگەر منداڵێك شتێکی فرۆشت، بە زیاتر لە نرخەکەی خۆی، ئەوا ئەو کاتە ئەم مامەڵەیەی لەسەر مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی وەستاوەو حساب بۆ قازانجی منداڵەکە ناکرێت، لەم مامەڵەیەیدا، چونکە بێگومان هەر سروشتی مامەڵە وایە، کە یان زیان دەکاتن یان سوودو قازانجی هەیە.

مۆڵەتی پێدا، ئیتر ئەم مۆڵەتدانە، ئەو ناتەواویە پڕ دەکاتەوە، مامەڵەکەی وەك مامەڵـەی کەسێك خاوەن ئەهلییەتی کامڵ تەماشا دەکرێت.

ئەم حوکمانەی کە باسمان کـردن، سـەبارەت بـە مامەڵـەو هەڵسوکەوتەکانی منـداڵو، ئاسـتی دروسـتو نادروسـتیانن یاسـای مـەدەنی عێـراقیش[1] دانـی پیـادا نـاونو هـەروەها یاسای مەدەنی میصری سەبارەت بە مەمەڵەی قازانجدارو زیانمـەد یاسـای دەرکـردوون. بەڵام ئەو مامەڵانەی کە دیوی قازانجو زیان هەردووکیانی تیادایە، بۆ ئەمەیان وای داناوە، کە دروستە بەتاڵ بکرێنەوە، وەك ڕەچاوکردنێك بـۆ بەرژەوەنـدی منداڵەکـەون هـەر کـات سەرپەرشتیار مۆڵەتی دا، یـان منداڵەکـە دوای بـاڵ بـوونون تەمـەنی پێگەیـشتن لەسـەر مامەڵەکە ڕازی بوو، ئەوا دەتوانێت هەڵی نەوەشێنێتەوە.[2]

٨٨ــ منداڵی مۆڵەتدراو:

دروستە بۆ سەرپەرشتیار، کە مۆڵەت بە منداڵ بدات، کـە کـاری بازرگـانی بکـات، هـەر کات هەستی کرد توانای هەیە، لەم حاڵەتەدا هەڵسوکەوتو مامەڵە بازرگانییەکانی منداڵ، هەروەها گشت ئەو مامەڵانەی کە پەیوەندیدارن بە بازرگانییەکەیـەوە، بـە هەڵسوکەوتو مامەڵـەی دروسـتو سـەرکەوتوو دێنـە ئـەژمارو کـارپێکراون، چـونکە ئـەو مۆڵەتـە پـێش وەختە، بۆ مامەڵەکردن، هاوشانە لەگەڵ مۆڵەتی دواتردراون وەك یەکنو هەر ئەمـەیش لـە لایەن یاسای مەدەنی عێراقیو میصریەوە چەسپاوە.[3]

٨٩ــ قۆناغی چوارەم: قۆنـاقی دوای بـاڵغ بوون:

کە مرۆڤ عـەقڵی پێگەیـشت، ئـیتر ئەهلیـەتی تـەواوی جێبـەجێ کـردن (أداء)ی هەیـە، شیاوە بۆ ئەوەی کە خیطـابی شـەرعی ڕووبـەڕوو بکرێتـەوەو گشت تـەکلیفێکی شـەرعی

---

1 بڕوانە ماددەی ٩٧، لە یاسای مەدەنی عێراقی.

2 بڕوانە ماددەی ١١١ لە یاسای مەدەنی میصری.

3 بڕوانە ماددەکانی ٩١ـ١٠١ لە یاسای مەدەنی عێراعیو ماددەکـانی ٥٤و ٥٥و ٥٦، ١١٢ لـە یاسای مەدەنی میصری.

بخرێتـه سـەر شـانیو، سـەرجەم گرێبەسـتو مامەڵـەکانی دروسـتن، بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ پرسکردن بە هیچ کەس، ئەگەر گێـژو کـەم عـەقڵ (سـفیه) نـەبێت، وەك دواتـریش باسـی دەکرێن.

﴿بەشەباسی دووەم﴾

بەربەستەکانی بەردەم شیاوی مرۆڤن بۆ ئەنجامدانو جێبەجێ کردنی مافەکان (عوارض الأهلیة):

٩٠ــ ڕێخۆشکردن:

پێشتر زانیمان، کە ئەهلیەتو شیاوی مرۆڤ، بـۆ پێویـست بـوونی مافـەکان لـە قۆنـاغی کۆرپەلەییدا بە ناتەواوی (ناقصة)ی، بۆی دەچەسـپێتو دواتـر دوای لـە دایکبـوونی بـۆی کامڵ دەبێتو، هەتا لە ژیاندا بێت هەر ئەهلیەتی تەواوی هەیە.

بەڵام شیاویو ئەهلیەتی جێبەجێ کردن (أداء) لە لایـەن خـودی خۆیـەوە ئەمـەیان بـۆ مـرۆڤ لـە قۆنـاغی کۆرپەلەییـدا ناچەسپێت، هـەروەها بـۆ منـداڵێك کـە چـاو خـراپ لێـك جیاناکاتــەوە، دیــسان ناچەســپێت، بــەڵام ئەهلیــەتی ناتــەواو (ناقــصة) بــۆ منــداڵی دەچەسپێت، کە چاكو خراپ لـە یـەکتری جیـا بکاتـەوەو، دواتـر کـە عـەقڵی گـرت، ئـیتر ئەهلیەتی کامڵی بۆ دێتەجێ، جا بنەڕەتی ئەهلیەتی جێبـەجی کـردن (الأداء) بۆیتیـە لـە عەقڵ، جا کە عەقڵ نەبوون ئەهلیەتی ئەدائیش نابێتو خاوەن کـەموکوڕی دەبێـتو هـەر کات عەقڵی کامڵ بوو، ئیتر ئەهلیەتی جێبەجێ کردنیش کامڵ دەبێـت، عـەقڵ کـورتو نـا کامڵ بریتیە لە عەقڵی منداڵی کە چاكو خراپ لە یـەکتر جیابکاتـەوە، هـەروەها ئەوانـەی لەم ناستەدان، عەقڵی کـامڵ بریتیـە لـە عـەقڵی کەسـێك پێگەیـشتوو (بـالغ)، کـە شـێتو شێتۆکە (معتوه) نەبێت.[1] بەڵام جاری وا هەیە، کە مرۆڤ تەنانەت دوای ئـەوەی کـە بـووە خاوەنی ئەهلیەتی کامڵ، تووشی کۆمەڵە گرفتێك دەبێت، کە ئەو ئەهلیەتە لا دەبەن، یان

1 التوضیح، ب٢، ل ١٦٤.

کەمی دەکەنەوە، یاخود لە ڕووی لابردنو کەمکردنەوە کاریگەری تێناگەن، بەڵام هەندێ حوکمی ئەو کەسە تووش بووە دەگۆڕن، ئەمەش ئەوەیە کە ناو نراوە بەربەستەکانی بەردەم ئەهلیەت (عوارض الأهلية).[1]

٩١ــ جۆرەکانی لەمپەڕەکان (عوارض):

ئەم لەمپەڕو بەربەستانە دەبنە دوو بەشەوە:

یەکەم: بەربەستی خودایی: (عوارض سماوية).

دووەم: بەربەستی مرۆڤکرد (عوارض مكتسبة).

– لەمپەڕە خوداکردەکان (العوارض السّماوية)، بریتین لەو بەربەستانەی بەبێ دەسەڵاتی مرۆڤو ڕازی بوونی تاکەکەس لە لایەن خاوەن شەرعەوە کە خودای مەزنە جێگیر کراونو چەسپاون، بۆیە بە بەربەستی ئاسمانی (عوارض سماوية) ناوزەدکراو، چونکە لە تواناو بژاردەی مرۆڤدا نیە، لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی مرۆڤدایە، وەك شێتیو شێتۆکەییو نەخۆشیو مردن.

– بەڵام لەمپەڕە مرۆڤکردەکان بریتین لەو بەربەستانەی کە لە سنووری دەسەڵاتو هەڵبژاردەی مرۆڤدانو خۆی بە دەستیان دەهێنێتو ئەم لەمپەڕانەش دوو جۆرن:

یەکەم: ئەوانەی کە دەرهاویشتەی دەروونی خودی مرۆڤن، وەك: نەزانین (جهل)و سەرخۆشیو گاڵتەجاڕی.

دووەم: ئەو بەربەستانەی کە لەلایەن غەیری خودی مرۆڤەوە تووشی دەکرێت، کە ئەمەشیان (زۆرلێکردن: ألأكراه)ە.

لەمەودوا لەسەر هەندێ لە بەربەستە خوداکردو مرۆڤکردەکان دەدوێین:ــ

---

1 (العوارض: بەربەستەکان) بەوە پێناسە کراون کە بریتین لەو حاڵەتانەی کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ نین، بەڵام دژی ئەهلیەتنو کاری تێدەکەن.

مەبەستی یەکەم:

بەربەستە خوداکردەکان (العوارض السّماوية)

یەکەم: شێتی:

٩٢ـ هەندێ لە زانایانی فیقه، شێتی یان وا پێناسە کردووە، کە بریتیە لە تێك چوونی عەقڵ، بە جۆرێك کە بەر بگرێت، لە ڕەوت وەرگرتنی کردارو گوفتاری کەسی تووش بوو، لەسەر ڕەوتێکی عاقڵانەو ژیرا، مەگەر زۆر بە دەگمەن [١]،

ئەمەیش دوو جۆرە: (زگماکی: أصلي).و (کتوپڕ: طارئی).

- زگماکیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ هەر بەشێتی لە دایك ببێت‌و، زگماك بێت‌و، قەت ساغ نەبووبێت.

- کتوپڕ (طارئی)ە کەی، ئەوەیە کە عەقڵی هەبوبێت‌و ژیر بووبێت، بەلام دەاتر بە کتوپڕی شێت بووبێت، هەردووکی ئەم دوو حاڵەتەیش، یان هەمیشەیین، یان ناهەمیشەیی‌و کاتین.هەردوو جۆرەکەی شێتی کارناکەنە سەر ئەصلیەتی واجب بوونی مافەکانی کەسی تووش بوو، چونکە ئەم مافانە بە (ذمة: پەیمان) چەسپاون‌و، شێتی دژی (ذمــة) نییەو، شێتیش پەیماندارە، چونکە ذیمە داربوون،بە بوونی ژیان دەچەسپێت‌و، بێگومان شێتیش ژیانی هەیەو، ژیاندارەو، بەسەری دەبات، بەلام ئەم شێتییە کار لە ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (أداء) دەکات‌و، ئەم مافەی لەسەر ناهێڵێت، چونکە جێ بەجێ کردنی (أداء) بەستراوە بەعەقڵ‌و بە جیاکردنەوەی چاك‌و خراپ لە یەکترو ئەم دووانەیش لە شێتدا بوونیان نییە، بۆیە حوکمی شێت، وەك حوکمی منداڵی جیانەکەرەوەی چاك‌و خراپ لە یەکتر وایە لە مامەڵەو هەڵس‌و کەت‌و کردارەکانیدا.

بەڵام لە پەرستشەکاندا، ئەگەر شێتی ئەوکەسە بەردەوام‌و هەمیشەیی بوو، [٢]

---

1 الوضيح ب٢، ل١٦٧.

2 بەردەوامی‌و هەمیشەیی لە شێتیدا ئەوەیە کە سنوری نییەو، ئەم حاڵەتەیش بە پێی جۆری پەرستشەکان دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا ئەگەر کەسەکە لە تەواوی

ئـەوە پەرستــشەكانی لەســەر شــان لادەچــن، بەتــەواوەتی واجــب بوونیــان لەســەر لادەچێت، چونكە لەو كاتەدا توانـای جـێ بـەجێ كـردن (أداء)ی لـە دەسـتداوە، بـەهۆی شـێتییەوەو، هـەروەها لـە دوای چـاكبوونیش سـەختە لەسـەری كـە وەك قەزاكردنـەوە بیگرێتەوە، جا هەر كات نەتوانرا (أداء: جێ بەجێ) بكرێت، لە كاتی خۆیداو، نەدەكرا لـە بەر سەختی قەزابكرێتەوە، بۆیە (واجب) بوونی هەرشتێك بەبێ (أداء) سودی نییە، بەلام ئەگەر حاڵەتی شێت بوونەكـە نـا هەمیـشەیی بـوو، ئـەوا (جـێ بـەجێ كـردن: أداء)، هـەر چەندە لە حاڵەتی شـێتیەكەیدا ناكرێـت، بـەڵام لـە دوای چـاكبونەوەی، بـەبێ نارەحـەتی بتوانێت قەزای بكاتەوە. ئەوا لەم كاتەدا لـە بـەر ئـەوەی كـە (أداء)ە كـەی جـێگیرەو بـە گریمانەی چەسپاوە، بۆیە (واجب) بوونی هەر لەسەر دەمێنێتەوە.

٩٣- سانسۆر دانان لە سەر شێتو، ماوەی دەس بەكاربوونی سانسۆرەكە:

شێتی هۆكارە بۆ سانسۆر(حجر) خستنە سـەر،و سانـسۆر لـە شـەرعدا بریتیـە لـە بـەر گـرتن لـە مامەڵـەی زارەكـی نـەك كـرداری، بـەو مانایـە كـە ئـەو مامـەڵ!ە زارەكیانـە ناچەسـپێن،و دروسـت نـین،و، لـە شێتیـشدا هـەر دروسـت نـین،و ناگیرسـێن، هـەر چـەندە بەتـەواوی سـود مەندیـشبن بـۆ كەسـە شـێتەكە، هـەروەك ئـەم حوكمـە لـە منـداڵی جیانەكـەرەوەی چـاك،و خـراپ لـە یـەكتر (غـیر الممیـز) شـیدا هەروایـە، چـونكە دروسـتی گوفتارو، كارپێكردنیان، دەبێـت لـە ڕووی عـەقڵ،و تـەمیزەوە بـن،و، بـەبێ عـەقڵ،و تـەمیز دەرد خواردوو نین،و كاریان پێ ناكرێت، تەنانەت ئەگەر سەرپەریشتاریش مۆڵەتی دابێـت، چونكە كارەكە هەر لەبنەڕەتەوە بەتاڵەو، مۆڵەتی پاشەوەختیش بۆ شێت بـەتاڵ سـودی نییەو، دروستی پێ نابەخشێت.[1] ئەو شـێتیەی كـە (محجـور لذاتـە)یـەو، واتـە هـەر كـات

مانگەكەدا شێت بـوو، ئـیتر ئـەوە بـە شـێتی هەمیـشەیی،و بـەردەوام بـۆ (ئـەو مانگـە) دێتـە ئەژمارو، ئەگەر هەندێكی شێت بوو، لە كەمێكی تـری مانگەكـەدا چـاك بوویـەوە، ئـەوە بـە شێتی ناهەمیشەیی دیتە ئەژمار.

1 شرح مرقاة الوصول. ب٢، ل٤٣٩.

شێتی تووشی مرۆڤەکە بوو، ئەوە ڕاستەو خۆ هۆکارەکە بۆ ئەوەی کە سانسۆری بخرێتە سەر، بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادگا، بۆیە قسەی شێت لە کاتی شێتیدا کاری پێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر حاڵەتی شێتیەکەی پچڕ پچڕ بوو، بەجۆرێك کە هەندێ کات چاك دەبوویەوە، ئەوە مامەڵەو هەڵسو کەوتەکانی ئەو کەسە شێتیە، لە کاتی ساغیدا، وەك مامەڵەی کەسی عاقڵ ئەژمار دەکرێت. یاسای مەدەنی عێراقیش هەر لە چوارچێوەی ئەم ئەحکام گەلەی فیقهی ئیسلامیدا لەم بارەیەوە بڕیاری داوەو، بەدەق ئەوەی چەسپاندووە کە حوکمی شێت وەك حوکمی منداڵی جیانەکەرەوەی چاکو خراپ (غیر الممیز) وایەو، یەکسەر لە گەڵ سەر هەڵدانی حاڵەتەکە تیایدا، بە سانسۆردار دێتە ئەژمارو، دواتر مامەڵکانی لە کاتی ساغیداو، ئەگەر شێتیەکەی پەڕاندبوو، ئەوا وەك مامەڵەی کەسی عاقڵ تەماشا دەکرێت.[1]

بەڵام یاسای مەدەنی میصری، لە هەندێ بەندیدا چۆتەوە دەرەوەی ئەحکامەکانی فیقهی ئیسلامیو، ئەگەر چی ئەوەی درکاندووە، کە شێت وەك منداڵی، جیانەکەرەوەی چاك وایەو، ئەهلیەتی تیادا نییە، بەڵام بەسانسۆردار ئەژماری نەکردووەو، گوتوویەتی دەبێت دادگا ئەو بڕیارە بداتو، هەروەها ئەوەی دەر بڕیوە کە هەر بەبڕیاری دادگایش سانسۆری لەسەر لادەچێتو سەر جەم مامەڵەکانی پێش تۆمارکردنی بڕیاری سانسۆرکردن لەسەر بەدروست دادەنرێتو، بەتاڵ نین. تەنها بەو مەرجە نەبێت، کە حاڵەتی شێتیەکەی زۆر بێت، لە کاتی گرێبەستەکەدا، یاخود لایەنی سەر جەم مامەڵەو هەڵسو کەوتەکانی لە دوای تۆمارکردنی بڕیاری سانسۆرەکە بە تەواوی بەتاڵن، ئیتر چونیەکە ئەو مامەڵانە لە کاتی ساغیدا کرابن، کە جارجار چاك دەبێتەوەو شێتیەکەی

---

1 لە ماددەی ٩٤دا هاتووە، کە منداڵو شێتو، شێتۆکە، لە خودی خۆیاندا سانسۆریان لە سەرەو، لە ماددەی ١٠٨دا داهاتووە، کە شێتی پەتەڕی وەك منداڵی جیانەکەرەوەی چاکو خراپ یەك حوکمیان هەیە، بەڵام شێتی پلە دووو، نایەتەڕێ مامەڵەو هەڵسووکەوتەکانی لە کاتی ساغیدا وەك مامەڵەی ساغو عاقڵ کاریان پێدەکرێت.

لادەچێت، یاخود هەر لە کاتی شێتیەکەیدا ئەنجامی دابن، هەر چونیەکەو، تەنانەت ئەگەر لە دوای عەقڵ گرتنەوەو چاك بوونەوەیش ئەنجامی دابن، هەر بەتاڵن، مادام هێشتا بڕیاری لاچونی سانسۆری لەسەر نەدرابێت[1] !

دووەم: شێتۆکەو بیرکۆڵو گێلیو گەمژەییو کەودەنی (العته):-

٩٤- (العتە: گێلی) بریییە لە تێکچوونی عەقڵ، بە جۆرێك كە مرۆڤ کە حاڵەتی فامکردنی شێتەکانی کەم ببێتەوەو، قسە تێکەڵ بکاتو، نەزانێت کارەکانی بەڕێوە بباتو، ساز بکات، بۆیە بەم هۆیەوە هەستکردنو جیاکردنەوەی چاكو خراپ لە دەست دەداتو پەی بەکارە باشەکان نابات، ئەمەیش دوو جۆرە:

یەکەم: ئەو کەو دەنییەی ڕێژەکەی هێندە زۆرە، کە هیچ هەستو جیاکردنەوەی چاکەو خراپە یەك لە خاوەنەکەیدا ناهێڵێتەوەو، وەك شێتی لێ دێتو، وای لێ دەکات، کە ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (أداء) تیایدا نامێنێت، بەڵام ئەهلیەتی واجب بونی مافەکان بۆی هەر بەردەوام لەسەریو، لە حوکمە شەرعییەکاندا، حوکمی شێتی هەیە.

دووەم: ئەو گێلیو کەودەنییەی هەستی هەیەو، توانای جیاکردنەوەی چاکیو خراپی هەیە، بەڵام لە ئاستێکی کەمدایەو، وەك هەستو توانای کەسی عاقڵ نییەو، مرۆڤی

---

1 ماددەی ٤٥ی یاسای میصری دەڵێت، هەر کەس لەبەر منداڵیو کەم تەمەنی یان شێتۆکەیی، شێتی جیاکردنەوەی چاكو خراپی لە دەست دابێت، ئەوە ئەهلیەتی ئەوەی نییە، کە توخنی مافە مەدەنیەکانی بکەوێت.

هەروەها ماددەی ١١٣یش دەڵێت: کەسی شێتو شێتۆکەو بیرکۆڵو گێژو حۆل دادگا بڕیاری سانسۆر دەدات لەسەریانو، هەر دەبێت دادگایش بڕیارەکە لە سەریان لاببات.

هەروەها ماددەی ١١٤ دەڵێت: یەکەم: هەڵسوکەوتو مامەڵەی شێتو شێتۆکە ئەگەر لە دوای بڕیاری تۆمارکردنی سانسۆر لەسەری ئەنجامی دابوو، بەبەتاڵ دێتە ئەژمار. دووەم: بەڵام ئەگەر مامەڵەو هەڵسوکەوتەکەی لە پێش تۆمارکردنی بڕیاری سانسۆرەکە ئەنجامی دابوو، بەبەتاڵ نایەتە ئەژمار، مە گەر کاتێك کە ئەو حاڵەتی شێتیە تیایدا زۆر ڕەنگی دابێتەوە، یان لایەنی بەرامبەری گرێبەستەکە پێی زانی بێت، کە شێتە، ئیتر بەتاڵە.

گێـل‌و گەمـژەی لـەم جـۆرە لـە حـوکمی شـەرعیدا ئـەو مرۆڤـە باڵغـە، وەك منـداڵێکی جیاکەرەوەی چاك‌و خراپ وایە.

وئەهلیـەتی (جـێ بـەجێ کـردن: أداء) ی هەیـە، بـەڵام بەناتـەواوی (ناقـصة)، بـەڵام ئەهلیەتی واجب بوونی بەتەواوی بۆی ئەنجام دەدرێت‌و، کـاملی ئـەم ئەهلیەتـەی هەیـەو، لەم ڕوانگەیەوە پەرستشەکانی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر ئەنجامیان بدات، بۆی دروستەو، هەروەها سزای لەسەر جێ بـەجێ ناکرێـت‌و، ئـەو مافـەماڵیانـەی خـەڵك کـە دەسـتی لـە خراپکردنیانـــدا هەیـــە، پێـــی دەبـــژێردرێت‌و، دروســـتە ئـــەم بژاردنـــە لـــە لایـــەن سەرپەرشتیارەکەیەوە بۆی جێ بـەجێ بکرێـت، وەك بـژاردنی شـتێك کـە بەدەسـتی ئـەم خراپ بووبێت‌و، هەر مامەڵەو هەڵس‌و کەوتێك ئەنجام بدات، کـە سـوودی تـەواوی هـەبێت بۆی، ئەوا دروستەو، ئەگەر زیانی تەواوی هەبوو، بۆی ئـەوا نادروسـتەو، ئەگـەر مامەڵـەو هەڵس‌و کەوتەکەی دوو لایەنەبوو، واتە چاوەڕێ دەکرا، سودی هەبێت بـۆی‌و، چـاوەڕێش دەکرا، کە زیانی لێ بکات، لـەم کاتـەدا لەسـەر موڵـەتی سـەر پەرشـتیارەکەی وەسـتاوە، ئەگەر ڕێگەی پێدابوو، ئەوە مامەڵەکەی دروستەو، بەپێی وانەوە دروست نییـە.بزانـە کـە کەسی گێل، لە ڕووی ئەوەوە کە لە خودی خۆیدا سانسۆری لەسەرە (محجـور لذاتـە)یـە، لەم حوکمەدا وەك شێت وایە.

٩٥- حوکمی کەسی گێل، لە یاسای مەدەنیدا:

یاسای مەدەنی عێراقـی بەمـەرجی نـەگرتووە، کـە سانـسۆر خـستنەسەر کەسـی گێـل دەبێت لە دادگاوە بێت‌و، بەڵکو هەر خوکردوخۆی لـە خۆیـدا کـە گێـل بـووە، بەسانـسۆر لەسەر ئەژماری کردووەو، فیقهی ئیسلامیشدا هەروایـەو، لـە لایـەکی تـرەوە وەك منـداڵی جیاکەرەوەی چاك‌و خراپ دایناوە. لە حوکمەکاندا، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان جـۆری کەسەکەو دەنەکاندا.[1] بەڵام یاسای مەدەنی کۆماری عەرەبی میسر پێی وایە، کـە کەسـی

---

1 لە ماددەکانی ٩٤و ١٠٧ لە یاسای مەدنی عێراقیدا هاتووە، کە کەسی گێل حوکمی، وەك حوکمی منداڵی جیاکەرەوەی چاك‌و خراپ وایە.

گێل وەك شێت وایە، بەبێ جیاوازی لە نێوان جۆری کەسەکەودەن و گەمژەکانداو لـە ڕوی سانسۆر لەسەر دانیەوە، یاساکانی شێتی بەسەردا جێ بەجێ کردووەو، بە پێویستی زانیـوە کـە ئـەو سانسۆردانانە لەسـەری بـەپێی بڕیـاری تایبـەتی دادگابێـتو، سـەرجەم هەڵس و کەوتەکانی پێشس تۆمارکردنی بڕیاری سانسۆرەکە بەبەتاڵ دانـراوە ئەگـەر ئـەو حاڵەتی گێلی و کەودەنییە لە کاتی گرێبەستەکەدا پێـوەی دیـار بوبێـتو، یـاخود لایـەنی بەرامبەر زانیبێتی کە داماوو گێلەو کەچە هەر مامەڵەی لە گەڵدا کردبێتو، هەروەها پێش هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـاری سانـسۆرەکە، هەڵـسوکەوتو مامــەڵکانی هــەر بەبــەتاڵ دەمێننەوە.[1]

ئەوەی کە یاسای مەدەنی میصری دایناوە، بەگشتی پێچەوانەی ئەو ئەحکامانەیـە کـە شەریعەتی ئیسلامی جێگری کردوون، بە تایبەتی لەوەیدا کە گێلی وەك شێت دانـاوە، لـە کاتێکدا کە کەسی گێل لەسەر جەم حاڵەتەکانیدا وەك شێت نییە!

سێیەم: بیرچوونەوە:

٩٦– (النسیان: بیرچوونەوە)، بـارودۆخێکی تایبەتیـە کـە بەسـەر مرۆڤـدا دێـتو، وای لێدەکات، کە ئەوەی تەکلیف کراوە، کە ئـەنجامی بـدات، بـیری دەچـێتەوەو، بـەڵام ئـەم حاڵەتە ئەهلیەتی واجـب بـوونی مافـەکان بـۆی و ئەهلیـەتی جێبـەجێ کردنـی ئەرکـەکان (أداء) لەسەری لا نابات، چونکە بەعـەقڵێکی تـەواوو توانایـەکی تـەواوەوە ماوەتـەوە[2]، و بیرچونەوە نابێتە پاسـاو، لـە مـافی بەندەکاندا،چـونکە ئـەم ڕێزەبـۆ پێداویستیەکانیانی خەڵك و تاقی کردنەوە نییەو، بەلەبیرچوونەوەیش ئەو ڕێزە لە دەست ناچێت، بۆیە ئەگەر کەسێك ماڵی کەسێکی تری بە لە بیرچوونەوە لە ناوبرد، یان خراپـی کـرد، ئـەوا بـژاردنی

---

1 ماددەکـانی ٤٥و ١١٣و١١٤ی یاسـانی مـەدەنی میـصری و، پێـشتریش مەبەرسـتو بێژەرەکانمان باسکرد.

2 شرح مرقاة الوصول، ب٢،ل٤٤٠.

لەسەرە،[1] بەڵام لە مافەکانی خوای پەروەردگاردا، لە بیرچونوە پاساوە بۆ کردنی تاوانێك، بۆیە کەسێك پتی لە بیر چووبوویەوەو، تاوانێکی ئەنجامدا، ئەوە تاوانی لەسەر نییە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إن الله وضع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه) واتە: خوای پەروەردگار کاری هەڵەیو تاوانی کاتی لە بیرچوونەوەو، تاوانی کاتی زۆرداری ئەژمار نەکردووە بەتاوان، بەڵام لە حوکمە دنیایەکاندا، دیسان لە بیرچونەوە پاساوێکی شەرعیو وەرگێڕاوەو، پەرستشتەکان بەتاڵ ناکاتەوە، وەك ئەوەی کەسێکی ڕۆژووەوان بە لە بیرچونوە شت بخوات، بێگومان ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە.

چوارەم: خەوو بوورانەوە:

٩٧- خەوو بوورانەوە، ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (الأداء) لەسەر مرۆڤ دەسڕنەوە، بەڵام ئەهلیەتی واجب بوونی مافەکان هەردەمینێ[2]، جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ خەوتووبوو، یان بوورابوویەوە، ئەوا لەو کاتانەدا ئەهلیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی نییە، چونکە ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (أداء) لەسەر بنەمای عەقڵ وەستاوەو، بێگومان مرۆڤیش لە هەردوو حاڵەتەی خەوتنو بوورانەوەدا عەقڵی لەلا میوان نیە، بۆ هیچ حسابێك بۆ قسەکانی بە هیچ جۆرێك ناکرێتو، لەسەر کردەوەکانیشی لەو دوحاڵەتەدا، سزای جەستەیی وەرناگرێتو، تەنانەت کە ئەگەر بکەوێت بە سەر مرۆڤێکداو بیکوژێت، ئەوا بەجەستە سزای لێوەر ناگرێت، واتە ناکوژرێتەوە، چونکە بەتایبەت ئەو کارەی نەکردووەو، لەو حاڵەتەدا بێ ئاگا بووەو، چاكو خراپی لێك جیا نەکردۆتەوەو، ئەو کارە بژاردەی دەستی خۆی نەبووە، بەڵام لە ڕووی داراییەوە سزای لێ وەردەگیرێتەوەو، خوێن دانی بە موڵكو سامان، لەسەرەو، هەر وەك هەرشتێکی کەسێکی تر خراپ بکات، لەو دوو حاڵەتەدا، ئەوا لەسەریەتی بۆی ببژێرێتەوەو، بژاردنو سزای کوشتنو ماڵی خەڵك

---

1 أصول البزدوي، وشرح، ب٤، ل١٣٩٦.

2 كشف الأسرار، ب٤، ل١٣٨٢.

خراپ کردنی بۆیە لەسەرە، چونکە ئەو کارانە بەهەستەوەری (حس) کراونو، کەس بۆی نییە، دەستیان بۆ بباتو، ئەو پاراستنەشەرعییە هەرگیز بە پاساوو بیانوو ناسڕدرێتەوە.

بەڵام سەبارەت بەپەرستشەکانو، جێ بەجێ کردنیان لە خۆیاندا، لەسەر کەسی خەوتووو، بووراوە، چونکە خەوتنو بوورانەوە دواخستنی فەرمایشتی شەرع بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان دوادەخات، بۆ ئەو کاتەی کە کابرا لە خەو هەڵدەستێت، یان دێتەوە بە خۆیدا، دوای بوورانەوەکەی، چونکە لەو دووحاڵەتەدا هۆشی لەسەر خۆی نییەو، ناتوانێت ئەرکەکان جێ بەجێ بکات، بەڵام واخبی ئەو پەرستشە لەسەری لاناچێت، چونکە بۆی هەیە، کە لە دوای لە خەو هەڵسان، یان هاتنەوە بەخۆیدا کاتی ئەو پەرستشە مابێتو، لەو کاتەدا بە حەقیقی جێ بەجێی بکات، یاخود بۆی هەیە کە لەدوای کاتەکەوە بێتە سەرخۆیو، قەزایان بکاتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە لە کاتی دیاریکراوی پەرستشەکەدا دەستەوستانەو ناتوانێت پەرستشەکە ئەنجام بدات، لە بەر ئەوەی کە دەتوانێتو، بێ گرفت بۆی دەکرێت، کە قەزای بکاتەوە، بۆیە ئەسڵی واجب بوونەکەی کەلەسەر شانیەتی لەسەری لا ناچێتو، لە بەر ئەوەی کە عادەتەن خەو کاتی هەیەو، درێژ نییە، هیچ گرفت نییە، لەوەدا کە قەزای ئەو پەرستشانە بکرێتەوە، کە بەهۆی خەوەوە لە دەست دەرچوونو، بەڵام خەو نابێتە بیانووو پاساو هۆکار بۆ لادانی واجبەکە لەسەر شانی هەرکەسێکو، هەروەها بورانەوە ئەگەر درێژخایەن نەبوو، هەروایە، بەڵام ئەگەر درێژخایەن بوو، ئیتر ئەوە واجب بوونی ئەرکەکانی لەسەر لادەچێت، چونکە بە هۆی بوورانەوەوە توانای حەقیقی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی تیادا نامێنیو، وایش دانراوەو، ئەندازە گیری کراوە، کە بە قەزاکردنەوەیان لە دوای چاك بوونی لە بوورانەوەکەی، ئەمە کارێکی دژوارو سەختەو، جا کە جێ بەجێ کردن (أداء)ی لەسەر نەما، ئیتر واجب بوونیشی لەسەر نامینێت، چونکە مانەوەکەی هیچ سودێکی نییە[1].

---

1 کشف الأسرار، ب٤، ل١٣٩٨و ١٤٠٠.

پێنجەم: نەخۆشی

٩٨- مەبەست لە نەخۆشی لێرەدا، شێتیو بوورانەوە نییە، بۆیە ئەم جۆرە نەخۆشیە، نە ئەهلیەتی واجب بوونی مافەکان،و نە ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (أداء) لەسەر کەسە نەخۆشەکە لانابات،و، کەسی نەخۆش هەر دوو جۆرە ئەهلیەتەکەی بەتەواوی (ألأهلیة كاملة)ی، تیادایە، بۆیە مافەکانی بۆ پێویستێنو لەسەریشی پێویستێن، بەلاّم ئەوە هەیە کە نەخۆشی کاردەکاتە سەر هەندێ لە حوکمە شەرعییەکان، بۆ کەسی نەخۆش، هەرچەندە ئەهلیەتی کاملیشی هەیە! لەوانە، هەندێ مامەڵەو هەڵسو کەوتی ئەژمار ناکرێتو ناگیرسێن، درێژەی ئەم پرسە بەم شێوازەیە: بردنی موڵکی میراتی کەسێك لە لایەن میرات بەرەوە، بەمردنی میراتدەر دەبێتو، ئەمە شەرع بەتۆبزی بڕیاری لەسەر داوە، هەروەك چۆن پەیوەستی کەسی قەرز دەر هەر بەردەوامە، بەو قەرزەوە کە داویەتی بە کەسێكو، ئەو کەسە قەرزارەیش مردووەو، بەلاّم لە بەر ئەوەی نەخۆشی هۆکاری مردنەکەی بووە، بۆیە پەیوەستی میرات بەرو قەرزدەر بەو موڵکەوە، هەر لە کاتی سەر هەڵدانی نەخۆشیێکەوە دەبێتو، لەو کاتەوە بۆیان ئەژمار دەکرێت، چونکە حوکمەکەی دەبەسترێتەوە، بەسەرەتای هۆکار (سەبەب)ی، ڕووداوەکەوە[1].

هەروەها بۆ پاراستنی مافی میراتبەرو قەرزدەر، سانسۆر لەسەر کەسی نەخۆش دادەنرێت، بە ئەندازەی ئەوەندەی کە ئەو مافەی تیادا دەپارێزرێتو بەس! کە بۆ میرات بەر ئەندازەکەی دووسێ یەکیو، واتە: نەخۆش لە دوو سێیەکی ماڵەکەیدا حیجری دەخرێتە سەر، بۆ قەرز دەریش ئەندازەکە تەواوی موڵکەکەیە، ئەگەر قەرزەکە بەقەدەر

---

1 شرح المنار ل٦٩١- ٦٩٢.

تـەواوی مـاڵی کـابرا بـوو، واتـە: هـەر ئەوەنـدەی هـەبوو، کـە بیداتـەوە بەقـەرز یـاخود بەئەندازەی قەرزەکەیە ئەگەر قەرزەکە کەمتر بوو، لە تەواوی موڵکەکە[1].

ئەم سانسۆر دانانە، هەر لەسـەرەتای ئـەو نەخۆشـییەی کـە نەخۆشـی مـەرگی بـووە، دەچەسپێت، چونکە هۆکاری سانسۆر دانانەکە، ئەو نەخۆشییە بـووە، کـە کوشـتویەتی‌و کە لەدوای نەخۆشـیەکە ڕاسـتەو خـۆ مـەرگی بـە شـوێنداهات، ئـیتر ئـەو نەخۆشیە هـەر لەسەرەتاوە بـە نەخۆشـی مـەرگ پێناسـەو ئـەژمار دەکرێـت، بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی کـە نازانرێت، کام نەخۆشی مەرگ، تا بەتەواوی‌و ڕاستەو خـۆیی‌و مـەرگی بەشـوێندا نەیـەت، بۆیە سانسۆر لەسەر دانان بە گومان ناچەسپێت، بۆیە ڕێ‌و شوێن‌و شـوێنەواری سانـسۆر (حجر) لە پێش مردنیەوە دیار نییەو کاری پـێ ناکرێـت، بۆیـە مامەڵـەی نەخۆشـی کـاتی مەرگ دروستە[2]. و میرات بەرو قەرزدەریش بۆیان نییە، کە ڕەخنەی لێ بگرن لەسەری، لە کاتی زیندوو بونیداو بەڵکو مافی ئەمان لە دوای مردنی دەچەسپێت، ئەگەر ئـەو مامەڵـەو هەڵسوکەوتەی کابرا زیانمەند بووە، بە مافەکانی ئـەوان، وەك بـەدیاری دانـی موڵکەکـەی یان ئەوەی کە بەمامەڵەی (محاباة) ناونراوە[3].

٩٩- ژن هێنـانی نـەخۆش! ژنهێنـانی نـەخۆش، کـە نەخۆشـی مـەرگی بێـت، لـە لای جەماوەری زانایان دروستە، چونکە کەسێکی خـاوەن ئەهلیـەت‌و شـیاو ئـەنجامی داوەو، ئەو ژن‌و مێردەیش میرات لە یەکتری دەبەن‌و، لەسەر ڕای هەندێ لە زانایانی وەك پێشەوا ئەحمەدو ظاهرییەکان، واجبە لەسەر کابرا کە ئەو مارەییەی بدات بەژنەکـەی کـە بـەڵێنی پێداوەو، بۆی دیاری کردووەو، لەسەر ڕای هەندێکی تر لە زانایانی وەك، ئیمامی شافعی‌و

---

1 شرح المنـار، ٦٩٢و شـرح مرقـاة الوصـول، ب٢، ل٤٤٦، لـەو شـتانەیدا کـە لـە پێویـستیەکانی نەخۆش، وەك کێشانی بـژێوی،و کـرێ‌و پـارەدانی دەرمانـەکانی سانـسۆر نییـە، بۆیـە ئـەم جـۆرە شتانە.

2 نەخۆشی مەرگ (مرض الموت) ئەو نەخۆشییەیە، کە واڵەمزۆ دەکـات، نـەتوانێت لـە دەرەوەی ماڵەوە کارو بەرژەوەندیەکانی ڕاپەڕێنێت‌و، بەزۆری ئەو نەخۆشیە توش بووەکەی دەمرێنێت.

3 شرح مرقاة الوصول، ب٢؛ ل٤٤٦ والتلويح على التوضيح، ب٢، ل١١٧.

هی تریش... دەبێت مارەیی هاووێنەی خزمەکانی (مهر المثل)ـی، پێ بدات، ئەمەش وەك ڕەچاوکردنی مافی میرات بەرانو قەرزدەرەکانو، ئەمەیش بۆ کاتێك کە ئەو مارەیییەی کە براندویانەتەوەو دیارییان کردووە، لە سێ یەك نەدرێتو، نەدرابێتو، میرات بەرانو خاوەن قەرزەکان بەو پێدانە ڕازی نەبووبن.

لە لای پێشەوا ئەوزاعی، مارەکردنەکە دروستەو، بەڵام ئەو ژنو مێردە میرات لە یەکتری نابەنو، لەلایەن پێشەوا مالیك مارەکردنەکە بەتاڵەو، میراتی پێ برێتو، هەندێ هاوەڵانی پێشەوا مالیك دەڵێن، تەنانەت مارەکردنی ئەو ئافرەتەی کە پەیامدارو ئەهلی ذیممەیە،بەتاڵە، کە میرات نابات، لە بەر ئەوەی نەبادا موسڵمان ببێتو، میرات ببات و زیان بە میراتبەرانی تر بگەیەنێت.

لەسەر ڕای ئیمام مالیك ئەگەر ژن پێش ئەوەی پیاوەکەی بچێتە لایو بیگوزێتەوە لە مێردەکەی جیابوویەوە، میرات نابات، ئەگەر گواستبوویەوەو چووبویە لای ئەوا مارەیی هاووێنەی خزمەکانی خۆی (مهر المثل)ی بۆ هەیەو، ئەویش لە سێ یەکی ماڵەکەی دەدرێتو، بەڵگەی پێشەوا مالیکیش بۆ ئەم قسەیەی ئەوەیە کە نەخۆشەکە تۆمەتبارە بەوەی کە بەتایبەت ویستویەتی زیان بە میراتبەرەکانی بگەیەنێت، لەڕێی مارەکردنەکەوە، کە میراتبەری تری تێکەڵ کردووە پێیان.[1] ئەوەی لای ئێمە پەسنترە، ئەوەیە کەسی نەخۆش ئەگەر ژنی مارە کرد، دروستەو، میراتیش لە یەکتری دەبەنو، ئەو مارەیییەی کە بۆی دیاری کردووە، پێویستە لەسەری بۆی بکات، ئەگەر کەمتر بوو، لە (مهر المثل)و، ئەگەر زیاتر بوو، ئەوا ئەوەی کە زیادەکەیە، دەبەسترێت بە مۆڵەت دانی میراتبەرانو، خاوەن قەرزەکانەوە ئەگەر مۆڵەتیان دا دەدرێتو، بە پێچەوانەوە نادرێت، ئەمەیش بۆ کاتێکە کە مافەکانی ئەوان بخاتە مەترسیەوە. بەڵام ئەو قسەیەی کە دەڵێت، مارەکردنەکە کە بەڕەهایی بەتاڵە، ئەمە ڕاو قسەیەکی لاوازەیە، چونکە

---

1 الأم، للأمام الشافعي، ب٣، ل٣١-٣٢، المغني، لأبن قدامة، ب٢، ل٣٢٦، المدونة الكبر، للأمام مالك، ب٢، ل١٣٣، المحلى، ب١، ل٢٥-٢٦.

ژنهێنـان لـه پێدویـستییه بنـه ڕەتـەکانی مرۆڤـەو، هـەرگیزیش سانـسۆر لـه پێداویـستی بنەڕەتی مرۆڤ ناکرێت، دابنرێت، وەك مارەکردنی ژن بەمارەیی هاو وێنەی خزمـانی (مهر المثل) بەڵام کە ئەو ە چەسپا، کە مەبەستی ئەو کەسە نەخۆشە لە مارەکردنەکە ئەوەیـە کە زیان بە میراتبەرەکانی بگەیەنێت، لێرەدا دەکرێـت، کـە بگوترێـت، کـە مـیرات نابـەن، بـەهۆی ئـەو مەبەسـتە خراپـەوە کـە کـابرای نـەخۆش هـەیبووە، لـە ئەنجامـدانی ئـەو پرۆسەیەدا.

١٠٠- ژن تەڵاقدانی کەسی نەخۆش:

ئەگەر ئەو کەسە نەخۆشەی، کە لە نەخۆشی مەرگدایە، ژنەکـەی خـۆیـی تەڵاقـدا کـە گواستبویەوەو، چووبویەلای، بەتەلاقـدانێکی ئاشـکراو یەکلاکـەرەوە (بـائن) بـە بـێ ڕازی بوونی ژنەکـە، ئـەوا ئـەو تەڵاقـە لای شـەرعزانان دەکـەوێت، بـەڵام سـەبارەت بـە بـردنو نەبردنی میرات ڕاجیاییان هەیە، جا جەماوەری زانایان ڕایان وایە کـە لـە بـەر ئـەوەی کـە مێردەکە نیازی خراپ بووەو، بۆیە تەڵاقی داوە کە میرات نەبات، لەبەر ئەم هۆکاری نیـاز خراپییە، هەر میرات دەباتو، پێشەوا شافیعیو زانایانی ظاهـیری پێیـان وایـە کـە مـیرات نابات، چونکە تـەڵاقی جیاکـەرەوەو ئاشـکرا (بـائن) مـیرات بـردن ناهێڵێـتو، حـساب بـۆ نیازی دەرونی مرۆڤ ناکرێت، چونکە حـوکمی شـەرعی لەسـەر شـتی دیـار (ظـاهر) بنیـات دەنرێـتو، شـتی نهێنـی تـەنها خـوای پـەروەردگار پێـی ئاگـادارە، لـە گـەڵ ئەمەشـیدا جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە ئافرەتی تەڵاقدراو بەتەڵاقی (بـائن)[1] مـیرات دەبـات، بەڵام لەسەر ماوەی مافی ژنەکە لە میرات بردندا ڕاجیاییان هەیە حەنەفیەکان پێیان وایە، کە مادام ماوەی عیددەکەی مابێتو هێـشتا بەسـەر نەچـوبێ بۆیـە مـیرات دەبـات، بـەڵام حەنبەلیەکان لەسەر ئەو ڕایەن، کە هەرچـەندە عیددەکـەی بەسـەر چـوبێت، هـەر مـیرات دەبات، بەڵام بەو مەرجەی کە شووی نەکردبێتەوە، بەڵام پێـشەوا مالیـك پێـی وایـە، کـە

---

1 بۆ زیاتر حاڵی بوون لە زاراوەی (بائن) سەیری کتێبە فیقهی یەکان بکەو، لێرەدا مـاوەی توێژینەوەیمان نییە، چونکە پەیوەندیدار نییە، بەبابەتەکەوە. (وەرگێڕ).

عیددەی مابێتو نەمابێت چونیەکەو هەر میرات دەبات ئیتر شوی کردبێتــەوە، یـان نـا... و، جەعفەرییەکانیش ڕایان وایە کە لە ماوەی سـاڵی یەکـەمی تەڵاقدانەکـە، ئەگـەر شـوی نەکردەوە، ئەوا میرات دەبات بەڵام ئەگەر تەڵاقدانەکە (بائن) بـوو، پـێش گواسـتنەوەی‌و چوونە لای، ئەوا ئەو ژنە میرات دەباتو، ئیمـام مـالیکیش هـەر ئـەم ڕایـەی هەیـە، بـەڵام لەسەر ڕای حەنەفی‌و حەنبەلیەکان میرات ناباتو، گروپێك لە زانایانی مەزهـەبی حەنبـەلی لەسەر ئەو ڕایەن، کە مـیرات دەبـاتو، ئـەم گوتەیـەیان هەڵبـژاردووەو، کـە ئـەوەش ڕای ئاشکرای جەعفەرییەکانەو، زانای ئەو مەزهەبە (الأمام الطوسی)، لـە کتێبـی (الخـلاف)دا، ئاماژەی پێداوە[1].

١٠١- تەڵاقـدانی ژن لەلایـەن کەسـی نەخۆشـەوە، بەنەخۆشـی مـەرگ، لەیاسـای مـەدەنی عێراقیدا:

یاسای باری کەسێتی عێراقی، ژمـارە ١٨٨ی سـاڵی ١٩٥٩ ئـەوەی دان پیادانـاوە، کـە ئەو ژنەی کە لەلایـەن مێردەکەیـەوە، لـە نخۆشـی سـەرەمەرگدا تـەڵاقی داوە، مـیرات لـە پیاوەکەی دەبات، بەڵام حوکمێکی سەیرو نامۆی لێرەدا هێنـاوە، کـە دەڵێـت، تەڵاقـدانی ژن لەلایەن کەسی نەخۆشەوە، بەنەخۆشی سەرە مەرگ ناکەوێت![2]

ئەمەش ڕاجیاییەکی زۆرو ناسراوی تیادا هەیـە، لـە فیقهـی ئیـسلامیدا کـە ئـەو تەڵاقـە دەکـەوێت، چـونکە لـە کەسـێکەوە تەڵاقەکـە خـراوە، کـە ئەهلیـەتی هەیـەو، ژنەکەیـشی هەرگونجاوە، بۆ ئەوەی کە تەلاقی لە پیاوەکەی بکـەوێتو، ئەهلیـەتی تـەڵاق، بەسـاغی‌و نەخۆشی نییەو، ئەهلیەت پەیوەنـدی بـەو دووحاڵەتـەوە نییـەو، مـرۆڤ لـەو دووحاڵەتـەدا ئەهلیەتی تەڵاقدانی هەیەو، نەمزانیوە کە یەکێك لە شـەرعزانان هـەبێت، کـە ڕای وابێـت،

---

1 الخلاف للطوسي، ب٢، ل٤٥٦ و الأم، للأمـام الـشافعي، ب٥، ل٣٢٩- ٣٣٢ واهدیـة وفـتح القـدیر، ب٣، ل١٥٠- ١٥٣، والمغـني، ب٣، ل ٣٢٩- ٣٣٢ والقواعـد، لأبـن رجـب ل ٢٣٠، والمدونة الكبرى ، ب٢، ل١٣٢.

2 لە ماددەی ٣٥ داهاتووە، کە دەڵێت: تەڵاقی ئەو پیاوانەی کە ناکەوێت، کە لە نەخۆشـی مەرگدان، ئەگەر لەو نەخۆشیەدا مردو، ژنەکەی میراتی لێ دەبات!

که تەڵاقی کەسی نەخۆش ناکەوێتو، بەڵکو شەرعزانان لەوەدا ڕاجیاییان هەیە، کە ژنی تەڵاقدراو بە تەڵاقی (بائن)، ئەگەر مێردەکەی لە نەخۆشی مەرگدا تەڵاقیدا، میرات دەبات، یان نا..و باسی ڕاجیاییەکەیشیان کردمانو، پوختەی ڕاکانمان دەربارەی بەم پرسە هێنا.

بەڵام یاسای میصری، بە دەق هێناویەتی، کە ئەو ژنەی بە تەڵاقی (بائن) تەڵاقدراوەو، لە کاتی نەخۆشی مەرگی کابرای مێردیدا، ئەوە وەك ئەو ژنە وایە کە بەبێ پرس پێکردن تەڵاق درابێتو، ئەگەر مێردەکەی مێردەکەی مردو ئەم هێشتا اە عیددە دا بوو، ئەوا میرات لە مێردە مردوەکەی دەباتو[1]، ئەم ڕایەشیان لە مەزهەبی حەنەفی وەرگرتووە.

شەشەم: مردن

١٠٢- (الموت: مردن)، کۆتا بەربەستە، لەو بەر بەستو لە مپەڕانەی کە ئاسمانینو، خودای مەزن فاکتەری سەرەکییە تیایانداو، مرۆڤ لە بەر دەمیاندا دەستەوستان، بەتەواوەتیو، ئیتر بەم هۆیەوەوله بەر بوونی ئەم لەمپەڕە مرۆڤ هیچ ئەهلیەتێکی جێ بەجێ کردن (أداء)ی لەسەر نامینێتو، سەرجەمی تەکلیفە شەعیەکانی لێرەو ڕا لەسەر لادەچێت، چونکە مەبەست لە تەکلیفی شەرعی ئەوێە کە ئەو مرۆڤە بەسەرپشکی خۆیو حەزی خۆی بیکاتو، بژاردەی دەستو دەرونی خۆی بێتو، هەروەها دەبێت، جێ بەجێ کردنی تەکلیفی شەرعی، لەتوانای ئەو مرۆڤە جێ بەجێ کارەدا هەبێت، بەڵام بێگومان کە مرۆڤ مرد، لە گشت تواناییەك دەکەوێت، چونکە بەتەواوی ئیتر دەستەو وەستاوو کۆڵەوارە.

---

1 ماددەی ١١ لە یاسای میراتبردنی میصر، ژمارە ٧٧ی ساڵی ١٩٤٣ دەڵێت: کە حوکمی ژنی ەڵاقدراو بە تەڵاقی یەکلاکەرەوە (بائن)، لە نەخۆشی مەرگدا، وەك حوکمی ژنی تەڵاقدراو وایە، کە بەبێ ڕازی بوون تەڵاقدرابێتو، کابرای تەڵاقدراوی مێردی لەو نەخۆشی مەرگەیدا مردبێتو، هێشتا ژنەکەی لە عیددەدا بووبێت.

بۆیە هەندێ لە زانایانی حەنەفی گوتویانە، کە هەر کەسێ لە ژیاندا زەکاتی لەسەر بوویێتو نەیدابێت، ئیتر ئەوە نابێت، لەسەر میراتەکەی بۆی بدرێت، چونکە مەبەست لە دانی زەکات، ئەوەیە کە ئەو کەسە خۆی ئەوکارە بکاتو، ئەمە ئامانجی خودایە، تا کابرا تاقی بکاتەوەو، کە مردووە، تازە ئەو مافەی لە دەست داوەو، دەبێت سزای بچێژێتو، تازە بە بریکاری بۆی جێ بەجێ ناکرێت!

لەلای هەندێ لە زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی ڕایان وایە، کە زەکاتدان بەمردن لەسەر مرۆڤەکە لا ناچێت، چونکە بە ڕای ئەمان ماڵەکەو سامانەکە ئامانجەکەیە، نەك کردەوەی خودی زەکاتدەرەکەو، دەکرێت، ئەو بەشە زەکاتە لە میراتەکە جیاکرێتو بدرێتو، بۆیە کابرا بەمردن ئەو جێ بەجێ کردن (أداء)ـەی، لەسەر لاناچێتو، دەبێت دوای مەرگ بۆی بدرێت.

بەڵام سەبارەت بە ئەهلیەتی واجب بوونی مافەکان بۆ مردوو، ئەمە پێشتر وتمان، ئەمەیان پەیوەندی دارە، بە (پەیمان: ذمة)ەوە و جیاوازیش نییە، لە نێوان شەرعزاناندا کە بێگومان ذیممە لەدوای مەرگ ئیتر نامێنێت، بەڵام سەبارەت بەو نەمانی ذیممەیە ڕاستەوخۆ لە دوای مەرگ، ئەمە ڕاگەلێکی شەرعزانانی لەسەرە[1]، کە بەم شێرازەی لای خوارەوە، پوخت دەکەینەوە:

١٠٢- گفتی یەکەم: ڕایان وایەو، دەڵێن کە ذیممەلە دوای مردن ڕاستەوخۆ نامێنێتو لا دەچێت، چونکە بنەڕەتی ذیممە ژیانەو، بەمەرگیش مرۆڤ ژیان لە دەست دەدات، بۆیە ذیممەیش لا دەچێتو، هیچ ئەهلیەتێکی واجبێتی نە کاملو، نە تەواوی بۆ نامێنێتەوەو، لە دەست دەدات، بەڵام سەبارەت بە قەرزەکانی سەرشانی مردوو ئەگەر ئەو مردووە میراتی بەجێنەهێشتبوو، هیچی نەبوو، ئیتر ئەوە دانەوەی لەسەر نامێنێتو، ئەگەر میراتی هەبوو، لە دوای خۆی، ئەوا هەر لەسەر شانیەتیو، دەبێت لەو میراتە بۆی

---

1 بڕوانە (الحق والذمة)، للشيخ علي الخفيف، ل٨٤-٩٥، أصول البزدوي وكشف الأسرار، ب٤، ل١٤٣٣-١٤٣٧، (المغني)، ب٤، ل٣٨٥، و ب٦ ل٤٤٢ و (القواعد) لأبن رجب، ل١٩٢.

بدرێتەوە، چونکە ئەو قەرزە کۆنتناکتی بە میراتەوە هەیە، کە لە دوای مردووەکە بە جێماوە، ئەم ڕیەش هەندێ لە زانایانی حەنبەلیش لەسەرینیو هاوڕان لەسەری.

١٠٤- گفتی دووەم: دەڵێن: پەیمانو ذیممەی مردوو لا ناچێت بەڵام لاوازیو وێرانی بەسەردا دێتو، لە کاتی لاوازبوونی ئەم ذیممەیەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەهلیەتی واجب بوونی مافەکانی بۆ دەمێنێتوە، بەڵام ئەم لاوزییەی ذیممەیەی کە مەرگ هێناویەتیە ڕێی توانای لە ئەستۆ گرتنی قەرزەکانی نیە، ئەگەر فاکتەرێك نەیەتە پێش بەهێزی بکات، بۆ وێنە ئەو میراتەی کە جێی هێشتووە، بۆی بداتەوە یاخود کەسێك گەرەنتی (کفیل)بوو بێت لە پێشترداو قەرز بداتوە، بە قەرزدەر، بۆیە ئەم ڕێگایە چارەیەو ئەوەی پێشتر، ئەگەر هیچ کامیان لە ئارادا نەبوون، ئەوا قەرزەکەی لەسەر دەکەوێتو، لەسەر شانی نامێنێتەوەو، دەچێتە بازاڕی خودای مەزن. لە ڕوانگەی ئەم قسەیەوە بێت، دروست نییە، حساب بۆ ئەو کەفالەتە بکرێت، کە کەسێك ببێتە کەفیلوگەرەنتی قەرزارێك، کە بە موفلیسیو لەسەر ساجی عەلی مردبێتو، بەڵگەیش لەسەر لاچوونی قەرز لەسەر شانی قەرزار لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە داوای هیچی تری لێ ناکرێت، بۆیە داوای قەرزیشی لیچ ناکرێت، بۆیە قەرز بەوە پێناسە ناکراوە، کە بریتیە لەو پێوەدانگو حاڵەتە شەرعییە کە لەسەر بنەمای داواکردنەوەو داواکاری ڕێو شوێنی لەسەر گیراوەتە بەرو، بێگومان داواکردن (المطالبة)یش بە مردن دەسرێتەوەو بۆیە قەرزیش کە لەم چوارچێوەیەدایە، ئەوەش لە کار دەکەوێتو لە سەری نامێنێت.

بەڵام گەرەنتی (کەفالەت) شتێکی ترەو، دروست نییە، کەفالەت بۆ کەسێکی موفلیسو نەبووی تەواو وەربگرێت. چونکە کفالەت بۆ شەرع دایناوە، کە کەسی یەکەم داوای ئەو مافەی لێ بکرێتەوە، نەك ئامانجی تیادا ئەسڵی زەکاتەکەبێت، بەبەڵگەی ئەوەی کە قەرز لەسەر شانی کەسی یەکەم هەر دەمێنێتەوە، تەنانەت دوای کەفیل دانیشو هەروەها داواکردنەوەیش لە کەسی یەکەم، بەمردنی ئەو کەسە لەسەری لا دەچێت، بۆیە دروست نییە، دوای لاچونی ئەو مافە لەسەری بەهۆی مردنەوە هەر لێی داوا بکرێت، بۆیە مانای گەرەنتی (کەفالەت) لەم پرسەدا نافامرێتەوەو، پرکتیزە نا بێت،

کە خۆی کەفالەت بریتیە لە زیادکردنی ذیممەی کەسێكو پەیمانەکەی بۆ سەر شانی کەسێك ترو، داوا کردنی مافەکانی لەو، بۆیە کە مافەکە نەما، ئیتر گەرەنتی چی ؟ لەبەر ئەمەیە کەفالەت لەم دۆزەدا ڕێگا پێنەدراوە.

بۆیە قەرزی مردوو درانەوەیو، میراتەکەی پاك کرا، ئیتر ذیممەو پەیمانی لەسەر نامێنێتو، لا دەچێت، چونکە چرنگی مانەوەی ذیممە بۆ دانەوەی مافەکانو پاکلەمەی میراتەکەیەو، ئەم پێویستیش لە دوای ئەو حاڵەتانە نامێنێ، بۆیە کە پێویستیەکە نەما، ئیتر ذیممەیش بەتەواوی دەپچڕێتەوەو، ئەمەش ڕاستیەکەو هەر دەبێتو بێت.

١٠٥- گفتی سێیەم:- ئەمانەیان ڕایان وایە کە، ذیممەی مردوو دەمێنێتو لا ناچێتو، زیاتر وا بەستەیە بەقەرزەکانی سەر شانیەوەو، نەریترەکا وا دەخوازن، کە دەبێت ئەو قەرزانە لە میراتی مردووەکە بدرێتەوە. بەپێی ئەم ڕایە، دروستە کە گەرەنتیو کەفیل لە مردووی تەنانەت موفلیسیش وەربگیرێتو، تەنانەت ئەگەر کەسیش نەبێتە کەفیلی هەر قەرزەکەی لەسەر شان لا ناچێتو، بەڵگەشییان بۆ ئەم ڕایەیان ئەوەیە کە کەسێك خۆی خۆبەخش بکاتو، بێت قەرزی ئەو کابرا موفلیسە بداتەوە، کە تەنانەت کەس نەبۆتە کەفیلی دانەوەی قەرزەکانی، ئەمە کارێکی شەرعیو دروستەو، کەسی قەرزدەر مافی ئەوەی هەیە، کە ئەو مافەی خۆی لە کەسی خۆ بەخش بەتەواوی وەربگرێتەوەو، داوای بکاتەوەو، ئەم مافەیش لە داواکردنەوەکە باڵاترەو، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قەرزەکەی لەسەر شان هەر ماوەو لا نەچووەو، هەروەها بوونە کەفیلی کەسی قەرزاری موفلیس تەنانەت بەزیندویش دروستە، هەرچەندە داواکردنەوەی بەتەواوی هێشتا لەسەر کەفیلەکە نییە چونکە خودی قەرزارەکە زیندووە، بۆیە کەواتە بوونە کەفیلی مردووی موفلیسیش هەر دروستەو، ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای داوە، کە لە دوای مردن دەتوتنرێت کەسێك ببێتە کەفیلی ەرزی قەرزار، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوقسەیەی پێشوو، بۆیە کە قەرزەکانی مردوو درانەوەو، میراتەکەی دابەشکراو پاك کرایەو، ئیتر ذیممەی ئەو کەسە لا دەچێتو دەسرێتەوەو، ئیتر هیچ ئەعلیەتێکی واجب بوونی شتەکان لەسەری نامێنێت.

مەبەستی دووەم

بەربەستە خۆکردەکان.

(العوارض المكتسبة، وە دەستهاتووەکان)

یەکەم: (الجهل: نەزانین):

١٠٦- نەزانین دژی ئەهلیـەت (شـیاوی) نییـەو، پێچەوانەی نییـە، لـە گـەلێ، بـەلام لـە هەندێ کاتدا، وەك بیانوو پاساو وەردەگیرێت، ئیتر ئـەم حاڵەتـە یـان لـە (دار الأسـلام)، ڕێگـەی دەسـەلاتی موسـوڵمانانـدا ڕوو دەدات، یـان لـە (دار الحـرب)، واتـە:، ڕێگـەی دەسەلاتی غەیرە مسوڵمانانـدا هەیەو ڕوودەدات.

١٠٧- نەزانین لە (دار الأسلام)دا:

یاسای بنەڕەتی وایە، کە نەزانین نابێتـە پاسـاو لـە (دار الأسـلام)دا، چـونکە نـەزانینو هەوڵدان بۆی لەسەر گشت کەسێکی نیشتەجێی ئـەوێ پێویسـتە، بۆیـە کەسـی مـسوڵمان پاسـاوی لێ وەر ناگرێـت، بـە بیـانووی ئـەوەی کـە ئـەو ئەحکامـە گشتییە ئاشـکرایانەی نەزانیوە، کـە ڕێگـەی بـە هـیچ مـسوڵمانێك نـەداوە، کـە نـەیانزانێتو، خـۆی لێیـان گێـل بکاتو، ئەم قسەیەش بە بەڵگەی قورئانو فەرموودەی موتـەواتیرو ناسـراو چەسپاوەو، هـەروەها بـە کـۆڕا (إجمـاع) سـەری گرتـووەو چەسـپاوە، وەك واجبـی نوێـژو، ڕۆژووو، حەرامی داوێن پیسیو ئارەق خۆریو کوشتنی بەناهەقو حەرام خواردنی ماڵی خـەڵکیو، هتد....و لەم یاسا گەلەدا تەنانەت کەسی (پەیماندار: ذمي) لێی ناچێتەدەرەوەو، لەسـەر ئـەویش چەسـپاونو، نـەزانین نابێتـە پاسـاو بـۆی، بـۆ ئـەوەی کـە حوکمـەکانی شـەرعی بەسەردا جێ بەجێ نەکرێت، وەك کوشتنەوە، لە جیاتی قـەتلّو، سـزادانی لەسـەر داوێـن پیسـیو دزیکـردنو، ئەمانـەی لەسـەر جـێ بـەجێ دەکـرێن، چـونکە نیـشتە جێـی (دار الأسلام)ـە، و زانین لە (دار الأسـلام) فـەرزە لەسـەر هـەموو تاکێـك، بۆیـە کـە پـەیمانکار مسوڵمانبووو، دواتر ئـارەقی خـواردەوە، ئـەوا سزای لەسـەرە، چـونکە حـەرامی ئـارەق خواردن شتێکی بڵاوو زانراوو ئاشکرایە لە (دار الأسلام)داو، کـەس ئـەوەی بـە پاسـاو بـۆ

ناهێنرێته ئەژمار، که گویا نەیزانیوه! هەروەها کەسێك که بەڕای تایبەتی خۆی، بچێت کارێك بکات، که پێچەوانەی دەقی ئاشکرای قورئانو فەرموودەی مەشهور بێت، ئەمەش هەر وەك پێشوو وایه، له وەیدا که نەزانین ناکرێته پاساو بۆی، نموونه بۆ یەکەم: واته ئەوەی که پێچەوانەی دەقی قورئانه، وەك ئەوەی که پێی وابێت، ئەو سەر براوەی که بەتایبەتی (بسم الله)ی لەسەر نەکراوه، حەڵاڵه، ئەمه بەقیاسی ئەوەی که ئەگەر کەسێك به هەڵه (بسم الله)ی نەکردو، بیری چوو، سەربڕاوەکەی حەڵاڵه، واته ئەمانەی قیاسی یەکتر کردنو، بۆیه حاڵەتی یەکەی حەڵاڵ کرد، ئەمه پێچەوانەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاره که دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾[1] واته: ئەوەی که ناوی خودای لەسەر نەهێنراوه، مەیخۆنو، له حاڵەتی دووەمدا واته: ئەوەی که پێچەوەنەی سوننەتی مەشهوری پێغەمبەره(ﷺ)، وەك درکاندنی حەڵاڵی ژن، له دوای ئەوەی مێردەکەی به تەڵاقی سێ بەسێ تەڵاقی دابێتو، دواتر شووی به کەسێکی تر کردبێت، یاخود کردبێتیو نەچووبێته لای، حەڵاڵی بکەیتەوه بۆ پیاوی یەکەمی، ئەمەیش پێچەوانەی سوننەتی مەشهوری پێغەمبەره(ﷺ)[2].

---

1 سورة (الأنعام ١٢١).

2 ئەو ژنەی که به تەڵاقی سێ بەسێ تەڵاق درابێت، نابێت ببێتەوه بەژنی یەکەمی ، تا شوو بەپیاوێکی تر نەکاتو، ئەویش سەر جێیی له گەڵدا بکاتو، دواتر لێی جیا ببێتەوه، ئیتر بەهۆی تەڵاقدانەوه بێت، یان بەهۆی هەرحاڵەتێکی ترەوەو، دواتر عیددەی تەواو ببێت ئەو کاته جا بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ دەبێتەوەو، دروسته مارەی بکاتەوه، به گرێبەستێکی نوێ، جا مەرجی حەڵاڵبونەوەکه ئەوەیه که پیاوی دووەم سەرجێی له گەڵدا بکاتو سواری ببێتو، ئەمه ئەوەیه که سوننەتی مەشهووری پێغەمبەر (ﷺ) درکاندویەتی،و کۆ ڕای شەرعزانانی لەسەره، بەس ئەوەندە هەیه که له (سەعیدی کوڕی موسەیەب) گێڕدراوەتەوه، که لەم پرسەدا ڕای پێچەوانەی ئەوه بووه، که نوسیمان، بۆیه بڕیاردانو دەربڕین ئەوەی که تەنها به گرێبەستی له گەڵ مێردی دووەم، ئیتر له مێردی یەکەم به بێ کاری سێکسی حەڵاڵ دەبێتەوه، ئەمه قسەیەکی نادروستەو، بۆیه لەم ڕوانگەیەوه نەزانین بەحوکمی دروست لەم بارەیەوه نابێته بەڵگەو پاساو بۆ هیچ کەسێ، تا بچێت پێچەوانەکەی ئەنجام بدات.

بەڵام نەزانین (جهل) دەبێتە پاساو، لەو ئیجتیهادو ڕاگەلەدا کە پێچەوانەی قورئانو سوننەتی ناسراوو کۆڕای زانایان (إجماع) نین، وەك ئەوەی کە یەکێك لەسەر پەرشتیاری (ولي)یەکانی، کەسی کوژراو، لە بکوژ خۆش ببنو، کەکێکیان بڵێ، من نایکوژمەوە[1]، یاخود وەك مارەکردنی ژن بە بێ شایەتو، تەنها ڕایی کردنی بە ئاشکرا کردنی مارە کردنەکەو ڕاگەیاندنی[2].

لێرەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، کە سەرپەرشتیار (ولي الأمر)، کە دەسەڵاتی گشتی دەگرێتەوە، ئەگەر یەکێك لەو ڕا ئیجتیهادانەی هەڵبژاردو فەرمانی کرد بەوەی کە خەڵکی شوێنی بکەونو، بە ڕاگەیاندنێکی ڕەهاو بەر بڵاو پڕو پاگەندەو ڕیکلامی بۆ کردو ڕایگەیاندو خەڵك زانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەم ڕا ئیجتیهادییە هەڵبژێردراوە، وەك ئەحکام چەسپاوە گشتییەکانی تری لێ دێتو، کەس پاساوی ئەوەی لێ وەرناگرێت، کە گوایانەیزانیوەو، ئینجا ئەو کەسەی کە ئاگاداری نییە، بە پێشهاتو ڕووداوەکانو، نایانزانێ ئەم زانینە پاساوە بۆیو، لێی وەردەگیرێت، وەك ئەوەی کە کەسێك ژنێك مارە بکات، کە شیریان پێکەوە خواردبێت، بەڵام نەیزانیبێت کە هۆی ئەو شیر خواردنەوە لەسەری حەرشام بووە، یاخود وەك ئەوەی کە کەسێك شەربەتی ترێ بخوات، نەیزانیبێت

---

1 ئەگەر یەکێك لە سەر پەرشتیارەکان (ولی) یەکانی کوژراو لە بکوژ خۆش بووو، دواتر سەر پەرشتیارێکی تریان ڕۆیشت کابرای هەر کوشتەوە،و وای زانی کە هەموو بە کێکیان مافی تەواوی ئەوەی هەیە، کە بکوژ بکوژرێتەوەو تۆڵەی لێ بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا ئەم کەسە کوشتنەوەی لەسەر نییە، چونکە جێگاکە هی ئیجتیهاد کردنە. (شرح مرقاه الوصول، ب٢، ل٤٥٢).

2 بوونی شایەت، مەرج بۆ دروستی ژن مارەکردن، بە بەڵگەی فەرموودەی (لانکاح. بلا شهود) مارە کردن بێ شایەت، دانەمەزرێت، بۆیە هەرکەس ژنێکی بەبێ شایەت مارە کردو، تەنها ڕاگەیاندنی پرۆسەکەی بە بەس زانی بە بەڵگەی ئەم ڕێچکەیە دەڵێت: (أعلنوا النكاح ولو بلدف) ئەگەر بە دەف لێدانیش بوبێت، پرۆسەی مارە کردن ڕیگەیەنن، ئەوا ئەم زانینە لێرەدا قبوڵەو مارەکردنەکە دروستە، بەڵام لێرەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، کە (موسی) کە یەکێکە لە شەرعزانەکانی مەزهەبی جەعفەری گوتویەتی: لە لای شیعەکان، دروست نیکاح نەبەستراوە، بەشایەتەوە ! بڕوانە کتێبی (الخلاف)ی، موسی ب٢، ٣٦٣.

که بۆته ئارەق، ئەوە لەم دوو حاڵەتەدا تاوانی لەسەر نییەو، سزایش نادرێت، لەسەر ئەم کردەوانەی.

هەروەها وەك ئەوەی کە کەسێك موڵکەکەی خۆی بفرۆشێتو، دراوسێکەی ئاگادار نەکات، کە دەبێت ئاگاداری بکاتو، بەو دراوسێ شیاوترە بیکڕێت، کە ئەمە لە شەرعدا بە (شفعة) ناوزەرد کراوە، یاخود کەسێك کە شەریکی هەیە، موڵکە شەراکەتەکەی بفرۆشێ بە بێ خەبەری شەریکەکەی، کە دەبێت ئاگاداری بکاتەوە، کێ دەڵێت: ئەو لێی ناکڕێتەوەو، بێگومان بەویش شیاوترە، بفرۆشرێت، ئەم نەزانینە بۆ کابرای ئەنجامدەر، لەم شوفعەیەدا پاساوە بۆیە کە مامەڵەکە ئاشکرابوو، حەقی شوفعەی بۆ هەیە.

هەروەها وەك، ئەوەی کە کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە بەبریکار (وکیل) دابنرێتو، دواتر لە بریکاری بخات، بۆیە پێش ئەوەی کە بە لەکار خستنەکە بزانێت، هەڵسوکەوتو مامەڵەکانی دروستن[1]، چونکە هێشتا لە زانینەوە کردوونی.

١٠٨- ڕێو ڕەسمی ئەم ڕێسا گەلە، لە یاسا دەرکردنەکاندا:

ڕێسای یاسا مرۆڤکردەکان، لەم پرسەدا وایە، کە هەرکات ئەوزانیارییە بەو شێوازەی کە داواکراوەو دانراوە، بڵاو کرایەوەو، وەك ئەوەی کە لە ڕۆژ نامەیەکی فەرمیدا بڵاو کرایەوە، ئەوە ئەوە زانینو پێویست دەبێت، لەسەر گشت لایەكو، کەس نەزانین نابێت بەپاساو بۆی، بۆیە یاسای جێگیرو چەسپاو لەم بارەیەوە ئەمەیە: بیانوی نەزانین لە یاسادا، وەرناگیرێت.

و ئەم ڕێسایە لە یاسا دەسکردەکاندا چەسپاوە، ئیتر یاسای مەدەنی بن، یان یاسای ناسەرەکی (جزئي) چونیەکەو، ئەم یاسایە هەڵادێر (إستثناء) کردنی، زۆر کەسی تیادایە، وەك ئەمەی کە یاسای سزادانی میصری چەسپاندویەتی، کە دەڵێت: فەر منانبەری گشتی، ئەگەر توشی کارێکی نایاسای بوویەوە، سزانادرێتو، ئەگەر کارەکە لە

1 شرح مرقاة الوصول، ب٢، ل٤٥٢.

چوارچێوەی فەرمانبەرایەتییەکەدا بووو، فەرمانبەرەکە وایزانیبوو، یاساییە، بۆیە کردبووی![1]

بۆیە زانایانی یاسای تاوان، شێوەکو ڕایەکیان لەسەر ئەوە هەیە کە نەزانینی یاسا پاساوە، ئەگەر نەیدەتوانی لە ئەرزی واقیعدا فێری ببێتو بزانێت، وەك ئەوەی لە کاتی گەمارۆی جەنگدا لەسەر شارێك لە شارەکانی وڵات، یاسایەك دەچەسپێتو، بەڵام نەزانینی حاڵو باڵی پێش هاتی یاساکان، ئەمیش دەکرێت، بکرێتە بیانوی لابردنی سزا لەسەر بکەری کارەکان.

- لە بەر ڕۆشنایی یاسای گتیدا- وەك ئەوەی کە کەسێك پارەی تەزویر بەکار بهێنێتو، وابزانێت کە یاساییە[2]!

١٠٩- نەزانین لە (دار الحرب)دا:

یاسای بنەڕەتی ئەوەیە، کە فەرز نییە، هەموو کەسێ زانیاری هەبێت، بە ئەحکامەکان، لەو جێگایەیدا کە غەیری مسوڵمان باڵادەستە، کە بە (دار الحرب) ناوزەرد کراوە، چونکە ژینگەکەی ژینگەی ئەوە نییە کە مرۆڤ فێری ئەحکامی شەرعی ببێت، بەڵکو ژینگەی زانینی ئەحکامی شەرعە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر کەسێك لە (دار الحرب) مسوڵمان بووو، بەتەواوی ڕاستێتی واجب بوونی پەرستشەکانی لەسەری نەدەزانی، وەك نوێژو هتد....و ئەنجامی نەدەدان هەر کات زانیو فێر بوو، قەزاکردنەوەیانی لەسەر نییەو، هەروەها ئەگەر ئارەقی خواردوو نەیزانی بوو، کە حەرامە، ئەوە نەگوناهی لەسەرەو، نەسزا دەدرێ، چونکە سزادانو تەکلیف کردن بە مەرجێك دەچەسپێن، کە دەبێت بە تەواویو حەقیقی ئەو پەیامە گەیشتبێتە لای ئەوکەسە، یاخود بە تەقدیریو ئەندازە گیری بزانرێت، کە لەو ژینگەیەی ئەودا ئەو

---

1 ماددەی ٣ لە یاسای سزادانی میصری، ژمارە ٥٨ی ساڵی ١٩٣٧.

2 شرح قانون العقوبات العراق- القسم العام- د. مصطفى كامل، ل١٩٥- ١٩٦.

زانیارییه بڵاوەو، خەڵك دەیزانێتو، ئەوەیش هەیە، کە (دار الحرب) ئەو جێگایە نییە، کە ئەحکامی شەرع تیایدا بڵاوو ناسراوو زانراو بن![1]

دووەم: هەڵە کردن((الخطأ)):

هەڵە دژی دروستی (الصواب)ە، مەبەست پێی ئەو شتەیە کە لەبەرامبەر کاری دەست ئەنقەست (عمد) بەکار دەهێنرێتو، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (ﷺ)لە مەوەیە هاتووە، کە دەفەرموێت: (إن الله وضع عن أمتي الخطأ والنیسان و ما استکرهوا علیه) واتە: خودای مەزن، لە سێ شتدا چاو پۆشی لە ئوممەتی موحەممەد (ﷺ) کردووەو، سزایان نادات، ئەگەر لەو سێ حاڵەتەدا کاری تاوانیان ئەنجامدا، کە ئەو سێ حاڵەتەش بریتین لە، بەهەڵە ئەنجامدانی ئەو کارە، یان بە لە بیرچوون بکەن، یان بەزۆر تاوانیان پێ بکەنو، لە توێژینەوەی بەر بەستیەکانی ئەهلیەتی تاکە کەسی، بۆ کەوتنە سەر شانی گەرەکەکان، توێژینەوەو ڕاڤەی ئەم مامایە، ئامانجە تیایداو، دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتیە لە ڕوودانی گوفتار یان کرداری مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوەوە کە دەیەوێتو، ئەمەش پێچەوانەی هیچ کام لە دوو شێوازەکەی ئەهلیەت نییە، چونکە عەقڵ شیاوو لە بارە بۆ هەڵە کردن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەکرێت، کە هەڵەکەردن بێتە پاساو بۆ ئەوە کە هەندێ مافی خودایی هەن، لەسەر شانی هەڵەکارەکە لابچنو لە سەریان سزا نەخوات، وەك، هەڵەکردنی موفتی، یاخود ئەو هەڵەیەی کە دەبێتە هۆی لێشێوانی ڕووگە لە کەسێك، بە هۆی ئیجتیهادی تایبەتی خۆیەوە،و هەروەها دەکرێت کە هەڵەکردن ببێتە دەلاقەیەکی گومان ئامێز (شبهة) بۆ لابردنی سزا لە هەڵە کارەکە، ئەگەر ئەو سزایە سەر بەمافی خودایی بوو، وەك، سزاکانی تاوانەکان، وەك سزای داوێن پیسی.

هەروەها لە مافەکانی بەندەکانیشدا، ئەگەر مافەکە سزادان بوو، وەك کوشتنەوە، لە جیاتی قەتڵ کردن، دەکرێت، هەڵە ببێتە هۆکار بۆ لادانی سزاکە، بۆیە کوشتن ئەگەر بە هەلچە بوو، ئیتر کوشتنەوەی لەسەر واجب نییە، چونکە کوشتنەوە (قصاص) سزایەکی

---

1 التلویح، ب٢، ل١٨٤– ١٨٥.

تەواوەو، سزای تەواویش لەسەر کەسێ کە بەهەڵە کارێکی کردبێت، واجب نابێت، چونکە پاساوی هەیەو، بەڵکو لە کوشتنی هەڵەدا، خوێن دان بەماڵو موڵك (دیة) واجب دەبێت، چونکە جێگرەوەی جێگا خراپ بووەکەیەو، لەسەر کەسوکاری بکوژ پێویستە کە لە ماوەی سێ ساڵدا ئەو پارەیە کۆ بکەنەوە، چونکە کوشتنی بە هەڵە شیاوی ئەویە کە ئاسانکاری تیادا بکرێتو، ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتیو ماف خەلات دانیان هەیە، بە کەسە کە کردەوەکەی ئەنجام داوە، دەبێت هاوکاری بکەنو خوێنەکەی بدەنو خوێن دانیش لە لایەن کەسوکارەوە، سەبارەت بە بابەتی خزمایەتیو دۆستایەتیو ئەوانیەو دەبێت بێ بەرامبەر ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ بکەنەوەو چونکە ئەو خوێندانە لە بەرامبەر شتی تردا دانەنراوە.

بەلام سەبارەت بە مافە داراییەکانی خەڵکی، وەك خراپ کردنو لە ناو بردنی ماڵی خەڵك بە هەڵە، ئەوە لەم حاڵەتەدا بژاردنی پێویستەو، بە هەڵە کردنو خراپ بوونو لە ناو بردنی نابێتە پاساو بۆ نەبژاردنەوەی، چونکە ئەو بژاردنە لە جیاتی ماڵەکەی کابرایە کە خراب بووەو، لە ناو چووە، نەك لە بەرامبەر کردەوەکەداو، ئەم بژاردنە پەیوەستە بە پاراستنی شتەکەوەو، پرسی ئەوەی کە هەڵە کار بە هەڵە ئەو ماڵەی لە ناو بردوەو، بیانووو پاساوی هەیە، ئەم حاڵەتە دژی پرسی پاراستنی شتەکە نییە.

ئینجا سەبارەت بە ماڵەکان، هەڵە نابێتە پاساو بۆ بەرگرتن لە بەستنی گرێبەستو، کار پێنەکردنیو، ئەمەش ڕای هەندێ لە زانایانی حەنەفییە، تەنانەت ئەگەر بەهەڵە ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوا تەڵاقەکانی دەکەونو، هەروەها مامەڵەی کەسێ بەهەڵە مامەڵەکەی کردبێت، هەر دروستەو، گیرساوەو چەسپاوە، چونکە لە بنەڕەتدا بە دەستی خۆی کارەکەی کردووەو، (أختیار)ی بووە، بەلام لەبەر ئەوەی کە ڕازی بوونی تیادا نییە، هەڵدەوەشێتەوە[1]. بەلام لە لای جەماوەری زانایانی، وەك شافعی یەکانو جوعفەرییەکانو هی تریش، پێیان وایە کە تەڵاقی کەسێك کە بە هەڵە تەڵاقی خستبێت، ناکەوێتو، هیچ

---

1 شرح مرقاة الوصول، ب٢، ل٤٦٠.

کارێك بە گوفتارە زارەکییەکانی تریش ناکرێت[1] بەڵگەی جەماوەری زانایانیش ئەوەیە کە قسە حسابی بۆ دەکرێت، کە نیازی دروستی لە پشتەوەبێت‌و، بێگومان کەسی هەڵە کار لە نیازیدا دروستی بەدی ناکرێت، بۆیە حساب‌و گوفتارەکەیشی ناکرێت، هەر بۆیەش گوفتاری کەسی خەوتووو، بووراوەوە حسابی لەسەر ناکرێت، چونکە مەبەستی لە پشتەوە نییەو، بۆیە هەڵە کاریش هەروایەو، ڕایان ئەوەدەردەخات، کە ئەو شتەی لە دەم دەردەچێت بە گوێرەی نیازو مەبەستی بێژەر حساب بۆ دەلالە کەشی دەکرێت‌و، هەروەها بە گوێرەی ئیرادەو ویستی ئەو بێژەرە مانەکەی بۆ دادەنرێت‌و ئەوەی دەری بڕیوە، دەچەسپێت، بۆیە هەرکات ئەو مەبەستە نەما، ئیتر قسەکە بەبێ بنەماو قەشمەریان دێتە ئەژمارو هیچ ڕێ‌و شوێنێکی لەسەر ناگرێتە بەر[2]و، ئەم فەرموودەیەش کە دەفەرموێت: (رفع عن أمتي الخطأ والنسيان، و ما استكرهوا عليه)، چەسپێنەری ئەو گوفتانەیە کە درکێنران.

بەڵام حەنەفیەکان بەم جۆرە بەرپەرچی ڕای جەماوەری زانایان دەدەنەوە کە بێ مەبەست لە تەلاقی کەسێکدا کە بە هەڵ تەلاقەکەی خستبێت، لەو کارو بارە شاراوانەن، کە ناکرێت لەسەریان هەڵوەستە بکرێت‌و، بالغی ئەو کەسەو ژیرییەکەی لە جێی ئەو مەبەستە دانراون، لە تەلاق خستنەکەدا، چونکە هۆکاری ئاشکرای (ظاهر) لە کاتی شاراوەییداو، سەختی پەی بردن بە ماناکاندا، لە جێی ئەو شاراوەیی (الخفاء) دادەنیشێت‌و، ئەگەر بۆ خۆی ئاشکرا (ظاهر) بوو، ئیتر پێویست ناکات، کە هیچ شتێك لە جێگایدا دابنیشێت، بۆیە بالغی‌وژیری لە جێی مەبەست (قصد)ی کابرا، لە تەلاقەکەیدا دانانیشن، وەك چۆن ڕازی بوون، بۆ کەسی خەوتووو، بووراوە هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت،

---

1 منهاج الصالحين، لە فیقهی جەعفەریدا، دانانی، محسن الحكيم، ب٢، ل١٨٢، والخلاف، للصوسي، ب٢، ل٦٤٦، (سبل الأسلام) ب٣، ل٢٣٧، تخفة النهاج لأبن حجر، ب٣، ل٣٦٦-٣٦٨، قواعد الأحكام، للعز بن عبدالسلام.

2 إعلام الموقعين، لأبن القيم، ب٣، ل٥٥،و ب٤، ل٧٢،و التوضيع، ب٢، ل١٩٥.

چونكه مەبەست بوونو، ڕازی بوون له دوو حاڵەتداو بۆ ئەو دوو جۆره كەسه لەو كردەوه ئاشكراو زانراوانەن، كه هیچ شتێك له جێگایان دانانیشێت[1].

ئـەوه ئێمـه لێـرەدا بـه ڕای باشـترو پەسـەندی دەزانـین، ڕای جـەماوەری زانایانـەو، پێوستیه كار به سەر جەمی گوفتارەكانی كەسی هەڵـه كـار نـەكرێت، نـه تـەڵاق خستنو نـەهیچ مامەڵـەو هەڵوێـستێكی زارەكـی تـری، بـەڵام بـه مـەرجێك ئـەو هەڵـه كەردنـەی بچەسپێت.

سێیەم: قەشمەری و شۆخی (الهزل):

الهزل، مانای بەكار هێنانو دانانی شتێكه، له غەیری ئەو جێگایەدا، ویستراوه هەبێت[2]، خۆی له ڕووی عەقڵیەوه قسەو گوفت بۆ ئەوه دانراوه، تـا مانـای حـەقیقی یـان مـەجازی هەر شتێك بدات بەدەستەوەو، هەڵسوكەوتو به كار هێنانی گوفتی شـەرعی، بۆیـه ئـەوه دانراوه، تامانای حوكمەكەی پـێ بفامرێتـەو، بۆیـه هـەركات لـه غـەیری جیـا عەقڵیەكـەی خۆیدا بەكار هێنراوەو مەبەست لەو بەكار هێنانـه، بـەكارهێنانێكی شـەرعیانه نـەبوو، لـه جێگای خۆیـداو، مـودەی فامـانی حوكمەكـه بـه هـیچ جۆرێـك نـەداو ڕاڤـەی حوكمەكـەی نەكرد، ئەوه به قەشمەریان (الهزل) ناو زەرد دەكرێت، كەسی قەشمەر بەویستی خۆیەتی قسه دەكاتو دەردەبڕێتو، مانای قـسەكانی خـۆی دەزانێـت، بـه بـێ ئـەوەی مەبەسـتی هەبێت بۆ بەدیهێنانی ئـەو شـتانەی كـه لـه قـسەكان بـەدی دێـنو، هـەروەها ئـەو كەسـه قەشمـەره گرێبەسـتو مامـەڵكان بـه ویـستو ڕازی بـوونی خـۆی ئـەنجام دەدات، بـەڵام نایەوێت حوكمیان لەسەر بەرپا ببێتو، ڕازی نییەو نابێت، بەچەسـپانی ئـەو گرێبەسـتەو مامەڵانەو، به بژاردەی خۆیی نازانێت [3]و، ئـەم حاڵەتـه دژو پێـچەوانەی ئەهلیـەتی واجـب

1 التلویح، ب٢، ل١٩٥.

2 كشف الأسرا، ب٤، ل١٤٧٧.

3 كشف الأسرار، ب٤، ل١٤٧٧.

بوونی مافەکان‌و ئەهلیەتی جێ بەجێ کردن (الأداء) نیە، بەڵام سەبارەت بە هەندێ لە ئەحکام، بەنیسبەتی کەسی کەشمەرکارەوە، کاریگەری دەبێت.

پوختەی ئەم قسەیە، ئەو مامەڵە زارەکیانەی کە پەیوەستن بە قەشمەریان (الهزل)ەوە، دەبنە سێ بەشەوە:

– الأخبارات: ئەو گفتانەی پەیوەندیدارن بە هەواڵدان بە شتێ.

– الأعتقادات:ئەو گفتە زارەکیانەی پەیوەندیدارن بە بیرو باوەڕەوە.

– الأنشاءات: گفتە پەیوەندیدارەکان، بە دروستکردن‌و دامەزراندنی مامەڵەکان‌و، هەر بەشە لە مانە، حوکمی تایبەتی خۆی هەیە.

١١٢– الأخبارات: بریتی یە لە دانپیانانەکان، کە بە هۆی شۆخی‌و قەشمەریاتەوە بەتاڵ دەبنەوە، ئیتر پێگەی ئەو هەواڵ‌و دانپیانانە لە هەر جێگەیەکدا بێت‌و، هەرچی بێت، چونێکە، چونکە دروستی دان پیانان بەستراوە بە دروستی هەواڵ پێدراوەوە،و قەشمەریش بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر درۆیی ئەو شتەی کە هەواڵی لەسەر دراوەو، دانی پیاناوە، بۆیە کار بەو دان پیانانە ناکرێت، بۆیە هەر کەس بە گاڵتەو گەپەوە بڕیاری فرۆشتنی شتێ، یان مارەکردن، یان تەلاقی دانی ژنێکی دا، ئەوە دانەمەزرێت‌و، هیچ ڕێ‌و شوێنێکی شەرعی لەسەر دان پیانان‌و مامەڵەی ناگیرێتە بەر، تەنانەت ئەگەر قەشمەرکارەکەش مۆڵەتی دابێت، لەسەری، چونکە مۆڵەتدان بۆ شتێکە کە چەسپابێت‌و جێگیر بوبێت‌و، بۆی هەیە دروست بێت‌و بۆشی هەیە، کە بەتاڵ دەبێت، بۆیە مۆڵەتدا بۆ شتێك نابێت، کە هەر لە بنەڕەتدا نەچەسپابێت، هەر وەك مۆڵەتدان شتی درۆ ناتوانێت بکات، بەڕاست.

١١٣– الأعتقادات: بیرو باوەڕ، کە بریتی یە لەوو گفت‌و قسانەی کە پەیوەندیدارن بە بیرو باوەڕی مرۆڤەوەو، لەم حاڵەتەدا قەشمەریات نایخوات‌و، نابێتە پاساو بۆ ئەوەی ئەو قسانە نەکرێت، بۆیە هەر کەس بە گاڵتەوە کوفرێکی کرد، بە هەڵگەوە لە ئیسلام دێتە ئەژمارو، ئەمە حوکمەکەیەتی، هەرچەندە کابرای قەشمەر مەبەستی لەو قسەیە هەڵگەڕانەوە نەبووبێت‌و، نەیویستبێت کافر ببێت، چونکە تەنانەت بە گاڵتەوە قسە

کردنیش لەسەر ئیسلامو کوفر کردن، سوکایەتیو تەوهینە بە ئیسلامو، سوکایەتی کردنیش کوفرە، بۆیە ئەو کەسەی کە ووشەی کوفر دەربڕێت، بەو گاڵتە کردنە دەبێتە هەڵگەڕاوەو، هەرچەندە مەبەستیشی نەبووبێت، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾[1]. واتە: ئەگەر لێیان بپرسیت سەبارەت بە گاڵتەکردن بە خواو ئایەتەکانیو پێغەمبەری خوا ئەڵێن بە ڕاستمان نەبوو، بەڵکو تەنها گاڵتەو گەپمان دەکرد، جا پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخەواو ئایەتەکانیو بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟! بڵێ بڕو بیانووی بێ جێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوەی کە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە.

پاشان سەبارەت بە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام (الردة) ئەحکامی دنیایی زۆر هەن، کە دەگرێتە بەر، لەوانە جیاکردنەوەی ئەو دوو ژنو پیاوە لە یەکتریو چەندەها ئەحکامی تریش کە لە کتێبەکانی فیقهی ئیسلامیدا یەکالا کراوەتەوەو باسکراون.

١١٤- الأنشاءات: کە مانای بە گەڕخستنی ئەو فاکتەرانەیە، کە حوکمە شەرعییە بڕیار دراوەکانیان لەسەر بنیات نراوە، وەك کڕینو فرۆشتنو بەکرێدانو، دیکەی گرێبەستو مامەڵەکان، کە ئەمەیش دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: ئەمەیان بەگاڵتە کردن بە تاڵ نابێتەوە، وەك مارە کردنو تەڵاقدانو گێڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو، بەبەڵگەی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((ثلاث جدهن، و هزلهن جد، النكاح والطلاق و الرجعة))، واتە سێ شت هەن، بە جۆشو خرۆش لێیان بنەوی، هەر بەجۆشو خرۆش (جدي) سەیردەکرێنو، بە گاڵتە بەکار بهێنرێت، هەر بە جیددی سەیر دەکرێن، ئەو سێ شتەش بریتین لە مارەکردنی ژنو، تەڵاقدانی ژنو بڕیاردان بە گێڕانەوەی ژنی تەڵاقدراوو، ئەم سیانە گاڵتە کردنیان تیادا نییەو، ئەمە ئەو جۆرە مامەڵەو هەڵسوکەوتانەیە کە هەڵوەشانەوە هەڵناگرن.

---

1 سورة (التوبة/ ٦٥).

جۆری دووەم: ئەم جۆرەیان گاڵتەکردن‌و قەشمەریات کاری تێدەکات‌و، بە تاڵی دەکاتەوە، یان هەڵی دەوەشێنێتەوە، وەك، فرۆشتن‌و بە کرێدان‌و، دیکەی ئەو مامەڵانەی کە هەڵوەشاندنەوە[1] دەیانگرێتەوە، ئەمەش لە بەر ڕۆشنایی ئەو درێژە باسەی کە لە کتێبە فیقهیە جۆراوجۆرە کاندا باسکراوەو، ئاماژەی پێدراوە.

هەندێ لە شەرعزانان (فقهاء) پێیان وایە کە ئەم جۆرە مامەڵانە سەرەڕای ئەوەی کە بە گاڵتەو قەشمەری ئەنجامدراون، هەر دروستن، ئەمەش وەك بەبەردابڕین (قیاس) کردنی دروستی نیکاح‌و تەڵاقدان‌و، گێڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو، چۆن بە گاڵتەیش بێت، هەر دادەمەزرێت، ئەمەیش هەر وایەو، ئەو زایانانەی کە جیاوازیان لە نێوان ئەم دوو جۆرە دا کردووە، ئەوەیان کردووە بە بەڵگە کە ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێ لە مامەڵەکان بە جددی کاریان تیادا بکرێت‌و، بە گاڵتە بکرێت، چونیەکن‌و، هەشیانە کە بە جددی بون‌و گاڵتە جاریان چونیەك نییە، چونکە ئەگەر هەمووی لە یەك پلەدا بوونایە، ئەوا فەرموودەکە بەو دەقە دەهات، کە سەر جەم گرێبەستەکانی کەسی گاڵتە جارو هەڵسو کەوتەکانی بە گاڵتە کردبنی، یان بە جددیو خروشان کردبن چونیەکن‌و، لە ڕووی ئەم مانایەوە، ئەوە دەفامرێتەوە، کە لە نیکاح کردنی ئافرەت‌و هاوێنەکانیدا مافی خوای مەزنی تیادایەو، هەر شتێکیش وابوو، ئەوا بۆکەس دروست نییە، کە گاڵتە جاریو قەشمەریای تیادا بکات‌و، هەرکات هۆکارەکەی هاتە دیو، حوکمە کیشی دەچەسپێت‌و دێتە جێ، هەرچەندە مەبەستیشی تیادا نەبێت، وەك ئەوەی کە ووشەی کوفر بدرکێنێت، چونکە دروستە نییە، بۆ مرۆڤ کە لە گەڵ خودای خۆیدا گاڵتە بکات‌و، قەشمەری بە ئایەتەکانی بکات، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو مامەڵدارییانەی کە تەنها مافی بەندەکانیان تیادایەو، ئەمانەیان بەقەشمەری بەتاڵ دەبنەوەو، هەڵدەوەشێنەوەو، حوکمەکەی ناچەسپێت، چونکە خودی کەسی گاڵتە جاڕ بە حوکمەکە ڕازی نیەو، هەروەها لە بەر ئەوەیە کە نەریتی مرۆڤ وایە، کە جارو بار لە گەڵ خەڵکی

---

1 الأشباه والنظائر الأبن نجيم، ب١، ل٣٥.

تردا گاڵتەو قەشمەریات دەکات، بۆیە حوکمی بەسەردا ناچەسپێت، تا خۆی ڕازی نەبێت.[1]

چوارەم: ((السفه: دەبەنگی و گەمژەیی))

(السفه)، لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (الخفة: سادەیی) دێت، لە زاراوەی زانایانی زانستی ئوصوڵی فیقهدا، بریتی یە لە بەکارهێنانی موڵک و سامان لە غەیری ئەو شێوازەیدا کە شەرع و عەقڵی مرۆڤ داوای دەکەن، هەرچەندە کابرایش خاوەن عەقڵە![2]

بۆیە (السفه: گەمژەین) لە ڕیزی بەر بەستە مرۆڤکردەکاندا ژمێردرا، چونکە کەسی گەمژە، بەپێی بژاردەو حەزو ڕازی بوونی خۆی کارە کە بە پێچەوانەی عەقڵەوە ئەنجام دەدات[3]، ئەم حاڵەتەیش دژی ئەهلیەت نییەو، کەسی گەمژە (سفیه) ئەهلیەتی تەواوی هەیەو سەر جەم تەکلیفە شەرعیەکانی ڕوو بەڕوو کراوەتەوەو دەیگرێتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ئەو گەمژەییەکار لە هەندی لە ئەحکامە شەرعیەکانی سەری دەکات، شوێنەواری ئەم کاریگەری گەمژەییە لەسەر مرۆڤە کە لە وەدا دەر دەکەوێت، کە منداڵ هەرکات زانرا گەمژەیەو نەزانە ئیدی داراییەکەی لێ دەگیرێتەوەو، چاو دێری وەخرێتە سەرو، هەروەها لەوەدا دەردەکەوێت، کە سانسۆر (حجر) دەخرێتە سەر کەسی باڵغی عاقڵ، ئەگەر گەمچە (سفیه) بوو، پێویستیە دەربارەی ئەم دوو پرسەو ئەحکامە پەیوەندیدارەکان پێیەوە، بەکورتی بدوێین، قسە لەسەر (پرسی گەمژەیی) بکەین، لە یاسای مەدەنی عێراقی و میصریدا.

- پرسی یەکەم: دەربارەی پێدانی دارایی بە کەسی گەمژە کە تەمەنی گەیشبێتە سەردەمی باڵغ بوون:-

---

1 إعلام الموقعين، ب٣، ل١٠٩- ١١١، المدنة الكبرى، ب٢، ل١٦١.

2 شرح المنار، ل ٩٨٨.

3 شرح مرقاة الوصول، ب٢، ل٤٥٨.

١١٥- جگە لە ظاهیریەکان، شەرعزانان ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە منداڵ گەورە بووو، گەمژە دەرچوو، ئەوا ماڵەکەی نادرێتەوە دەستی، تا خۆی بەکاری بهێنێت، لە بەر ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ قِيَـٰمًا﴾[1] واتە: ماڵو سامانی خۆتان مەدەنە دەستی جاحێڵو نەزان خەجەکان، ئەو هەتیوانەیش کە هێشتا پێ نەگەیشتونو نەزان خەرجن، جا ئەگەر سامانێکیان هەبێت، لای خۆتان ڕاگرنو مەیدەنە دەستیان، کە خوای مەزن کردوویەتیە هۆکاری نەشونماو ژیانو گوزەرانتان.

کە واتە: کاتێك ئەو دارییانەیان دەرێتەوە دەست، کە فامیان کردبویەوەو چاکو خراپیان لە یەکتر جیادەکردەوەو، دەزانی ئەمەیش بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿وَٱبْتَلُوا۟ ٱلْيَتَـٰمَىٰ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُوا۟ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ﴾[2] واتە: هەتیوان بخەنە ژێر تاقی کردنەوە، هەتا دەگەنە تەمەنی باڵغ بوونو ژن خواستنو توانای ژنو مێردی، واتە بە جارێ ماڵە کە مەکەنەوە مشتیان، بەڵکو جارو بار شتێکیان بدەنێو چاودێریان بن، بزانن فامیان کردۆتەوە، ئەو کاتە ئێوەش بە بێ دواکەوتن، پارەو سامانەکانیان بدەنەوە.

کەواتە بە گوێرەی دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزە، دانەوەی ماڵو دارایی بەو کەسانە. ئەوە بە مەرج گیراوە تیایاندا کە دەبێت، باڵغ بووبنو، فامدار بن.

ڤاهیریەکان دەڵێن:- ماڵو دارایی بەو کەسە دەدرێتەوە، کە عاقڵ بێت، چونکە فامکردنەوە(رشد) لای ئەوان ئەوەیە کە باڵغو عاقڵ بێتو، گەمژەیی (سفه) لای ئەوان بریتیە لە بێ عەقڵی، بۆیە هەر کەسێ گەیشتە قۆناغی عاقڵی، ئەوە فامی کردۆتەوەو چاكو خراپ جیاکردنەوەی تیادا هاتۆتە دیو، پێویستی ماڵو دارایی یە کەی بدرێتەوە

---

1 سورة النساء (٥).

2 سورة النساء (٦).

دەست[1].بەڵام جەماوەری زانایان ڕایان وایە کە (رشد: فامداری) بریتیە لە بوونی عەقڵێکی چاکسازو، توانابوونی ئەو کەسە بۆ پاراستنی ماڵو داراییەکەی خۆی[2]و، مەرج نییە هەموو عاقڵی فامدارو زانا بێتو، بە پێچەوانەوە هەموو فامدارو ژیری، عاقڵە!

لە لای جەعفەرییەکان، کەسی (رشید: ژیرو خاوەن ڕوشد) ئەوەیە کە بڵغو عاقڵ بێتو، بزانێت موڵکی خۆی بەچاکی بەکار بهێنێتو، لە دیندا ڕاستاڵ بێتو[3]، ڕەشیدیو فامداری تەنها بەتوانا بوون بە پاراستنی دارایی نایەتەدیو، بەڵکو جگە لەم پاراستنی ماڵە دەبێت ئەو کەسە لە دینەکەیشیدا ڕاستاڵی هەبێتو، بەڵام وادیارە ئەم پرسە جێگای کۆکبونی سەر جەم زانایان نییەو، هەندێ لە زانایانی موجتەهیدی دواینیە، ئیجتیهادی تایبەت بەخۆیان لەم بارەیەوە هەبووەو،ەڵێن کەسی (رشید: بزان) ئەوەیە کە بزانێت بە چاکی موڵكو ماڵی خۆی بەکار بهێنێتو، ئەوەیان تیادا بەمەرج نەگرتووە، کە لە دیندا ڕاستاڵ بێت![4]

١١٦- مەبەست لەو چاو کرانەوەو تێگەیشتن (الرشد):

ئایا مەبەست لە (رشد)، حەقیقەتی تێگەیشتنو ڕوشدەکەیە، یان مەبەست ئەو قۆناغەیە کە تێگەیشتنو چاو کرانەوەو ڕوشد تیایدا بەر جەستەیەو بوونی هەیە، دێتە دیو، لەم بارەیشەوە شەرعزانەکان دوو ڕایان هەیە:

گفتی یەکەم: دەڵێن مەبەست لە (روشد) حەقیقەتی ڕوشدو پێگەیشتنو، دەبێت بەبێ دوو دڵی بێتە دیو بزانرێتو بناسرێت کە هاتووەتەدیو، نابێت شتێکی تر بخرێتە جێگاکەی.وەك ئەوەی بچین تەمەنێکی دیاریکراوی بخەینە جێگا، یان هەر شتێکی تری لەم بابەتەو، لە ڕوانگەی ئەم ڕایەوە بێت، منداڵ لە دوای باڵغ بوونەوە داراییەکەی ڕاست

---

1 المحلى، لأبن حزم، ب٨، ل٢٨٦– ٢٨٧.

2 التلويح، ب٢، ل١٩١.

3 الخلاف، للصلوسي، ب٢، ل١٢١.

4 منهاج الصالحين، محسن الحكيم، ب٢، ل١١٣.

ناکرێتەوە، ئاستی تێگەیشتن (ڕوشد)ی دەچەسپێت، ئیتر تەمەنی هەر چەند بێت! و تەنانەت ئەگەر بووبێتە کابرایەکی پیریش‌و، ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانی شافعی‌و مالکی‌و حەنبەلی‌و جەعفەری‌و ئەبو یوسف‌و موحومەدی هاوەڵانی ئەبوو حەنیفەیە[1].

– بەڵگەی ئەم گفتەی کە ڕابورد، ئەمانەیە:

یەکەم:– دانەوەی دارایی لە دوای باڵغ بوون، بەستراوە بە ڕوشدو ئاستی تێگەیشتنی کەسەکە، بۆیە ئەگەر کەسەکە ڕوشدی نەبوو،و ئەمەیش چەسپا، ئەوا دروست نییە، ئەو داراییە بدرێتەوە بەو کەسە باڵغە، چونکە ئەو مەرجەی کە بەستراوە پێیەوە پێش بوونی مەرجەکە بەنەبوو حسابە،

دووەم: کەسی گەمژە (سفە) لەوەیدا کە داراییەکەی سانسۆری دەخرێتەسەر، لەمەدا وەك شێت‌و، دەبەنگ و کەودەنگ وایە، کە ئەم دووجۆرە نابێت داراییەکەیان بدرێتەوە دەست، ئیتر چونیەکە تەمەنیان گەشتبێتە بیست‌و پێنج ساڵ، یان زیاتر هەر وەك یەك وایە، هەر وەك چۆن پێش ئەوە تەمەنیش هەر قەدەغە بووە، بیاندرێتەوەو، گەمژەیی (سفە)یش هەر وایە[2].

گفتی دووەمگك– قسەی ئەبو حەنیفەیە (کە باسمان کرد) پێش گەیشتنی بەتەمەنی بیست‌و پێنج ساڵان‌و، لە دوای ئەو تەمەنە دەبێت، بەقۆناغی ڕوشدەکە گەیشتبێت.

بۆیە هەر کەس گەیشتە قۆناغی ڕوشدو، ئەم پێگەیشتن‌و ڕوشدەی چەسپا ئیتر داراییەکەی ڕادەست دەکرێتەوە، هەر چەندە تەمەنیشی نەگەیشتبێتە بیس‌و پێنج ساڵان‌و، ئەگەر گەیشتبووەیە ئەو تەمەنە بەڵام ڕوشدی نەبوو، یاخود نەدەزانرا، ئایا ڕوشدی هەیە، یان نا.... ئەوا چاوەڕوان دەکرێت، تا دەگاتە بیست‌و پێنج ساڵی‌و، کە

---

1 المغني، ب٢، ل٤٥٧، الطوسي، ب٢، ل١٢١، محسن الحكيم، ب٢، ل١١٣.

2 كشف الأسرار، ب٤، ل١٤٩٠، لێرەدا بۆیە باسی تەمەنی بیست و پێنج ساڵیمان کرد، چونکە ئەبوو حەنیفە ڕای وایە کە لەو تەمەنەدا دەبێت داراییەکەی ڕادەست بکرێتەوە، هەرچەندە ڕەشیدی‌و تێگەیشتویش نەبێت!

گەیشتە ئەو تەمەنە ئیتر ڕوشدەکە دەچەسپێت، ڕەشیدو تێنەگەیشتوو، پێشکەوتە دێتە ئەژمارو، داراییەکەی ڕاست دەکرێتەوە، ئیتر ڕوشدەکەی زانرابێت، یان نەزانراوبێت، هەر چونیەکە، چچونکە ئەو تەمەنە، پێگەی پێگەیشتنەو چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، کە لەو قۆناغو تەمەنەدا پێگەیشتن‌و تێگەیشتنی هەبێت، چونکە لەم قۆناغەدا مەگەر بەکەمی‌و دەگمەنی، دەنا ناپێگەیشتن تیایدا ڕوونادات‌و، بێگومان، حوکم لەسەر گشتی‌و لایەنە زاڵەکە بنیات دەنرێت، نەك لەسەر شتی کەم‌و دەگمەن[1].

أ- نەدانەوەی دارایی بەو کەسەی کە پێگەیشتووە، واتە: باڵغ بووە بەڵام وووریاو ژیر (ڕوشید) نییە، بۆیە وایە، چونکە گەمژەیی‌و نا ژیری هەر لەسەرەتای باڵغ بوونەوە لە مرۆڤ دوور نەکەوێتەوەو، بۆی هەیە درێژخایەن بێت، تەنانەت تا بیست‌و پێنج ساڵانیش، بۆیە دەبێت ئەو حاڵەتی ژیری‌و ڕوشیدی بە ئەزمون وەرگرتن بێت‌و تیایدا تاقی بکرێتەوە، چونکە ئەزموون وەرگرتن عەقڵ دەکاتەوەو، هزر تیژ دەکات‌و، مرۆڤ بەرچاو ڕوون دەکات‌و، بەم ڕوشدە دەسکەوتووو، وەرگیراوە، ئەو مەرجەی دانەوەی داراییەکە دێتە جێ، چونکە ڕوشدو پێگەیشتن، کە مەرج بوو ڕادەستکردنەوەی دارایی بەکەسی باڵغ، لە ئایەتە پیرۆزەکەدا بە نەناسراوی (نکرة) هاتووەو، بۆ بە بەسەرلایەنی کەمی ڕوشددا دەچەشپێت.

ب- ڕادەست نەکردنی دارایی بۆ کەسی باڵغی عاقڵی بێ ڕوشد. یان لەبەر ئەوەیە کە تەمێ بکرێت‌و فێربکرێت‌و، یاخود سزایەکە لەسەر کردەوەیەکی یاساغ، کە دەست بڵاوییەو، یاخود حوکمێکی وایە، ماناکەی مافامرێتەوەو، بەبەڵگەو دەق چەسپاوەو جێگیر بووە.

جا ئەگەر ئەو بەگرتن‌و ڕادەست نەکردنەوەیە، بۆ تەمێ کردن‌و ئەدەب دادان بوو، ئەوا ئەو تەمێ کردنە وا باشەو جوانە، کە سودمەند بێت‌و ئومێدی موسود گەیاندنی لێ هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم ئومێدەی تیادا نەبوو، وەك ئەوەی کە گەیشتە بیست‌و پێنج

---

1 التلويح والتوضيح، ب٢، ل١٩١١، وأحكام القرآن، للجصاص ب١، ل٤٩٠.

ساڵی‌و هەر ژێرو ڕوشدی نەبوو، ئەوا تا ئەو کاتە هیچ مانایەك بۆ ڕادەست نەکردنەوەی ئەو داراییەی نامێنێتەوە، چونکە سودی نییەو، دەبێتە کارێکی بێهوودەو، ئەگەر ئەو ڕادەست نەکردنەوەیە سزا بوو، ئەوا سزا بە گومانداری (شبهة) لا دەچێتو، لێرەشدا گومان بوونی هەیە، چونکە هەر وەك گوتمان کە مرۆڤ گەیشتە ئەم تەمەنە جۆرێك لە ژیری‌و ڕوشدی هەیەو دەبێتو، دەبێت لەم حاڵەتەدا داراییەکەی ڕادەست بکرێتەوە، چونکە کە بەبەربەستکارەکە لاچووە، ئیتر شتە قەدەغەکراوەکە دەگەڕێتەوە جێگای ئاسایی خۆی.

ئەگەر ئەو ڕادەست نەکردنەوەیە، بەدەقێك چەسپابوو، کە کە نەدەزانرا مەبەست چییەو چی لێ دەفامرێتەوە؟ لێرەشدا بەر گرتن‌و ڕادەست نەکردنەوەیە لادەچێت، چونکە مەرجی ڕادەست کردنەوە داراییەکە ئەوەیە کە جۆرێك لە پێگەیشتن‌و ڕوشد لەو کەسەدا بێتەدی‌و، هەر وەك لە برگەی یەکەمیشدا باسمان کرد بەگەیشتنی بەتەمەنی بیست‌و پێنج ساڵی ئەو ڕوشدە دێتەدی[1].

١١٧- قسەی باشتر (الراجح):

لەگەڵ ئەشیدا کەمل کەچی ئەوەین، کە بەڵگەکانی ئەبوو حەنیفە بەهێزن، بەڵام ئەوە هەیە، کە ڕووکەشی ئایەتەکە پشتگیری ئەو ڕایانەی ئەو ناکات، چونکە ڕاست کردنەوەی داراییەکەی بەستراوە بە بوونی ڕوشد، نەك بەگەیشتنی بەتەمەنێکی دیاریکراوو، تەنانەت ئەگەر ئەو تەمەنە بکرێتە جێگرەوەی ڕوشدەکە، هەر بەوە بە پەچ دەدرێتەوە کە بۆچی لای سەروو،و لای خوارووی بیست‌و پێنج ساڵی دانەنرا؟

جا ئەوەی ئێمە کە بەلای ئەمەدا دەچین، کە ڕای باشترو چاکترو پەسنترە، ڕای جەماوەری زانایانە.

---

1 أصول البزدوي و كشف الأسرار، ب٤، ل١٤٩٠-١٤٩١.

پرسی دووەم/ سانسۆرخستنە سەر کەسی دەبەنگ (السفیه):

١١٨- شەرعزانان ڕاجیاییان هەیە، لەسەر ئەوەی کە ئایە دروستە، گەمژەیی بکرێتە هۆکار، بۆ سانسۆرخستنە سەر مرۆڤەکە، یان نا... ئیتر چونیەکە ئەو گەمژەییە هەر زگماك بێتو، مرۆڤەکە سکوما لە گەڵیدا بووبێت، یاخود لەسەرتادا ساغو ژیرو خاوەن ڕوشد بووبێتو، دواتر تووشی دەردی گەمژەییو دەبەنگییە بووبێت.

دەکرێتە هۆکار ئەم ڕاجیایەیان بگێڕنەوە، بۆ دووقسە:

- گفتی یەکەم: کە ئەمەش قسەی جەماوەری زانایانی شافعیو حەنبەلیو مالکیو جەعفەریەکانننو، هەروەها قسەی ئەبوو یوسفو محمەدی هاوەڵانی پێشەوا ئەبوو حەنیفەنو، لەلای ئەمانە هەموو سانسۆر دەخرێتە سەر کەسی گەمژە، چونکە گەمژەییو دەبەنگی هۆکارەن، بۆ چاودێریو سانسۆر خستنە سەر مرۆڤو، کە ئەم حاڵەتە بەدی کرا، لە هەرکەسدا، پێویستە سانسۆری بخرێتە سەر[1].

گفتی دووەم:- دەڵێن کە مرۆڤ بەهۆی گەمژەییەوە، سانسۆری ناخرێتە سەرو، ئەمەش ڕای خودی ئەبوحەنیفەو ظاهیرییەکانە[2].

١١٩- بەڵگەی جەماوەری زانان (الجمهور):

جەماوەری زانایان، بەڵگە گەلێکیان هەیە، لەسەر ئەوەی کە دەبێت کەسی گەمژە سانسۆی بخرێتەسەر، لەو بەڵگانە :-

أ- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِى عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِ﴾[1]. واتە: ئەگەر قەرزارەکە هەڵەو گەمژەو نەزان

1 المغني، لأب قدامة الحنبلي، ب٤، ل٤٥٨، أصول البزدوي وشرحه، ب٤، ل١٤٩٢، الطلوسي، ب٢، ل٢٢.

2 السورة (البقرة ٢٨٢).

بووو، یان لە ڕوانگەی عەقڵەوە بێ هێزو لاواز بووو، یان نەیدەتوانی ئەوەی کە پێویستە بیڵێ‌و بنوسرێ، لە کەروڵاڵ بوو)، یان نەخوێندەوار بوو، باچاودێری‌و سەرپەرشتیارەکەی بەدادگەرانە گرێبەتەکە دارێژێ‌و نوسەرەکەیشی بینوسێ. ئەم ئایەتە پیرۆزە دانانی چاودێر لەسەر کەسی گەمژە دەچەسپێنێت،و بێگومان چاودێریش بۆ کاتێکە کە کابرا سانسۆری لەسەر بێت.

ب- لە گێڕانەوەکاندا هاتووە، کە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب داوای لە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان کردووە، (خوا لێیان ڕازی بێت) کە سانسۆر بخاتەسەر (عەبدوڵای کوڕی جەعفەر) چونکە کەسێکی دەسبڵاو بووەو، ئەگەر سانسۆر خستنەسەر کەسی دەبەنگ دروست نەبوایە، ئەوا پێشەوا عەلی ئەم داوایەی نەدەکرد.

ج- سانسۆر خستنەسەر منداڵ چەسپاوەو هەیە، چونکە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، کە دەست بڵاو بێت‌و، بەڕاست‌و چەپدا داراییەکەی پەرش‌و بڵاو بکاتەوەو، لە ناوی ببات‌و، ئەم حاڵەت‌و مانایەش لە گەمژەدا هەیەو دەفامرێتەوەو، بۆیە سانسۆر خستنەسەر کەسی گەمژە پێویستە، وەك چۆن پێویستە بخرێتە سەر منداڵیش.

د- کەسی گەمژە (سیفە) نازانێت، چۆن مامەڵە لە گەڵ موڵك‌و دارایی خۆیدا بکات، بۆیە پێویستی بەکەسێك هەیە، کە چاودێری بکات‌و، داراییەکەی بپارێزێت‌و، ئەمەش تەنیا بەسانسۆر خستنەسەر دەکرێت، هەر وەك لەسەر منداڵیش ئەم حوکمە دراوەو، نابێت بگوترێت، کەسی گەمژە کە موڵك‌وماڵی خۆی بەدەسبڵاوی لە ناو دەبات، کەسێکی تاوانبارەو، مافی ئەوەی نییە، کە چاودێری بکرێت، چونکە ئێمە لە وەڵامی

---

1 أحكام القرآن، للجصاص، ب١، ل٤٨٩، المحلى، ب٨، ل٢٧٨ ودواتر، التلويح، ب٢، ل١٩٢، و لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەبوحەنیفە وای داناوە، کە دارایی‌و ماڵ بگیرێتەوە لە کەسی گەمژە، تا دەگاتە (٢٥) ساڵان، بەڵام نەگوتووە، دەبێت سانسۆری بخرێتە سەرو، بەم پێوەدانگە بێت، سەرجەم مامەڵەو هەڵس‌و کەوتەکانی دروستن، کە لەسامان‌و موڵکی خۆیدا کردوونی. لەدوای ئەوە تەمەنی هەرچەندە سەفاهەتەکەی هەر مابێت!

ئەمەدا دەڵێین: گوناهباریو تاوانباری نابنەهۆکاری ئەوەی کە کەسەتاوانبارەکە مافی چاو دێری لەسەر کردنی نەمینیو، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی نەکرێت، ئەی نابینی کەسی بکوژ، کە تەنانەت بەتایبەتیش کەسێکی کوشتبێت، ئەم تاوانەی نابێتە هۆکاری ئەوەی کە چاودێری نەکرێت، بەبەڵگەی ئەوەی کە دروستە ببەخشرێتو، بۆیە گەمژە لە پێشترە، کە چاو دێری خۆیو بەرژەوەندییەکانی بکرێت.

هـ- سانسۆر خستنەسەر گەمژە، دەبێتە هۆی پاراستنی سەرجەمی کۆمەڵگە لە زیادمەندی، چونکە بەو سانسۆرە داراییەکەی دەپارێزرێتو، نابێتە مشە خۆر بەسەر خەڵکی ترەوەو، کەسیش پێویست ناکات، بژێوی ژیانی بگرێتە ئەستۆو، کەواتە خستنەسەر کەسی گێژ، تا زیانەکەی لە کۆمەڵگە دوور بخرێتەوە، کارێکی واجبەو، هەر بۆیەش سانسۆر دەخرێتەسەر موفتی شێتکارو دکتۆری نەزانو، هەر بەم جۆرەیش سانسۆر دەخرێتەسەر کەسی دەبەنگو گەمژە، تا زیانەکەی لە کۆمەڵگە لابدرێت!

١٢٠- بەڵگەکانی ئەبو حەنیفە:

ئەبو حەنیفە، بەڵگە گەلێکی هێناوەتەوە، لەوانە:

١- کەسی گەمژە (سفیە)، فەرمایشتی شەرعی ڕوبەڕو کراوەتەوەو، هەر کەسیش خیطاببو فەرمایشتی شەرعی ئاراستە کراو خرایە سەرشان، کەواتە ئەهلیەتی هەیەو شیاوە بۆ خستنە سەرشانی ئەرکەکانی شەرعو، باڵغیو عاقڵی تیادایەو، گومڕەیی هۆکار نییە، بۆ کەمو کوڕی لە عەقڵداو، لە جیاکردنەوەی چاکو خراپداو، بۆیە هەر بەئەرکدارو ئەرك لەسەرشان دەمینێتەوەو مافە شەرعیەکانی لەسەرشانەو، مامەڵەزارەکیەکانی دروستن، وەك ژن تەڵاقدانو مارەکردنو، لەسەر قەرزاری خەڵکی زینداني دەکرێتلەسەر تاوانەکان سزا دەدرێتو، بەپێی دانپیانانی خۆی لەسەر هۆکارەکانی تاوان کردن دەگیرێتو سزا دەدرێت، بۆیە ئەگەر کەسی گەمژە لەدوای باڵغ بوون، لە چاودێری کردندا هەر لە پێش بووەو، سەرپەرشتی دەکرا سانسۆر لەسەر هەبوو ئەوە زۆر لە پێشترە کە سانسۆری بخرێتەسەر، لە کاتی دانپیانانی لەسەر هۆکاری تاوانەکانی، چونکە زیانگەیاندن بەگیان، زۆر گەورەترە لە زیان گەیاندن بە ماڵو دارایی.

٢- مرۆڤ كە گەیشتە قۆناغی عاقڵی، ئیتر ئەهلیەتو شیاویو كەسایەتی كامڵ دەبێتو، سانسۆر خستنە سەری لەم حاڵەتەدا شكاندنی كەسایەتیو شكۆمەندیو ئەو مرۆڤەیەو، ئەمەیش دروست نییەو، ئەگەر بگوترێ: ئەو سانسۆرە لەبەر بەرژەوەندی خۆیەتی، ئەمە وەڵامەكەی ئەوەیە زیانگەیاندن بەو كەسە لە ڕووی ئەوەوە كە كەسایەتی بشێنیێو، وەك ئاژەڵان پۆللێن بكەیت، كە سانسۆرت خستۆتە سەرشان، ئەم زیانە زۆر زیاترە لە ماڵ بەفیڕۆدانو، قاعیدەی شەرعی وا بڕیاری داوە، كە دەبێت زیانە بچوكەكە بكرێت، باشترە، تا خۆمان لابدەین لە زیانە گەورەكەو، بۆیە سانسۆر نەخستنە سەری، لە بەرژەوەندی كەسەكەدایە.

٣- لە فەرموودەدا هاتووە، كە كابرایەك لە كاتی مامەڵەدا بەشی دەخوراو، زیانم دەبووو، فرتو فێڵی لێ دەكرا، جا كەسو كارەكەی هێنایان بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)و داوایان لێكرد سانسۆری بخاتە سەر، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) سانسۆری نەخستەسەر، بەڵام فەرمانی پێكرد، كە لەكاتی مامەڵەدا مەرجی ئەوە دابنێت، كە مافی پەشیمان بوونەوەی هەبێت، بۆیە ئەگەر سانسۆر دروست بوایە، ئەوا سانسۆری دەخستەسەر.

٤- بەڵام سەبارەت بەبەڵگە كردنی ئایەتەكە كە دەفەرموێت: ﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا ....﴾كە باسمان كرد، لەمەیاندا بەڵگە نییە، بۆ ئەوان، چونكە مەبەست لە چاودێر (ولي) لێرەدا چاودێری مافەكە، نەك چاودێری كەسەگەمژەكە.

٥- سەبارەت بەوەی كە پێشەوا عەلی داوای كردووە، كە سانسۆر بخرێتەسەر (عبدالله ی كوڕی جەعفەر) ئەمەیش بەڵگەی نییە، چونكە داواكردنەكەی بۆ ترساندنە نەك بۆ پێداگیری (إلزام)، یاخود دەكرێت، لەسەر ئەوە دابنرێت، كە ئەو داواكردنەی نەدانی دارایی بە(عەبدوڵلای كوڕی جەعفەر) كاتێك بووە، كە تەمەنی پێش بیستو پێنج ساڵان بووە.

٦- دەسبڵاوی تاوانەو، تاوانیش نابێت، ببێتە هۆكار، بۆ چاودێری كردنو، سانسۆر خستنەسەر گەمژە سەر بەبابەتی چاودێری كردنیەتیو پێویست ناكات بخرێتە سەریو

بۆیەس نابێت، کە تاوان هۆکارە بۆ دەرکردنی تاوانبارەکە لە چاودێری کردن، بەبەڵگەی ئەوەی کە دروستە بکوژی دەست ئەنقەست ببەخشرێت، چونکە ئەوانەی کە بڕوایان بە سانسۆر هەیە، ئەو سانسۆرە بۆ گەمژە بە پێەیست دەزانن، بەخشینی بکوژیش دروستە، بەڵام پێویست (واجب) نییە.

٧- سەبارەت بەو قسەیەی کە پێی وایە، کە سانسۆر خستنەسەر کەسی دەبەنگ بۆ لادانی زیانە لە کۆمەڵگە، ئەمە قسەیەکی بەر پەرچدراوەیە، چونکە کەسی گەمژە لە موڵكو دارایی خودی خۆیدا مامەڵە دەکاتو بەکاری دەهێنێت، کەس بۆی نییە، کە بەری پێ بگرێت، لە بەکارهێنانی ماڵی خۆیدا، بە بیانووی لادانی زیانی لە کۆمەڵگە بەگشتی.

١٢١- ڕای لە پێشتر (الراجح):

ئەوەی کە ئێمە بەلایدا دەچین، ئەوەیە کە دەبێت سانسۆر لەسەر کەسی گەمژەو دەبەنگ هەبێت، چونکە ڕووی ئاشکرای دەقەکان لە گەڵ ئەمەدانو، هەروەها لەبەر ئەوەی کە لەسانسۆردانانەدا بەرژەوەندی کەسە گەمژەکەی تیادایەو، موڵکەکەی دەپارێزرێتو، زیانی لە کۆمەڵگە لادەدرێتو، نابێ بگوترێت:- ئەو ماڵی خۆیەتی بەکاری دەهێنێتو، کۆمەڵگە هیچ مافێکی نییە، تیایدا، چونکە ئێمە دەڵێین: بەکار هێنانی ماڵو موڵکی تایبەتی هەر کەسێك، لەسەر ئەوە بەندە کە نابێت ئەو بەکار هێنانە زیان بەکەسانی تر بگەیەنێت، ئەی نابینی ئەگەر کەسێك لە ماڵەکەیدا دابنێت، ڕێگا نادرێت پێی، بۆ ئەوەی زیان دراوسێکانی نەگەیەنێتو، تووشی گرفتو سەر ئێشەیان نەکات، کەسی گەمژەو دەبەنگیش هەروایە، ڕێگای لێ دەگیرێت، کە ماڵەکەی بەکار بهێنێت، تا لەناوی نەباتو، پەرشو بڵاوی نەکاتو، دواجار ببێتە مشەخۆر بەسەر خەڵكو دارایی گشتی (بیت المال)یشەوەو ئەمەش زیانە بۆ کۆمەڵگە بەگشتیو، دەبێت ڕێگای لێ بگیرێتو، ئەم ڕێگا لێ گرتنەیش بە سانسۆرخستنە سەری دەبێت.

پرسی سێیەم: کەی بەتەواوی سانسۆر دەخرێتەسەر کەسی گەمژە(السفیە)؟!

١٢٢- هەندێ لە شەرعزانان لەوانە (إمام محمد) بەلای ئەوەدا چوون، کە کەسی گەمژە، تەنها بەو گەمژەییەی خۆیو دەرکەوتنی تیایدا، ئیتر سانسۆردارەو چاودێری لەسەرەو، پێویست بەوە ناکات، کە دادوەر بڕیار بدات، سانسۆری بخرێتەسەرو، بەڵگەیشیان ئەوەیە کە گەمژەیی هۆکارو فاکتەرە بۆ سانسۆر خستنەسەر کەسی گەمژە، بۆیە کە هۆکارەکە هاتەدی، ئیتر ئەو شتەیش کە لەبەر ئەو هۆکارە بەرپادەبێت،دێتەدیو دەبێت جێ بەجێ بکرێت، کە سانسۆرخستنەسەرەکەیەو، هەرکات هۆکارەکە نەما، سانسۆرەکەیش نامینێت، هەر وەك ئەم حاڵەتە لە شێتو کەودەنو منداڵیشدا هەروایە.

هەندێ لە شەرعزانانی تر، لەوانە (إمام أبو یوسف) رایان وایە کە کەسی گەمژە سانسۆری ناخرێتەسەر، تا دادوەر ئەو سانسۆرەی نەخاتەسەر، (واتە بڕیاری دادوەری لەسەر بێت)،و بەڵگە بۆ ئەم قسەیش ئەوەیە کە سانسۆر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسی سانسۆردار دانراوو، ئەم بەرژەوەندییەش یەکلایی نەبۆتەوە لە نێوان ئەوەیدا کە ئایا سانسۆری بخرێتەسەر، تا موڵکەکەی پارێزراوبێت یان سانسۆری نەخرێتە سەر، تا قسەکانی بێ ڕەواج نەبن،و لێرەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە لەلای دادوەر (قاضي) یی، لەم جۆرە کارە دوو ڕەهەندو دیوانەداو، بەس ئەو بڕیار دەداتو، هیچ کەسی تر !

هەروەها لێرەدا ئەوەیش هەیە، کە گەمژەیی شتێکی بەرجەستە نییەو، لە نەزانکاری لە هەڵسو کەوتدا دەردەکەوێتو، جاری واهەیە، کە ئەو نەزانییو شێرزییە کەسەکە بە فێڵو بەتایبەتی دەیکاتو، ئەمەش تەنها بڕیاری دادوەر دەچەسپێنێتو، هەروەها پرسی سانسۆردانان لەسەر کەسی گەمژە، پرسێکی پڕ لە جیاوازیو ڕاجیاییە لە نێوان شەرعزاناندا و تەنها بەبڕیاری دادوەر دەچەسپێت، وەك سانسۆردانان بە هۆی قەرزارییەوەو، هەروەها هەروەك چۆن سانسۆر بە بڕیاری دادوەر دەچەشپێت، هەروا تەنها بە بڕیاری دادوەریش لا دەچێت.

بەرهەمو دەرەنجامی ئەم دوو ڕایە جیاوازە، ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی کەسی گەمژە، پێش دانانی سانسۆر لەلایەن دادوەرەوە لەسەری، بەدروستو دامەزراو دێتە ئەژمار، ئەمەش لەسەر ڕای ئەبو یوسفو پەیڕەوانی، بەڵام لەسەر ڕای (زانا محمەدی حەنەفی

بەناو بانگ)و هاوڕاکانی، ئەو مامەڵانەی دەوەستێنرێنو، وەك مامەڵەی کەسێك کە دادوەر سانسۆری خستبێتە سەر تەماشا دەکرێن.

ئەوەی ئێمەی لێرەدا بە ڕای تەندروستتری دەزانینو بەلایدا دەچین، ئەوەیە کە سانسۆر تەنها بە بڕیاری دادوەر دەچەسپێتو، هەروەها لابردنیش هەر بەبڕیاری دادوەرە، بە هۆی ئەو بەڵگانەی کە خاوەنی ئەم ڕایانە هێناویانەو، یاسای مەدەنی عێراقیش هەر بەم شێوازە بڕیاری لەسەر داوەو هێناویەتی، وەك دواتریش ئەم باسە دێت.

پرسی چوارەم: حوکمی مامەڵەو هەڵسوکەوتی گەمژەی سانسۆر لەسەر دانراوە:-

۱۲۳- حوکمی کەسی گەمژە لە دوای دانانی سانسۆر لەسەری، وەك حوکمی منداڵێك وایە چاكو خراپ لێك جیا بکاتەوەو، (ممیز) بێت، لەوەیدا کە مامەڵەو هەڵسوکەوتەکانی دەگونجێت، هەڵبوەشێندرێتەوە، وەك کڕینو فرۆشتنو بەکرێدان، کە ئەمانە هەموویان لەسەر مۆڵەتدان وەستاون، ئەگەر هێشتا لە نێوان سودو زیاندا یەکلایی نەبوبونەوە، جا ئەوەیان کە بەتەواوی زیانمەندن، ئەوە بەبەتاڵ دێتە ئەژمار، وەك بە دیاریدانو، ئەوانەیان بەتەواوی سودمەندن، بە دروستو چەسپاو دێتە ئەژمارو لە ڕووی بەچاك دانانەوە بەدروست زانراوە، وەسیەتی وەربگرێتە بەر بۆ شت باشەو چاکە کاری هەرچەندە ئەهلی بەخشندەییش نەبێتو، هەروەها لە وەقف کردنی شتدا لەسەر خۆیو غەیری خۆی، بۆی دروستە،

بەڵام ئەو مامەڵەو هەڵسوکەوتانەی کە هەڵوەشانەوە نایانگرێتەوە، وەك مارەکردنو تەڵاقدان، ئەمانە بەدروستو دامەزراو دێتە ئەژمار، ئەمەیان بە پێچەوانەی منداڵێکی جیاکەرەوەی چاکەو خراپە !

پرسی پێنجەم:- حوکمی کەسی گەمژە، لە یاسای مەدەنی عێراقیدا:-

١٢٤- یاسای مەدەنی عێراقی ڕاکەی ئەبو یوسفو پەیڕەوانی وەرگرتووەو چەسپاندوویەتیو، کەسی گەمژەی بە خۆڕسك بە سانسۆرداره داناوەو، بەڵکو بەمەجی گرتووە، کە دەبێت دادگای تایبەت بڕیاری ئەو سانسۆر کردنە بەسەردا بدات[1]و، هەروەها ئەوەیشی چەسپاندووە، کە لابردنی ئەو سانسۆرەیش لەسەری هەر بەبڕیاری دادگا دەبێت[2].

جا بەتەواوی سانسۆر لەسەر گەمژە دانرا، ئەوە حوکمی مامەڵە داراییەکانی وەك حوکمی مامەڵەداراییەکانی منداڵێکی جیاکەرەوەی چاكو خراپ (ممیز) وایە، بەڵام لە پێش دانانی سانسۆرەوە لەسەری، حوکمەکەی وەك حوکمی کەسێکی عاقڵی خاوەن ڕوشدو ژیری تەواو وایە، مەگەر ئەو مامەڵەیەی لە پێش دانانی سانسۆرەکەوە کردبێتو، بە فێڵ تەڵەکەو ڕێکەوتن لەگەڵ خەڵکانی تر ئەنجامی دابێت[3]، ئەمەش هەڵاوێرکردنێکی چاكو جوانە، لەگەڵ ئامانجی سانسۆردانانو بنەما گشتیەکانی شەریعەتیشدا دەگونجێت.

جا کەسی گەمژەی سانسۆر لەسەر دانراو، هەرچەندە ئەهلی بەخشندەییش نەبێت، بەڵام یاسا هەر ڕێگای پێداوە، کە سێیەکی ماڵەکەی بەوەسیەت بکات، بەخێر[4]،و ئەمەیش لە فیقهدا چەسپاوەو، هونەریش لەمەدا بەڕوونی دیارە، ئەوەیە کە وەسیەتەکە لە حاڵەتی ژیاندا، زیان بەکەسە گەمژەکە ناگەیەنێت، چونکە مامەڵەیەکە کە دەکەوێتە دوای مەرگی کابراو پەیوەستە بەمیراتەوە.

هەروەها مارەکردنی ژن لەلایەن کەسی گەمژەوە دروستەو دامەزراوە، ئیتر پێش ئەو سانسۆر لەسەر دانانەبێت، یان لەدوایەوە چونیەکە چونکە یاسای باری کەسێتی عێراقی

---

1 ماددەی ٩٥ لە یاسای مەدەنی عێراقی.

2 ماددەی ١٠، لە بڕگەی سێیەم.

3 ماددەی ١٠ بڕگەی یەکەم.

4 ماددەی ١٠، بڕگەی دووەم.

ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لە دامەزرانی گرێبەستی هاوسەریشدا، عەقڵو باڵغ بوونی بەمەرج گرتووە[1]،و بێگومان کەسی گەمژە (سفیه)ی عاقڵو باڵغەو، هەر ئەمەیش لە فیقهدا جێگیر بووەو، هەروەها تەڵاقدانیش هەر دروستو چەسپاوە، چونکە ماددەی ٢٤ی یاسای باری کەسێتی عێراقی ئەوانەی ژماردوون، کە تەڵاقیان ناکەوێتو، تیایاندا کەسی گەمژە (سفیه)ی نەهێناوەو، هەر ئەمەیش لە فیقهدا هاتووەو، دامەزراوە.

پرسی شەشەم:- حوکمی کەسی گەمژە، لە یاسای مەدەنی میصریدا:-

١٢٥- بڕیاری دادگا، سانسۆر لەسەر گەمژە دادەنرێتو، هەر بەبڕیاری دادگایش لەسەری لادەبرێت[2].

بەڵام سەبارەت بە مامەڵەو هەڵسوکەوتی کەسی گەمژە، ئەمەیان حوکمەکەی بەم شێوازەی لای خوارەوەیە:-

ئەگەر کابرایەکی گەمژە مامەڵەیەکی کرد. لەدوای تۆمارکردنی بڕیاری سانسۆرەکە لەسەری، ئەوا ئەم مامەڵەیە وەك مامەڵەی منداڵێکی جیاکەرەوەی چاكو خراپ سەیر دەکرێتو، ئەحکامەکانی لەسەر بنیات دەنرێتو، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو هەڵسوکەوتانەی کەسی گەمژە کە بەتەواوی سودمەندن، بەدروستو دامەزراو تەماشا دەکرێنو، ئەو مامەڵانەی کە بەتەواوی زیاندارن، بەبەتاڵ دێتە ئەژمار، بەڵام ئەو مامەڵەو هەڵسوکەوتانەی کە ڕووی سودو زیانیشیان هەیە، ئەمانە شایەنی بەتاڵ کردونەوەو هەڵوەشاندنەوەن، بە پێی بریارێك کە دەربچێت، کە نەریتی مرۆڤایەتیخوازیاری بڕیارێکی لەو جۆرە بێت، یاخود کەسە گەمژەکە خۆی لەدوای لابردنی سانسۆر لەسەری داوای ئەو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیە بکات.

---

1 ماددەی حەوتەم، بڕگەی یەکەم.

2 ماددەی ٦٥ لە یاسای چاودێری داراین ژمارە ١١٩ی ساڵی ١٩٥٢.

بەڵام ئەگەر مامەڵەکە لەلایەن کەسە گەمژەکەوە ئەنجام درا، لە پێش دانانی سانسۆر لەسەری، ئەمەیان بەتاڵ نییەو، هەروەها شیاوی بەتاڵکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەیشی نییە، تەنها کاتێك نەبێت، کە لایەنی بەرامبەری مامەڵەکە، هەلەکەی قۆستبێتەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆی و، سودی خۆی، یاخود ڕێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسە گەمژەیەدا کە وا گومان دەبرێت، سانسۆری خرابێتەسەر، جا ئەگەر هیچ شتێ لە مانە نەچەسپا، ئەوە مامەڵەکەی دروستە[1]، بەڵام یاسای میصر، لەم پرسەدا وەسیەتکردنەو وەقفی هەڵاودێر (إستثناء)کردووەو جیای کردۆتەوەو، وای داناوە کە هەر کات دادگا بڕیاریدا، جا ئەو دوانەیش دروستن[2]، هەر وەك ئەم یاسایە هەڵساوە یاسای کاروباری ئیداریش جیاکردۆتەوە، جا هەر کات سەرپەرشتیارەکە مۆڵەتی پێدا، کە دارایی خۆی ڕادەست بکات، بە ئیدارەکەیو، بەپێی یاسا ئەو مۆڵەتەی بنیات نرابوو[3]، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەو حوکمانەی کە دانراون، بۆ کەم ئەندامێکی ڕێگا پێدراو، بەسەر ئەمیشدا جێ بەجێ دەکرێن[4].

پێنجەم:- ((سەرخۆشی))

١٢٦- ڕێخۆشکردن:

سەرخۆشی (السکر) بریتییە لە لاچوونی عەقڵ، بەهۆی خواردنەوەی ئارەقەوە سەرخۆشکەرەکانی تری وەك ئارەقەوە، بە جۆرێك کابرای سەرخۆش و ئارەق خۆر لەدوای هاتنەوە هۆش نازانێت، لەکاتی ئەو سەرخۆشیەدا چی کردووەو چی

---

1 ماددەی ١١٥ لە یاسای مەدەنی میصری.

2 ماددەی پێنجەمی یاسای وەسیەتکردن و، ماددەی ١٦، برگەی یەکەم، لە یاسای مەدەنی میصری.

3 ماددەی ١١٦، برگەی دووەم: لە یاسای مەدەنی میصری.

4 ماددەی ٦٨ لە یاسای سەر پەرشتی دانان لەسەر موڵك و ماڵ.

ئەنجامداوە[1].سەر خۆشی عەقڵ لەکار دەخـاتو، ناهێڵێـت ئیـدی چـاكو خـراپ لەیـەکتری جیـا بکاتـەوەو، ئـەم بارودۆخـەیش ئەهلیـەتی جـێ بـەجێ کـردن (الأداء) لەکەسـەکەدا ناهێڵێـتو، هـەروەها ئـەرکی سەرشـان (تـەکلیف) لەسـەر شـانی سـەرخۆش لادەبـاتو، لەکاتی سەخۆشیدا هیچ فەرمایـشتێکی شـەرعی ڕووبـەڕوو ناکرێتـەوە، بـەڵام شـەرعزانان ئەمەیان سەرجەمی حاڵەتەکانی سەر خۆشی دانەناوەو، بـەڵکو بـۆ ئـەو سەرخۆشـییەیان داناوە، کەبە ڕێگایەکی دروست (مباح) سەرخۆش بـووە، بـەڵام ئەگـەر سەرخۆشـییەکەی بەڕێگای حەرام بووبێت، ئەمەیان بە ئەرك لەسەرشان (مکلـف) دانـاوەو، هـەروەها وایـان داناوە، کە لەسەر ئـەو کردەوانـەی کـە ئـەنجامیان دەدات، لێپرسـینەوە دەکرێـتو، لـەم بارەیەوە شەرعزانان بەدرێژیو، ڕاجیایی زۆرەوە قسەیان کردووە، هەروەك دوای ئـەوەی کە لێرە بەدواوە حوکمی سەرخۆش بەڕێگای دروست (مبـاح) کـە ڕوون دەکەینـەوە، ئـەو ڕاجیاییو درێژە باسەی شەزعزانانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

١٢٧- یەکەم: سەرخۆشی بەهۆی ڕێگایەکی موباحەوە:-

سەرخۆشی بەڕێگای ڕێگا پێدراو (مباح) وەك ئەوەی کە کەسەکە بەناچاری، یان بەزۆر سـەرخۆش بکرێـت، یـاخود نـەیزانیبێ ئـەو شـتەی دەیخواتـەوە، سەرخۆشـکارە، یـاخود دەرمانێکی چارەسەر بخوات، کەچی سەرخۆشی بکاتو، هتد.........

حوکمی سەرخۆش بەم جۆرە، وەك حوکمی بووراوە وایەو، موکەللـەف نییـە، کـە لـەم کاتی سەرخۆشییەدا هیچ لە مافەکانی خودا جێ بەجێ بکاتو، بەڵکو لـەدوای هاتنـەوەی هۆش، قەزا کردنەوەی لەسەرە ئەمیش بـەو مەرجـەی کـە ئـەو قـەزا کردنەوەیـە سـەخت نـەبێت بـۆی، وەك ئـەوەی کـە سەرخۆشـییەکەی درێژخایـەن بێـت، وەك بوورانـەوە (کـە باسمان کرد)و، دەستە واژەو دەربڕینەکانی دروست نـەبنو (شـت تێکـەڵ بکـات)و، هـیچ ڕێو شـوێنێکی شــەرعی لەســەر مامەڵــە زارەکییــەکانی ناگرێتەبــەر، بــەڵام بــە مامەڵــە

---

[1] سەرخۆشی بەمەیش پێناسە کراوە، کە ئەو حاڵەتەیە کە عەقڵ لادەبات، لە کـاتی نزیـك کەوتنەوەو بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە لابەری عەقڵو ژیرن. کشف الأسرار، ب٤، ل١٤٨٢.

پراکتیکیەکانی (فعلي) ئەمەیان ڕێو شوێنی شەرعییان لەسەر دەگرێتەبەر، بۆ ئەوانەیان کە پەیوەندیدارن بە مافە داراییەکانی خەڵکەوەو، هەرچی لە ناوبردووە، کە گیانو ماڵ دەبێت، بیبژێرێتەوە، چەنکە ماڵو گیان پارێزراون، نابێت بەزایە بدرێتو، نابێت بە هیچ پاساوێك ئەو پارێزراوییەیان لابدرێت، بەڵام سەبارەت بە کردەوەو تاوانەکانی، سزای جەستەیی نادرێتەوە، چونکە سزای جەستەیی بۆ کاتێکە، کە لەسەر بنەمای عەقڵو جیاکردنەوەی چاكو خراپ لە یەکتر، ئەو کردەوەو تاوانە ئەنجام درابێتو، بێگومان کەسی سەرخۆش عەقڵی نییەو، چاكو خراپیش لە یەکتر جیا ناکاتەوە.

١٢٨- دووەم: سەرخۆشی بەڕێگایەکی حەرام:-

شەرعزانان لێرەدا ڕاجیاییان هەیە، دەربارەی حوکمی سەرخۆشو ئاستی چەسپاویو دروستی مامەڵەو هەڵسو کەوتەکانیو، هۆکاری ڕاجیاییەکەیشیان ئەوەیە لاچوونی عەقڵ لێرەدا بەهۆی ڕێگایەکی حەرامکراوەوە بووەو، لەسەر ئەم بنەمایە ڕاجیایی لە قسەکانیاندا هەیە، سەبارەت بە حوکمی مامەڵەو هەڵسو کەوتەکانی ئەم جۆرە سەرخۆشەو، دەکرێت بەم شێوازەی لای خوارەوە پوختی بکەینەوە[1].

أ- سەبارەت بە مامەڵەو هەڵسوکەوتە زارەکییەکانی:

١- هەندێ لە شەرعزانان پێیان وایە کە خودی دەستە واژەی سەرخۆشی (سکران) لابەری تەکلیفەکانە لەسەر شانیو، هیچ حسابێك بۆ قسەکانی ناکرێتو، هیچ ڕێو شوێنێکی شەرعییان لەسەر ناگرێتەبەرو، بۆیە تەڵاقی ناکەوێتو، کڕینو فرۆشتنی دانامەزرێتو، هیچ گرێبەستێکی ناچەسپێتو، ئەمەش ڕای مەزهەبی ظاهرییو جەعفەریو (عثمان البتي)و (الليث)ە، و هەروەها لە یەکێك لە گێڕانەوەکان لە پێشەوا ئەحمەدە کوڕی حەنبەلیش هەروایەو، لەوەشیەوە کە لە پێشەوا ئیبن قەییم گواستراوەتەوە، هەر

---

1 زاد المعاد، ب٢، ل٢٠٢-٢٠٣، إعلام الموقعين، ب٤، ل٤٠-٤٢، المغني، ب٧، ل١١٣-١٢٤، (الأم) للأمام الشافعي، والمذهب، للشيرازي ب٢، ل٨٢، المحلى، ب١ ل ٢٠٩-٢١١، الخلاف، للطوسي، ب٢، ل٤٥٤، المختصر النافع، فقه الجعفرية، ل٢٢١، مختصر الطحاوي، ل ٢٨٠، دواتريش، (التلويح) ب٢، ل١٨٥-١٨٦.

لەسەر ئەمە ڕۆیشتووەو، لە حەنەفیەکانیشدا پێشەوا طەحاوی هەر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.

٢- حساب بۆ قسەکانی (ئەم جۆرە سەرخۆشە) دەکرێتو، کاریان پێ دەکرێتو، هەموو ڕێو شوێنێکی شەرعییان لەسەر دەگرێتەبەرو، بۆیە تەلاقی دەکەوێتو، هەروەعا دیکەی مامەڵەو هەڵسوکەوتە زارەکییەکانی کاریان پێ دەکرێتو ، ئەمەیش ڕای مەزهەبی حەنەفیو شافعیو مالکی یەکانە، بوم شێوەیەی خوارەوە، سەبارەت بە هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی، لەلای حەنەفیەکان، قسەکانی دروستو وەرگیراون، جگە لە هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلامو، ئەو دانپیانانەی کە بۆی هەیە، لێیان پەشیمان ببێتەوە،و لەلای مالکییەکان، مامەڵەکانی دروستن، جگە لە دانپیانان (الأقرار)و گرێبەست بەستن، بەڵام هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەوەی کە تەلاقی دەکەوێت.

ب- سەبارەت بەکارو کردەوەکانی:

هیچ ڕاجیاییەك نییە، لەوەیدا کە سەرجەم کارو کردەوەکانی (سەرخۆشی لەم جۆرە)، کە پەیوەندیدارن بە مافی خەڵکەوە، لە ڕووی داراییەوە دەبێت سزا بدرێتو بیانبژێرێت بۆ خاوەنوکانیان، بۆیە ئەگەر کەسێکی لەناوبرد، یان ماڵێکی لە ناوبرد، ئەوە لەسەریەتی بیبژێرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە تۆڵە سەندنەوەی جەستەیی واتە سزادانی لەسەر ئەو کردەوانەی کە تاوان بوون کردوونی، ئەوە جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە لە ڕووی جەستەیشەوەدەبێت سزا بدرێتو، ئەگەر کەسێکی کوشت دەبێت بکوژرێتەوەو، ئەگەر داوێن پیسی کرد، دەبێت سزابدرێتو، هت........... جا زانایانی مەزهەبی (ظاهري)و (عثمان البتي)ڕایان وایە کە لەسەر کردەوەکانی، سزای جەستەیی نادرێتو، تەنها لەسەر ئارەق خواردنیش سزاو شەلاق دەدرێتو بەس!

١٢٩- بەڵگەو دۆكیۆمێنتەكان:

یەكەم: ئەوانەی كە ڕایان وایە، حساب بۆ قسەی سەرخۆش ناكرێتو سزای جەستەیی نادرێت، ئەم بەڵگانەیان هەیە:

أ- ئەو كەسەرخۆشە نازانێت، چی دەڵێت: بە بەڵگەی ئایەتی قورئان كە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴾[1] واتە: ئەی باوەڕداران، بەسەر خۆشی نوێژ مەكەن، تابزانن لە نوێژەكەدا چی دەڵێن!، چونكە كەسی سەرخۆش نازانێت چی دەڵێتو، كەسێكیش كە نەیزانی چی دەڵێت، ئیتر پابەند ناكرێت، بە چەسپاندنی قسەكانیەوەو، هیچ حوكمێكیش لەسەر دانامەزرێت، نەتەڵاقو نەهیچی تر، چونكە ئەو كەسە كەسێكە فەرمایشتی شەرعی ڕوو بەڕوو نەكراوەتەوە، چونكە لەو كاتەدا عەقڵ لەلای میوان نییەو، حوكمی وەك حوكمی شێت وایە.

ب- تێگەیشتنو حاڵی بوونو ویستگەیە بۆ دانانی ئەرك (تكلیف) لەسەر شانی هەر كەسێكو، تێگەیشتن (فهم) نەبوو، تەكلیفیش نییەو، دروست نییە، وەك موكوللەف تەماشا بكرێتو، ئەم تەماشاكردنە نابێت وەك سزا لەسەر سەرخۆش دابنرێتو، لەسەری بهێلرێتەوە چونكە شەرع سزای بۆ داناوە، كە شەلاقدانیەتیو، بۆیەو سزادانی بەشتی تر دروست نییە، یان سزای زیادەی لەسەر دابنرێت، دیسان هەر نادروستە.

ج- ئەوەی كە مامەڵەو هەڵسوكەوت بەتەندروست دادەنێت، بەلایەنی كەمەوە، كە ئەو كارو مامەڵەیە مەبەستو ئامانجی هەبێت، یان لە خۆیدا ئامانجەكەی دیار بێت، بەڵام بێگومان كارو مامەڵەی سەرخۆش هیچ لەو ئامانجو مەبەستانەی تیادا نییە.

د- جیاوازی لە نێوان سەرخۆش بوون، بە ڕێگەی دروستو سەرخۆش بوون بە ڕێگەی حەرامو، هەردووكیان لە هەردوو حاڵەتەكەدا بێ عەقڵنو، چاكو خراپ لەیەكتری جیا ناكەنەوەو، دەبێت لە حوكمیشدا یەكسان بن، بەڵام سەبارەت بەیەكەم كە بە ڕێگەیەكی

---

1 سورة (النساء ٤٣).

حەرام سەرخۆش بووە، ئەمە لەو ڕووەوە کاریگەری هەیە، لەسەر شێوازی سزادانەکە لەسەر سەرخۆش بوونەکەی بەتەنهاو هیچی تر، ئەی نابینی ئەگەر کەسێك هەردوو قاچی شکێندرابێت، دانیشتنەوە نوێژ دەکاتو، هەروەها ئەگەر خۆیشی هەردوو قاچی خۆیی شکاندبن، هەر بەدانیشتنەوە نوێژ دەکات، لە کاتێکدا کە کەسی دووەم بە شکاندنی قاچەکانی تاوانێکی ئەنجامداوەو، یەکەم بێتاوانە*(بەڵام هەردووك هەر یەك جۆر کاریان ئەنجامدا. کە کردنی نوێژەکە بوو، بەدانیشتنەوە).

دووەم: ئەوانەی کە ڕایان وایە کە تەڵاقیان دەکەوێتو، هەروەها گرێبەستو مامەڵە زارەکییەکان دادەمەزرێنو، لە کاتی کردنی تاواندا، تۆڵەی تەواوی لێ دەکرێتەوە، ئەوەیان کردووە بە بەڵگە کە لێرەدا کەسی سەرخۆش خۆی هۆکاربووە، ڕاستەو خۆ بەلابردنی عەقڵی خۆی، کە چووە ئەو خوارنەوەحورامەی خواردۆتەوە، یان خواردووەو، مافی ئەوەی نییە، کە تاوانەکەی لەسەر سوك بکرێتو، لەو حاڵەتدا بەعاقڵو خاوەن هۆش حسابی بۆ دەکرێت، تاوەك سزاو سەختی چەشتن دەرخواردی بدرێتو، سزا بدرێتو، ئەمەش کارێکی سەر سوڕهێنەر نییە، چونکە جاری واهەیە، کە کەسێك بەحەقیقەت شتێکی سڕیوەتەوەو، لابردووە، لە تەقدیرو گریمانەدا وا لە حوکمدا بە زیندوو دادەنرێت، ئەگەر ئەو سڕینەوەیە لە ڕێگای تاوانەوە ئەنجام درابوو، ئەمەش وەك سزاو سەختی چەشتنێ بۆ ئەنجامدەرەکەی، وەك ئەوەی کەسێك میرات دەرەکەی خۆی بکوژێت، کە لەم حاڵەتەدا ئەو میرات دەرە بەزیندوو دێتە ئەژمار بەهۆی تاوانەکەیەوە، ئەمەش وەك سزادانو سەختیو ئازار چەشتنێ بۆ ئەنجامدەرەکەو کورتیو پوختی، تاوان نابێتە هۆکار بۆ سووککردنی سزالەسەر تاوانبارەکەو، بەڵکو کردنی ئەو تاوانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەنەکەی ڕازییە بەسەر جەم ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی کردنی ئەو تاوانەوە دەچەسپێن لەسەری.

سێیەم: ئەوانەی کە ڕایان وایە دەبێت لە نێوان قسەو تاوانکردنی کەسی سەرخۆشدا جیاوازی بکرێتو، دەڵێن قسەی لێ ناگیرێ، بەڵام لەسەر تاوانکردنی، سزای تەواو دەدرێت، ئەمانە بەڵگەیان ئەوەیە کە قسەدەردانی سەرخۆش هیچ نییەو، خۆی لە خۆیدا

خراپەی تیادا نییە، چونکە قسەی کەسێکی غەیرە عاقڵەو پوچەو، بێ دووکەڵو خراپەیە بەپێچەوانەی کردەوەوە، کە خراپی کردووە، لە دوای ڕوودانی کردەوەکە ناتوانین ئەو خراپەیە بسڕینەوەو لابەرین، بۆیە بە کاردانی کردەوەی تاوناکاری زیانێکی تەواوی هەیەو، خراپەیەکی گەورە دەنێتەوەو، ئەمەیش دروست نییەو، هەروەها ئەگەر تاوانێکی کردو لەسەری سزا نەدرا، ئەمە ئەبێتە بیانوو بۆ ئەنجامدانی تاوانی ترو، چاوشکێنو، ئیدی کوشتنی خەڵکی بێ تاوان لەلای دەبێتە دروستو ئاساییو، بێگومان لە مەیشدا خراپەیەکی ئاشکرا هەیەو، هەروەها ئەوەیش لێرەدا هەیە، کە سەرخۆشی تاوانەو، تاوانیش نابێت ببێتە لابەری بەرپرسیاری تاوان، بۆ لابردنی تاوانێکی تر، واتە بەرپرسیارێتی تاوان بە تاوان لانەدرێت.

چوارەم: حەنەفیەکان کە دەڵێن، کە قسەی سەرخۆش نابێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلامو، هەروەها دانپیانانیش بۆ هەر شتێکی تر نابێتە هۆکار چونکە بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوە، بۆ ئەمە بەڵگەمان ئەوەیە، کە هەڵگەڕانەوە گۆڕانکارییە لە بیمەو باوەڕداو، بیرو باوەڕیش، تەنها بەمەبەستداریو تایبەتی نەبێت، لا ناچێتو ناگۆڕێتو، یاخود دەبێت، بەڕووی ئاشکرا مەبەستی تیادا هەبێت، کە دەیەوێت، ئاینەکەی بگۆڕێتو، ئەویش لە حاڵەتێکدا دەبێت، کە مەبەست (قصد) تیادا دیار بێتو، ئەوەی تیا بفامرێتەوە، کە مەبەستدارەکە، کە ئەمەیش لە حاڵەتی ئاساییو ساغیدا دەبێتو، سەرخۆشیش ئەم حاڵەتە ئاساییو تەندروستەی نییەو، بۆیە قسەکانی نابێتە هۆکاری گۆڕینی بیرو باوەڕو بۆیە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لەو حاڵەتەدا نایەتە ئەژمار، بەلام سەبارەت بە حساب نەکردن، بەدانپیانانی کەسی سەرخۆش بۆ هەر کارو بارێ، لەبەر ئەوەیە کە بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوەو، لەبەر ئەوەیە کە کەسی سەرخۆش حلحلییەو، لەسەر شتی دانەمەزرێو، بۆی هەیە، لەو قسەیەی دیسان پەشیمان ببێتەوەو، بۆیە ئەگەر لە کاتی تر لە کاتی سەرخۆشیدا، دانی نا بەوەدا کە داوێن پیسی کردووە، ئەوە ئەو دانپیانانەی لێ وەرناگیرێت چونکە بۆی هەیە لەو دانناث بە داوێن پیسییە پەشیمان ببێتەوەو، ئینجا بەڵگەی حەنەفیەکان لەوەدا کە قسەکانی تری سەرخۆشەوە دەگیرێن.

هەمان بەڵگەکانی ئەوانەن، کە بەڕەهایی‌و موتڵەقی قسەی سەرخۆشەوە وەردەگرن‌و حسابی لەسەر دەکەن.

پێنجەم: مالیکییەکان کە دەڵێن، گرێبەست‌و دانپیانانی سەرخۆش کاری پێ ناکرێت، بەڵگەیان ئەوەیە کە مەرجی دروستی گرێبەست ئەوەیە کە کەسی گرێبەستکار بتوانێ چاک‌و خراپ لە یەکتر جیا بکاتەوەو، بێگومان سەرخۆش توانای جیاکردنەوەی چاک‌و خراپی نییە، بەڵام سەبارەت بە دانپیانانەکان (إقرار) دەڵێن، ئەمەیان یان بەدارایییەو، لەم حاڵەتەشدا دانانی پەیوەندیدار بە دارایییەوە دروست نییە، چونکە بەهۆی سەرخۆشییەکەیەوە، بەسانسۆر لەسەر (محجور علیە) دێتە ئەژمار، یاخود دان پیانانەکەی لە بواری دارایدا نییە، کە لێریشدا فەرمودەکەی باس (ماعز) بەڵگەییە لەسەر ئەوەی کە دانپیانانی سەرخۆشی حسابی بۆ نەکراوە.

١٣٠- توێژینەوەی بەڵگەکان‌و، دیاری کردنی ڕاست‌و باشترین (راجح) ترینی، بیروڕا جیاوازەکانی شەرعزانان لەم بارەیەوە:-

١- بێگومان ئەوانەی کە دەڵێن قسەی سەرخۆش دروست نییەو، نا دامەزراوە، قسەکەیان وەرگیراوەو ساغ‌و تەندروستە، چونکە قسە کاتێك حسابی بۆ دەکرێت، کە بە نیازو مەبەستەوەبکرێت‌و، بێگومان سەرخۆش هیچ نیازو مەبەستێکی نییە چونکە عەقڵ لەلای میوان نییە، بۆیە حساب بۆ قسەی ناکرێت‌و، هەروەها پابەندکردنی سەرخۆش بەو قسانەوەی، وەك سزایەك لەسەری ئەمیش هەر دروست نییە، چونکە سزا شەرع دیاری دەکات‌و دای دەنێت، نەك ئیجتیهاد کردن، هەروەك کە دەق هەیە، کە ئەوە دەدرکێنێت، کە سەرخۆش نازانێ چی دەڵێت‌و، هەر کەسیش نەزانێت چی دەڵێت، ئیتر مانا‌و مەبەستی ئەو شتە نازانێت کە دەری بڕیوەو، بۆیە هیچ ڕێ‌و شوێنێکی شەرعی لەسەر ئەو قسانەی ناگیرێتە بەر، وەك ئەوەی کە کەسێکی غەیرە عەرەب ووشەی (تەڵاق) دەردەبڕێت، لە کاتێکدا کە ماناکەی نەزانێت، بۆیە هیچ ڕێ‌و شوێنێکی شەرعی لەسەر ئەم قسەیەی ناگرێتەبەر.

٢- ئـەم کەسـە سەرخۆشـە قیاسـی دەکرێتـە سـەر کەسـێك کـە میراتـدەری خـۆیی کوشتبێت، کـە ئـیتر لـە میراتـبردن بـێ بـەش دەبێـت، چـونکە کەسـە میراتدەرەکـە لـەم حاڵەتەدا، کە کوژراوە، بەزیندوو دەهێنرێتە ئەژمار، بە گریمانەی‌و، میراتبەرەکە لە میرات بێ بەری دەبێت‌و، ئەمەش (قیاسی مـع الفـارق) واتـە: قیاسـی نـەگونجاوە، چـونکە ئـەم بکوژە مەبەستی هەبووە، کە میراتدەری خـۆیی کوشـتووە، تـا زوتـر میراتەکـەی دەسـت بکەوێت‌و، لەدەرەنجامدا بەبێ بەشکردنی لە میرات سزادراوەو، بـەڵام کەسـی سـەرخۆش مەبەستی لەسەر خۆش کردنی خۆیدا هەربووە، بەڵام بۆ نموونە مەبەستی نەبووە کە لـەو کاتی سەرخۆشیەدا تەلاقەکانی خۆی بخات، ئیتر چۆن تەڵاقی دەکەون؟

٣- تەنانەت ئەگـەر لەسـەر ئـەو قسانەی وەك سـزایەك دوچـاری گـرتن‌و مبـێ کردنـی بکەین، جا چۆن سزایەکی وای دەدەین، کە کاریگەری بکاتە سەر کەسێکی بێ تاوان‌و بی ئاگا، بۆ نموونە وەك ئەوەی کە ژنەکەی لە کاتی سەرخۆشیدا تەڵاق بـدات؟ کـە بێگومـان ژنەکە لەو کاتەدا بێ ئاگایەو، بێ تاوانە لەو پرسەدا.

٤- بـەڵام سـەبارەت بـە بەڵگـەی ئەوانـەی کـە ڕایـان وایـە، دەبێـت سەرخۆشـە لـە سەرتاوانەکانی سزا بدرێت، ئەمانە بەڵگەکانیان وەرگیراون‌و، هیچ شـتێك لـە ئـارادا نییـە، کە هەڵوەشێنەرەوەی بەڵگەکانیان بێت‌و، لەم حاڵەتەشیدا ناکرێت، هاوتـا بکرێـت لەگـەڵ حاڵەتی شێتدا، چونکە کەسی سەرخۆش لەم کاتەدا تاوانبارە بەسەرخۆشکردنی خـۆی‌و، هـەروەها تاوانبـارە لەوەیـشدا کـە تـاوانی بەرامبـەر بەخـەڵکی ئەنجامـداوە، ئـیتر چـۆن پاڵپشتی لێوە دەکرێت؟ لایەنی کەسی تاوانبار کراو بـەردەدرێت؟! وئەگـەر چـاو پۆشـی لەمەیش هەمووی بکەین، بێگومان سزادانی سەرخۆش لەسەر تاوانەکانی، یاسـاکانی(سـد الذرائع إلى المفاسد: بە بیانو نەهێڵان، بۆ خراپەکاری) پاڵپشتی لێوە دەکەن، کـە دەبێـت سەرخۆش لەسەر تاوانەکانی سزا بدرێت، کـە ئەمـەیش یاسـاکەیە بنـەماکانی شـەریعەت‌و گەلێك دەق‌و تێکست هەن، کە شایەتی دروستی ئەو بنەما شـەرعییەی سـەرەوە دەدەن، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوەی لەلای ئێمە ڕای باشتر (راجح) تـرە، ئەوەیـە کـە کـار ناکرێـت،

بەسەر جەم قسەکانی کەسی سەرخۆش.کە بەڕێگایەکی حەرام خۆی سەرخۆشکردبێتو، لە گەڵی ئەوەیشدا لەسەر تاوانەکانی، سزاری تەواو دودرێت.

١٣١- حوکمی سەرخۆش، لە یاسا دەستکردەکاندا :-

أ- دەقی یاسای باری کەسێتی عێراقی: دەڵێن: کە تەلاقی سەرخۆش ناکەوێت[1]و، ئیتر بەمەرجی نەگرتووە، ئەو سەرخۆشییەی بەڕێگای حەلاڵ ئەنجام دابێت، یان ڕێگای حەرامو، دەقەکە بەڕەهایی باسی کردووەو، دەبێت هەر بەڕەهاییو موتڵەقی سەیر بکرێتو، مەرجدار نەکرێو، بۆیە دەڵێت: کە تەلاقی کەسی سەرخۆش بە موتڵەقی ناکەوێتو، هەروەها هەر بەپێی هەمان یاسا ژن مارەکردنی کەسی سەرخۆشیش هەر دانامەزرێت چونکە ئەوەی بەمەرج گرتووە، کە دەبێت، ئەو کەسەی گرێبەستی هاوسەریت ئەنجام دەدات، عاقڵو باڵغ بێت[2]، و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ژن مارەکردنی سەرخۆش بەتاڵە، چونکە لەو حاڵەتەدا بێ عەقڵەو، هەروەها سەرجەم مامەڵەو هەڵسوکەوتە زارەکییەکانی تریش هەر بەم شێوازە بەتاڵنو دانامەزرێن، چونکە مەرجی دامەزراندنیان بریتین لە بوونی مەبەست لەلای ئەو کەسە، بەئەنجامدانی ئەو کارەو، هەروەها دەبێت بەدەستو بژاردەی خۆیو، بەبێ زۆر لێکردن کارەکە بکاتو بێگومان کەسی سەرخۆش نەمەبەستو نەبژاردەو دەسچنی خۆی نییە، کە ئەو کارە دەکات.

لەمیسر یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩٢٩ بەدەق هێناویەتی، کە تەلاقی کەسی سەرخۆش ناکەوێت[3]و، ئەمیش جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەوەی بە ڕێگای حەرام خۆی

---

1 فەرمودەکەی (ماعز) ئەوەبوو، کە دانی دابەوەیدا زینای کردووەو، لەلای پێغەبەریشدا (ﷺ)دانی پیادانـاو، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ کردو، یاخود دەمو دووی تاقیکردەوە تاجەختی پێ بکاتەوە، کە ئایا سەرخۆشە یان نا....و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دان پیانانی کەسی سەرخۆش حسابی بۆ ناکرێت.

2 ماددەی ٣٥، بڕگەی یەکەم لە یاسای باری کەسێتی عێراقی، ژمارە ٨٨ی ساڵی ١٩٥٩.

3 ماددەی ٧، بڕگەی یەکەم.

سەرخۆش کردبێت، یان بەڕێگای حەڵاڵ‌و، بۆیە ئەم یاسایە درکاندویەتی کە بەڕەهایی‌و موتڵەقی تەلاقی کەسی سەرخۆش ناکەوێت‌و، ئەمەیش لەبەر ڕۆشنایی گشتی بوون‌و ڕەهیلی دەقەکەدا دەردەکەوێت، ئەوەی دەرخستووە تەلاقی سەرخۆش بە موتڵەقی ناکەوێت.

– دەقی یاسا سزادانی میسری دەڵێت، هەرکەس هەستی لەدەست دابێت یاخود کار لەدەست بوونی خۆی (إختيار)ی نەمابێت، لە کاتی کارکردنداو، لە کاتی کردن‌و جێ بەجێ کردنی ئەو کردەوەیە، ئەوە سزای لەسەر نییە، ئیتر ئەم کارەی بەهۆی شێت بوون کردبێت یاخود بەهۆی کەم‌و کوڕی عیقڵیەوە، یان بەهۆی بێ هۆشییەك کە بەهۆی بەکاهێنانی هەر جۆرێك لە ماددەسڕکەرەکان بەسەریدا هاتبێت، ئەگەر بەزۆر پێی کرابوو، یاخود بە نەزانی ئەنجامی دابوو[1].

یاسای تاوانی میصری ڕای سەرجەم شەرعزانان لەسەر ئەوەیە کە کەسی سەرخۆش لەسەر کردەوەکانی سزا نادرێت، ئەگەر ئەو سەرخۆش بوونەی بەڕێگای حەڵاڵ ئەنجام دابووو، لەم دەقەوە ئەوە دەفامرێتەوە کە: سەرخۆشەکە بە ڕێگای حەرام سەرخۆش بووبوو، وەك ئەوەی کە بەتایبەتی‌و بەدەست خۆی ئارەقەکەی خواردبێتەوەو، یاخود زانیبێتی کە ئەوەی دەیخواتەوە، ئارەق‌و سەرخۆشکەرە، ئەمەیان لە سزادانی یاسای ناپارێزرێت‌و، لە کاتی جێ بەجێ کردنی ئەم دەقەدا لەوە تێ دەگەین کە دەبێت ئەو کەسەی هەستی لەدەست داوە، یان ئیختیاری لەدەست داوە، بەهۆی ماددەسڕکەرەکانەوە دەبێت بەمانای ووشە لە دەستی دابن‌و، مەرج گەلەکە لەمیشدا هاتبنەدی، ئەگەر نا.... ئەو مۆڤە بەو قۆناغە نەگەیشتبوو، ئەوە دەقەکەی لەسەر جێ بەجێ ناکرێت‌و، داچار بەر پرسیارێتی لە سەرشان دەبێت.

هەروەها ئەمەو یاسای سزادانی بەغدادیش هەمان دەقی ئەوەی تیادایە کە لە یاسای سزادانی عێراقی نوێ، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩دا هەیە، کە لە ماددەی ٦٠یدا، هاتووە،

---

1 ماددەی یەکەمی ئەو یاسایەدا واهاتووە.

که دەڵێت: هەر کەس لەکاتی کردنی تاوانێکدا، هەستی نەبووبێت، یاخود ویستی لە دەست دابێت، بەهۆی شێتی یان کەمو کوڕی عەقڵیەوە، یاخود لەبەر ئەوەی کە لە حاڵەتی سەرخۆشیدا بووە، یاخود سڕ بووبێت، لە دەرەنجامی ماددەی سەرخۆشکەر، یاخود ماددەی سڕکەرەکە بەزۆر پێی درابێت، یاخود بە نەزانین بەکاری هێنابوو..... هتد، لەم کاتو حاڵەتەدا، ئەم کەسە سزای تاوانەکەی نادرێتو، تۆڵەی لێ ناسەندرێتەوە !

شەشەم: زۆر لێکردن ((الاكراه)):

١٣٢- ڕێخۆشکردن:-

زۆر لێکردن، لەبەر بەربەستە مرۆڤکردەکانە، بەڵام کردەوەی خودی مرۆڤەکە نییە، بەڵکو کردەوەی کەسێکی ترە، کە بەتۆبزی بەرسەر ئەمەدا ئەنجامی دەداتو لەمەودوا دەربارەی پێناسەکەیو مەرجەکانی هاتنەدی ئەم زۆر لێکردنەو جۆرەکانیو، ئاستی دژایەتی ئەمە لەگەڵ ئەهلیەتی مرۆڤدا، یان ئاستی گونجانی لە گەڵ ئەهلیەتدا باس دەکەینو، دەدوێنو، هەروەها باسی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتو مامەڵەککانە کەسی زۆر لێکراو دەکەین، یاخود حوکمی هەڵسوکەوتەکانی کەسی زۆر لێکراو ڕشوون دەکەینەوو، پاشان کۆتایی بە باسەکە دەهێنین، بە بەکەرتە باسێکی زۆر لێکردن لە یاسای عێراقیدا.

١٣٣- پێناسەی زۆر لێکردن:

زانایانی ئوصول، زۆر لێکردن (إكراره) یان بە پێناسە گەلێکی نزیك لە یەکتری لەوانە ئەو پێناسەیەیە کە دانەری کتێبی (التلويح) دەری بڕیوە، کە دەڵێت: زۆر لێکردن، بریتییە لە زۆر کردن لە کەسێکی تر کە کارێك ئەنجام بدات، کە خودی کەسە زۆر لێکراوەکە پێی ڕازی نەبێتو، ئەگەر کەسەکە خۆی سەرپشك بکرێت، ئەوکارە ئەنجام نادات[1]، زانایانی تریش وا پێناسەیان کردووە، کە بریتین لە زۆر لێکردنی کەسێکی تر،

---

1 ماددەی ٦٢ لە یادی سزادانی میسری ژمارە ٥٨ی ساڵی ١٩٢٧.

بە کارێك کە نایـەوێت ئـەنجامی بـداتو، زۆر پێـی دەکرێـت، ئەمـەش بـە ترسـاندنو چاو لێسورکردنەوە، لە کاتێکدا کە کابرای زۆر دار توانای ئەنجامدانی ئەو تۆقاندنـەی هـەبێت، کە کابرای زۆر لێکراوی پێی ترساندووە، ئـەم پێناسـەیەش، کۆمەڵـە فـەرمانێکی لـە خـۆ گرتووە، کە بوونی ئەوشتو فەرمانگەلە بۆ هاتنـەدی زۆر لێکـردن پێویـستنو، بـەم پێیـە بێت، ئەم پێناسیە، لە پێناسەی یەکەم ڕوونترە.

١٣٤- مەرجەکانی هاتنەدی زۆر لێکردن :-

١- دەبێـت کـابرای زۆردار، توانـای ئەنجامـدانی ئـەو کـارەی هـەبێت، کـە کـابرای زۆر لێکـراوی پـێ ترسـاندووەو ئەگـەر توانـای ئەنجامـدانی ئـەو کـارە ترسـێنەرەی نەبووکـە هەڕشەکەی پێکردووەو، کابرای زۆر لێکراو دەیزانی، کە توانای ئەو قسە زلەی نییە، ئەوا ئەوکاتە ئەو ترساندنەی بە هیچ حساب دەکرێت، گوێە پێ نادرێت.

٢- دەبێت کابرای زۆر لێکراو لەو هەڕەشەیە بترسێت، بەجۆرێك کە لە دەرونـی خۆێـدا ئەوە لێك بداتەوەو تەتەڵەی ئەوە بکات، کە بڵێت، بەخوا لەوانەیە ئەم کابرا زۆردارە، بەم پەلەپەلە ئەم هەڕەشەیەی بەسەرمدا جێ بـەجێ بکـات، یـاخود زۆرینـەی گومـانی بـەلای ئەوەدا زاڵ بێت، کە هەڕەشەکەی ئـەنجام دەداتو، ئیـدی ئـەو کـارە، لـە ژێـر کاریگـەری ترسی ئەو هەڕەشەیەدا ئەنجام بدات.

٣- دەبێـت ئـەو شـتەی یـان ئـەو هەڕەشـەیەی کـە زۆردار کـابرای زۆر لێکـراوی پـێ ترساندووە، جۆرە زیانێکی وابێت، کە لە نـاو بـەری گیـانی کـابرا بێـت، یـان لـە ناوبـەری بەشێکی ئەندامەکانی لەشـی بێـت، یـان شـتێکی کـەمتر لـە مانـە، وەك زینـدانی کـردنو، بەستنەوەو، لێدان، بەڵام سەبارەت هەڕەشە کردن بـە لـەناو بردنـی موڵکـو سـامانەکەی، بـەڵام بـە لـە نـاوبردنێکی زۆر نـەك کـەمو لابـەلای، ئەمـەیش هـەر بەهەڕەشـەی بەهەنـد وەرگـیراو دێتــە ئــەژمارو، لــەلای شــافعیو حەنبــەلیو جەعفەرییــەکانو هەنــدێ لــە شەرعزانەکانی مەزهەبی حەنەفی هەر بە (زۆر لێکردن) حسابە.

هەروەها هەڕەشە کردن بەزیان گەیاندن بە کەسێك، کەئەم کەسە لایـەنی زۆر لێکـراوە کە گرنگو بایەخدار بێت ئەمیش هەر بەهەڕەشـە دێتـە ئـەژمار، لـەلای جەعفەرییـەکانو،

هەروەها لەلای حەنەفییەکانیش هەر زۆر کردنە، ئەگەر ئەو زیانە بۆ سەر کەسێکی وەك هاوسەر، یان خزمانی نزیك بێت، یاخود هەڕەشە بێت، بۆسەر منداڵیش، لەلای حەنبەلییەکان هەر بەزۆر لێکردن دێتە ئەژمار[1].

١٣٥- جۆرەکانی زۆر لێکردن

زانایانی حەنەفی زۆر لێکردنیان کردووەتە دوو بەشەوە:

- زۆر لێکردن تەواو، تێرو تەسەلو کامڵ.
- زۆر لێکردنی ناتەواو، نا کامڵ[2].

أ- زۆر لێکردنی تەواو:

ئەو زۆر لێکردنەیە، کە هەڕەشەی تیادا کراوە، بەکوشتن، یان لە ناوبردنی بەشێکی جەستە، چونکە ئەندامەکانی جەستە، بەشێکن لە مرۆڤو، وەك چۆن کوشتنو لە نابردنی گیانو ڕوح حەرام کراوە، لە ناوبردنی ئەندامەکانی جەستەیش هەر حەرامە، چونکە بەشێکن لەلاشەو جەستە.

---

1 التلويح ب٢، ل١٩٦.

2 البحر الرائق، ب٨، ل٢، حاشية إبن عابدين، ب٥، ل١١٠، الأقناع لە فیقهی حەنبەلیدا، ب٤، ل٤، (منهاج الصالحين) لە فیقهی جەعفەریدا، دانانی موحسین ئەلحەکیم، ب٢، ل١٤، المغني ب٧، ل١٢٠، المذهب ب٢، ل٨٣ لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەندێ لە شەرعزانانی مەزهەبی حەنبەلی ئەوەیان بەمەرج گرتووە، بۆ هاتنەدی زۆر لێکردن، کە دەبێت ئەو هەڕەشەی بەکردەوە لەسەر کەسی زۆر لێکراو هاتبێتەدیو، لەلایان تەنها بە هەڕەشەی زارەکی حساب نییە، بەلام ڕای ڕاست هەر لە هەمان مەزهەبدا ئەوەیە کە تەنها هەڕەشەکردنەکە بەسەو، بەزۆر لێکردن حسابە، المغني ب٧/ل١١،ومنی وەرگێڕی ئەم کتێبەیش بۆ کوردی پێم وایە، هێنانی بەشی یەکەم ئەم ڕایە لەم ڕاوێژەدا زۆر زیادەیەو، نازانم دانەر بۆچی هێناویەتی، چونکە زۆر قسەیەکی بێ‌ هیچ مانایا، جاکە هەڕەشەکە ڕوویدا، ئیتر چی تیادا دەمینێتەوە؟و کورد گوتەنی، ئەم هاتو هایەی شەرع بۆ ئەوەیە کە پێستەکە سەگەکە نەبیات جا کە بردی ئیترچی؟ بەلام بەشی دووەمی پەراوێزەکە کەڕای (راجح)ی مەزهەبی حەنبەلییە، پینەی ئەو قسە بێ مانایەی ئەو گروپە دەکات.

هەروەها هەڕەشە کردن بە لەناو بردنی سەرجەم موڵكو دارایی کەسێكو، یاخود هەڕەشەکردن بە کوشتنی کەسێکی کابرای زۆر لێکراو، کە کوشتنی ئەم کەسە، بۆ کابرای زۆر لێکراو بایەخ بێتو، لەلای گرنگ بێت، (ئەمەیان لەسەر ڕای ئەوانەی کە ئەم جۆرە هەڕەشە لێکردنەیان، بە زۆر لێکردن دەزانن)، بەهەرحاڵ ئەو دوو جۆرە هەڕەشەیەی سەرەوەیش، واتە: لە ناو بردنی ماڵو کوشتنی کەسی نزیکی زۆر لێکراو، هەر بە زۆر لێکردن دێنە ئەژمارو، ئەم جۆرە زۆر لێکردنە بە (ملجیء) ناوزەرد کراوە، چونکە کابرا پەنا دەباتە بەرکردنی ئەو کارەو، ناچاری دەکات ئەنجامی بدات، لە ترسی ئەوەی نەبادا کابرای زۆردار بیکوژێت، یان بەشێکی جەستەی لەناو بباتو، ئەم جۆرە زۆر لێکردنە بژاردە (إختیار)ی مرۆڤەکەو، مرۆڤەکەیش لەم حاڵەتەدا خاوەن ڕەزا نییە، واتە بەحەزەری خۆی کارەکە ناکات، بەڵام بەتەواوی ئیختیاری لە دەست ناداتو، ڕاڤەی ئەم مەبەستەمان لەم قسەیە ئەوەیە کە هەڵبژاردە (إختیار) بریتیە لە مەبەست بوونی کەسێك بە کردنی کارێك، بەڵام هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە، لە نێوان کردن یان نەکردنیشداو بەلام لە سەرو خواری ئەوەدایە کە یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەسەر ئەموەی تریانداو، یاخود بەدەستەواژەیەکی تر، ئەوەیە کە بریتیە لە مەبەست بوونی کەسێك بەکردن یان نەکردنی کارێكو، دواجار هەر خۆیشی بڕیار دەداتو، بڕیار لای خۆیەتی کە کامیان بکاتو کامیان نەکات، جا ئەم مانایە کە ڕاڤەمان کرد بۆیە دەستەواژەی (إختیار) بەزۆر لێکردن لا ناچێت، چونکە کابرای زۆر لێکراو، کردەوەکە بە مەبەستی خۆی ئەنجام دەداتو، لەو کارەیدا ئامانجدارو مەبەستدارە، چونکە ئەو کارەیان دواجار هەلچدەبژێرێت، کە ساناترو ئاسانترە، لەسەریەو، ئەگەر ئەو کارەی کە زۆری لێکراوە بیکات، ئەنجامی بداتو جێ بەجێی بکات، ئەم ئەنجامدانە یەکلاکردنەوەو تەرجیحەکە لەلایەن خۆیەوە کردوویەتی، تا خۆی بپارێزێت، لەو شتەی کە هەڕەشەی پێ کراوە، لەلایەن زۆردارەکەوە (واتە: دواجار ئەو شتەی هەڵبژاردووەو، (إختیار) کردووە، کە هەڕەشەیان لێکردووە، ئەنجامی بدات، تا لەهەڕەشەکەو سزای هەڕەشەکە خۆی بپارێزێت)، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کابرای زۆر لێکراو لە خودی نیەتو نیازی خۆیدا

خاوەن مەبەست نییەو، سەر بەخۆ نییەو، بەڵکو مەبەستو هەڵبژاردنی ئەم کابرا زۆر لێکراوە، بووەتە پاشکۆی مەبەستو هەڵبژاردنی کابرای زۆردار، بۆیە دواجار هەڵبژاردە (إختیار)ەکەی بە خراپ بوو (فاسد) دادەنرێتو، حسابی بۆ ناکرێت.

هەروەها هۆکاری نەمانی (ڕازی) بوون، لە کاتی زۆر لێکردندا، ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە (ڕازی بوون) بریتیە لە حەزکردنو خواستی هەر مرۆڤێك بۆ کردنی کارێكو، ئاسودە بوونی بە ئەنجامدانی ئەو کارەو، بێگومان ئەم حاڵەتەیش لە کاتی زۆر لێکردندا بوونی نییە کەواتە (ڕازی بوون)یش، لە کاتی (زۆر لێکران)دا، هیچ پێگەیەکی نییەو، بوونی نییە.

ب- زۆر لێکردنی ناتەواو:-

ئەمیش ئەو جۆرە زۆر لێکردنەیە کە هەڕەشەکە بەلە ناوبردنی گیانی یان ئەندامەکانی لەی نییە، بەڵکو هەڕەشەکردنە بەلێدانو زیندانی کردنو هتد......... و ئەمەیان (إختیار) تێك نادات، بەڵام (ڕازی بوون) لەناو دەباتو، بۆیە بژاردە (إختیار) لەناو نابات، چونکە کابرا ناچار نییە لەسەر ئەوەی کە هەرد ەبێت، ئەو کارە بکات، چونکە دەتوانێت، خۆڕاگربێت، لەسەر ئەو هەڕەشانە، چونکە لەناو بەرنین، بە پێچەوانەی هەڕەشەکانی پێشووە کە موشندەو لەناو بەر بوون.

١٣٦- دژایەتیو پێچەوانە بوونەوەی نێوان زۆر لێکردنو ئەهلیەت:-

زۆر لێکردن بە هەردوو جۆرەکەیەوە، (تەواو ملجئ)و (ناتەواو: غیر ملجئ).

دژو پێچەوانەی هیچکان لە دوو جۆرەکەی ئەهلیەت (أهلیة الأداء)و (اهلیة الوجوب) نینو،هەروەها زۆر لێکردن نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئیتر خیطابو داوای شەرع لەسەر کابرای زۆر لێکراو لابچێتو، هۆکارو ڕەهەندی پێچەوانە نەبوونی لەگەڵ هەردوو جۆرەکەی ئەهلیەت لەو ڕووەوەیە کە ئەهلیەت بەهۆی پەیمان (ذمة)و عىقڵو باڵغ بوونەوە چەسپاوەو، جێگیر بووەو، زۆر لێکردن لابەری هیچکام لەمانە نییەو، هۆکاری ئەوەیش کە فەرمایشتو داواکاریو خیطابی شەرع لەسەر زۆر لێکراو لاناچێت، لەبەر ئەوەیە کە جاری واهەیە، کە ئەو کردەوەیەی زۆر لە کابرا کراوە، کە بیکات، حەرامەو

کردنی تاوانەو، بەگونە لەسەری دێتە ئەژمار، وەك پیاو کوشتن‌و داوێن پیسی‌و، جاری وا هەیە، کە کردنی ئەو کارە فەرزو پێویستە لەسەری بەجۆرێك کە ئەگەر نەیکات، گونهبار دەبێت، وەك خواردنی ئارەق‌و گۆشتی مردارەوەبووو، جاری وا هەیە، کە دەرفەتی دراوەتیّ بیکات‌و، (رخصة)ـی، هەیەو، کە کردی، تاوانبار نییەو، ئەگەر خۆڕابگرێت‌و، ئەنجامی نەدات، پاداشتی بۆ هەیە، وەك کوفر کردن‌و لە ناوبردنی ماڵی خەڵکی (بەزۆر)، ئەمانە هەموو، واتە بەحەرام‌و فەرزو ڕوخسەتەوە، نیشانەن بۆ جێگیری‌و چەسپاوی داواکاری‌و خیطابی شەرع، لەسەر کەسی زۆر لێکراوو، هەروەها نیشانەن کە کەسی زۆر لێکراو ڕوو بەڕووی فەرمایشتی شەرع کراوەتەوەو (مخاطب)ـە، چونکە ئەم شتانە بەبێ داواکاری جێ بەجێ کردنی ئەرك (خگاب التكليف) نابن‌و ناچەسپێن[1].

١٣٧- کاریگەرییەکانی زۆر لێکردن لە هەڵسوکەوتەکانی کەسی زۆر لێکراو:

پێش ڕاڤەو ڕونکردنەوەی کاریگەرییەکانی زۆر لێکردن، لە کارو بارو هەڵسوکەوتەکانی کەسی زۆر لێکراودا، واتە: ڕونکردنەوەی حوکمی هەڵسوکەوت‌و، مامەڵەی زۆر لێکراو، پێویستە باسی ئەو یاسا بنەرشەتیە (قاعدە)یە بکەین، کە ئەحکامەکانی هەڵسوکەوتە گوفتاری‌و کردارییەکانی کەسی زۆر لێکراوی لەسەر بنیات نراوە.

بنەمای ئەم پرسە لەلای حەنەفیەکان ئەوەیە کە زۆر لێکردن کاریگەری نییە، لەسەر بەتاڵکردنەوەو دانەمەزرانی‌و هەڵوەشاندنەوەی هەڵسوکەوتە گوفتاری‌و کردارییەکانی کەسی زۆر لێکراوو، بەڵکو کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی گۆڕانی نیسبەتی ئەو هەڵسوکەوتانە بۆ کابرای زۆردار دەبێت، ئەگەر دەکرا، ئەو هەڵسوکەوتانە نیسبەت بدرێتە لای کابرای زۆر دار، بۆیە لەم حاڵەتەدا حوکمەکە بەسەر کابرای زۆرداردا دەچەسپێت‌و، ئەگەر ئەو نیسبەت دانەی بۆلای کابرای زۆردار نەدەکرا، ئەوا ئەو کاتە هەڵسوکەوتەکە

---

1 فواتح الرحموت بشرح مسلم الثبرت، ب١، ل ١٦٦٦، وأصول البزدوي، وشرحه (كشف الأسرار)، ب٤، ل١٥٠٣–١٥٠٤.

هەر دەدرێتە پاڵ خودی زۆر لێکراوو، حوکمەکەیشی بەسەر ئەودا دەچەسپێت، جا ئەم نیسبەتدانەیش بۆلای کەسی زۆردار، تەنها لە کاتێکدا دێتە جێو دەبێت، کە بتوانرێت کەسی بکەر (زۆر لێکراو) تەنها وەك ئامرازێکی جێ بەجێ کاری کەسە زۆردارەکە بزانرێتو دابنرێت.

جا بەپێی ئەم قاعیدەو بنەمایە، هەڵسوکەوتەکانی کەسی زۆر لێکراو دەبنە دووبەشەوە، یەکەمیان ئەمەیە کە دەگونجێت، نیسبەت بدرێتە لای کەسی زۆردارو، کابرای زۆر لێکراو تەنها ئامرازی جێ بەجێ کردنی کارەکەیەو، دووەمیان ئەوەیە کە ناگونجێتو ناکرێت نیسبەتی بدرێتە لای کابرای زۆردارو، بۆیە هەر دەدرێتە پاڵ خودی کەسی زۆر لێکراوو، حوکمەکەیشی تەنها بەسەر ئەودا دەچەسپێت.

بنەمای ئەم پرسە لەلای غەیری حەنەفیەکان، بۆ نموونە لەلای شافعیەکان لەسەر ئەوەیە کە زۆر لێکردن، ئەگەر لەسەر هەق بوو بۆ وێنە، زۆر کردن لەکەسی قەرزار بەفرۆشتنی شتەکە، تا گەرەنتی قەرزەکە بێتەدی،ئەمە لێرەدا ئەم زۆر لێکردنە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر مامەڵەکە نییەو، مامەڵەو هەڵسوکەوتەکەی دروستو دامەزراوەو، ئەگەر زۆر لێکردنەکە ناهەق بوو، ئەوا تەماشا دەکەین، ئەگەر ئەو زۆر لێکردنە ئەنجامی ئەو کارەی زۆرەکەی لەسەر کراوە حەڵاڵ نەکات، ئەوە حوکمەکە هەر لەسەر بکەرەکەو زۆر لێکراوەکە بە چەسپاوی دەمینێتەوە، وەك زۆرکردن لەسەر کوشتنی کەسێكو، ئەگەر ئەو زۆر کردنە لە ئەنجامدا کارە زۆر لەسەر کراوەکە حەڵاڵ بکاتو، بگونجێت کارەکە بدرێتەوەلای زۆردارەکە، وەك لەناو بردنی موڵكوماڵی خەڵکی، لێرەدا حوکمەکە لەسەر زۆر لێکراو لادەچێتو ئاوقەی گەردنی زۆردارەکە دەبێتو، ئەگەر نەدەگونجا، نیسبەت بدرێتە لای کابرای زۆردار، وەك قسەو شتی زارەکی، ئەمەیان بەتاڵو پوچەو، هیچ حوکمێکی لەسەر ناچەسپێتو دانامەزرێت، نەبۆ زۆردارو نەبۆ زۆر لێکراو[1].

---

1 فواتح الرحموت بشرح مسلم الثبوت، ب١، ل١٦٧-١٦٨. التلويح ب٢، ل١٩٦-١٩٧.

١٣٨- دوای ئەوەی قاعیدەو بنەمای ئەم پرسەمان لەلای حەنەفییەکانو غەیرە ئەوانیش ڕوون کردەوە، دەڵێین: زۆر لێکردن یان گوفتارییەو یان کردارییەو، هەیە کە لەمانەش حوکمی تایبەتی خۆیی هەیە، لەسەر ڕۆشنایی ئەو قاعیدەیەی پەو، بەپێی ئەو درێژە باسەی کە لەم بارەیەوەو، لەمەو دوا دەیخەینەڕوو:

یەکەم: گوفتار:

ئەگەر ئەم گوفتارانە، دان پیانان (إقرار) بوون، ئەوە بەدانەمەزراو دێتە ئەژمارو بی جێن، چونکە (إقرار) بۆ حاڵەتی یەکلایی کردنەوەی لایەنی ڕاستیو دروستی ئەو شتەیە، جاکە لە ئیقراردا زۆر لێکردن هاتە کایەوە، ئەوە بۆ بەلاداخستنی لایەنی درۆکەیە، نەك ڕاستی، بۆ حساب بۆ ئیقرار لە کاتی زۆر لێکردندا ناکرێت.

جا ئەگەر لەو هەڵسوکەوتو مامەڵ گوفتارییانەبوو، کە دەگونجێ هەڵبوەشێنەوەو، بەگاڵتەو گەپ بەتاڵ نەبنەوە، وەك مارەکردنو تەڵاقدانی ژنو، گێڕانەوەی ژن، ئەمانە حوکمەکانیان دەچەسپێنو، بەدەمزراوو چەسپاو دێتە ئەژمارو، زۆر لێکردن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر یان نابێتو، ئەمەش ڕای زانایانی حەنەفی مەزهەبەو، بەڵگەیشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم هەڵسوکەوتو مامەڵانە، تەنها لەبەر ئەوەی کە بە بژاردەی مرۆڤەکە خۆی واتە: بە ئیختیاری خۆی ئەنجامی داوە، بۆیە هەموو ڕێو شوێنێکی شەرعیی لەسەر دەگرێتەبەر، چونکە شەرع تەنها دەربڕینیانی لە جیاتی ماناو حوکمە کانی داناوو ئەو دەربڕینەی کردۆتە ئەلتەر ناتیفی ئەم دووانە، بەبەڵگەی ئەوەی کە ئەگەر کەسێك بەگاڵتەو گەپ دەریانبڕێت، هەرچەندە مەبەستدار نەبووە تیایاندا کە حوکمەکەیان بێتەدیو، هەروەها مەبەستی لە کاکڵی ماناکەیان نەبووە، بەڵام هەر دادەمەزرێن، بۆیە لەم حاڵەتەدا، کابرای زۆر لێکراو لە پێشترە، چونکە ئەو مەبەستی ڕوودانی ئەو شتەی هەبووەو، حوکمەکەیی هەڵبژاردووە، هەرچەندە لە کاتی زۆر لێکردنی تەواوو تێرو تەسەردا، ئەو کەسە هەڵبژاردنەکەی نا تەندروست (فاسد) بووە.

بەلام ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتو مامەڵە زارەکییانە، لەو مامەڵە گوفتاریە دروستکراو (إنشاء) یانەبوون، کە دەگونجێت هەڵبوەشێنەوەو، لەگەڵ گاڵتەو گەپو شۆخیدا

ناگونجێن، وەك كڕینو فرۆشتن، ئەمە لەم حاڵەتدا ڕێو شوێنیو كاریگەری زۆر لێكردن تیایاندا ناتەندروست (فاسد)ە، بەڵام هەڵوەشاوەی تەواوەتی نین، ئەمە بەڕای حەنەفیەكانو، بەڵگەیشیان ئەوەیە كە كەزۆر لێكردن، (ڕازی بوون) لەكار دەخات، بەڵام بژاردە (إختیار) هەر دەهێڵێتەوەو، ڕازی بوونیش مەرجی دروستی كارەكەیە، نەك مەرجدامەزرانیو، كەواتە ئەم كارو مامەڵانە دادەمەزرێن، بەڵام هەر ناتەندروستنو، (فاسد)ن،و بێگومان حوكمی ئەم مامەڵەو هەڵسوكەوتە زارەكییانە لەسەر ئەو شێوازەی كە ڕونمان كردەوە، لەسەر شانی بكەرەكە (زۆر لێكراوەكە) دەچەسپێن، نەك لەسەر شانی هاندەرەزۆردارەكە، چونكە دەفەتی نیسبەت دانیان نیی، بۆلای كابرای زۆردار، چونكە هیچ كەسێ ناتوانێت، بەئەندامی زمانی كەسێكی تر بدوێتو! گفتوو گۆ بكاتو، ڕاستەوخۆ زمانی ئەو بەكار بهێنێت! و كەواتە ناتونرێت كەسی زۆر لێكراو لەم حاڵەتەدا بە ئامرازی دەستی كەسی زۆردار دابنرێتو، قسەكە بدرێتە پاڵ كەسە زۆردارەكەو، دواجار حوكمەكە لەسەر زۆردارەكە ناچەسپێتو، لەسەر زۆر لێكراوەكەیە.

شافعیو جەعفەریو حەنبەلیو هی تریش پێیان وایە كە هیچ ڕێو شوێنێكی شەرعی لەسەر قسەی زۆر لێكراو ناگرێتەبەرو، بەڵكو قسەكانی بە پوچ دێنە ئەژمارو، بۆیە تەلاقی ناكەوێتو، كڕینو فرۆشتنی دانامەزرێتو، هەروەها هیچ مامەڵەیەكی زارەكی تری ناچەسپێتو، بەڵگەیشیان بۆ ئەم قسەگەلە، لەچەند ڕوویەكەوەیە[1]:-

١- بێگومان خوای پەروەردگار، حوكمی كافر بوونی، لەسەر كەسی زۆر لێكراو بە كوفر كردنو، دەر بڕینی ووشەی كوفرلابردووە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ﴾[2] واتە: كەسێك بەزۆر كوفری پێ‌ص كرابێتو، دڵی

---

1 الأم، للأمام الشافعي، ب٣،ل ٢٠، إعلام الموقعين، ب٣، ل١٠٨و ب٤، ل٤٣-٤٤و الكاساني ب٧،ل ١٨٢-١٨٤، زاد المعـــاد، ب٢، ل٢٠٠، المغـــي، ب٧، ل١١٨، واشـــيرازي ب٢، ل٨٣، والطوسي، ب٢، ل٤٥٣، منهاج الصالحين، محسن الحكيم، ب٢، ل١٢٢-١٨٢.

2 سورة (النحل ١٠٦).

پڕبێت، لە نووری بیروباوەڕی ئیسلامەتی، ئەوە ئەو کوفرەی لەسەر نایەتە ئەژمارو، بێگومان حوکمی کوفر کردن زۆر گەورەترە، لە حوکمی کڕینو فرۆشتنو، ئەو جۆرە شتانە، چونکە یەکەمیان واتە: لە کوفر کردنەکەدا، جیاکردنەوەی ژنو پیاو لەیەکتریو، کوشتنو، دەست بەسەرداگرتنی ماڵەکەیی، بەدوادادێت، جا کە شتی گەورە لابرا، بێگومان لە پێشترە بۆ ئەوەی کەلا ببرێت.

٢- فەرموودە دەربارەی ئەوە هاتووە، کە کەسی زۆر لێکراو حوکمی لەسەر نییەو، بەبێ تاوان تەماشا کراوە، کە دەفەرموێت: : ((رُفع القلم عن ثلاثة، عن النائم حتى يستيقظ، و عن الصبيً حتى يحتلم، و عن المجنون حتى يفيق)) [1]، کە لێرەداو وەك چەندها جار پێشتریش ئەم دەقەمان هێناوەو پەرچڤەمان کردووە، دەڵێت: بە هەڵەکردنی کارێکی خراپو حەرامو، لە بیرچوونەوەو زۆر لێکردن تاوانیان لەسەر نییە، هەروەها لە گێڕانەوەیەکدا، هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا طلاق في إغلاق)، واتە: لە کاتی زۆر لێکردندا تەڵاقی ناکەوێت، کە لێرەدا ووشەی (إغلاق) بە (إكراه: زۆر لێکردن) راڤە کراوەو، لێکدراوەتەوەو، هەروەها لە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە گێڕدراوەتەوە، کە فەرموویەتی: (لا طلاق لمكره) کەسی زۆر لێکراو تەڵاقی ناکەوێو حسابی لەسەر ناکرێتو، گێڕانەوەی لەم جۆرە زۆری لە زۆری لە هاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە.

٣- بوونی ئامانجو مەبەست لە هەر هەڵسوکەوتو کارێکدا، مەرجی دروستی ئەو کارەیەو، بۆیە هەڵسوکەوتی منداڵو شێت دروست نییە، چونکە کارەکانیان بێ ئامانجو مەبەستنو، ئەم مەرجی ئامانجو مەبەستەیش لەکاتی زۆر لێکردندا تیا دەچێتو نامێنێت، چونکە کەسی زۆر لێکراو ئامانجو مەبەستی لەو هەڵسوکەوتەیدا نییە، بەڵکو تەنها مەبەستی لادانی زیانی ئەو شمشێرو شتانەیە لەسەری خۆی، کە وەك هەڕەشەو کاری فشار لەسەری بەکار هێنراون.

1

٤- کەسی زۆر لێکراو، ئەو گوتەیە بۆیە دەردەبڕێ، تا زیانەکە لەسەر گیانی خۆی لا بباتو دووربخاتەوەو، هیچ مەبەستی لە ماناکەی نییەو، ویستی لەسەر هونەرو حیکمەتەکەشی نیی، بۆیە نابێت هیچ ڕێو شوێنێك لەسەر ئەم قسەیەی بگرێتە بەرو، بەڵکو دەبێت بە قسەیەکی پوچ (لغو) سەیر بکرێت، وەك قسەی شێتو، خەوتوو، قسەی بێ مەبەستی هەرکەسێکی لەم بابەتە.

حەنەفیەکان بەم جۆرە بەرپەرچی ئەم گوتەیەدەدەنەوە، کە زۆر لێکردن، کار لەسەر بیروباوەڕ ناکات، بۆیە کەسی زۆر لێکراو بە کوفر کردن چاوپۆشی لێکراوەو، سەبارەت بەفەرموودەی ((عفي عن أمتي الخطأ والنسيان وما أستكرهوا عليه))، ئەمە مەبەستی لەوەدایە کە زۆر کردنە لەسەر کافربوونەوەو، کوفر کردن چونکە خەڵکی لەو سەردەمەدا تازە هاتبوونە نێو ئیسلامەوەو، زۆر لێکردن لەسەر کوفرو کافرێت لەو سەردەمو زۆرو بڵاو بووو، تەنانەت ئەگەر مەبەست لە زۆر لێکردن (إكراه) لێرەدا، زۆر لێکردن بێت، لەسەر غەیری کوفریشئەوا لێرەدا ئێمە ملکەچی ئەوە نابین، کە هەڵسوکەوتو مامەڵەی زارەکیو گوفتاری لە چوار چێوەی پرسی زۆر لێکردندا جێگای ببێتەوە، چونکە زۆر لێکردن کاریگەری لەسەر قسەکردنو شتی زارەکی نییە، هەروەك چۆن کاریگەری لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بەبیرو باوەڕەوە نییە، چونکە هیچ مرۆڤێك توانای ئەوەی نییە کە ئەندامی زمانی کەسێکی تر وەك ئامراز بەکار بهێنێت، بۆ قسەکردن وەك ئەوەی ئەم دەیەوێتو، بۆیە قسەکەر خۆی سەرپشکە کە چۆن قسە دەکاتو، لە حەقیقەتدا زۆر لێکراو نییەو، حوکمی فەرموودەکە نایگرێتەوە.

هەروەها دەربارەی ئەوەیش کە دەڵێن، هەڵسوکەوتی ئامانجدارو مەبەستدار، بوونی ئەو ئامانجو مەبەسنەتیایدا، بۆ دروست بوونی بە مەرج گیراوە، ئەمەیش بۆ بێژەرانی ئەم قسەیە ناچەسپێتو، قسەیەکی لەم جۆرەیان بۆ ناچێتەسەر، چونکە ئەوەتا دەبینی کە تەلاقی کەسێ بەگاڵتە بخات هەر دەکەوێت، هەرچەندە کەلەو قسەیەو مامەڵەو هەڵسوکەوتەیدا مەبەستی نەبووە، کە بکەوێت، کەچی هەر کەوتووە هەروەها تەنانەت ئەگەر ئەم (مەبەستداریو ئامانجداری) یە، مەرجی دروستی هەر کارێك بن، خۆ ئەوەتا

ئەم مەرجە لە حاڵەتی زۆر لێکردنیشدا هەر بوونی هەیە، چونکە کابرای زۆر لێکراو مەبەستو ئامانجی ئەوەی لە دڵدا هەیە، کە زیانو بەڵا لەگیانی خۆی لابداتو، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەمەبەستو ئامانج داری هەیە، لە ناخی مرۆڤەکەداو، بە هەوانتە ناکرێتو، دواجار کەسی زۆر لێکراو بەناچاری ئەو مەبەستەی لە دڵدا چەسپاندووەو، ئەو ئامانجەی گرتۆتە بەر، ئینجا سەبارەت بەو ڕێچکەو گیگرانە وانەی کە دەڵێن تەڵاقی کەسی زۆر لێکراو ناکەوێت، ئەمانە پێچەوانەو دژی کۆمەڵە گێڕانەوەیەکی ترن کە دەربڕی ئەوەن کە تەڵاقی کەسی زۆر لێکراو دەکەوێتو، دواجار وەرگرتنی بەڵگەکانی ئەوان لە پێشتر نین، لە بەڵگەکانی ئێمە، کە لەم بارەیەوە هاتوون.

١٣٩- قسەی ڕاسترو یەکلاکەرەوە (الراجح) لەم پرسەدا :-

ئەوەی ئێمە لەم پرسەدا هەڵێ دەبژێرین، بریتیە لە قسەو ڕای جەماوەری زانایان، واتە: هیچ هەڵسوکەتو مامەڵەیەکی زارەکی کەسی زۆر لێکراو نایەتە دامەزراندن، ئیتر ئەو مامەڵەیە بگەنجێت بۆ هەڵوەشاندنەوە، وەك تەڵاقدانو مارەکردنی ژن، یان بگونجێت، بۆ هەڵوەشاندنەوەو، سڕینەوە، وەك کڕینو فرۆشتنو بە کرێدان، چونیەکەو، بۆیە دواجار سەرجەم هەڵسوکەوتو مامەڵەزارەکیەکانی کەسی زۆر لێکراو بەتاڵن.

ئەوەیش کە حەنەفیەکان باسیان کردووە، بەڵگەدار نییەو، ئەوەی ئەوان بۆی چوون، بەڵگەو دۆکیومێنتی لەسەر دروست ناکرێتو، بنیات نانرێتو، سەرجەم ئەوەی کە باسیان کردووە، شایانی بەرپەچدانەوەو توێژینەوەیەو، لێرەدا ئەوەندەمان بەسە کە هەندێ لەو شتانەی کە وەك بەرپەچدانەوەی حەنەفیەکان هاتووە، باسی بکەینو، بڵێین: بەڵگەی حەنەفیەکان لەسەر ئەوەی کە تەڵاقو نیکاحی کەسی شۆخیبازو گاڵتەچی دادەمەزرێتو، دروستە، ئەمە قسەیەکی بێ سودە، چونکە جیاوازی هەیە، لە نێوان گاڵتەچیو زۆر لێکراودا، چونکە کەسی گاڵتەچی ئەو کارەو هۆکارەکە بژاردەو ئیختیاری دەست خۆیەتیو، فامدارە بەوشتەی کە دەیکاتو، زانایە بەو ڕێو شوێنانەی کە لەسەر شانی دەکەوێت، لەدەرەنجامی کردنی ئەو کارەوە، بەڵام کەسی زۆر لێکراو، ئەو کارەی بە زۆر پێکراوەو، بۆیە کردوویەتیو دەیکات، تا زیانی ئەو هەڕەشەیە لەسەر خۆی لاببات، کە

ڕوو بەڕووی بۆتەوەو، ئەمکەسە تەنها وەك گێڕۆدەیەکی قسەی کەسێکی تر وایەو، جا ئەمەیان لەکوێ‌و ئەوی تر لە کوێ؟!

ئینجا دەقیش هەیە، لەسەر کەوتنی تەڵاقی کەسێ بەگاڵتە تەڵاقەکەی خستبێت‌و، جا کوا دەق لەسەر ئەوە هەیە کە تەلاقی کەسی زۆر لێکراو دەکەوێت؟و پاشان (ڕازی بوون) لە کڕین‌و فرۆشتندا زۆر گرنگەو بایەخدارە، بێگومان لە کڕین‌و فرۆشتندا وابێت، لە مارەکردنی ژندارزۆر پێویست ترو بایەخدارترەو، دەبێت ڕازی بوونی تیادا بێت، چونکە بێگومان نرخی شەرمگا زۆر گرنگترە، لە نرخی ماڵ‌و سامان، جاکە خوای پەروەردگار بردنی ماڵی خەڵکی حەرام کردبێت، مەگەر بەڕازی بوونی خاوەنەکەی نەبێت، ئینجا حەڵاڵە، بێگومان شەرمگای مرۆڤ زۆر لەوە بەنرخترەو، دەبێت تەنها بەڕازی بوونێکی شەرعییانە حەڵاڵ بکرێت‌و، بەسە! و بۆیە نەهی کراوە، لە سەرپەرشتیاری ئافرەت، کە دەبێت، کچەکەی یان ئەو ئافرەتەی ئەو سەرپەرشتیاریەتی تەنها بەڕازی بوونی خۆی نەبێت نابێت بیدات بە شوو[1]!

سەبارەت بەو قسەیەی کە حەنەفییەکان دەیڵێن: زۆر لێکردن کاریگەری نابێت، بەسەر قسەو گوفتار، ئەمیش هەر بەر پەچڕاوەیە، چونکە دەقی قورئان هەیە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ ڕێ‌و شوێنێك ناگرێتەبەر، لەسەر ووشەی کوفر. گەر کەسێك بەزۆر پێی بگوترێت‌و، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زۆر لێکردن لە قسەو گوفتاردا کاری گەری هەیەو، حسابی بۆ دەکرێت.

دووەم: کردارەکان

جۆری دووەمی ئەو شتانە کە زۆریان لەسەر دەکرێت، کارو کردەوەکانن‌و، باسمان لەبەشی یەکەم کرد، کە باسی (گوفتار) بوو، و پوختەی قسە تیایدا ئەوەیە کە، ئەگەر زۆر لێکردنەکە ناتەواوو، ناتێرو تەسەل بووو، کابرای زۆر لێکراو کارەکەی ئەنجامدا، ئەوا تەنها کابرا خۆی بەرپرسیارێتی تەواوی کردەوەکەی خۆی دەگرێتە ئەستۆو، تەنها ڕێ‌و

---

1 نظرية العقد، للأمام إبن تيمية، ل ١٥٥.

شوێنی تەواو لەسەر خۆی دەگرێتەبەر، بەڵام ئەگەر زۆر لێکردنەکە تەواوو تێرو تەسەل بوو، ئەوە کردەوەکانی پەیوەندیدار بە کابرای زۆر لێکراو دەبنە سێ بەشەوە.

بەشی یەکەم:-

ئەو کردەوەگەلەی کە شەرع لە کاتی پێەیستیدا حەڵاڵی کردوون، وەك خوارنەوەی ئارەق‌و خواردنی گۆشتی مردارەوە بووو، بەراز، ئەمانە حەڵاڵن بۆ کەسی زۆر لێکراو کە بیانخوات‌و ئەنجامیان بدات‌و، تەنانەت لەسەر پێوستیە (واجب)ە، بیانکات‌و ئەگەر نەیانکات، گونهبار دەبێت، چونکە خوای پەروەردگار حەڵاڵی کردوون‌و، بەکار هێنانی شتی حەڵاڵ، بۆ خۆ پاراستن لە لەناچوون واجبەو، دروست نییە وازی لێ بهێنرێت.

بەشی دووەم:-

ئەو کردەوانەن، کە لەکاتی پێویستدا دەرفەت دراوە ئەنجام بدرێن، ئەگەر کەسەکە هەستا بەکردنیان، گونهبار نابێت‌و، ئەگەر نەیکردن‌و، تووشی سزاو ناڕەحەتی‌و سەختی بوو، ئەوە لەلای خودا خاوەن پاداشتەو، نموونەی ئەم بەشەیش وەك، کرنی کوفر بەزۆرو ناچاری لە کاتێکدا کە کەسەکە دڵی پڕ لە ئیمان بێت‌و، هەروەها وەك لەناو بردنی ماڵی خەڵك بەزۆر، بەڵام لە مەیداندا بژاردنی ئەو موڵکەی لەسەرە کە زۆردارەکەیە نەك لەسەر زۆر لێکراوەکە، چونکە کردەوەی لەناو بردنی‌و خراپە کردنەکە دەکرێت بدرێتەوە پاڵ کابرای زۆردارو، کابرای زۆر لێکراوو ئەنجامدارە تەنها ئامرازی کردنی کارەکەیە، بۆیە حوکمەکە بەسەر زۆردارەکەدەچەسپێت‌و، ئەوەش ڕای حەنەفی‌و شافعییەکان، ڕەوشی تریشە.....

بەشی سێیەم:-

ئەمەیان ئەو کردەوە گەلەیە، کە بەهیچ جۆرێك بۆ کابرای زۆر لێکراو دروست نییە کە ئەنجامی بدات، وەك کوشتنی کەسێك، چونکە گیانی خەڵکی تر، وەك گیانی ئەم کەسە پارێزراوەو، دروست نییە، کەسێك بە کوشتنی خەڵکی‌و زیان گەیاندن پێیان خۆی لە زیان بپارێزێت‌و کردەوەی لەم جۆرە گونهبارییەو، کە ئەنجام درا، تۆڵەکردنەوەو کوشتنەوە لەسەر زۆر کەرەکە رەکەیەو، ئەو دەکوژێتەوە، لە جیاتی کابرای کوژراو،

چونکە کوشتن دەکرێت نیسبەت بدرێتەوە لای کابرای زۆردارو، کابرای ئەنجامدەر، تەنها وەك ئامرازی جێ بەجێ کردنی کردەوەکە سەیر بکرێت‌و، کوشتنەوەیش لەسەر کوشتنەکەیە، نەك لەسەر ئامرزای کوشتنەکەو، ئەمەیش ڕای حەنەفییەکانە، لەبر ڕۆشنایی ئەو ئەو یاسا بنەڕەتییەی کە هەیانە، لە بواری زۆر لێکردندا، بەڵام شافعییەکان‌و هی تریش ڕایان وایە کە کوشتنەوە لەسەر کابرای ئەنجامدەرە زۆر لێکراوەکەیە، چونکە کردەوەیەکی ئەنجامداوە، کە بەزۆر لێکردن دروست نییە، ئەنجام بدرێت‌و، نابێت زۆر لێکردن بکرێتە بیانوو بۆ کردنی‌و، بۆیە حوکمەکە بەسەریدا دەچەسپێت‌و، هەروەها کابرای زۆر کەریش هەر دەکوژرێتەوە، چونکە ئەویش هۆکاری ئەنجامدانی کوشتنەکەیەو، دەبێت سزا بدرێت، بەکوشتنەوەو تۆڵە سەندنەوە لێی.

کردەوەی داوێن پیسی هەروەك کوشتن وایە، لەلای سەرجەمی زانایان‌و، حوکمەکەی بەسەر بکەرەکەیدا دەچەسپێت، چونکە کاری داوێن پیسی ناکرێت نیسبەت بدرێتە پاڵ، کابرای زۆردار، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە ئامرازی شەرمگای کەسێکە تر هەڵسێت، کردەوەی داوێن پیسی ئەنجام بدات، بەلام حەنەفییەکان ڕایان وایە، کە لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەداو لەم پرسەدا گومان (شبهة) هەیە، حوکمەکە لەسەر بکەرە زۆر لێکراوەکە لا دەچێت‌و، شافعییەکان ڕایان وایە، کە سزای شەلاقدانی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو یاسا بنەڕەتییەیان کە دەڵێت: (کەسی زۆر لێکراو ، کردەوەیەکی کردووە، کە حەڵاڵ نییە، بە هیچ جۆرێك بیکات، بۆیە حوکمەکە بەسەریدا دەچەسپێت‌و، ناکرێت لەم حاڵەتەدا بەسەر کابرای زۆردار جێ بەجێ بکرێت).

١٤٠- پرسی ((الأكراه: زۆر لێكردن)) لە یاسای عێراقیدا:-

ا- زۆر لێكردن لە یاسای مەدەنی عێراقیدا:

یاسای مەدەنی عێراقی، (زۆر لێكردن) بەم جۆرە پێناسە كردووە، بریتییە لە زۆر كردن لە كەسێك، بەناهەق، كە كارێك بەبێ ڕازی بوونی خۆی ئەنجام بدات[1]و زۆر لێكردنی كردۆتە دووبەشەوە: تەواو (ملجئ)و ناتەواو (غیر ملجئ).

یەكەمیان: ئەوەیە كە هەرشەشەكە بەشتێكی مەزنی لەسەر پێ‌و ئامادە بێت، وەك كوشتن‌و لەناو بردنێكی ترسناكی ماڵ‌و موڵك.

دووەمیان: ئەوەیە كە لەوەی سەرەوە كەمتر بێت، وەك زیندانیكردن‌و لێدان، ئەمەش بەپێی ئەحواڵی كەسەكان‌و ئەو خەڵكەو هەروەها گەیاندنی زیان بە هاوسەرو، یان بەهەر كەسێكی نزیكی مەحرەم لێی، هەر بە هەڕەشەی زۆر لێكردن حسابە، ئیتر ئەو زۆر لێكردنە تەواو یان ناتەواو بێت، هەرچۆنیەكە، بەپێی حاڵ‌و ئەحواڵی ئەو كەسانە دەبێت[2]و، هەروەهاهەڕەشەی پیاو لە ژنەكەی بەوەی كە لێی دەدات، یان ڕێگری لێ دەكات، لە پەیوەندی بوونی لەگەڵ خزمەكانی، كە ئەمە هەڕەسەیە لەسەر بەرژەوەندییەكانی ئەو ژنەو، دواجار بەزۆر لێكردن حسابە[3]و، ئەمەش بەگشتی لەگەڵ ڕای هەندێ لە شەرعزاناندا كۆكە، كە دەڵێن: فەرمانی پیاو بۆ ژنەكەی، كە داوای لێ بكات، كارێك ئەنجام بدات، كە حەزی لێی نییە، وەك فەرمانی دەسەڵاتدار وایەو، ئەگەر ژنەكەی بزانێت، كە نەیكاتو، پێچەوانەی ببێتەوە، توشی سزای سەخت دەبێت، لەم حاڵەتەدا بە (زۆر لێكردن) دێتە ئەژمار[4].

---

1 بڕگەی یەكەم، لە ماددەی ١١٢.

2 بڕگەی یەكەم‌و دووەم، لە ماددەی ١١٢، یاسای مەدەنی میصری ئەو هەڕەشەیەی بەزۆر لێكردن داناوە، كە لەبەرامبەر مەترسییەكی گەورە لەسەر گیان یان ماڵ یان شەرەف‌و ناموس كرابێت، لە ماددەی ١٢٧ بڕگەی دووەم.

3 ماددەی ١٦.

4 حاشیة إبن عابدین، ب٥، ل١٢٠.

دواجار، ئەو شتانەی کە لەپرسی زۆر لێکردندا شەرع بەمەرجی گرتوون، یاسایش دیسان بەمەرج گرتوونی[1].

سەبارەت بەکاریگەری زۆر لێکردن، دەقی یاسا ئەوەی تیادا هاتووە، کە دەڵێت: گرێبەستەکانی کەسی زۆر لێکراو کار پێکردنیان دەوەستێنرێت، ئیتر چونیەکە ئەو زۆر لێکردنە تەواو بێت، یان ناتەواو[2]، بەڵام سەبارەت بەو کردەوانەی کە بەرپرسیارێتی مەدەنییان لەسەرە، وەك لەناو بردنی ماڵو موڵکی خەڵك یان کوشتنی کەسێك، دەقە یاساییەکە واهاتووە، کە کردەوەکە دەدرێتە پاڵ بکەرەکەیو، کاریگەری لەسەر مافی ئەو بکەرە دەبێتو، نادرێتە پاڵ کابرای زۆردار، مەگەر لە کاتێکدا نەبێت، کە کابرای ئەنجامدەر بەزۆر لێکردنی تەواو (ملجئ) ئەو کارەی بەزۆر پێکرابێت[3].

بەکورتیو بەپوختی، یاسای مەدەنی عێراقی، لە چوار چێوەی قسەی شەرعزانان سەربارەت بەئەحکامەکانی بواری زۆر لێکردن کی چەسپاندیانە نەچۆتە دەرەوە، ئەوەندە هەیە کە خۆی بەمەزهەبێکی دیاریکراوەوە نەبەستۆتەوە.

ب- زۆر کردن لە یایای باری کەسێتی عێراقیدا:-

دەقی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە ۱۱۸ی ساڵی ۱۹۵۹ ئەوەی درکاندووە، کە تەڵاقی کەسی زۆر لێکراو ناکەوێت[4]و، ئەمەش لەگەڵ ڕای جەماوەری زانایاندا کۆکە، هەروەك پێشتریش باسمان کرد.

---

1 ماددەی ۱۱۳.

2 ماددەی ۱۱۵، و ئەم ماددەیەش جیاوازی لە نێوان ئەوەدانەکردووە، کە ئەو گرێبەستەی کە دانەمەزرێت کامیانە؟ ئەوەیانە کە شایەنی هەڵوەشاندنەوەیە؟ یان ئەوەیانە کە شیاوی هەڵوەشاندنەوە نییە؟! و یاسای مەدەنی میصری بەدروستی داناوە، کە گرێبەستی بەزۆرکراو، بەتاڵ بکرێتەوە، بەپێی ماددەی ۱۲۷.

3 ماددەی ۲۱۵ لە یاسای مەدەنی عێراقی.

4 برگەی یەکەم: لە ماددەی ۳۵،و لە وڵاتی میسریش دەقی یاسای ژمارە ۲۵ی ساڵی ۱۹۲۹ ئەوەی درکاندووە، کە تەڵاقی کەسی زۆر لێکراو ناکەوێت.

ج- زۆر لێکردن لە یاسای سزادانی عێراقیدا:-

ئەم یاسایە لە ماددەی ٦٢دا، دەقی ئەوەی هێناوە کە، هەر کەس تاوانێکی ئەنجامدا، لەبەر پێویستیو ناچاریو، بۆ پاراستنی گیانی خۆی، یتن گیانی کەسێکی تر، یان موڵكو ماڵی خۆی، یان هەر کەسێکی تر، لە مەترسیەکی گەورەی لەسەر پێیو ئامادە، ئەمە لێپرسینەوەی بەمەبەستێکی تۆڵە لێ ناکرێت، بەڵام بەو مەرجەی تایبەتی (عمداً) ئەنجامی نەدابێتو، لە توانایدا نەبووبێت، بەرێگاو ئامرازێکی تر، لەو بەڵایە خۆی بپارێزێت[1].

دەقی ئەم ماددەیە، مەبەستی حاڵەتی پێویستیو ناچاریەو، ئەگەر مەرجە پێویستیەکان هاتنەدی، سزای لەسەر لادەچێتو، هەروەها لەبەر ئەوەی کە پێویستی (ضرورة)، دەچێتە چوار چێوەی پرسی (زۆر لێکردنەوە)، چونکە زۆر لێکردن، شێوەیەکە لە شێوەکانی پێویستی (ضرورة)، ئەم ماددەیە جیێ بەجێ دەبێت، لە حاڵەتی زۆر لێکردندا، بەو مەرجە کە ئەو زۆر لێکردنە، بە هەڕەشەیەکی مەزن درکێندرابێتو، لەبۆ سەر جەستەی کابرای زۆر لێکراو ئاڕاستە کرابێت، یاخود سەر کەسێکی تر، یان بۆسەر موڵكو ماڵی کابرای زۆر لێکراو، یان ماڵو موڵکی کەسێکی تر! نەك هەڕەشەیەکی سادەی لابەلایی بێت!

بەندی دووەم

بەڵگەی حوکمەکان ((أدلة الأحكام))

ڕێخۆشکردن:-

حوکمە شەرعییەکان تەنها لە ڕێی بەڵگەکانەوە دەزانرێن، ئەو بەڵگانەی کە شەرع بەرپای کردوونو دایناون، تا خەڵکانی موکەللەف ڕێنوێنی بکاتو، شارەزایان بکات، بۆ سەر ئەو حوکم گەلەو، ئەم بەڵگەو دۆکیۆمێنت گەلەیش بە (أصول الأحكام: بنەمای یاساکان)و، یاخود بە (مصادر الشرعية للأحكام: چاوگی شەرعی، یاساکان)و، یاخود

---

1 نموونە لەو جۆرەیش لە یاسای سزادانی میصریدا ماددەی ٦١ هاتووە.

(أدلـة الأحكـام: بەڵگـەی یاسـاکان) نـاوزەر کـراون، واتــە هــەرکامیان بـۆ بەکاربێت،هــەر دروستەو، ئەم ناوانە بەرامبەرو موورادیفی یەکترن‌و، یەك مانایان هەیە.

بەڵگە (دلیل) لە زمانی عەرەبیـدا، ئەوەیـە کـە جۆرێـك لـە هۆکـارو ڕێنمـوونی بـۆ هــەر کارێك، تیادابێت.

لە زاراوەی زانایانی ئوصولی فیقهدا دەلیل بەڵگە، ئـەو شـتەیە کـە دەتوانرێـت، کـە بـە چاوێکی دروست سەیر کرا بتگەیەنێت،بە هــەواڵێکی داوا کـراو[1]، و لێرەیـشدا ئـەو هەواڵـە دیاریکراوەبریتیە لە حوکمە شەرعییەکە.

هەندێ لە زانایانی زانستی وصولی فیقه، لە بەڵگە (دەلیل)دا ئەمەیان بەمەرج گرتـووە، کە دەبێت گەیەنەری یەکلاکەرەوە بێـت، بـۆ حـوکمێکی شــەرعیو، ئەگـەر گەیەنـەری نـا یەکلاکەرەوەو گوماندار بوو، ئەوە نیشانەیە[2]و، دەلیل نییە، بەڵام ئەوەی لـەلای زانایـانی ئوصول باوو ناسـراوە، ئەوەیـە کـە ئەمـەیان بـە مـەرج نـەگرتووەو، دەلـیلێن وا پێناسـە کردووە، کە ئەو شتەیە کـە حـوکمێکی شـەرعی کـرداری لێ وەردەگیرێـت، بـە وەرگرتنـی یەکلاکەرەوە بێت، یان بە وەرگرتنی گوماندارو نا یەکلاکەرەوە بێت، هەر چۆنیەکە[3].

ئینجا ئەوە بزانە، کە بەڵگە شەرعییەکان، پێـچەوانەی عـەقڵ نـین‌و، بۆیـە لـە شـەرعدا دانراون، تا بەهۆیانەوە ئەحکامەکان بزانرێن‌و، لێیانەوە حوکم دەربهێنرێـت، بۆیـە ئەگـەر دژی عەقڵ بن‌و، پێچەوانەی ببەوە، ئەوا ئامـانجو مەبەسـتەکەمان لەدەسـت دەردەچـێت، هەروەك بەئەزموون جێگیر بووە کە بەڵگەکان لەسەر ڕەتـی عـەقڵ ڕێ دەکـەن‌و، عـەقڵی تەندروست شـێتگیرانە ئەوبەڵگانـە قـەبوڵ دەکـاتو، گوێڕایـەڵی ئـەو شـتانە دەبێـت، کـە ئەوبەڵگانە داوای کردوون.[4]

---

1 الأمدي، ب١٢، ل١١.

2 لێـرەدا ووشـەی (إمـارة)ی هێنـاوە، کـە مـورادیفی (علاقـة)یـە و، بـەمانای نیـشانەو پەیوەندیدار کردن دێت.

3 المسودة، ل ٥٧٣.

4 الموافقات، للأمام الشاطبي، ب٣، ل٢٧–٢٨.

١٤٢- دابەشکردنی بەڵگەکان:-

بەڵگەکان بەپێی ڕواڵەتو پێودانگی جیاوازی خۆیان، دابەشکراون بۆ چەند بەشێکی جیاواز، واتە بەپێی ئەو ئارستەیەی کە لەم پێوەدانگەوە تەماشای ئەو بەڵگانە دەکرێتو، لێرەدا دوو دابەشکردن، لەو دابەشکردنانە باس دەکەین:

دابەشکردنی یەکەم:

بەڵگەی ئاستی کۆك بوونو، جیاوازی، لە بەڵگەردنیدا، دەبێتە ئەم جۆرە شێواز گەلەی لای خوارەوە:-

جۆری یەکەم: کە جێگای کۆڕایو کۆکبوونی پێشەوایانی ئیسلامو، ئەم جۆرەیش (قورئان)و (سوننەت) دەگرێتەوە.

جۆری دووەم:- کە ئەمەشیان جێگای کۆکبوونو هاوڕای جەماوەر (جمهور)ی زانایانی ئیسلامە، کە ئەمەشییان (إجماع)و (قیاس) دەگرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ئیجماع، زانای مەزنی موعتەزیلەکان، کە ناوی (النظام)ە لەمەدا ڕای جیاوازی هەیەو، هەروەها هەندی لەخەواریجەکانیش هەر جیاوازن لەسەری[1]،و لە پرسی قیاسیشدا، جەعفەری[2]و ظاهیریەکان[3] لەسەری کۆك نینو، ڕاجیاییان هەیە.

جۆری سێیەم: کە ئەمەیان جێگایو مشتو مڕی نێوان زانایانە، تەنانەت لە نێوان ئەو زانایانەشیدا کە بڕوایان بە بەڵگە بوونی قیاس هەیە، هەرلێرەدا ڕاجیانو، جیاوازنو، ئەم جۆرەیش ئەم بەڵگانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە.

---

1 مذكرات في أصول الفقه، الشيخ محمد الزفراف، ل٦٣.

2 أصول الأستنباط، السيد علي تقي الحيدري، ب٢، ل ٢٥٨و دواتريش.

3 الأحكام في اصول الأحكام، للأمام إبن حزم الظاهري، ب٧، ل٥٣و دواتريش.

(العرف[1]، الأستصحاب، الأستحسان، المصالح المرسلة، شرح من قبلن، مذهب الصحابي)، كه هەندێ لە زانایان ئەم جۆرەیان بە سەرچاوەی شەرع زانیونو، هەندێکی تر بەسەرچاوەی شەرعییان دانەناون.

دابەشکردنی دووەم:-

بەڵگەکان، لە ڕووی گەڕانەوەیان بۆ ئەقڵ، یان ڕەئی، دەبنە دووبەشەوە: نەقڵیو نەقلی.

جۆری یەکەم: بەڵگە نەقڵیەکان، کە بریتین لە قورئانو فەرموودەو، هەروەها ئیجماع (کۆڕای زانایان)و (مذهب الصحابي)و (شرع من قبلنا)یش، لەلای ئەوانەی کە بەڵگەیان دادەنێنو بەسەرچاوەی شەرعیان دەزانن، بەپاشکۆی ئەو دووانەی سەرەوەیان دەزاننو، سەر بەقورئانو سوننەتیان دادەنێنو ئەم جۆرەیش بۆیە بە بەڵگەی نەقڵی دێنە ئەژمار، چونکە تەنها لەبەر ئەوەیە کە بەتەنها فەرمانێك، کە لە شەرعەوە گوستراوەتەوە بۆمان، ئەم فەرمانە دەبێتە پەرستشو تەکلیفو، ئیجتیهادی کەس تیایدا دەستی نییە، بەڵکو تەنها فەمانی نەقڵکراوی شەرعە.

جۆری دووەم: بەڵگە عەقڵییەکان ، واتە ئەو بەڵگانەی کە بۆ سەرنجو ڕاکان دەگەڕێنەوەو، ئەمەیش بریتییە لە (قیاس: بەبەردا گرتن)و، پاشان (إستحسان)و (المصالح المرسلة)و، (إستنصحاب)یش، پاشکۆینیو، سەربەونو،بەڵگەی عەقڵی بوونی ئەم جۆرەیش ئەوەیە کە بۆ سەرنجو ڕایان دەگەڕشێتەوە نەك فەرمانێکی نەقڵکراو لە شەرعی پیرۆزەوە.

ئەم دابەشکردنەی کە باسمان کرد، لە ڕوانگەی کردنە بەڵگەیان بۆ حوکمێکی شەرعیی، هەر جۆرێ لەم دوو جۆرە پێوستییان بەیەکتری هەیە، چونکە بە بەڵگەکردنی شتێکی نەقڵکراو لە شەرعەوە پێویستی بەتێرامانو بەکارهێنانی عەقڵ هەیە کە ئامرازی

---

1 عوف، موعتەبەرەو، بەسەرچاوەی شەرع دانراوە، بەڵام گرفتو جیاوازی لەوەدایە، کە بەڵگەیەکی سەربەخۆیە؟ یان نا.....

تێگەیشتنە، هەروەك چۆن ڕەئیش دروست نابێتو، پێگەی خۆی نییە، تا پشت بە (نەقلّ) نەبەستێت، چونکە عەقلّی ڕووت بەتەنها خۆی لە دانانی ئەحکامی شەرعدا جێگەو پێگەی نییو، ڕێگە پێنەدراوە[1].

١٤٣- قورئان سەرچاوەی سەرجەمی جۆری بەڵگەکانە :-

پێشتر گوتمان، کە بەڵگەکان دوو جۆرن، نەقلّیو عەقلّیو، لە کاتی تێڕامان دەزانین کە بەڵگە شەرعییەکان لە قورئانو سوننەتدا کورتو حەرام کراون، چونکە بەڵگە جێگیرەکان بە عەقلّ جێگیر نەبوونو، بەڵکو بە قورئانو سوننەت جێگیر بوون، چونکە هەر بەهۆی قورئانو سوننەتەوە بوونەتە ئەو بەڵگە دروستانەی کە دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێتو، کەواتە قورئانو سوننەت چاوگو سەرچاوەی ئەحکامنو پشتیان پێ دەبەسترێت، لە دوو ڕەهەندەوە:

ڕەهەندی یەکەم: لەڕوی دەلالەت کردنیان لەسەر حوکمە جوزئیە فەرعیەکان، وەك ئەحکامەکانی زەکاتو کڕینو فرۆشتنو سزاکانو هتد.....

ڕەهەندی دووەم: لە ڕووی دەلالەت کردنیان لەسەر ئەو یاساو بنەمایانەی کە ئەحکامە جوزئیە فەرعیەکان پشتیان پێ بەستوون، وەك دەلالەت کردنیان لەسەر ئەوەی کە ئیجماع بەڵگەیەو بنەمای ئەحکامەکانەو، هەروەها (قیاس)و (شرع من قبلنا)و هتد.....

هەروەها بەدوو بەڵگە دەسەلمێنن، کە سەرچاوەی سوننەتیش هەر قورئانە، ئەمیش لە دوو ڕەهەندەوەیە:

ڕەهەندی یەکەم: کارکردن بەسەننەتو، پشت پێبەستنو هەڵێنجانی حوکمەکان لێیەوە، قورئان فەرمانی پێداوەو بووەتە بەڵگە لەسەری. وەك دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ﴾[2] ئەی باوەڕداران، گوێڕایەلّی خوداو پێغەمبەرو کاربەدەستەکانتان بکەنو، هەروەها پەروەردگار لە زۆر جێگادا دووپاتی

---

1 الموافقات، للشاطبي، ب٣ ل٤١.

2 سورة (النساء ٥٩).

کردۆتـەوە کـە فەرموویـەتی: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾[1] وئەمـە چـەندەها جـار دووبـارە کردنەوەیە، بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی سوننەت بەگشتی ئیتر چونیەکە ئەو شـتەی کە سوننەت درکاندویەتی، لە قورئانیشدا هەبێت، یان نەبێتو، دەقی تریش هەن، کە هەر ئـەم مانایـە دەبەخـشن، وەك خـودای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ﴾[2] کـە گوێڕایەڵی کردنی ئەو نەهێنانەیە کـە سـوننەت نـەهی لێکـردوونو، هـەروەها پـەروەردگار دەفـــــــەرموێت: ﴿فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[3] ئەوانەی کە ڕێپێچی فەرمانی رسول الله (ﷺ) دەکـەن (کـە سـوننەتە)، دەبێـت لەوە بترسین، کە تووشی بەڵایەك ببن، یاخود ئازاری توندو بەئێش بچێژن.

ڕەهەندی دووەم: سوننەت بۆیە هـاتووە، تـا ڕوونەکـەرەوەو، ڕاڤـیـاری قورئـان بێـتو، ماناکەی شی بکاتـەوە، بـە بەڵگـەی ئایـەتی: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾[4] واتە: ئێمە قورئانمان دابەزاندۆتە سـەرت، تـا ببێتـە ڕاڤـیـارو ڕوونکـەرەوەی ئـەو شتانەی کە لە قورئاندا هەیەو، نازڵ خراوەتە سەر ئەو خەڵکە.

هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ﴾[5] ئـەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی لەلای خوداوە نێردراوە بۆت، بیگەیەنـەو بـاسو ڕاڤـەی بکـە بـۆ خەڵکیو، بێگومان (التبليغ: گەیاندن) گەیاندنی قورئانو ڕاڤەی ماناکانیش دەگرێتەوە.

---

1 سورة (النساء ٥٩).

2 سورة (الحشر ٧).

3 سورة (النور ٦٣).

4 سورة (النحل ٤٤).

5 سورة (المائدة ٦٧).

کەواتە: سوننەت ڕونکردنەوەی قورئانەو، ڕاڤیاری ماناکانیەتیو، درێە باسە بۆباسە کورتەکانی، هەروەك ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەم پرسە، لە بابەتی سوننەتدا دواترو لە جێگای خۆیدا دێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، قورئان، کە کتێبی خوای پەروەردگارە، بنەمای سەرجەم بنەماکانەو، سەرچاوەی سەرچاوەکانەو، چاوگی سەرجەمی بەڵگەکانە[1].

١٤٤- ڕیزبەندی بەڵگەکان:-

باسی ئەو بەڵگانەمان کرد، کە کۆکبوونی نێوان زانایانی لەسەرەو، هەروەها باسی ئەوانەشییمانکرد، کە ڕاجیایی ئەوانی لەسەرو، گوتمان کە قورئان سەرچاوەی سەرجەمی بەڵگەکانەو، چاوگییەکەو، بۆیە ئاساییو شتێکی بەڵگە نەویستە، کە یەکەم بێتو، لە پێشتر بێت، لەوەیدا بۆی بگەڕێینەوە، لە کاتێکدا کە ویستمان حوکمێکی شەرعی بناسینو بزانین، بۆیە ئەگەر حوکمەکەی تیادا دەست نەکەوت، ئەوا پێویستە بگەڕێنەوە بۆلای سوننەت، چونکە سوننەت ڕاڤیاری قورئانەو، ڕوونکەرەوەی ماناکانیەتیو، ئەمیش هەردیسان بەڵگە نەویستەو ئاساییە لە بگەڕینەوەبۆلای هەرکات حوکمەکەمان لە قورئانێدا دەست نەکەوتو، جا ئەگەر حوکمەکە لە سوننەتو فەرموودەشدا نەبوو، ئەوا پێویستە کە بگەڕێنەوە، بۆ کۆڕای زانایانی (إجماع) چونکە پاڵشتی ئیجماع، یان دەقی قورئانە، یان دەقی سوننەتەو، ئەگەر لەو پرسدا ئیجماع نەکرابوو، ئەکاتە پێوستیە کە بگەڕێنەوە بۆ (قیاس).

بۆیە ڕێزبەندی بەڵگەکان، لە گەڕانەوەدا بۆلایانو لە هەڵێنجانی حوکم لێیانەوە دەبێت بەم ڕێز بەندو شێوازە بێت، قورئان، پاشان سوننەت، ودواتر ئیجماعو پاشان قیاسکردنو، جەماوەری شەرعزانەکان لەسەر ئەم کۆکن، ئەوانەیان کە ئیجماعو قیاس بە بەڵگە دەزانن، بە دوو سەرچاوەی حوکمی شەرعییان دا دەنێن، لە پاڵ قورئانو

---

1 الموافقات، للأمام الشاطبي، ب٣، ل٤٢-٤٣.

سوننەتداو، بەڵگەو شوێنەوار گەلێکی زۆر هەن، کە پاڵپشتی لەو ڕیزبەندییەی بەڵگەکان دەکەن، کە جەماوەری زانایان لە سەری ڕێککەوتوون لەوانە:

١- پێغەمبەر (ﷺ) بەموعازی کوڕی جەبەلی خەا لێی ڕازی بێت کاتێك کەناردی بۆیەمە، پێی فەرموو: ئەگەر پرسێکت هاتە بەردەم بەچیو چۆن دادگاییان دەکەیتو بریار دەدەیت؟ ئەویش گوتی: بەقورئان بڕیار دەدەم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی، ئەگەر لە قەرئاندا نەبوو، موعاز گوتی: بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بڕیار دەدەمو، پێغەمبەریش فەرمووی (ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)ولەقورئانەکەی پەروەردگاریشدا نەبوو؟ موعاز گوتی بەڕای خۆی ئیجتیهاد دەکەمو هیچ خەمساردییەکی تیادا ناکەم، جا پێغەمبەر (ﷺ) کێشای بەسەر سینگیداو فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە نێردراوی پەیامبەری خوای خستەسەر ئەو ڕشەوتەی کە پەیامبەری خودا(ﷺ) پێی ڕازییە[1].

ڕەهەندی بەڵگە بوونی ئەم فەرموودەیە: لەم پرسەدا ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) قسەکەی موعازی سەبارەت بە ئیجتیهاد کردن، لە شتێکدا کە لە قورئانو سوننەتدا نەبێت، پەسند کردو، قیاسیش بەشێکە لە بەشەکانی ئیجتیهاد کردن بە ڕەئی.

٢- لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە، گێڕدراوەتەوە، کە گوتویەتی پێشەوا ئەب بەکری صدیق خوا لێی ڕازی بێت ئەگەر کێشەی بهاتایەتە بەردەست، ئەوا بۆ چارەسەرەکەی لە قورئان ڕادەما، ئەگەر هەبوایە، بەپێی قورئان بڕیاری دەداو، ئەگەر لە قورئاندا نەبوایە، تەماشای سوننەتی پێغەمبەری (ﷺ) دەکرد، ئەگەر لەسوننەتدا هەبوایە، ئەوا بەپێی سوننەت بڕیاری لەسەر دەدا، جا ئەگەر چارەسەری لەو دووانەدا دەست نەکەوتایە، ئەوا ئەهلی حەلو عەقدو سەرانی خەڵکی کۆدەکردەوەو، ڕاوێژی پێدەکردنو، ئەگەر لەسەر

---

1 تیسیر الوصول، لأبن البدیع الشیباني، ب٤، ل٥٥.

ڕایەك كۆ ببونایەتەوە ئەوا بەپێی ئەو ڕایە بڕیاری دەداو، هەروەها هاوپێشەوا عومەری کوڕی خەطابیش هەر بەم شێوازەی دەکرد[1].

٣- پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب بەشورەیحی قازی کوفەی گوت: بەپێی قورئان بڕیار بدە، ئەگەر لە قورئاندا نەبوو، ئەوا بە پێی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاربدەو، ئەگەر لەوێشدا نەبوو، ئەوا بەپێی ئەوەی کە پێشەواکانی هیدایەت بڕیاریان لەسەرداوە، تۆیش بەو شێوەیە برشیار بدە، ئەگەر لەوێشدا نەبوو، ئەوا بەرای خۆت ئیجتیهادیکەو، لەگەڵ زانایانو پیاوچاکان ڕاوێژبکە[2]و، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیش خا لێی ڕازی بێت، قسەیەکی لەم جۆرەی فەرمووە[3].

بەشی یەکەم:

بەڵگەی یەکەم: قورئانی پیرۆز

١٤٥- پێناسەی قورئانی پیرۆزو، بە بەڵگە بوونی:

قورئانی پیرۆز، لەو ناسراوترە، کە پێناسە بکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا زانایانی ئوصولی فیقە، هەر پێناسەیان کردووەو، چەندەها پێناسەیان بۆ داناوەو، هەر یەکێك لەو زانایانە هەوڵی داوە، کە پێناسەکەی خۆی کۆکەرەوەو پڕ بەپێستی خۆی بێت[4]و، شتی زیادەو ناپێویست لێ بەرگری کرابێتو، لێی دوور خرابێتەوەو، پێناسەکە پڕاو پڕی خۆی بێت.

لەو پێناسەیەیش، ئەمەیە کە دەڵێت: قورئانی پیرۆز، پەڕراوەیە کە نێردراوەتە سەر پەیامبەری خودا موحومەد (ﷺ) کە لە چوار چێوەی پەڕاوو دەفتەرەکاندا

---

1 إعلام الموقيعن، ب١، ل٥١.

2 إعلام المقيعين، ب١، ل ١٧١.

3 الإعلام الموقيعين ب١، ل٥٢.

4 لەم کتێب گەلەدا سەیری ئەو پێناسە جیاوازانە بکە، حاشية الأزهيري على مرأة الأصول، ب١، ل٨٦-٨٧، والأميدي، ب١، ل٢٢، وشرح مرقاة الوصول، ب١، ل٩٣-٩٦، والتوضيع والتلويح، ب١، ل ٣٦ وامسطفى، للأمام الغزالي، ب١، ل٦٥.

نووراوەتەوەو، بەگێڕانەوەی موتەواتیرو، بێ گومان لەو پەیامبەرەوە (ﷺ) بە ئێمە گەیشتووە[1].

ڕایی جیایی لە نێوان موسڵمانانەدا نییەو، سەرجەمیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ورئان بەڵگەیە بۆ سەرجەمی باوەڕداران، بەتاك و کۆو، سەرچاوەی یەکەم و تەنهای شەرع دانانەو، بەڵکو بەڵگەو حوجەتە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتیو، بەڵگەیش لەسەر حوجەتو بە بەڵگە بوونی قورئان ئەوەیە کە لەلایەن زاتی پەروەردگارەوە هاتووەو، بەڵگەی ئەم لەلای خوداوە بەەنەیش ئەوەیە، کە دەستەوەستان کارەو، موعجیزەیە، هەروەك کەمێکی تر ڕوونی دەکەینەوەو، کە ئەوە چەسپا، لەلای خوداوە هاتووە، بەبەڵگەی ئەوەی کە موعجیزەیە، ئەو کاتە پێوستیە هەموولایەك پابەندی بن.

١٤٦- تایبەتمەنییەکانی قورئانی پیرۆز:-

یەکەم: قورئانی پیرۆز، کەلای خوداووەندە، کە نێردراوەتە سەر پەیامبەری خۆی، کە موحەمەدە (ﷺ)و پەڕاوە ئاسمانیەکانی تری، وەك تەوراتو ئینجیلو هتد... بە بەشێك لە قورئان نایەن ئەژمار، چونکە بۆسەر پێغەمبەر(ﷺ) نەنێردراون.

دووەم: قورئان کۆکەرەوەی لەفزو مانایە، پێکەوە، واتە: شتێکە بەهەمان لەفزو هەمان مانەوە نێردراوەو، لەفزەکەی بەزمانی عەرەبی هاتووە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا﴾[2] ئێمە قورئانمان بەزمانی عەرەبی داناوە، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا لەفزێکی غەیرە عەرەبی نییە، ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێت: سەرجەمی پەڕاوەکانی پەروەردگار بەزمانی عەرەبی نێردراونەتە خوارەوەو، هەروەها دەفەرموێ: لە پەڕاوی پەروەردگاردا شتێك نییە، کە بەزمانی غەیری عەرەبی هاتبێت[3]،و بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە، فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بە

---

1 أصول البزدوي، ب١ ل ٢١-٢٣.

2 الزخرف (٣).

3 الرسالة، للمام الشافعي، ل ٤٠-٤٢.

قورئان حساب نەکراون، چونکە لەفزەکانیان هی خوای پەروەردگار نین، هەر چەندە ماناکەیان لە سروش (وەحی) خودا وەرگیراوەو، هەروەها تەفسیری قورئان سەربە قورئان حساب نەکراوە، هەر چەندە عەرەبیش بێت‌و، هەروەها وەگێڕانی عەرەبی بۆ زمانێکی تر، هەر بەقورئان دێتە ئەژمار.

سێیەم:– قورئانی پیرۆز بە موتەواتیری گەیشتووە بەئێمە، واتە: قورئان خەڵکانێك گەیاندویانەتە دەستمان، کە گومان نابرێت، ئەو خەڵکە زۆرو خاوەن متمانەیە لەسەر درۆ ڕێك بکەون‌و کۆ ببنەوە، چونکە ژمارەیان زۆرەو، خاوەن پێگەی جیاوازن‌و، ئەوانیش لە کەسان‌و خەڵکانی تری وەك خۆیان وەریانگرتووەو، تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئاوایەو سەرەتای گێڕانەوەکە وەك کۆتاییەکەی وایەو، ناوەڕاستەکەی‌وسەرتاو کۆتاییەکەی‌و دوولایەکەی یەکێکن‌و وەك یەك وان[1]و، لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو خۆرە خوێندەوارانەی (قراءات) کە بەموتەواتیری بە دەستمان گەیشتوون بە قورئان حساب ناکرێت، وەك ئەوەی کە گێڕدراوەتەوە، لە عبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە ئەم ئایەتەی قورئانی بەم شێوازە خوێندۆتەوە، ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ﴾[2]، کە ووشەی (متننابعات)ی بۆ زیاد کردووەو، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، بەوە دانراوە کە تەفسیری ﴿ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ﴾ دەکات لەسەر ڕای ئیبن مەسعود دەبێت، ئەو سێ ڕۆژ ڕۆژووە بەسەر یەکەوە بێت‌و پچڕپچڕ نەبێت.[3]

چوارەم: قورئانی پیرۆز لە زیادەو کەمکردن پارێزراوە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩﴾[4]، ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو هەر ئێمەش

---

1 أصول البزدوي، ب١، ل٢٨٢.

2 سورة (البقرة ١٩٦– المائدة ٨٩).

3 المستصفى، للإمام الغزالي، ب١، ل٥٦.

4 سورة (الحجر: ٩).

دەیپارێزین، بۆیە هیچ کەمو کورتیو زیادەیەکی تیادانیەو هیچ کەسێك ناتوانێت، کە شتێکی لەسەر زیاد بکات یان کەم بکات، چونکە خوای پەروەردگار خۆی پاراستنەکەی لە ئەستۆ گرتووەو هەر شتێکیش پاراستنی لە دەست پەروەردگاردا بێت، دەستی هیچ خراپەکارو بەدکارو هەرزەکارێکی پێ ناگات.

پێنجەم: قورئان موعجیزەیە، مانای ئەمەیش ئەوەیە کە سەرجەمی مرۆڤایەتی دەستەوسانە لەوەیدا کە نموونەیەکی وەك ئەو قورئانە بهێنێت، ئەم ئیعجازەی قورئان بەوەش چەسپاوە کە بێ منەتی خۆی ڕاگەیاندووە، لە بەرامبەر عەرەبە نکۆڵیکارەکاندا، کە بچن نموونەیەکی وەك قورئان بهێنن، کە چی دەستەوستان بوونو، نەیانتوانیو، دواتر بەرەنگاریان بوویەوەو، بێمەنەت بوون، بەرامبەریان، کە تەنها دەئایەت بهێنن، هەر دیسان دەستەوستان بوونو نەیانتوانیو، دواجار بەتەنها سورەتێك بێ منەتی کرد، بەرامبەریان، هەر نەیانتوانی بیهێنن، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ ﴾[1] واتە: بڵێ ئەگەر هەموو مرۆڤو پەرییەکان، بەڕەوانبێژوورياو زیرەکەکان کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بهێنن، هەرگیز ناتوانن، ئەگەر چی هەندێکیان پاڵپشو هاوکاری هەندێکی تریان بن، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو هێنانی وێنەی قورئان هەر ناتوانن.

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَـٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١٣﴾ ﴾[2] واتە: دەڵێن موحەمەد (ﷺ) خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووەو داویەتیە پاڵی خودا؟!

---

1 سورة (الأسراء/ ٨٨).

2 سورة (الهود/ ١٣).

پێیان بڵێ، جا ئێوه ئەگەر ئەو قورئانە بە درۆو هەڵبەستراو دەزانن دەسا فەرموون، ئێوەش، دەسورەتی هەڵبەستراوە، وەك خۆتان دەڵێن، وەك ئەو بهێنن، كە لە هەموو ڕوویەكەوە وەك ئەو وابن، هەر كەسیش دەتوانن، جگە لە خودا، بانگی بكەن‌و بۆ هاوكاریتان، ئەگەر ڕاست دەكەن، دەڵێن ئەم قورئانە درۆو هەڵبەستراوە !

هەروەها خوای پەروەردگار دەەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾[1] واتە: ئەگەر سەبارەت بەو قورئانەی ئێمە نارومانەتە سەر بەندەی خۆمان موحەمەد (ﷺ) ئێوە دوودڵ‌و بەگومانن، ئاخۆ ڕاستە یان نا...؟! ئادەی هەوڵ بدەن هیچ نەبێ، بچوكترین سورەتێك وەك ئەو بهێنن، بۆ ئەوەیش شایەت‌و هاوباوەڕەكانتان، ئەوانەی وا لەكاتی تەنگانەدا پەنایان بۆ دەبەن، بێجگە لەخوا، بانگ بكەن،ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن، كە دەڵێن: موحەمەد خۆی هەڵیبەستیوە، خۆ ئێوەیش خۆشخوان‌و ڕەوانبێژن، دەسا فەرموون وەك كورترین سورەتی ئەو قورئانە، وێنەیەك بهێنن، خۆ ئەگەر هیچتان بۆ نەكرا،كە هەرگیز هیچتان پێ ناكرێ، دەساوەرن باوەڕ بهێنن‌و، خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی كە دەستە چیلەو هەڵگیرسێنەرەكەی جەستەی ئادەمی‌و بەردە، دان بەوەیشدا بێنن، كە ئەم قورئانە لەلایەن خوداوە هاتووە، دەنا دەبنە سوتەنەنی ئەو ئاگرەی، كە ئێستا بۆ كافران‌و بێ باوەڕان ئامادە كراوە.

جا سەرەڕای ئەم بەرەنگاری‌و بێ منەتییە، كە هیممەتی مرۆڤەكان دەهەژێنێت‌و، دەیانخاتە بەردەم هەوڵی بەرەنگار بوونەوە، عەرەبەكان لە بەرەنگاری كردنی دەستەوەستان بوون، سەرەڕای ئەوەیش كە هەل‌و مەرجیان لەبار بوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەو، هیچ ڕێگرییەك لە ئاردا نەبوو، جا سەبارەت بە بوونی هەوڵ‌و مەرجی

1 سورة (البقرة ٢٣-٢٤).

لەبارو پاساو ئەوەیە کە عەرەبەکان بەتەواوی سوور بوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیامو بانگەوازەکەی پێغەمبەر موحەمەد (ﷺ)، جا ئەگەر بیانتوانیایە، پەنایان دەبردە بەر ئەو شتەکەی کە پێچەوانەی قورئانەو، هەڵوەشێنەرەوەی بانگەوازەکەی موحەمەدە (ﷺ)و سەبارەت بە نەبوونی ڕێگریو لەمپەڕ لەسەر بەرەنگاربوونەوەیان ئەوەیە کە عەرەبەکان خۆشخوانو ڕەوانبێژبوونو زمان پاراو بوونو، زانای تەواو بوون، بەزمانی عەرەبیو، خاوەن دەسەڵاتو پێگە بوون، بۆیە کە دەستەوستانیان چەسپا ئەویش جێگیر بوو، کە ئەو قورئانەی بە عەرەبی هاتۆتە خوارەوە، پەراوی خوای پەروەردگارەو، موحەمەدیش (ﷺ) پەیامبەری هەقو ڕاستی ئەو خوداوەندەیە.

١٤٧- ڕەهەندەکانی ئیعجازی قورئانی پیرۆز:-

ئیعجازی قورئان زۆرن، لەوانە:

١- ڕەوانبێژی قورئان، بوویە هۆی سەرسامیو ملکەچ بوونو هیستریای عەرەبەکانو، بەجۆرێك سەرسامی کردن کە ئەو ڕەوانبێژییە لە پێشتردا لە هیچ کەلامێکی تردا نەبووە، چ شیعر، چ پەخشان،و سەرەڕای گشتگیری قورئان بەسەر باسو خواسە جیاوازەکانو، حوکمە جیاوازەکانو دابەزینیان لە کاتی جیاوازداو، دووڵەیەکتر هەر ئەم ڕەوانبێژەیە لەسەراپای بەشەکانی قورئانی پیرۆزداو، لە پلەیەکی بالادا بوونی هەیە.

٢- هەواڵدانی بەڕوودانی ڕووداو گەلێك لە داهاتوودا، کە دواتر بەکردەوە ئەو ڕووداونە ڕوویانداوە، لەوانە فەرمایشی قورئان کە دەفەرموێ: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضۡعِ سِنِينَ﴾[1]. واتە: سەرەتا ئەم ئەلف، لام، میمە، پیت گەلێکن، کە هێماو ئاماژەن بۆ دەستەوستانی عەرەبەکان بەرامبەر بەقورئانو دواتر هەواڵ دەدات کە ڕۆمەکان بەدەستی فارسەرکان تێکشکان. لە بەشێکی زۆر نزیك بە وڵاتی عەرەبەکانەوە، کە دەکەوێتە نێوان ئوردردنو فەڵەستینو،

1 سورة (الروم/ ١-٤).

ئەوانەیش (ڕۆمەکان) پاش زاڵبوونی فارسەکەان بەسەریاندا زاڵ دەبنەوەو، لە چەند ساڵێکدا، واتە لە نێوان (٣-٩) ساڵدا، ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا دیسان زاڵ دەبنەوەو، دوای حەوت ساڵ ئەم هەواڵە وەك خۆی هاتە دیو وادەرچووو، فارسەکان تێکشکان!

٣- هەواڵدانی قورئان بە کۆمەڵە ڕووداوێك کە لەسەر دەمی گەلە پێشووەکاندا ڕووی داوە، لە کاتێکدا کە ئەم زانیاریانە بە هیچ جۆرێك لای عەرەبەکان زانراو نەبوون‌و نادیار نەبوو، چونکە هیچ نیشانەیەك نەبوو، کە بەڵگە بێت، لەسەر شوێنەواری ئەو گەلە پشتیوانەو، زانیاری لەسەریان‌و، قورئانیش ئامازەی بە هەواڵگەلێکی لەم جۆرەی کردووە، کە دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا﴾[1]، واتە: ئەم هەواڵ‌و دەنگ‌و باسانە، بەشێکە لەو هەواڵە نادیارانە، خۆمان بە وەحی پێت ڕادەگەیەنین ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەتۆ دەزانی بەر لە هاتنی ئەم قورئانە، نەتەوەکەیشت دەیزانی !

٤- ئامازەدانی قورئانی پیرۆز، بە هەندێ لە ڕاستیە کانی بونەوەر، کە زانستی نوێ چەسپاندونی‌و، پێشتر نەزانراو بوون، وەك پەروەدگار دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾[2] واتە: ئاخۆ، خوانەناسان‌و بێ باوەڕان نەیانبینیوە، واتە: بە چاوی دڵ سەیریان نەکرد، تابزانن کە بێگومان ئاسمانەکان‌و زەوی یەکپارچە بوون‌و هەردوو پێکەوە نووسابوون/ نەئەم بارانی دەباراند نە ئەویش ڕووەکی سەوز دەکرد، جا لەوەدوا ئێمە لەیەکمان کردنەوەو، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندومان دروستکرد، ئاخۆ هێشتا بڕواناکەن‌و ناهێنن، بە دەسەڵاتی خوای مەزن.

---

1 سورة (هود/ ٤٩).

2 سورة (الأنبياء/ ٣٠).

هەروەها قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ ﴾[1] واتە: باكانیشمان ناردن، بۆ موتروبەكردنی هەورەكان، واتە: (با) هەورەكان بەسەر یەكتریدا ئەكوتیو، ئەوجا ئاویان لێ پەیدا دەبێت، هەر وەك وشتری مێ بەنێرەكەی موتروبە دەكرێ، هەوەرەكانیش بە (با) كان موتروبە دەكرێت!

١٤٨- ئەحكامەكانی قورئانی پیرۆز:-

قورئانی پیرۆز، حوكمی زۆرو جۆراو جۆری لە خۆ گرتوون، كە دەكرێت، بۆ سێ بەش دابەش بكرێت:

بەشی یەكەم: ئەحكامەكانی پەیوەست بە بیروباوەڕ، وەك باوەڕ بوون بە خوداو فریشتەكانو پەڕاوەئاسمانیەكانو پێغەمبەرانو ڕۆژی پەسڵانو، ئەمانەیش ئەحكامی بیرو باوەڕنو ئیعتیقادینو، لە زانستی یەكتا پەرستی (التوحید)دا، توێژینەوەیان لەسەر دەكرێت.

بەشی دووەم: ئەحكامەكانی پەیوەست بە پاكردنەوەو بەهێزكردنی دڵو دەرونو، ئەمانەیش ئەحكامی ئەخلاقینو، لە زانستی ئەخلاقو تەصەوەفدا توێژینەوەیان لەسەر دەكرێت.

بەشی سێیەم: ئەحكامە پڕاكتیكیەكان (العملیة) ئەوانەی كە پەیوەستن، بە گوفتارو كرداری ئەو كەسانەی كە تەكلیفی شەرعیان لەسەرەو مەبەست لەمەیش (فقه)ـە، و ئەو ئەحكامانەیش، حوكم گەلێكن كە ئامانجی زانستی فیقهـ، و زانستی ئوصولی فیقهـ، ناسینی ئەمانەیەو بەدەستهێنانیانەو، ئەم ئەحكامانەیش دوو جۆرن:-

جۆری یەكەم: پەرستشەكانی، وەك نوێژ كردنو ڕۆژووكرتنو، مەبەستو ئامانج لێیان، ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی بەندەیە لەگەڵ زاتی خوای پەروەردگاردا.

جۆری دووەم: ئەوشتانەن كە لە غەیری پەرستشەكانن، كە لەزاراوەی شەرعزانەكاندا، بە كڕینو فرۆشتنەكان (معامەلات) ناوزەرد كراون، كە ئەویش ئەو حوكمانە دەگرێتەوە،

---

1 سورة (الحجر/ ٢٢).

کە دەچنە چوار چێوەی یاسا تایبەتی‌و گشتییەکانەوە، بەپێی زاراوەی یاسای نوێ‌و، مەبەست لەم یاسایانەیش ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانەو، هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندی تاك بە کومەڵگەو، کۆمەڵ بەکۆمەڵ‌و، ئەمانەیش بریتین لە[1]:

أ- ئەحکامەکانی تایبەت بە خێزان، کە ئەم ئەحکامانەیش دەچنە چوار چێوەی ئەو یاسایەی کە بەیاسای خێزان نازەر دکراوە، یان بەرپرسەکانی باری کەسێتی ناونراوە، وەك ژن مارە کردن‌و، ژن تەڵاقدان‌و، کوڕایەتی‌و وەچەسازی‌و ڕەچەڵەك‌و چاودێری‌و هتد....و مەبەستیش لەمانە بنیاتنانی خێزانە، لەسەر بنەماگەلێکی بەهێزو، ڕونکردنەوەی مافو ئەرکەکانی تاکەکان‌و نزیکەی حەفتا ئایەت، لەم بارەیەوەو، سەبارەت بە ئەحکامەکانی خێزان لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون.

ب- ئەو ئەحکامانەی کە پەیوەستن، بە مامەڵەداراییەکانی تاکەکان، وەك، کڕین‌و فرۆشتن‌و، بەبارمتەدان‌و، دیکەی گرێبەستەکان، کە ئەمیش لەناو چوار چێوەی یاسامەدەنییەکاندایەو، ئەمیش نزیکەی حەفتا ئایەتی دەربارەی هاتووە.

ج- ئەحکامەکانی پەیوەندیدار بە داگاو شایەتیدان‌و سوێند خواردن‌و، مەبەستیش لەمانە ڕێکخستن ڕێ‌و شوێنەکانی دادگاو بڕیاردانەکانە، بەمەبەستی چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکیداو، ئەمەیش دەچێتە چوار چێوەی ئەو یاسایانەی کە بەیاسای دادگەری‌و سکالابردنەسەر دادگا ناسراون‌و، نزیکەی (١٣) ئایەت لەم بارەیەوە هەن.

د- ئەحکامەکانی تایبەت بە تاوان‌و سزاکانی‌و، ئەمەیش کە پێکهێنەری یاساو تاوانەکانە لە ئیسلامداو، نزیکەی (٣٠) ئایەت لەم بارەیەوە هەن‌و، مەبەست لەم ئەحکامانە پاراستنی خەڵکی‌و شەرەفو ماڵ‌و موڵکی خەڵکانەو، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئاسودەیی‌و ئاسایش لەناو کۆمەڵگەدا.

---

1 الشيخ عبدالوهاب خلاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧و دواتر.

هـ- ئەحكامەكانی تایبەت بە سیستمی حوكمو، ئاستی پەیوەندی نێوان دەسەلاتو كۆمەلگەو ڕوونكردنەوەی مافو ئەركەكانی هەریەكە لە دەسەلاتدارو خەلكو ئەمەیش بەیاسای دەستووری ناوزەرد كراوەو، نزیكەی (دە) ئایەت لەم بارەیەوەن.

و- ئەحكامەكانی پەیوەندیدار بە مامەلەی دەولەتی ئیسلامین، بەدەولەتانی ترەوە، (دیبلۆماسیەت)و، ئاستی ئەو پەیوەندیە دیبلۆماسییانەو، شێوازی ئەو پەیوەندییانە لە هەردوو كاتی ئاشتو جەنگداو، هەروەها ئەو ئەحكامانەی تر كەلەم بارەیەوە بەدی دێنو، دێنە بەردەمو، هەروەها ڕونكردنەوەی پەیوەندیەكانی خەلكانی بێگانەی نیشتە جێ لە دەولەتی ئیسلامیدا، لەگەل ئەو دەولەتە ئیسلامییەداو، هەندێ لەم ئەحكامانە دەچنە چوار چێوەی یاسا گشتییە نێودەولەتییەكانو، هەندێكیشیان دەچنە چوار چێوەی یاسا تایبەتییە نێو دەولەتییەكانو، نزیكەی (٢٥) ئایەت لەم بارەییەوە هەن.

ز- ئەحكامە ئابورییەكان: ئەم ئەحكامانەیش پەیوەندیدارن، بەسەرچاوە داراییەكانی دەولەتو، چۆنیەتی سەرفكردنیانو، هەروەها پەیوەستن بەمافی تاك، لە مولكی دەولەمەندەكاو، ئاستی سوودمەندبوونیان لەو سامانەی سەرمایەدارنو، نزیكەی (دە) ئایەت لەم بارەیەوە هاتوون.

١٤٩- شێوازی ڕونكردنەوەی ئەحكامەكان لە قورئانی پیرۆزدا:-

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ تِبْيَـٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾[1] واتە: قورئانمان ناردۆتە سەرت، كە ڕوونكەرەوەی گشت شتێكەو، هەروەها دەفەرموێ: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَـٰبِ مِن شَىْءٍ﴾[2] واتە: هیچ شتێكمان لەم قورئانەدا فەرامۆش نەكردووەو نەپەڕاندووە، كەواتە قورئانی پیرۆز ڕوونكردنەوەو ڕاڤەی سەرجەم ئەحكامە شەرعسیەكانی تیادایە، بەلام ئەم ڕونكردنەوەیە لەسەر دوو جۆر پێكهاتووە:

---

1 سورة (النحل/ ٨٩).

2 سورة (الأنعام/ ٣٨).

جۆری یەکەم: باسکردنی یاساو بنەماو ناوەڕۆکە گشتییەکانی شەرعو باسکردنی ئەحکامەکان بەگشتیو پوختی، نموونەی ئەو یاساو ڕێساو بنەمایانەی کە بناغەی شەرعدانانن، بەگشتیو لقو پۆپەوە وەك، ئەمانەی خوارەوە:

أ- ڕاوێژکردن (الشوری) وەك، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ﴾[1] واتە: کاری ئیمانداران لە سەر بنەمای ڕاوێژکردن بنیات دەنرێتو، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ﴾[2] واتە: لە کارەکاندا ڕاوێژیان پێ بکە.

ب- دادپەروەری (العدل)، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ﴾[3] واتە: خودای مەزن فەرمان دەکات، بە دادپەروەری، هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِ﴾[4] واتە: خودای مەزن فەرمانی کردووە، کە سپاردە بدەنەوە، بە خاوەنەکانیان، وەك خۆیو، بێ خیانەت کردن تیایداو، هەروەها کە فەرمانداری خەڵکتان کرد، ئەوا بەدادپەروەرانە ئەو فەرمانداریيە ببەن بەڕێوە.

ج- مرۆڤ بەرپرسیارە لە کردەوەکانی خودی خۆیو پرسیاری لێ ناکرێت، لەسەر تاوانی خەلچکانی تر، وەك قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾[5] واتە: کەس بەرپرسیار نییە لە تاوانی کەسێکی ترو، تاوانی کەسێکی تر ناخرێتە سەرشانیو لە ئەستۆی ناگرێت.

---

1 سورة (الشوری- ٣٨).

2 سورة (آل عمران/ ١٥٩).

3 سورة (النحل/ ٩٠).

4 سورة (النساء/ ٥٨).

5 سورة (الأنعام/ ١٦٤).

د- سزادان بەپێی تاوانەکە دەبێت، وەك قورئـان دەفـەرموێت: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ﴾[1] واتە: سزای خراپ سزایەکی شیاوی وەك ئەو خراپەو تاوانەی هەیە، نەك زیاتر.

هـ- حەرامی موڵکی خەڵکانی تـر، وەك قورئـان دەفـەرموێ: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ﴾[2] واتە: سامانو دارایی یەکتر بـەناڕەواو نادروسـت لـە نێو خۆتاندا مەخۆنو، مەیشی دەن بە حاکمو کاربەدەستان، تا بەناڕەوا بەشێك لە مـاڵو سـامانی مـەردوم بخـۆن، بـۆ خۆشـیان چـاك دەزانـن، کەئـەو جـۆرە کارانـە نادروسـتو نارشەوان.

و- هاوکاری کردن لەسەر چاکەو لەسەر ئەشتانەی کە خێرو سودی گەلی تیادایە، وەك قورئـان دەفـەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾[3] واتـە: لەسەر چاکەو خواناسی هاوکاری بکەنو، لەسەر خراپەو دوژمنایەتی هاوکاری مەکەن.

ز- پابەندبوون بەئەرکەکانـەوەو، پەیامەکانـەوە، وەك قورئـان دەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ﴾[4] واتـە: ئـەی کەسـانێ کـە بڕواتـان هێنـاوە، پابەنـدبن بـە گرێبەستو پەیمانو مامەڵەکانتانەوە.

ح- نـەبوونی سـەختیو سـەختگیری لـە دینـدا، وەك پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ﴾[5] واتە: خودای مەزن، لـە ئایندا هیچ شتێکی سەختی نەخستۆتە سەرشانی ئێوە.

---

1 سورة (الشورى/ ٤٠).

2 سورة (البقرة/ ١٨٨).

3 سورة (المائدة/ ٢).

4 سورة (المائدة/ ١).

5 سورة (الحج/ ٧٨).

ی- کاره زەرەرو رو پێویستیەکان، جاری وا هەیە دەبنە هۆی حەڵاڵ بوونی شتی یاساغو حەرامکراو، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ﴾[1] واتە هەر کەسێ لەبەر ناچاریو بێچ ئارەزوو، هەر بەئەندازەی پێویست بخوات، زیادە خۆری نەکات، هیچ تاوانو گوناهێکی ناگات، لە خواردنی ئەوشتە حەرامانەدا، سەبارەت بەو ئەحکامانەیش کە لە قورئانی پیرۆزدا، بەکورتیو پوختی (مجمل)ی هاتوون، بەدرێژی حوکمەکەیان نەهاتووە، وەك فەرمانکردن بەزەکاتدان، کە قورئان دەفەرموێت: ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ﴾[2] واتە: لە سامانەکانیان زەکاتو صەدەقە وەر بگرەو، هەروەها وەك پرسی کوشتنەوە (القصاص) کە قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾[3] واتە: ئەی خاوەنانی فامو ژیر، لە تۆڵە وەرگرتنەوەو کوشتنەوەدا ژیانی خۆشەوەیسانتان هەیە، چونکە ئەم یاسایە دەبێتە هۆی مانەوەی ژیانی مرۆڤو بەهۆیەوە مۆرڤەکان خۆیان بەدوور دەگرن، لە تاوانی خەڵك کوشتن.

جا لەم ئایەتانەدا، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا مەرجەکانی کوشتنەوەی باس نەکردووەو، لە سوننەتدا باسکراونو، هەروەها دەربارەی کرشینو فرۆشتنو سوخوارن (الربا)، کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾[4] واتە: خودای مەزن کرینو فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو، سووخواردنی یاساغ کردووە، جا سوننەتو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە، کە ڕوونکردنەوەی لەسەر کرینو فرۆشتنی حەڵاڵو مەرجەکانی داوەو، سووی حەرامو جۆرەکانی ڕاڤەو شی کردۆتەوەو، ئەم جۆرە ڕاڤەو ڕوونکردنەوەیەی ئەحکامەکان، ڕوونکردنەوەیەکی کورتو پوختنو، بەزۆریش

---

1 سورة (البقرة/ ١٧٣).

2 سورة (التوبة/ ١٠٣).

3 سورة (البقرة/ ١٧٩).

4 سورة (لبقرة/ ٢٧٥).

ڕوونکردنەوەکانی قورئـانی پـیرۆز لـەم جـۆرەنو، کـورتبڕو پـوختنو، هونـەرو حیکمـەتی هاتنی ئەحکامەکانی قوئـان لەسـەر شـێوازی یاسـاو ڕێـای گشتیو، بنـچێنەی ئەوەیەکـە هاتنیان بەم جۆرە لە بەر ئەوەیە کـە لـە کـاتی گۆڕانکارییـە تازەکانـدا، بـواری گونجـانو فراوانکردنیان هەبێتو، تەسکبیری نەدەن بە دەستەوە.

جۆری دووەم: ئەحکامە درێـژە پێـدراوەکان (الأحكـام التفـصيلية)، کـە ئەمانـەیش لـە قورئانی پیرۆزدا کەمنو، لەوانە ئەندازەی میرات بردنو، ئەنـدازەی سـزاکانی تاوانـەکانو، چـۆنیەتیو ژمـارەی تـەڵاقو، ڕوونکردنـەوەی لەسـەر ئـەو ژنانـەی کـە مـەحرەمنو مارەکردنیان دروست نییەو، هتد....

١٥٠- ڕەوشو شێوگی قورئـان لە ڕاڤەی ئەحکامەکاندا:-

قورئانی پیرۆز، شێوگیو شێوازی جیاجیای هەن، لـە ڕوونکردنـەوەی ئەحکامەکانـداو، ئەمەیش بە هۆی ئەو ڕەوانێژیو ئیعجازە مەزنەوەیە کـە ئـەو پـەڕاوە پـیرۆزە هەیـەتیو، هەروەها پـەڕاوی هیدایـەتو ڕێنمـونی خەڵکـەو، ئـەو جیـاوازی دەربڕینانـە، بەشـێکە لـە ڕەوانبیژیو ئیعاجزی قورئانو، بۆیە بەجۆرێك ئەو ئەحکامانە ڕوون دەکاتەوە، کە مـرۆڤن زیاتر هان بداتو، سووری بکات، لەسەر گوێڕایەڵی کردنیانو، دوورکەوتنەوە لەو شـتانەی کە نەهی لێکردوونو دژایەتی کردوونو، بۆیە ئەو شتانەی کە واجب، دەبینین بـە دەسـتە واژەی فـەرمانکردن (صـيغة الأمـر) دەری بڕیبـون، وەك قورئـان دەفـەرموێت: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِ﴾[1] واتە: شایەتیدان لەبەر خاتری خوا بەڕێكو پێکی ئەنجامی بـدەن، یـاخود بـەجۆرێ دەری بڕیـوە، کـە ئـەو کردەوەیـە لەسـەر ئـەو خەڵکـەی ئارشاسـتەیان کـراوە، نوسراوە، وەك قەرئان دەفـەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾[2] واتە: ڕۆژووی ڕەمەزانتان لەسـەر پێویـست کـراوە، وەك چـۆن

---

1 سورة (الطلاق/ ٢).

2 سورة (البقرة/ ١٨٣).

پێشتریش لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست بووە، تابە هۆی ئەم کردەوەیەوە لە خوابترسن و، هەروەها قورئان دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ﴾[1] واتە: کوشتەوەتان لە کاتی کوشتنی ناهەقدا، لەسەر نووسراوەو، پێویست کراوە.

جاری وا هەیە، ڕوونکردنەوەی دەستەواژەی واجب بوونی ئەو شتە فەرمان پێکراوە بەشێوەی باسکردنی پاداشتی بکەرەکەی و سزای ئەنجامدەرەکەی دەردەبڕێت، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ﴾[2] واتە: هەر کەس گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، دەچێتە بەهەشتەوە.

جاری واهەیە، کە شتی حەرام، ڕوونکردنەوەکەی بەشێوەی دەستەواژەی نەهێکردن دەبێت، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾[3] واتە: هیچ کەسێ لەسەر ناهەق مەکوژن، چونکە خودا ئەم کارەی حەرام کردووەو، بەرگری لێکردووە، کە بکرێت.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾[4] واتە: بەدەستی خۆتان، خۆتان مەخەنە ناو مەینەتی و لەناو چوونەوە!

جاری وا هەیە، کە ڕوونکردنەوەی قورئان، لەسەر شێوازی هەڕەشە ئامێزو بەڵێندان دێت، لەسەر سزادانی بکەری ئەو کارە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾[5] واتە:

---

1 سورة (البقرة/ ١٧٨).

2 سورة (النساء/ ١٣).

3 سورة (الأنعام/ ١٥١).

4 سورة (البقرة/ ١٩٥).

5 سورة (النساء/ ١٠).

ئەوانەی کە موڵكو ماڵی بێ باوکان بەستەمکاری دەخۆن، ئەوا ئەو موڵکە دەبێتە ئـاگرو، خوا دەیخاتە سکیانەوەو، دەخرێتە ناو ئاگری بەتینی دۆزەخەوە.

هـەروەها پـەروەردگار دەەفـەرموێت: ﴿وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ نَارًا﴾[1] واتە: هەر کەس سەرپێچی خوداو پێغەمبەرەکـەی بکـاتو، سـنوروکانیان ببەزێنێت ئەوا دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هەڵبهێنجێت، دەبێـت ئـەو شـێوازانە بزانێـت، کـە قورئـان هەیـەتی لـە دەربڕینیداو، شارەزابێت، لە چۆنیەتی ڕوونکردنەوە ئەحکامەکان لە قورئانـداو، هـەروەها زانابێت، بەو شتانەی کە پەیوەندیدارن بەو دەقانەوە کە مانای واجب بـوون، یـان موبـاح بـوونی لێ دەفامرێتــەوە، ئەمــەی خــوارەوەیش ژمارەیەکـە لــەو یاســاو ڕێـساو بنــەما بەسودانەی کە لەم بوارەدا هەنو دانراون:

١- هـەرکارێك ئەگـەر بەدەسـتەواژەی واجـب بـوون هـاتبوو، ئـەوە واجبـەو، ئەگـەر بەدەستە واژەیێ هاتبوو، کە مانای مەندوب بوونی لێ بفامرێتەوە، ئەوە مەندوبـە، یـاخود ئەگەر لە قورئاندا بەشێوەی پیاهەڵدان، یان حەزپێکردن، یان ستایش کردن بـەکردنی ئـەو کارە هاتبوو، یان بەڵێن درابوو، بەپاداشـتی باشـی لەسـەری‌و، خـەڵاتکردنی بکەرەکـەی، ئەمەیش هەر بەسەر واجبو مەندوبەکانە.

٢- هەر کارێك ئەگەر بەدەستەواژەی حـەرام بـوونو، مـەکروهـ، بـوون دەر بڕدرابـوو، ئــەوە بێگومــان حەرامــە، یــا مەکروهــە، کــە ئــەو کــارە ئــەنجام بــدرێتو، ئەگــەر بەدەستەواژەیەك هاتبووە، کە مانای کردنی ئەنجامدانی ئەو کـارەی تیـا بفامرێتـەوە، لـە لایەن خودای مەزنەوەو لەلایەن شەرعەوەو، داوای کردبێت، کە لێی دوربکەونەوە، یاخود بـەجۆرێك بـاس کرابـوو، کـە سەرزەنـشتی تیـا دەفامرێتـەوەو، هـەروەها سەرزەنـشتی بکەرەکەی کرابوو، یاخود وادەربڕدرابوو، کە هۆکار دەبێت بۆ سزادانی بکەرەکەی‌و، یـان بۆ توڕەیی‌و خـەشمی پـەروەردگار، یـان هۆکاربێـت، بـۆ چـوونە نـاو ئـاگر، یـان نـەفرەت

1 سورة (النساء/ ١٤).

کرابێت، لە بکەرەکەی، یان کردەوەکە وا باس کرابوو، کە پیسە، یان خراپەکارییە، یاخود لە کردەوەی شەیتانە، یاخود بکەرەکەی بە ئاژەڵو شەیتاو، هتد.... ناوزەرد کرابوو، ئەمانە هەموو سەر بەحەرامو مەکروهەکەن، کە باسمانکرد.

٣- ئەگەر هەر کردەوەیەك، بەدەربڕینێك هاتبوو، کە موباح بوونی لێ دەفامرایەوە، وەك لەفزی حەڵاڵکردن، یان مۆڵەتدان، یان بەکارێك باسکرابوو، کە تاوان نییە، یان گوناه نییە، یان ئەوەی کە بەحەرامی داناوە، نکۆڵی لەو قسەیەی کرابوو، یان هتد.... ئەمانە سەر بەموباحوکونو، کردنیان دروستە.

١٥١- دەلالەتی قورئان لەسەر ئەحکامەکان:-

پێشتر باسمان کرد، کە قورئانی پیرۆز لە ڕووی گەیشتنی بەدەستی ئێمە، یەکلایی (قطعي الورود)ـەو، هیچ گومانێکی تیادا نییە واتە بە بێگومانو یەکلایی ئەوە چەسپاوە، کە بەڕێگەی موتەواتیر گەیشتووە بە ئێمەو، زانیاری بێگومانو دەڵ ئاسودەکەر (یقیني) دەدات، بە ئێمە ، چونکە بەدروستی گەیشتۆتە دەستمانو، کەواتەو بەم بۆنەیەوە ئەحکامەکانیش لە ڕووی چەشپاندنەوە یەکلاکەرەوەنو بێگومانن،(قطعي الثبوت)ن، بەڵام لە ڕووی دەلالەت کردنی لەسەر ئەحکامەکان، جاری وائەیە، دەلالەتەکەی قطعی یەو، جاری وائەیە کە دەلالەتەکەی یەکلاکەرەوە نییەو (ظني) یە بۆیە هەر کات دەربڕینەکەی نەتهاو تەنها یەك مانای دەگەیاندو هەڵدەگرت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەلالەتی ئەو لەفزە قطعی یەوەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾[1] واتە: لەو میراتە کە ژنانتان بە جێی دەهێڵن ئەگەر منداڵیان نەبێ، کوڕ یان کچ، لە دوو بەشەوە بەشێکتان هەیە، ئەگەر منداڵیشیان هەبوو، ئێوە ئەی مێردەکان، چوار یەکتان دەکەوێت، لەو کەلەپورەی ئەو ژنانەتان بە جێیان هێشتووە،

---

1 سورة (النساء/ ١٢).

ئەوەی تریش بۆ میراتبەرەکانی تر دەبێت، ئەمانەیش لەدوای ئەنجامدانی وەسیەتێك کردوویانە، یان دانەوەی قەرزو قۆڵەیەك کە لەسەریانە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖ﴾[1] واتە: کچو کوڕی داوێن پیس، لەسەر ئەو کردەوە خراپەیان، یەکی سەد شەلاقیان لێ بدەن.

لەم ئایەت گەلەدا (نیوەی میرات)و (چوار یەك)و (سەد شەلاق) هەموویان بە قەطعی دەلالەت دەکەن لە سەرمانە بەخشراوەکانیانو، سەرجەمیان تەنهاو تەنها یەك مانا دەگەیەنن، کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە.

جاری وا هەیە، کە دەلالەتی قورئان لەسەر مانای حوکمێك مانا هەڵگری مانای تریشە (ظني) یە، ئەگەر ئەو دەربڕینە مانای تری هەڵدەگرت، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ﴾[2] واتە: ئەو ژنانەی پاش چوونە لایان، تەڵاقدران، سێ پاکی دەبێ خۆیان بگرنو مێرد نەکەنەوە کە لێرەدا لەفزی (القروء) دەکرێت مەبەس پێی پاکبوونەوە لە بێ نوێژی (الطهور) بێتو، هەروەها دەکرێت، کە مەبەست پێی بێ نوێژی (الحیض) بێت، بۆیە لەگەڵ بوونی ئەم فەرمانەدا، دەلالەتی ئایەتەکە (ظني) دەبێت، نەك (قطعی) .

---

1 سورة (النور/ ٢).

2 سورة (البقرة/ ٢٢٨).

بەشی دووەم

بەڵگەی دووەم: سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٢- پێناسەی سوننەت:

سوننەت، لەزمانی عەرەبیدا مانایەکی هەیە،و لە زاراوەی لە شەرعزاناندا مانایەکی هەیەو، لەلای زانایانی ئوصولێش مانایەکی تری هەیە.

سوننەت لە زمانی عەرەبیدا : بریتیە لەو ڕەوتو ڕێبازەی کە بووە کە نەریتو پارێزگاری لەسەر ئەو شێوازەو نەریتەی کراوەو، لەسەر هەمان ڕەوتو ڕێبازو نەریت، ئەو کارە دووبارە دەکرێتەوە، هەروەك پەروەدگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا ٦٢ ﴾[1] واتە: ئەم سوننەتو نەریتو باوو بڕیارەی پەروەدگار، هەر پێشتریش سەبارەت بەگەلانی پێشوو هەر وابووەو، تۆنابینیت، کە لە سوننەتو نەریتو ڕەوشتی پەروەردگاردا گۆڕانکاری ڕووبدات، سوننەتی مرۆڤیش، بریتیە لەو ڕەتو ڕێگایەی کە پابەندە پێوەی لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیداو، پارێزگاری لەو شێوازو نەریتەی خۆی دەکات، ئیتر چونیەکە لەسەر ئەو کارە ستایش بکرێت، یان تەنانەت سەرزەنش بکرێت.

پاشان سوننەت، لە زاراوەی شەرعزاناندا، (إصطلاح الفقهاء) وەك ئەوەی کە هەندێکیان گوتویانە، بریتییە لەو پەرستشە سوننەتانەی کەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ ئێمە گوازراوەتەوە، وەتە: ئەوانەیان کە واجب نین، لەسەرمان[2]، بەلام ئەوەی کە لە کتێبە فیقهیەکان دەستمان دەکەوێت، ئەوەیە کە سوننەت لەلای شەرعزانەکان بۆ پەرستشی مەندوبو ئەوانەی بەکاردەهێنرێتو، جاری واهەیە کە سوننەت، لە فەرمایشتی هەندێ لە شەرعزاناندا بۆ بەرامبەری پێکردنی ووشەی (بیدعەت) بەکار دەهێنرێت، وەك

---

1 سورة (الأحزاب/ ٦٢).

2 الشوكاني، ل٣٣، الأميدي، ب١، ل٢٤١.

دەگوترێت/ فلانەکەس لەسەر سوننەتەو پابەندە پێوەی، ئەمە بۆ کاتێکە کە دەقاو دەق وەك سوننەتو کارو کردەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵە بکاتو ڕەوت بکاتو، کە دەگوترێت فلانەکەس بیدعە چییە، ئەمە بۆ کەسێکە کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) کار بکاتو بچێت بەڕێوە. پاشان سوننەتلە زاراوەی زانایانی زانستی ئوصولی فیقهدا، بریتییە لەو شتانەی، جگە لە قورئانی پیرۆز کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەرچاوەیان گرتبێت، لە گوفتارو کردارو دانە پاڵ (تقریر)[1]و، بۆیە سوننەت بە پێی ئەم پێوەندانگەی باسمان کرد، بەڵگەیە کە لە بەڵگەکانی ئەحکامو، سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی شەرعدانان.

١٥٣- سوننەت سەرچاوەی شەرعدانانە :-

گوتمان کە سوننەت سەرچاوەیەکە ئەحکامی شەرعی لێوە هەڵ دەهێنجرێتو، ئەمەش بەڵگەی قورئانو کۆڕای زانایانو بەڵگەی عەقڵی لەسەرە.

یەکەم: بەڵگەی قورئان :

أ- قورئان بەڵگەی لەسەر ئەوە تیادایە، کە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەری دەبڕێت، لەسەر شێوەی شەرعدانان، ئەوە لەسروشە (وەحی) یەوە، سەرچاوەی گرتووەو، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە ڕەوانە کراوە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤ ﴾[2] واتە: ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دەری دەبڕێت، لە خۆیەوە نییە، بەڵکو وەحیو سروشی خوای پەروەردگارەو ڕەوانەی کردۆتە سەریو، جا بۆیە فەرمانێکی پێغەمبەر (ﷺ) وەك قەرئان وایە، لەو ڕووەوە کە هەردووکیان واتە قەرئانو فەرموودە سەرچاوەکەیان وەحی پەروەردگارە بەلام ئەوەندە هەیە، کە

---

1 سورة (النجم/ ٣-٤).

2 سورة (النجم: ٣-٤).

سوننەت تەنها بە (مانا) نەك (لەفز) وەحی كراوەتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) و لەبەر ئەوەی كە قورئان واجبە پەیڕەوی لێوە بكرێت، چونكە لەلای خوای مەزنەوە هاتووە، هەر بەم شێوازەش واجبە كە پەیڕەوی لە فەرمایشتەكانی پێغەمبەریش (ﷺ) بكرێت، چونكە ماناكەیان لەخوداوەیە، كەبێگومان مەبەست هەر قسەو فەرمایشتێك، زیاتر ماناكەیەتیو، سوننەتیش ماناكەی لە وەحییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ب- خوای پەروەردگار ئەركی ڕونكردنەوەی ماناكانی قورئانی خستۆتە سەرشانی پێغەمبەر (ﷺ)و ئەوەی لەسەر داناوە كە ڕافەو شیكردنەوەی ئەحكام كورت بڕەكانی قورئان بكات، وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾[1] واتە: ئێمە قورئانمان بۆ تۆ ناردووە، ئەی موحەمەد (ﷺ)، تا بۆ خەڵكی ڕافە بكەیتو، مانای ئەو شتانەی كە تیایدایە، شی بكەیتەوە بۆیان، كە واتە ڕوون كردنەوەو ڕافەو شیكردنەوەی قورئان بەشێكی تەواوكەری قورئانەكەیەو، شتێكی پێویستو زەرەرییە بۆ بەدەسهێنانی حەكمی شەرعیو، زانینی ئەو شتانەی كە داواكراونو، بۆیە سوننەت بەڵگەیەكە لە بەڵچەكانی ئەحكامی شەرعی.

ج- دەقی زۆر زۆر لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، كە بەشێوەیەكی یەكلاكەرەوە (قاطع) بەڵگەن لەسەر پێویستی پابەند بوون بە پەیرشەوی كردنی سوننەتەوەو، پابەند بوون پێیەوەو، هەروەها دانانی وەك سەرچاوەیەكی شەرعدانانو سوود وەرگرتن لێی، بەمەبەستی هەڵێنجانی، ئەحكامەكانی شەرعو، ئەو دەقانەی كە بەڵگەن لەسەر ئەم قسەیەی كە باسمان كرد، بەشێوازی جۆراو جۆر هاتوونو، بەدەستە واژەی جیاجیا دەركەوتوون، كە فەرمان دەكەن، بە گوێڕایەڵی كردنی پێغەمبەر (ﷺ)و گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بەگوێڕایەڵی كردنی خودای مەزن دادەنێنو، ئەو ئایەتانە فەرمان دەكەن، كە لە هەر شتێكدا ڕاجیایی دروست بوو، بگەڕێنەوە بۆلای قورئانو سوننەت بەمەبەستی چارەسەر كردنیو، هەروەها فەرمان دەكەن، بەگرتنو پابەند بوون بەو

---

[1] سورة (النحل: ٤٤).

شتانەی کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) پێمان گەیشتووەو، دووربکەوینەوە لەو شتانەی کە فەرمانیداوە لێی دوورە پەرێزبین‌و، هەروەها بێ پێچ‌و پەنای ئەوەی دەرکاندووە، کە هەر کەس لەکاتی ڕاجیاییدا حوکمی بەفەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) نەکردو، پێی ڕازی نەبوو، ئیمانی نییەو، هەروەها دەبێژێت، کە موسلمان هەر کاتێک لە کارێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری لەسەردا بژاردەیەکی تری لەبەردەمدا نییەو، دەبێت هەر پێوەی پابەند بێت‌و، هەروەها هەڕەشە لەو سەرپێچیکارانە دەکات، کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن، کە تووشی دوارۆژی خراپ‌و سزای سەخت دەبنەوە.[1]

---

1 ژمارەیەک لەو دەقانە وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ (النساء/ ٥٩) واتە: ئەی باوەڕداران گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرو کار بەدەستە موسڵمانەکانتان بکەن‌و لە هەر کارێکدا ڕاجیایی دروست بوو لە نێوانتاندا ئەوا بۆ چارەسەرەکەی بگەڕێنەوە لای خوداو پێغەمبەرەکەی ئەگەر ئێوە باوەڕدارن بەخودا و ڕۆژی دوایی.

– هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾ (النساء/ ٨٠) هەر کەس گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە گوێڕایەڵی خودای مەزنی کردووە.

– هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ﴾ (الحشر/ ٧) واتە: هەرچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردن، گوێڕایەڵی بکەن‌و، لە هەرچی بەرگری لێکردن، ئێوەش مەیکەن.

– هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥﴾ (النساء/ ٦٥) واتە: سوێند بە پەروەردگارت، نابنە بڕوادار، تا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانتان تۆ دەکەنە دادوەرو، دواتریش بۆ ئەو بڕیارەی تۆ داوتە، هیچ شتێکی خراپ‌و غایەلەی خراپ دروست نابێت، لە دەرونیانداو، بەتەواوی ملکەچ‌و تەسلیم دەبن.

– هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡ﴾ (الأحزاب/ ٣٦) واتە: بۆ هیچ پیاوو ژنێکی بڕوادار نییە، کاتێک خواو

دووەم: بەڵگەی کۆڕایی زانایان (الأجماع):-

موسڵمانان لەسەر دەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەئەمڕۆیشەوە لەسەر ئەوە کۆك بوون، کە واجبە، ئەو حوکمانەی کە لە سونەتی پێغەمبەر (ﷺ)دەچوون، دەبێت فەرمانبەرداریان بن‌و ملکەچیان بن‌و، بەمەبەستی زانینی حوکمە شەرعییەکان، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لایان‌و، بەچی بڕیاریان دا تەسلیمیان بن‌و کاری پێ بکەن‌و، لەسەر دەمی هاوەڵان‌و دوای ئەوانیشدا، جیاوازیان نەخستۆتە نێوان ئەو بڕیارانەی کە لە قورئاندا هاتوت‌و ئەوانەی کە لە سوننەتدا هاتوون‌و، وەك یەك ملکەچی هەردووکیان بوون‌و، کە لای هەموویان پەیڕەوی کردنی هەردووکیان واجب بووە، چونکە سەرچاوەی هەردووکیان یەك سەرچاوەیە، کە ئەویش وەحی خودای مەزن‌و، ئەو پێشهات‌و ڕووداوانەی کە بەڵگەن لەسەر ئیجماعی زانایان لەسەر ئەم پرسەی زۆر زۆرن‌و لە ژمارە نایەن‌و، هەندێ لەو نموونانەمان لە کاتی قسەکردن لەسەر بەڵگەکان‌و ڕیزبەندی کردنیان لە کاتی بە بەڵگە کردنیاندا هێناوە.

سێیەم: بەڵگەی عەقلی:

بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە (الدليل القاطع) ئەو چەسپاوە، کە پێغەمبەر موحەمەد (ﷺ) پەیامبەری خودایەو، مانای پەیامبەریش ئەوەیە کە گەیەنەری ئەو شتانەیە کە خودا پیایدا ڕەوانەی کردووە، کە مرۆڤیش باوەڕی بە پەیامەکەی هەبوو، دەبێت پابەند بێت، بە گوێڕایەڵی کردنییەوەو، ملکەچ بێت، بە حوکمەکانییەوەو، ئەو شتانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرن. قەبوڵی بێت‌و، بەپێی ئەم پەیڕەوە کردنانە، باوەڕەکەی هیچ مانایەکی نابێت‌و، گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەو ملکەچ بوون بە فەرمانەکانی لە گەڵ پێچەوانە بوونەوە لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) تێك ناگرنەوەو کۆنابنەوە.

پێغەمبەرەکەی بڕیاری کاێکیاندا، سەر پشك کرانیان بۆ هەبێ لە کارەکانیانداو، واتە: بۆیان نییە، کە خۆیان باریك هەڵبژێرن، بەڵکو دەبێت بێ ڕا ڕایی فەرمانبەردارو ملکەچی فەرمانەکەی خوداو پێغەمبەری خودابن.

١٥٤- پرسیارێك:- بەڵام ئایا سەرجەمی ئەو شتانەی کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەرچاوەیان گرتووە، ئەو پلەیەی هەیە؟ واتە پلەی پەیڕەوی کردنو پابەندبوونی تەواو پێیەوەو، بە بەڵگە کردنی لەسەر هەر حوکمێکی شەرعی؟ یان نا.....؟ وە هەروەها سەرجەم ئەو شتانەی کە لە پێغەمبەروە(ﷺ) سەرچاوەی گرتووە، دەگونجێت، کە ببنە سەرچاوەی شەرعدانان؟ یان نا....؟! بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، دەبێت بێگەمان قسە لەسەر جۆرەکانی سوننەت بکەین، لە ڕووی چییەتیو بنچینەی هاتن (ماهیة)ەوەو، پاشان قسە لەسەر جۆرەکانی بکەین، لەڕووی گەیشتن بە ئێمە .

١٥٥: جۆرەکانی سوننەت، لەڕووی چییەتیو چۆنیەتیو خودی خۆیەوەو، ڕەچەڵەکی هاتنیەوە (ماهیة) جا سوننەت لەم ڕووەوە بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

- سوننەتی گوفتاری. (السنتة القولية).
- سوننەتی کرداری (السنة الفعلية).
- سوننەتی تەقریری (دانە پاڵ)، (السنة التقريرية).
-

یەکەم: سوننەتی گوفتاری:

ئەمیش بریتیە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، کە لە بۆنە جۆراو جۆرەکانی فەرموونیو، بەمەبەستی جیاجیا دەری بڕیونو ئەمەیش کە ناوی فەرموودە (حدیث)ی بەسەردا بڕاوەو، هەر کات ئەم ناوە بەکار هێنرا، هزری مرۆڤ ڕاستەوخۆ ئەوەی بە بیردادێت، کە مەبەست پێی سوننەتی گوفتارییە، واتە فەرمایشتەکانیەتیو، بەم پێوەدانگە بێت، هاو ماناو موورادیفی لە نێوان (سوننەتی گوفتاری)و (فەرموودە) داهەیەو، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ناوی (فەرموودە)، لە ناو چوار چێوەو مانای گشتییەکەی سوننەتدا، تایبەتمەندییەکی خۆیی هەیەو، سەرەڕای ئەمەش هەندێ لە زانایان مانای (فەرموودە) یان والێك داوەتەوە، کە بریتیە لە شوێنەوارەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) واتە: ئەو شوێنەوارانەی کە لەقسەو کردارو دانە پاڵ پێغەمبەرەوە(ﷺ) سەرچاوەیان گرتووەو، بەم مانایە بێت، لەفزی (حدیث) مورادیفو هاومانی سوننەتە،

بەمانای گشتییەکەی‌و، هەر لەسەر ئەم پێوەدانگەیشە کە ئیمامی بوخاری کتێبە ناسراوەکەی ناو ناوەتە (الصحيح من الحيث)، کە سەرەڕای فەرموودە، شتی تریش لە خۆگرتوون، کە لە گوفتارو کردارو دانە پاڵ لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سەرچاوەیان گرتووە.

سوننەتی گوفتاری زۆرن، لەوانە فەرموودەی (العمد قود) واتە: سزای کوشتنی بە ئەنقەست، کوشتنەوە بکوژەکەیەو هەروەها وەك فەرموودە: (لاضررو لا ضرار) واتە: کەس مافی ئەوەی نییە کە زیان بەخەڵکی بگەیەنێت، یاخود تۆڵەی زیان لێکەوتن، نابێت بە زیانگەیاندن بکاتەوەو، هەروەها فەرموودەیەکی تر، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من رأى منكراً، فليغيره بيده، فمن لم يستطع فبلسانه، فمن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الأيمان) واتە: هەر کەس خراپەیەکی بینی، با بەدەست ڕێگری لێ بکات، ئەگەر نەیتوانی با بەزمان ئاگاداری خەڵکی بکاتەوە لەسەر نەکردنی، ئەگەر ئەویش هەر نەکرا، با بەدڵ کردنی ئەو کارە خراپەی لا ناخۆش بێت، هەرچەندە ئەمە نزمترین‌و لاوازترین پلەی ئیمانە.

جا فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ)سەرچاوەی شەرع دانانن، ئەگەر مەبەست لێیان ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکان‌و شەرعدانان بوو، بەلام ئەگەر تەنهاو تەنها کارو باری دەنیایی ڕووت بوون‌و، پەیوەنییان بەشەرع دانانەوە نەبووو، لەسەر وەحی بنیات نەنرابوون، ئەمانە یان نابنە بەڵگە لە بەڵگەکانی ئەحکام‌و، نابنە سەرچاوە کە ئەحکامی شەرعییان لێوە هەڵبهێنجرێت‌و، پەیڕەوی کردنیشیان واجب نییەو، لەمانەیش وەك ئەوەی کە لێیەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر گیان (ﷺ) کۆمەڵێکی بینین، لەشاری مەدینە کە دار خورماکانیان مەتروبە دەکردن‌و، ئەویش فەرمووی مەیکەن، ئیتر بەرهەمی ئەو ساڵەی خورمایان تیا چووو، نەبوو! ! ویان بێ بەرهەم بوون، یان بەرهەمێکی خراپ‌و کەمیان هەبووو، دواترو ساڵی ئایندە پێغەمبەر (ﷺ)پێی فەرموون، موتروبەیان بکەن، ئێوە شارەزاترن بە کاروبارە دنیاییەکانی خۆتان.

دووەم: سوننەتی کرداری:

ئەمەیش بریتە لەو کردەوانەنەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کردوونی وەك بەرپاکردنی نوێژ بەتەواوی شێوازو پایەکانییەوەو، هەروەها وەك بڕیاردان بە بوونی شایەتێكو سوێندخواردنی کابرای سکاڵا کار، (کە لە جیاتی شایەتی دووەم حسابی کردووە)و، چەندەها نموونەی ترو، کردەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەیانە کە دەبنە سەرچاوەی شەرعدانانو، هەیانە کە نابنە سەرچاوە[1]و، لێرەدا ڕاڤەو ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، بەم شێوازەی لای خوارەوە:

أ- وەك سروشتی مرۆڤانەی خۆیو وەك ئەوەی کە مۆرڤەو، مرۆڤ ئاسا ئەنجامی داونو، لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك، خواردنو، خواردنەوەو، چوون بەڕێگاداو، دانیشتنو، هتد.... ئەمانە ناو بواری شەرع دانانەوە، تەنها لەو ڕوانگەوە نەبێت،کە ئەبنە مایەی حەلاڵ بوونی ئەو جۆرە کردەوانە، لەسەر شانی کەسی موکەللەفو، لەسەر ئەم بنەمایە پەیڕەوی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەم بابەتەدا واجب نییە، هەرچەندە هەندێ لە هاوەڵانی (خوا لێیان ڕازی بێت)، لەسەر ئەم پەیڕەو کردنە زۆر سوورو بەردەوام بوون، وەك (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر)و، ئەم پەیڕەو کردنەیش کارێکی چاکە.

وپاشان ئەو کردەوانەی کە لە ڕوانگەی سروشتی مرۆڤی خۆیەوە بەتایبەتی ئەنجامی داون، لە کاروبارە دونیاییەکانیدا، هەرسەر بەو بوارەی سەرەوەنو، وەك سەرچاوەی شەرعدانان نایەنە ئەژمار، وەك ڕێکخستنی سوپاو، ئەنجامدانی تەکتیکەکانی شەڕو، کاروباری بازرگانیو، هتد....

ئەم جۆرە کردەوانە بەسەر چاوەی شەرعدانانی گەلی ئیسلام نایەن ئەژمار، چونکە لە ئەزموونەوە، سەرچاوەیان گرتووەنەك وەحییەوەو، پێغەمبەریش (ﷺ) تۆبزی لەسەر موسڵمانان نەکردووە، کە هەردەبێت پێوەی پابەندبنو، سەر بەبواری دانانی

---

1 شرح مسلم النبوت، ب٢، ل١٨١، الأميدي، ب١، ل ٢٤٧-٢٤٨، الشوكاني ل٣٥-٣٦.

ئەحکامەکان نەهێناوەتە ئەژمارو، بۆیە کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) ویستی موسڵمانان لە جێگایەکی دیاریکراو دابمەزرێنێت، لە شەڕی بەدردا.

هەندێ لە هاوەڵان پێیان فەرموو، ئایا خودای مەزن خستویەتیە دڵتەوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەم جێگایەدا بمەزرێین؟ یان ئەوە ڕای جەنابتانەو؟ فێڵو تەکتیکی جەنگن؟ جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەوەڵڵا، ڕای خۆمەو، فێڵو تەکتیکی جەنگە ! جا هاوەڵێ فەرمووی: ئەو جێگایە گونجاو نییەو، ئاماژەی بە پێغەمبەر (ﷺ) دا کی لە جێگایەکی تردا، کە ئەم هاوەڵە پسپۆڕە دیاری کردبوو، سوپاکە دابمەزرێنێت، لەبەر چەند هۆکارێ کە ڕوونی کردنەوە، بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، جا پێغەمبەر (ﷺ) گوێ ڕایەڵی لەو هاوەڵە بەڕێزە کردو وای کرد !

هەروەها سەبارەت بە نموونە سەرچاوەی شەرعدانان، ئەم نموونانەی خوارەوەیش دەبنە پاشکۆی ئەو جۆرەی سەرەوە، کە بریتین لەوەی ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لە سکاڵایەکدا ڕووداوو پێشهاتەکانی ئەو سکاڵایەی جێگیر کردبێتو بڕیاری لەسەر دابن، ئەمە کارێکی سەر بە (شەرعدانان: تشریع) نییە، چونکە ئەمە کارێکی تەقدیریو ئەندازە دانان بووە، بەپێی پێشهاتەکانو شەرعدانان نەبووە، بۆ تەواوی گەلی ئیسلام، بەڵام لێرەدا حوکمدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر پێویستیو فەرزبوونی جێگیر بوونیو چەسپاندنی پێشهاتەکانی ئەو ڕووداوانەی کە دابێتی، ئەمەیان کە شەرعدانانە بۆ گەلی ئیسلامو، هەر بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إنما أنا بشر مثلكم، وإنكم تختصمون إلى ولعل بعضكم أن يكون ألمن بحجته من بعض، فأقضي لهبنحوما أسمع، فمن قضيت له بشيئ من حق أضيه، فأنما أقطع له قطعة من النار)[1]، واتە: منیش مرۆڤێکم وەك ئێوەو، بێگومان کێشەو گرفتەکانتان دەهێننەلای منو، جاری واهەیە، کە یەکێکتان زمان پاراوترە، لە گەیاندنی بەڵگەکانیدا لەوی تر، جامن بەگوێرەی ئەوەی دەبیستم بڕیاردەدەم، بۆیە بڕیارم بۆ هەرکەسداو شتێ لەمافی براموسڵمانەکەیم پێداو، کەوتە لای

---

1 تيسير الوصول إلى جامع الأصول من حديث الرسول، ب٤، ل٥٦.

ئەوە ئەوە بابەدڵی خۆشی نەبێتو، بێگومان بێت کە ئەوە بەشێك لە ئاگری دۆزەخی بۆ خۆی پچڕاندووە.

ب- ئەو شتانەی کە چەسپاون، کە لەتایبەتمەندییکانی خودی پێغەمبەر (ﷺ) بوونو، گەلی ئیسلام تیایداو، لەو خەسڵەتە تایبەتیان بەشدار نەبووە، وەك تایبەتمەندی پێغەمبەر (ﷺ) لەوەیدا، کە لە بەردەوامیو بێ شکاندنی لە ڕۆژوو گرتن بەردەوام بووەو، یاخود لە چوار ژن زیاتری نەهێناوەو، هتد.... کە ئەم کردارانە لە تایبەتمەندی تەنهاو تەنهای ئەو زاتە بوونو، دروست نییە، تیایاندا پەیڕەوی لێ بکرێت، بۆ وێنە لەژنهێناندا، بەڵگە هاتووە، کە تەنها چوار ژن دروستە بهێنرێت، لەیەك کاتداو، لە بەردەوامی دان بەڕۆژوو گرتنو نەشکاندنیشدا، نەهی هاتووە، کە نابێت گەلی ئیسلام وا بکات!

ج- ئەگەر زانرا فلان کرداری پێغەمبەر (ﷺ) ڕونکردنەوەی دەقێکی کورتو پوخت (مجمل)ی، قورئان بێت، بۆیە ئەو ڕونکردنەوەیە هەر حوکمێکی تیادا بوو، دەبێت بەسەرماندا بچەسپێتو جێ بەجێ بکرێتو، ئەو کردارەی لەم حاڵەتەدا لێوەی سەرچاوەی گرتووە، حوکمەکەی وەك حوکمێکی ئەو دەقە وایە، کە بەکردار ڕوونی کردۆتەوە لە ڕووی واجب بوونو، مەندوبیو هی ترەوە..... جا ئەو کردارەی پێغەمبەر (ﷺ) کە ڕونکەرەوەی موجمەلی قورئانی پیرۆزە یان بەڕاستەوخۆ خیییو خۆی فەرموویەتی: کە ڕاڤەی قورئانە، یان نیشانەی تیادایە، کە ئەو حاڵەتە ڕاڤەی قورئانە، جا نموونە بۆ یەکەمیان، وەك فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: (صلوا کما رأیتموني أصلي)، بەو جۆرە نوێژ بکەن، کەمن دەبینن دەیکەمو، هەروەها دەفەرموێت: (حذوا غني مناسککم)، واتە: شێوەو ڕەوشتی حەجکردن لە منەوە فێرببنو وەری بگرن، بۆیە نوێژکردنی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونکردنەوەی خودی ئەو نوێژەیە کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووە، بەو شێوازە بیکات، وەك پەروەردگار فەرموویەتی (وأقیموا الصلاة)، کەنوێژی پێغەمبەر (ﷺ) هەمان ئەو نوێژەیە، کە پەروەردگار فەرمانی پێکردووە،و بەرپاکردنی ئەو شێوەو ڕەوشەی کە لەحەجکردندا پێغەمبەر

(ﷺ) ئەنجامی داوەو کردوویەتی، ڕوونکردنەوەی شێوەی هەمان ئەو حەجەی کە خودا فەرزی کردووە، کە لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾[1] واتە: هەر کەس توانای هەیە، بۆ ڕۆیشتن بۆ ماڵی خودا، با حەجکردن بەرپا بکاتو، ئەمەیش فەرمانی خودایە لەسەر موسڵمانان ئینجا سەبارەت بەو نیشانانەی کە هەنو، لە حاڵەتەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن، کە کرداری ڕشوونکەرەوەی دەقەکانی قەرئانن، وەك بڕینی دەستی دز، یان فەرمانکردنی بە بڕینی دەستی دز لە جومگەدا، کە ئەم کردارەی ڕوونکرنەوەی مەبەست ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓا۟ أَيْدِيَهُمَا﴾[2] واتە: دەستی پیاوو ژنی دز ببڕنو، ئەمەش لەسەر ئەو ڕشایەی کە پێی وایە، ئەو دەقەی قورئان سەبارەت بە بڕینی دەستی دز هاتووە، دەقێکی موجمەلەو کورتو پوختە، بەڵام ئەوانەی کە لەفزی (ید: دەست) بەلەفزێکی ڕەها موتڵەق دەزانن، ئەوە ئەم کردارەی پێغەمبەر (ﷺ) بەسنور دارکارو پێوەندکاری ئەو ئایەتە دەزانن، کە مەتڵەقە، موقەیەدی دەکەن، کە ئەمەیش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەڤەو ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز.

د- ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەسەرەتاوەو، بەبێ بوونی بڕیارێکی قورئان ئەنجامی داوەو، لە ڕووی واجب بوون، یان مەندوب بوون، یان موباح بوونەوە، پێناسو خەسڵەتی شەرعین خۆیی وەرگرتبێتو، یەکێك لەو حوکمە شەرعییانەی هەبێت، ئەمە لەم حاڵەتەدا شەرعدانانە بۆگەلی ئیسلامو، ئەوەی بەم شێوەیە ئەنجامی داوە شەرعەو، لەسەر کەسانی موکەلەف پێویستە پێوەی پابەند بنو، هەر حوکمێکی تیادا بوو،

1 سورة (آل عمران/ ٩٧).

2 سورة (المائدة/ ٣٨).

بەسەریاندا دەچەسپێنرێت، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەر مەشق و نموونەی چاکەیە بۆ ئێوە).

هـ- ئەو کردەوەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کردوویەتی و، صیفەتی شەرعی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوە دەزانین، کە مەبەست لە کردنی ئەو کارە نزیك بوونەوە بووە لەخوا، وەك کردنی هەندێ پەرستش، بێ ئەوەی زۆر پابەندو بەردەوام بێت، لە سەریان، جا ئەو جۆرە کردەوەیە بۆ گەلی ئیسلام سوننەتە بیکەن، بەڵام ئەگەر لە کردەوەکەدا ئەوە دەرنەکەوت و نەزانرا، کەمەبەستی نزیك بوونەوە بووە لە خوای گەورە، ئەوە لەم حاڵەتەیاندا، ئەو کردەوەیە بۆ گەلی ئیسلام، موباحە بیکەن، وەك کشوکاڵ کردن و، کڕین و فرۆشتنی و هتد....

سێیەم: سوننەتی تەقدیری:

ئەمیش بریتیە لە بێدەنگبوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و نکۆڵی نەکردنی لە قسەیەك یان کە لە ئامادەبوونی ئەودا کەمێك کردبێتی یان ئەو لەوێ نەبووبێت، بەڵام زانیبێتی فڵان شت کراوەو، گوتراوەو، نکۆڵی لێ نەکردبێت، جا ئەم بێ دەنگی و نکۆڵی نەکردنە بەڵگەیە لەسەر دروست و موباحی ئەو شتە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر شتی بەتاڵ و خراپ بێ دەنگ نابێت، نموونەی ئەم جۆرە سوننەتەیش وەك، بێدەنگ بوونی پێغەمبەر (ﷺ) و نکۆڵی نەکردنی لە یاری ڕمبازی منداڵان لە مزگەوتداو، هەروەها بێدەنگ بوونی لە سرود و گۆرانی وتنی دووکەنیزەك لە ڕۆژی جەژندا، کە بەدەنگێکی پڕ لە جۆش و خرۆش و پەرۆشییەوە دەیانپچڕاند.

هەروەها دڵخۆش بوون و، ڕازی بوون و، یان بەچاك دانان و، ئەوانەی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەرامبەر هەر شتێکدا، وەك بێدەنگ بوونی وایە، کە بەڵگەیە لەسەر دروستی ئەو کارەو، بەڵکو ئەو ڕازی بوون و، چاك دانانە زیاترو باڵاترەو، ئاشکراترە لە تەنها بێدەنگ

---

1 سورة (الأحزاب/ ٢١).

بوونی، لە بەدروست دانانی ئەو کارەداو، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەو موباحی کارانەی کە لە بێدەنگی پێغەمبەر (ﷺ) وەرگێراون، مانای ئەوە نییە، کە ئەو کارە تەنها دروستەو بەس (جائیزە)، بەڵکو جاری وا هەیە، کە ئەو کردەوەیە بە بەڵگەیەکی تر واجبەو، بۆیە تەنها بێدەنگ بوونی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها بەڵگەیە لەسەر موباح بوونی ئەو شتە[1]و، جاری وا هەیە، کە ئەو کارە صیفەتی (واجب) بوون، یان (مەندوب) بوون، لە بەڵگەیەکی ترەوە، وەردەگرێت.

١٥٦- جۆرەکانی سوننەت، لە ڕووی گەیشتنی بە ئێمە:

سوننەت لە ڕووی گێڕانەوەیەوەو، گەیشتنی بە ئێمە، کە بە ڕشتە (سند السنة) ئاماژەی پێدراوەو، دەربڕدراوە، دەبێتە سێ بەشەوە.

- سوننەتی موتەواتیر (فرە گێڕانەوە).
- سوننەتی مەشهور (بڵاوو بەناوبانگ).
- سوننەتی ئاحاد (تاك لایەنە).

ئەمەیش دابەشکردنی حەنەفییەکانە:

بەڵام لەلای جەماوەری زانایان، سوننەت دوو بەشە،

یەکەم: موتەواتیر.

دووەم: سوننەتی ئاحاد.

بەڵام سوننەتی (مەشهور)، لەلای ئەمان بەشێکە، لە بەشەکانی سوننەتی (ئاحاد)، وەك حەنەفییەکان بە بەشێکی سەربەخۆیان داناوە[2]، جا ئێمە لێرەدا پەیڕەوی لە

---

1 الأحکام، إبن حزم، ب٢، ل٦.

2 شرح نخبة الفکر، في مصطلح اهل الأثر، للحافظ إبن حجر العسقلاني ل ٦-٧، المستصفى، ب١، ل٩١، الشوکاني، ل٤٩.

دابەشکردنە سێ ڕەهەندییەکە دەکەین،و هەریەکە بە پێی خۆی باس لەو سێ بەشە دەکەین:–

١٥٧- یەکەم: سوننەتی موتەواتیر:

پێناسەکەیشی بریتییە لەو سوننەتەی کە ژمارەیەکی زۆر گێڕبێتیانەوە کە کۆکبوونی ئەو ژمارە زۆرە لەسەر درۆ مەحاڵ بێت، یان یاخود تەنانەت بەپێی کۆکبوون،و ڕێکەوتنیشیان بەدەست ئەنقەست لەسەر درۆ، هەر مەحاڵ بێت، کە ئەم ژمارە زۆرە،و بەم حاڵەوە، ئەو ڕیوایەتەیان کردبێت، لە ژمارەیەکی زۆری تری وەك خۆیان، تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر (ﷺ)،و ئەو شتەی کە ئەوان زانیاییان لەسەری هەیە،و لە پێغەمبەرەوە گێڕاویانەتەوە، دەبێت یان بە چاو دیبێتیان، یان بە گوێ بیستبێتیان[1]، بەپێی ئەم پێناسەیە، بۆمان دەردەکەوێت، کە مەجەکانی موتەواتیر بوون بریتییە لە:

أ- دەبێت گێڕەوەرانی ئەو سوننەتە، ژمارە،و کۆمەڵێکی زۆرینە،و مەحاڵ بێت، لەسەر درۆ کۆببنەوە،و، یاخود عادەتەن بەبێ ڕێکەوتنیشیان لەسەر درۆ دەبێت، ئەوەندە زۆربن، کە مەحاڵ بێت بە پێی مەبەستیش بکەونە درۆوە، بەڵام سەبارەت بە موتەواتیر، ژمارەیەکی دیاریکراو دانەراوە، بەڵکو ئەوەبە موتەواتیر دەدەنرێت، کە بە پێی نەریت دڵمان ئاسودە دەکات، لەسەر ئەوەی کە گێڕەورەوانەی ڕستگۆن،و، ئەو ژمارە زۆرە، مەحاڵە لەسەر ناڕاستی کۆببنەوە، ئەمەیش یان لەبەر ئەوەی کە زۆرن،و، یان لەبەر ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆر پیاو چاك،و بەدینن،و، هتد...... هەروەها بۆ موتەواتیر بوون، ئەویش بەمەرج نەگیراوە، کە سەرجەمی خەڵکی ئەو شتە بەڕاست دابنێن،و، بەڵکو یاسا،و ڕێسای موتەواتیر بوون ئەوەیە کە زانیاری بەپێی پێویست بدات بەدەستەوە،و، هەرکات ئەم زانیارییە پێویستیە هاتە دی، ئەوا دەزانین کە ئەم گێڕانەوەیە موتەواتیرە،و، ئەگەر وانەبوو، ئیتر موتەواتیر نییە.

---

1 العيقلاني، ل ٣-٤، الشوكاني، ل٤٦، المصتسفى، ب١، ل٩٠.

ب- دەبێت ئەو گێڕەرەوانە لەسەر جەم چینەکانی گێڕانەوەکەدا ئەو خەسڵەتانەیان تیادابێت، کە لەسەر مەرجی یەکەمدا باسمان کردن.

ج- دەبێت ئەو زانیارییەی کە گێڕەرەوەکان دەیدەن، لە ڕێی بینین، یان بیستن دەستیان کەوتبێت، ئەم مەرجەیش دوو پرسی بەشوێندا دێت:

یەکەم: ئەگەر گێڕەرەوەکان زانیارییان نەبوو، لەسەر ئەو شتەی کە هەواڵیان لەسەر داوە، بۆ نموونە گومانیان هەبوو، ئەوا مەرجەکە نایەتەدی‌و، ئواجار گێڕنەوەکە بە موتەواتیر نایەتە ئەژمار.

دووەم: ئەگەر گێڕەرەوەکان ئەو زانیارییانەی دەیاندا، لە ڕووی عەقڵیەوە وابوو، نەك لە ڕووی هەست پێکردنەوە، دیسان موتەواتیر بوون، نایەتەدی .

جا کە مەرجەکانی موتەواتیر هاتنەدی، ئیتر ئەو هەواڵە دڵ دامەزرێنەرە (یقین) یەو، زانیاری پێویست دەدات بەدەستەوە واتە: (العلم الضروري)و ئەم عیلمە زەروورییەیش بریتییە لەو زانینەی کە لەخودی مرۆڤدا هەیەو، لە گەڵیدایەو، ناتوانێت لە خوی دووربخاتەوە، یان خۆی لێی بێ ئاگا بکات[1]، چونکە ئەو شتەی بەموتەواتیر بوون جێگیر دەبێت، وەك ئەو شتە وایە کە بە چاوی خۆت‌و بەبینین ببینی جێگیر ببێت[2].

لەم ڕوانگەیەوە، سوننەتی موتەواتیر، بەبێ گومان‌و، بەیکلایی ئەوەی هەیە کە تەواو ڕاستە کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ)و بۆیە بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی ئەحکام‌و، سەرچاوەی یاسادانان‌و شەرع کردنی ئەحکامەکانە، ئەمەیش بەبێ هیچ ڕاجیاییەك لە نێوان موسڵماناندا[3].

---

1 قواعد التحيث، للقاسمي، ل ١٢٨، العسقلاني ل٤، المسودة، ل٢٣٣.

2 أصول السرخسي، ب١، ل٢٩١.

3 الأحكام في اصول الأحكام، لأبن حزم الأندلسي ب١، ل١٠٤، القاسمي، ل ١٢٨.

١٥٨- جۆرەكانی سوننەتی موتەواتیر :

سـوننەتی موتــەواتیر، یــان گوفتارییــەو، یــان كرداریــەو، گوفتارییەكـەی كەمــەو، كردارییەكەی زیاترو زۆرەو، زۆر بەكورتی لەسەر هەردووكیان قسە دەكەین:

سوننەتی موتەواتیری گوفتاری، ئەمەیش دوو جۆرە، لەفزیو مەعنەوی.

- موتەواتیری لەفزی: ئەوەیە كە بەلەفزو ، دەربڕین بە موتەواتیری گێڕدراوەتـەوە، وەك ئەم فەرمیشتەی پێغەمبەر (ﷺ) كەدەفەرموێت: (مـن كـذب علـى متعمـداً، فليتبـوأ مقعدهً من النار) واتە: هەر كەس بەتایبەتیو بەدەستی ئەنقەست درۆم بەدەمەوە دروست بكات، با جێگای خۆی لە ئاگردا دیاری بكات.

- موتــەواتیری مەعنــەوی بریتییــە لــەو موتــەواتیرەی كــە لــە ڕێگـا جیاوازەكـانی گێڕانەوەیدا مانایەكی هاوبەشی هەیە، بـەلام بـە لـەفزو دەربـڕین جیـاوازە، واتـە: لـەفزی گێڕەرەوەكان جیاوازن، بەلام لەسەرجەم گێڕانەوەكاندا یەك مەبەسـتی هاوبەشـەو مانـای هاوبـەش دەفامرێتـەوەو، لـەم جـۆرەدا بەمـەرج نـەگیراوە، كـە دەبێـت ئـەو كەسـانەی لەسەرجەم گێڕانەوەكاندا هەنو هـەر چـەندە هـەن، هەریەكـەو بـەپێی خـۆی، گەیـشتبنە پلەی موتەواتیر بوون، بەلام لەماناو هاوبەشەكەدا دەبێـت، هـەموویان موتـەواتیر بـن، لـە ڕەوانگەی سـەرجەمی گێڕاوەكانـەوە، نموونـەی ئـەم جۆرەیش وەك ئـەوەی كـە بنـەمای كارەكانیان، نیەتەو كاتێك كار حسابی بۆ دەكرێـت، كـە نیـەتی لەگـەڵ دا بێـت، جـا ئـەم مانایە بە موتەواتیری لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە، چونكە فەرموودەی زۆر لەم بارەیەوە هەن، كە گەیشتوونەتە پلەی موتەواتیر بوونو، هـەمان ئـەم مانایـە دەگەیـەنن، هەرچـەندە هـەر گێڕانەوەیـەك بەتـەنها خـۆیو لـە خـودی خۆیـدا نەگەیـشتووەتە پلـەی موتەواتیر، بـەلام سـەرجەم گێڕاوەكـان پێكـەوە گەیـشتوونەتە ئـەو پلەیـەو، ئـەم ژمـارە فەرموودەیەی خوارەوە، لە نمونەی ئەم جۆرە فەرموودەن كە باسمان كرد، وەك ئـەوەی

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إنما الأعمال بالنيات، و إنما لكل امرئ ما نوى) واتە: هەموو کردەوەیەك بەنیەتو نیازەو، بێگومان هەموو مرۆڤێکیش لە کارەکانیدا نیازی لە دەرونیدا هەشاردراوەو، بەگوێرەی ئەو نیازە، حساب بۆ کارەکەی دەکرێتو، هەروەها دەفەرموێت: (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله) واتە هەرکەس بەو نیەتە شەڕ بکات بەناوی خوا باڵابێت، ئەمە کاری پوختو خاڵس بۆ خودایەو، لە ڕێگای خودایەو، هەروەها دەفەرموێت: (رب قتيل بين الصفين الله اعلم بنيته) واتە: کەسانێ هەن کە لەشەڕی کافراندا دەکوژرێنو، لە ڕێزە موسڵمانانداندانو، خودا بەنیەتیان ئاگادارە، کە مەبەست لەو کارەی چی بووە؟ بۆ خودا بووە، یان بۆ نازناوی دنیاییو شتی تر! و چەندەها فەرموودەی فراوانو زۆری تر، کە دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، کە کارو کردەوە بەستراوەتەوە بە نیەتەوەو، ئەم مانایەش بە موتەواتیری لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە چەندەها گێڕانەوەی جیا جیا بۆ ئێمە گێڕدراوەتەوە، چونکە گێڕانەوەی زۆر هەن، کە هەموو ئەو مانایە دەگەیەننو، هەرچەندی لەفزەکانیان جودانو، لە بۆنەی جیاوازیشدا گوتراونو، دەر بڕدراون[1].

١٥٩- دووەم: سوننەتی مەشهور:

سوننەتی بڵاوو زانراو (المشهور)، ئەوەیە کە کەسێك یان دووکەس، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بیگێڕنەوە، واتە ژمارەیان نەگاتە ئاستی موتەواتیر بوونو، پاشان لەسەر دەستی تابعیندا بگاتە پلەی موتەواتیریو، یاخود لەسەر دەمی تابیعی تابعیندا بکات بەجۆرێك گێڕەرەوەکانی هێندە زۆربن، مەحاڵ بێت، کە لەسەر درۆ کۆ ببنەوە یان ڕێك بکەون[2]، کەواتە سوننەتی مەشهور ئەوەیە کە لە بنەمادا سەر بەسوننەتی ئاحادە، واتە ژمارەیەك کەس کە نەگەیشتونەتە پلەی موتەواتیری گێڕاویانەتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)و، دواتر

---

1 التعريف بالقرآن والحديث، للشيخ الزقراف، ل ٢٤٠-٢٤١، والقاسمي، ل ١٢٨-١٢٩.

2 مسلم النبوت، ب٢، ل١١١، وحاشية الأزميدي ، ب٢، ل١٩٦.

له سەدەی دووەمو سێیەمی کۆچیدا فەرموودەکە بڵاو بۆتەوەو، بووەتە موتەواتیر، کە ئەو دوو سەدەیەش، سەردەمی تابعییەکانو، تابعی تابعیەکان دەگرێتەوە[1]، لەم پێناسەیەوە بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سوننەتی مەشهور، لەو ڕووە کە دروستی دانە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) یەکلا نەبۆتەوەو، (قاطع) نییەو یەقین نادات بەدەستەوەو بەڵکو لەو ڕووەوە یەکلاییە کە درانە پاڵ گێڕەرەوەکەی دروستەو یەکلاییەو ،یەقینییەو بۆیە حەنەفیەکان لە بارەی مەشهورەوە ڕایان وایە کە ضەننی بەهێز دەدات بەدەستەوەو ئەو ضەننە وەك یەقین وایەو، سوکنایی بەدڵو دەروون دەداتو، لەو ڕووەوە کە تەواوەو، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووەو ئەمەیش کە بە (علم الطمأنینة) ناوزەد کراوەو، ئەم سوننەتەو فەرموودەیە لەلای حەنەفیەکان لە ڕووی پابەند بوونو کا پێکردنییەوە، وەك موتەواتیر وایەو، بەسەرچاوەی شەرعدانانیان داناوەو، بە بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکام حسابیان کردووەو، ئەم فەرموودانەی خوارەوە، نموونەی ئەم جۆرەی فەرموودەی مەشهورن، کە دەفەرموێت: (إنما الأعمال بالنيات و إنما امرئ ما نوى) و، هەروەها فەرموودەی (تحريم نكاح المرءة على عمتما او على خالقيها) واتە: حەرامە ژنێ لە یەك کاتدا لەگەڵ پوری باوکی، یان پوری دایکی خۆی پێکەوە ژنی یەك کەس بن[2].

---

1 سەردەمی تابعین، ئەو سەردەمەیە کە لەدوای سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دێتو، سەردەمی تابعی تابعین ئەو سەردەمەیە کە لە دوای سەردەمی تابعین (شوێنکەوتوات) دێتو، لەدوای ئەم سێ سەردەمە، ئیتر مەشهور بوونو، موتەواتیر بوون، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە لەم سێ سەردەمە بەدواوە، ئیتر فەرموودە نوسرابویەوەو بڵاو بوویەوەو، تەواوی خەڵی لە خەڵکی تر وەریان دەگرت.

2 أصول السرخسي، ل ٣٩٢.

١٦٠- سوننەتی ئاحاد:-

بریتییە لەو فەرموودەو سوننەت گەلەی کە ژمارەیەك گێڕەرەوە لەسەر دەمی تابعیندا، یان لەسەردەمی تابعی تابعیندا، لە پێغەمبەروە (ﷺ) دەگێڕنەوە، کە ژمارەیان ئەگاتە ژمارەیەکی موتەواتیرو، بەپێی تێڕوانینی حەنەفیەکان، ئەم جۆرە سوننەتە، نەموتەواتیرەو، نەمەشهورەو لەسەر ڕای زانایانی تر، ئاحاد ئەوەیە، کە لەغەیری موتەواتیر بێت، ئیتر هەمووی ئاحادە[1]و، لەلای جەماوەری زانایان، ئاحاد ئەو سوننەتەیە، کە لە ڕووی دروستی دانە پاڵی بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ظەننێکی ڕاسترو، لە پێشتر دەگەیەنێت، واتە (الظن الراجح) ی لێ دەفامرێتەوەو، ناگاتە پلەی یەقینو، لەلای ظاهیریەکانو لە هەندێ لە ئەهلی فەرموودە ڕایان وایە، کە سودی (علم: زانیاری بوون)ی هەیە، نەك گومان (ظن)، بەلام ئایا ئەم جۆرە سوننەتە، دەبێتە بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکام، تا واجب بێت، کاری پێ بکرێت، یان نا.......؟و ئەگەر بڵێین واجبە کاری پێ ناکرێت! ئایا مەرجەکانی ئەم کارپێکردنە چین؟ جا لەم خوارەوە وەڵامی ئەم پرسانە دەدەینەوە[2]:

١٦١- واجبە پەیڕەوی لە سوننەتی ئاحاد بکەینو، سەرچاوەی شەرعدانانیشە:

ڕاجیایە لە نێوان موسڵماناندا نییە، لەوەیدا کە بێگومان سوننەتی ئاحاد بەڵگەیە بەسەر موسڵمانانەوە، لە ڕووی کار پێکردنو، پابەند بوون بە حوکمەکانییەوەو، دەبێت وەك یەکێك لە بەڵگەکانی ئەحکام تەماشای بکەینو، بەڵگەی ئەم قسەیەشمان لە چەند ڕوویەکەوەیە، کە ئەم ڕووانەی خوارەوەی لێ باس دەکەین:-

---

1 مسلم الثبوت، ب٢، ل١١١.

2 أصول السرخسي، ب١، ل٣٢١، الأحكام، إبن حزم، ب١، ل١٠٨، ودواتر، و محاضرات في أصول الفقه الجعفري، للشيخ محمد ابو زهرة، ل ١٣٠و دواتر، الشوكاني، ل٤٩، والمستصفى، ب١، ل٩٣، العسقلاني، ل٨-٩، مسلم الثبوت، ب٢، ل١٣٢، الأمدي ب٢، ل٤٧و دواتر.

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾[1]، واتە: با لەجیاتی ئەوەی کە هەموو بچنە دەرێ، لەناو هەموو دەستەیەك چەند کەسێکیان بچنە دەرێ، بۆ ئەوەی لە کارو باری ئایندا شارەزاو ئاگادار بن‌و کە لە گۆڕەپانی جیهادیش گەڕانەوە، ناو خێڵی خۆیان، بیان ترسێنن‌و هۆشداریان بکەنەوە، بەڵکو لە نافەرمانی خودا خۆیان بەدوور بگرن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا، ووشەی (الطائفة) بۆ تەنها کەسێکیش بەکار دەهێنرێت، جا ئەگەر قسەو هەواڵی تاکە کەسێ، لە کار پێکردندا بەڵگەی نەبێت، ئیتر بێدارکردنەوەی کەسێك، خەریکی بەدەسهێنانی زانیاری ئاینییە، سودی نابێت!

٢- بەشێوەیەکی موتەواتیر ئێـوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەمیرو قازی‌و نێردراو پەیامنێرانی خۆی دەنارده هەموو جێگایەکی ئەم سەرزەمینەی ئیسلام‌و، بەتەنهایش دەینارن‌و، ژمارەیان لە ڕێژەی (ئاحاد) تێپەڕی نەدەکردو، ناردیشیان بەمەبەستی وەرگرتنی زەکات‌و خێرو پەیمان‌و گرێ بەست بەستەکان‌و، هەمورکردنیان‌و، بەمەبەستی بانگەوازی ئیسلامی‌و گەیاندنی ئەحکامەکانی شەرع بوو، پێغەمبەریش (ﷺ)، خەڵکانی ئەو دەورووبەرانەی پابەند دەکرد، بەوەوە کە دەبێت ملکەچی فەرمان‌و قسەی ئەو نێردراوانە بن‌و ئەگەر خەبەری ئاحاد بەڵگەیە نەبوایە، فەرمانی لەو شێوەیەی پێ نەدەکردن؟

٣- بەپێی کۆ ڕای زانایان، تەواوی خەڵکی فەرمانیان پێکراوە، کە دەبێت پابەندی بڕیارەکانی موفتی بن‌و، بڕوای پێ بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە جاری واهەیە، بەگومانی خۆی بڕیار دەردەکات، بۆیە کەسێك کە هەواڵ لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ ئێمە دگوێزرێتەوە، کە خۆی بیستویەتی‌و، گومانی تیادا نییە، ئەمەیان لە پیچشترە، لە ڕووی بڕواپێکردن‌و، وەرگرتنی‌و، کار کردن بەپێی ئەو خەبەرە، تا ئەوەی سەرەوە.

---

1 سورة (التوبة/ ١٢٢).

٤- ئێمە فەرمانمان پێکراوە، کە شایەتیدانی دووکەس بڕیار بدەین، لەگەڵ ئەوەشیدا بۆی هەیە، شایەتی ئەو دووانەیش دور بێت، جا ئەگەر کار کردن بەو شایەتیە دروست نەبووایە، تا گومانی درۆکردنیان بڕەوایە ئەوە، بە تەواوی (قاطع) ئەو کارەمان پێ نەدەکرد، جا کەواجب بوو، کار بەو شایەتییانە بکەین، لە کاتێکدا کە بۆی هەیە درۆیش بێت، هەر لەبەر ئەمەیشە کە کارکردن بە سوننەتی ئاحادو گێڕانەوەی لە پێغەمبەر (ﷺ) لە پێشترە.

٥- کۆڕا (إجماع)ـی، هاوەڵان لەسەر پێشهاتەکان لە ژمارە بەدەر، کە خەبەری ئاحادیان وەرگرتووەو، کاریان پێکردووە، بۆ نموونە پێشەوا ئەبو بکر (خوا لێی ڕازی بێت) شەش یەکی لە میرات داوە، بەداپیرە، چونکە فەرموودەی ئاحادی لەسەرەو، پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب (خوا لێی ڕازی بێت) هەر لە بەر هەمان شت، لە خوێنی پیاوە، وەك میرات بەشی ژنەکەی داوەو، مزە (جزية)ی، لە ئاگر پەرستەکان وەرگرتووە، چونکە فەرموودەی ئاحادی لەسەرەو، هەروەها هاوەڵی زۆری تر هەن، کە فەرموودەی ئاحادیان گەیشبێتەلا، هەر وایان کردووە.

١٦٢- مەرجەکانی کارکردن بە فەرموودەی ئاحاد:

سەرجەمی موسڵمانان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سوننەتی ئاحاد بەڵگەیەو، لەسەر گشت لایەك پێویستە کە وەك بەڵگە بیناسنو، پێوەی پابەندبنو، هەروەها لەسەرچاوەکانی شەرعدانانە، بەڵام سەربارەت بەمەرجەکانی ڕاجیاییان هەیە، واتە: لە شەرتەکانی کار پێکردنیو دەرهێنانی حوکمەکان لێیەوەو، دەکرێت لەدوو گفتدا بەر پەچی ڕاجیاییەکانیان بدەینەوە:

١٦٣- گفتی یەکەم: ئەو فەرموودەیەی کە گێڕەرەوەی ڕاستاڵ (عادل)و متمانەدار (ثقة) دەیگێڕنەو، بەجۆرێك لەکەسە گێڕەرەوەکەدا مەرجەکانی وەرگرتنی فەرموودەکە هاتبێتەدی، ئەو مەرجانەی کە تیژەرانی ئەم گفتە دایناونو بەمەرجیان گرتوون، هەرچەندە لە مەرجەکانیشدا ڕشاجیاییان هەیەو، دەبێت ڕشتە (سند)ی، گێڕانەوەکەی بێ پچڕان ڕۆیتبێتەوە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم حاڵەتەدا کارکردن بەم

فەرموودەو دەرهێنانەی حوکم لێیەوە پێویستەو، هەروەها بەسەرچاوەی شەرعدانان دەژمێردرێتو، ئەمەش گفتو رشای حەنبەلیو شافعیو ظاهریو جەعفەرییەکانەو، هەروەها هەندێ لە شەرعزانانی مەزهەبەکانی تریش دەریان بڕیوە.

بەڵام ئەگەر سەنەدەکەی پچڕاو بوو، لە زنجیرە گێڕەرەوەی هاوەڵەکاندا (خوا لێیان ڕای زبێت)، گێڕەرەوەی کە فەرموودەکەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، کەس هەبوو کە پچڕابوو، کە ئەمەیش بە فەرموودەی (مورسەل) ناوزەرد کراوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا خاوەنانی ئەم ڕایە رشاجیاییان هەیە، سەبارەت بەئاستی واجبی عەمەلکردن بەم جۆرە فەرموودەیەی، کە ئەم گرفتەی هەبێت.

جا لە ظاهرییەکان، بە بەڵگە نایەتە ئەژمارو، واجبیش نییە کە کاری پێ بکرێتو، لە مەزهەبی شافعیدا، وەدەگیرێت، بەڵام بەمەرج، لەو لەو مەرجانە ئەوەیە کە دەبێت، یا مورەسەلیش بێت، بەڵام دەبێت، لە مورەسەلی شوێنکەوتە مەزنەکان (کبار التابعين) بێت، وەك، سەعیدی کوڕی موسەییب، (خوا لێی ڕازی بێت)و، یاخود لەلایەکی ترەوە سەنەدی تری هەبێتو، یاخود ڕای فەرمایشتی هاوەڵێ لە هاوەڵانی بێت، (خوا لێیان ڕازی بێت) و یاخود زۆرینەی زانایان بەپێی ناوەڕۆکەکەی فەتوای دابێتو، مەزهەبی حەنبەلی لەم بارەیەوە وایە، کە وەردەگیرێتو بەو مورەسەلە دەکرێت ئەگەر لەو بوارەدا فەرموودەیەکی ڕشتە پەیوەست (متصل السند) نەبوو[1].

١٦٤- گفتی دووەم: بێژەرانی ئەم ڕایە، تەنها بەوەندە ڕازی نەبوون، کە دەبێت گێڕەرەوەکان ڕاستاڵو متمتانەدار بنو بەڵکو مەرجی تریان هەن، کە پەیوەندییان نییە، بەسەنەدی گێڕاوەکەوەو، بەڵکو پەیوەستە بەشتی ترەوە، تابەم هۆیەوە ئاستی دروستی فەرمودەو، ئاستی گەیشتنەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) یەکلایی ببێتەوەو، مالکی یەکانو

---

1 القاسمي، ل١١٥-١٢٠، المستصفى، ب١، ل١٤٩-١٧١، الأحكام، لأبن حزم، ب١، ل١٠٨و دواتر،و ب٢، ل٢و دواتر.

حەنەفیەكان ئەم ڕایەیان دەربڕیوەو، لە خوارەوە بەكورتی، گرنكترین مەرجەكانیان باس دەكەین.

١٦٥- مەرجە مالكییەكان، بۆ وەرگرتنی سوننەتی ئاحاد:

مالكییەكان سەبارەت بە وەرگرتنی سوننەتی ئاحاد، ئەمەیان بە مەرج گرتووە، كە دەبێت، پێچەوانە بێت، لەگەڵ كردەوەی خەڵكی شاری مەدینەداو، بەڵگەیشیان ئەوەیە كە كارو كردەوەی خەڵكی مەدینە وەك سوننەتی موتەواتیر وایەو، لە پلەی ئەودایە چونكە كردەوەیان لە خەڵكانی پێش خۆیانەوەو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگرتووەو، بۆیە كارو كردەوەیان وەك ڕیوایەتو گێڕانەوە وایەو، لە پلەی سوننەتی موتەواتیر وایەو، موتەواتیریش لە سوننەتی ئاحاد لە پێشترەو، لەسەر ئەم بنەمایە ئیمامی مالیك ئەم فەرموودەیەی وەرنەگرتووە، كە دەفەرموێت! (المتبايعان بالخيار، مالم يتفرقا) واتە: كڕیارو فرۆشیار تا لەیەكتری جیانەبنەوەو دوور نەكەونەوە، مافی پەشیمان بوونەوەیان لەو مامەڵەیە هەیە.

جا ئیمامی مالیك سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت: (ئێمە سەبارەت بەم فەرمودەیە، ناسینێكە ئەو تۆمان نییەو، هەروەها نەمانزانیوە، كە ڕەوشی كاركردن پێی لە ئارادا هەبوو بێت).

هەروەها بەمەرجیان گرتووە، كە دەبێت فەرموودەی ئاحاد پێچەوانەی بنەما جێگیرو یاسا ڕەچاو كراوەكانی شەریعەت نەبێتو، لەسەر ئەم بنەمایە ئەو فەرموودەیەی كە دەربارەی (المصراة: هێشتنەوەی شیر لەگوانی مەڕو مالات)دا، وەریان نەگرتووە. كە دەفەرموێت: (لا تصروا الإبل والغنم، فمن ابتاعها بعد فإنه بخير النظرين بعد أن يحتلبها: إن شاء أمسك، وإن شاء ردها وصاع تمر) واتە: گوتنی حوشترو مەڕ مەبەستن، ئەو كاتە كەسی كڕیار، كە شیرەكە بەكار دێنێ، لە نێوان دوو بژاردەدایە، یان ڕازی دەبێو، قەبوڵی دەكاتو، یان ڕەتی دەكاتەوەو، دەبێ ئاژەڵەكە بگێڕێتەوە لەگەڵ (صاعێك) لە خورما، جا بۆیە كاریان بەم فەرموودەیە نەكردووە، چونكە ئەم فەرموودەیە، بەتێڕوانینی ئەوان پێوانەی ئەم یاسا بنەماییە كە دەڵێت: (الخراج بالضمان) واتە:ئەو

سودەی لە فرۆشیار بەدی دێت، مافی کڕیارە، چونکە ئەگەر لە ناوچوو ئەم (ضامن) یەتی‌و، دەستەبەریەتی‌و، ئەبێ بیبژێرێ‌و، هەروەها پێچەوانەی ئەم بنەمایە کە دەڵێت: (إن متاف الشيئ إنما يغرم مثله إن كان مثلياً،و قيمته إن مان قيماً) واتە: ئەگەر کەسێك شتێکی لەناو برد، یان خراپی کردو، ئەو شتە وێنەی خۆیی هەبوو، ئەوا بەو هاو وێنەیە قەرەبووی دەکاتەوە بۆ قاوەنەکەی‌و، ئەگەر هاو وێنەی نەبووو، نرخی لەسەر بوو، ئەوا بایی نرخەکەی قەرەبووی دەکاتەوە، بۆیە لە کاتی لە ناوبردنی شتێکدا کە هاو وێنەی هەبوو، شتێکی تری وەك خواردن‌و کالای لە جیاتی قەرەبوو، نادرێتەوە هەروەها مالیکیەکان ئەو فەرموودەیەیان ڕەتکردۆتەوە، کە تیایدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێشهاتێکدا فەرمانی کرد، کە ئەو تیانەو کەل‌و پەلانەی کە لەپێش دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگەوە گۆشتی وشترو مەڕە دەسکەوتەکانیان تیادا سورکردبوویەوە، سەرەو نخونیان بکەنەوەو، بیانێرنە سەرزەوی، ئەمەیش لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕەتیان کردۆتەوە، کە پێچەوانەی ئەو یاسا بنەماییەیە کە دەڵێت: دەبێت سەختی‌و نارەحەتی وەلا بنرێت‌و، بەرژەوەندی (مەصالیحی مورسەلە) ڕەچاو بکرێت‌و، جا بۆیە ئەوەندە بەس بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بفەرموێت: ئەو کارەی ئێوە کردوتانە دروست نییەو، دواتر مۆڵەتیان بدات، کە خواردەنکە بخۆن[1]، چونکە لەناو

---

[1] ئەمە پوختەی فەرموودەکەیە کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، کە پوختەکەی ئەمەیە، کە لە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە گێڕدراوەتەوە، کە فەرمویەتی، لە (ذي الحليفه) لە خزمەتی پێغەمبەرا (ﷺ) بووین، تووشی برسێتی بوو بوین‌و، دواتر وشترو مەڕێکی زۆرمان لە جەنگدا دەسکەوت، جا پێغەمبەر (ﷺ) لەدوای خەڵکەکەوە بوو، خەڵکەکە پەلەیان کردو، لێیان سەربڕی‌و دیزەو تیانەیان خستە سەرئاگر، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرك دیزەکان سەرەو خوون کرانەوەو، دواتر دەسکەوتەکەی بەشی کرد، دەمەڕی بەرابەر بە وشترێ کرد، وشترێ یاخی بوو، لەناو لەشکردەکەدا ئەسپ سوارەکەم بوو، بە شوێنیدا چوون، ماندووی کردن، نەیانگرتن، پیاوێ تیرێکی بۆ هاویشت، خوا بەو تیرە وەستانی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم ئاژەلانە سەرکێش‌و وەحشییان تێدایە، وەك ئاژەڵی وەحشی هەرکامێکیان لێتان یاخی بێن، وەهای لێ بکەن! وەرگێڕ.

بردنی خورادنی ئامادەکراوو سوورەوەکراو پێچەوانەی بەرژەوەندییەو، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر نادروستی ئەو هەواڵە[1].

١٦٥- مەرجی حەنەفییەکان، بۆ وەرگرتنی سوننەتی ئاحاد:

أ- نابێت ئەو سوننەتە، پەیوەندیدار بێت، بەو شتانەی کە زۆر ڕوو دەدەن، چونکە ئەوەی کە لەم شێوەیەو، زۆر ڕوودەدات، بێگومان پێویستە کە لە ڕێی تەواتورو، مەشهو بوونەوە بگوێزرێتەوە، چونکە ڕێو شوێنەکانی گواستنەوەو گێڕانەوەی سازن‌و زۆرن، جا ئەگەر بەم شێوازە نەگێڕدرایەوە، ئەم بەڵگەیە لەسەر نادروستی ئەو فەرموودەیەو، نموونەیش وەك: (رفع اليدين في الصلاة: واتە: بەرزکردنەوەی دەستەکان لەدوای ڕکوعو، لە نوێژدا)، ئەم گێڕنەوەیە لە ڕێگای (ئاحاد)ەوە، هاتووەو بە بەڵگەی ئەوەی کە ڕۆژانە نوێژ دووبارە دەکرێتەوە، کردنی ئەم کارە ڕەهایەو گشتییەو زۆرەو، زۆر ڕوودەدات، بۆیە فەرموودەکە وەر ناگیرێت.

ب- نابێت ئەو سوننەتە، پێچەوانەی قیاسێکی دروست (صحيح) یان بنەماو ڕێسا چەسپاوەکانی شەریعەت بێتو، ئەم مەرجەیش بۆ کاتێکە کە گێڕەوەکە شەرعزان نەبوو، چونکە لەم حاڵەتەدا، فەرموودەکە بەمانا نەك لەفز دەگێڕێتەوە،- کە ئەم حاڵەتەیش زۆر ڕوودەدات- جا شتگەلێکی لەمانای فەرموودەکە لە بیردەچێتو، لەدەستی دەدات کە بەهزر بەی پێ نەبردووەو، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئامادەکاری پێویستی دەبێت هەبێتو، هەر فەرموودەیەك لەم حاڵەتەدا پێچەوانەی بنەما گشتییەکان‌و قیاسی صەحیح بوو، نابێت، وەری بگریتو، لەسەر ئەم بنەمایە، کە مالکی یەکان کارەکەیان بە فەرموودەکەی (المصراة) کە باسمان کرد، نەکردووە، چونکە گێڕەرەوەی فەرموودەکە، کە (ئەبو هورەیرە)یە، لەلای مالیکییەکان کەسێکی شەرعزان نییەو، هەروەها ئەو فەرموودەیە

---

1 الموافقات، ب٣، ل٢١-٢٢، (مالك) للشيخ محمد أبو زهرة، ل٣٠١-١٣١، دواتر.

پێچەوانەی بنەماو یاسا چەسپاوەکانە، وەك یاسای (الخراج بالضمان) کە لە سوننەتدا هاتووەو، پێشتر مانامان کردو، ئەم ڕێسایە فەرمان بەوە دەکات، کە ئەو شیرەی کە ئاژەڵە کڕدراوەکەدا هەیە، لە کاتی مامەڵچەکەدا هی کڕیارە، چونکە لەو کاتەدا ئەگەر ئەو ئاژەڵە بمرێت‌و، مردار ببێتەوە، لەگەردنی کڕیارەکەدایە، بۆیە ئەو دەرهاویشتەو سودەیش هەر بۆ ئەو دەبێت، کەواتە لەکاتی مردارەوەبووندا لەسەر کێ ماڵە، ئەو بەرهەمەیش لەو کاتەدا هی ئەوەیە، هەر وەك زانرا کە ئەو فەرموودەیە پێچەوانەی ئەو یاسای لە ئەستۆ بوون (ضمان)ە یە، کە دەڵێت: ئەگەر موڵك‌و ماڵە خراپ بووکە هاو وێنەی هەبوو، دەبێت بەهەمان شتی هاو وێنەی خۆی ببژێردرێت[1] !

ج- نابێت گێڕەرەوە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی کە گێڕاویوتییەوە کار بکات، چونکە کارکردنەکەی دەبێت بەڵگە لەسەر ئەوەی کە (نەسخ) بۆتەوەو، هەڵوەشاوەتەوە، یاخود بەهۆی بوونی بەڵگەیەکی ترەوە، کاری بەمیان نەکردووەو، یاخود لەبەر ئەوەیە، کە ئەم گێڕانەوەیەی ئەم ئەو مانایەی نییە، کە لە ڕوخساردا هەیەتی‌و، مانای تری تیادا حەشار دراوەو، نموونەیشیان بۆ ئەم قسەیە یان، وەك ئەم فەرموودەیە: (إذا ولف الكلب في إناء أحدكم، فاغسلوه سبعاً، إحداهن التراب) واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو قاپ‌و قاچاغتانەوە، حەوت جار بیشۆن‌و، جارێ لەو حەوت جارە بابە قوڕاو بشوردرێت، کار بەم فەرمودەیە نەکراوە، چونکە گێڕەرەوەکەی، هەر سەگێ دەمی خستبێتە قاپ‌و قاچاغەکانییەوە، سێ جار شۆردونی!

١٦٦- ڕای لە پێشتر (الراجح) لەم پرسەدا:

لەگەڵ ئەوەیدا کە قبوڵمانە، حەنەفی‌و مالکییەکان بۆیە ئەو مەرجانەیان داناوە، تا دڵنیابن، لەسەر صەحیحی فەرموودەکەو صەحیحی گەیشتنەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) و، ئەم ڕایەیان ڕاستەوخۆ بایی خۆی پێشرەوایەتی هەیەو (مرجوح)ـە، بەڵام ڕای گروپەکانی تر لە پێشترەو، (راجح)ـە، چونکە فەرموودە هەرکات گێڕانەوەکەی دروست بووو،

[1] أصول السرخسي، ب١، ل٣٤١.

کەسانێکی ڕاستاڵو خاوەن متمانەو، خاوەن بیر (ضـابط) گێڕبوویانـەوە، ئـیتر پێویـستە وەربگیرێتو پەیڕەوی لێوە بکرێت، حوکمی لێوە هـەڵبهێنجرێتو، ئـیتر چـونیەکە کۆکو هاوڕای کار کردەوەی خەڵکی شاری مەدینە بێت، یان نا.....و هەروەها چونیەکە لە گەڵ بنەما چەسپاوەکاندا کۆك بێت، یان نـا.... ویـاخود لەگـەڵ داواکاریو دەرهاویشتەکانی قیاسدا، کۆك بێت، یان پێچەوانە، هەر چـونیەکەو، یـاخود کـابرا گێـڕەرەوەی کـاری پـێ کردبێت، کە زۆر ڕوودەدەن یان کـەم ڕوودەدەن دیـسان هـەر چـونیەکە، چـونکە خـەڵکی مەدینە بەشێکن لەگەڵی ئیسلامو، سەرچەمە نینو، کار بەو شتە دەکرێت کە گێڕەرەوەکە گێڕاویەتەوە، نەك بەکار پێکردنی ئەو یان بەکار پێنەکردنی، چـونکە بـۆی هەیـە، کـە بـە پێچەوانەی گێڕانەوەی خۆی کار بکات، ئیتر یان بەهەڵەیـە، یـان لـە بیرچـوونەوەیە، یـان مانای تری بۆ کـردووەو، بەهـەرحاڵ کەسێکی پـارێزراو (معـصوم) نیـەو، هـەروەها ئـەو کردەوانەی کە زۆر ڕوو دەدەنو، لە فەرموودەدا هاتن، ئەم کاریگەری دروست ناکـات، لـە وەرگرتنیدا، یان لەبەرپەچدانەوەی فەرموودەی (ئاحـاد)دا، چـونکە پێویـستی بـوون، بـە زانین حوکمی شتەکەمەکان، هەر وەك پێویستی بوون بە زانینـی حـوکمی شـتە زۆرەکـان وایـەو، هـەردووکیان دەکرێـت، کـە بـە شـێوەیەکی گێڕانـەوەی (ئاحـاد) بگێڕدرێتـەوەو، سەرەڕای ئەوەی کە (زۆری)و (کـەمی) ئـەم بـوارەدا هـیچ چـوار چـێوەو کـۆنترۆڵێکی بـۆ دانەراوە.

بیانوو هێنانەوە بەوەی کە ئەو سوننەتە ئاحادە، پێچەوانەی بنەماکانە، ئەمەیش بـڕوا هێنەر نییە، چونکە سوننەتەکە بنەماکان (أصول) بنیات دەنێتو، دەیانکاتە بنەماو، جـا کە سوننـەت حوکمێکی بەر پاکرد، کە پێـچەوانەی (ئەسـڵ) بـوو، ئـەوا ئـەم حوکمـە وەك ئەسڵێکی سەربەخۆو، لەناو بازنە گشتییەکەدا دادەنرێتو، کار دەکات، وەك لە مامەڵـەی (سلم)دا کەشتە فرۆشیارەکە نادیارە، بەلام واجیـچگیر بـووە، کـە ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـــەوەی ئـــەو ســـوننەتە ئاحادانـــەی کـــە ســـەنەدی صـــەحیحیان هەیـــەو، بـــەهۆی پێچەوانەبوونەوەیان لەگەڵ ئەسڵەکاندا ڕەتدەکرێتەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا کـۆکو هـاوڕای ئەسڵەکانن، نەك پێچەوانەوە.

ئینجا ئەو فەرموودەیەی (المصراة: کە باسمان کرد)و، ڕەتیان کردۆتەوە، بەهۆی پێچەوانەبوونەوەی لەگەڵ بنەما (أصل)ە کاندا ئەم پێچەوانەی ئەو بنەمایانە نییە، کە گوتویانەو، یاسای (الخراج بالضمان) لێرەدا کار ناکات، چونکە ئەو شیرەی ماوەتەوە لە گوانی ئاژەڵەکەدا لەدوای کڕینەکە نەبووەو، بەڵکو لە پێش کڕینەوە بووەو، بۆیە ئەم شیرە بەو دەسکەوتو دەرهاویشتەیە نییە، لە کاتی بوونی شتە فرۆشراوەکە لەلای کڕیار وەدەست هاتبێ‌و ڕووی دابێت، تا کڕیار زیاتر هەقی خاوەندارێتی هەبێت.

و هەروەها یاسای (الضمان) لێرەدا کار ناکات، چونکە ئەندازەی ئەو شیرەی کە هاتۆتە گوانی ئاژەڵەکە لەلای کڕیارەکە نازانرێت، چەندە؟ چونکە تێکەڵ بووە، بەو شیرەی کە پێش فرۆشتنی لە گوانەکانیدا بووەو، لێرەدا قەرەبووی هاو وێنە (الضمان بالمثل) ناکرێتو، مەحاڵەو، بۆیە فەرمانی داوە، کە صاعێ خورما وەك قەرەبوو بدرێتەوە، چونکە نزیکترین هاو وێنە لە شیرەوە، زیاتر خورمایەو، نزیکی هاوشێوە بوونیان لەوەدایە، کە هەردووکیان بەکیلۆ دەفرۆشرێنو، هەردووکیان خۆراکنو، خواردەمەنینو، کەواتە دواجا ئەم پێچەوانە بوونەوە لەگەڵ بنەماکانو قیاسدا لە کوێدایە؟![1]

ئینجا بە بەڵگە کردنی ئەوەی کە کابرای گێڕەرەوە شەرعزان نییە، ئەمەیش هەر بەڵگەیەکی وەر نەگیراوەو، چونکە سەرجەمی گێڕەرەوانی سوننەت، لەبەر ئەوەی کە هاوەڵایەتی پێغەمبەریان (ﷺ) کردووە شتێ لەشەرع هەر دەزاننو، پلەیێ لە شەرعزانینیان هەر هەیە، لە دڵنیامان دەکاتەوە، کە ئەوەی گێڕاویانەتەوەو گواستویانەتەوە دروستە کە شێوازی زمانی عەرەبیو پاراوییەکەیان زانیوەو، لەسەر ئەم بنەمایە بێت، ڕای جەماوەری زانایان لە پێشترە، (راجح)ەو، بۆیە هەر فەرموودەو سوننەتێ کە بەدروستی ئەوەی تیادا دەرکەوت، کە کەسانێکی خاوەن متمانەی زاڵو ژۆڕ

---

1 بڕوانە بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی کە بەر پەرچی فەرموودەی (المصراة) دەدەنەوە، لە کتێبی (إعلام الموقعين) ب١، ل٣٦٦، ودواتر.

(ضابط) گێڕێتیانەوە، ڕووتێکردنی پێویستەو، ئیتر نابێت ڕووبکرێتە ئەو گێڕانەوانەی کە پێچەوانەی ئەم دروستەیانن‌و ئیتر پێچەوانەبووەوەکە هەچیی‌و هەر کێ بێت، چونکە خوای گەورە فەرمانی کردووە، بە ئێمە کە پەیڕەوی لە سوننەتی پێغەمبەرەکە (ﷺ) بکەین‌و، گەیشتن بەسوننەتیش تەنها لەڕێی گێڕەرەوەکانەوە دەبێت‌و، کە توانای کونترۆڵ کردنی هزر (ضبط)و ڕاستاڵیان چەسپاو یاخود زیاتر ئەم حاڵەتەیان تیادا بوو، ئەمە بەڵگەیە کە لەسەر دروستی دانەپاڵی ئەو گێڕانەوەیە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)و، ئەمەیش بە ڕێگای یەکلایی (قاطع) وایە، یاخود بە گومانێکی لە پێشتر (الظن الراجح) و، کار کردن بەهەردووکیان لە ڕووی شەرعەوە واجبە.

١٦٧- جۆرەکانی ئەو ئەحکامانەی کە لە سوننەتدا هاتوون:

- خۆری یەکەم: ئەو ئەحکامانەن، کە هاوشێوەی ئەحکامی قورئانن‌و، جەخت کەرەوەن لەسەریان‌و، نموونەیش وەك، بەرگرتن لە ئازاردانی دایەو بابەو، بەرگرتن لە شایەتی دانی درۆ، کوشتنی خەلچك‌و، هتد....

- جۆری دووەم: ڕوونکەرەوەی ماناکانی قورئانن‌و، درێژە پێدەری بابەتە کورت‌و پوختەکانی قورئانن، وەك ئەو سوننەتەی کە شێوازەکانی حەج ڕشوون دەکەنەوەو، ئاست‌و ئەندازەی زەکات دیاری دەکەن‌و، هەروەها ئەو ئەندازەیە دیاری دەکەن، کە دەستی دزی تیادا دەبڕدرێت‌و، هتد....

جۆری سێیەم: جاری وا هەیە، سوننەت کە ئەحکامە ڕها (موتلەق)ە کانی قورئان، پەیوەنیدار (مقید) دەکات‌و، یاخود ئەحکامە گشتییەکان (عام)ە کانی، تایبەت (تخصیص) دەکات، هەروەك لە جێگای خۆیدا ئەم باسە دێت.

- جۆری چوارەم: جاری واهەیە، کە حوکمێکی قورئان بێدەنگی لێکردووەو، سوننەت هێنایەتی‌و دەری بڕیوە، چونکە سوننەت خۆی لە خۆیداو، لەم بوارەدا سەربەخۆیی لە شەرعاندنی ئەحکامەکانداو، وەك قورئان وایە، هەروەك ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەم قسەیە کە دەڵێت: (ألا واني أتيت القرآن و مثله معه)

بە دروستیو تەواوی قورئان بەمن دراوەو، هەروەها هاو شێوەی قورئانیش، کە سوننەتو، لەو شتانەیدا کە قورئان بێدەنگی لێکردووەو، نموونەی لەم بابەتەیش زۆرن، لەوانە، حەرامی خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵیو، خواردنی گۆشتی درندە (ئاژەڵی چرنۆکدار)و باڵندەی چرنۆکدارو، هەوەرها وەك بڕیاردان بە شایەتێكو سوێند خواردنێك پێکەوەو، دروستی ڕەهن کردن (بارمتە)، لە حاڵەتی نیشتە جێبووندا، واجبی دانی خوێنی کوشتن، لەسەر کەسو کاری بکوژەو، میراتبردنی نەنكو هتد.....[1].

١٦٨- دەلالەتو بەڵگەداری سوننەت، لە سەر ئەحکامەکان:-

پێشتر گوتمان، کە سوننەت لە ڕووی گەیشتنەوە، بە ئێمە، جاری وا هەیە، کە یەکلاییەو، (قطعي یە)، هەروەك لە سوننەتی موتەواتیر وایەو، جاری واهەیە، کە نا یکلایی یە (ظني) یە، وەك لە سوننەتەکانی مەشهورو ئاحاددا وایەو، بەلام لە ڕووی دەلالەت کردنییەوە لەسەر ئەحکامەکان جاری واهەیە، کە (ظني)یەو، جاری وا هەیە کە (قطعي یە)و، لەم ڕووەوە وەك قورئان وایەو، کاتێك دەلالەت کردنەکەی (ظني) دەبێت، کە لەفزەکەی لە مانایەك زیاتر ببەخشێت، واتە: ڕاڤە زیاترو مانای زیاتر (تأویل) هەڵبگرێت، لە نمونەی فەرموودەی قطعي، وەك ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (في خمس من الأبل شاة) واتە: زەکاتی پێنج وشتر مەڕێکە، کە لێرەدا لەفزی (خمس: پێنج)، بەتەواوی دەلالەت لەسەر ماناکەی خۆی دەکاتو، (قطعي یە)و، مانای تر هەڵناگرێت، بۆیە حوکمەکە دەچەسپێنرێت، بەسەر حاڵەتو مانایەدا کە لەفزەکە دەفامرێتەوە، کە ئەویش واجبی دەرکردنی زەکاتە لەو مامەڵە، کە بڕەکەی دانی مەڕێکەو، نموونەی فەرموودەی (ظني) وەك، (لا صلاه إلا بفاتحه الکتاب) واتە: نوێژ بەبێ سورەتی فاتیحە، دانامەزرێت، ئەم فەرموودەیە مانای تر هەڵدەگرێتو، دەکرێت مەبەست لێی ئەوە بێت، کە نوێژ بەبێ سورەتی فاتیحە، دروستو لە کۆڵەوە بوونییەو، نابێتو، هەروەها دەکرێت، مەبەست ئەوەیش بێت، کە نوێژی تێرو تەسەلو تەواو بەبێ سورەتی فاتیحە نابێتو، جەماوەری زانایان (الجمهور) ڕای یەکەمیان وەرگرتووەو، حەنەفییەکان ڕای دووەمیان پەسەند کردووە، کە ماناهەڵگری زیاترەو، (تأویل)ی تیادا کراوە.

---

1 الشوکاني، ل٣٣.

﴿بەشی سێیەم﴾

بەڵگەی سێیەم: کۆڕای زانایان ((الأجماع)).

١٦٩- پێناسەی ئیجماع:[1]

ئیجماع لە زمانی عەرەبیدا،نیازو خولیاو بیرکردنە لەسەر ئەنجامدانی شتێکو، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (ﷺ) هەر لەمەوە هاتووە، کە دەفەرموێت: (لا صیام لمن لم یجمع الصیام من اللیل) واتە: هەرکەسێ لە شەوەوە نیازی نەبووبێ‌و، بیری لەسەر ئەوە نەبەبێ، کە ڕۆژەکەی بە ڕۆژوو بێت، ئەوە ڕۆژووەکەی دانامەزرێت‌و، هەروەها دەگەوترێت: (أجمع فلان علی الأمر) واتە: فلان کەس، لەسەر فلان کار نیازی بەرپاکردو، بۆیە خولیای سەری‌و بیری لەکردنی کردەوەو، هەروەها مانای (الأتفاق: کۆکبوون) دەگەیەنێت هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَأَجْمِعُوٓاْ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَآءَكُمْ﴾[2] واتە: خۆتان‌و بەرستراوەکانتان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن، واتە: پێکەوە کۆك بن‌و ڕێکبکەون‌و، هەروەها دەگەوترێت (أجمع القوم علی کذا) واتە: ئەو هۆزە لەسەر فلانە شت ڕێکەوتن‌و، بیرو خولیلیان لەسەر ئەنجامدانی کۆك بووو، بەم مانایەش بێت، ڕوودانی ئیجماع، لە کاتێکدا کە زیاتر لە کەسێك لە پرشۆسەکەدا هەبێت، بە پێچەوانەی مانای یەکەمەوە، کە دەکرێت لە تەنها کە سێکیشدا دروست‌و بەرجەستە ببێت.

---

1 هەندێ لەزانایانی مەزهەبی جەعفەری، ئیجماعیان بەوە پێناسە کردووە، کە بریتیە لە ڕێکەوتنی ئومەتی موحومەد (ﷺ) لەسەر کارێکو، یاخود کۆبونەوەی موجتەهیدەکانی ئەم گەلەیە لەسەر دەمێکدا، لەسەر شتێك، (کتاب الّرائك) ل١٧٦، و بڕوانە پێناسەی تر، لە کتێبەکانی تردا، وەك (شوکانی ل ٦٣) والمستصفی ب١، ل١١٠، والأمدي ب١، ل١٨٠و دواترو، کتێبی (الأجماع) دانراوی، عەلی عبدالرزاق، کەلەم کتێبەیدا پێناسەی جیاجیای چەندەها زانای جیاوازی ئوصولی هێناوە.

2 سورة (یونس/ ٧١).

پاشان لە زاراوەی زانایانی ئوصولی فیقهدا، ئیجماع بریتییە لە ڕێکەوتنو کۆکبوونی موجتەهیدانی گەلی ئیسلام، لە سەردەمێ لەسەر دەمەکاندا، لەسەر حوکمێکی شەرعی، لە دوای وەفاتی پێغەمبەر[1] (ﷺ).

١٧٠- ئەمانەی خوارەوە، لەم پێناسە زاراوەییە وەردەگیرێت:-

یەکەم: کۆکبوونەوەو کۆکبونی ئەوانەی کە موجتەهید نین، کاری پێ ناکرێت.

مەجتەهیدیش، ئەو کەسەیە کە تواناو ئامادەگی دەرهێنانی ئەحکامی شەرعیی هەیە، کە بەڵگە تەفصیلییەکانەوەو، جاری وایش هەیە، کە بە (فیقهی: شەرعزانان) ناوزەرد دەکرێت، هەروەك چۆن موجتەهیدەکان بە (ئەهلی حەلو عەقد) ناوزەر کراونو، یاخود بە ئەهلی ڕەئیو ئیجتیهاد ناو دەبرێنو، یان زانایانی گەلی ئیسلام ناوزەرد دەکرێن[2]، بەڵام ئەوەی کە موجتەهید نییە، ئەو کەسەیە کە توانای هەڵێنجانی حوکمی نیەو، وەك زۆرینەی خەڵك وایەو، یاخود وەك کەسێ وایە کە لە بارە شەرعییەکان بێ ئاگایەو، هەرچەندە لە بوارەکانیو هونەرەکانیتری، وەك پزیشکیو ئەندازیاری ئاگاداری هەبێت.

دووەم: ڕێکەوتنو کۆکبوونی موجتەهیدەکان، مەبەست پێی ڕێکەوتنی سەرجەمیانەو، بۆیە کۆکبوونی تەنها خەڵکی شاری مەدینە یان شارەکانی مەککەو مەدینە بەس نییەو، هەروەها ڕێکەوتنی گروپێکی دیاری کراویش هەر بەس نییەو، ئەو جۆرە ئیجماعانە، بە ئیجتیهادی زاراوەییو ئەوەی کە مەبەستو ئامانجەکەیە نایەنە ئەژمارو، پێچەوانە بوونەوەی تەنها یەك موجتەهیدیش هەر زیان دەگەیەنێتو دەبێتە هۆی دامەزرانی ئیجماعەکەو، جەماوەری زانایانی ئوصولی فیقهیش لەسەر ئەم ڕایەن.

و هەندێ لە زانایان ڕایان وایە، کە پێچەوانە بوونەوەی کەسێك یان دووکەس یان سێ کەس زیان ناگەیەنێت.

---

1 الأمدي ب٤، ل١١٥.

2 المسودة، ل٣٣١.

هەندێ تریش بەلای ئەوەدا چوون کە ڕێکەوتنی زۆرینە، هەرچەندە ئیجماعیش نەبێت، بەڵام هەر دەبێتە بەڵگەو، پەیڕەوی لێوە کردنی کارێکی پێویستە، چونکە کۆکبوونو ڕێکەوتنی زۆرینە، نیشانەی ئەوەیە کە هەق لەلای ئەوانەو، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە (قاطع) و باشترو لە پێشتر(راجح) هەیە، کە لەسەر ئەو کۆبوونو ڕێکەوتنە کۆی کردوونەتەوە، چونکە لە نەریتو عادەتدا زۆر دەگمەنە، کە بەڵگە پێچەوانەکە لە پێشتر(راجح) بێت[1].

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە، ئێمە ئەو دەبینین کە، کۆکبوونو ڕێکەوتن دەبێت سەراپای موجتەهیدەکان بگرێتەوە، بەبێ جیابوونەوەی یەکێك یان هەندێکیانو، هەلاوێر بوونیان، بۆیە ئەگەر هەندێکیان پێچەوانە بوونەوە، هەرچەندە تاکە کەسیش بێت، ئیتر بە ئیجماع نایەتە ئەژمارو کە ئیجماعیش نەبوو، ئیتر بەڵگەیش نییەو، پەیڕەوی لێوەکردنی واجب نییە، چونکە زۆرینە بوون، بەڵگەی یەکلاکەرەوە نییە لەسەر ئەوەی کە ئیتر لەسەر ڕای ڕاستو هەقنو، جاری وا هەیە، کە کەسانێکیان لەگەڵدایە، کە لەسەر ڕێگای هەڵەنو، ژمارەکەمەکە لەسەر ڕاستیو هەقو بووە، بەڵێ هەڵبەتە ئەگەر بەلایەکدا خستن (رجحان)ی، بەڵگە پێچەوانەکەمان بۆ ڕۆشن نەبێتەوە، ئەوا ڕای زۆرینە زیاتر ئاسودەکەرەو، دبێت بە ئاراستەکەی برۆین، بەو پێوەدانگەی کەڕایەکی ئیجتیهادیو لە پێشترە بۆ وەرگرتنیو، کا پێکردنی.

– سێیەم: مەرجی موجتەهیدەکان ئەوەیە کە دەبێت موسڵمان بن، چونکە ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەی کەهەن، لەسەر بە بەڵگە بوونی ئیجماع، ئەوە دەگەیەنن کە دەبێت ئەو کەسانەی ئەو کۆکبوونەیان بەر پاکردووە، سەربەگەلی ئیسلام بن، سەرەڕای ئەوەی کە پرسی ئیجماع کاروبارێکی شەرعییەو، لەسەر بیرو باوەڕ (عقیدە)، بنیات نراوەو، پەیوەستە پێیەوەو، سەر بەچڵو پۆپەکانییەتی.

---

1 أصول الفقه، للشيخ الرحوم الخضري، ل ٣٢٧.

- چوارەم:- دەبێت ئەو ڕێکەوتنەی نێوان موجتەهیدەکان بە تەواوی بێتەدی، لە کاتی کۆبوونەوەیان لەسەر حوکمی ئەو پرسەو، بۆیە بەسەر چوونی سەردەمەکانیان مەرج نییە، واتە: بەمەرج نەگیراوە، کە ئەو موجتەهیدانەی کە ئیجماعەکەیان ئەنجامداوە، بمرن‌و، تامردنیش هەر لەسەر ئیجماعەکەیان سووربووبن‌و، لەم ڕوانگەیەوە بێت پەشیمان بوونەوەی هەندێکیان لەڕاکەیان گرفتی تیادا نییەو، هەروەها دەرکەوتن‌وپەیدا بوونی موجتەهیدێکی تر کە لەسەر دەمی ئیجماعەکەدا نەبوبێت‌و، دواتر پەیدابێ‌و، پێچەوانەی ئیجماعەکەیان ببێتەوە، دیسان زیان نا گەیەنێت.

هەندێ لەزانایانی ئوصول دەڵێن، بەسەر چوونی سەردەمەکە پێویستە، بۆ هاتنەدی‌و چەسپاندنی ئیجماعەکە، چونکە بۆی هەیە کە هەندێکیان لە ڕاکەیان پاشگەز ببنەوە.

ڕای لە پێشتر (الراجح) لێرەدا ئەوەیە کە گروپی یەکەم: دەریان بڕی، چونکە بەڵگەکانی بە بەڵگە بوون (حجیة)ی ئیجماع پێداگیر نین لەسەر ئەوەی کە دەبێت سەردەمەکەیان بەسەر چوو بێت‌و، بەڵکو تەنها ڕێکەوتنیان بەمەرج گیراوەو، هەرکات ڕشێکەوتنی موجتەهیدەکانی سەردەم لەسەر ڕشوورداوێك دروست بوو، ئەوە ئیجماع ڕوویداوەو، هاتۆتە دی‌و، پەیڕەوی لێوەکردنی واجبەو، بە پاشگەز بوونەوەی هەندێکیان لە ڕاکەیان‌و، یاخود بەدەرکەوتنی موجتەهیدی‌و بەڕای جیاوازەوە، کار لە ئیجماعەکە ناکات‌و، نابێتە هۆکاری هەڵوەشانەوەی.

- پێنجەم: دەبێت‌و بەمەرج گیراوە، کە ڕێکەوتنی موجتەهیدەکان لەسەر حوکمێکی شەرعیی، وەك (واجب بوون)و (حەرام بوون)و (مەندوب بوون)و هتد.... بێت. بۆیە ئیجماع لەسەر پرسە ناشەرعییەکانی، وەك پرسی وەرزشی‌و پزیشکی‌و، زمانەوانی‌و ئەوانە.... ئەمانە بەو ئیجماعە شەرعییە نایەنە ئەژمار، کە مەبەستمانە.

- شەشەم:- ئیجماع کاتێك دروستەو، کاری پێ دەکرێت، کە لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کرابێت‌و، ئەمەیش ڕای زۆرینەی زانایانی ئوصوڵە کە لە پێناسەکانیاندا باسیان لێوە کردووەو، ئێمەیش هەڵمان بژاردووە.

هەندێ لە زانایانیش گوتویانە، کە ئەمە مەرج نییەو، دروستە کە ئیجماع لەسەر دەمی پێغەمبەریشدا (ﷺ) ڕووبدات، لەسەر حوکمی پرسێكو، بۆیە بەڵگەی ئەو حوکمە بریتی دەبێت، لە ئیجماعو ڕازی بوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵام ئێمە ڕشامان وانیە چونکە لە کاتی بوونی پێغەمبەردا (ﷺ) پێویستمان بە ئیجماع نییەو نابێتو، چونکە کار بە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ)و ڕازی بوونی ئەو دەکرێتو، حساب بۆ ئەوە دەکرێتو، سەرچاوەی شەرعدانانەو، بۆیە ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئیجماع ڕوویدا، یان ئەوەیە کە پێچەوانەی فەرمایشی ئەو زاتەیە، یان هاوڕایەتیو، بۆیە ئەگەر پێچەوانەی بوو، ئەوا هیچ کارێکی پێ ناکرێتو، ئیجماعەکەیان بێ کەڵکە، (کە بێگومان شتی وا ڕوونادات‌و، نەبووەوو نییەو نابێت)و، یان ئەوەیە کە ئیجماعەکەی هاوڕای ڕازی بوونی پێغەمبەرە (ﷺ)و، لەم حاڵەتەیشدا هەر کار بەڕازی بوونەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کراوەو دەکرێتو، لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە بەلچگەیەکی دەرد خواردووو، ڕشەهەندێکی وەرگیراومان نییە، کە سەلمێنەری ئەوە بێت، کە ئیجماع لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕووی دابێتو، بۆیە بڕوا بەم پرسە ناهێنین.

١٧١- بەبەڵگە بوون (حجية)ی ئیجماع:

هەرکات ئیجماع بەتواوی مەرجەکانییەوە هاتەدیو، ڕشوویدا ئەو کاتە بەڵگەیەکی تەواوەو، یەکلاکەرەوە(قاطع)ە، لەسەر حوکمی هەر پرسێ کە ئیجماعەکەی لەسەر کرابووو، دواجار ئەو ئیجماعە، بە بەڵگەیەکی قطعی دێتە ئەژمارو، پەیڕەوی لێوەکردنی پێویستیە بۆ سەرجەمی موسڵمانانو، پێچەوانە بوونەوە لە گەڵیداو هەڵوەشاندنەوەی دروست نییەو، ئەوانەی کە ئیجماع بە بەڵگە دەزانن، زۆرینەی جەماوەری زانایانن‌و، بەڵگە گەلێکی زۆریان لەم بارەیەوە هێناوەن، کە ئێمە لێرەدا هەندێکیان دەهێنین، لەو بەڵگانەیش:

أ- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾[1] واتە: هەرکەسێك لەدوای ئەوەی ڕێگای هەق و ڕشاستی بۆ دەرکەوت، شارەزای ئاینی خوای پەروەردگار بوو، دژایەتی پێغەمبەر (ﷺ) بکات، ڕێگاو ڕێبازی بگرێتەبەر، کە ڕێگای ڕاستی باوەڕداران نەبێت، ئێمەیش ڕووی دەکەینە ئەو بەرنامەو ڕێگایەی بەئارەزووی خۆی لە دڵیاندا هەڵبژاردووە، ئیتر ئێمە وازی لێ دەهێنین و، هەقمان نییە بەسەرییەوە و، لە قیامەتیشدا ئەیخەینە ناو ئاگری تاوداری دۆزەخەوە، ئای کەدۆزەخ جێ و ڕێیەکی زۆر سامناك و خراپەو بۆیان ئامادە کراوە.

ڕووی بە بەڵگەکردنی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەوەدایە کە خوای پەروەردگار هەڕەشەی لەوە کردووە، کە پێچەوانەی ڕێبازی موسڵمانان کار بکرێت، چونکە ڕێگای موسڵمانان ڕێگای هەقەو، پەیڕەوی لێوە کردنی پێویستەو، ڕێگای تر بەتاڵەو پێویستە پشتی لێ هەڵبکرێت و، ئەو ڕێگایەی کە موسڵمانان لەسەری کۆدەبنەوەو، ڕێك دەکەون، ئەو ڕێگای یەکلایی و قطعی ئەوانەو، هەر ڕێگای ئەوانیش بە تەواوی و یەکلایی ڕێگای هەق و ڕشاستییە، دەبێت بێ دوودڵی پەیڕەوی لێوە بکرێت و، واجبە پێوەی پابەندبین و، ئەمەش ماناو مەبەست و داواکراوە لە ئیماعداو، ئیجماع ئەمەیە کە باسمان کرد.

ب- لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ)شوێنەواری زۆرهەن، کە بەڵگەن لەسەر پارێزراویی گەلی ئیسلام لە هەڵە، هەرکات لەسەر کارێك کۆبوونەوە، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: (لا تجتمع أمتي على خطأ) گەلەکەم لەسەر هەڵە کۆنابنەوەو، هەروەها دەفەرموێت: (لا تحتمع أمتي على ضلالة) گەلەکەم لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە، جا ئەم فەرموودەگەلە هەرچەندە ئاحادن، بەڵام ماناکانیان هەر موتەواتیرن و، بەڵگەی تەواوو یەکلایی لەسەر ئەوە دگەیەنن، کە ئەوەی گەلی ئیسلام لەسەری کۆدەبنەوە، ئەوە هەق و ڕاستەو، ئیجماعی گەلی ئسلامیش بە کۆبوونەوەی موجتەهیدەکانی ئەو گەلە پێك دێت،

---

1 سورة (النساء/ ١١٥).

چونکە ئەوان خاوەنی ڕان و، زانیارییان هەیەو، خەڵکی تر پەیڕەوکاری ئەوانن و، بۆیە ئیجماعەکەیان هەق و ڕاستەو پێیاویانەو هەرچیش هەق بوو، ئەوا پەیڕەوی کردنی واجبەو، نابێت پێچەوانەی ببنەوەو، ئەمەش مانای بە بەڵگە بوونی ئیجماعە کە باسمان کرد[1].

---

1 لێرەدا تێبینی ئەوە دەکێت، کە جەعفەرییەکان ڕایان وایە کە ئیجماع بۆیە بەڵگەیە تا چەسپێنەری ئەوە بێت، کە یەکێك لە ئیمامە مەعصومەکانی تیادایە، لە نێو ئیجماعکارەکاندا، هەروەك (حلي) لە کتێبی (تهذيب الأصول إلى علم الأصول) دا، ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێداوە، و هەروەها خاوەنی کتێبی (الأرائك)یش، هەمان مانای ڕوون کردۆتەوەو گوتویەتی بە بەڵگە بوونی ئیجماع لەسەر بنەمای زانیاری بوون، بە هەبوونی یەکێ لە ئیمامە مەعصومەکان لە ناو ئەو ئیجماع کارانەدا دەچەسپێت و ، یاخود بە چەسپاندنی ئەوەی کە یەکێ لەو پێشەوا مەعصومانەی لەسەری ها ڕا بووەو، ڕازی بووەو، یاخود زانیاری هەبێت، لەسەر ئەوەی کە یەکێ لەو ئیمامە مەعصومانە پەی بردووە، بەو سانەو ڕایانەی کە ئیجماع کارەکان لەسەری ڕێکەتوون، (الأرائك) ل١٧٦-١٧٧و هەروەها تەماشای (كفاية الأصول) بکە، ل٦٩و دواتر، (أصول الأستنباط)ـی، عەلی تەقی حەیدەری ل ١٤٥و دواتر، بەڵام (نائيبي) کە زانایەکی جەعفەرییەکانە، سەبارەت بە بەڵگە بوونی ئیجماع ئاراستەیەکی تری باسکردووە، کە ئەویش ئەوەیە ئەو ئیمامە مەعصومە لەناو ئیجماع کارەکاندا خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەو، ئەم ئاراستەیەش بە لەپێچەشتر داناوە، چونکە نزیکترین شێوازەکانە، چونکە چوونەناوی یەکێ لە پێشەوا مەعصومەکان بۆ ناو گرۆپی ئیجماع کارەکان کارایی دەدات بە پرۆسەکەو، لە کاتی ئامادەبونیدا پرۆسەکە ناکارا دەکات، بەڵام خاوەنی کتێبی (الأرائك) لەم بارەیەوە ڕای وایە کە ئەم کارە قسەی پێچشەوا مەعصومەکان بۆ ئێمە دەرناخات و، کەواتە دواجار کارەکە بە ئیجماع نایەت ئەژمار، چونکە لەو ئیجماعەدا پێوستیمان بە کۆکبوونی تێڕوانینی سەرجەمیان نییە، بڕوانە نوسینەکانی (نائيني) لە کتێبی (فوائد الأصول) ب١، ل٨٦-٨٧، و (الأرائك) ، ل١٧٨، منی وەرگێڕی کوردیش دەڵێم، خۆزگە ئەمزانی ئەم عەبدولکەریم زەیدانە، بۆچی هێندە پشت بەقسەی بێ ڕەواجی ئەم شیعە گەلە کەم عەقڵانە دەبەستێ، کە بێگومان سەرجەمیان بەچکەی موتعەن و، دواجار بەچکەی زینان و، دەمپیس ترینی مرۆڤەکانن لە جنێودان بە عائیشە خانی دایکمان و هاوەڵانی ترو، بەندە لەبەر ئەمانەتی عیلمی نەبوایە ئەوەی پەیوەندیدارە بەو گەوجانەوە تەرجومەم نەدەکرد، زۆر سەیرە کە زەیدان، کە ناوی پێشەوایان

ج- هاوڕابوونی موجتەهیدەکان دەبێت لەسەر بنەمای بەڵگەی شەرعی بێت، چونکە ئیجتیهادی بێ بەڵگەو لەسەر حەزو خواستن دامەزرێتو، بەڵکو دەبێت بەگوێرەی پەیڕەو گەلێکی نەخشەدارو ڕێسای دیاری کراو، ڕەوتێکی وابێت، کە دوور بێتو، لە حەزو هەواو خوازیاری، هەروەك لە پێشەکیدا باسمان کرد، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر موجتەهیدەکان ڕشیچکەوتن لەسەر ڕایەكو، ئەوە بەتەواوی زانیاری ئاسودەکار بە ئێمە دەدات، کە بەڵگەیەکی شەرعییان بەدەستەوەیە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕایەی کە لەسەری ڕێکەوتوونو، دڵی ئێمە ئاسودە دەکات، چونکە ئەگەر ئەو بەڵگەیە، مانای یەکلاکەرەوە نەدات بەدەستەوەو، بەڵگەی تەواو نەبێت، لەسەر ئەو حوکمە، ئەوا بێگومان وا بەئاسانی لەسەری ڕێك نەدەکەوتن، چونکە عەقڵو ئارەزو سروشتی مرۆڤەکان جیاوازن، ئەگەر بەڵگەیەکی فرەمانایان لەلابوایە کە ڕووی ترو مانای تری هەبووایە، وا بەئاسانی لەسەری ڕێك نەدەکەوتنو کۆك نەدەبوون.

١٧٢- جۆرەکانی ئیجماع:-

یەکەم:- ئیجماعی ڕاشکاوانە (الأجماع الصريح):-

ماناکەی ئەوەیە کە موجتەهیدەکان ڕاکانیان بە ڕاشکاویو بێ پێچو پەنا دەردەبڕنو، دواتر لەسەر ڕایەك کۆدەبنەوە، وەك ئەوەی کە پرسێك بخرێتە بەردەم موجتەهیدەکانو، ئەوانیش لەیەك جێگادا کۆببونەوەو، هەریەکەیان ڕای خۆی لەسەری دەربڕێتو، دواتر کۆببنەوە لەسەر تەنها یەك ڕاو، یاخود ڕاکە بە جیاجیا بخرێتە بەردەستیانو، دواتر بەگشتیانەوە لەسەر یەك ڕا کۆببنەوەو، یاخود هەندێ لە موجتەهیدەکان فەتوا دبدەن، لەسەر ڕایەكو، ئەو فەتوایە بگات بە موجتەهیدەکانی ترو، ئەوانیش بەڕاشکاوانە ڕەزامەندبن، لەسەر فتواکەو، یاخود موجتەهیدێك لەسەر پرسێك، حوکمێکی دیاریکراو

ئەبو بەکر، و پێشەوا عومەر دەهێنێت، هەر بە (ابو بكر)و (عمر)ـی، ڕووت ناویان دەهێنێ، بەڵام بە (حلي)و (نائینی)و تەنانەت بەچکە زیناو زۆڵێکی وەك (موحسین حەکیم)ـی، عێراقی باوکی ئەم (عبدالعزيز حكيم)و (عمار)و ئەوان، کە قاتڵی ئەهلی سوننەن، دەڵێت: (الأمام محسن الحكيم)!!!

بداتو، ئەم حوكمەیش بگاتە دەستی موجتەهیدەكانی تر، ئەوانیش بەراشكاوی ڕازی ببن لەسەری، ئیتر شێوەی ڕازی بوونەكە چونیەكە، بە گوفتار ڕازی ببن، یان ئەوانیش فتوایەكی لەو جۆرە دەربكەنو، یان بڕیارێكی لەو جۆرە بدەن، چونیەكەو ئەم ئیجماعە، بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوەیە (قطعي)یە، دروست نییە، نەپێچەوانەی ببینەوەو، نە هەڵی بوەشێنینەوە.

دووەم: ئیجماعی بێدەنگی (سكوتي): بریتیە لەو ئیجماعەی كە موجتەهیدێك ڕای خۆی لە پرسێكدا دەربڕێتو، ئەو ڕایە بناسرێتو، بڵاو ببێتەوەو، بەخەڵكی تر بگاتو، موجتەهیدەكانی تریش بێدەنگی لێ بكەنو، نكوڵی ڕاستەوخۆو ڕاشكاوانەی نەكەنو، بەڕاشكاویش لەسەری هاورشاو كۆكبنو، لەو سەرو بەندەدا ڕێگرێك نەبێت، كە ببێتە هۆی بێدەنگی ئەو موجتەهیدانە، واتە ماوەیەكی دیاریكراو بەسەر تێڕامان لە پرسەكەدا بگوزەرێتو، فاكتەری دەرەكی وەك ترس لە كەسێ، یان هەیبەتو شانو شكۆی كەسێ لەدڵداو، یان هەر ڕێگرێكی تر لەو ڕێگرانەی كە دواتر باسیان دەكەین، لە ئارادا نەبن، جا زانایان سەبارەت بە حوكمی ئەم جۆرە ئیجماعەو ئاستی كارابوونی، لەسەر سێ گفت جیاوازییان هەیە:

- گفتی یەكەم: دەڵێن ئەم ئیجماعە بێدەنگییە، بە ئیجماع نایەتە ئەژمارو، تەنانەت بە بەڵگەیەكی تەمو مژدار (حجة ضلنية)یش حسابی ناكەن، ئەمەیش ڕای شافعیو مالیكییەكانە.

بەڵگەی ئەم گروپەیش ئەوەیە، كە قسە نادرێتە پاڵ كەسی بێدەنگ، چونكە ناكرێت گفتێكی برێتە پاڵ، كە نەیگوتووەو، هەروەك بێدەنگیش ناكرێت، بەتەواوی بخرێتە سەر تەرازووی ڕازی بوونی ئەو كەسە، لەسەر ئەو شتە، چونكە جاری واهەیە، كە ئەو بێدەنگییە هۆكارەكەی نەگەیشتنی پرسەكە بەكەسانی تر، یاخود لەبەر ئەوەیە كە ئیجتیهادیان تیادانەكردووەو، یاخود كاتێكی گونجاوو پێویستی بەسەردا تێ نەپەڕیوە، تا ڕای خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕنو بەرپابكەنو، یاخود كابرای بێدەنگ وا گومان دەبات، كە دەنگ هەڵبڕینو دەربڕین ڕای ئەو كارێكی پێویست نییەو، یاخود كەسێكی

تری پێچەوانە لێیان ڕاست دەبێتەوەو، ئەرکی سەرشانی ئەم لەو بارەیەوە لادەباتو، یاخود ڕای وایە کە هەر موجتەهیدێ لەهەر شتێکدا ئیجتیهادی کردبێ، ئەوە ڕێبازە هەقەکەی لای خوای گەورەی گرتووەو، پێویست بە بەرپەرچ دانەوەو نکۆڵی کردن ناکاتو، یاخود جاری واهەیە، کەلە دەسەڵاتدارێکی ستەمکارو، یاخود لەبەر شکۆو هەیبەتی موجتەهیدێکی تر ڕای خۆی دەشارێتەوەو، سەرەڕای ئەم گشتە گریمانەو هی تریش ناکرێت دانی تەواو بەوە دابنێن، کە بێدەنگی بۆ ڕازی بوونەو، کە نەبوویە بەڵگەیش لەسەر ڕازی بوون، ئەوە نەکۆکبوونو هاوڕابوونەو نەئیجماعەو، کە ئیجماعیش نەبوو، بەڵگە نییە !

– گفتی دووەم: ڕایان وایە، کە بەڵگەی یەکلاکەرەوە (قطعی یە)و، دروست نییە، سەرپێچی بکرێتو، وەك ئیجماعی ڕاشکاو (صریح) وایەو، هەرچەندە لە ڕووی هێزەوە کەسێك لەو کەمترەو، ئەمەش ڕای زۆرینەی حەنەفییەکانو، حەنبەلییەکانە[1].

بەڵگەی ئەم گروپەیش ئەوەیە کە ئەگەر نیشانە لە ئارادا هەبووو، ئەو ڕێگرانەی کە دەبنە هۆی ئەژمار نەکردنی بێدەنگی لەسەر ڕازی بوون، لە ئارادا نەبوو، ئەوا ئەم کاتە بێدەنگی بە ڕازی بوون، دەهێنرێتە ئەژمارو، ئەم نیشانە بوونو، نەمانی ڕێگرەکان کاتێك دەچەسپێت، کە ئەو ڕشایە بڵاو ببێتەوەو بگات بە موجتەهیدەکانی ترو، کاتێکی گونجاو تێپەر ببێت، بە سەر تێڕامانو سەرەنجدان لەو پرسەو، هیچ لە مپەرێك لە ئارادا نەبێت، کە موجتەهیدەکە والێ بکات، کە ڕایەکی خۆی کە پێی گەیشتووە، بە ڕاشکاوانە دەربرێت، بە گۆرێ وا گومان ببات، ئەو ڕەتی ئیجتیهادەکە دەدەنەوە،و یاخود ڕشای وابێت کە پێویست بە بەرپەچدانەوە ناکاتو، یاخود ترسی دەسەڵاتدارانی هەبێتو، هتد... لەو فاکتەرو ڕێگرانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئیجتیهادو ڕشاکەی خۆی بە ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانە دەرنەبرێت، جا ئەگەر هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد هاتنەدیو

---

1 روضة الناظر وجنة المناظر، للشيخ موفق الدين بن قدامة المقدسي، ل ٣٨١، إرشاد الفحول، ل٨٤–٨٥.

هیچ رشەهەندێکی نەمایەوە کە بێدەنگی بەڕازی بوون نەیەنەتە ئەژمار، ئەو کاتە ئیجماعەکە دەچەسپێت‌و، ئیجماعیش بەلچگەیەکی یەکلاکەرەوەیە.

– گفتی سێیەم: بە ئیجناعی نایەنە ئەژمار، بەڵام بە بەڵگەی (ظني) حساب دەکەن، ئەمەیش رشای هەندێ لە حەنەفی‌و هەندێ لە شافعییەکان‌و، بەڵگەی ئەمانەیش ئەوەیە کە کرۆک‌و ناوەڕۆکی ئیجماع ئەوەیە کە هەموولایەك بە حەقیقی بەپەی پەی بردن لەسەر شتێ کۆببنەوەو، ئەم حاڵەتەیش لە ئیجماعی (سکوتی)دا، ڕووی نەداوە، چونکە بێدەنگی هەرچەندە بگوترێ بەڵگەیە لەسەر زاری بوون، بەڵام هەروەك ڕاشکاوی‌و ڕاستەوخۆ بوون نییە، لە دەلالەتکردنیدا لەسەر ڕازی بوون‌و، بۆیە بە ئیجماع نایەتە ئەژمارو، بەلام سەبارەت بە لەپێشتر دانانی، لەسەر ئەوەی کە ئەم لە پێشترە بۆ ئەوەی کە بێدەنگی مانای ڕازی بوونی هەیە، بەم هۆیەوە بەڵگەیەکی (ظني) دێتە ئەژمار ئەمیش هەر بەو مەرجەی کە ڕێگرەکانی بەر دەم ڕاشکاوی بوون خاوەن ڕایەکە لە ئارادا نەبن.

١٧٣- ڕای لە پێشتر ((الراجح)):-

لە ڕاستیدا ئەوەی کە پێویستیە سەبارەت بە ئیجماع بێتەدی، ئەوەیە کە هاوڕابوون‌و کۆکبوونی هەموو لایەك لەسەر رشایەك بێتەدی‌و، ئەو کۆکبونەیش چۆن بە رشاشکاوی دێتەدی، دەبێت لەڕوی دەلالەت کردن‌و بە بەڵگەکردنیشەوە بێتەدی‌و، نابێت ئەو هاوڕابوونە تەنها بە رشاشکاو ڕاستەوخۆخۆیی (صریح)ەکە، بێت‌و، بەس! چونکە بێدەنگی دەکرێت، ڕێگایەك بێت، بۆ دەلالەت کردن لەسەر ڕازی بوون‌و، هاورشابوون، ئەگەر نیشانە لەم بارەیەوە هەبووو، ڕێگر نەبوون! هەروەك بێژەرانی گفتی دووەم ئەمە ڕایانە، چونکە لەم حاڵەتەدا بێدەنگی ڕوونکردنەوەیەو، پێدوستییەکی قۆناغەکەیە، چونکە حەرامە لەسەر موجتەهید ئەگەر ئەو ڕایەی دەربڕدراوە، بەتاڵ بێت، بێدەنگی لێ بکات، لە کاتێکیشدا بەتایبەتی ئێمە وا تەماشای موجتەهیدەکانمان دەکەین، کە ئەوان لە دەربڕینی ڕاستیداو، ڕای هەقدا سڵ لەهیچ ناکەنەوەو، هەق دەردەبڕن‌و، هەرچەندە بەم هۆیەوە توشی چەرمەسەری‌و بەرتەسکبوونەوەبن‌و، ئەم کومانەیش ئەو ڕایەمان لە

لابەهێز دەكات، كە بێدەنگ بوونیان لەسەر ڕازی بوونو هاوڕابوونو ڕەزامەندییان حساب دەكرێت، نەك لەسەر نكۆڵی كردنییانو پێچەوانەبوونەوەیان.

بەڵام ئەگەر بەتەواوی نەمانتوانی چەسپێنەری ئەوە بین كە ئەو بێدەنگییە بۆ ڕازی بوونەو، هەروەها نەمانتوانی كە ڕێگرەكانی بەردەم ڕاشكاوی (صریح) بوون، بسڕینەوە ئەوا ئێمە لەم حاڵەتەدا وای دەبینین، كە لەم ئیجماعە بێدەنگییە (سكوت) یەدا، تەنها ئەوەمان دەستكەوتووە، كە بەڵگەیەكی گومانـاوی (ظـني)یەو، ئەو ئیجماعە نییە، كە مەبەستمانە لە هاتنەدی ئیجماعی تێروتەسەلو تەواو.

١٧٤- دابەشبوونی ڕاجیایی موجتەهیدەكان، لە یەك پرسدا، بۆدووگفتو ئاراستە[1] :-

ئەگەر لەسەر دەمێك لە سەردەمەكاندا لەسەر حوكمی پرسیـچك موجتەهیدەكان ڕاجیاوازییان تێكەوتو، سەبارەت بە حوكمی ئەو پرسە دوو ڕای جیاوازیان دەربڕی، ئایا دروستە ڕای سێیەمو گفتی سێیەمیش هەر لەم بارەیەوە دەر ببڕدرێت؟ یان نا....؟!

زۆرینەی زانایان لەم بارەیەوە ڕێگرییان كردووەو، هەندێكییان ڕێگەیان داوەو، گروپێك ئەم پرسەیان بەلای ئەم درێژە باسەدا بردووە، كە لە خوارەوە ڕوونی دەكەینەوە:

- گفتی یەكەم: ڕێگرییان كردووە، كە ڕای سێیەمیش هەر لەم بارییەوە بێتە ئاراوە، چونكە كورتهەڵهێنانی ئەو ڕاجیاوازییە لە دوو ڕاداو، لە دووقسەدا، خۆی لەخۆیدا ئیجماعێكی ناڕاشكاوانە (ظـني)یەو، یاخود هەروەك ناویان ناوە ئیجماعێكی ئاوێتە (مركب)ە، لەسەر ئەو بنەمایەی كە لەو پرسەدا ڕای سێیەم بوونی نییەو، كاركردن بەڕای سێیەم، پێشێلكردنی ئیجماعەكە تێرو تەسەلو تەواوەكەیەو، ئەمەیش كارێكی نادروستە.لە ڕاستیدا، ئەم قسەیەش لاوازە، چونكە ئەوەی لێرەوە دەردەكەوێت ئەوەیە كە كار بەقسەو ڕای سێیەم ناكرێتو، دەرنەبڕینی شتێو، ڕازی نەبوونی پێی، بەڵگەنییە

1 إرشادات الفحول، ل٧٦-٧٧.

لەسەر دەرنەبڕینی حەقیقی ئەو شتەو، لە نێوان ئەم دوانەشیدا جیاوازیەکی ڕوون هەیەو، ئەوەی ئەوان گوتویانە نابێتە بەڵگەی ئەو ئاڕاستەیەی کە پیایدا چوون.

- گفتی دووەم:- بەڕەهایی بەدروستی دەزانن‌و، بەڵگەیشیان لەسەر ئەم قسەیەیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی کە ڕاجیایی لە نێوان مەجتەهیدەکاندا لەسەر پرسێك دروست بووە، ئەمە بەلچگەیەی یەکلاکەرەوەیە، لەسەر ئەوەی کە لەسەر ئەو پرسە ئیجماع دروست نەبووە، چونکە ئیجماع بریتییە لە کۆکبوونی سەرجەم موجتەهیدەکان، نەوەك هەندێکییان.......و کە ئەم کۆکبونەیش نەهاتەدیو، ئیتر هیچ ڕێگرێك لە ئارادا نییە، بۆ بەرپابوونی قسەو ڕای سێیەم‌و چوارەم‌و زیاتریش، چونکە ئەوە پێشێلی ئیجماعیان نەکردووەو، ئەم بەڵگەیەش، هەرچەندە لە ڕووکەشدا بەبەهێز دەردەکەوێت بەلام لە حەقیقەدتدا ئەمەیش لاوازە، چونکە دەکرێت، کە ئیجماع ڕوو‌بدات، لە نێوان موجتەهید گەلێکی ڕاجیاوازدا، بەلام ڕاجیاییەکەیان لە هەندێ شوێنی ئەو پرسەدا دەبێت، کە ڕاجیاییان لەسەری هەیەو، ئەو ئەنداوەیەی کە لەسەری هاوڕاو کۆکن، لەوەدا ئیجماعەکەیان بۆ ئەژمار دەکرێت‌و، دروست نیی، سەرپێچی بکرێت‌و، لەبەر ئەوەی کە خاوەنانی ئەم ڕایە لەم حاڵەتە بێ ئاگابوون، بۆیە کەوتوونەتە ناو ئەو هەڵچەیەوە، کە سەرجەم پرۆسەکەیان بەڕەهایی بە دروست زانیەی!

- گفتی سێیەم:- ئەم ڕای سێیەمە، پێویستی بەدرێژە باسێ هەیەو، پوختەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لە نێوان ئەو خاوەن ڕشاجیاوازانەدا ئەندازەیەکی هاوبەش هەبوو کە لەسەری کۆکبوون، ئیتر بەرپاکردنی ڕشای سێیەم دروست نییە، کە پێچەوانەی ئەو ئەندازەیە بێت، کە کۆکبوونی لە سەر کراوە، چونکە ئەمە دەبێتە پێشێل کردنی ئیجماعێکی ئەنجامدراوو بەرپاکراوو، ئەمەیش کارێکی نادروستە، بەلام ئەگەر هاتوو، ئەو قسەو ڕای سێیەمەی کە دواتر هاتۆتە کایەوە، هیچ دژایەتی‌و ناکۆکییەکی نەبوو، لەگەڵ ئەو ئەندازەیەدا، کە کۆکی تیادایە، لە نێوان کەسە ڕاجیاکاندا، ئەمە لێرەدا دروستە کە قسەو ڕشایەکی تر لەم پرسەدا بەرپا بکرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەم ڕای سێیەمە،

دژایەتی لەگەڵ هیچ جۆرە ئیجماعێکدا نییەو، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕایەی چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:-

أ- هاوەڵان سەبارەت بە میرات بردنی باپیرو برایانی دایكو باوکیو یاخود برایانی باوکی ڕاجیایان هەبووو، لەسەر دووڕا بوون، یەکەمیان ئەوەیە کە باپیر، ئەو برایانە بێ بەش دەکاتو، نغرۆیان دەکات لەمیرات بردنو، تەنها خۆی میراتەکە دەبات، ئەگەر تەنها خۆیان بوونو، کەسی تریان لەگەڵدا نەبووو، دووەمیشیان ئەوەیە کە باپیر لەگەڵ براکاندا میرات دەباتو، بێ بەشیان ناکات، جا ئەو ئەندازەیەی کە خاوەنی ئەم دوو ئاراستەیە تیایدا هاوبوشن، لە ڕاجیاییەکەیاندا، ئەوەیە کە کارێکی پێوستیە باپیر لەگەڵ براکاندا میرات بباتو، ڕاجیاییەکەیان لەوە دایە، کە ئایا باپیر، ئەو برایانەی بێ بەش (حجب) دەکات، یان نا..... جا لێرەدا بەرپاکردنی ڕای سێیەم: بەوەی کە باپیر لەگەڵ براکاندا میرات نابات، قسەیەکی نادروستە، چونکە ئیجماعە پێشووەکە پێشێل دەکات، کە دانی بەوە داناوە، کە بردنی میرات، لەلایەن باپیرەوە، لەگەڵ براکاندا کارێکی پێوستیەو، ئەمەیش ئەو ئەندازەیەیە کە لە ناو ڕاجیاییەکەدا لەسەری ڕێکەوتوون.

ب- هەروەها هاوەڵان سەبارەت بەماوەی دانیشتن (عدة)ی ژنێکی سکپڕ، کە مێردەکەی مردبێت، ڕاجیاییان هەیە، جا گروپێکیان ڕایان وایە کە بە دانانی سکەکەی عیددەکەی بەسەر دەچێتو، گروپەکەی تر ڕایان وایە، کە هەرکام لەو دوو عیددەیە ماوەیەکی درێژی تری هەبوو، ئەوەیان کاری پێدەکرێت، واتە ئەگەر پێپەڕاندنی عیدەکە، لە چوارمانگو دەڕۆژ زیاتر کاتی کێشا، ئەمە عیددەکەیەتیو، ئەگەر بەماوەی دانانی سکەکەی کاتێکی زیاتری کێشا، ئەوا دانانی سکەکە بە عیددە بۆی دێتە ئەژمار، جا ئەو ئەندازەیەی کە هابەشە لە نێوانیاندا لەم ڕاجیاییەداو، لەسەری کۆکن ئەوەیە کە تەنها مانگ بەسەر بردنەکان، لە پێش دانانی سکەکەیدا بەس نییەو، بۆیە بەرپاکردنی ڕای سێیەم: بەوەی کە ئەو مانگانەی پێش دانانی سکەکە ئەژمار بکات، قسەیەکی نادروستە، چونکە ئەمە پێشێلکردنی ئەو ئەندازەیەیە کە لەسەری کۆکبوونو، دواجار پێشێلکردنی ئیجماعیش کارێکی نادروستە.

ج- ئینجا نموونەی بەرپاکردنی قسەو رشای سێیەم، کە دژایەتی نەبێت، لەگەڵ ئەو ئەندازەیەدا کە لەسەری رێککەوتوون وەك، پرسی کورتهەڵهێنانی میرات لە باوكو دایكو یەکێچ لەدووهاسەرەکەدا، کە لەم پرسەدا موجتەهیدەکانی چەرخی یەکەم ڕاجیاییان هەیە، جا هەندێکیان دەڵێن، بەشی دایك لەسەرجەمی ماڵەکەدا بە سێیەك دانراوەو، دەبێت بدرێتو، دواتر یەکێ لەدوو هاوسورەکە بەشی خۆی دەبات، کە بۆژن چواریەکەو، بۆ پیاو نیوەی ماڵەکەیەو، دواتر ئەوەی کە ماوەتەوە، دەدرێت بە باوکەکەو، گروپێکی تر ڕایان وایە کە دایك سێیەکی ئەوەی دەدرێتیٚ، کە ماوەتەوە، لە دوای ئەوەی کە یەکێ لەم دوو هاوسەرە کە بەشە پێوستیەکەی خۆیی بردو، ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتەکە، ئەوا باوك بە (میرات بەپشت بردن: عصبة) دەیبات.

موحەممەدی کوڕی سیرین (خوا لێی ڕازی بێت)، کە زانای سەردەمی تابعینە، ڕای وایە کە دایك لە تێکڕای ماڵەکە سیٚ یەكی دەبات، ئەگەر ژنەکەو دایكو باوکی کابرا لە ژیاندا بوونو، دایکیش سێیەکی پاشماوەکە دەبات، لە دوای ئەوەی کە پیاوەکە بەشە پێوستیەکەی خۆیی برد، لە حاڵێکدا کە لەگەڵ دایكو باوکی کابرای مردوو، ئەمان لە ژیاندا بوون، ئەم قسەیە دژی ئەو بەش کۆکەی نێوان ئەو دوو ڕاجیاوازە نییەو، بە پێشێلکردنی ئیجماعو، پێشێلکردنی ئیجماع نایەتە ئەژمارو، بۆیە ئاساییە بگوترێچتو دەربېڕدرێت.

د- شەرعزانەکانی چەرخی یەکەم، سەبارەت بە ئاستی مافی پیاو لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرێتیدا ڕاجیاییان هەیە، کە ئەگەر پیاوەکە لە ژنەکەیدا، بەڵەکی، یان شێتی، یان کەودەنی، یان دڕاویو، یان بوونی ئێسك لە شەرمگای کچەکەدای بەدی کرد، ئەوا گروپێکیان ڕایان وایە، کە بەبوونی هەریەکێ لەم عەیبانە گرتیەوە شتەکە هەڵدەوەشێتەوەو، گروپێکی تر ڕایان وایە کە هەڵوەشاندنەوەکە دروست نییە، چونکە پیاوەکە مافی تەلاقی لەدەستدایەو، ئەمە بڕیار دەری دۆخەکەیە، جا ئەگەر لەم سەرو بەندەدا هەندێ لە موجتەهیدەکان بڵێن، دروستە کە گرێبەستەکە بە فلانو

فیسار لەو عەیبانە هەڵدەوەشێتەوە بەلام بەفلانیان هەڵناوەشێتەوە، ئەم قسەیەیان بە پێشێلکردنی ئیجماع نایەتە ئەژمار، چونکە دوو قسە کە لەسەر ئەندازەیەکی هاوبەش کۆك نەبوون، کە بەشێك بن، لەو عەیبانەی کەرشای سێیەم، لەسەر ئەوەیە کە شیاوی ئەوەن، گرێبەستەکەی پێ هەڵبوەشێنرێتەوە.

١٧٥- ڕای لە پێشتر، لە نێو ئەم گفتانەدا:-

ڕای لەپێشتر (الراجح) لەم بارەیەوە، بریتییە لەڕای سێیەم، چونکە لە گۆشە نیگای حەقیقەتەوە تەماشای ئیجماع دەکاتو، تەنانەت ئەگەر ئیجماع لە یەکێك لە لقەکانی پرسێکی پڕلە جیاوازیدا بەرپا بکرێت، ئەوا هەر بەدروستی نازانێت، کە قسەو ڕای سێیەم لە پێچەوانەیدابکرێت، بەلام ئەگەر ئیجماع بەپا نەکرابوو، ئەوا پێیان وایە، کە هیچ ڕێگرێك نییە، کە لەبەر دەم بەرپاکردنی ڕای سێیەمدا خۆی حەشار دابێت، چونکە قسەی سێیەمێ قەدەغەیە، کە پێشێلی ئیجماعە پێشووەکە بکاتو، هەروەك بێژەرانی ڕای یەکەم دەڵێن، کە ئیجماعی پێشوو، لەسەر ئەو قسەو ڕاگەلە نەوەستاوە، کە خاوەنی ڕاجیاوازەکان بۆی چوون، تا بگوترێت، بەپاکردنی قسەیەکی تر بەرەهاییو موتڵەقی دروست نییەو، بەڵکو لەسەر حوکمی پرسەکان بنیات نراوەو، جاری وا هەیە کە لە هەندێ بابەتی چڵو پوپەییو، لقو ئەوانەدا، جۆرە کۆکبوونێ دێتە ئاراوە، هەر چەندە بە شێوەیەکی گشتیو لەسەر ئاستی ڕەها جیاوازیش بن، وەك نموونەمان دا، بۆ وێنە لە پرسی بردنی میراتی باپیردا، لەگەڵ براکان، خاوەن ڕاجیاوازەکان، وەك ئەوە وایە کە هەندێکیان گوتبێتیان: باپیر ئەگەر براکانی لەگەڵدابوو، میرات دەباتو، هەندێکی تر دەڵێن: ئەگەر براکان لەگەڵ باپیر کۆبوونەوەئیتر ئەوان میرات نابەن جا ئەو بابەتە لاوکییەی کە لەم پرسەدا لەسەری کۆکبوون ئەوەیە کە باپیر بێگومان میرات دەبات، بۆیە بەرپاکردنی قسەیەکی نوێ، کە ئەم بەشە لاوکییە (جزئي) یەی، کە لەسەری کۆك بوون هەڵبوەشێتەوە، دروست نییە.

١٧٦- بەڵگەو پاڵپشتەکانی ئیجماع:-

ئیجماع بێ دوودڵی پێویستی بە بەڵگەو پاڵپشتی شەرعی هەیە، چونکە قسەکردن لە ئاینی ئیسلامدا، بەبێ زانیاری‌و، بەبێ بەڵگە قسەیەکی پڕوپوچەو، هەڵەیەکی تەواوە،و ئەمەیش دروست نییەو، نابێ ڕووبدات، چونکە گەلی ئسلام پارێزراوە لە هەڵە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودانەی کە باسمان کردو، پاڵپش‌و بەڵگەی ئەو فەرموودانەی کە باسمان کردن‌و، پاڵپشت‌و بەڵگەی ئیجماعیش جاری واهەیە، کە قورئانەو، جاری واهەیە، کە سوننەتە، جا ئیجماع لەسەر حەرامی مارەکردنی داپیرەکان‌و، کچانی کوڕو، کچانی کچ، لەهەر پلەیەکدابن، پاڵپشت‌و بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ ﴾[1] واتە: دایکانتان‌و کچەکانتان لێتان حەرام کراون، کە ئیجماع لێرەدا لەسەر ئەوەیە، کە مەبەست لە (أمهات: دایکانتان) لەم ئایەتە پیرۆزەدا، بریتییە لە بنەڕەتی ژنەکان، کە داپیرەکان کوێ گەیشتبن، دەگرێتەوەو، مەبەستیش لە (بنات: کچەکان) لقەکانی ژنانە، کە کچی خۆی‌و کچی کوڕو کچەکانی خۆی، تا کوێ دەگات، دەگرێتەوە.

ئەو ئیجماعەیش کە پاڵپشتەکەی سوننەتە، وەك ئیجماع کردنیان لەسەر ئەوەی کە دەبێت شەش یەك بدرێت بە داپیرە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) شەشە یەکی داوە بەداپیرە.

ئینجا زانایانی زانستی ئوصولی فیقە، سەبارەت بە ئاستی دروستی بەرپابوونی ئیجماع، بە پاڵپشتی ئیجتیهادو قیاس، ڕاجیاییان هەیەو، هەندێکیان بە دروستیان زانیوەو، هەندێکیشیان ڕێگرییان لێ کردووە، وەك (الأمام داود الظاهري)و (إبن جرير الطبري)و، بەلای ئەو ڕایەدا دەچن، کە زۆرینەی بەلایدا چوون، کە بێگومان لەسەر دەمی هاوەڵاندا (خوا لێیان ڕازی بێت) ئیجماع بەرپاکراوە، بە پاڵپشت‌و بەڵگەی

---

1 سورة (النساء/ ٢٣).

ئیجتیهادو قیاس، کە ئیجماعیان کردووە، لەسەر کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆزو، پاڵپشتو بەڵگەیان، تەنها بەرژەوەندی تیادا بووە لەو پرسەدا، کە ئەمەیش بەشێکە لە بەشەکانی ئیجتیهاد کردن، هەروەك ڕازی بوون، لەسەر قسەیەکی پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان کە بانگی سێیەمی داوە لە نوێژی هەینیداو، بەڵگەو پاڵپشتیشیان ئەوەبووە کە بەرژەوەندی خەڵکی لەوەدا بووە، کە بەو بانگانە ئاگادار بکرێنەوە، لەکاتی هاتنی کردنی نوێژی هەینی، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی کە دوورن لەمزگەوتەوەو، هەروەها ئیجماع کردنیان لەسەر حەرامی پیوی گۆشتی بەراز، بەقیاس کردنیان لەسەر ئەوەی کە گۆشتەکەی حەرامە، کەواتە پیوەکەیشی هەر حەرامە[1].

١٧٧- ئاستی گونجانی بە پابوونی ئیجماعو، ڕاجیایی لەم پرسەدا:-

جەماوەری زانایان ڕشایان وایە، کە لە حەقیقەتداو بە پراکتیکی ئیجماع ڕوودەداتو، هەندێکیشیان پێیان وایە، کە هەرگیزو لە بنەرشەتدا ئەم جۆرە کۆکبوونەی کە بەئیجماع ناوزەرد کراوە، ڕووناداتو، لەوانەی کە ئەم ڕایەی هەیە، زانای مەزنی موعتەزیلەکان (النظام)ە !

ئەوانەی کە ڕایان وایە، ئیجماع ڕوونادات، ئەوەیان کردۆتە بەڵگە کە زانیاریو زانینی خودی موجتەهیدەکا کارێکی سەختو، دژوارەو مەحاڵە چونکە هیچ پێوەرو چوار چێوەیەکی ڕێسایی نییە، کە موجتەهیدو ناموجتەهید لە یەکتری جیابکاتەوەو تەنانەت ئەگەر کەسێك لە شارێکدا ببێتە موجتەهیدو، بە موجتەهید بناسرێت، ئەوا لە شارەکانی ترەوە لە نکۆڵی لەو پلەیەیو لە تواناکەی دەکرێتو، جاری واهەیە کە لەناو شارەکەی خۆشیدا مکۆڵی دەکرێتو، دانی پیادانانرێتو، تەنانەت ئەگەر نکۆڵی لێ نەکەن، لە دانپیانانیداو، بە موجتەهیدی بزانن، هەر زۆر سەختە، کۆکردنەوەو کۆکبوونیان لەسەر ڕایەكو، یاخود خستنە بەرچاوی هەر پرسێك بۆیەك بەیەکیان، چەنکە بەشارو ناوچە جیاجیاکاندا بڵاو بوونەتەوەو، ئەگەر بمانەوێت کە ئەو پرسە بخەینە بەردەم

---

[1] الأمدي، ب١، ل ٣٢٠.

موجتەهیدێك هەر لە وولاتەكەی خۆیدا، دیسان ئەمەیش كارێكی سەختو دژوارە، كە بمانەوێت پرسەكەی بخەینە بەردەم یەك بەیەكیانو ڕای هەر یەكێكیان لەسەر ئەو پرسە بزانین، بە جۆرێ كە ئاسودەكەرو دڵنیابین لەم بارەیەوە، بە شێوەیەكی متمانەدارو، دواتریش بێگومان بین كە تا دواڕامان لەو بارەیەوە وەرگرتووە، ئەو لەسەر ڕایەكەی خۆی ماوەتەوەو، سەرەڕای ئەمانە هەموویش ئیجماع هەر پێوستیی بە بەڵگەو پاڵپشت هەیە، جا ئەگەر ئیجماعەكە یەكلاكەرەوە (قطعی)بوو، ئەوە خەڵكی دەیزانن‌و، عادەتەن لێی بێ ئاگا نابن، چونكە خۆی لە خۆیدا (قطعی) بوون، ئەوەیە كە ناسراوو بڵاوبێتو، پێویستی بە ئیجماع نەبێتو، ئەگەر بەڵگەكە تەمومژاوی (ظني) بەە، ئەوە ڕێكەوتن لەسەری مەحاڵە، چونكە موجتەهیدەكان لەهزرو سروشتیاندا لە دەرهێنانی ئەحكامەكاندا جیاوازن.

بەڵگەی جەماوەری زانایانیش ئەوەیە كە دەڵێن: ئەوانەی بەرپا بوونی ئیجماع بە مەحاڵی دەزانن، تەنها ترس‌و گومان دروست دەكەن، لەسەر كارێك، كە دەكرێت ڕووبداتو بەر پابكرێتو، بۆیە گوێ بەڕایەكەیان نادرێت.

بەڵگەی گونجانی ڕوودانی ئیجماع ڕوودانی ئیجماع لای ئەمان ئەوەیە، ئەم پرسە بەكرداری ڕوویداوە، بۆ نموونە لەسەر دەمی هاوەڵاندا (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕوویداوەو، بەپابووەو، لەوانیشەوە ئیجماعی زۆر بۆ ئێمە گواستراوەتەوە، وەك ئیجماع كردنیان لەسەر ئەوەی كە نەنك، لە میراتدا شەشە یەك دەباتو، هەروەها ئیجماعكردنیان لەسەر ئەوەی كە ئەگەر ئافرەتی موسڵمان شوو بەكافر بكات، گرێبەستەكەی دانامەزرێتو، هەروەها ئیجماعكردنیان لەسەر ئەوەی كە لەژن مارەكردندا، ئەگەر مارەییەكەیشی دیاری نەكرێت، ئەوا ئەو گرێبەستە هەر دروستو ئیجماعكردنیان لەسەر ئەوەی كە نابێت ئەو زەوییانەی لەلایەن سوپای ئسلامەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بەسەر چەكدارە فەتح كارەكاندا دابەش بكرێتو، هەروەها ئیجماعكردنیان لەسەر ئەوەی كە براو خوشكی تەنها باوكی، لەكاتی نەبوونی خوشكو برای دایكی‌و باوكیدا، دەگەنە هەمان حوكم‌و، وەك دایكو باوكییان پێ دێتو، هەروەها ئیجماعكردنیان لەسەر ئەوەی كە كوڕ دەبێتە ڕێگر

له میراتبردنی کوڕەزاو، چەندەها ئیجماعی زۆرو بێ شوماری ترو، بۆیە بەرپابوونی ئەم ئیجماعانە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە (قاطع)ە لەسەر ئەوەی کە دەکرێت ئیجماع ڕووبداتو، ئیتر چۆن دەگوترێت: ئیجماع ڕووی نەداوەو، ڕوونادات؟!!

١٧٨- درێژە باسێکی پێویست، لەسەر ئەم ڕاجیاییە:

بەڕای ئێمە لەم ڕاجیاییەدا، پێوستیمان بە درێژەباسێك هەیە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە، ئێمە ڕای جەماوەری زانایان بەرەهایی (مطلق)ـی، وەرناگرینو هەروەها بەرەهایی قسەی ئەوانەیش وەرناگرین، کە ڕوودانی ئیجماع بە مەحاڵ دەزانن‌و، ئەو درێژە باسەی کە ئێمە بە پێویستی دەزانین، زیاتر بەو بارەدایە، کە تاوتوێی ئەو قسەو بەڵگانە بکەی، کە ئەو گروپە دەیکەن، کە ڕایان وایە ئیجماع ڕوونادات‌و، لەم بارەیەوە دەبێژن:

یەکەم: ئەوەی کە گروپی بێ بڕوا بە بەرپابوونی ئیجماع بەبەڵگە دەیهێنینەوەو، دەڵێن، پێویستە بەڵگەو پاڵپشتی ئیجماع، ئەگەر یەکلاکەرەوە (قطعی)بوو، ئیتر ئەوە لە خەلچکی شاراوە نییەو، ئیدی پێویستی بە ئیجماع لەسەر کردنی نییەو ئەگەر بەڵگەو پاڵپشتەکەیان تەمومژاوی (ظني) بوو، ئەوەیش ڕێکەوتن‌و کۆکبوونیان مەحاڵە، بۆیە ئیجماعی لەسەر بەرپا ناکرێت، ئەم قسەیە بە هەردوو ڕەهەندو بەشەکەیەوە نابێتە بەڵگە بۆ ئەو قسەیەی ئەوان، چونکە ئیجماع بەبوونی بەڵگەی قطعی ، زیاتر بەهێز دەبێت‌و، ئیتر پێویستیمان بە گەڕان نابێت، بە دوای بەڵگەکانیداو، ئەگەر بەڵگەو پاڵپشتی ئیجماعەکە ظنني بوو، وەك فەرموودەی ئاحاد، ئەوە عادەتەن ئاست گونجانی ئیجماع کردن لەسەری بە کارێکی مەحاڵ نازانرێت، ئەگەر ئەم بەڵگەیە (ظني)یە، و ماناکەی ڕۆشن‌و دەلالەتەکەی لەسەر ئەو شتە ڕوون‌و ئاشکرابوو، لەم حاڵەتەدا، ئەو بەڵگە (ظني) یە، بەهۆی ئیجماعەکەوە هێز پەیدا دەکات‌و، دەگاتە ئاستی دەلیلی قطعي.

دووەم: سەبارەت بەو بەڵگەیەیان، کە پێیان وایە ناگونجێت‌و ناکرێت، کە خودی موجتەهیدەکان ئاگادار بکرێنەوە لەسەر ئەو پرس‌و، زانیارییان پێ بدرێت لەسەری، چونکە بەشارو ناوچەکاندا پەرش‌و بڵاو بوونەتەوەو،هتد.... ئەم قسەیە زیاتر شایانی

تیاڕامانو تاووتویٚ کردنەو، ئەوەی هەقە لەم بارەیەوە بگوترێت، ئەوەیە کە سەردەمی سەلەف (خوا لێیان ڕازی بێت) دابەش دەبێت، بۆ دوو بەشی ڕوونو دیارو ئاشکرا، یەکەمیان سەردەمی هاوەڵانە (خوا لێیان ڕازی بێت)و دووەمیان سەردەمی دوای ئەوانە.

جا لەسەر دەمی هاوەڵاندا (خوا لێیان ڕازی بێت)و، بەتایبەتی لەسەر دەمی پێشەوایان ئەبوبکرو عومەردا (ڕەزای خوایان لیٚ بێت) موجتەهیدەکان کەم بوونو، بەتەواوی ناسرابوونو، زۆربەیشیان لەشاری مەدینەدا بوونو، یاخود لە جێگایەکدا بوون، کە گەیشتنە لایان ئاسان بوو، تا ڕایان بزانرێتو، ئیجتیهاد ئەو کاتە شێوازی ڕاوێژ کاری (شوری)ی، وەرگرتبوو، جا لەو سەردەمەداو لەو حاڵەتەدا، بەرپاکردنو کۆکبونی ئیجماع ئاسان بووو لە ڕاستیدا ڕەوشیی داوەو، بەرپاکراوەو، ئیجماعی زۆریشمان لێناوە، گوستراوەتەوە بۆمان، لەوانە ئەو ئیجماعانەی کە جەماوەری زانایان وەك بەڵگە بەکاریان هێناونو کەمێك پێش ئێستا باسمان لێوە کردنو هێنانانن. بەڵیٚ! لەوانەیە بگوترێت، کە ئەو ئیجماعانە سەرجەمیان ئیجماعی بەڕاشکاوانە (صریح) نەبوونو، ئەمەیش ڕشاستەو، ملکەچی دەبینو نکۆڵی لیٚ ناکەین، بەڵام ئایا ئەمەچی تیادایە؟!

چونکە ئیجماعی بێدەنگی (سکوتی)، وەك ئیجماعی ڕاشکاوی (صریح) وایە، لەلای چەند گروپێکی زانایان، هەروەك گوتمانو، ئەگەر بیشگوترێت، ئیجماعی (سکوتی) لەلای هەندیٚ لە زانایان بەبەڵگە ئەژمار ناکرێت، کەواتە: ئیجماعی (سکوتی) هاوەڵانیش (خوا لێیان ڕازی بێت) نابێتە بەڵگە لەسەر بەرپابوونو ڕوودانی ئیجماعو، نابێتە بەڵگەیش بۆ کەسانی تر، بۆیە ئێمە دەڵێین: پێویستە ئیجماعی (سکوتی) هاوەلان، لەپلەی ئیجماعی ڕاشکاوانە (صریح)دا بێتە ئەژمار، لەبەر چەند پێودانگو هۆکارێك، لەوانە، کەمی ژمارەیانو، ناسینی یەکەبەیەکەیان وەك گوتمانو، هەروەها لەبەر ئەو زانیارییەی کە هەمانە لەسەر پەرێزپاکی ژیانیانو هەوڵدانو پەلەکردنیان بۆ قسەی هەقو ئەو ڕاستییەی کە دیویانەو، بیٚ ترس لەهیچ کەس درکاندوویانەو، ئەمەش وەك جەختکردنەوەو، سوری ئەوان لەسەر ئەو پەیمانەی کە خوای گەورە لە زانایانی وەرگرتووە، کە دەبێت وابن، لە پابەندبوونیان بەدرکاندنو ڕوونکردنەوەی ڕاستیو شارینەوەی‌و، لێرەدا

ئەوەمان بەسە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو قسەیەمان، کە باسی ئەوە بکەین، کە ئەم خەسڵەتو ڕەوشانەی باسمان کردن، ئەوەندەگشتییە بۆ ئەو سەردەمە تەنانەت تاکە تاکەی مسوڵمانەکانیشیان دەگرێتەوە ئەوەتا ڕۆژێکیان ئافرەتێ لە ئیمامی عومەر ڕاپەڕیو، نکوڵی کرد، لێی، کە ویستی ڕێژەی ئافرەت کەم بکاتەوەو لەسەر دوانگە وتاری دەخوێندەوە، بێ ئەوەی کە ژنەکە ترسی هەبێت، ڕای خۆی دەربڕیو، چیرۆکی بیلال (خوا لێی ڕازی بێت)، کە لەگەڵ پێشەوا عومەری کوڕی خەطابدا کەوتە تاوتوێ کردنو موناقەشە سەبارەت بە پرسی دابەشکردنی زەوییە فەتحکراوەکان، کە ئەمە شتێکی زۆر بڵاوو ناسراوە، کە لێرەدا بیلال پێچەوانەی ڕاکەی پێشەوا عومەری هەبووەو، بە ئاشکرا درکاندیو، تەنانەت قسەی توندیشی بەرامبەری کردو، پێشەوایەتی عومەر نەبووایە هۆی ڕێگری کردن لە بیلال، کە نەتوانێت پێچەوانەی ڕاکەی ببێتەوەو، پێشەوا عومەر تەنها ئەوەی توانی کە بڵێت: ((خودایا! من لەدەستی بیلالو هاوڕێیانی نەجات بدە!))و لەمەزیاتر هیچی نەگوتو، هیچ توندی بەرامبەری نەنواند، جا ئەمە ڕەوشوشانو شکۆی ئەو پیاو گەلە بووبێت، ئیتر زۆر سەختە، بڕوابەوە بهێنن، کە بێدەنگ بوونی موجتەهیدەکانیان، لەبەر ناڕازی بوونو کۆك نەبوونیان بوو بێت! و بەڵکو ئەمە پێداگیری لە ئێمەدا لەسەر ئەوە دروست دەکات، کە نزیکە بڵێین، بێدەنگی ئەوان، هی ڕشازی بوونو کۆکبوونیانە، مادام ڕشایەکە گەیشتبێتە لایانو، هەروەك گوتمان لەبەر ئەوە کەکەم بوون، گەیشتن ڕاکان بۆلایانو، ئاسان بووە، چونکە یان دانیشتووی شاری مەدینە بوون، یان دایشتووی جێگا نزیکەکانی ئەو شارە بوون.

بەڵام سەبارەت بەسەردەمی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەوە بەڕاستی زۆر سەختە بڕوا بەوە بهێنن کە ئیجماع ڕووی داوە، بەهۆی پەرشو بڵاوی شەرعزانەکان لە جێگاو دوورە دەستەکانداو، زۆری موسڵمانو زیاتر بوونی ژمارەیانو، جیاوازی هزریی نێوانیانو، بەرپابوونی ئیجتیهاد بەشێوەی شورا، وەك سەردەمە پێشووەکە، ئەمانە هۆکارن، کە ناتوانرێت بگوترێت ئیجماع ڕووی داوەو، بەرپا بووەو، دواجار ئەوەی دەتونرێت کە بگوترێت، ئەوەیە کە حوکمی ئیجتیهادی لە هەندێ پرسدا بەرپا بووەو،

بـڵاو بووتـەوەو، دژايـەتىو پێـچەوانە بوونـەوە بـۆ ئـەو ئیجتیهادانـە ڕووی نـەداوەو، نەزانراوەو، نەدیتراوە، بەڵام نەناسینی کابرای نەیارو پێچەوانە — بەپێی ئەو بارودۆخـەی کە باسکرا– نابێتە بەلچگە لەسەر ئەوەی کە ئیتر کەسی نەیارو پێـچەوانە بـوونی نییـەو، لە دەرەنجامدا ناتوانین ئەمە بە ئیجماعو تەنانەت بە ئیجمـاعیی بێـدەنگی (سـکوت)یـش، ئەژماری بکەین.

١٧٩- بایەخی ئیجماع لەم سەردەمەداو، ئاستی گونجانی ڕوودانو بەرپابوونی:-

ئیجماع سەرچاوەیەکی گرنگـە لەسـەر چـاوەکانی شـەریعەتی ئـسلامو، بەڵگەیـەك لـەو بەڵگانەی ئەحکام، کە شایەتی لەسەر دروستیو خاوەن پێگەیـەکی دراوەو، دەکرێـت لـە زانینــی حــوکمی شــەرعی پێــشهاتە نوێیــەکان، کــە لــەم ســەردەمانەدا زۆرن، ســودی لیٚ وەربگیرێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ئەو سوود لێوەرگرتنـە کاتێـك بـە تێـرو تەسـەلی دەبێت، کە سەرجەمی شەرعزانەکان ئامادەبنو، پرسەکەیان بخرێتەبەردەمو، ڕای ئـەوان بزانرێت، لەسەریو، ئەوەش بەڕای ئێمە کاتێك ڕێگای تەواوو دروستی خۆی وەردەگرێت، کە کۆمیتەیەکی فیقهی پێکبهێنرێت، کە سەرجەمی شـەرعزانەکانی جیهـانی ئـسلامیی لـە خۆ بگرێتو، ئەو کۆمیتەیە جێگایەکی دیاری کراوی هەبێتو، سەرجەم ئـەو شـتانەی کـە پێویستین لـە مـاڵو دارایـیو کتێـبو، پێداویـستیەکانی تـر، بـۆ بۆیـان ئامـادە بکرێـتو، بخرێتە بەردەستیانو، لەکاتو خولی دیاریکراودا کۆبوونەوە ساز بدەن بەپێی سیستمێکی دیـاریکراو، ئینجـا پرسـەکانو پێـشهاتە نوێیـەکان دەخرێنـە بـەردەمیان، تـا تاووتوێـان بکەنو، تێڕابمێننبۆ چەسـپاندنی حـوکم بۆیـان، لەبـەر ڕۆشـنایی دەقـەکانی شـەریعەتو، یاساو ڕێساو، بنچینەگشتیەکانیداو، دواتر ئەو ئەحکامانە لە بڵاوکراوەی خـولیو، یـان لـە پەڕاوی تایبەتدا بڵاو بکرێنەوە، تا خەڵك ئاگادار بـن، لـە سـەریانو، هـەروەها تێڕەانینـی زانایان لەســەر ئـەو پرسـانە تیایانـدا بـڵاو بکرێتـەوە، چـونکە بـۆی هەیـە کـە هەنـدێ لـە شـەرعزانەکان، بۆیـان نـەکرابێت کـە لەبـەر هـەر هۆکارێـك بێـت پەیوەنـدی بـەو کۆمیتـە

فیقهییەوە بکەنو، جا داوادەکرێت لەو کەسانە کە ڕاکتنیان ڕاستەوخۆ بنێرن بۆ ئەو کۆمیتەفیقهییە، یاخود بینێرن بۆ نوسینگەکانیان لە جێگا جیاوازەکانداو، هەروەها هیچ گرفتێکی تیادانییە، کە ئەو لایەنە سوود لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو، کەناڵە ئاسمانییەکان وەربگرێت، تا پەیامەکانیان زیاترو زیاتر بڵاو ببنەوەو بیانبینیۆ، دواتر کۆمیتەی فیقهی تەماشای ئەو ڕایانە بکات کە پێیان گەیشتووە، لەسەر بەدەم بڵاوکراوەکانیان، جا ئەگەر ئەندامانی کۆمیتەی فیقهی لەسەر هەر حوکمێ کۆکو هاوڕابوون، ئەوە ئەو حوکمە بەئیجماع ئەژمار دەکرێتو، ئەم ئیجماعەیش نزیکە بەو ئیجماعەی کە زانایانی زانستی ئوصولی فیقە، لەسەری ڕێکەوتوونو، کارکردن بەو حوکمە ئیجماع لەسەر کراوە پێویستو واجبە.

﴿بەشی چوارەم﴾

بەڵگەی چوارەم: بەبەرداگرتن ((القیاس))

١٨٠- پێناسەی ((قیاس))

قیاس، لە زمانی عەرەبیدا، بریتییە لە ئەندازە گرتنی شتێك بە شتێکی ترو، بۆ بەرگرتن بەیەکتریدا بەکار دەهێنرێت، وەك دەگوترێت، زەوییەکەم بە مەتر ئەندازە ((قیاس)) کرد واتە: بە مەترەکە ئاستو ئەندازەو قیاسیم گرت.

هەروەها بۆ بەرابەری پێکردن ((مقارنة)) ئتێك، بە غەیری خۆی بەکار دەهێنرێت، تا ئەندازەی هەر یەکێکیان لە چاوی ئەوی تریاندا بزانینو، بۆمان دەرکەوێتو، دواتر ئەم ووشەیە بڵاو بوویەوەو، زیاتر بۆ ڕێککردن ((تسوية)) بەکار هات، لە نێوان دووشتدا، ئیتر چونکە ئەو دووشتە بەرجەستەو هەستو هەستدار ((حسي)) بن، یان نادیار ((معنوي)) بن، ((حسيّ))، وەك ئەوەی کەسێك بڵێت: ئەم لاپەڕەیەم بەو لاپەڕەیەم قیاس کرد، واتە ڕێکی یەکتریم کردو، نومونەی مەعنەوی وەك ئەوەی کەسێك بڵێت: زانستی فلانەکەس، بەزانستی فیسارە کەس قیاس ناکرێت، واتە: لە زانستدا ڕێك نینو، ئەمیان لە ئاستی ئەوی تریاندا نییە.

لە زاراوەی زانایانی ئوصولی فیقهدا، قیاس بریتییە لکاندن‌و خستنە سەری شتێ لە ڕووی حوکمەوە کە دەق لەسەر حوکمەکەی نەهاتووە، بەو شتەوە کە دەق لەسەر حوکمەکەی هاتووە، بەهۆیبەشن بوونیان، لە هۆکاری حوکمدا.

یاخود پێشهاتێك کە دەق لەسەر حوکمەکەی نەهاتووە، لەگەڵ پێشهاتێکی تردا کە دەق لەسەر حوکمەکەی هاتووە، یەکسانیان بکەینەوە بە هۆی ئەمەوە کە ئەو دوو پێشعاتە لەهۆکار ((علة))ی حوکمەکەدا یەکسانن[1].

ڕوونکردنەوەی ئەم پرسەیش ئەوەیە کە شەرع، لە پێشهاتی وادا هەیە، کە بەدەق لەسەر حوکمێکی دیاریکراو داوەو، دیاری کردووەو، موجتەهیدیش هۆکار (علة)ی، ئەو حوکمە پێ دەزانێت‌و، دواتر پێشهاتێکە تر ڕوودەدات، کە دەق نییە، لەسەر دیاریکردنی حوکمەکەی، بەڵام لەڕووی هۆکار (علة)ی حوکمەکەوە، یەکسانە بە حوکمی ئەو پێشهاتەی ڕابردووە، جا کەسی موجتەهید ئەم پێشهاتە دەخاتە سەر ئەو پێشهاتەی ڕابردووو، لە حوکمدا یەکسانیان دەکاتەوە، ئەم خستنە سەرو یەکسانکردنە بریتییە لە (قیاسی)و، زانایانی ئوصولی فیقه، دەستەواژەی تریش بۆ بەکار دەهێنن، وەك دەستە واژەی، (یەکسان کردنی دوو پێشهات لە حوکمدا)و، یاخود (تێپەڕندنی خوکم لە پێشهاتێکەوە بۆ پێشهاتێکی تر)، جا ئەم دەستەواژانە (خستنەسەر: إلحاق)و، (یەکسان کردن: تسویة)و (تێپەڕاندن: تعدیە) هەموویان بەڵگەن، لەسەر یەك مانا کە بریتییە لە تێپەڕاندنی ئەو حوکمەی کە سەبارەت بە هەرپێشهاتێ دەقی لەسەرە، بەو پێشهاتانەی کە لە عیللەتدا یەکسانن پێی‌و، ئەم کارەیش (قیاس) کردنە.

(قیاس) حوکم ناچەسپێنێت، بەڵکو تەنها ئەو حوکمە ئاشکرا دەکات، کە لەهەمان کاتدا، کەلە قیاس لەسەر کراوەکەدا بوونی هەبووە، لە خودی قیاس پێکراوەکەسیدا هەبووە، بە بەڵگەی بوونی عیللەتی حوکمەکە لەهەردوو قیاس (المقیس والمقیس علیە)و،

---

1 بڕوانە پێناسەکانی تری ((قیاس)) لە (شرح الوقات في الأصول، للأمام الحرمین، ل ١٩٧–١٩٨، وإرشادات الفحول، ل ١٩٨، والأمدي، ب٣، ل٢٦٣، ودواتریش، المستصفی، للمام الغزالي، ب٢، ل٥٤).

تـەنها شـتێ کـە لـەم پرسـەدا هەیـە، ئەوەیـە کـە دەرکـەوتنی حوکمەکـە لەشـتە قیـاس پێکراوەکـەدا (المقـیس)، کـەمێك دواکـەوتووە، تـا لەلایـەن موجتەهیدەکـەوە، عیللـەتی حوکمەکـە لـەو شـتە قیـاس پێکـراوەدا ئاشـکرا کـراوە، کەواتـە: لـەم حاڵەتـەدا (قیـاس) ئاشکراکاری حوکمەکەیەو، چەسپێنەری نییەو، کاری موجتەهید تەنیا لـە زانـینو ناسـین عیللەتی حوکمەکەدایە،و هەروەها لە ڕونکردنەوەی هابەشیی قیاس لەسەر کراو (المقـیس علیە)و قیاس پێکراو (المقیس)، لە جوکمەکەداو، دوا جار ئەوە دەردەخات، کە حوکم لە هەردووکیاندا یەك حوکمە.

١٨١- پایەکانی ((قیاس)):

لەپێناسەی زاراوەیی (إصطلاحي) قیاسدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە، کـە پایـەکانی قیاس چوارن، بەم شێوەیە:

یەکەم: ئەسڵەکە، کە بـەقیاس لەسـەر کـراو (المقـیس علیـە)یـش نـاوزەرد کـراوە، کـە بریتییە لەو شتەی کە دەق لەسەر حوکمەکەی هاتووە.

دووەم:- حوکمی ئەسڵەکە، کە بریتییە لـەو حوکمـە شـەرعییەی کـە لەئەسـڵدا دەقـی لەسەر هاتووەو، دەمانەوێت ئەو حوکمە تێبپەڕێنین لە ئەسـڵەکەوە بـۆ لـق (فـرع)ەکـەو، لەسەر ئەویش بچەسپێنین.

سێیەم:- لق (الفرع)، کە بەقیاس پێکراو (المقیس)یش نـاو زەرد کـراوە، کـە بریتییـە لەو شتەی کە دەق لەسەر حوکمەکە نەهاتووەو، دەمانەوێت لە ڕێگای قیاسەوە، حوکمی ئەسڵەکەی بەسەردا جێگیر بکەین.

چـوارەم:- هۆکـارو فاکتـەر (العلـة)، کـە بریتییـە لـەو خەسـڵەتو وەسـفەی کـە لـە ئەسڵەکەدا هەیەو، هەر لەبەر ئەوەیشە شەرع ئەو حوکمەی بەسەردا داوەو، لەبەر ئەوەی کە ئەو هۆمارە لە فەرعەکەشیدا هەیە، بۆیە دەمانەوێت یەکسانی ئەسـڵەکە بکـەین، لـەو حوکمەدا.

بەڵام ئەو حوکمەی کە بەڕێگای قیاسکردن لەفەرعەکەدا دە.چەسپێنین، ئەوە بەهـەموو دەرەنجامی پرۆسەی قیاسکردنەکەیەو، لە پایەکانی قیاس نییە.

١٨٢- نموونەگەلێك لەسەر قیاس:-

یەكەم: دەق هاتووە لەسەر حەرامیی ئارەق و، دەقەكەیش ئەم فەرمایشتەی پەروەردگارە كە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾﴾[1] واتە: پێشتر مانامان كردو تیاید ئەوە هاتووە، كە ئارەقخواردنەوە حەرامەو، ئارەقیش لەلای كوپیێ لەزانایان، ناوێكە، بۆ ئەو گێڕاوەیە سەرخۆشكەرەی كە لەترێ دروست دەبێت، نەك لەشتی تر[2]، كە ئەمە ئەسڵێكە كە دەق لەسەر حوكمەكەی هاتووە، كە حەرام بوونیەتی و، پاشان ئاوی خورما، یان ئاوی جۆ، فەرعەو، دەق لەسەر حوكمەكەی نەهاتووە، بەلام هۆكارو عیللەتی حوكمەكە، كە سەرخۆشكردنە تیایدا هەیە، بۆیە قیاس دەكرێتە سەر ئارەق، چونكە لە عیللەتەكەدا هاوبەشن و، بۆیە حوكمی ئارەقی هەیە، كە حەرامبوونە.

دووەم: كوشتنی میراتدەر، لەلایەن میرات بەروە ئەسڵەو، بنەڕەت و بنەمایە، كە دەق لەسەر حوكمەكەی هاتووە، كە میرات نابات و، دەقەكەیش ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (ﷺ) كە دەفەرموێت: (لايرث القاتل) بكوژ میرات نابات و، هۆكاری حوكمەكە ئەوەیە كە كوشتنی بەدەست ئەنقەست ئامرازە بۆ هێنانە پێشەوەی كارێك پێش هاتنی كاتەكەی، بۆیە ئەو نیازە خراپەی بەسەردا دەدرێتەوەو، بەبێ بەشكردنی لە میراتبردن سزا دەدرێت و، جا كوشتنی وەسیەتكار لەلایەن وەسیەت بۆكراوەوە، دەق لەسەر حوكمەكەی نەهاتووە، بەلام لەم پێشهاتەدا هەمان عیللەتی حوكمەكە، لە پێشهاتی یەكەمدا هەیە، كە ئەمەیش هێنانە پێشەوەی كارێكە لە پێش گەیشتنی كاتی

---

1 سورة (المائدة/٩٠).

2 لەڕاستیدا (خمر: ئارەق)، ناوە بۆ گشت سەرخۆشكەرێك، هەیە وەك لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، كە دەفەرمووێت: (كل مسكر خمر وكل خمر حرام)، واتە: هەموو سەرخۆشكەرێ ئارەق و، هەموو ئارەقێ حەرامە، بەلام بۆیە قسەی ئەم شەرعزانەمان هێنایەوە،تا پرۆسەی قیاس باشتر ڕوون بكەینەوە.

خۆیدا، بەرێگایەکی تاوانکاری، بۆیە پێشهاتی کوشتنی وەسیەتکار لەلایەن میراتدەر، لەلایەن میرات بەرەوە، چونکە عیللەتی حوکمەکەدا هاوبەشنو، بۆیە حوکمەکە لە نێوانیاندا یەکسان دەکرێت، بۆیە وەسیەت بۆکراو، لە سودەکانی وەسیەتکار بێ بەش دەکرێت.

سێیەم: مامەڵەی مرۆڤ، بەسەر مامەڵەی کەسێکی تردا، یاخود خوازبێنی کەسێك بەسەر کەسێکی تردا، دروست نییە، چونکە دەق هەیە کە ڕێگری لەم کارە دەکات، کە ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((المؤمن أخو المؤمن، فلا يحل للمؤمن أن يخطب على خطبة أخية، أو يتباع على بيع أخية، حتى يذر)) واتە: باوەڕدارا برای باوەڕدارە، بۆیە دروست نییە، بۆ باوەڕدار کە ئافرەتی براو باوەڕدارەکەی تری داوای کردبێتو، چەبێتە خوازبێنی کردنیو، بێ ئەوەی وەڵامی کۆتایی وەربگرێت، موسڵمانێکی تر بچێتە خوازبێنی هەمان ئافرەتو، هەروەهادروست نییە، باوەڕداری مامەڵەی شتێ بکات، کە چی براوادارێکی تر بچێت بەسەر مامەڵەکەی ئەوداو، پێش ئەوەی ئەوی تر دەستی لێ هەڵگرتبێ، ئەم مامەڵەی بکات، ئەم کارانە دروست نیی، تا کەسی یەکەم بەتەواوی لە خوازبێنی یان مامەڵەکە دەپچڕێ، ئینجا دروستە کەسی دووەم بیکات.

وعیللەتی ئەم حوکمە، ئەوەیە کە لەم جۆرە هەڵسوکەوتانەدا، زیادەڕەوی کردنی تیادایە، لە ملفی کەسانی ترو، ئازاردانی ئەوانەو، لە رشوانگەی ئەمەیشەوە دوژمنایەتیو ڕقو قین دروست دەبێتو، جا لەم بابەتەدا، بەکرێدانو بەکرێ گرتنی کەسێ بەسەر کەسێکی تردا، پێشهاتێکە، کە دەق لەسەر حوکمەکەی نییە، بۆیە قیاس دەکرێت بە پێشهاتی یەکەم، چونکە لە عیللەتی حوکمەکەدا هاوبەشو، بۆیە لە حوکمەکەدا یەکسان دەکرێت، کە نەهی لێکردنەو، کەنەهی لە ئەسڵەکەدا کراوەو، حەرامە، کەواتە بەقیاس کردن، نەهی لە فەرعەکەشی کراوەو، حەرامە.

چوارەم: کڕینو فرۆشتن، لەکاتی بانگی نوێژی هەینیدا ڕێگری لێکراوە، چونکە دەق لەسەر ئەم حوکمە هاتووە، کە ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا

نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلْبَيْعَ ﴾[1] واتە: ئەی باوەڕداران، کە لەڕۆژی جومەعەدا بانگ درا، بۆ نوێژی هەینی، بچن بەدەم پەرستشتەکانمانو یادی خوداوەو، لە مامەڵە کردنو کرینو فرۆشتن بهێنن، کە عیللەتی ئەم حوکمە ئەوەیە کە مامەڵەکردن هۆکارە بۆ سستیو بەرتەسکردنەوەی هەوڵکان بۆ ڕگەیشتنی نوێژەکەو، بۆیشی هەیە، کە بفەوێتو، ئەم عیللەتەیش لەپرسی بەکرێدانو بەبارمتەدانو ژن مارە کردنو، ئەوانەداو، لەم کاتەدا هەیەو، لەئارادایە کەواتە ئەم هەڵسوکەوتانەی تریش، نەهییان لێکراوە، بە پێی قیاس کردنیان لەسەر مامەڵەکردنو، کڕینو فرۆشتن.

١٨٣- مەرجەکانی قیاس کردن[2] :-

پرۆسەی قیاس کردن، تا مەرج گەلێکی تایبەت هەن، تیایدانەیە نەدی، دروست نابێت، ئەومەرجانە هەیانە کە پەیوەستن بە (ئەسل)ە کانەوەو، هەیانە کە پەیوەستن بە پایەکانی تری قیاسکردنەوەکەوە جا ئەو مەرجانەی کە لە ئەسڵەکەدا بەمەرج گیراون، ئەوەیە کە ئەو ئەسڵە نەبووبێتە فەرع بۆ ئەسڵێکی تر، واتە حوکمەکەی بەدەق یان بەئیجماع چەسپابێت، بەڵام مەرجەکانی پایەکانی تر، بەتایبەتی مەرجەکانی عیللەت، پێویستی بە ئەندازەیەك درێژکردنەوە هەیە.

١٨٤- یەکەم: مەرجەکانی حوکمی ئەسڵەکە :-

أ- دەبێت ئەو حوکمە ئەسڵە، حوکمێکی شەرعی کرداری بێتو، بە دەقێکی قورئان، یان فەرموودە چەسپابێت، بەڵام ئەگەر بە ئیجماع چەسپابێت، ئەوا هەندێ لە زانایانی ئوصولێ ڕایاا وایە کە قیاس لە حاڵەتەدا دروست نییە، چونکە قیاس لەسەر بنەمای زانینی هۆکاری حوکمەکە (علة الحکم) وەستاوەو، بنایات نراوەو، لەسەر بنەمای بوونی عیللەتەکە (هۆکارەکە) لە فەرعەکەدا، ئیدی فەرعو ئەسڵ یەکسان دەکرێنەوەو، ئەمەیش

---

1 سورة (الجمعة/ ٩).

2 فواتح الرحموت بشرح مسلم الثبوت، ب٢، ل٢٥٠ و دواتر، المستصفى للمام الغزالي، ب٢، ل٣٢و دواتریش، الأمدي، ب٣، ل٢٧٧و دواتر.

لـەو حوکمانەیـدا کەبـە ئیجمـاع جـێگیر کـراون، ڕوونـادات، چـونکە لـە ئیجماعـدا باسـی ناوهێنانی بەڵگەکانی بەمەرج نەگیراوەو، کە درکاندنی پاڵپشتو بەڵگەکانیش نەهاتـەدی، ئیدی هۆکاری حوکمەکـە نازنرێـت، بۆیـە قیـاس لێـرەدا بـە ئـەنجام ناگەیەنـدرێت، بـەڵام زاناگەلێکی تر دەڵێن، دروستە حوکمەکە بگوازرێتەوە بۆ فەرعەکەیش، بەهۆی قیاسـەوە، هەرچەندە ئەو حوکمـە بـەهۆی ئیجماعیـشەوە جـێگیر کرابێـت، چـونکە زانینـی عیللـەتی حـوکم چـەند ڕێگایـەکی هەیـە، لەوانـە، بـوونی پەیوەنـدی (مناسـبە) لـە نێـوان ئەسڵو فەرعەکەدا، هەروەك دواتر لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوە دێتو، بۆیە باسنەکردنی پاڵپـشتو بەڵگـەی ئیجمـاع لـەم بارەیـەوە زیانمەنـدی نییـەو، نابێتـە ڕێگـر لـە ناسـینو زانینـی عیللەتەکەو، ئەم قسەیەش لە پێـشترەو (راجـح)ە،و جـا ئەگـەر حوکمەکـە تـەنهاو تـەنها بەقیاس چەسپێنرابوو، ئەوا ناکرێت، وەك ئەسڵ تەماشا بکرێتو، قیاسی لەسەر بکرێـت، بـەڵکو دەبێـت قیـاس لەسـەر ئەسـڵێ ئـەنجام بـدرێتو، بکرێـت، کـە بـەدەق پاڵپـشتی لێوەکرابێت، بە ڕاستەوخۆییو بەبێ پێچو پەنا.

ب- دەبێت ئەو حوکمە خاوەنی مانایەکی وابێت، کە عەقل پـەی پـێ ببـاتو، هەسـتی پێ بکاتو، حوکمەکە لەسەر عیللـەتێکی وا بنیـات نرابێـت، کـە لـە چـوار چێوەی ژێـری مرۆڤـدا جێگـای ببێتـەوە، چـونکە بنـەمای قیـاس، بریتییـە لـە هەسـتکردن بـە عیللـەتی حوکمەکەو، هەروەها هەست بکرێت، بـە هاتنـەدی ئـەو عیللەتـە لـە فەرعەکەشـیدا تالـەم ڕوانگەیەوە بتوانرێت، حوکمی ئەسڵەکە بگوێزرێتەوە بۆ فەرعەکە، بەهۆی ئـەوەی کـە لـە عیللەتەکەدا هاوبەشن، چونکە ئەگەر عەقڵ پەی نەبرد، بەهەستکردن بـەو حوکمـە، ئـەوا قیاسـیش بیـانووی نەهاتنــەدیو بـەرپا نـەبوونی بـۆ دروسـت دەبێـت، بۆیـە زانایـان فەرموویانە: کە قیاسکردن لە ئەحکامەکانی پەرستندانییە، کـە ئـەحکامی پەرسـتن کـە ئەوانن کـە تـەنها پـەروەردگار عیللـەتی چەسپاندنیان دەزانێـتو، کەسـی فێـری ڕەوتـی زانینی ئەو هۆکارانەیان نەکردووە، وەك ژمارەی ڕکاتـەکانی نوێـژەکانو، دانـانی ژمـارەی شـەڵاقەکانی کەسـی داوێـن پـیس، کەسـەد شـەلاقی لەسـەر دانـاوە، هـەروەها ژمـارەی شەلاقەکانی کەسی بوختانکارو، سوڕانەوە بەدەوری ماڵی خودا، بەچـەند سـوڕانەوەیەکی

دیاریکراوو، هەروەها هاتوو چۆی نێوان (صفا)و (مروة) کە دیاری کرداوەو، چەندەها نموونەی تری لەم شێوەیە.

ئینجا ئەگەر حوکمی ئەسڵەکە مانایەکی وای هەبوو کە عەقڵ پەی پێ دەبرد، واتە: لەسەر عیلەتێك بنیات نرابوو، کە عەقڵ هەستی پێ دەکرد، جا لەم حاڵەتەدا قیاس دروستە، کە عیللەتەکەی زانراو، هەروەها چەسپاندنی لە فەرعەکەدا چەسپێنرا، ئیتر قیاس دروستە، ئیتر حوکمی ئەسڵەکە لەو ئەحکامانە بێت، کە بە (عزیمة: پێداگیری) ناسراون، واتە: هەر لەسەرەتاوە شەرع دایناون، یاخود لە ئەحکامە (رخصة: دەرفەت پێدراوەکان) بن، کە دواتر بە هەڵاوێر (إستثناء)ی دانراون، هەرچونیەکە، نموونە بۆ یەکەم: وەك حەرامی خواردنەوەی ئارەق، نەدانی میرات، بەو میرات بەرەی کە میرات دەرەکەی خۆیی کوشتووەو، نموونەی دووە: وەك، مامەڵەکردنی دارەدۆخە (العرایا)[1]و،

1 العریا، دارە دۆخە، ئەوەیە کە دەوڵەمەندێك، دارایی دووان دەدا، بەهەژارێ، تا بەرەکەی بخوا، لە داوییدا دارەکە هی خۆیەتی، جا لە پاشا بۆ بارسوکی بەرەکەی لێ دەکڕێتەوە، بە خورما ئەگەر هەردوولا هەوەسیان هەبوو، هەروەها فرۆشتنی خورما بەدارەوە، بەهەندێ خورمای گەیشتوو، بەرازی بوونی هەردوولاو بەقرساندنی نرخەکەی هەربە (عریا) دانراوەو، ئەم حوکمەیش بەم فەرمووده پیرۆزە جێگیر کراوە، کە دەفەرموێت: (نهی رسول الله (ﷺ) عن بیع الشیئ بجنسة متفاضلاً ورخص في العرایا) واتە: پێغەمبەر (ﷺ) رێگری کردووە لە کڕینو فرۆشتنی دوو شتی وەك یەك، کە یەکێکیان برەکەی لەوی تر زیاتر بێت، بەڵام لە (العریا)دا رێگەی پێداوەو، هەروەها لە صەحیحی بوخایدا هاتووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) (نهی عن المزابنة، أي: بیع التمر، إلا اصحاب العرایا، فأنة أذن لهم) واتە: رێگری کردووە، کە مامەڵەی خورما بە خورما کە بە مامەڵەی (موزابەنە) ناو نراوە، بەڵام رێگە بەوانە دراوە، کە مامەڵەی (العرایا) دەکەن، جا تریێ قیاس دەکرێتە سەر ئەم خورمایە، بۆیە دروستە مامەڵەکردنی تریێ، بەدارەکەیەوە، واتە بە پەرسیلەیی، کە بقرسێنرێ بە مێوژو، مامەڵەیان پێوە بکرێت.

خواردنی گۆشتی مردارەوەبووو، هاو وێنەکانی لەو شتانەی کە حەرامن‌و، لە کاتی پێویستیدا ئەو حوکمەیان لەسەر لابراوە[1].

ج- دەبێت عیللەتەکە بتوانرێت لە فەرعەکەدا پراکتیزە بکرێت جا ئەگەر ئەو عیللەتە تەنها لە ئەسڵەکەدا کورت هەڵاتوبووو، نەدەکرا، لە غەیری ئەو ئەسڵەدا جێ بەجێ بکرێت، ئەوە لەم حاڵەتەدا قیاس رِوونادات، چونکە لە قیاسدا دەبێت، ئەسڵەکەو فەرعەکەدا هاوبوش بن، جا ئەگەر عیللەتی حوکمەکە هاتنەدی لە فەرعەکەدا بەدی نەدەکرا، ئەوا هابەشی نێوان ئەسڵ‌و فەرع لە عیللەتەکەدا بەدی ناکرێت‌و، دواجار قیاس ئەنجام نادرێت‌و، جێ بەجێ ناکرێت وەك کورت کردنەوەی نوێژ لەسەرفەرداو، شکاندنی

---

1 خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ﴾ (سورة المائدة/ ٣) واتە: خواردنی گۆشتی مردارەوە بووو، هەر خوێنی لە هەر ئەندامێکی ئاژەڵێ بێتە دەرێ‌و برِوا، حەرامە بۆتان، ئەی برِواداران‌و، هەر ئاژەڵێکیش کە لەوەختی سەربرِیدنا ناوی غەیری خوای لێ بهێنرێت‌و، ماڵاتی خنکاوو، لێدراوی مردارەوەبووو، هەڵدێراوو لە شاخەوە بەرەوە بووو، هەرچی درندە پەلاماری دابێ‌و مردارەوەبووبێتەوە، مەگەر بەر لەگیان دەرچوونی فریای چەقۆکە کەوتبێ‌و، سەرتان برِیبێ، واتە: ئەگەر هەر یەك لەوانە بەر لەگیان دەرچوونی بەردەست کەوت‌و سەربرِا، خواردنی حەڵاڵی دەبێت‌و، هەرچی بۆ بتەکانیش سەربردرا، خواردنی حەرامە، هەروەها پەروەردگار لە هەمان ئایەتدا دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ واتە: ئینجا لەگەڵ حەرامکردنی ئەو شتانەشیدا، هەر کەسێك لەبرسانا، ناچار بوو، بۆ خواردنی هەریەکێ لە قەدەغەکراوەکان‌و مەترسی ئەوەی هەبوو، گەر شتێ نەخوا، لە برسا بمرێ. دەتوانێ لێیان بخوات، بەمەرجێ نەیەوێ خۆی توشی گوناه بکات‌و زیادە رِەوی بکات، بەراستی پەروەردگاریش زۆر لێبوردەیەو، زۆریش بەمیهرەبان‌و دلۆڤانە.

جا لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت، کە کەسی ناچار لە کاتی برسێتیدا بۆی هەیە، کە ئەو شتە حەرامانە بخوات‌و، بۆیە حاڵەتی نەخۆشی‌و هەر پێداویستیەکی تر قیاس دەکرێتە، سەر ئەو حاڵەتە باس کراوانەی سەرەوەو، دەتوانرێت ئەو حەرام گەلە لەکاتی پێویست‌و ناچاریدا بەکار بهێنرێن.

ڕۆژوو هەر لەسەفەردا، کە عیللەتی ئەم حوکمە لەم دوتنەدا سەفەرەکەیەو، مەبەست لێی لابردنی ئارەزوو دژوارییە لەسەر مرۆڤ، بەڵام ئەم عیللەتە کە سەفەرەکەیە، تەنها لە کەسی سەفەرکەر (مسافر)دا، دێتەدی، بۆیە ناکرێت کە ئەوانەی کاری سەخت دەکەن، یان پیشەی سەختو، تاقەت پڕۆکێنیان هەیە، قیاس بکرێنەسەر کابرای سەفەری.

د- نابێت حوکمی ئەو ئەسڵە تایبەت بێت، بەو تەنها ئەسڵەوە چونکە تایبەتمەندبوونی بەئەسڵەکەوە وای لێ دەکات، کە نەتوانرێت بگوێزرێتەوە بۆسەر فەرعەکەو، بەسەریدا جێ بەجێ بکرێت کە ئەمەیش نەکرا، ئیتر بەهیچ جۆرێك قیاس ئەنجام ناردێت، چونکە قیاسکرن لەم حاڵەتەدا پێچەوانەی ئەو بەڵگەیەیە کە سەلمێنەری تایبەتمەندی ئەو حوکمەیە، بەئەسڵەکەیەوەو قیاسی دژە بەلچگەیش بەتاڵە، نموونەی ئەم جۆرەیش وەك تایبەتمەندی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە تەنها ئەو ڕێگاپێدراوە، کە لەچوار ژن زیاتر بهێنێتو، هەروەها تایبەتمەندی پێغەمبەر (ﷺ) لەوەیدا، کە حەرامە لەدوای خۆی کەسێکی تر خێزانەکانی بخوازێت، چونکە دایکانی ئیمانداران، بۆیە لەم حەرام بوونو حەڵاڵ بوونەدا دروست نییە کە کەسی تری لەسەر قیاس بکرێت، چونکە تایبەتمەندە بە ئەسڵەکەوەو، هەروەها نموونەی تر وەك، تایبەتمەندی (خوزەیمەی کوڕی ثابت) خوا لێی ڕازی بێت لەوەیدا کە تەنها لە جیاتی دووشایەت، شایەتییەکەی وەردەگیرا، کە ئەمەیش حوکمێکی تایبەتە بەوو، بەم فەرموودەیەیش چەسپێنراوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من شهد له خزيمة، فهو حسبه) واتە: هەرکەس خەزیمە شایەتی بۆ بدات، ئەوا تەنها ئەو شایەتییەی بەسو، کەسی تری ناوێت، بۆیە دروست نییە هیچ کەسێکی تری ئەم ئومەتەی لەسەر قیاس بکرێت، هەرچەندە لە هەر پلەیەکی باڵای شکۆمەندیو خودا ناسیدا بێت!

١٨٥- دووەم: مەرجەکانی فەرعەکە ((لق)):-

أ- دەبێت ئەو فەرعە، دەقی شەرعی لەسەر نەبێت، کە حوکمەکەی دیاری بکات، چونکە کاتێك قیاس دەچێتە سەری، کە لەو پرسەدا دەقێك بوونی نەبێت، کە حوکمەکەی دەربخات، جا قیاسی بۆ بەکار دەهێنرێتو، ئەوەی لەلای زانایانی ئوصوڵی

فیقه، چەسپاوە، ئەوەیە کە لە کاتی بوونی دەقی شەرعیدا ئیدی ئیجتیهاد کردن نییەو، نابێتو، کە دەق هەبوو، ئیتر مانایەك بۆ قیاس نامێنێتەوەو، لەسەر ئەم بنەمایە بێت، ئەوانەی کە دەبێژن، ئازادکردنی بەندەیەکی ناموسڵمان، نابێتە کەفارەت دەری سوێندی ناهەق، کە قیاسیان کردووە لەسەر کەفارەتی کوشتنی بەهەڵە، کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە، کە دەفەرموێت: ﴿وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾[1] واتە: هەر کەس موسڵمانێ بەهەڵە بکوژێ، ئەوە ئازادکردنی بەندەیەکی باوەڕداری وەك کەفارەت لەسەرە، ئەمە قیاسێکی نادروستە، چونکە پێچەوانەی ئەو دەقەیە کە سەبارەت بە کەفارەتی سوێند هاتووە، کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَـٰنِكُمْ وَلَـٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَـٰنَ فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾[2] واتە: خودا بەسوێندی زارەکیی و بێ مەبەستو بێ نیاز، وەك بڵێت (ناوالله، بەڵێ والله، ئەرێ والله،و...) ئەوانە ناتانگرێو جەزرەبەتان نادات، بەڵام بەو سوێندانە دەتانگرێو سزاتان دەدات، کە بەدڵ گرییان دەدەنو، لە ناخی دڵتانەوەنو ناشیانبەنەسەر، جا دەبێ لە کەفارەتی ئەم جۆرە سوێندانەدا خۆراك بەدەکەسی بێ نەواو هەژار بدەن، لەو خۆراکە مامناوەندییە، کە ئێوە ڕۆژانە بەماڵو منداڵو خێزانی خۆتانی دەدەن، یان دەبێت دە هەژار پۆشتە بکەن، یان دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکەن، کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا (رقبە: کۆیلە) بەڕەهایی هاتووەو، پاسکۆی باوەڕداربوونی پێوە نەبەستراوەتەوەو تیایدا مەکراوە بەمەرج، بۆیە دروست نییە، کە مەرجی ئیماندار بوونی لەسەر دابنرێتو، قیاس بکرێت لەسەر کەفارەتی کوشتنی بەهەڵە.

---

1 سورة (النساء/ ٩٢).

2 سورة (المائدة/٨٩).

ب- دەبێت ئەو عیللەتەی کە لە ئەسڵەکەدا هەیە، لە فەرعەکەشیدا بوونی هەبێت، چونکە مەرجی گواستنەوەی حوکمەکە لە ئەسڵەکەوە بۆ فەرعەکە، ئەوەیە کە دەبێت عیللەتەکەیش بگوێزرێتەوەو، دەبێت ئەو عیللەتەی کە لە فەرعەکەدا هەیە، هەمان ئەو عیللەتە بێتە، کە لە ئەسڵەکەدا بوونی هەیە، کە حوکمەکەی لەسەر بنیات نراوە، چونکە ئەگەر فەرعەکە یەکسان نەبێت، لەگەڵ ئەسڵەکەدا لە عیللەتەکەدا، ئەوا لە حوکمەکەشیدا یەکسان نابن، چونکە ئەم پرۆسەی یەکسان بوونەوەیە، واتە: گواستنەوەو تێپەڕاندنی حوکمەکە لە ئەسڵەکەوە بۆسەر فەرعەکە، لەسەر بنەمای لێکچوون لە عیللەتەکەداو، لە نێوان هەردووکیاندا بنیات نراوەو، کە عیللەتەکە یەکسان نەبوو، ئەوا لە حوکمەکەشیدا یەکسان نابنو، ئەو قیاسەی کە ئەم مەرجەی تیادا نایەتەدی، پێی دەگوترێت، (قیاس مع الفارق)و، نموونەکەیشی وەك پرسگی دابەشکردنی ((عەقار)) (زەوی، یان خانوو)، لە نێوان چەند شەریکێکدا، کە بێگومان لەم حاڵەتەدا شەریکەکان مافی لە پێشتریان هەیە، بۆ کڕینەوەی ئەو موڵکیەش، کە ئەمەیش بە (شفعة) ناو زەرد کراوە، کە ئایا بە گوێرەی ژمارەی کە شەریکەکان مافی ئەو بەشکردنەیان هەیەو، ڕێژەی بەشەکەیان حسابی بۆ ناکرێت، یاخود بەسەر نییەو بە گوێرەی بەشەکانیانە؟ لەم بارەیەوە حەنەفیەکان دەڵێن: بەیەکسانی دابەش دەکرێت بەسەریاندا ، بەپێی ڕەچاوکردنی ڕێژەی بەشەکانیانو، زانایانی تر هەن، کە ڕایان وایە کە بە گوێرەی ڕێژەی بەشەکانیان دابەش دەکرێت بەسەریانداو، لێرەدا قیاسیان کردووە، بە بەڵگە، بە پێودانگی ئەوەی کە ئەو سامانەی کە لەم ڕێگای مافی لە پێشتر بوونەوە (شفعة) وەردەگیرێت، وەك سودی ئەو موڵکە وایە، کە لە نێوان چەند کەسێکدا بەشەریکی هەیانەو، چۆن لەم کاتەدا لە سوودو قازانجەکەی موڵکە هاوبەشە، قازانجەکە دابەش دەکرێت، بەسەر شەریکەکانداو، هەر یەکە بەگوێرەی بەشەکەی قازانجی بەشی دەدرێت، ئەمەش ڕاجیاییەکی نێوان شەرعزانانی لەسەر نییە، بۆیە ئەم لەپێش بوونە (شفعة)یە،ی لەسەر قیاس دەکرێتو، کەواتە لەمەیشدا هەر یەکەیان بە گوێرەی ڕێژەی بەشەکەی لە موڵکەکەدا بەشە قازانجی هەیەو، هاوبەشە، بەڵام حەنەفییەکان ئەم

قسەیەیان وا بەرپەرچ داوەتەوە کە ئەمە (قیاس مع الفارق: قیاسی نەشیاو)ە، چونکە ئەو سودو قازانجەی کە لەو موڵکە بەدەست دێتو، لە دەرەنجامدا هەر شەریکەو بە گوێرەی قازانجی بەشەکەی خۆی کە بەدەست هاتووە، قازانج دەبات، بەڵام ئەو موڵکەی کە بەڕێگای (شفعه) بەدەست هاتووە، لە موڵکی ئەوان بەدەست نەهاتووە، چونکە ناگونجێت، کە ماڵی کەسانی تر سودو قازانجەکەی بۆ کەسانێکی تری غەیری خاوەنەکەی بێت.

١٨٦- مەرجەکانی ((هۆکار: علة))ـە کە:-

((هۆکار: العلة)): بریتییە لە بنەماو بنەرشەتو چەقی قیاسو لە پایە مەزنەکانیەتیو لەسەر بنەمای ناسینی عیللەتو، لە دوای دڵنیا بوون لە هاتنەدی ئەو عیللەتە لە فەرعەکەدا، ئیدی قیاس دێتە جیٚو بەهەمەگەی دەردەکەوێتو، دواجار بۆ موجتەهید دەردەکەوێت، کە ئەو حوکمەی دەقەکەی لەسەر هاتووە، تەنها تایبەت نییە بەوەوەو، لەسەر تەنها ئەو کورتنەکراوەتەوەو، بەڵکو ئەو حوکمە حوکمی سەرجەم ئەو پێشهاتانەیە کە ئەو عیللەتی حوکمەی تیادا هاتبێتەدی.

لەبەر ئەمانە هەمووو، لەبەر بایەخی عیللەت، پێویستیمان بە ڕێخۆشکردنێك هەیە، کە مەبەستو ئامانجی عیللەت تیایدا ڕوون بکرێتەوە، واتە: ڕونکردنەوەی مانای زاراوەیی عیللەتو جیاوازی نێوان عیللەتو، حیکمەتو، جا کە ئەم ڕێخۆشکردنەمان سازدا، ئینجا مەرجەکانی عیللەت کەم دەکەینەوە.

١٨٧- ئەوەی لەلای لێکۆڵەرەوانی نێو جومهاوەری زانایان چەسپاوە ئەوەیە کە ئەحکامە شەرعییەکان بەهەوانتەیو بە بێ ئامانج لەلایەن شەرعەوە دانراونو، هۆکاریٚ هەیە، کە بووەتە هۆکاری بەشەرع کردنیانو، ئامانج گەلیٚ لە پشتیانەوە هەن، کە هاتنەدییان مەبەستەو، هەروەها لەبەر بەرژەوەندی ئێستاو ئایندەی مرۆڤەکان شەرع دایناونو، ئەو بەرژەوەندییەی کە ڕەچاوکراوە یان بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان تووشی سودو قازانج بکاتو، یاخود لەبەر ئەوەیە کە زیانو گەندەڵیو سەختی لەسەریان دوور بخاتەوەو، بەرژەوەندی بەهەردوو ئەو شێوازو ڕەهەندەیەوە هۆکاری بنەڕەتییە، لەسەر

هەر شەرعدانانێ، ئیتر فەرمان کردن بێت، یان بەرگری لێکردن بێت، یان موباح کردن بێت، هەر چونیەکەو، جێگیر بوونی دەق و ئەحکامی شەرعی زۆر بەلگەن لەسەر ئەو قسەیەمان، ئیتر ئەو ئەحکامە شەرعییانە سەربە پەرستشەکان بن، یان مامەڵەکان چونیەکنە، زۆرجار قورئانی پیرۆز حیکمەت و هونەری بەشەرع دانانی حوکمێکی لە گەڵ خودی حوکمەکەدا هێناوە، کە سودگەیاندن بووە، یان دورخستنەوەی زیان بووە، بۆیە شەرعێنراوە لەو نموونا پێش وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾[1] واتە: لە کوشتنەوەدا ژیانمان بۆ مرۆڤەکان ڕەخساندووە، ئەی خاوەن عەقڵەکان، چونکە کە کەسێك کەسێکی کوشت و، کوژرایەوە، ئیتر خەڵکی تر پیاو کوژی ناکەن و، بەمەیش ژیان بۆ زۆر کەسی تر مسۆگەر دەکرێت.

وهەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾[2] واتە: هێزو ئەسپی جەنگی باش ئامادە بکەن، بەگوێرەی توانا بۆ بەرامبەری بێ باوەڕان، تا بەم ئامادە سازییە دوژمنانی خوداو موسڵمانان بترسێنن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾﴾[3] واتە: ئەی باوەڕداران ئارەق و قومار بازی و، ئەو بەردەی حەیوانی بتەکانی لەسەر سەر دەبڕدرێت، بۆ بتەکان و، فالگرتنەوە، لەمانە گشت دووربکەونەوەو، ئەمانە لەکاری پیسن و لەکاری شەیتانن، لێیان دووربکەونەوەو، سا بەڵکو خودا سەرتان بخاو، ڕگاربن، شەیتان دەیەوێت بەم کارانەتان

---

1 سورة (البقرة/ ١٧٩).

2 سورة (الأنفال/ ٦٠).

3 سورة (المائدة/ ٩٠-٩١).

دوژمنایەتی‌و قین بخاتە ناتان‌و لەسادی خواو لە نوێژکردن غافڵتان بکات، ئاخۆ ئیتر ئێوە لەم کارانە دەسبەردار دەبن؟!

هــــەروەها دەفـــــەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا﴾[1] واتە: ئینجا کە زەید زەینەبی خواست‌و بوو بە هاوسوری، پاشان پێکەوە نەیانکراو تەڵاقییداو جیابوونەوە، ئێمە لە تۆمان مارەکرد، خودا ئەو بڕیارەی دا، تا هیچ دڵتەنگی‌و گرفتێك بۆ بڕواداران لە مارەکردنی ژنی بەکوڕ کراو یان دروست نەبێت‌و، بەشتێکی ناشرین‌وناپەسندی دانەنێن کاتێك ئەو کوڕانەتان مارە بڕینبن لێیان‌و تەڵاقیان بدەن‌و، بڕیاری خودای مەزنیش براوەیەو دەبێ جێ بەجێ ببێت.

- جا لە ئایەتی یەکەمدا، ئەوەی درکاندووە، کە مەبەست لە کوشتنەوەی کابرای بکوژە، پاراستنی ژیان‌و گیانی خەڵکە.

- لە ئایەتی دووەمدا: ڕوونی کردۆتەوە، کە مەبەست لە ئامادەکاری هێزی جەنگی، بۆ ترساندنی دوژمنە، تا بەم ترساندنە ڕێگری لێ بکرێت، لە دوژمنکاری کردن‌و نواندن.

- لە ئایەتی سێیەمدا: ئەوەی دەرخستووە، کە مەبەست لە حەرامکردنی ئارەق‌و قومار بازی، لەبەر ئەوەیە کە چەندەها خراپەو دوژمنایەتی‌و ڕق‌و قینی لەسەر دێتە جێ‌و، تیایدا حەشار دراوە.

- لە ئایەتی چوارەمدا: ئەوەی دەرخستووە، کە بۆ مارەکردنی ژنی ئەوانەی کە بە پڕوپاگەندە کراون بەکوڕکابرا بەشەرعی دانراوە، تابەم هۆیەوە سەخی‌و دژواری لە سەر شانی موسڵمانان لابدرێت.

نموونەی تری لەم جۆرە ئایەتانە، لەباسی حەجیشدا هاتووە، کە قورئان دەفەرموێت: ﴿لِّيَشْهَدُوا۟ مَنَٰفِعَ لَهُمْ﴾[2] واتە: ئامادەبوون لە حەجدا، زۆر کەڵکی وەك،

---

1 سورة (الأحزاب/ ٣٧).

2 سورة (الحج/ ٢٨).

ئـاینیو دنیـاییو بازرگـانیو کۆمەلآیـەتیو ئـابوری تێدایـەو، هـەروەها سـەبارەت بـە فەرزکردنی نوێژ فەرمویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾[1] واتـە: سودی نوێـژ ئەوەیـە کـە مـرۆڤ لـە خراپـەو خراپـەکاری دووردەخاتـەوەو، هـەروەها وەك بەشـەرعکردنی شـەلاقدانی ژنو پیـاوی داوێـن پـیس، لەبـەر بەرژەوەنـدی پاراسـتنی ڕەچەڵەكو، بڕینی دەستی دز، لەبەر پاراستنی موڵکی خـەڵکیو، هتـد.... و سـوننەتیش هـەر ئـەم ڕەوتـەی گرتۆتـە بـەرو، لـە زۆریانـدا بەڕاشـکاوی مەبەسـتی شـەرع لەبـەر شـەرعکردنیدا خراوەتـە ڕوو، وەك ئـەو فەرمایـشتەی پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: (یـا معشر الشباب من استطاع منکم البـاءة فلیتـزوج، فإنـه أغـض للبـصر، و أحـصن للفـرج)، واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان هەر کەس لەئێوە لەتوانایدا هەیە، با پرۆسەی هاوسـەر گـیری ئەنجام بدات، چونکە ئەم پرۆسەیە پـارێزەری چـاوە لەنـەزەرو پـارێزەری شـەرمگایە لـە گوناهکردن.

هەروەها دەفەرموێت: (فمن صلی بالناس فلیخفـف، فـأن فـیهم المـریض و الـضعیف و ذالحاجة)، واتە: هەر کەستان پێشنوێژی کرد، بۆ خەڵکی با درێژی نەکاتـەوە، چـونکە لـە ناو ئەو خەڵکەدا مرۆڤی نەخۆشو لاوازو کاردار هەیە.

کەواتـە مەبەسـتو ئامـانج لـە بەشـەرعکردنی ئەحکامـەکان، بریتییـە لـە هێنانـەدی بەرژەوەندی مرۆڤەکانو، ئەم بەرژەوەندییەیش بەهونەری حوکم یان نیشانەی حوکمەکـە ناو زەرد کراوە، جاحیکمەتی حوکم بریتییە لەو بەرژەوەندییـەی کـە بەدیهێنـەری سـودو قازانجە، یـان لابـەری زیانـە، کـە شـەرع مەبەسـتی بـووە، بێتـەدی، بۆیـە ئـەو حوکمـەی شەرعاندووە.

بەلام لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بەزۆری شەرع حوکمو حیکمەتەکـەی بـە بـوون یان نەبوون پێکەوە گرێ نادات، بـەڵکو بەشـتێکی تـرەوە گـرێ دەدات، کـە گونجـاوەو لەشانو شکۆیدا هەیە، کە حوکمەکەی پێوە ببەسترێتو، لەسـەری بنیـات بنرێـت، تـا لـە

1 سورة (العنکبوت/ ٤٥).

ڕێیەوە حیکمەتی ئەو حوکمە بێەجێ، واتە بەرژەوەندییەکە کە ئامانجمانە بێتـەدی، وەك دروســتی شــکاندنی ڕۆژوو لــە ڕەمەزانــدا، کــە ئــەم حوکمــە بــە حیکمەتەکەیــەوە نەبەستراوەتەوە، کە لادانی ناڕەحەتییەو، بەڵکو بە شتێکی تـرەوە بەسـتراوەتەوە، وەك سەفەرکردن‌و، نەخۆشی‌و هتد... چونکە لـە تایبەتمەنـدی‌و شـان‌و شـکۆی ئـەم پێکـەوە گرێدانە ئەوەیە کە حیکمەتی حوکمەکە دەهێنێتەدی.

هۆکاری ئەم ڕەوت‌و شێوازەیش ئەوەیـە کـە جـاری واهەیـە، حیکمەتەکـە شـاراوەیەو، لێکۆڵینەوە لە هاتنـەدی بـێ ئاکامـەو، ناکرێـت، حـوکمی لەسـەر بنیـات بنرێـت، وەك لـە موباحی‌و دروستی مامەڵەکردن‌و، سەرەتەقێ کردنەکانی تـردا، کـە حیکمـەت لـە دروسـت بوونیان، بریتییە لە لادانی ناڕەحەتی لەسەر خەڵکی، تا پێداویتییە شەرعییەکانی خۆیـان دابـین بکـەن‌و، پێداویـستیش شـتێکی شـاراوەیەو، بۆیـە شـەرع حیکمـەتی حوکمەکـەی بەسـتۆتەوە، بـە شـتێکی تـرەوە، کـە ئـەو شـتە پێگەیـەکی ڕەچـاوکراوە بـۆ هاتنـەدی پێداویستییەکان، کە بریتییە، لـە وەڵام وەرگـرتن‌و ڕازی بـوون لەسـەری، واتـە (الأیجـاب والقبـول)، واتـە گۆڕینـەوەی پرسـیارو وەڵامـە سـەلمێنەری حاڵـەتی پێداویـستییەکەیەو براپەوەو، جاری واهەیە کە ئەو حیکمەتە، شتێکی بێ چوار چێوەو سنور نادیـارە، واتـە: بە پێی گۆڕان‌و ئەندازەی خەڵکەکە، حیکمەتەکەیش دەگۆڕێت‌و، ناکرێت حـوکمی لەسـەر بەرپا بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی شڵەقان‌و شڵەژان لە ئەحکامەکاندا ئـەو فەرمانـەی کـە تەکلیف کراوە، ئەنجام بدرێت، جـێ بـەجێ نابێـت‌و، ڕێکخـستن‌و بـەدیهاتنی نایەتـەدی‌و، پاسـاوی‌و بەڵگـەی مرۆڤـەکان بـۆ خۆدزینـەوە لـە پڕاکتیـزە کردنـی ئەحکامـەکان زۆرو فەراهەم دەبێت.

کەواتە: بۆ نمونە دروستی شـکاندنی ڕۆژوو لـە ڕەمەزانـدا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە ناڕەحەتی لەسەر شانی مرۆڤەکان لابەرێت، کە ئەمەیش شتێکی ئەندازەیی ناسنوردارەو، بۆیە شەرع ئەم حوکمەی بەستۆتەوەو، گرێی داوە، بەشتێکی سنوردارو چوار چێوەداری وەك سەرفەرکردن‌و، نەخۆش بوونەوە، چونکە هەردووکی ئەمانە زیـاتر جێگـای ئـەوەن‌و چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت، کەلەو دوو حاڵەتەدا زیاتر حیکمـەتی ئـەو حوکمدانـە بێتـە

جىَ‌و، هەروەها نموونەى تر وەك، بەشەرعكردنى مافى لە پێش بوون لە مامەڵە كردندا (شفعة) لەبەر ئەوەيە كە زيان لا بدرێت، لەسەر ئەو كەسانەو، زيانەكەيش ناديارو بىَ سنورو بىَ چوار چێوەيەو، بۆيە حوكمەكە بەستراوەتەوە، بە مافى شەريكايەتى‌و دراوسێيەتييەوە، چونكە شەريك يان دراوسىَ بۆى هەيە، كە لە كابراى كڕيارى تر زيان ببينن، بۆيە حوكمەكە بەستراوەتەوە بەو دووشتەوە، كە زياتر چاوەڕێى ئەوەيان لىَ دەكرێت، كە بەرگريكار بن لە زيانەكەو ئەو بەڵايە دوور بخەنەوەو، ئەمەيش ئامانجى شەريعەتە، جا حيكمەت، لەبەر شاراوەيى‌و بىَ چوار چێوەييەكەى لە زۆريەى كاتەكاندا بەستراوەتەوە بە ئەحكامەكانەوەو، بەڵكو بەستراوەتەوە بەشێكى ئاشكراى چوار چێوەدارى سنوردار كە زياتر جێگاى ئەوە بێتو، چاوەڕێى ئەوەى لىَ بكرێت، كە حيكمەتەكەى بەهۆوە بێتە جىَ‌و، ئەو شتە ئاشكرا چوار چێوەدارە ئەوەيە كە زانايانى ئوصولى فيقه، ناويان ناوە بە (علة الحكم: هۆكار حوكمەكە) يان (مناط الحكم: شێوازى حوكمەكە) يان (مظنة الحكم: پێگەى زۆر فەراهەم بوونى حوكمەكە).

١٨٨- لەم ڕوونكردنەوەيەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە جياوازى نێوان عيللەتى حوكم‌و حيكمەتەكەى بريتييە لەوەى كە حيكمەت ئەو بەرژەوەندييەيە كە شەرع لە كاتى بەشەرع كردنى ئەو حوكمەدا ڕەچاوى كردووەو، عيللەتيش بريتييە لەو وەصفەى ئاشكراو چوار چێوەدارەى (ناپەرشەو بڵاو) كە حوكمەكەى لەسەر بنيات نراوەو، لە ڕووى بوون‌و نەبوونەوە پێوەى بەستراوەتەوە، چونكە ئەو جێگا ڕەچاو كراوو زياتر گونجاوەيە كە مێرگێكە بۆ هاتنەدى‌و جىَ بەجىَ كردنى ئەو بەرژەوەندييەى كە ئامانجى شەرعە، لەكاتى شەرعاندنيداو هەر بۆيەش زانايانى ئوصول دەفەرموون، ئەحكامەكان پەيوەستن بە عيللەتەكانيانەوە نەك بە حيكمەتەكانيانەو، بەو مانايەى كە لەهەر جێگايەك عيللەت هەبوو، حوكميش هەيە، هەرچەندە حيكمەتەكەيشى لە هەندىَ كاتدا دوابكەوێت‌و، نەيەتەدى‌و، هەركات عيللەت نەبوو، حوكميش نييەو، هەرچەندە لە هەندىَ كاتدا تەنانەت حيكمەتەكەيشى هابێتەدى، چونكە بەستنەوەى حوكم بە عيللەتەوە دۆخێكى لەبارە بۆ هاتنەدى حيكمەتەكەو، زياتريش دێتە دى‌و بەرجەستەو جىَ بەجىَ

دەبێتو، ئەگەر هاتەدیش دوا کەوێت، ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنەو، کار بەلایەنی زاڵو زیاتر دەکرێت، تا لایەنی کەمو دەگمەن، وەك بەدەستهێنانی نمرەی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەدا لەلایەن قوتابییەوە زیاتر هۆشداریدەرو مێرگێکی لەبارە بۆ وابیرکردنەوە بەوەی کە ئەو قوتابیە زیاتر شیاوە بۆ زانستو وەدەستهێنانیو شیاوی کۆتایی پێهێنانی ئەو قۆناغەی خوێندنی هەیە هەروەها گرێدانو بەستنەوەی ئەحەکامەکان بە عیللەتەکانەوە فاکتەرێکە بۆ جێگیر بوونیو چەسپاندنی بەردەوامی ئەرکەکانی سەر شانی مۆرڤو، ڕێكو پێك کردنی ئەحکامەکانو ڕێکخستنو درێژەپێدانیانو چەسپاندنی فەرمانە گشتیەکانی شەرعو ڕوونکردنەوەی یانو، ئەمانەیش سوود گەلێکی فراوانن، بەپا نەبوونی حیکمەت لە هەندێ شتو پێشهاتی لاوەکیداو لەهەندێ کاتدا، کاریگەری لەسەر ئەو سودە زۆرانە دروست ناکات.

لەم ڕوانگەیەوە. هەرکات موسڵمان کەوتە گەشتو سەفەری کرد بۆی هەیە، کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت، هەرچەندە نارەحەتیش نەبێتو، هەر کەس گەشتیار نەبووو، نیشتە جێی شوێنی خۆی بووە، ناتوانێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت، هەر چەندە لە کارەکەیدا تووشی سەختیو دژواری دەبووو، هەرکەس هەرکات شەریك بوو، لەزەویو خانویەکدا، دەتوانێت بەزۆر مافی شەریکەکەی تری لەمامەڵکەدا، بەمافی (شفعة) لەپێش بوونی ئەو کەسە، لەکابرای شەریکی تر بسەنێتەوە، کە بەکابرایەکی بێگانەی تری فرۆشتبوو، چونکە ئەم شەریکە لە پێشترە، هەرچەندە کابرای کڕیاری تر زیانمەندیش نەبوو، چونکە مافی (شفعة)، بەستراوەتەوە، بەشەریکایەتیو دراوسێیەتیەوە، نەك بەخودی زیانەکەوەو، هەرکەس شەرێك نەبوو، یاخود دراوسێ نەبوو، ئەوەمافی موڵکدارێتی ئەو شتەی کابرای نییە، بە بیانووی (شفعة) هەرچەندە زۆرترین زیانی لەکابرای کڕیارەوە پێ بگاتو، شتە فرۆشراوەکە موڵکایەتییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ کڕیارەکەو، نرخەکەیش دەبێتە موڵکی کابرای فرۆشیار، ئەمەیش کاتێك دێتەدی کە عیللەتی ئەم گواستنەوەیەی مامەڵەیە، کە (إیجابو قبول)ە کەیە بێتەدی، هەرچەندە

تەنانـەت ئـەو دوولایەنـە هیـچکامیان پێویـستیان نەبـە مامەڵـە فۆشـراوەکە هـەبێت، نەبەپارەکەی!

ئەم قسەیەی ئێمە، بەتێڕوانین هەندێ لەشەرعزانان هەڵناوەشێتەوە، کە ڕایان وایە کـە تەڵاقی کەسی زۆر لێ کراو ناکەوێتو، هەروەها مامەڵەیشی دانامـەزرێت، چونکە عیللـەت بەو پێوەدانگەی کە دۆخێکی لەبارە بۆ هـاتنودی حیکمەتەکـە بۆیـە هەرئـەویش ئەڵقـەی گرێـدراووە بـە حوکمەکـەوەو، شـێوازەکەی دەردەخـات، جـا هرەکـات بەڵگـەی یەکلاکـەرەوەی هاتـە ئـاراوە لـە سـەر نـەمانی ئـەو دۆخـە لـەبارەی عیللەتەکـە، ئیـدی عیللەتەکەیش لادەچێتو، زۆرلێکردنیش لە تێڕوانینی هەندێ لەشەرعزانانەوە بەڵگەیـەکی یەکلاکەرەوەیـە بـۆلادانو لابردنـی ئـەو مانایـەی عیللەتەکـەو ئیـدی بـە عیللـەت ئـەژمار ناکرێتو، بۆیە حوکمەکەیش بەرپانابێت.

١٨٩- دوای ئـەوەی کـە مانـای عیللـەتمان ڕوون کـردەوەو جیـاوازی نێـوان عیللـەتو حیکمەتەمان ڕاڤەکرد، ئیدی لەخوارەوە مەرجەکانی عیللەت باس دەکەین:

- یەکەم: دەبێت عیللەتەکە وەصفێکی ئاشکرابێت:

مانای ئاشکرابوونی، بریتییە لەوەی کە بکرێت، ئەو عیللەتە هەم لە ئەسڵەکەداو، هـەم لەفەرعەکـەدا جـێ بـەجێ بکرێـت، چـونکە عیللـەت نیـشانەی حوکمـەو هۆکـاری ناسـینو زانینی حوکمەکەیە، واتـە، بـەبوونی عیللـەت لـە فەرعەکـەدا، ئـیتر ئـەو فەرعـە، حـوکمی ئەسڵەکەوە دەکرێـتو، حـوکمی ئـەوەی هەیـە، جائەگـەر عیلەتەکـە شـارابووە بـووو، بەهەسـتەکان هەسـتی پـێ نـەدەکرا، ناتوانێـت ببێتـە بەڵگـە لەسـەر حوکمەکـە، کەواتـە هەردەبێت عیللەت ئاشکراو، ناشاراوە بێت، وەك سەرخۆشکردن لە ئارەقـدا، کـە عیللـەو هۆکاری حەرام کردنیەتی، کە خۆی لە خۆیدا وەصفێکە کە لە ئارەقدا دەکرێـت بێتـەدیو ڕووبـدات، هـــەوەك دەکرێـــت بێتـــەدیو ڕووبـــدات دیـــسان لـــە هـــەموو گیراوەیـــەکی سەرخۆشـکەردا، بۆیـە ئەگـەر عیللـەت وەصـفێکی شـاراوە بێـت، شـارع هەسـتاوە، لـە جێگایەکـدا شـتێکی ئاشـکراو ڕوونـی بـەر پـاکردووە، کـە جێگـای پـەی پـێ بردنـی ڕووە ئاشـکراکە بێـتو، دەلالـەتی لەسـەر بکـات، وەك ڕازی بـوونی هـەردوولای مامەڵـەکار، لـە

مامەڵەی گۆڕینەوەدا، کە ئەمە بنەمای گواستنەوەی موڵکەکەیەو، عیللەتەکەیش ئەوەیە کە شتێکی شاراوەیەو بەدڵەوەو بە خەیاڵاتە شاراوەکانی دەروونەوە بەستراوەتەوەو، هیچ ڕێگایەك بۆ هەست پێکردنی نییەو، ناکرێت ئەو شاراوانە بە عیللەت دابنرێن، بۆیە شەرع لە جێگەیاندا شتێکی ئاشکرای داناوە، کە دەستەواژەو دەقی گرێبەستەکەیە.

هەروەها کوشتنی دوژمنکارانەی بەتایبەت، کە عیللەتە بۆ کوشتنەوەی کابرای بکوژ، بەڵام بێگومان بەتایبەتو دەست ئەنقەست بوون، شتێکی شاراوەیەو لەدەروونیدایە، تەنها ئەو کەسەی ئەنجامی داوە، پێی دەزانێت، بۆیە شەرع لە جێگایەکدا شتێکی ڕوونو ئاشکرای داناوە، کە پێوەی پەیوەست بێتو، دەلالەتی لەسەر بکات، ئەیش ئەو ئامرازە کوشندەیەیە کە کابرای بکوژ هەڵی گرتووە، وەك شمشێرو دەمانچەو چەك.

هەروەها جێگیر بوونی سپێرمی پیاو لە منداڵدانی ئافرەتدا، بە هۆی کۆبوونەوە لە گەڵیدا، ئەمە عیللەتە بۆ جێگیر بوونی ڕەچەڵەکی ئەو منداڵە بۆ باوکی، بەڵام ئەم کارە شتێکی شاراوەیە، هیچ ڕێگایەك نییە، بۆ زانینیو جەخت کردنەوە لەسەری، بۆیە شەرع لە جێگاکەیدا شتێکی ئاشکرای داناوە، کە دەلالەت بکات لەسەری، کە ئەویش گرێبەستێکی دروستو تەواوی هاوسەرێتییە، یاخود شتە ئاشکراکە ئەم گرێبەستەیە، لەگەڵ بوونی گونجاوی کۆبونەوەی شەرعی ئەو ژنو پیاوە پێکەوو، یاخود هەر سەرجێی کردنی تەواوی نێوانیان، کە لێرەدا جیاوازی نێوان شەرعزانانی لەسەرە، واتە ئەمانە ئەوشتە ئاشکرایانەی کە شەرع لە جێگای شتە نائاشکراکاندا دانیاون.

– **دووەم: دەبێت وەصفەکە چوارچێوەدارو دیارو سنوردار بێت:** مەبەست لە (منضبط) چوار چێوەداربوون، واتە دەبێت وەصفەکە سنووردار بێتو، هەقیقەتێکی دیارو سنورداری هەبێتو، بەگوێرەی کەسەکانو حاڵەتەکان گۆڕانی بەسەردا نەیەت، یاخود ئەگەر ئەو گۆڕانو جیاوازییەی هەبووە دەبێت کەم بێت، وەك ئەوەی کە کوشتن هۆکارە بۆ بێ بەشبوونی بکوژ لە میراتبردن، کە ئەمە هەقیقەتێکی دیارو سنوردارو چوار چێوەداری هەیە، کە بەگوێرەی بکوژو کوژراوە جیاوازەکان ناگۆڕێتو، دەکرێت کە بکوژی وەسیەتکاریش قیاس بکرێتەسەر بکوژی میراتدەرو، هەروەها سەر خۆشبوون

عیللەتی حەرامی ئارەقـەو، ئەمـەیش حەقیقـەتێکی دیـارو سـنور بـۆ دانـراوی هەیـە، کـە بریتییە لەو لاڕێیو بێ هۆشییەی کە بەسەر عەقڵدا دێتو، ئەمەیش ڕاستیو حەقیقەتێکی جێگیرە بۆ خودی ئارەقو، گرنگ نییـە کـە کـابرا لەبـەر هـەر هۆکارێـك بێـت، سـەرخۆش نـەبێت! وەدەکرێـت کـە ئـەم صـیفەتی سەرخۆشـکردنە لـە هـەموو گیراوەیـەکی سەرخۆشکەردا پڕاکتیزە دەبێتو، ئەوەیش هیچ بایەخێکی نییە کە گیراوەکـان لـە پلـەی سەرخۆشکردندا، لە بەهێزیو بێ هێزیدا جیاوازییان هەیە، چونکە ئـەو جیاوازییـە کەمـە، کارناکاتە سـەر حەقیقـەتی سەرخۆشـکردنو بـوونی ئـەو سەرخۆشـییەو بۆیـە گـوێی پـێ نادرێت.

هۆکاری ئـەم مەرجـەیش ئەوەیـە کـە بنـەمای قیاسـکردن، یەکسانی بوونـە لـە نێـوان فەرعەکەو، ئەسڵەکەدا، لە عیللەتی ئەو حوکمەیدا کـە یەکسانییەکەی لەهـەمان حوکمـدا لەسەر بنیات نراوە، بۆیە ئەگەر عیللەتەکە سنووردار نەبوو، ناتوانرێت حوکمەکـە بەسـەر یەکسانی نێـوان ئەسـڵو فەرعەکـەدا بـدرێت، لـە عیللەتەکـەدا، بۆیـە دەبیـنین ئەگـەر وەصفەکە ناسنووردارو بێ چوار چێوە بوو، شەرع هاتووە، لە جێگاکەیـدا شـتێکی چـوار چێوەداری دانـاوە، کـە جێگـای ئـەوی تیـادا بووەتـەوە، وەك نارەحـەتی کـە عیللـەتی دروستی شکاندنی ڕۆژووە لە ڕەمەزانداو، لەبەر ئەوەی کە نارەحـەتی سـنوورو بـێ چـوار چێوەیە، شەرع هاتووە لە جێگاکەیدا شتێکی چوار چێوەداری داناوە، کە جێگای لەباری ڕوودانـی ئـەو نارەحەتییـە یـە، کـە ئـەویش سـەفەرکردنو نەخۆشـییە، وەك خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾[1] واتە: هەر کەس لە ئێوە نەخۆش بوو، یان لەسەرفەردا بوو، با بەڕۆژووەکەی بشکێنێتو، دواترو لە ڕۆژانی تردا بیگرێتەوە.

---

1 سورة (البقرة/ ١٨٤).

- سێیەم: دەبێت ئەو وەصفە، گونجاو بێت، لەگەڵ حوکمەکەدا:

واتە: دەبێت وەصفەکەو حوکمەکە پێکەوە شیاوو گونجاوبن، واتە بەستنەوەی حوکمەکە بەو وەصفەوە، زیاتر بیری مرۆڤ بەلای ئەوەدا پشت ڕاست بکاتەوە، کە لەو پێکەوە بەستنەدا هاتنەدی حیکمەتی حوکمەکە لەبارەو هەیەو جێ بەجێ دەکرێت، واتە ئەو بەرژەوەندییەی کە شەرع ڕەچاوی کردووە، لەکاتی بەشەرعکردنی ئەو حوکمەدا، لە کاتی بەستنەوەی بەو وەصفەوە بەرژەوەندییە کە دێتەدیو جێ بەجێ دەبێت، وەك کە کوشتنی بەدەست ئەنقەست وەصفێکی شیاوو گونجاوە، بۆ بەستنەوەی کوشتنەوەی بکوژەکە پێیەوەو، یتاخود بۆ بەستنەوەی بێ بشبوونی بکوژ لە میراتی میراتدەرەکەی، ئەگەر کوژراوەکە میراتدەری ئەم بوو، چونکە لە شانو شکۆی ئەم پێکەوە بەستنەوەیەوە حیکمەتی بەشەرع کردنی ئەو حوکمە دێتەدیو بەرجەستە دەبێت، کە ئەو حیکماتەیش دەستهەڵگرتنی خەڵکە لە دوژمنکاریو تاوانو، پاراستنی گیانی خەڵك لە لەناوچوونو، هەروەها سەرخۆشبوون وەصفێکی گونجاوە بۆ حەرامکردنی ئارەق، چونکە لەبەر پاکردنی ئەم حوکمەدا، بەو وەصفەی کە کراوە، عەقڵ دەپارێزێت لە خراپ بوونو، دزی وەصفێکی گونجاوە، بۆ دانانی یاسای پێویستی بڕینی دەستی دزی پیاوو ژن کە شەرع دلیناوە، چونکە بەستنەوەی ئەو بڕینە بەدزییەوە خۆی لە خۆیدا پارێزەری ماڵو سامانی خەڵکەو، هەروەها سەفەر کردن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، وەصفێکی گونجاوە بۆ حوکمدان لەسەر دروستی شکاندنی ڕۆژووەکە تیایدا، چونکە بەهۆی ئەم پێکەوە بەستنەوە زیاترو زیاتر لایەنی هاتنەدی حیکمەتی حوکمەکە بەرجەستە دەبێت، کە حیکمەتەکەیشی لادانی نارەحەتیو سەختی سەرشانی مرۆڤە.

کەواتە هۆکاری ڕاستەقینەی بەشەرع کردنی هەر حوکمێك بریتییە لە هاتنەدیو بەرجەستە بوونی حیکمەتەکەیو، ئەگەر ئەم حیکمەتە لەسەر جەمی ئەحکامەکاندا دیارو چوار چێوەدار دەبوو، ئیتر خودی حیکمەتەکە دەبووە عیللەت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دیار نییەو، چوار چێوەدار نییە، ئەوا لە جێگایاندا کۆمەڵە وەصفێکی دیارو چوار چێوەدار دانراوە، کە هەم گونجاونو هەم جێگای لە بارو شیاو هاتنەدی ئەو وەصفانەن.

جا لەسەر بنەمای ئەم مەرجە دروست نییە، کە عیللەتێك بەرپا بکرێت، بۆ ئەو حوکمە کە نەشیاوو نەگونجاوو نەساز بن پێکەوە، کە ئەمەیش بە (الأوصاف الطردية) یان (الأوصاف الأتفاقية) واتە: وەصف گەلی پێوە پچڕاو یان وەصفی خۆڕسکی، ناونراون، وەك ڕەنگی ئارەق‌و ئاستی شلی‌و تامەکەی ناگونجێن کە ببنە وەصفی گونجاوی حەرامی ئارەق‌و، هەروەها ئەگەر دز دەوڵەمەند بوو، یان کەسایەتی بوو، یان دەشتەکی بوو، یاخود دزی لێکراو هەژار بوو، یان کرێکار بوو، کە هیچکام لەم وەصفانی ناتوانن ببنەوەصفی گونجاوی حوکمەکە، کە حوکمی بڕینی دەستی دزی ژن‌و پیاوو، هەروەها بکوژی دەست ئەنقەست هەر کەسێ بێ، پیاو بێت یان ژن بێت، یان عێراقی بێت، یان ڕۆشنبیر بێت، یان نەزان بێت، ئەمان هیچکام ناگونجێن، کە وەصفێکی شیاوو گونجاوبن، بۆ واجب بوونی کوشتنەوەی بکوژەکە، یاخود بۆ حوکمدان بۆ بێ بەشکردنی لە میرات بردن، ئەگەر کوژراوەکە میراتدەری بوو.

- **چوارەم: دەبێت ئەو عیللەتە وەصفێکی تێپەڕی هەبێت**، واتە، نابێت ئەو وەصفە تەنها لەسەر ئەسڵەکە کورت هەڵهاتبێ، چونکە بنەمای قیاسکردن، بریتیە لە بەشداری کردنی فەرعەکە لە عیلەتی حوکمەکەدا، لەگەڵ ئەسڵەکەی خۆی، چونکە بەم بەشداری کردن‌و یەکسانبوونەوەیە دەکرێت کە حوکمی ئەسڵەکە بگوازرێتەوەو تێپەڕی پێ بکرێت بۆسەر فەرعەکە، چونکە ئەگەر عیللەتەکە عیللەتێکی وابوو، کە تەنها لەسەر ئەسڵەکە دەمایەوەو، لەسەر غەیری خۆی نەدەبینرا، ئەوە قیاس ناکرێت‌و، نییە، چونکە لەو کاتەدا عیللەتەکە لە فەرعەکەدا بوونی نابێت، بۆیە دواجار قیاس بەرپا نابێت، وەك ئەوەی کە سەفەرکردن عیللەتێکە بۆ دروستی شکاندنی ڕۆژوو لەلایەن کابرای سەفەری یان نەخۆشەوەو ئەم عیللەتەیش تەنها لە گەشتیارو نەخۆشدا بوونی هەیەو، کەواتە بەس لەواندا کورت کراوەتەوەو لەواندا هەیەو تێپەڕ ناکاتە سەری غەیری ئەمان‌و ناگوازرێتەوە بۆ سەریان وەك کرێکاری کانزا، یان خزمەتکاری ناو کەشتی هەر چەندە لە کارەکانیدا تووشی نارەحەتی زۆر دێن بۆیە هەر لەسەر ئەسڵەکە کورت کراوەتەوەو، چووتەسەر فەرعەکان، ئەمە بەپێچەوانەی سەرخۆشکردنەوە، کە عیللەتی حەرامی

ئارەقە، کە ئەمەیش وەصفێکە لەسەر جەم گێراوەی سەرخۆشکاردا هەیە، بۆیە لەسەر ئەسڵەکە کورت هەڵەهێنراوە.

- پێنجەم: دەبێت عیللەتەکە لەو وەصفانە بێت، کە شەرع پێوەدانگ (إعتبار)ی، هەڵنەوەشاندونەتەوە:

واتە: بەڵگەیەکی شەرعی نەهاتبێ کە ئەو وەصفە بسڕێتەوەو لە کاری بخات، بۆیە هەر لەسەرەتادا وا بۆ موجتەهید دەر دەکەوێتو، وا گومان دەبات، کە ئەو وەصفە دیاریکراوە، دەگونجێت ببێتە وەصفێکی گونجاو بۆ حوکمێکی دیاریکراو، بەڵام لە ڕاستیدا لە گەڵ دەقدا پێکدادەدەنو، پێچەوانەی بەڵگەیەکی شەرعی دەبێتەوەو، ئیتر ئەو وەصفە هیچ پێوەدانگو گونجانێکی لە گەڵ حوکمەکەدا بۆ نامێنێتەوە، چونکە هەر شتێ پێچەوانەی بەڵگە ببێتەوە، ئەوە بەیکلایو قطعی بەتاڵەو کاری پێ ناکرێت، نموونەیش بۆ ئەمە وەك ئەوەی کە کابرای موجتەهید هەر لەسەرەتادا وا گومان بەرێت، کە ئەگەر کەسێك بە هۆی سەرجێی کردن لە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژووەکەی خۆیی بەتاڵکردەوەو، توانای ئازاد کردنی کۆیلەیەکی هەبوو، ئەوا لە سەرەتادا لەسەری پێویستە کە شەست ڕۆژ بەسەریەکەوە بەڕۆژووبێت، (چونکە ئازاد کردنی کۆیلەیەك بۆی ئاسانە، بۆیە دەبێت لە سەرەتادا کارە سەختەکە بکات)، ئەمە گونجاوە بۆ هاتنەدی حیکمەتی کەفارەت دانەکە، کە سزادانو سەختی پێ چەشتنە، بەڵام ئەم ڕایە بەتەواوەتی هەڵەیەو، لە دەرەنجامدا توانا بوونی کابرای ڕۆژوو شکێن لەسەر ئازاد کردنی بەندەیەك، وەصفێکی گونجاو نییە، بۆ ئەوەی لەسەرەتادا ڕۆژووەکەی لەسەر فەرز بکرێت، چونکە ئەم قسەیە پێچەوانەی ئەو دەقە شەرعییەیە کە لەم بارەیەوە هاتووە، کە ڕێزبەندی کەفارەتەکەی کردووە، لەسەرەتادا ئازادکردنی بەندەو، پاشان بەڕۆژوو بوونی شەست ڕۆژ کەسێ کەتوانای ئازادکردنی بەندەی نەبووو، دواتر نان دانی شەست هەژار، بۆ کەسێ کە توانای بەڕۆژووبونەکەیشی نەبووو، هەر لەبەر ئەمەیش بوو، کە شەرعزانان ئەو فتوایەی قازی ئەندەلوسیان بەهەڵە دانا، کە فتوای بۆ یەکێك لە

خەلیفـەکان دابـوو، کـە کـەفارەتی ئـەو سـەرجێی کردنـەی لـە ڕەمەزانـدا بریتییـە لـە ڕۆژووگرتنی شەست ڕۆژ بە بەڵگەی ئەوەی کە خەلیفە توانای ئازادکردنی بەندەی هەیەو، کـە کـەفارەتی ئاسـانی لـەم جـۆرە تووشـی سـەختیو ئـازار چـێژی ناکـات، بـۆ فـەتوای بەسـەختەکەیان پێـدابوو، کـە ئەمـە هەڵـەیـەو، هـەروەها دانـانی هلوبەشـایەتی کـوڕوکچ لەوەیدا کە هەردوکیان وەچەی بەرەبابێکن، ئەمە بکرێت بە پێـوەرو وەصـفێکی گونجـاو بۆ حوکمدان لەسەر ئەوەی کە یەکسان لـە میراتیـشدا، ئەمـە هەڵـەیـەکی تـەواوە، چـونکە شەرع گونجاوی ئەم وەصفەی بۆ ئەو حوکمـە پێـشنیار کـراوە لـەباربردووە، بـە بەڵگـەی ئایـــــەتی ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءٗ فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةٗ فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞۚ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِ﴾[1] کوڕی بەدوو هێندەی کچ داناوە.

جا ئەگەر هەنـدێ خـەڵکیش بڵێـت: هـاو بەشـی ژنو پیـاو لـە گرێبەسـتی هاسـەرێتیدا وەصفێکی گونجاوە بۆ ئەوەی کە بگوترێت واجبە هاو بەش بن، لە مافی تەڵاقیشدا، ئـەم قسەیە قسەیەکی بەتاڵە چونکە بەڵگە شەرعییەکان، لەسەر ئـەوەن کـە تـەڵاق بەدەسـتی پیاوەوەیە، نەك ئافرەت، بەڵام دروستە کە مافی تەڵاقی هەبێت، ئەگەر لە گرێبەستەکەدا بەمەرج ئەو مافەی بۆ خۆی دەستە بەر کردبێت، کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی کـە شەرع ئەو وەصفە گونجاوەی سڕیوەتەوە، کە واگومان دەبـات، پیـاوو ژن لەبـەر ئـەوەی کە گرێبەستی مارەکردندا هاوبەشن کەواتـە لـە مـافی تەڵاقیـشدا یەکسانن، ئـەم حوکمـە دووەمینە پێشنیار کراوە بەتاڵە، چونکە پێچەوانەی بەڵگە شەرعییەکانە.

---

1 سورة (النساء/ ١١).

١٩٠- ئاستی گونجان و پەیوەندی نێوان حوکم و عیللەت[1]:

پێشتر گوتمان، کە لە مەرجەکانی عیللەت ئەوەیە کە وەصفێکی گونجاو بێت بۆ حوکمەکە، واتە جێگاو پێگەیەکی هاتنەدی حوکمەکەی تیادا چاوەڕوان بکرێت و، هەروەها ئامانج و مەبەستی شەرعدانانی ئەو حوکمەی تیادا بێتە جێ و، ئەو گونجان و پەیوەندییەش نەبەستراوەتەوە بە حەزو ئارەزووی دەروون و نەفسی مرۆڤەوە، بەڵکو یاساو ڕێسا گەلێکی ڕێکخراوی بۆ دانراوە، کاتێك ئەو گونجان و پەیوەندییە دەچەسپێت کە شەرع بە جۆرێك لە جۆرەکانی ئیعتیبارو حسابی بۆ دانابێت، بۆیە زانایانی ئوصولی فیقه، وەصفی گونجاویان، لە ڕووی حساب بۆ کردن و نەکردنیەوە لە شەرعدا، دابەشکردووە، بۆ ئەم بەشانەی لای خوارەوە:-

١٩١- یەکەم: ((المناسب المؤثر: گونجانی کاریگەر)) :

کە بریتییە لەو وەصفەی کە شەرع وای داناوە، کە خودی ئەو شتەی کردووەتە عیللەتی هەمان حوکم، واتە ئەو حوکمەی کە لەسەر ئەو گونجانەی بنیات نراوە، ئەم جۆرە تەواوترین جۆری حساب کردنە بۆ وەصف و، بۆیە بە (المناسب المؤثر) ناونراوە، چونکە شەرع لەبەر ئەوەی کە بەکامڵ و تەواوترین جۆری حساب بۆ کردن تەماشای کردووە، بۆیە وەك ئەوە وایە کە دەلالەتی کردبێت، لەسەر ئەوەی کە وەك بڵێیت ئەو حوکمە لەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود شوێنەوارێکە لە کاریگەری شوێنەواری ئەو گونجانەوە بەرپابووە و، ئەمەیش بەرزترین جۆرەکانی گونجانە و، لەلای ئەوانەی کە حیسابیان بۆ قیاس کردووە، هیچ ڕاجیاییەك نییە لەوەیدا کە دروستە قیاسکردنی لەسەر ئەنجام بدرێت و، نموونەکەیشی وەك ئایەتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ﴾[2] واتە: پرسیارت لێ دەکەن، لەسەر سەرجێی کردن لە

---

1 الآمدي ب٣، ل٤٠٥و دواتر، فواتح الرحموت، ب٢، ل٢٥٥و دواتر.

2 سورة (البقرة / ٢٢٢).

گەڵ ئافرەتی بێ نوێژدا، پێیان بڵێ لەو حاڵەتەدا دەەربکەونەوەو، لەسەر جێیی لە گەڵ نەکەن، چونکە لەو دەمەدا بەئازارە.

کە حوکم لێرەدا دراوە بە واجبی دوورکەوتنەوە لەژنی بێ نوێژ، کە بەودەقە جێگیر بووەو، دەستەواژەیەکی ڕاشکاوانەیە کە ئەو ئازارەی بە هۆی بێ نوێژییەوە دروست دەبێت، عیللەتی حوکمەکەیەو، کەواتە ئازارەکە وەصفێکی کاریگەرە لەسەر پرۆسەکە.

هەروەها وەك فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إنما نهيتكم لأجل الدافة)، واتە: بەرگریم لێکردوون لە پاشکەوتکردنی گۆشتی قوربانی، لەبەر خاتری ئەو عەرەبانەی دەرەوەی شاری مەدینە، کە سەردانی ئەم شارە دەکەن، کە پێویستیان بەخواردنە ! کە ئەم دەقە ڕاشکاوانەیە لەسەر ئەوەی کە عیللەتی بەرگرتن لە پاشە کەوت کردنی گۆشتەکە، هاتنی ئەو خەڵکەیە، کەبە (الدافة) دەربڕدراوە، کەواتە ئەو عیللەتە وەصفێکی کاریگەرو شوێنەواردارە لەسەر حوکمەکە.

هەروەها وەك ئایەتی: ﴿وَٱبْتَلُوا۟ ٱلْيَتَـٰمَىٰ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُوا۟ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ﴾[1] کە ئەم دەقە قورئانییە ئاماژە بەوە دەکات کە چاو دێری بەسەر ماڵو سامانی کەسێکەوە کە هێشتا باڵغ نەبوبێت،ئەمە حوکمێکی چەسپاوە بۆ خاوەنەکەی‌و چاودێرەکەی‌و عیللەتی ئەم حوکمەیش منداڵ بوونیەتی‌و، ئەمەیش ئیجماعی لەسەرە، واتە منداڵی عیللەتی حوکمدانە، بەسەر چاودێری کردنی سامانەکەیدا.

١٩٢- گونجانی سازاو ((المناسب الملائم)):-

بریتییە لەو وەصفەی کە بەڵگەیەکی شەرعیی نەهاتووە، کە خودی ئەو وەصفە دابنێت، بەعیللەتی حوکمەکەو، بەڵکو بەڵگەیەکی شەرعی لە قورئان یان ئیجماع هاتووە. کە خودی ئەو وەصفەی داناوە، بە عیللەت بۆ جینسی حوکمەکە، یاخود دانانی جینسی ئەو وەصفەی وەك عیللەتێك بۆ خودی حوکمەکە داناوە، یاخود جینسی وەصفەکەی

---

1 سورة (النساء/ ٦).

داناوه وەك عیللەتێك بۆ جینسی حوكمەكە، واتە: ئەم حاڵەتە ڕاستەو خۆو ڕاشكاوانە نییەو، بەڵكو سازانی لەسەر كراوە.

جا ئەگەر كەسی موجتەهید گونجانی لەم جۆرەی كردە عیللەتی هەر حوكمێكی شەرعیی، ئەوە ئەو عیللەت دانانەی گونجاوو سازە لەگەڵ پەیڕەوو میتۆدی شەرع، لە عیللەت داناندوا، لە بەرپاكردنی ئەحكامەكاندا، بۆیە پرۆسەی بە عیللەت كردنەكەی لێ وەردەگیرێتو، قیاسكردن لەسەریشی دروستەو، لێرەدا چەند نموونەیەك لەسەر ڕووە جۆراو جۆرەكانی ئەم جۆرە گونجانە دەخەینە ڕوو:-

أ- نموونە بۆ ئەو وەصفەی كە شەرع خودی وەصفەكەی كردۆتە عیللەت بۆ جینسی حوكمەكە، وەك چەسپاندنی ویلایەتو سەرپەرشتیاری بۆ باوك لەسەر پرۆسەی مارەكردنی كچە بچووكەكەی، كە عیللەت لەم حوكمەدا لەسەر ڕای حەنەفییەكان بریتییە لە بچوكی تەمەنی كچەكە، نەوەك كچایەتی بوونی، بە بەڵگەی ئەوەی كە شەرع شایەتی داوە، لەسەر حساب بۆ كردنو ئیعتیبار بۆ دانانی ئەم وەصفە، وەك ئەوەی كە ئەم وەصفەی بەعیللەت داناوە، بۆ ویلایەتو چاودێری كردنی سەر موڵكو سامانو، لەبەر ئەوەی كە ئەم جۆرە ویلایەتەو ویلایەتی مارەكردنی كچەكە لەیەك جینسن، واتە ویلایەتی ڕەها (مطلق)ن، بۆیە شەرع كەم تەمەن بوونو بچوك بوونی بەعیللەت داناوە، بۆ هەرشتێ كە لە جینسی ویلایەت بێت، واتە: كوم تەمەن بوونی، بۆ سەرجەم جۆرەكانی ویلایەت وەك عیللەتی ئەژمار كردووە، كەواتە بچوكیو كەم تەمەنی ئەو وەصفە شیاوو گونجاوەیە كە پەیوەستە بەو حوكمەوە كە دراوە، لە سەر ئەوەی كە دەبێت مارەكردنی ئافرەت، كچ بێت، یان بێوەژن كە منداڵ بوو، هەر دەبێت بە چاودێریو ویلایەتی سەرپەرشتیارەكەی ئەنجام بدرێت.

ب- نموونە بۆ ئەو وەصفەی كە شەرع جینسی وەصفەكەی وەك عیللەتێك بۆ خودی حوكمەكە ئەژمار كردووەو، داناوە، وەك كۆكردنەوەی نوێژەكان لەڕۆژی باراناویدا، لەلایەن ئەو شەرعزانانەی كە بڕیاریان لەم بارەیەوە داوە، وەك پێشەوا مالیك، كە سوننەت مۆڵەتی داوە، بە كۆكردنەوەی نوێژەكان لە ڕۆژی باراناویدا، بەڵام بەڕاشكاوی

عیللەتی ئەم حوکمەی دیاری نەکردووە، بەڵام بینراوە کە شەرع وەصفێکی هاو جنسی ئەم وەصفەی کە (بارانە)، بەعیللەت دانـاوە، بۆ حـوکمی کۆکردنەوەکـە، کـە هاوجنسیەکەیش (سەفەرکردنە) چونکە باران و سەفەر هەردووکیان، لەیەك جینسن، چونکە هەردووکیان جێگاو دۆخێکی لەبارن، بۆ ئەوەی کە تیایاندا مرۆڤ تووشی نارەحەتیو دژواری دەبێتو، ئەم حاڵەتەیش شیاوە بۆ ئەوەی کە ئاسانکاریو ئەرك لەسەر شان کەم کردنەوەی تیادا بکرێت، لەسەر شانی مرۆڤە موکەللەفەکانو، هەروەها حوکمی دروستی کۆکردنەوەی نوێژەکان لەسەرفەردا، هەر هەمان ئەو حوکمەیە کە لەبارانیشدا هاتووەو، دراوە، جا کە شەرع سەفەری کردۆتە عیللەت بۆ دروست بونی کۆ کردنەوەی نوێژەکان، ئەمە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی کابرای سەفەرکارەو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەرشتێ لە هەمان جینسی ئەم بێت، وەك (باران) دەبێتە هۆی موباحو دروستکردنی ئەو حاڵەتی کەم کردنەوەی ئەرکەو ئاسانکاری کردنەو دروستی کۆ کردنەوەی دوو نوێژەکان، کەواتە باران عیللەتی حوکمی دروستی کۆکردنەوەکانە بۆیە دروستی کۆکردنەوەی نوێژەکانی لە کاتی بەفرو تەرزە باریندا لەسەری قیاس دەکرێتو، نموونەکانی تریش هەروان .

ج- نموونە بۆ ئەو وەصفەی کە شەرع جینسی وەصفەکەی وەك عیللەت داناوە، بۆ جینسی حوکمەکە، وەك ئەوەی کە بێ نوێژی ئافرەت کە هۆکارە بۆ لابردنی نوێژکردن لەسەر شانی ئافرەتە بێ نوێژەکە چونکە حوکمی شەرعیی لەسەر ئەوە هەیە، کە ئافرەتی بێ نوێژ ڕۆژووی لەسەر نییەو نایگرێتو، لە کاتی بێ نوێژیدا نوێژی لەسەر نییەو نایکات جا کە پاك بوویەوە، گرتنەوەی ڕۆژووەکەی لەسەرە، بەڵام کردنەوەی نوێژەکانی لەسەر نییەو، عیللەتی ئەم حوکمەیش لەوە دایە کە پابەندکردنی ئافرەتی بێ نوێژ، کە پاك بوویەوە، بەکردنەوەی نوێژە فەوتاوەکانیو، لە کاتی دووبارە بوونەوەی کاتەکانیدا، ئەمە کارێکی سەختو دژوارە بۆی، بۆیە شەرع ئەو بێ نوێژییەی لە جێگای ئەو سەختیو دژوارییە داناوەو ئەژمار کردووەو، بۆتە ئەلتەرناتیڤ بۆیو، کردوویەتییە عیللەتی ئەوەی کە حوکم بدات کە گێڕانەوەی نوێژەکانی لەسەر نییەو، لە شەریعەتدا شتی لەو شێوازە

هەیە کە دەلالەت دەکات، لەسەر ئەوەی کە ئەو شتەی وەك بێ نوێژی وایەو لە جینسی ئەوەو، پێگەی سەختیو ئازار چەشتنە، شەرع ئیعتیباری بۆ داناوەو، کردوویەتییە عیللەتێك، بۆ ئەو شتەی کە لەجینسی لادانی نوێژە لەسەر ئافرەتی بێ نوێژ، بۆ نمونە، کە سەفەرکردن پێگەو سەختو دژواری چەشتنەو، حوکمی کورتکردنەوەو کۆکردنەوەی نوێژەکانو دروستی شکاندنی ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزانداو، لەو حاڵەتەدا، لەسەر ئەو سەفەرو سەختییە بنیات نراوەو، ئەندازەی هاوبەشی نێوان سەرجەمی ئەم ئەحکامانە، لەگەڵ حوکمی لادانی نوێژ لەسەر ئافرەتی بێ نوێژ، بریتییە لە ئاسانکاری کردن لەسەر شانی کەسی موکەللەفو، لادانی دژواریو لەسەر شانیو، کەواتە دواجار هەموویان لەیەك جینسن، هەوەك چۆن سەفەر کردن کە عیللەتی ئەم ئەحکامانەیەو، جێگای سەختیو دژواری چەشتنە، بۆ سەفەر کردنو، بێ نوێژیدا بوون، هەردووکیان جێگای سەختو ئازار چەشتننو کەواتە هەردووکیان یەك جینسن.

نموونەیەکی تر وەك حەرامی خواردنەوەی کەمێ ئارەق، هەر چەندە بخۆریش سەر خۆش نەکات، جا کەسی موجتەهید وای دەبینێ کە عیللەتی حەرام کردنی ئەم بڕەکەمە بریتییە لە بەر بەست دانان بۆ ئەو پاساوو بیانوو ڕێگانەی کە دەبنە هۆکاری خواردنەوەی زۆری ئارەق کە مرۆڤ سەر خۆش دەکاتو، لە نێوان ئەحکامەکانی شەریعەتیشدا بەڵگە لەسەر ئەم قسەیە هەیە، کە ئەویش ئەوەیە کە بەتەنها بوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانەداو، عیللەتەکەیش بریتییە لە بڕینەوەی پاساوو بیانوو زیاترو بەرگرتنە لە کردنەوە خراپە گەورەکە، جا خواردنەوەی ئارەقی کەمو، مانەوەی تەنیایی لەگەڵ ئافرەتی بێگانە، دوو وەصفن لە یەك جینس، کە ئەویش پاساو دروست کردنە بۆ حەرامکاریو، حەرامی هەردوو کیشیان یەك شتە، کە حەرامکردنی ڕەها (مطلق)ـە، بۆیە کەمێ لە گیراوەی سەرخۆشکار (نبیذ)، وەك (بیرە) قیاس دەکرێتە سەر کەمە ئارەقەکەو ئەویش حەرامە.

هەروەها نموونەیەکی تر وەکو ئەوەی کە پاشماوەی (خواردنو خواردنەوەی) پشیلە پاکەو پیس نییەو، پێغەمبەریش (ﷺ) عیللەتی ئەم حوکمەی بەوە دەر بڕیوە، کە

فەرموویەتی: (إنما من الطوافين عليكم والطوافات)، واتە: پاشماوەی یاخود بەرماوەی خواردنو خواردنەوەی پشیلە پیس نییە، چونکە پشیلە وەك خزمەتکارو دانشتوانی دیکەی ماڵ، دوورو نزیك بەسەرتاندا دەگەڕێنو دێنو دەچن، کە ئەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عیللەتی پاکبەەنەکەی بریتییە لەوەی کە لەگەڕیدەکانی هاتوو چۆی دەورو بەری ماڵانە، چونکە شتێ زۆر هاتوچۆ بکات، چاوەڕێی سەختیو دژواری لێ دەکرێت، کە بڕیار لەسەر پیسی بێرماوەکەی بدەینو، وەك وایە کە حوکم دراوە لەسەر پاکی بوونەکەی لەبەر ئەوەیە کە ئاسانکاری لەسەر شانی کەسی موکللەف دروست بکاتو، سەختی لەسەر شانی لا ببات بۆیە دەکرێت، بینینی شەرمگای ئافرەت لە لایەن دکتۆرەوە قیاس بکرێت بە پاکی ئەو بەرماوەیەو، بەدروست دابنرێت، بە پێی ئەوەی کە لە هەردوو پرسەکەدا مەبەست لادانی دژواریو سەختییە لەسەر شانی کەسی موکەللەفو،

هەردووکیشیان لەیەك جینسن، کە هەردووکیان چاوەڕێی سەختیو دژوارییان لێ دەکرێت، چونکە ئەگەر بڵێین دروست نییە کە دکتۆر شەرمگای ئافرەت ببینێ، لە کاتی پێویستیدا، ئەمە دیسان سەختی دێنێتە کایەوەو، کەواتە بەقیاس لەسەر ئەوەی سەرەوە بێت، دروستە.

١٩٣- سێیەم: (المناسب المرسل: گونجانی بەرەڵاکراو):

ئەمیش بریتییە لەو وەصفەی کە بەڵگەیەکی تایبەت نەهاتووە، حساب بۆ کردن یان نەکردنی ڕابگەیەنێت بۆمان، بەلام بەرپاکردنی حوکم لەسەری، بەرژەوەندییەك دەهێنێتە کایەوە کە بەشێوەیەکی، گشتی، سەرا پای شەریعەت پشت ڕاستی دەکاتەوەو ئەم جۆرە لەو ڕەووەوە کە بەرژەوەندییەك لە بەرژەوەندییەکانی شەیعەت دەچەسپێنێت، بە شتێکی گونجاوو موناسب دێتە ئەژمارو، دواتر لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ بەڵگەیەك سەبارەت بەدروستیو نا دروستی ئەو لە ئارادا نییە، بۆیە بە (مرسل: بەرەڵاکراو)، ناوزەرد کراوەو، ئەمەیشە کە بە (المصلحة المرسلة) ناو نراوەو، لە لای مالکیو حەنبەلیو هاوڕاکانیان بە بەڵگە دانراونو، لەلای غەیری ئەوان، وەك حەنەفیو شافعیەکان، بە بەڵگە

دانراوە، نموونەیش وەك، كۆكردنەوەی قورئانی پیرۆزو، لێدانی دراوو، دانانی زیندانو، دانانی باج لەسەر زەوییە كشتوكاڵییە فەتح كراوەكانو، هتد.....

١٩٤- چوارەم: (المناسب المغلى: گونجاوی هەڵوەشاوە):-

كە ئەمیش بریتییە لەو وەصفەی كە وادەردەكەوێت، كە دەردەكەوێت، كە گونجاوە، بۆ بنیات نانی حوكمێكی دیاریكراو لەسەری، ئەمە بەپێی خەیاڵو بیر كردنەوەی مرۆڤەكان، بەڵام شەرع ئیعتیبارو حساب بۆ كردنی ئەمەی هەڵوەشاندۆتەوە، وەك چۆن كەسێ وا بیر دەكاتەوە، كە كابرایەك كە دەمرێو، كورو كچێ بەجێ دەهێڵێ كە هەردووكیان لەیەك بەرەبابنو، بەچكەی یەك كەسن كە واتە دەبێت لە میرات بردنیشدا یەكسانبن، ئەمە تەنها خەیاڵو بیركردنەوەیەو، گونجاو نییە، چونكە شەرع ئەو گونجانو موناسب بوونەی هەڵوەشاندۆتەوە، بە دەقی قورئان، كە هەروەك پێشتریش باسمان كرد، كوڕ دووهێندەی كچ بەشە میراتی پێ بڕدرێو، دەیباتو، بۆیە ئەمە بنیات نانی ئەحكامی لەسەر دروست نییە، چونكە بە تەواویو قطعی بیركردنەوەكەوبنیات نانی حوكمی لەو جۆرە هەڵەیەو، بەتاڵە.

١٩٥- ڕەوش و ڕێبازەكانی عیللەت:-[1]

مەبەست لەڕەوشو ڕێبازەكانی عیللەت (مالك العلة) بریتییە لەو ڕێگایانەی كە بەهۆیانەوە دەگەینە ناسینی بوونی عیللەت لە ئەسڵەكەداو، عیللەتیش بەچەند ڕێگاو ڕێبازێك دەناسرێتەوە، كە ناسراترینیان، بریتییە لە، (دەقی شەرعیو، كۆڕای زانایانو، تاقیكردنەوەو، دابەشكردن).

1 الآمدي ب٣، ل٣٦٤و دواتر، فواتح الرحموت، ب٢، ل٢٣٩و دواتر التلويح والتوضيح، ب٢، ل٦٨و دواتر.

١٩٦- یەکەم: دەقی شەرعی:

جاری وا هەیە، کە دەقی شەرعی دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وەصفێکی دیاریکراو، عیللەتە، بۆ ئەو حوکمەی کە دەقەکەی لەسەر هاتووەو، لە دەرەنجامدا چەسپانی عیللەتەکە، لەگەڵ دەقەکەدا دێتە دی‌و، لەم حاڵەتەدا عیللەتەکە بە (دەق لەسەر هاتوو: المنصوص علیە)، ناوزەرد دەکرێت.

بەڵام ئەوەندە هەیە، کە دەلالەت کردنی دەقەکە لەسەر عیللەتەکە هەموو جارێ بە ڕاشکاوانەو ڕاستەو خۆ نییە، چونکە جاری واهەیە کە بەتیلە چاوو ئاماژە هاتووەو، هەرکاتیش ڕاستەوخۆ بوو، ئەوا دەلالەت کردنەکەی لەسەر ئەو عیللەتە، بە دووجۆر دەبێت، یان (یەکلاکەرەوە: قطعي)یەو، یان (تەمومژاوی: ظني)یەو، لەخوارەوە لەسەر هەموو جۆرەکان بە نموونەوە دەدوێین:

أ- دەلالەت کردن، لەسەر عیللەت، بەدەقی ڕاشکاوانەی قطعی، کە لەغەیری عیللەت هیچ شتێکی تر خۆ نەگرێت، کە لەم حاڵەتەدا دەلالەتی دەقە ڕاشکاوانەکە لەسەر عیللەتەکە قطعی‌و یەکلاییەو ئەمەیش بەدەستە واژەو دەربڕین گەلێك دەبێت، کە لە زمانی عەرەبیداو هەر لەبنەڕەتدا بۆ (عیللەت) دانراون، وەك: (لکیلا: تانەبێتە.....)و، (لأجل كذا، لەبەر فلان هۆکار...)و هتد.... وەك فەرمایشتی قورئان کە دەفەرموێت ﴿رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾[1] کە ئەم دەقە بە ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانە ئەوەی درکاندووە کە عیللەتی ناردنی پێغەمبەران (علیهم السلام) بریتییە لە: ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ﴾ خەڵکی پاساوو بیانوو نەهێننەوە، لەبەر دەم پەروەردگاردا کە پەیامیان پێ نەگەیشتووە! هەروەها فەرمایشتی پەروەردگار کە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ﴾[2]

---

1 سورة (النساء/ ١٦٥).

2 سورة (الحشر/ ٧).

واتــە: گرتنــە بــەری ئــەم ڕێو شــوێنانە، لەبــەر ئەوەیــە کــە موڵــکو مــاڵ تــەنها لــەلای دەوڵەمەندەکان مۆنۆپۆڵ نەکرێتو، ئێوە پێی نەگات، جا دوای ئەوەی کە خـوای گـەورە باسی چۆنیەتی بەگەڕخستنی دەسکەوتەکانی کرد، بۆ هەژارو کـەم دەسـتەکانو هتـد... ئەم دەقە بەڕاشکاوانە ئەوەی دەر خستووە، کـە عیللـەت تیایـدا بـەر گرتنـە لـەوەی کـە ماڵو سامان تەنها لەلای دەوڵەمەندەکان بێتو، غەیری ئەوان هیچیان نەبێت.

هــەروەها قورئــان دەفــەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٌ مِّنۡهَا وَطَرًا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٌ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ﴾[1] واتــە: ئینجـا کـە زەیـد زەینەبـەی خواسـتو، پاشان پێکەوە نـەیانکراو تەڵاقیـداو جیـا بوونـەوە، ئێمـە لـەتۆمان مـارەکرد، خـودا ئـەو بڕیارەی بەهۆی ئەوەوە دا، تا هیچ دڵتەنگیو، گفتێـك بـۆ بـڕواداران لـە مـارەکردنی ژنـی بەکوڕ کراویان دروست نەبێ و، بەشتێکی ناشرینو ناپەسندی دابنێن.

ئەم دەقە ڕاشکاوانەیە، لەدەلالەت کردنیشدا بە دەلالەتێکی یـەکلاییو قطعـی، لەسـەر ئـەوەی کـە عیللـەتی هاوسـەرگیری پێغەمبـەر (ﷺ) لەگـەڵ خـاتوو زەینەبـەدا، لـەدوای ئەوەی کە زەید (خو لێی ڕازی بێت) تەڵاقیدا، بریتی بوو، لە لابردنی دژواری لەسەر شانی موسڵمانان، لە پرسی مارەکردنی ژنی بەکوڕ کراوەکانیاندا.

هەروەها فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە مۆڵەتـدانی بـە پاشـەکەوت کردنـی گۆشتی قوربانی، کە پێشتر ڕێی لێ گرتبوو، کە فەرموویەتی: (إنما نهيتكم عن إدخار لحوم الأضاحي، لأجل الدافة، فكلوا وادخروا) واتە: من تەنها لەبەر خاتری پێداویستی هـەژاران، ئێوەم لە پاشە کەوت کردنی گۆشتی قوربانی بەر پێ گرتبـوو، لێـرە بـەدوا لێـی بخـۆنو، لێشی پاشەکەوت بکەن، کە عیللەتی نەهی کردنەکە یەکەمجار بریتی بوو، لـە پێداویـستی گەشتیارانی شاری مەدینە بەو خۆراکە، جا کە عیللەتەکە نـەما، حوکمەکـەیش نامێنێـت، کە حەرامی پاشە کەوت کردنییەتی.

---

1 سورة (الأحزاب/ ٣٧).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إنما جعل الأستئذان من أجل البصر) واتە: مۆڵەت وەرگرتن لە چوونە ماڵاندا، تەنها لەبەر خاتری چاو پارێزی دانراوە، تا شت گەڵێك كە نهێنین‌و، نابێت ببینرێت، بەر چاو نەكەون، كە ئەم دەقە ڕاستەوخۆو ڕاشكاوانە قطعی یە، لەوەیدا كە دركاندویەتی كە عیللەتی موڵەت وەرگرتن، بریتییە لەبەر گرتن لە ئاگایی مرۆڤ بەسەر شتێكدا كە دروست نییە، ئاگایە هەبێت بەسەریدا ، بۆیە سەیركردن‌و ئاگایی مرۆڤ لە پەنجەرەوە بۆ ناو ماڵی كەسانی تر قیاس لەسەر ئەوەی سەرەوە كراوەو، ئەمەیش هەر حەرامە.

ب- دەلالەت كردن لەسەر عیللەتێك بە دەقێكی ڕاشكاوانە، بەڵام لەدەلالەت كردنیدا، لە بەعیللەت بوونی ئەو عیللەتەدا (نا قطعی)یە، واتە دەقەكە دەلالەت لەسەر عیللەتەكە دەكات بەڵام لەلایەكی تریشەوە بۆی هەیە، دەلالەتی لەسەر شتی ترو لایەنی تر بكات، كە ئەو دەلالەت كردنەی تر، نابێتە ڕێگر لە دەركەوتنی دەقەكە لە عیللەتەكەدا، بۆیە دەلالەت كردنەكەی لەسەر عیلەتەكە بەڕاشكاوی تەمومژاوی (الصریح الظني) دێتە ئەژمار، وەك فەرمایشتی پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا كە دەفەرموێت ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ لِتُخۡرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾[1] كە پیتی (لام) لە (لتخرج)دا، بۆ هۆكار (عیللەت دانانە)، هەرچەندە ئەویش هەڵدەگرێت بۆ ئایندە (عاقبة) بێت نەك بۆ عیللەت (تعلیل).

ج- دەلالەت كردن لەسەر بەدەقێكی ڕاشكاوانە لە عیلەتەكەدا، بەڵام هەر ئاماژە دەكات، بەعیلەتەكەو ئاگادارمان دەكاتەوە لەسەری، بە جۆرێك كە نیشانەیەك لە ئارادا هەبێت، كە وای لێ بكات، دەلالەت بكات، لەسەر عیلەتەكەو، نموونەی ئاشكرای لەم جۆرە، وەك، هاتنی ڕستەی جەخت كەرەوە (مۆكیدة) بە (أن)، لەدوای ڕستەیەك كە هاتبێت، سەراپای حوكمەكە ڕەنگ ڕێژ بكات‌و بگرێتەوە، وەك فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ)، كە لەوەڵامی كەسێك سەبارەت بە بەرماوەی خواردن‌و خواردنەوەی پشیلە

---

1 سورة إبراهيم (١).

فەرمووی: (إنه ليس بجنسي، إنها من الطوافين عليكم الطوفات) یاخود وەك ئەوەی کە کەلامەکە لە جێگای (وەڵام)دا، دابنیشێت، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (أعتق رقبة) بەندەیەك ئازاد بکە ئەمە وەڵامەو بۆ کەسێ وتراوە کە لە ڕەمەزانداو بەزمانی ڕۆژوو لەگەڵ ژنەکەیدا سەر جێی کردبێت.

یاخود وەصفەکە ببەسرێتەوە بە حوکمەکەوە، کە ئەم پێکەوە بەستنو کۆنتاکتەو پێکەوە گرێدانە دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەو وەصفەی بەستراوەتەوە بە حەمکەکەوە، کە ئەوە عیللەتەکەیە، ئەمەیش هەمان ئەو شتەیە کە زانایانی ئوصول دەری دەبڕنو دەڵێن، هەڵپەساردنی حوکم بەو شتەیدا کە حوکمەکەی لێ هەڵێنجراوە، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە عیللەتەکە هەمان ئەو ڕستەیە، کە حوکمەکەی لێ وەرگیراوە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا﴾[1] واتە: دەستی دزی پیاو ژن ببڕنو، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِى فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍ﴾[2] واتە: کچو کوڕی داوێن پیس، هەر یەکەو سەد شەلاقیان لێ بدەنو، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لايريث القاتل) بکوژ میرات نابات و، هەروەها دەفەرموێت: (لاوصية لوارث)، واتە: هیچ وەسیەتێکی موڵكو سامانی کاری گەری نییە، بۆ هیچ میرات بەرێ وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لايقضي القاضي وهو غضبان) با دادوەر لە کاتی توڕەیدا بڕیار دەر نەکات.

١٩٧- دووەم: کۆڕای زانایان: (الأجماع):

جاری واهەیە، کە عیللەت بوونێ وەصفێك بەڕێگای ئیجماع دەچەسپێت، وەك ئیجماع کردن لەسەر ئەوەی کە (برا) لەبەر ئەوەی کە لەسەری باوكو لەسەری داکیشەوە تێکەڵەو، سەرچاوەی ڕەچەڵەکی یەکێکە بۆیە پێش دەخرێت، بەسەر (برا)ی تەنها باوکیدا، لە میرات بردندا، واتە، ئەو تێکەڵی دوو سەرییە کراوەتە عیللەت، بۆ پێشخستنی

1 سورة المائدة (٣٨).

2 سورة النور (٢).

بەسەر تێکەڵی یەك سەرەدا، بۆیە لە سەرپەرشتیاری کردنیشدا، هەروایەو، قیاس دەکرێت لەسەر میرات بردنەکەی‌و، هەروەها برازا، لەبرای دایکی‌و باوکی‌و، ئامۆزا، لە مامی دایك‌و باوکی پێش دەخرێن بەسەر برازا، لەبرای باوکی‌و، ئامۆزا، لە مامی باوکی‌و، بەو شێوەیە تا دێت..... لە میرات بردندا، قیاس کراوە لەسەر ئەو حاڵەتەی کە لەسەرەتاوە هێنامان.

١٩٨- ((تاقی کردنەوەو دابەشکردن: السبر والتقسیم)):

ئەگەر عیلەت بەدەقی قورئان‌و فەرمودەو ئیجماع نەچەسپا، ئەوا کەسی موجتەهید پەنا دەباتە سەر هەڵێنجانی عیللەت لە رێی تاقی کردنەوەو دابەشکردنەوەو، (السبر) بە مانای (الاختبار: تاقی کردنەوە) دێت‌و، مانای (تقسیم: دەبەشکردن) ئەوەیە کە کەسی موجتەهید ئەو وەصفانەی کە بەگونجاویان دەزانێت، کە ببنە عیللەت بۆ حوکمەکە ڕێزبەندیان دەکات‌و، دواتر هەر یەکەیان یەك لەدوای یەك تاقی دەکاتەوەو سەرەنجیان دەدات‌و، هەر کامیان بەشیاوی مانەوە نەزانێت، بەتاڵی دەکاتەوەو، لای دەبات‌و، هەرکامیان بە گونجاو بزانێت کە ببێتە عیللەت، دەیهێڵێتەوە تا دوای ئەم لابردن‌و هێشتنەوەیە، کەبزانێت کام لەو وەصفانە خودی عیللەتەکەیەو، جیای بکاتەوە، جا کەسی موجتەهید لەم پرۆسەیەدا سود لەمەرجەکانی عیللەت وەردەگرێت کە پێشتر باسمان کردو، تەنها وەصفێك دەهێڵێتەوە کە ئاشکراو چوار چێوەدارو گونجاوو شیاوی گواستنەوەیە، بۆ نموونە دەق هاتووە، لەسەر حەرامی ئارەق‌و، تەنانەت هەندێ لە موجتەهیدەکانیش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریان (ﷺ) لا نەگەیشتووە، کە دەفەرموێت: (کل مسکر خمر: گشت سەر خۆشکەرێ ئارەقە) یاخود گەیشتۆتەلای، بەلام بە صەحیحی نەزانیوە بۆیە دەگەڕێت بەشوێن عیللەتی حەرامی ئارەقدا، لە ڕێی تاقیکردنەوەو، دابەشکردنەوە، جا ئەو وەصفانەی کە دەکرێت عیللەت بن بۆ حەرامی ئارەق، ڕێزبەندیان دەکات‌و، کۆیان دەکاتەوە، وەك ئەوەی کە ئارەق لە ترێ دروست دەکرێت‌و، یان ئارەق گیراوەو شلە مەنییەو، یان ئارەق سەرخۆشکەرەو، دواتر بەر لەچاوگرتنی مەرجەکانی عیللەت، دەبێت توێژینەوە لەسەر ئەم وەصفانە بکرێت‌و،

وەصفی یەکەم، کە لێرەدا کورتی هێناوەو، ناچێتە سەر غەیری خۆی‌و تەنها لەسەر خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە لای دەباتو، مەرجی عیللەتیش ئەوەیە کە وەصفەکە لە ئەصڵەوە بچێتە سەر فەرعەکە، واتە موتەعەددی بێتو، دواتر وەصفی دووەمیش لا دەبات، ئەویش ئەوەیە کە ئارەق شلەمەنییە چونکە ئەم وەنییە و، کاریگەریش لەسەر دروست ناکات دو، دواتر وەصفی سێیەم دەمێنێتەوە، کە سەرخۆشکردنەکەیە چونکە وەصفێکی ئاشکرای گونجاوە لەگەڵ حومکەکەدا، هەروەها نموونەیەکی تر، وەکئەوەی کە دەق هاتووە، لەسەر ئەوەی کە باوك مافی سەرپەرشتی کردنی کچە بچووکەکەی هەیە، لە پرۆسەی مارەکردنیداو، عیللەتی ئەم حوکمەیش بەدەق، یاخود بە ئیجماع نەچەسپاوە، بۆیە کەسی موجتەهید تەماشای دەق دەکاتو، عیللەتەکەی لە دووشتدا کورت دەکاتەوە، یان لەبەر ئەوەیە کە کچەو، یاخود لەبەر ئەوەیە کە منداڵەو، لە هەردووکیان ڕادەمێنێو، لەدوای سەرەنجدان، وەصفی کچ بوونەکە دوور دەخاتەوە، چونکە بە هیچ جۆرێ لە جۆرەکانی ئیعتیبار دانان، ئەژماری نەکردووەو، دواجار ئەو وەصفی (منداڵ بوونە)ی، دەمینێتەوە، چونکە شەرع، لەسەر پشتی موڵکدا حسابی بۆ ئەو عیللەتەی منداڵیەتییە کردووەو، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەرع وەصفێکی دیاریکراوی کە (منداڵ بوونە)، بە عیللەت داناوە، بۆ جینسی حوکمەکە کە ئەویش بوونی ویلایەتی ڕەها (مطلق)ە، چونکەبوونی ویلایەتو سەر پەرشتیاری لەسەر ماڵو سامانو هەروەها بوونی سەرپەرشتیاری لەسەر مارەکردن، لەیەك جینسن، بۆیە موجتەهیدەکە وا بڕیار دەدات، کە ئەو عیللەتەی ئەو بەدوایدا دەگەڕێت، منداڵیەتییە، نەك کچایەتی، بۆیە دواجار بێوەژنی کەم تەمەن قیاس دەکرێت لەسەر کچی کەم تەمەنو، ئەوە بەسەر ئەوەشیدا دەچەسپێت کە هەر چەندە بێوەژنیشە هەر دەبێت، لەسەر پەرشتیارەکەی لەکەسێکی مارە بکاتو بەخۆ سەرێتی شوونەکات.

بێگومان لەپرۆسەی تاقیکردنەوەو بەشکردندا، ڕوانگەی موجتەهیدەکان جیاوازە، موجتەهید هەیە، کە وەصفێك بەگونجاو دەزانێتو، کەچی موجتەهیدێی تر بەگونجاوی دانانێت، بۆ نموونە حەنەفیەکان وای دەبینن، کە عیللەتی سەرپەرشتیار بوونی باوك لە

مارەکردنی کچە بچوکەکەیدا بچووکیەتی، نەوەك کچایەتی، بەلام شافیعییەکان کچایەتی بەعیللەتی بڕیارەکە دەزانن، نەك بچووکی‌و منداڵی.

هەروەها نموونەی تر لەڕا جیایی نێوان شەرعزانەکان، سەبارەت بە هەڵێنجانی‌و دەست نیشانکرنی عیللەت، وەك ئەوەی کە فەرمووودەهاتووە، کە گۆڕینەوەی هەندێ شت‌و کەل‌و پەلی وەك یەکێ بەلام بەنرخی جیاوازو زیاتر حەرام کردووە، وەك ئاڵتون‌و زیوو جۆو، گەنم‌و خورماو، کشمیش‌و، لە گێڕانەوەیکدا (خۆی) یشی، تیادایەو هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لە دەق‌و ئیجماع لەسەر عیللەتی ئەم حوکمە نەهاتووە، بۆیە کەسی موجتەهید لەسەر عیللەتی ئەم حوکمە دەکۆڵێتەوەو، بۆی هەیە، بە ئیجتیهادکردنی خۆی‌و، لەڕێی تاقیکردنەوەو دابەشکردنەوە، بەوە بکات کە عیللەتی ئەو حوکمە بریتیە لەوەی کە جینسی ئەو کالآیانە هەموویان یەك شتەو، ئەو کەل‌و پەلانە هەموویان کێشانە دەکرێن‌و، ئەمەیش ڕای حەنەفییەکان‌و هاوڕێکانیانەو، یاخود عیللەتی خوکمەکە ئەوەیە کە جینسی ئەم شتانە یەکێکەو هاشانی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەم کەل‌و پەلانە خواردەمەنین‌و، هەروەها بەمەزەندە مامەڵەیان لەسەر کراوەو، ئەمەیش ڕای شافعییەکان‌و هاوڕاکانیانە، یاخود عیللەتی حوکمەکە ئەوەیە کە ئەو کالآیانە خواردەمەنین‌و، شیاوی پاشە کەوت کردنن‌و، نرخ‌و مەزەندە دارن‌و، ئەمەیش ڕای مالکی‌و هاوڕاکانیانەو، قیاس لەسەر بنەمای جۆری ئەو عیللەتەی کە شەرعزانان دەریان هێناوە، بەر پادەکرێت، بۆیە لەسەر ڕای حەنەفییەکان، سەرجەم ئەو شتانەی کە دەکرێت، کێشانە بکرێت هەر چەندە خواردەمەنی نەبن، یاخود خواردەمەنی پاشەکەوت کراو نەبن، ئەوا هەر قیاس دەکرێن، لەسەر ئەو دەقەو،، بۆیە لەسەر ڕای شافعییەکان، تەنها ئەو شتانە قیاس دەکرێن، کە خواردەمەنین، یان نرخدارو مەزەند کراون‌و، لەسەر ڕاە مالکییەکان، وەاجبە کە ئەو شتەی لەسەر خۆراك‌و شتە خواردەمەنییەکان قیاس دەکرێت، دەبێت بگونجێت پاشە کەوت بکرێت، یاخود نرخی لەسەر دابنرێت‌و مەزەندە بکرێت.

کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی بەتایبەتیو دەشت ئەنقەست لە مانگی ڕەمەزاندا سواری ژنەکەی بووو، دواتر هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)و هەواڵی لەسەر ئەم کردەوەیەی پێداو، ئەویش فەرمانی پێ کرد، بە کەفارەت دان[1].

جا ئەم فەرموودەیە دەلالەت دەکات لەسەر هۆکارو عیللەتی حوکمەکە بەلام دەلالەت ناکات، لەسەر وەصفێکی دیایکراو، بەڵگە بێت، لەسەر خودی عیللەتەکە، واتە: دەقەکە لە خۆگری عیللەتەکەیە، بەلام لە خۆگری وەصفێکی دیاریکراو نییە، کە دەلالەت لەسەر خودی عیللەتەکە بکات، جا دەقەکە عیللەتەکەی لە خۆگرتووە، بەلام پوخت کراوو پالچفتەکراو نییە، لەو شەخڵو خەڵسەتانەی کە پەیوەندییان نییە، بە پرسی عیللەت بوونەکەیەوە، بۆیە کەسی موجتەهید دێتو، عیللەتە ڕاستەقینەکە پاڵفتە دەکات، لەو شاخڵو شتانەی پێوەی لکاون، یان خۆیان پێوەی هەڵواسیوە، وەك ئەوەی کە ئەنجامدەری کرداره سیکسییەکە کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی بووەو، ئەوا دوو ڕووداویش کە لەشاری مەدینەدا ڕوویداوو کردەوە سێکسییەکەیش لە مانگی ڕەمەزانی

1 ئەمە دەقی فەرموودەکەیە، کە دەفەرموێت، ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوەو، گوتویەتی: کابرایەك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، تیاچووم! پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: چی تێدایە برلووی؟! گوتی: سەرجێم لەگەڵ ژنەکەم بەزمانی بەڕۆژوو ئەنجامداوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: دەتوانی بەندەیەك ڕزگاری بکەی لە کۆیلایەتی؟ ئەویش وتی: نەخێر لە توانامدا نییەو پاشان فەرمووی: دەتوانی دوومانگ لەسەر یەك بە ڕۆژوو بیت؟ گوتی: ئەویش ناتوانم، جا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: دەی دانیشە، جا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: دەی دانیشە، جا ئەبوو هوریرە دەڵێت لەم کەینو بەینەدا کە ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووین پێغەمبەر (ﷺ) چنگەڵێی خورمای هێناو، فەرمووی: کابرای پرسیار کار کوا؟ کابرا وتی: من بووم! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی ئەمە بگرەو، بیکە بەخێر، کابرا گووتی: ئایا ئەو خورمایانە بە کاسانێك بدەم، کە لەخۆم هەژارو کەم دەست ترن؟!و دەی سوێند بەخوا لەم سەرزەوییەی (شاری مەدینە)دا، هەژار تری تیادا نییە، جا پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنیو فەرمووی: دەی بیدە بە خێزانەکەت، رواه البخاري، ومسلم، وأبو داود، والترمذي، وإبن ماجة، بروانە تیسیر الوصول، ب٢، ل٣٤٠.

هەمان ساڵدا ڕووی داوە، جا کابرای موجتەهید سەرجەمی ئەو خەسڵەتانە لادەباتو دوور دەخاتەوەو، دواجار بەو بڕیارە دەگات کە پێشهاتی بەدەست ئەنقەستی لەو جۆرە لە مانگی ڕەمەزاندا ئەوە خودی عیللەتی حوکمەکەیەو، واجب کاری کەفارەتەکەیە، ئەم ڕایە شافعییەکانو هاوڕاکانیان لەسەری دەڕۆن بەڵام حەنەفیو هاوڕاکانیان ڕوانگەیەکی دوورتریان ڕەچاو کردووە، لە پرسی پاڵفتە کردنی عیللەتداو، عیللەتەکە لەلای ئەوان تەنها کردەوە سێکسیەکە نییە، بەڵکو عیللەتەکە (لە دوای پاڵفتە کردنی تەواوەتی) بریتییە لە شکاندنی دەست ئەنقەستی شانو شکۆی مانگی ڕەمەزان، بەوەی کە کابرا کردەوەیەکی ئەنجامداوە، کە شکێنەری ڕۆژووەکەیە، کە سەرجێی کردنە، یان خواردنو خواردنەوەیەو، لەم کاتەدا سەر جێی کردن وەك شکێنەرێکی ڕشتۆژوو، بە (دەستە واژەی دەقەکە) چەسپاوە، بەڵام خواردنو خواردنەوە وەك شکێنەری ڕۆژوو بە (دەلالەتی دەقەکە: دلالة النص) جێگیر بووەو، چەسپاوە[1].

پاشان لەم پرسی (تنقیح المناسد)ـەدا، ڕوانگەی زانایانی موجتەهید لە یەکتری جیاوازە، جا هەندێکیان وەصفێك دادەنێن بە عیللەت، لە کاتێکدا کە گروپێکی تر وەصفێکی تر، وەك عیللەت دەهێننە ئەژمار، هەروەك لە چیرۆکی کابرای عەرەبی

1 مەبەست لە (عبارە النص) دەلالەت کردنی دەستە واژەی دەقەکەیە لەسەر ئەو مانایەی کە لە دەقەکە دەفامرێتەوە، ئیتر ئەو مانایە بەشێوەی ئەصڵی یان شوێنکەوتەیی (تبعي) لە دەقەکە بفامرێتەوە، هەر چۆنییەکە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾ (سورة البقرة / ٢٧٥) کە لەم دەقەدا مانای ئەوەی تیادا دەفامرێتەوە، کە مامەڵە (بیع)و (ربا: سوو) یەکسان نینو، ئەویش مانای ئەسڵی دەقەکەیەو، هەروەها حوکمی دەربڕدراو (منصوق)ە کەی چەسپاندووە، بەسەر دەرنەبڕدراو (مسکوت عنە)دا، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەریووکیان لەیەك عیللەتدا هاوبەشنو، مانای دووەمی ئەم دەقە ئەوەیە کە حوکمی مامەڵە (بیع) حەڵاڵ بوونەییەتیو، حوکمی سوخواردن (ربا) حەرام بوونیەتی، بەڵام (دلالة النص) بە مانای دەلالەتی لەفزەکەیە لەسەر حوکمەکەو، إننشاء الله ئەم باسە لە بەشی چوارەمدا دێت.

دەشتەکیدا بینیمانو، تێڕوانینی جیاوازی شافعیو حەنەفییەکانمان لەمەڕ ئەو برسە بەرچاو کەوت!

٢٠٠- (تخريج المناط) ياخود (تحقيق المناط) ياخود (تحقيق المناط)، هەڵێنجانو توێژینەوەی عیللەتەکان:

لەو زاراوە ئوصولیانەی کە جارو بار لە گەڵ زاراوەی ئوصولی تردا تێکەڵاوی پەیدا دەکەن، ئەم زاراوەی (تخريج المناط) و زاراوەی (تحقيق المناط)ـەیە.

– (تخريج المناط):– بەمانای هەڵهێنجانو دەرهێنانی عیللەتی حوکمەکە دێت، کە دەقو ئیجماع دەلالەتی لەسەر نەکردووە، بە سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی، وەك تاقی کردنەوەو دابەشکردن، کە سەر بەڕەوشو ڕێگاکانی عیللەتن، کەواتە (تخريج المناط) بە مانای دەرهێنانی عیللەتی ئەو حوکمە دێت، کەنە دەقی لەسەر هاتووەو، نەئیجماعی لەسەر کراوە، بەو ڕێگایانەی کە دەمانگەیەنە زانینی ئەو عیللەتانەی کە دەقی لەسەر نییەو، ئیجماعی لەسەر نەکراوە، وەك گەیشتن بەوەی کە عیللەتی حەرامی ئارەق خواردنەوە، سەرخۆشکردنەکەیەتیو، عیللەتی سەرپەرشتیاری باوك، لە بەشوودانی کچەکەیدا، بچوکی کچەکەیەتیو، عیللەتی واجب بوونی کوشتنەوەی بکوژی بەدەست ئەنقەست، ئەوەیە کە بکوژ کابرای کوژراوی بە ئامرازو چەکێ کوشتووە، کە زیاتر چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت، کە کوشندەیە، بۆیە حوکمی کوشتنەوە لەسەر جەم کوشتنانەدا دەچەسپێت، کە بە ئامرازێ ئەنجامدرابن، کە زیاتر چاوەڕێی بکرێتو، ئامرازی کوشندە بن، ئیتر ئەو ئامرازە لە ئامرازە کوشندە کۆنەکان بێت، وەك شمشێر، یاخود لە ئامرازە ئەفرێندراوەکانی ئەم چەرخە بن، وەك کلاشینکۆفو هتد.... بەلام سەبارەت بە (تحقيق المناط) بریتییە لە تێڕوانینو توێژینەوە لە جێگیر کردنو هاتنەدی ئەو عیللەتەی کە بەدەق یان ئیجماع یان هەڵهێنجان چەسپاوە، لەو پێشهاتانەیدا، کە دەقی لەسەر نییە، وەك ئەوەی کە عیللەتی دوورکەوتنەوەلە ژنو، سەرجێی نەکردن لە

گەڵیدا، لە کاتی بێ نوێژیدا بریتییە، لەوەی تووشی ئازار دەبێت، بۆیە کەسی موجتەهید تەماشای ئەوە دەکات، بزانێت ئەو عیللەتە لە خوێنی منداڵ بوونیشدا (نفاس) دێتە دی؟! کەبینی لەویشدا هەمان عیللەت لە ئارادا هەیە، ئەوا قیاسی بەسەردا جێ بەجێ دەکاتو، حوکمی ئەسڵەکە دەگوێزرێتەوە، بۆ سەر فەرعەکە، کە ئەو حوکمەیش واجبی سەر جێی نەکردنە لە گەڵ ئافرەتداو، لە کاتی بوونی خوێنی منداڵ بووندا.

- هەروەها وەك، ئەوەی کە عیللەتی حەرامی ئارەق، کە سەر خۆش کردنەکەیەتی، جا کابرای موجتەهید لەوە ڕادەمێنیو، تەماشای ئاستی هاتنەدی ئەو عیللەتە لەهەر گیراوەیەکی تردا دەکات، کە بینی لە گیراوەیەکی تریشدا هاتەدی، ئەوا حوکمە ئەسڵە کە بەسەر ئەو فەرعەیشدا جێ بەجێ دەکاتو، خواردنەوەی ئەویش حەرا دەکات.

بەکورتیو پوختی، (تنقيح المناط)، بریتییە لە پاکژ کردنەوەو پاڵفتە کردنی عیللەت لەو شەخڵو پەڵو پۆیانەی کە پێوەی لکاونو خۆیان پێوەی هەڵواسیوەو، لە هەمان کاتیشدا هیچ کاریگەییەکیان لەسەر ئەو پرسی عیللەتبوونەی نییە.

ئینجا (تخريج المناط) بریتییە لە دەرهێنانی عیللەتێك، کە نەدەقی لەسەرەو، نە ئیجماعی لەسەرکراوە، بەهەر ڕێگایەك بێت، لەو ڕێگایانەی کە دەمانگەیەنێت، بەو دەرهێنانە.

و پاشان (تحقيق المناط)، بریتییە لە ڕامانو توێژینەوە لە بوونی عیللەتی ئەسڵەکە ((لەدوای چەسپانیو زانینی))، لە فەرعەکەدا.

٢٠١- بەشەکان، یاخود جۆرەکانی قیاس:-

هەروەك گوتمان، قیاس لەسەر هابەش بوونی فەرعەکە وەستاوە لە عیللەتەکەداو، لەگەڵ ئەسڵەکەداو، ئەمیش بە (قياس الأولى)، واتە قیاس لە پێشتر ناوزەرد کراوەو، جاری وا هەیە، کە ئاستی ئەو عیللەتە لە فەرعەکەداو ئاستەکەی لە ئەسڵەکەدا یەکسانن، ئەمیش بە (القاس المساوي) واتە، قیاسی یەکسان ناونراوەو، جاری وا هەیە،

که عیللەتەکە لە فەرعەکەدا لاواز ترە، وەك لە ئەسڵەکەداو، ئەمەیش بە (قیاس الأدنی) واتە قیاسی نزمتر ناو زەرد کراوە.

- یەکەم:- ((قیاس الأولی)):

بریتییە لەو جۆرە قیاسەی کە عیلەتەکە لە فەرعەکەدا، بەهێزترە وەك لە ئەسڵەکەداو، بۆیە چەسپاندنی حوکمی ئەو ئەسڵە، بەسەر فەرعەکەدا لەپێشترە، لە چەسپاندنی بەسەر ئەسڵەکەداو، بە ڕێگەی لە پێشترو شیاو تر ئەم کارە دەکرێت، نموونەیش وەك ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار کە سەبارەت بە ڕاسپاردەی چاکەکاری بەرامبەر بە دایكو باوك دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ﴾[1] واتە: هێندە لەگەڵ دایكو باوکتاندا، چاك بن کە تەنانەت ووشەی ئازاراوی (ئۆف)یش، لە بەرامبەریاندا بەکار مەهێنن، کە ئەم دەقە تنانەت (ئۆف) کردنیش لە بەرامبەر دایكو باوکدا حەرام دەکاتو، عیللەتیش تیایدا، ئەوەیە کە ئەو لەفزە ئازاردانی لێ دەفامرێتەوەو، ئەم عیللەتەیش لە لێدانی دایكو باوکدا بوونی هەیە، بەشێوەیەکی بەهێز ترو توند لەوەی کە لە ئەسڵەکەدا هەیە، واتە: لە لێدانەکەدا ئازار زۆر زۆر زیاترو، وەك لە ئۆف کردنەکەدا، کەواتە دواجار لێدانی دایكو باوکیش هەر حەرامە، بە قیاس کردنی لەسەر ڕەوشی دەقە قورئانییە کە، بەلام بەڕێگای (القیاس الأولی)[2] ئەم کارەمان کرد، واتە کە ئۆف کردن حەرام بوو، کەواتە لێدان زۆر لە پێشترە بۆ ئەوەی کە چەند قات لەو زیاتر حەرام بێت.

---

1 سورة (الأسراء: ٢٣).

2 هەندێ لە زانایانی ئوصولْ بەلای ئەوەدا چوون، کە حەرامی لێدانی دایكو باوك بەدەق حەرامکراوە، نەوەك بەقیاسکردن، چونکە عیللەتی دەقی حەرامکردنی ئۆف کردن، بەرگرتنە لە ئازاردانیانو، ئەم مانایەش ڕوونەو مانای خۆیی لێ دەفامرێتەوەو، پێویستی بە هەڵێنجان نییەو، هەر کەس عەرەبی بزانێت ئەو مانایە دەزانێتو تێ دەگاتو، ئەم مانایەش ڕوونەو، ئەمانە ڕوونە لە بابەتاکانی تری لەم جۆرە دا بەڕونتریش هاتووەو، پێویستی بە هەواڵو دەرهێنان نییە، بۆیە ئۆف کردن بە (عبارة النص) حەرامکراوەو، لێدان بە (دلالة النص) حەرامە.

دووەم: القياس المساوي: قیاسی یەکسان:-

ئەمیش بریتییە لەو قیاسەی کە ئەو عیللەتەی حوکمەکەی بنیات لەسەر نراوە، لە ئەسڵەکەدا چەندێکەو ئاستەکەی چۆنەو چەندی لێ هاتۆتەدی، لە فەرعەکەشیدا هەر ئەوەندە لە عیللەتەکە هاتووەتەدیو هەیەو یەکسانن، هەروەك لە حەرامکردنی خواردنی ماڵی هەتیواندا، بەستەمکاری بەم ئایەتە چەسپاوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا ١٠﴾[1] واتە: ئەوانەی کە بەستەم کاری ماڵی هەتیوان دەخۆن، ئەوانە ئاگر دەکەنە سکی خۆیانەوەو، لە دوا ڕۆژیشدا دەخرێنە ئاگری بەتینی دۆزەخەوە، کە عیللەتی ئەم حوکمە بریتییە لە دەست درێژی کردنە سەر ماڵی هەتیو بەستەمکاری یەکسانە لەگەڵ ڕەوشی ئەو دەقەداو، لە عیللەتەکەدا بۆیە حوکمی سوتاندنەکەو حوکمی خواردن ستەمکارانە کە هەریەکێکنو هەردووکیان حەرامن.

سێیەم: ((القياس الأدنى)):-

بریتییە لەو جۆرە قیاسەی کە هاتنەدی عیللەتەکەیە کە لەفەرعەکەدا لاوازترو کەمتر دیارەو دەرکەوتووە، وەك ئەوەی لە ئەسڵەکەدا هەیە، هەرچەندە هەردووکیان یەکسانن، لە هاتنەدی ئەسڵی ماناکەدا، ئەو مانایەی بەهۆیەوە وەصفەکە بووەتە عیللەتی پرۆسەکە، وەك ئەوەی کە سەرخۆشکردن عیللەتی حەرامبوونی ئارەقە، بەلام ئەم سەرخۆشکردنە بە شێوەیەكو ئەندازەیەکی کەمتر لە گیراوەیەکی تری، وەك بیرەدا هەیە، هەرچەندە لە هەردووکیانداصیفەتی سەر خۆشکردنەکە بوونی هەیە، بەلام لە دووەمدا کەمترە، بەلام هەر هەمان حوکمی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت.

---

1 سورة (النساء/ ١٠).

٢٠٢- ئاستی به بەڵگە بوونی قیاس:-

پێشتر گوتمان کە قیاس بە بەڵگەیەکی شەرعیو بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکام دێتە ئەژمار، لەسەر ڕای جەماوەری شەرعزانان، بەلام لەم ڕایەدا، ظاهریو، هەندێ لەموعتەزیلو جەعفەرییەکان[1] پێچەوانەیانن‌و، ئێستا ئێمە حەقیقەتی قیاس‌و پایەکانی‌و مەرجەکانی‌و یاساو ڕێساکانیمان ڕوونکردەوە، جا ئێستا ئەو بەڵگانەی ئەو گروپانە ڕوون دەکەینەوە کە قیاس بە بەڵگە دەزانن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بەڵگەی ئەوانەیش کە قیاس بە بەڵگە نازانن‌و ڕەوشی دەکەنەوە.

٢٠٣- بەڵگەی ئەوانەی کە قیاسیان وەك بەڵگەی شەرعی چەسپاندووە:

ئەوانەی کە قیاسیان وەك بەڵگەی شەرعی زانیوەو، جێگیر کردووە بڕێك لە بەڵگەی قورئان‌و فەرموودەو کارو کردەوەی هاوەڵان‌و بەڵگەی عەقڵییان هێناوەو، ئێمە گرنکترین ئەو بەڵگانە لێرەدا کورت دەکەینەوەو، تەنها پوختەیەکیان لێ باس دەکەین:

-یەکەم: لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ﴾[2] واتە: پەند وەربگرن ئەی خاوەن فامەکان کە خوای گەورە ئەم برگەیەی لە دوای ئەو پێشهاتانە باس کردووە، کە لەسەر هۆزی (بني نضير) ڕوویاندا، کە بەهۆی کافر بوونیانەوەو فێڵکردنیان لە پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمانان تووشی ڕسوایی دنیابوون‌و،

---

1 لێرەدا ئەوەندە هەیە کە زانایانی جەعفەری ئەو قیاسە بە قیاس دەزانن کە عیللەتەکەی دەقی لەسەرەو، بە بەڵگەی دەزانن‌و، لەم جۆرە داو لەم حاڵەتەدا، چەسپاندنی حوکمەکە بۆ فەرعەکە بەدەق جێگیری دەکەن، نەوەك بەقیاس، هەروەك ئەمانە (قیاس الأولی) قبوڵ دەکەن، بەلام بە (قیاس) ناوی ناوزەدی ناکەن‌و، هەندێ لەمانە هەبەر بە (منصوص العلة)ی دەزانن، وەك حەرامی لێدانی دایك‌و باوك، کە لە ئایەتی (فلا تقل لهما أف) دەفامرێتەوە، بۆیە زانایانی جەعفەری جگە لەم جۆرە، جۆرەکانی تر قبوڵ ناکەن‌و، ئەم ڕایەش لە زۆرینەی زانا مەزنەکانی ئەوان وەرگیراوە، جگە لە (إبن الجنيد)، بڕوانە (أصول الأستنباط)، دانراوە السيد تقي الحيدري، ل ٢٥٨-٢٥٩.

2 سورة (الحشر/ ٢).

مانـای ئـەم ئایەتـەیش ئەوەیـە کـە، تـیٚ ڕابمێـنن‌و سـەرەنج بـدەن، ئـەی خـاوەن عەقڵـە ساغەکان‌و، خۆ دوور بگرن لـەوە، نـەبادا، بـەهۆی ئـەوەی ئـەوان کردیـان، ئێـوەش بـچن کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدەن، تا تووشی ئـەو ئاینـدە ڕەشـە بـبن، کـە ئـەوان تووشـی بوون، چونکە بێگومان نەریت‌و سوننەتی پەروەردگار یەك ڕەهەندی هەیەو بەسـەر گـشت لایەکدا بەیەك شێوە دەچەسپێت‌و، هەرشتیٚ هات بەسەر شتێکدا، ئەوا بەسەر هاوشێوەی ئەو شتەشیدا هەردێت‌و، ئەمەیش مانـای پـڕاو پـڕی قیاسـەو، ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە (الأعتبار: پەند وەرگرتن)، واتە: گواستنەوە لەسەر شتێکەوە بۆ سەر شتێکی تر، چونکە (الأعتبار) لە (عبور: گواستنەوەو تێپەڕ بوون) وەرگیراوە وەك دەگوترێت، (عبرت النهر) واتە تێپەڕم کرد، لە ڕوبارەکەو لێی دوورکەوتمەوەو، ئاراستەکەیم ڕووەو ئاراستەیەکی تر بەجێهێـشت‌و، قیاسـیش بریتییـە لـە گواسـتنەوەی حوکمەکـە لـە شـتە قیـاس لەسـەر کراوەکەوە، بۆ شتە قیاس پێکراوەکە، واتە دووەمینکەو، لەبەر ئەوەی کە (الأعتبـار) بـە دەقی ئەو ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە فەرمانی پیٚ کراوەو، قیاسیش تاکێکـە لـە تاکەکـەنی (إعتبار)بۆیە، قیاسـیش هـەروەك ئـەو فـەرمانی پێکـراوەو، بێگومـان فـەرمان پێکـراویش واجبـەو، شـتی واجبـیش شـەرعییەو حـەرام نییـە کەواتـە دواجـار قیـاس بەڵـگەیەکی شەرعییەو، بڕواپێکـراوەو، کـارکردن بەدەرهاویـشتەکانی‌و داواکـانی پێویـستیەو، نابێـت بگوترێـت، کـە ئـەم پڕۆسـەی بـە بەڵگـەکردنی کـە باسمـان کـرد وانییـەو، نـەپێکاوەو وەرنەگیراوە چـونکە (إعتبـار) بـەمانای پەنـد وەرگـرتن هـاتووە، نابێـت ئەمـە بگوترێـت، چـونکە مانـاکردنی (إعتبـار) بـە (پەنـد وەرگـرتن)ئـەو بـە بەڵگـە کردنـەی سـەرەوەی ئایەتەکەمان لە دەست نادات، چونکە (پەند وەرگرتن) کاتێك دەبێت کـە ئـەو شـتەی کـە هاوشێوەی شتەکەی ترە، حوکمی هەمان شـتە هاوشـێوەکەی وەرگرتبێـت، وەك ئـەوەی کە چۆن بگوترێت، کە فلاّنە کەس لە کارەکەی دەرکراوە، چونکە ناپـاکی کـردووە، دەی پەند وەربگرن ئەی فەرمانبەران، یاخود فلاّن قوتابی، لەبەر تەمبەلچی دەرنەچووە، دەی کەواتە ئەی قوتابییـەکان پەنـد وەربگـرن، ئـەم قـسانە مانایـان نییـە ئەگـەر ئـەو مانایـە نەخرێتە سەر ئەو ڕەهەندیەوە، کە هەر فەرمانبەرێك ناپاکی بکـات وەك ئـەو فەرمانبـەرە

دەردەکرێـت لەکارەکـەی‌و، هــەروەها هــەر قوتابییــەك تەمبــەڵی بکـات لــە وانەکانیـدا دەکەوێت.

دووەم: لە فەرموودە ناسراوەکەی (موعان)دا، هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێـك وەك دادوەر ناردی بۆ وڵاتی یەمـەن‌و، پرسـیاری لێکـرد، بەچـی قـەزاوەتی خـەڵکی دەکـەیت‌و بڕیاریان بۆ دەر دەکەیت؟ موعاز (خوا لێی ڕازی بێـت) لـە وەلامـدا گـوتی: بـە قورئـان‌و، پاشان بە سونەت‌و، پاشان بە ئیجتیهاد، جا پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـەر ئـەم ڕێزبەندییـەی ڕازی بووو، پەسەندی کـردو، قیاسـیش هـەر جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی ئیجتیهـاد بـەڕەئی، کەواتە شەرعییەو، بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی ئەحکام.

– سێیەم:– لـە سـوننەتی پێغەمبـەردا (ﷺ) شـوێنەواری زۆر هـەن کـە بەلـچگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بێداری داوە لەسەر قیـاس‌و، دەلالـەتی هـەن، لەسـەر ئەوەی کە دروستەو دەکرێت قیاس بۆ هەڵێنجانی ئەحکام بەکار بهێنرێـت، نموونـەی لـەم جۆرەیش وەك ئەوەی کە گێڕدراوەتەوە کە پێشەوا عومـەری کـوڕی خـەطـاب (خـوا لێـی ڕازی بێت) هات بـۆ لای پێغەمبـەر (ﷺ)و، گـوتی ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەمڕۆ کـارێکی زۆر گـەورەی ناپەسـندم ئـەنجام داوەو، بـەزمانی بـەڕۆژووەوە ماچـی ژنەکـەم کردووە جا پێغەمبەریش (ﷺ) لـە وەڵامیـدا فـەرمووی: ئایـا ئەگـەر بـەزمانی ڕۆژوو ئـاو لەدەمت ڕابـدەیت، ڕۆژووت دەشـکێت؟ ئـەویش گـوتی: نـەخێر جـا پێغەمبـەریش (ﷺ) فەرمووی: جا ئیتر چی؟! کەواتە ئەم کارەیش هەروایەو، ڕۆژووەکەت بەتاڵ ناکاتـەوە[1]و لێرەدا پێغەمبەریش (ﷺ) قیاسی ماچی کرد، لەسەر ئاو لە دەم دان‌و حوکمی نەشکانی ڕۆژووی لە یەکەمدا، چەسپاند بەسەر دووەمیندا.

هەروەها لە (ئیبن عەبباسەوە)، (خوا لێـی ڕازی بێـت)، گێڕدراوەتــەوە کـە ئـافرەتێکی هۆزی (خثم)، هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تا بڕیارێکی بـۆ بـداتو، بـە پێغەمبـەری (ﷺ) گوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم پیرو ئوفتادەیەو، ناتوانێت لەسـەر وڵاخ

---

1 تيسير الوصول، ب۲، ل۲۲۷.

خۆی بگرێت، لەم حاڵەتەدا، فەرزی پەروەردگار لەسەر بەندەکانی خۆی، واتە حەج، لەسەری فەرز بووە، ئایا من دەتوانم لە جیاتی ئەو حەج بکەم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵامدا ، فەرمووی: بەڵێ.

پاشان لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە، کە کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: دایکم نەزری کرد، کە حەج بکات، دواتر فریا نەکەوت و کۆچی دوایی کرد، ئایا من لەجیاتی ئەودا حەج بکەم؟ جا پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: ئەرێ ! ئەگەر قەرزێکی لەسەر بێت، نابێت تۆ بیدەیتەوە؟! گوتی: بەڵێ، دەی قەرزی خوای گەورە لەپێشترە، کە بۆی بدەیتەوە[1].

هەروەها لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە، کە کابرایەکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و گوتی:-

ژنەکەم منداڵێکی ڕەشی بووەو، بەهی خۆمی نازانم! جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: حوشترت هەیە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: چ ڕەنگێکن؟ گوتی سورە حوشترن، گوتی: ئەی ڕەنگی خاکییان تیادایە؟ گوتی بەڵێ، جاپێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جا بەڕای تۆ ئەم وشترە ڕەنگ خاکییانە لەکوێوە هاتوون؟کابرا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا کێ دەڵێ لە ڕەچەڵەکەوە نەیانهێناوەتەوە، واتە لە ڕەچەڵچەکدا ئەو ڕەنگەیان هەبوو بێت و، دواتر لەوەچەدا ڕەنگی دابێتەوە[2]، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی ئەمیش کێ دەڵێ لە ڕەچەڵەکەوە نەیهێناوەتەوەو، تەواو، چ لە دایکەوە بێت، یان لە باوکەوەو، دواجار ئەم منداڵە ڕەشە لە جینەکانی ڕشەچەڵەك کاری گەری وەرگرتبێت و، ڕەش دەرچووبێت.

- چوارەم:- بێگومان هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) لە پێشمان و ڕووداوەکاندا ئیجتیهادیان کردووەو، هەندێ ئحکامیان قیاس کردووە، لەسەر هەندێکی تر، دوو

---

1 تیسر الوصول، ب١، ل٣٢.

2 إعلام الموقیعین، ب١، ل ١٣٧.

هاوشێوەکە هەبوون، حکمی یەکێکیانیان گواستۆتەوە بۆ سەر ئەوەی تریان‌و، یەکەمیان کردۆتە ڕوانگە، تا دووەم پەندی لێ وەربگرێت، لەوانە، ئەو فەرمایشتەی ئیبن عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) کە بیستی پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە، لە فرۆشتنی خۆراك، پێش وەرگرتنی‌و گەیشتە دەستی فرۆشیار، جا فەرمووی: هەموو شتێ وەك خۆراك ئەژمار دەکەم‌و، مامەڵە کردنی لەپێش گەیشتنە دەستی کالاکە نازانم.

پرسی (عول) واتە: زیادکردنی ژمارەی بەشی بەشە میراتەکان‌و کەم بوونەوەی ئەندازەی بەشی میرات بەرەکان، بە مانایەکی تر زیاد کردنی ئەسڵی مەسئەلە، کە ئەم زیاد کردنە لە ئەنجامی زۆری ژمارە بەشی خاوەن بەشەکانەوە پەیدا دەبێت‌و، کە ئەم پرۆسەیە بە قیاس کردن کراوە، لەسەر ئەو پرسەی قەرز، کە ئەگەر خاوەن قەرزەکان قەرزەکەیان لەسەر کابرای قەرزار لەو ڕێژەیە زیاتر بوو، کە کابرای قەرزار لە دوای بەجێماوەو هەیەتی، ئەوا لەبەشی سەرجەم خاوەن قەرزەکان کەم دەکرێتەوە تا بەشی هەموویان بکات، کە ئەم دوو پرۆسەی (عول)و (قەرز)ە، لەسەر یەکتری قیاس کراون‌و، هەروەها ئیبن عەبباس، (خوا لێی ڕازی بێت)، باپیری لە مەسەلەی حەجب کردنی براکاندا قیاس کردووە لەسەر کوڕەزاو، گوتویەتی: ئایا زەیدی کوڕی ثابت لە خوا ناترسێت؟! کە کوڕەزای بە کوڕ ئەژمار کردووەو، کەچی باپیری بە باوك ئەژمار نەکردووە[1]؟!!

و لە نامەکەی پێشەوا عومەری کوڕی خەطابدا، ئەبوو موسای ئەشعەری (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە، کە نووسیویەتی((..... لەو پرسانەیدا کە دەهێنرێتە یەت، تێگەیشتنی خۆت بەکار بهێنە، لەو شتانەیدا کە قورئان‌و فەرموودە لەسەری هیچ حوکمێکیان نەدرکاندووەو، دوای ئەم حاڵەتە شتەکان لەسەر یەکتری قیاس بکەو، هاو وێنەکانیان بناسەو بزانەو، دواتر ئەوەی کە لەلای خودا خۆشەویسترەو، لە هەقەوە نزیکەترە، ئەوەیان جێ بەجێ بکە[2].

---

1 إعلام الموقعين، ب١، ل ١٨٢، دواتر.

2 سەیری تەواوی نامەکە بکە، لە کتێبی (إعلام الموقعين)، ب١، ل٧٧و دواتریش.

ئەم هەواڵ گەلەو، هاو وێنەکانیان بەڵگەن لەسەر کارکردن بە قیاس بە پێی ئەوەی کەس نکۆڵی لێوە بکاتو، ئەمەیش مانای موتەواتیر بوونی مەعنەوی لێ دەفامرێتەوە، کە بەڵگەیە لەسەر کارکردن بە قیاس.

پێنجەم:- ئامانجی لە دانانی ئەحکامە شەرعییەکانو بەشەرع کردنیاندا بریتییە لە بەجێهێنانی بەرژەوەندی مرۆڤەکانو، هەر ئەمەیشە کە ئەو حیکمەتە کە مەبست بووە، لە شەرعداناندناو، لە نموونەی ئەو شتانەی کە لەگەڵ ئەم ئامانجەدا کۆکن، هەموویان سەلمێنەری دروستی کارکردنن بەقیاس، چونکە قیاس تەنیا بریتییە لە گواستنەوەی هەر حوکمێك کە لە پێشهاتێکی دیاریکراودا هاتووە، بۆ پێشهات گەلێکی هاو بەشو وەك ئەو کەلە عیللەتدا وەك یەکو هاوبەشبنو، ئەم پرۆسەیەش دادو حیکمەتی پەروەردگار خوازیاریەتیو لە گەڵیدا کۆکنو، میتۆدی شەریعەتیش، لە بەشەرع کردنی ئەحکامەکاندا هاورایە لەسەری، چونکە ڕەوشی شەرع وانییە، کە شتێ حەرام بکاتو، کەچی هاو وێنەکەی بە حەڵاڵ بزانێت، یاخود شتێ حەڵاڵ بکاتو، هاو وێنەکەی بە حەرام بزانێت.

شەشەم: دەقەکانی قورئانو سوننەت بەڕەهایی سنوردارو کۆتایی دارن، بەڵام پێشهاتەکانی خەڵکی بێ کۆتایینو بێ سنورنو، بۆیە ناکرێت، کە شتێ بێ کۆتایی، بە شتێکی کۆتایی دارو سنوردار دەورە بدرێت،و دەبێت ڕەچاوی عیللەتەکانو ئەو مانایانە بکرێت، کە دەقەکان لە خۆیان گرتووت، یان ئاماژەیان پێ کردوون یاخود دەگونجێت کە ئەو مانایە لەو دەقانەوە دەربهێنرێنو، دواتر ئەو حوکمەی لەسەر هاتووە، جێ بەجێ بکرێتو، کە ئەم میتۆدە پراکتیزە کرا، ئیتر شەریعەت سەبارت بە هیچ پێشهاتو ڕووداوێکی نوێ کە پێشتر ڕووی نەدابێتو، دەقی لەسەر نەهاتبێت، بێ وەڵامو هەگبە خاڵی نابێتو، تەنگی پێ هەڵناچنرێتو، چارەسەری سەرجەم گرفتو قەیرانەکان لەهەر سەردەمێکدا بێت، دەکات.

٢٠٤- بەڵگەی ئەو گروپانەی کار بەقیاس ناکەن:

ئەوانەی پێچەوانەی کارکردنن، بە قیاس، کۆمەڵێك بەڵگەیان هەن کە بەپوختی، گرنکترین بەڵگەکانیان دەخەینەڕوو:-

- یەکەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾[1] واتە: ئەی باوەڕداران، دەست درێژی بەسەر فەرمایشتی خوداو پێغەمبەردا (ﷺ) مەکەن، ئەوانەی کار بەقیاس دەکەنو، بانگەشەی بۆ دەکەن، پێچەوانەی ماناو دەلالەتی ئەم ئایەتەن، چونکە قیاس دەست پێشخەرییە بەسەر خوداو پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، کە قسە کردنو حوکمدانە لەسەر پێشهاتێك کە دەقی قورئانو سوننەتی لەسەر نەهاتووە هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌ﴾[2] مەکەونە شوێن کارێ کە زانستت پێ نییەو، پەیرەوی لێوە مەکەنو، قیاسیش شتێکی پڕ لە گومانە، (ظني)یەو، تەمومژاوییە، بۆیە کارکردن پێی کارکردنێکی بێ زانستەو، سەر بەو گومانەیە، لە پاشخانی هەقو ڕاستی زیاد ناکات کە ئەو پاشخانەی هەقیقەتەیش ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ﴾[3] واتە: قورئانمان ناردۆتە سەرت کە ڕوونکردنەوەو ڕاڤیاری هەموو شتێکە، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا ڕوونکردنەوە لەسەر هەموو حوکمێك هەیە، ئیتر پێویست بە قیاسکردن ناکات، چونکە ئەگەر قیاسێك لەسەر کارێك کرابێت کە لە قورئاندا هەبێت، ئیتر قورئان بەسەرو، یەکلاکەرەوەیەو، ئەگەر قیاس لەسەر شتێکی پێچەوانەی قورئان کرابێت، ئەو بەر پەرچدانەوەیەو وەرنەگیراوە.

---

1 سورة (الحجرات/ ١).

2 سورة (الأسراء/ ٣٦).

3 سورة (النحل/ ٨٩).

- دووەم: شوێنەواری زۆر لە هاوەڵانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە، کە سەرزەنەشتی (ڕەئی) یان کردووەو، نکۆڵییان لە کار پێکردنی کردووە، لە وانەیش فەرمایشتی پێشەوا عومەر، کە فەرموویەتی: (دەخیاتان بم، لەکەسانی ڕەئی واتە، لێیان دوور بکەوەنەوە چونکە ئەو خاوەن ڕایانە دوژمنی سوننەتن، چونکە توانای لەبەر کردنی فەرموودەیان نییە بۆیە ڕای خۆیان دەر دەبڕن، ئەوانە گومڕانو خەڵکیش گومڕادەکەن)و، هەروەها فەرموویەتی: (دەخیلتان بە، دووربن لە (المكالية) یانی چی، ئەی پێشەوا؟! فەرمووی (المكالية) واتە: (مقياسة) قیاس کردنو، پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو طالیب (خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت: ئەگەر ئایین لە ڕەئیو عەقڵ وەربگیرایەت، ئەوە ناوەوەی گوێرەویو خوفەکان لە مەسحکردندا لە ڕووی دەرەوەی لە پێشتر بوو، ئەم شوێنەوارانەیش بەڵگەن لەسەر سەرزەنشتکردنیو، بە بەڵگە ئەژمار ناکرێتو، بۆیە دواجار کاری پێ نارکرێت.

- سێیەم: قیاس دەبێتە هۆی ڕاجیاییو گرفت لە نێوان گەلدا، چونکە لەسەر فەرمانگەلێکی گومانای بنیات نراوە، کە عیللەتی ئەسڵەکان دەردەهێنێتو، بەسەر فەرعەکاندا جێ بەجێ دەکاتو، ڕوانەگەکانیشی بۆ ئەم کارانە جیاوازن، بۆیە ئەحکامەکانیش کە دەرهاویشتەی ئەو ڕوانگانەن، ئەوانیش جیاواز دەردەچنو، دواجار لەسەر تەنها پێشهاتێك چەندەها ئەحکامی جۆراو جۆر بەرپا دەکرێتو، بەمەیش گەلی ڕاجیایی تێ دەکەوێتو، جیاوازیو ڕاجیایش کارێکی سەرزەنشت کراوو سوپاس نەکراوەو، قیاسیش کە هۆکارێکە بۆ ڕاپێچکردن بەرەو جیاوازیو ڕاجیایی بۆیە ئەویش هەر سەرزەنشتکراوە.

- چوارەم: ئەحکامەکانی شەرع لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان دووشتی هاو وێنەدا یاخود جیاواز بوون، لە نێوان دووشتی دژ بەیەکدا، بنیات نەنراوە، هەر بۆیە لە شەرعدا حوکم گەلێکی جیاواز دەبینین، بۆ فەرمانگەلێکی هاو شێوەو، یاخود ئەحکامی هاوشێوە بەدی دەکەین، بۆ فەرمانگەلێکی جیاواز لە یەکتری، نموونە بۆیەکەمیان وەك، لادانی نوێژو ڕۆژوو لەسەر ئافرەتی بێ نوێژ، لە کاتی بێ نوێژییەکەیداو دواتر لەسەری

دانراوه، كه ڕۆژوەكه بگرێتەوه، بەڵام قەزاكردنەوەى نوێژەكانى لەسەر نییە، لەدواى پاكبوونەوەى‌و هەروەها پێویستى بڕینى دەستى دز، بەڵام بڕیار دراوه بە نەبڕینى دەستى كەسێك، كە بە ئاشكرا شتێ لە كەسێك بەزۆر دەسێنێت‌و دەیبات‌و، هیچ جیاوازیش لە نێوان ئەم دوانەدا نییەو، هەروەها نوونەى تر وەك، دانانى شەلاقدان لەسەر كەسێ بوختان بكات، بۆیە كەسێكى تر كه گوایا داوێن پیسى كردووه، بەڵام بوختانكار بەوەى كه كوفرى كردووه، شەلاقدانى لەسەر نییە، هەر چەنده كوفر زۆر ناشرینترو خراپتره لە داوێن پیسى.

نموونه بۆ دووەمیشیان، وەك خۆڵ وەك ئاو بەپاك كەرەوه دانراوەو، كەچى شتى لەیەكترى جیاوازیشن.

جا كه شەریعەت ڕەچاوى هاو شێوەى نەكرد، لە نێوان شتەكانداو، لە كاتى بەشەرع كردنى ئەحكامەكاندا ئیتر قیاس نابێتە بەڵگە، چونكه قیاس پشت بە یەكسانى‌و هاوشێوە بوون دەبەستێت‌و، هەروەك باسیش كرا، شەریعەت حساب بۆ ئەم دووانه ناكات.

٢٠٥- قسەى لە پێشتر (الراجح) لەم بارەیەوه:-

لە ڕاستیدا، مەبەستى ئەوانەى كه قیاس بەفەرمى ناناسێنن‌و، بە بەڵگەى ناهێننە ئەژمار، ئەوەیه كه دەیانەوێت وابەستەى دەقەكان بن‌و، شەریعەت بپارێزن لە شڵەقان‌و تێكچچن‌و، بەڕێ كردنى كارو بارى بە پێى داواكردنى ئارەزووەكان‌و، كۆمەڵە بەڵگەیەكشییان دەست كەوتووه، كه پاڵپشتى لەو ڕایه دەكەن، كه بەلایدا چوون‌و، هەروەها ئەوانەیش كه قیاس بە بەڵگە دەزانن، مەبەستیان لەم كارەیان ئەوە نییە، كه پێچەوانەى دەقەكان ببنەوه، یان لە بەرامبەریان‌و بەسەر ئەواندا بڕیارى تربدەن‌و، یاخود دووربكەونەوه لێیان‌و، بەشپرزەیى ڕوو لە ئەحكامەكانى شەریعەت بكەن‌و، بێ ئامانج سەیریان بكەن‌و، لایەنى ئارەزووى خۆیان زاڵ بكەن، بەسەر لایەنى ئەحكامه شەرعییەكانداو، بینیمان كه مەرج گەلێكیان دانان، بۆ دروستى قیاس، تا نەكەونه ناو شتى نادروستەوه، جا بەڕاستى هەردوو گروپەكه لە هەوڵەكانى خۆیداو، لە نیازپاكیدا

پێکاویەتی بەڵام سەرەڕای ئەمەیش، دەبێت ئەوەی کە لە پێشترەو (راجح)ە لە ڕای ئەم دووگروپە، بیخەینەڕوو.

لە کاتی تێڕامان لە بەڵگەکانی هەردوو گروپەکەو، لەکاتی سەرەنجدان لە بنەمای ئەحکامە شەرعییەکانو ئامانجی شەرعدانان، لە ڕوانگەی سەراپای هەموو ئەمانوە، سەرمان لەوەوە دەردەچێت کە قیاس بەڵگەیەو، ڕای ئەو گروپە لە پێشترەو، (راجح)ـە، کە وەك بەڵگەیەکی شەرعی تەماشای دەکەن.

درێژە باسی ئەم پرسەیش ئەوەیە کە، سەرجەم ئەحکامەکانی شەریعەت خاوەنی عیللەتی تایبەتی خۆیانن، واتە ئەو ئەحکامانە لەسەر عیللەتو وەصف گەلێك بنیات نراوە، کە ئەو ئەحکامانە ئەو عیللەتو وەصفانە دەخوازن، ئیتر ئەحکامی پەرستن بن، یان مامەڵەکردن، چونیەکە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەحکامەکانی پەرستن، بۆ ئێمە داپۆشراونو، ڕێگامان نییە، کە بە درێژی پەی ببەین پێیان، هەر چەندە کە دڵمان یەکلاییە، لەسەر ئەوەی کە ئەو عیللەتانە لەو ئەحکامانەی پەرستندا هەنو، ئەحکامە دیاریکراوەکانیش خۆیان خوازیاری ئەو عیللەتانەن لە ئەحکامەکانی پەرستندا، واتە: هەر دەبێت هەبنو بوونیان هەبێت.

بەلام لە ئەحکامەکانی مامەڵەکردندا دەکرێت هەست بکەینو پەی بەین بە عیللەتەکانو، کە توانرا هەست بکەین، بە عیللەتەکان بە ڕێگایەکی دروستی وەرگیراو، ئیتر دەکرێت، ئەحکامەکانی ئەو عیللەتانە بەسەر سەرجەم ئەو پێشهاتانەدا گشتاندنی بۆ بکرێت، کە ئەو عیللەتەیان هەیە، ئەمەیش بەپێی ئەو ڕەوشە دەکرێتو، ئەنجام دەدرێت، کە لەپشت میتۆدی شەریعەتەوەی، بۆیە شەرع کردنی ئەحکامەکانو، هەروەها کارکردن بەپێی ئەو لێکچوونو وەك یەك بوونەی کە قورئانی پیرۆز لە زۆر لە دەقەکانیدا دەلالەتی لەسەر دەکات، چونکە قیاسکردن لەسەر بنەمای ئەو بەرپاکراوە، کە ئەحکامەکانی شەریعەت خاوەنی عیللەتی خۆیانو بێ عیللەت نینو، دواجار یەکسان کردنی دووشتی وەك یەكو لێکچووو، جیاکردنەوەی دووشتی لە یەکتری جیاواز، کارێکی دروستەو، هیچ تەنگییەکی تیادانییەو، ئیعتیباری خۆیی هەیەو، سروشتی مرۆڤیش خودا

لەسەر ئەو جیاکردنەوەیە دروستی کردووەو، دەقێکی زۆری قورئان هەن، کە ئاماژە بەمە دەکەن، لەو بەڵگانەیش کە ئەو گروپەی قیاس بە بەڵگە دەزانن، هێناویانەتەوە، وەك ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ﴾[1] کە پێشتر مانامان کردو، نموونەی ئەمەیش زۆرە، وەك ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار کە دەفەرموێت: ﴿أَكُفَّارُكُمۡ خَيۡرٞ مِّنۡ أُوْلَٰٓئِكُمۡ أَمۡ لَكُم بَرَآءَةٞ فِي ٱلزُّبُرِ ﴿٤٣﴾﴾[2] واتە: ئایا بێ باوەڕەکانی ئێوە، ئەی عەرەبەکان! باشترین لە بێ باوەڕەکانی گەلی نوح و عادو سەمود؟! تاهیوای ڕزگار بوونیان ببی؟! یاخود بەرائەتتان بۆ هەیە، لە سزا، لە کتێبە ئاسمانییەکاندا، واتە، پسوڵەی ڕزگاربوونتان بۆ هاتووە؟ کە تووشتی ئەو بەلاایانە نەبن؟!

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۖ وَلِلۡكَٰفِرِينَ أَمۡثَٰلُهَا ﴿١٠﴾﴾[3] واتە: ئایا ئەو بێ باوەڕانە بەڕووی زەویدا نەچوون؟ تاسەیر بکەن، چۆن بووە، پاشە ڕۆژی ئەوانەی پێشیان؟! هەرچییەکیان هەبوو، خودا لەناوی بردو ناوچەو وڵاتی وێران کردن و تاقی ماڵ و منداڵی نەهێشتن و، بۆ هەموو بێ باوەڕەکانیش وێنەو ئەمثالی ئەو دوا ڕۆژە هەیە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾[4] هەر ئا بەو شێوازەیش سزای تاوانباران دەدەین، جا دوای ئەوەی کە خوای پەروەردگار باسی ئەو بەڵا سەختانەو ئەو سزا ئازاراوییانەی بۆ گێڕاینەوە، کە یەخەی گەلی عادیان گرتو بەسەر یاندا هات، ئەم ئایەتانەو هاو وێنەکانیان دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، کە

---

1 سورة (الحشر/ ٢).

2 سورة (القمر/ ٤٣).

3 سورة (محمد/ ١٠).

4 سورة (الأعراف/ ٤٠).

حوكمی هەرشتێ بەسەر هاو وێنەكەیشیدا هەمان حوكم دەچەسپێت‌و، ئەمەیش سوننەت‌و ڕەوشی خوای پەروەردگارە لە بوونەوەرداو، ئەگەر بەم شێوازە نەبوایەت، ئەوا لە دەستەواژەی ئایەتەكاندا هیچ مانایەك بەدی نەدەكراو، هیچ دەلالەت‌و پەندێكیان لەخۆ نەدەگرت‌و، نەدەكرا بەڵگەیش‌و، هەروەها ئەو دەقە قورئانییانە ئەوەیان ڕوون كردۆتەوە، كە حوكمی خودایە یەكسانی لە نێوان دووشتی جیاوازدا ناچەسپێنێت‌و، هەر كەس بە دروستی بزانێت‌و، كە خودا لە نێوان دووشتی جیاوازدا، یەك جۆر حوكمی چەسپاندووە، ئەوە ئەو كەسە شتێكی داوەتە پاڵ خوای پەروەردگارە كە شایستەی خودا نییە، ئیتر زانیبێتی بەم نالایەقیەو تایبەتی كردبێتی، یان نەیزانیبێت‌و، لە خۆوە كردبێتی، هەر چونیەكە، كە، جا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾﴾[1] واتە: ئایا موسڵمانان وەك تاوانباران لێ دەكەین؟ چیتانە حوكم‌و بڕیاری وا دەدەن؟ چونكە هیچ كاتێك نابێت، چاكە كارو خراپە كار چونیەك مامەڵەیان لە گەڵدا بكرێت، هەروەها قورئان دەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾﴾[2] واتە: ئاخو ئەوانەی بڕوایان نییەو گوناح‌و تاوانیش دەكەن، پێیان وایە، كە وەك ئەوانەیان دادەنێین بڕوایان هێناوەو كارە چاكەكانیان ئەنجامداوە؟ هەرگیز شتی وا نابێت، ئینجا پێیان وایە، كە ژیان‌و مردنیان یەكسانە؟ واتە پێیان وایە وەك یەك دەژین‌و دەمرن؟! بەڕستی خراپە ئەو دادوەرییەی دەیكەین! ئەگەر پێیان وابێت كە هەردوولا یەكسان دەبن.

---

1 سورة (القلم/ ٣٥-٣٦).

2 سورة (الجاثية/ ٢١).

و هـــەروەها پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾﴾[1] واتـە: ئایـا دەكرێـت ئەوانـەی كـە باوەڕیان هێناوەو كارە چـاكەكانیان كـردووە، وەكـو بـەدكارانو ئـاژاوەگێڕان لـە زەویـدا دابنێینو وەك یەك حسابیان بۆ بكەین؟! یاخود دەبێـت خـەڵكانی پارێزكـار، لـە گونـاحو تاوان، وەكو خەڵكانی خراپەكار دابنێین؟!

كەواتە: قورئانی پیرۆز شایەتە لەسەر دروستی یاسای یەكسان كردنی نێـوان دووشـتی لێكـچووو، جیاكردنـەوەی نێـوان دووشـتی لەیـەكتری جیـاواز،و قیاسـیش هـەر ئەمەیـەو پركتیـزە كردنێـەتی بەسـەر ئـەو پێـشهاتانەیدا، كـە دەق نـەهاتووە، لەسـەر چۆنییەتی حوكمەكەیان، بەلكاندنیان بەو حوكمانەوە كە دەقیان لەسەر هاتووە، بەهۆی ئەوەوە كـە ئەو دوو پێشهاتە هاو وێنەنو، یەكـسانن لـەو عیللەتەیـدا، كـە حوكمەكـە داوای دەیكـات، بۆیە دواجار یەك حوكمیشیان دەبێت.

بەڵام ئەوەی كە نكوڵی كارانی قیاس بە بەڵگەی دەكەن، ئەوە هـیچ بنەمایـەكی بەڵگـە ئامێزی نییەو، دەلالەت ناكات، لەسەر بانگەشەكانیان، چونكە قیاس بۆ شـتێكە كـە دەق لەسەری نەبێت، لەو پرسەداو، ئەمەیش پێـچەوانەی ئـەم ئایەتـە نییـە، كـە دەفـەرموێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ﴾[2] و هەروەها دژی ئەم ئایەتەیش نییـە، كـە دەفـەرموێت: ﴿وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا﴾[3] كـە سـەرجەمی ئـەم ئایەتـە پیرۆزانـەمان مانـاكردن، هەروەها لەبەر ئەوەیـە كـە قورئـان ڕوونكـەرەوەی هـەموو شـتێكە، واتـە لـەڕووی لـەفزو مانایشەوە حوكمەكان ڕوون دەكاتەوەو، مانای ئـەوە نییـە، كـە سـەرجەمی حوكمـەكان،

---

1 سورة (ص/ ٢٨).

2 سورة (الأسراء/ ٣٦).

3 سورة (النجم/ ٢٨).

دەقی ڕاشکاویان لەسەر بێتو قیاسیش پەیوەندی بەدەلالـەتی قورئانـەوە هەیـە، لەسـەر مانای ئەحکامەکان، بۆیە ناتوانین دەسبەرداری قیاس ببین.

ئینجا سەبارەت بەو شـوێنەوارانەی کـە لـە هاوەڵانـەوە (خـوا لێیـان ڕای بێـت) پێمـان گەیشتووە، کە سەرزەنشتی ڕاو پیاس کردن دەکـەن، ئەمـە مەبەسـت پێـی ڕای خـراپو، قیاسی خراپەو، ئێمە ملکەچی ئـەوەین کـە لـە قیاسیـشدا، هەیـە چاکەو هەیـە خراپـەو، قیاسی خراپ ئەوەیە کە ئەو پایەو مرجانەی کە باسمان کردن، تیایدا هاتونەتەدی.

ئینجا قیاسی خراپ ئەوەیـە کـە، پێـچەوانەی ئەمـە بێـت، وەك قیاسـی ئـەو بـەتاڵکارو هـەرزە گۆیانـەی کـە دەڵـێن: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْ﴾[1] لـە کاتێکدا کـە هەقیقـەتی مامەڵە کردن جیاوازەو دژە لەگـەڵ حەقیقـەتی سـووخۆریداو، هـەروەها وەك ئـەوەی کـە خودای پەروەردگار لەسەر زمانی براکانی (سیدنا یوسـف) سـلاوی خـودای لەسـەر بێـت، بۆمان دەگێڕێتـەوە، کـە دەفـەرموێت ﴿إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُ﴾[2] واتـە: ئەگەر بنیامینی برای یوسف دزی بکات جێی سەر سوڕمان نییە، چونکە یوسـفی برایـشی پێشتر دزی کـردووەو، هـەروەها وەك قیاسـی بـەتاڵی شـەیتان، کـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە قیاسی کردووە کە ئاگر بەڕێزترە لە قوڕو، لەبـەر ئـەوەی کـە لـە ئـاگر دروسـت کـراوە، ئەوە بە بانگەشەی شەیتان خۆی، بەڕێزترە لە ئـادەم کـە لـە قـوڕو گـڵ دروسـت کـراوە، بۆیە ئەو شیاوی کڕنوش بردنە، نـەوەك ئـادەم! جـا ئەمـە قیاسـێکی بەتاڵـە، یـاخود بـە بەڵگە کردنی قیاسێکی بەتاڵو بۆشو، پاشـان بـوونی قیاسـی خـراپ، ئەمـە لـە بەبەڵگـە بوونی قیاسی دروست کەم ناکاتەوە، چونکە ئێمە دەبینین تەنانەت شـت گـەلێکی تـەواو نادروست دەدرێتە پاڵ سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)و ئـەم دانـە پـاڵ خراپـەیش لـە واجبـی پەیڕەوی کردنی سوننـەتو ئەژمار کردنی وەك بەلـچگەیەکی شـەرعی کـەم ناکاتـەوە، جـا لەقیاسیشدا هەر بەم شێوازەیە، ئەگەر قیاسی خراپ بینرا، ئەمە مانـای ئـەوە نییـە، کـە

---

1 سورة (البقرة/ ٢٧٥).

2 سورة (يوسف/ ٧٧).

ئیتر دەبێت بە تەواوەتی دەست لە قیاس کردن هەڵگرین‌و بە بەڵگەیەکی شەرعی نەهێنینە ئەژمار.

ئینجا سەبارەت بەوەی کە گوتویانە قیاس، جێگای قوت بوونەوەی ڕاجیایی‌و گرژییە، ئەوە بەڕاستی ڕاجیایی لە هەڵێنجانی ئەحکام تەنانەت لە سوننەت‌و قورئانیشدا هەیەو، هەروەها ڕاجیایی لە مرەجەکانی دروستی سوننەت‌و دەلالەت کردنیان لەسەر ئەحکامەکان هەیەو، هەروەها رشاجیایی لە شێوازی تێگەیشتن هەندێ لە دەقەکانی قورئانیشدا هەیەو، کەسیش بەم هۆیەوەو بەهۆی ڕاجیایی بوونەوە بانگەشەی ئەوەی نەکردووە، کە ئیتر دەبێت واز لە سوننەت بهێنین‌و ئەحکامی لێوە دەنەهێنین! کرۆکی ئەم پرسە، ئەوەیە کە ڕاجیایی لە هەڵێنجانی ئەحکامی شەرعی کرداریدا شتێکی وەرگیراو دروستە، مادام ئەو ڕاجیاییانە لە تێڕوانینە جیاوازەکانی کاروبارە ئیجتیهادییەکاندا دروست بووەو، هیچ دەقێکی ڕاشکاوی یەکلایی (صریح قطعي)، نییە، سەبارەت بە حوکمی پرسێکی وادا، کە ڕاجیایی هەبێت‌و، شەرعزانان هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) تا ئێستا هەر ڕاجیاییان هەبووەو، تەنانەت بگرە نکوڵی کارانی قیاس، خۆیشیان ڕاجیایی لە نێوانیاندا هەیە، لە زۆر لەو ئەحکامانەیدا کە تەنانەت ئەگەر سەربەیەك مەزهەبی دیاریکراویش بن، جا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاجیایی بوون، شتێکی ئاسایی‌و بەڵگە نەویستەو، وەرگیراوە لەسەر جەم پرسە ئیجتیهادییەکانداو، ڕاجیایی هۆکار نییە، بۆ کارکردن یان کار نەکردن بەقیاس!

دواجار، ڕاجیایی سەرزەنشت کراو، ئەوەیە کە لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە بیرو باوەڕو بنەماکانی ئاییندا بێن، نەك لە پرسە لاوەکی‌و فەرعییەکانداو، هەروەها ڕاجیایی خراپ ئەوەیە کە لە ئەحکامە قطعی‌و ئیجماع لوسور کراوەکاندا بێت، نەك لە ئەحکامە تەمومژاوییەکاندا (الأحكام الظنية) ئینجا سەبارەت بەوەی کە هەندێ لە زانایان دەڵێن: شەریعەت هاتووە، شتە لێکچووەکانی جیاکردۆتەوەو شتە جیاوازەکانی یکسان کردووەو، ئەمەیش بنەڕەتی قیاس دەڕوخێنێ‌و ئیدی بەبەڵگە ئەژمار ناکرێت، بەڕاستی ئەمە قسەیەك نییە، بەڕەهایی پێکابێتی‌و، لە شارەزاییەکی ئەوتۆوەو، نەهاتووەو،

هەروەها لەسەر بنەمای ئەو زانیەوە نەگوتراوە، کە حیکمەتە درەوشاوەکانو نهێنیە فراوانەکانو بەرژەوەندیە حەقیقەتەکانی لەسەر بەر پاکراوەو، هەروەها ئەو گوتوویەتی سەرەوە ڕەچاوی ئەوەی تیادا نەکراوە، کە ئەحکامی شەریعەت لەسەر بنەمای مانادارىو عیللەتداری بەر پاکراونو، بنیات نراون، کە هەر ئەو ماناو عیللەتانەخوازیارو هۆکاری بەرپا بوونی ئەحکامەکاننو، هەروەها شەریعەت هەرگیز شتێکی نەدرکاندووە، کە پێچەوانەی ئەوە بێت، کە لەسروشتی زگماکىو دروستی مرۆڤدا هەیە، لە جیا کردنەوەی نێوان شتە جیاکانو یەکسان کردنی شتە هاو وێنەکانداو، ئەحکامی شەرعیی زۆریش هەن، کە دەلالەت لەسەر ئەم هەقیقەتە دەکەن.

بەلام ئەگەر شەریعەت، هەندێ لە جۆرەکانی حوکمی تایبەت کردو، جیایی کردەوە لە هاوشێوەکانی، هەر دەبێت ئەو جۆرە جیاکراوەیە وەصفێکی وای بۆ تایبەت کردبێتو دانابێت، کە پێویستی ئەو تایبەت کردنەی حوکمەکەی تیادا دەربخاتو، هەروەها هۆکاری نایەکسان کردنی لە گەڵ هاو شێوەکانیدا ئاشکرا بکاتو، جاری وا هەیە، کە هەندێ لە خەڵکی ئەو وەصفە تایبەت کراوە پێ دەزاننو، دەکرێت هەندێکی تر پێی نەزاننو، مەرجی قیاسی دروست ئەوە نییە، کە هەموو کەسێ ئەو صەحیح بوونەی پێ بزانێت، جا هەر کەس شتێکی لە شەریعەتدا بینی کە پێچەوانەی قیاسی صەحیح بوو، واتە ئەو قیاسەی کە شتە لێکچووەکان یەکسان دەکاتەوەو شتە جیاوازەکان جودا دەکاتەوە، ئەوە ئەو قیاسە، پێچەوانەی ئەو پێناسەی قیاسەیە کە ئەو کابرایە لە دەروونی خۆیدا نەخشاندوویەتىو پێچەوانەی ئەو قیاسە دروست نییە کە لەو جێگایەدا بوونی هەیە[1].

جا لە شەریعەتدا، حوکم گەلی لەو جۆرە بوونی نییە، کە پێچەوانەی یاساکانی لێکچوون بێت، بۆیە جیاکاری ئافرەتی بێ نوێژ لە دوای پاکبوونەوەی لە حوکمی

---

1 بڕوانە (رسالة القياس، لشيخ الأسلام إبن تيمية) في مجموعة رسائله الكبرى ل ٢٧١-٢٨١.

گرتنەوەی ڕۆژووە فەوتاوەکانیداو نەکردنەوەی نوێژەکانیدا لەسەر بنەمای ئەو ڕێسایە دامەزراوە، کە پێشتر ڕوونمان کردەوەو، چونکە کاتەکانی زۆر زۆرترن‌و شەرعیش سەختی لەسەرشان لاداوە.

هەروەها وەك واجبی شەلاقدانی کەسی بوختان کار، بەداوێن پیسی، نەوەك بوختانکار بەکوفر کردن، چونکە کەسی بوختانکار بە داوێن پیسی، هیچ ڕێگایەك لە بەردەم خەڵکیدا نییە، تا ڕووی کابرای بوختانکار ئاشکرا بکات‌و پێی بزانن، کە درۆی کردووە لەو بوختانەیدا، بۆیە شەلاقدانەکە، بە درۆخستنەوەیەتی‌و هێنانەوەی شەرەف‌و ناموسی بوختان بۆکراوەکەیەو، لادانی عەیبەیەلەسەری، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەت بێت، بەڵام کوفردانە پاڵ کەسێك‌و، بوختان بۆ کردنی، ئەمەیان بە بینینی کابرا لەلایەن موسڵمانانەوەو، لە ناو گروپی موسڵماناندا‌و، بەئاگاداری موسڵمانان لەسەری، ئەمانە بەسن بۆ بەدرۆ خستنەوەی بوختانەکەی‌و کابرای بوختان بۆ کراویش دەتوانێت کە وشەکانی باوەڕ بدرکێنێت‌و، ئیتر درۆی کابرای بوختانکار ئاشکرا بکات، بەلام بوختانکردن بە داوێن پیسی، دەبێت کابرای بوختان بۆکراو چی بکات؟ تا درۆی بوختانکاری پێ ئاشکرا بکات؟!

هەروەها پێویستی بڕینی دەستی دز، لەبەر ئەوەیە کە ئەم دزە هەتکی شوێنی، پارێزەرانی موڵکەکەی کردووەو، لەناو ماڵەکاندا تونێڵی لێداوە، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی‌و، کابرای خاوەن ماڵ ناتوانێت لەو ڕێ‌و شوێنە ئاسایشیانە زیاتر بگرێتەبەر بۆ پاراستنی موڵکەکەی، کەواتە پێچویستە ئەم بەڵایە لەناو خەڵکیدا ڕیشەکێش بکرێت‌و، سزای دەست بڕینی بە سەردا جێ بەجێ بکرێت، ئەمە بە پێچەوانەی کەسی (المنتهب) واتە: ئەو کەسەی کە شتێ بەئاشکراو بەزۆر دەبات، چونکە لە کاتی ئەو بردنەدا بەئاشکرا دەتوانرێت شوێن بکەوێت‌و، ماڵەکەی لێ بسێنرێتەوەو، هەروەها دەکرێت لەلای دادوەر شایەتی لەسەر بدرێت‌و مافەکەی لێ ببسەنرێتەوە، سەرەڕای ئەمەیش کەسی (المنتهب) بە ئەمێ کردن سزا دەدرێت‌و حوقیقەتی دزی کردن‌و حەقیقەتی (المنتهب) لەیەکتری جیاوازن، بۆیە لە حوکمیشدا هەر جیاوازن‌و هەروەها وەك ئەوەی کە خۆڵ

پاك‌و پاكەوەكەرەو لابەری پیسیە، لە كاتی نەبونی ئاوداو ئەمەیش حوكمە شەرعی لەسەرەو، ئەمە حوكمێكی پەرستشییە، هەر وەك گوتمان درێژەی عیللەتەكەی پێ نازانین.

بەكورتی‌و پوختی، بێگومان كە قیاسی دروست بەڵگەیەكە لە بەڵگەكانی ئەحكام‌و،جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن كە بەڵگەیەكی شەرعییەو، ئەمەیش ڕای لەپێشتر (الراجح) ی نێوان ئەو دوو ڕایەی ڕابردووەو، كار بەقیاس دەكرێت‌و، لە دوای قورئان‌و سوننەت‌و ئیجماع پەنا دەبردرێتە بەری.

«بەشی پێنجەم»

((بەڵگەی پێنجەم: ئیستیحسان))

الأستحسان، لە زمانی عەرەبیدا، بەمانای بەچاكو جوان زانینی شتیَ دیَتو، هەروەها بەكار دەهێنرێت، بۆیە ئەو شتەی كە حەزی مرۆڤ بۆی دەچێتو، پێی خۆشە بیكات، هەرچەندە لەلای خەڵكی تریش ناشرین بێت، لەلای زاراوەی زانایانی ئوصولی فیقە، پێناسەی زۆری لێوەكراوە[1]، لەو پێناسانە وەك ئەوەی كە پێشەوا بەزدەوی دەفەرموێت، ئیستیحسان، بریتییە لە لادانو ڕوو وەرگێڕان لە قیاسێكی پێویست بۆلای قیاسێكی لەو بەهێزتر، یاخود بریتییە لە تایبەتمەند كردنی قیاس بە بەڵگەیەكی بەهێزتر.

شەرعزانی مەزن (الحلواني الحنفي) دەڵێت: ئیستیحسان بریتییە لە وازهێنان لە كار كردن بەقیاس، بەهۆی بەڵگەیەكی بەهێزتر كە لە قورئان، یان سوننەت، یان ئیجماعدا هەبێت

هەروەها پێشەوا كەرخی حەنەفی لە پێناسەیدا فەرموویەتی: ئیستیحسان بریتییە لەوەی كە مرۆڤ بە شێوازێك كە لە هاو وێنەكانی پرسێكدا بڕیارو حوكمی داوە، كەچی بۆ خودی پرسەكە حومك كە نەدات، بەڵكو بە پێچەوانەی حوكمی ئەو هاوشێوانە، بۆ پرسەكە حوكم جێگیر بكات، ئەمەیش بەشت بەستن بە بەڵگەیەك، كە دەبێتە هۆی لادانو خوازیاری لادانە لە جێگیر كردنی ئەو حوكمە لەسەر یەكەمینەكە. پاشان (ئیبن عەرەبي مالكی) وای پێناسە كردووە، كە ئیستحسان، بەمانای لە پێشتر دانانی واز هێنانە لە دەرهاویشتەی بەڵگەیەك، لە ڕێگای هەڵاوێركردنو دەرفەتدان، بەهۆی بوونی بەڵگەیەكەوە كە لە گەڵ هەندیَ لە دەرهاویشتەكانی بەڵگەی یەكەمدا دژایەتی هەیە.

---

1 روضة الناظرو جنة المناظر، ب١، ل٤٠٧ء دواتريش، الأمدي ب٤، ل٢٠٩و دواتر، كشف السرار ب٤، ل١١٣٢، المسودة، ل٤٥٥.

پاشان هەندێ لە حەنبەلییەكان وایان پێناسە كردووە، كە ئیستحسان بریتییە لە خستنەوەلای حوكمی پرسێكە، لەناو هاوشێوەكانیدا بەهۆی بوونی بەڵگەیەكی شەرعی تایبەتەوە.

٢٠٧- لەسەراپای ئەم پێناسانەوە ئەوەمان دەست دەكەوێت كە مەبەست لە ئیستحسان بریتییە لە كاركردن بە قیاسێكی وردو شاراوە، لە بەرامبەر قیاسێكی دیارو ئاشكرادا، یاخود جیاكردنەوەی پرسێكی لاوەكییە لەناو یاسایەكی گشتیدا.

بەهۆی بوونی بەڵگەیەك كە دڵو دەروونی كابرای موجتەهید بەهۆیەوە ئۆقرەی گرتووەو، سەرەڕای ئەوەیش هۆكاری هێنانەدی ئەو هەڵاوێركردن یاخود لادانەیە.

جا ئەگەر پرسێك خرایە بەردەم موجتەهدێكو، دوو قیاس لەسەر ئەو پرسە كێشمە كێشمدا بوون، قیاسی یەكەمیان ئاشكرا بووو، داواكاری حوكمێكی دیاریكراو بوو، بەڵام قیاسی دووەمو، ووردو شاراوە بووو، داواكاری جۆرە حومكێكی تر بووو،و لە دڵو دەروونی كابرای موجتەهیدا بەڵگەیەك پەیدا بوو، كە داواكاری بە لە پێشتر دانانی قیاسی دووەم بوو، بەسەر قیاسی یەكەمدا، یاخود داواكاری لادان بوو، لە دەرهاویشتەی قیاسە ئاشكراكەوە، بۆلای دەرهاویشتەی قیاس نائاشكراكە، ئەوا لەم حاڵەتەدا، ئەم لادانە، یاخود ئەو بە لەپێشتر دانانە (الترجیح)، بە پرۆسەی ئیستیحسان ئەژمار كراوە[1].

جا ئەو بەڵگەیەی كە خوازیارو پاڵپشتی ئەم لادانەیە، بەڕووو ڕەهەندو پاڵپشتی ئیستیحسان ناوزەرد كراوەو، ئەو حوكمەی كە بەهۆی ئیستیحسانەوە دەچەسپێت، بەحوكمی بەچاك دانراو (مستحسن) یاخود حوكمی چەسپاوە بە پێەوانەی قیاسی ئاشكراوە ناونراوە.

هەروەها ئەگەر پرسێك خرایە بەردەم كەسی موجتەهید، كە ئەو پرسە لە ژێر بنەماو ڕێسایەكی گشتیدا جێگیر بوبووو، یاخود ئەسڵێكی گشتی زاڵ بوو، بەسەریداو، كابرای موجتەهید بەڵگەیەكی تایبەتی هەبوو، كە ئەو بەڵگەیەكی تایبەتی هەبوو، كە ئەو بەڵگە

1 حەنەفییەكان، دانانی قیاسی ئاشكرا لە بەرمبەر قیاسی نا ئاشكرادا بە قیاسە لە قیاسی ئاشكرا بەهێزترە، بۆیە كار كردن پێی جوانو چاكە بڕوانە (التوضیح) ب٢، ل٨٢، كشف الأسرار، ب٤، ل١١٢٣.

تایبەتە داواکاری هەڵاویرکردنی ئەو پرسە لاوەکییە بوو، لەناو ئەسڵە گشتییەکەدا یاخود داواکاری بەر کەنارکردنی ئەو پرسە بوو، لە حوکمە چەسپاوەکەدا بۆ هاو شێوەکانی، بە حوکمێکی تر بەهۆی بوونی ئەو بەڵگە تایبەتەوە، کە لە هزری موجتەهیدەکەدا هەیە، جا ئەم لادانە هەڵاویر ئامێزە (العدول الأستثنائي) یە بە (ئیستیحسان) ناو زەرد کراوەو، ئەو بەڵگەیەی کە خوازیاری ئەم پرۆسەیەیە، ئەو بەرەهەندو پاڵپشتی ئیستیحسان ناونراوەو، ئەو حوکمەی کە بەم هۆیەوە چەسپێنراوە.

بەحوکمی چاك کراو (مستحسن) ناو نراوە، واتە حوکم چەسپاوەکە پێچەوانەی قیاسەو، قیاس لێرەدا بریتییە لە ئەسڵە گشتییەکە، یاخود یاساو بنەما گشتییەکە.

٢٠٨- نموونەگەلێك لەم بارەیەوە:

یەکێك لە حوکمە چەسپاوەکانی مەزهەبی حەنەفی، بریتییە لە مافە سازش لەسەر کراوەکانی، وەك مافی ئاوی خواردنەوەو مافی ئاوەڕۆو مافی هاتوچۆ، بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەم مافانە ئەگەر لەدەقی گرێبەستی مامەڵەکەدا ناویان نەهێنرێت، ئەوا ناچنە چوار چێوەی مامەڵەکەوەو بە بەشێك لەمامەڵەکە ئەژمار ناکرێن، جا ئەگەر ئەو زەوییە وەقف بکرێت، بەبێ ئەوەی لە گرێبەستەکەدا ئەم مافە ناوی هێنرابێت، ئایا لەم کاتەدا ئەم حوکمە دیسان بوونی هەیە؟! یان بوونی نییە؟! حەنەفییەکان دەڵێن: لەسەر بنەمای قیاسکردن، ئەم مافانە ناچنە ناو چوار چێوەی گرێبەستی مامەڵەکەوە، بەلام لەسەر بنەمای ئیستیحسان دەچنە ناو گرێبەستەکەوەو ئەژمار دەکرێن.

ڕوونکردنەوەی ئەم پرسەیش بەم جۆرەیە کە وەقف کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ژێر ڕەحمەتی دوو جۆر قیاسدا جێگایان بۆتەوە، یەکەمیان قیاسکردنیانە لەسەر مامەڵ کردنو، دووەمیان، قیاس کردنیانە لەسەر (بەکرێدان)، کە ڕوانگەی یەکەم ئاشکراترو نزیکترە لەهزری مرۆڤەوە، چونکە ئەندازەی بەشی مامەڵەو وەقف ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا موڵکەکە لە خاوەندارێتی خاوەنەکەی دەچێتە دەرەوەو، داواکاریو خوازیاری بوونی ئەم قیاسە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو مافە سازش لەسەر کراوانە لە گرێبەستەکەدا باس نەکرێن، ئەوا ئەم مافانە هەروەك ئەو حاڵەتەی لە گرێبەستی

مامەڵەدا هەیە، وا دەبێتو، هەروا لە وەقفیشدا وەك پاشكۆی زەوییەكە ناچنە چوار چێوەی موڵكە وەقف كراوەكەوە.

قیاسی دووەم، واتە قیاسكردنی لەسەر ((بەكرێدان)) لەسەر بنەمای ئەوە بەرپاكراوە وەقفـو بەكرێدانیش هەردووكیان دەبنە هۆی ئەوەی كە بتوانرێت خاوەن موڵك سود لە خودی ماڵەكە وەربگرێت، بەڵام هەر نابنە خاوەنی ئەسڵی ئەو موڵكە، جا ئەمە قیاسی نائاشكرایە، (خفي) یەو، نایەتە بەهزری مرۆڤداو، بەڵكو پێویستی بە بڕێك تێڕامان هەیەو، دەرهاویشتەو داواكاری ئەوەیە كە ئەمەیش هەروەك گرێبەستی بەكرێدان مافە سازش لەسەر كراوەكان، بەشێوەی پاشكۆیی دەچنە چوار چێوەی پرۆسەی وەقفەوە، بەپێی ئەوەی كە پێویستمان بەوە هەبێت، كە بەدەق لەناو گرێبەستەكەدا ئەم خاڵە بنوسین.

لێرەدا، ئەگەر موجتەهید قیاسی نائاشكرا پێش بخات بەسەر قیاسی ئاشكرادا، ئەمە ئیستیحسانەو، ڕەهەندی پاڵپشتەكەی ئەوەیە كە قیاسی نائاشكرا (خفي) كاریگەری بەهێزتری هەیە لەقیاسی ئاشكرا (جلي)، چونكە هەروەك گوترامەبەست لە وەقف، سوود وەرگرتنە لە ماڵە وەقف كراوەكە، نەك بوونە خاوەن ماڵە تەواەی موڵكەكەو، لەبەر ئەوەی كە سوود وەرگرتن بەبێ مافە سازش لەسەر كراوەكان هیچ مانایەكی نییە، ئەوا پێویستە كە ئەم مافانەیش، هەروەك بەكرێدان، بەشێوەی پاشكۆ، بچنە ناو بازنەی وەقفەكەوە

٢- لە نموونە گەلی هەڵاوێركردنی پرسێكی تایبەت (جزئي) لە ئەسڵێكی گشتی، بریتییە لە دروستی وەسیەتكردن لەكارە باشەكاندا، لەلایەن كەسێكەوە سانسۆری لەسەر بێت، بە هۆی كەودەنی بوونییەوە، كە ئەم وەسیەتكردنە لە ڕووی ئیستیحسانەوە دروستە، لە كاتێكدا كە قیاس دەلالەت دەكات، لەسەر نادروستی ئەو پرسەی سەرەوەو، هەروەها وەقف كردنی ئەم جۆرە كەسە لەسەر خۆی دیسان لە ڕووی ئیستیحسانەوە دروستە، بەڵام قیاس بەدروستی نازانێت، جا ڕوونكردنەوەی ئیستیحسان لەم دوو پرسەدا بەم جۆرەیە كە یاسای گشتی، واتە موڵكی كەسی سانسۆر لەسەر دانراوە، وا خوازیارەو

حوکم دەدات، کە بەخششەکانی ئەم کەسە دروستن، بەڵام وەسیەتکردنی ئەم کەسە لە کاروباری چاکەکاندا لەم یاسا گشتییەی سەرەوە هەڵاوێر دەکرێت، چونکە وەسیەت بۆ دوای مردنی کابرای وەسیەتکارەو، مانای خاوەندارییەتی تیادا بەرجەستەیەو، وەقفیش هەروەك وەسیات وایەو، موڵکی کابرای کەودەن بۆ خۆی دەپارێزرێت، بۆیە ئەم هەڵاوێرکردنە کاریگەری لەسەر ئامانجی ئەم یاسا گشتییە نابێت!

٢٠٩- جۆرەکانی ئیستیحسان:-

هەروەك لەنوممونەکانی پێشەوەدا دەردەکەوێت، جاری واهەیە کە ئیستیحسان هەڵاوێرکردنی بابەتێکی تایبەتە لە یاسایەکی گشتی، یاخود بە لەپێشتر دانانی قیاسێکی نائاشکراو وردە بەسەر قیاسێکی ئاشکراداو، ئەم دابەشکردنەی ئیستیحسان، بەرەچاوکردن‌و لەبەر چاو گرتنی ئەو شتە بوو کە ئیستیحسان لێی لایداوە، یان لادراوە بۆلایی‌و جاری وایش هەیە، کە لە ڕووی پاڵ پشت‌و بەڵگەوە تەماشای ئیستیحسان دەکرێت، یاخود لە ڕووی ئەوەوە سەیر دەکرێت، کە لە پەڕاوەکانی شەرعدا بەڕووی ئیستیحسان ناوزەرد کراوەو، دواجار ئیستیحسان دەبێت بەم چەند جۆرەی لای خوارەوە:

٢١٠- یەکەم: ئیستیحسان بە پێی دەق، واتە ئەوەی کە بەدەق پاڵپشتی لێوە کراوە:-

ئەمەیش بریتییە لەوەی کە لەلایەن شەرعەوە دەقێکی تایبەت لەسەر پرسێکی تایبەت (جزئي) بێتە کایەوە، کە داواکاری حوکمێکی وابێت، بۆ ئەو پرسە جوزئیە، کە ئەو حوکمە پێچەوانەی ئەو حومکە بێت، کە بەپێی دەرهاویشتەی یاسا گشتییەکان، بۆ هاو وێنەکانی ئەو پرسە چەسپێنراوە، کە لەم حاڵەتەدا دەقەکە ئەم پرسە جوزئیە، هەڵاوێر دەکات، لەو حوکمەی کە بە پیچی دەرهاویشتەی یاساگشتیەکە، بۆ هاو وێنەکانی ئەو پرسە چەسپێنراوە، بۆ نموونە، یاسای گشتی‌و ئەسڵ‌و بنەمای گشتی لەسەر ئەوەیە کە مامەڵەی شتی نادیار دروست نییە، بەڵام لێرەدا مامەڵەی (سەلەم) جیاکراوەتەوە، کە

مامەڵەی سەلەم واتە پێش فرۆشی دەغڵو دان، بە پارەیەکی نەقد، واتە لەو کاتی مامەڵەیەدا، کاڵای حازر نییە، بەڵام کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە مەدینەو بینی ئەم مامەڵەیە لە ناویاندا باوەو هیچ زیانو خراپەیەکی لێ ناکەوێتەوە، بەدەقێکی تایبەتو روونو ئاشکرا مۆڵەتی پێداو بەرەوای داناو، فەرمووی: (من أسلف منكم، فليسلف في كيل معلوم و وزن معلوم، إلى أجل معلوم) واتە: هەر کەس لەئێوە لەم جۆرە مامەڵەیەی ئەنجامدا، باوا ئەنجامی بدات، کە پێوانەو کێشانەو کاتەکەی دیاریکراو بێتو، هەروەها پەشیمان بوونەوە بەمەرج، کە لەڕووی ئیستیحسانەوە دروستەو بە بەڵگەی هاتنی دەق لە سوننەتدا، لەسەر دروستی پەشیمان بوونەوە، تا ماوەی سێ ڕۆژ، ئەم پەشیمان بوونەوەیە هەڵاوێر کرا، لەو یاسا گشتییەی کە لە گرێبەستەکاندا هەیە، کە مامەڵەکار پابەند دەکەن بەمامەڵەکەوە، بە پابەند بوونێکی ڕەها.

٢١١- دووەم: ئیستیحسان بە پێی ئیجماع:-

بۆ نموونە گرێبەست لە گەڵ دارتاشو ئاسنگەرو، هەموو ئەو پیشە گەرانەی کە پێشتر مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت، لەسەر دروستکردنی شتێکی دیاریکراو، لەکاتی گرێبەستەکەدا بوونی نییە، کە ئەم کارە بە ئیستیحسان بە دروست زانراوەو، بە پێی قیاسکردن دروست نییە چونکە گرێبەستە لەسەر شتێکی نادیارو، ئەمەیش بۆیە دروست بووە، چونکە لە یاسایەکی گشتی هەڵاوێر کراوەو، ڕەهەندو ڕووی ئیستیحسانە کە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم جۆرە مامەڵەیە لەناو خەڵکیداو، لەنەریتی خەڵکیدا، باوەو، کەس نکۆڵی لێ نەکردووەو، بۆیە ئەمە ئیجماعە.

هەروەها وەك چونە ناو گەرماوی گشتی بەنرخێکی دیاریکراو، کە یاسای گشتی دژی ئەم کارەیەو بەدروستی نازانێت، چونکە ماوەی مانەوەی کابرا لە گەرماوەکەداو، ئەندازەی ئەو ئاوەی کەدا بەکاری دەهێنێت نادیارە، بەڵام چونکە لە نەریتدا باوەو، کەس نکۆڵی لێ نەکردووە، ئەوە لە ڕووی ئیستیحسانەوە دروستەو، لە یاسا گشتییەکان

هەڵاوێر دەکرێتو، هەروەها تا سەختی لەسەر شانی خەڵکی لا ببرێتو، دواجار وەك ئیجماعی لێ هاتووەو بۆتە ئیجماع.

٢١٢- سێیەم: ئیستیحسان بە پێی عورف:-

وەك دروست بوونی ئەو موڵکانەی کە دەکرێت بگوازرێنەوە وەك کتێبو قاپو قاچاغو ئەوانە... کە لە عورفدا وەقف دەکرێن، لەسەر ڕای گروپێك لە شەرعزانانو بە پێی هەڵاوێرکردنی ئەم بابەتە لەو یاساگشتییەی کە سەبارەت بە پرسی وەقف هەیە، کە دەبێژێت، دەبێت وەقف شتێکی هەتا هەتایی بێتو، بۆیە وەقف تەنها لە موڵکە جێگیرو نەگواستراوەکاندا دروستە، نەك وەك لە موڵکە گواستراوەکانداو، بەڵگەی دروست بوونی وەقف کردنی ئەو شتە گواستراوەنەی باسمان کردن، تەنها ئەو شتەیە لە نەریتو عورفی خەڵکیدا.

٢١٣- ئیستیحسان بە پێی پێویست بوون:-

وەك چاو پۆشی کردن لەپرژەی میز بەسەر پۆشاکداو، هەوەها چاو پۆشی کردن لە زیانمەندی کەم لە مامەڵەدا، چونکە ئەو جۆرە شتانە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت خۆیی لێیان بپارێزێتو، هەروەها بڕیاردان بە پاکیی ئاوی بیرەکان، هەرچەندپیسایشیان تێ کەوتبێت، بەدەرهێنانی ئەندازەیەکی دیاریکراو لەئاوی ناو بیرەکە، پاك دەبێتەوە، ئەمەیش لەبەر پێویستیو زەرورەت وایە.

٢١٤- ئیستیحسان بە پێی بەرژەوەندی:-

بۆ نموونە، وەك ئەو کەسەی بەکرێ کارێکت بۆ بکات، وەك (بەرگدورر)، کە سەبارەت بەو کاڵایەی کە لەلایەتی بۆ دوورین، لەلای ئەو خراپ دەبن، یان تیادەچن، ئەوە بژاردنی لە گەردنیدایە، مەگەر ئەو لەناو چوونە بەهۆی دەسەڵاتێکی باڵای واوە بووبێت، کە خۆڵێ

پەنادانو خۆ لێچ پاراستنی مەحاڵ بوو، هەر چەندە کە یاسای گشتی بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە ئەو کەسە کرێ وەرگرە، تەنها لە کاتی زیادەڕەوی یان خەمساردیدا بژاردنی لەسەرە، چونکە ئەو کەسێکی ئەمینەو، بەلام زۆرێك لە شەرعزانان وا فەتوایان داوە، کە لەڕووی ئیستیحسانەوە، بژاردنی لەسەر واجبەو، هەروەها وەك ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکی بۆ پاراستنی موڵكو سامانیان بەهۆی لاواز بوونی پابەند بوون بە پەیمانەکانو بڵاو بوونەوەی ناپاکیو لاوازی هەستی بەرگری ئاینی لەم سەردەمەدا.

٢١٥- شەشەم:- ئیستیحسان بە پێی قیاسی شاراوە:-

وەك نموونەکەی پێچشوو سەبارەت بە وەقفکردنی زەوییە کشتو کاڵییەکانو هەروەها وەك، بڕیاردان بە پاکی پاشماوەی ئاو خواردنی باڵندە ڕاوکەرەکان، جا لێرەدا قیاسی ئاشکرا لەسەر ئەوەیە کە قیاسی کردووە، لەسەر پاشخوانی ئاژەڵی دڕندەو بەپیسی داناوە، بەڵام دواتر بەقیاسکردنی لەسەر پاشخوانی مرۆڤ بەپاك دانراوە، چونکە ئەم باڵندانە بەدەنوکی خۆیان ئاو دەخۆن، کە ئێسکێکی پاکەو، قیاسێکی شاراوەیەو، بۆیە ئەم جۆرە حوکمە بە ئیستیحسان دانراوە[1].

- بە بەڵگە بوونی ئیستیحسان :

زۆرێك لە زانایان ئیستیحسانیان بە بەڵگە زانییەو، داناوەو کاریان پێکردووەو، بە بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکامیان داناوەو، هەندێکی تر وەك شافعییەکان پێچەوانەی ئەمە بوونو، تەنانەت لە پێشوا شافعییەوە ئەوە گێڕدراوەتەوە، کە فەرمویەتی:

1 هەندێك لە زانایان ئەم نموونەیە بۆ ئیستیحسان بە پێی زەرورەت دەهێننەوەو، ئەم قسەیەش ڕەهەندێکی بەهێزی هەیە.

(ئیستیحسان چێژ وەرگرتنەو قسەکردن بە پێی هەواو ئارەزوو)و، هەروەها فەرموویەتی: (هەر کەس ئیستیحسان بکات، ئەوە شەرعی داناوە!)[1].

بەڵام وادیارە، کە بەکار هێنانی زاراوەی ئیستیحسان لەلای هەندێ لە زانایان ئەو مانایەی بۆ دەرخستووە، کە واتای شەرعدانانە بەپێی ئارەزوو، بۆیە نکوڵییان لێکردووەو، حەقیقەتی ئیستیحسان لەلای ئەوانەی کە بڕوایان پێی هەبووە، بۆ ئەو چینە نکوڵی کارە دەرنەکەوتووەو، نەیانزانیوە مەبستیان پێی چییە؟! بۆیە وا گومانیان بردووە، کە ئیستیحسان شەرعدانانی بێ بەڵگەیە، بۆیە داویانە بەسەریداو، ئەوەی گوتراوە لەو بارەیەوە گوتویانە، بۆیە ئیستیحسان بە پێی ئارەزووو، بە بێ بەڵگە، بە بێ ڕاجیایی نێوان زانایان بە بەڵگە ئەژمار نەکراوەو، ئەو دژایەتییەی زانایان بۆی، بۆ ئەم جۆرە ئیستیحسانەیە – کە ئەگەر دروست بێت، بە ئیستیحسان ناو زەرد بکرێت– نەك بۆ جۆرە دروستەکەی، چونکە ئیستیحسان لەلای ئەوانەی کە کاری پێ دەکەن، هەر وەك حەقیقەتەکەیمان زانی، تەنها پێش خستن‌و تەرجیحدانی بەڵگەیەك نییە، بەسەر بەڵگەیەکی ترداو، شتی لەم جۆرەیش شیاوی ئەوە نییە، کە ببێتە هۆی ڕاجیایی نێوان زانایان‌و، (ئیستیحساندا شتێکی وا ببونییە، کە مافی ئەوەی هەبێت، کە ببێتە هۆکاری ڕاجیایی)[2].

سەرەڕای ئەمانەیش، ئێمە پێمان وایە، کە ئەو حوکمەی کە بە پێی ئیستیحسان، لەسەر بنەمای دەق جێگیر بووە، بە حوکمێکی بەدەق چەسپاو ناوزەردی بکەین، نەوەك بە ئیستیحسان، بەڵام حەنەفییەکان، ئەمە لەڕووی زاراوەوە بە ئیستیحسان نازەردی دەکەن‌و، گرفت لە زاراوەیشدا نییە!

---

1 الأمدي ب٤، ل٢٠٩.

2 التلويح على التوضيح، ب٢، ل٨١.

﴿بەشی شەشەم﴾

((بەڵگەی شەشەم: المصلحة المرسلة))

٢١٧- پێناسەی (المصلحة المرسلة: بەرژەوەندی ڕەها):

- بەرژەوەندی (المصلحة)بریتییە لە بەدەستهێنانی سوودو لادانی زیان‌و خراپەکاری[1]، کە ڕەهەندێکی پۆزەتیڤی هەیە، کە بەدیهێنانی سوودوقازانجەو، ڕەهەندێکی نێگەتیڤیشی هەیە، کە لادانی زیان‌و خراپەیەو، جاری وا هەیە کە ((بەرژەوەندی)) تەنها بۆ ڕەهەندو لایەنە پۆزەتیڤەکەی (إيجابي) یەکەی، بەکار دەهێنرێت، بەڵام لادانی زیان‌و خراپەیش پێوە دەلکێنرێت، هەروەك لە فەرمایشتی شەرعزانانداا هاتووە، کە دەفەرموێت: (لادانی زان‌و خراپە لە پێشترە بەسەر هێنادی بەرژەوەندیدا)[2].

٢١٨- بەرژەوەندی هەیە، کە شەرع دانی پیاناوەو، هەیانە کە شەرع ڕەتی کردۆتەوەو، هەیانەی کە شەرع بێدەنگ بووە، لە سەری، کە یەکەمیان بە (المصالح المعتبرة: بەرژەوەندییە دان پیانراوەکان) دووەمیان: بە (المصالح الملغاة: بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکان)و سێیەمیان بە (المصالح المرسلة: بەرژەوەندی ڕەها) ناوزەرد کراون.

٢١٩- (المصالح المعتبرة: بەرژەوەندییە دانپیانراوەکان)

ئەمانەیش بریتین لەو بەرژەوەندیانەی کە شەرع دانی پیاناون‌و، کۆمەڵە ئەحکامێکی شەرعییانەی بۆ ئەو بەرژەوەندیانە داناوە کە هۆکارن بۆ گەیشتنمان بەو بەرژەوەندیانە، وەك پاراستنی ئایین‌و، پاراستنی گیان‌و پاراستنی ژیری‌و شەرەف‌و ماڵ‌و موڵکی خەڵکی، کە شەرع هاتووە، جیهادکردنی وەك حوکمێکی شەرعی داناوە، تا بەهۆیەوە ئایینی ئیسلام بپارێزێت‌و، کوشتنەوەی بکوژی داناوە، تا بەهۆیەوە گیانی خەڵکی بپارێزێت لە

---

1 المستصفى، ب٢، ل١٣٩.

2 المصلحة في التشريع الأسلامي، للأستاذ مصطفى زيد، ل٢٠.

تیاچوونو، شەلاقدانی لەسەر داوێن پیسیو بوختان کردن داناوە، تا ناموسو شەرەفی خەڵك بپارێزێتو سزای دەست برینی دزی داناوە، تا ماڵو موڵکی خەڵکی بپارێزێت، لە تیاچوون.

جا لەسەر بنەمای ئەم بەرژەوەندییە دانپیانراوانەداو، پاشان بەستنەوەیان بە عیللەتەکانیانەوە، بە بوون، یان نەبوون لێرەوە قیاس وەك بەڵگەیەك سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەر پێشهاتێك کە شەرع دەقی نەهێنابێت، لەسەر حوکمەکەیو سەرەڕای ئەوەیش یەکسان بێتو، هاو وێنەی پێشهاتێکی تر بێت، کە شەرع بەدەق حوکمەکەی درکاندبێتو، عیللەتی حوکمەکەیی ئاشکرا کردبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێشهاتە حوکم لەسەر نەدراوەکە پڕاو پڕ وەك حوکمی پێشهاتەی دەق لەسەر هاتووەکە وایە.

٢٢٠- ((المصالح الملغاة: بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکان)):-

لە پاڵ بەرژەوەندییە دانپیانراوەکاندا، بەرژەوەندی وەهمیو نا حەقیقی، بە لە پاشتر دانراو، کە شەرع وێڵی کردوونو، لەو حوکمانەیدا کە شەرع دەری کردوون ، دانپیانانی ئەو بەرژەوەندییە ڕەتکراوانەی درکاندووەو، هیچ حسابێکی بۆ نەکردوونو، وێنەی ئەمە وەك بەرژەوەندی ئافرەت لەوەیدا، کە یکسان وەك براکەی بەشە میرات ببات، بەڵام شەرع ئەم بەرژەوەندییەی ڕەتکردۆتەوە، بە بەڵگەی ئایەتی ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ﴾[1] واتە: خودای گەورە لە میرات بردندا موسڵمانانی ڕاسپاردووە، کە نێرینە دوو ئەوەندەی بەشە میرات ببات، هەروەها وەك بەرژەوەندی سووخۆر، لەوەیدا کە سامانەکەی زیاددەکات، لە ڕێگای سووخۆرییەوە، کە ئەم بەرژەوەندییە، بەدەق لەسەر حەرامی سووخواردن ڕشەتی کردۆتەوە، وەك قورئان دەفەرموێت (وأحل الله البيع وحرم الربوا)، کە مامەڵەی حەلاڵ کردووەو، سووخواردنی حەرام کردووە، بۆیە سوو وەك ڕێگایەك بۆ وەبەرهێنانی سامانو زیادکردنی ناشێت.

---

1 سورة (النساء/ ١١).

هەروەها نموونەیەکی تر، وەك بەرژەوەندی ئەوانەی کە ترسنۆکن‌وجیهاد ناکەن، لەوەیدا کە گیانی خۆیان دەپارێزن لە مەرگو، تیاچوون کە شەرع ئەم بەرژەوەندییەی ڕەت کردۆتەوەو، ئەحکامی جیهادی هەموار کردوون، کە جیهادەکە لە پێشترە بەسەر خۆپارستنەکەی ترسنۆکەکانداو، ئەم خۆپاراستنە بە لەباشتر دانراوە، هەروەها چەندەها نموونەی تریش هەن.

پاشان ڕاجیایش لە نێوانیاندا نییە، کە بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکان، نابێت حوکمیان لەسەر بنیات بنرێت.

٢٢١- ((المصالح المرسلة: بەرژەوەندییە ڕەهاکان)):

لە پاڵ بەرژەوەندییە دانپیانراوەکان‌و بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکاندا بەرژەوەندی سێیەمیش هەیە، کە شەرع بەدەق ڕەتکردنەوەیانی نەدرکاندووەو، هەروەها دانیشی پیادا نەناوون، ئەمانەیش بریتین لە بەرژەوەنییە ڕەهاکان، لەلای زانایانی زانستی ئوصولی فیقه بۆیە بەرژەوەندین، چونکە سوودو قازانج بەدەست دەهێننو، زیان لادەدەنو، بۆیە (ڕەها کراون)، چونکە شەرع لە ڕوانگەی دانپیانانو ڕەتکردنەوەی ڕەهای کردووە، کەواتە ئەم جۆرە پێشهاتە قسە لەسەر نەکراوەکاندایەو، هەروەها لەوانەدایە کە حوکمێکی هاو شێوەی دەق لەسەر هاتووی نییە، تا قیاسی لەسەر بکەین، بەڵام وەصف گەلێکی گونجاوی وای تیادایە، کە شەرع حوکمێکی دیاری کراوی لەسەر بەرپا بکاتو، ئەم حوکمە دەتوانێت، کە قازانجێك بەدی بهێنێتو، یاخود زیانێك لابداتو دوور بخاتەوە وەك ئەو بەرژەوەندییەی کە هۆکارە بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆسەی کۆکردنەوەی قورئانو، کۆکردنەوەی دیوانەکانو، گەرەنتی کردنی پیشە کارانو، کوشتنەوەی کۆمەڵێك کەس لە بەرامبەر کوشتنی تەنها کەسێکدا.

٢٢٢- بە بەڵگە بوونی بەرژەوەندییەکان:

لەوەدا ڕاجیایی نییە، لە نێوان زانایاندا، کە لە پەرستشەکاندا، کارکردن بە (الصالح المرسلة) کاری پێ ناکرێت، چونکە کاروباری پەرستش، کۆنکرێتین‌و شەرع چوار چێوەی بۆ داناون‌و، بواری ئیجتیهادو ڕەئی تیادانییەو، زیاد لەسەر کردنیشیان، بە بیدعە لە ئایندا دێتە ئەژمارو، بیدعەیش کارێکی سەرزەنشت کراوو، هەموو بیدعەیەکیش ڕووەو گومڕاییمان دەباتو، سەرەنجامی گومڕایش‌و کابرای گومڕا ئاگری دۆزەخە، بەڵام لەپرسی مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتندا، زانایان ڕاجیاییان هەیە، لەسەر ئاستی بە بەڵگە بوونی (المصالح المرسلة)و، ئەژمار کردنی وەك بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکامو، ئەم ڕاجیاییەش لە پەڕاوەکانی زانستی ئوصولی فیقهدا. بەشێوەیەکی فراوان هاتووەو باسکراوە، بەڵام لە پەڕاوەکانی شەرعدا، بەو بەرفراوانییە نابینین، باس کرابێت! بەڵام ئەوەی دراوەتە پاڵ شەرعزانەکان کە گوایا کار بە (المصالح المرسلة) ناکەن، هەر ئەو زانایانە ئیجتیهادیان هەیە، کە لەسەر بنەمای (المصالح المرسلة) بنیات نراوە، هەروەك لە فیقهی ئیمامی شافعی‌و حەنەفیدا دەبینین، بەهەرحاڵ ئەوەی کە گومانی تیادانییە، ئەوەیە کە گروپێك لە زانایان نکۆڵییان کردووە، لە بە بەڵگە بوونی (المصالح المرسلة)، لەوانەیش ظاهیرییەکان، کە نکۆڵی لە قیاس دەکەن‌و، هەروەها قسەیش لە شافعی‌و حەنەفییەکان گێڕدراوەتەوە، کە نکۆڵییان لە (المصالح المرسلة) کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش لە پەڕاوە شەرعییەکاندا بەرچاومان دەکەوێت کە ئیجتیهادیان هەن، کە لەسەر بنەمای (المصالح المرسلة) بنیات نراون، وەك دواتریش باسیان دەکەین.

گروپێکی تر لە زانایان، کاربە (المصالح المرسلة) دەکەن‌و، بەڵگەیەکی شەرعی دادەنێن‌و، بەسەر چاوەیەك لەسەر چاوەکانی شەرعدانانی ئەژمار دەکەن‌و، بەناوبانگ ترین ئەو کەسانەی کەبەم ئاراستەیە ناسراوە، پێشەوا مالیکەو دواتر ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەو، لە نێوان ئەم دوو گروپەیشدا هەن، کە دان بە (المصلحة المرسلة) دا، دەنێن، بەلام بە مەرج، واتە مەرجی ئەوەی کە ئەو بەرژەوەندییە ڕەهایە، لە گروپی بابەتە زەروری‌و پێویستەکا بێت، کە لێرەدا زانایان ڕاجیاییان نییە، کە دەبێت لە کاتی

زەرورەتدا، (کاری پێ بکرێت، وەك ئیمامی غەزالی، کە کاری بە بەرژەوەندی کردووە، بەمەرجی ئەوەی کە (چروری: پێویست)و (یەکلایی: قطعي)و (كلية: گشتی) بێت.

لەمەودوا بەڵچگەی نکۆڵی کارانی (المصالح المرسلة) دەهێنینو، هەروەها بەڵگەی کارکەران پێی دەخەینەڕووو، دواتریش ڕای لەپێشتر (الراجح) لە نێوان ئەم دووڕایەدا، دیاری دەکەینو، پاشان هەندێ لەو پرسانە باس دەکەین، کە زانایان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەرپایان کردوون.

٢٢٣- بەڵگەی نکۆڵی کارانی ((المصلحة المرسلة))و توێژینەوەی ئەو بەڵگانە:

ا- خودای کار بەجێ لە دانانی شەرعەکەیدا، ئەو شتانەی کردوون بەشەرع بۆ بەندەکانی، کە بەرژەوەندی ئەوانەی تیادایە، بۆیە هەرگیز بەرژەوەندی ئەوانەی لەبیر نەکردووەو، هەرچی بەرژەوەندی هەیە، لە سنوری شەرعدا ڕەچاوی کردوونو جێگای کردوونەتەوە بۆیە داننان بە (المصلحة المرسلة)دا، دواجار بەمانای ئەوەدێت، کە شەرع هەندێ لە بەرژەوەندییەکانی بەندەکانی خودای لە بیرکردووەو، حوکم گەلێکی وای دانەناوەن، کە ببنە هۆکاری هاتنەدی ئەو بەرژەوەندییانە ! و ئەمەیش پێچەوانەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ۝٣٦﴾[1] واتە ئایا ئادەمی وادەزانێ، کە وازی لێ دەهێنرێ، بە پشت گوێ خراویو بێهودەیی؟و خۆ بەخۆڕەهاو بەرەڵاکراو بێت؟!

لە ڕاستیدا، ئەم بەڵگەیە لە ڕوکەشی خۆیدا بەهێە، بەڵام لە کاتی تێڕامان لەسەریو سەرەنج لێدای بەلاواز دێتە پێش چاو، لەڕاستیدا شەرع ڕەچاوی بەرژەوەندی بەندەکانی خودای کردووەو، ئەوەندە حوکمی بەر پاکردوون، کە هۆکاری گەیشتن بن، بەو بەرژەوەندییانە، بەڵام لە سەر سەرجەمی بەرژەوەندییەکانو، تایبەتمەندییەتیو

1 سورة (القيامة/ ٣٦).

جوزئییـەتی ئـەو بەرژەوەندییانـە بـۆ هەمیـشەیی‌و تـا ڕۆژی دوایـی دەقـی نـەهێناوە لەسـەریان‌و، بـەڵکو دەقـی شـەرعی لەسـەر هەنـدێکیان هـەنێناوە، بـەڵام لەسـەراپای ئەحکامەکان‌و میتۆدەکانیاندا ئامـاژەی بـەوەداوە، کـە بەرژەوەنـدی، ئامـانج‌و مەبەسـتی ڕەچاوکراوی شەریعەتە، لەبـەرپاکردنی ئەحکامەکانـداو، ئـەم ڕەوشـەی شـەریعەت – کـە نەهێنانی دەقە لەسەر سەرجەمی بەرژەوەندییەکان– لە جوانییەکانی شەریعەتە، نـەوەك لەلایەنە نێگەتیڤەکانی‌و، هەر ئەمەیش بەڵگەیە لەسـەر گونجـانی‌و شـیاوی شـەریعەت بـۆ مانەوەی بەردەوام و گشتگیری هەمیشەیی، چونکە بەرژەوەندییـە تایبـەتاکان (جزئیـات) دەگۆڕین‌و ئاڵو گۆڕیان بەسەردا دێـت، هەرچـەندە کـە ڕەچـاوکردنی ئـەم جوزئیاتانـە لـە بنەمادا چەسپاوەو گـۆڕای بەرسـەردا نایـەت، بۆیـە لـە توانادانییـەو پێویـستیش ناکـات، کەهەر لەسەرەتادا سەرجەم بەرژەوەندییە جوزئیەکان ئەژمار بکرێن‌و، بۆیە هەر یەکەیان حوکمێکی تایبەت‌و سەربەخۆ دەربکرێت. لەم ڕوانگەیەوە هـەرکات بەرژەوەندییـەك قـوت بویەوە، کە لە شەرعدا حوکمێکی تایبەتی لەسەر نەهاتبوو، شیاو گونجاو بوو، لـە گـەڵ هەڵـسوکەوتە شـەرعییەکانداو، هـەروەها شـیاو بـوو، لەگـەڵ ئاراسـتەی شـەرعدا، لـە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانداو، پێچەوانەی ئەحکامەکانی شەرع نەبوو، ئەوە ئاساییەو دروستە کە حوکمێك بەرپا بکرێت بۆی، کە هۆکاری هێنانەدی ئـەو بەرژەوەندییـە بێـت، ئەمەیش دەست وەردان نییە، لە مافی پەروەردگاردا لـە دانـانی شـەرعدا، کـە تـەنها ئـەو دانەری ڕاستەقینەی شـەرعەو تـەنها ئـەو ئـەو مافـەی هەیـەو، هـەروەها بەڵگـەیش نییـە لەسـەر ئـەوەی کـە خـودا بەنـدەکانی خـۆیی لاشـەخەر کردبێـت، چـونکە هـەر زاتـی پەروەردگارە کە ڕێنموونیمان دەکات بۆ ڕەچـاوکردنی بەرژەوەندییـەکان‌و دەسـت گـرتن پێیانەوە.

ب– بەرژەوەندییـــەڕەهاکان، لـــە نێـــو بەنـــدی بەرژەوەنـــدیی دانپیانراوەکـــان‌و بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکاندان، بۆیە لکاندنیان بە بەرژەوەندییە دانپیانراوەکان ڕاستر لە پێشتر نییە بەسەر بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکانـداو، ناکرێـت بکرێنـە بەڵگـە، بـەبێ بـوونی

بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کە لە دانپیارنراوەکانەو سەر بە بەرژەوەندییە ڕەتکراوەکان نییە[1].

ئەم بەڵگەیەش دیسان لاوازە، چونکە ئەو بنەمایەی شەرعیەی لەسەر بنیات نراوە، بریتییە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی، جا بەرپەرچدانەوەو ڕەتکردنەوەی بەرژەوەندی، حاڵەتێکی هەڵاوێر (إستثناء) کردنە، بۆیە لکاندنی ئەو بەرژەوەندییانەی کە شەرع قسەی لەسەر نەکردوون‌و، لە ڕووکەشدا چاکن‌و باشن لکاندنیان لە پێشترە بەو بەرژەوەندییانەوەی کە ڕەتکراون.

ج- دەست گرتن بە ەبرژەوەندییەکانەوە، خەڵکانی نەزان چاوقایم دەکات، کە بتوانن ئەحکام گەلی تر دابنێن، بۆیە تێکەڵی‌و پێکەڵی لە ئەحکامەکانی شەریعەتدا دروست دەبێت‌و، دەرگا بۆ خەڵکانی ئارەزوو پەرست دەکرێتەوە، لەکەسانی دەسەڵاتدارو قازی‌و دەستەلاتداری لەم جۆرەی تر کە ئەوەی دەیانەوێت بەم بیانووەوە بیکەن، بۆیە حوکم لەسەر بنەمای ئارەزووی خۆیان بنیات دەنێن، دوای ئەوەی کە بەرگی بەرژەوەندییان لەبەر کردو، بۆیاخی ئاینیشی دەکەن‌و، ئەمەیش تانەدانە لە ئاین‌و، تۆمەتبارکردنییەتی بە پاڵپشتی کردنی ستەمکاران‌و خراپەکاران.دەکرێت بەرپەرچی ئەم ڕەخنەیە بەوە بدەینەوە، کە دەست گرتن بەبەرژەوەندییە ڕەهاکانەوە، پێویستی بە هەڵوێستەکردن هەیەلەسەر بەڵگە شەرعییەکان‌و دڵنیابوون لەکارپێچکردنیان‌و ڕەت نەکردنەوەیان‌و، ئەمەیش بۆ کەسانێ کە شارەزانەبن، لەزانستە ئیسلامییەکان‌و موجتەهید نەبن، کارێکی ئەستەم‌و سەختە، جا کەنەزانەکان هەر چاو قایم بوون‌و، ئەمەیان کرد، ئەوا کەسانی خاوەن زانست نەزانییەنەکەیان ئاشکرا دەکەن‌و بەم هۆیەوە خەڵکی لەخراپەیان دەپارێزرێت، بەلام دەستەڵاتدارە خراپەکان بەبەستنی دەرگای بەرژەوەندییەکان بەسەردیاندا تەمبێ ناکرێن‌و، ناگەڕێندرێنەوە بۆسەر خەتی شەرع، بەڵکو گەڕاندنەوەی ئەوان بۆسەر ڕێی ڕاست بە هەڵسانی گەلی ئیسلام دەبێت بە ئەرکی سەرشانی بەرامبەر

---

[1] الأمدي، ئەم بەڵگەیەی لە پەڕاوی (الأحكام) داهێناوە، ب٤، ٢١٦.

ئەو دەستەلاتدارانە، کە یان دەبێت بیاهێننەوە سەر ڕێی ڕاست، یان لەکاریان بخەنو، لەسەر تەختی دەسەلات لایان ببەن.

٢٢٤- بەڵگەی ئەوانەی کە کار بە ((المصالح المرسلة)) دەکەنو، دانی پیادا دەنێن:

أ- شەریعەت تەنها بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ دانراوەو، دەقەکانی شەریعەتو ئەحکامە جۆراو جۆرەکانی سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن، بۆیە کارکردن بە (المصلحة المرسلة) کۆکو تەبایە، لەگەڵ سروشتی مۆرڤو، ئەو بنەمایەی شەریعەتی لەسەر بنیات نراوە و، هەروەها کۆکە لەگەڵ ئەو مەبەستەیشدا کە شەریعەت لە پێناویدا هاتووەو، بەرپا کراوە.

ئەمەیش قسەیەکی ڕاستەو، ژمارەیەکی بەرچاو لەزانایان دەریان بریوە، بۆ نموونە ئیمامی شاطبی دەفەرموێت: شەریعەت تەنها بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی بەندەکان هاتووە، لەئێستاو ئایندەداو، هەروەها بۆ لادانی خراپە لەسەریان[1].

هەروەها شەرعزانانی بوێر (عیزی کوڕی عبدالسلام) دەفەرموێت: سەرجەمی شەریعەت بەرژەوەندییە، ئیتر ئەو بەرژەوەندییە یان بۆ لادانی خراپەیە یان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیو چاکەیە[2].

هەروەها پێشەوا ئیبن قیيمی جەوزی دەفەرموێت: بنەماو بنەڕەتی شەریعەت لەسەر حیکمەتو بەرژەوەندی بەندەکان لە دنیاو دوارۆژیدا بنیات نراوەو، شەریعەت سراپای دادگەرانەیەو سەراپای بەرژەوەندییەو سەراپای حیکمەتەو، هەر پرسێك لە دادپەروەرییەوە ڕووەو ستەم ملی نا، یاخود لە ڕەحمەتەوە بوو بە پێچەوانەکەیو، یان

1 الموافقات، للأمام الشاطبي، ب٢، ل٦، ٣٧.

2 قواعد الأحكام، للأمام عزبن عبدالسلام، ب١، ل٩.

لەبەرژەوەندییەوە بوو بەخراپە کاریو، یان لە حیکمەتەوە بۆبە پوچیو بێ مانایی و شپرزەیی، ئەوە ئیتر شەریعەت نییە، هەرچەندە بە ڕاڤەی جۆراو جۆرو دروستکراویش ئاخێنرابێتە ناو شەریعەتەوە، چونکە شەریعەت دادگەریو ڕەحمەتی خودایە، لە نێو بەندەکانیداو، دروستکراوەکانیدا.

ئینجا جێگیر بوونو چەسپاندنی دەقەکانی شەریعەتو، ڕۆشنایی ئەو دەقانە بەڵگەن لەسەر ڕاستیو دروستی ئەوەی کە ئەو زانایانە دەرکاندویانەو دەریانبڕیوە.

٢- بێگومان بەرژەوەندییەکانی خەڵکیو ئامرازی گەیشتنیان بەو بەرژەوەندییانە بەپێی بارو دۆخو کات دەگۆڕێتو، ناکرێت پێش ڕووداوەکان بکەوینو، پێش کاتی خۆی دۆزەکان یەکلایی بکەینەوەو، ئەو تەنگی پێهەڵچنینو یەکلایی کردنەوەی پێشوەخت کارێکی پێویست نییە، چونکە شەریعەت بەڵگەی داوە بەدەستەوە لەسەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان، بۆیە ئەگەر لەم نێوەندەدا تەنها ئەو شتانەبە دروست بزانین، کە بەڵگەیەکی تایبەت لەسەر دروستییەکەی هاتبێت، ئەوە بەڕستی دۆزەخێکی بەرفراوانمان تەنگو سەخت کردۆتەوەو، بەرژەوەندی زۆری خەڵکیمان تیادا بردووەو، ئەمەیش لەگەڵ گشت گیریو هەمیشەیی بوونی شەریعەتدا ناگونجێتو، دەرەنجامەکەی نادروستە.

٣- موجتەهیدەکانی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت)و دوای ئەوانیش، لە ئیجتیهادەکانیاندا لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیو بنیات نانی لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کردووەو، هیچ کامیشیان نکۆڵییان لەمە نەکردووە، کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر دروستی ئەو یاسا بنەماییەیو، پێکانی ئەو ئاراستە دروستەو، کە دواجار ئەمە بۆتە ئیجماع، جا لەو پرسانەی کە کەموجتەهیدەکانمان لەسەر چینی پیاو چاکانی ڕابردوو (السلف الصالح) کە هەستاون ئیجتیهادەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بنیات ناوەو بەرپاکردووە، وەك کۆکردنەوەی بەشە پەڕاگەندەکانی قورئان لە پەڕاوێکی سەربەخۆداو، دوا جار کۆکردنەوەی سەرجەمی موسڵمانان لەسەر ئەو پەڕاوەو، هەروەها وەك بڕیاردان بەمیرات بردنی ئەو ژنەی کە مێردەکەی بۆیە تەڵاقی داوە، تا میراتی نەداتێ، بەڵام هەر میرات دەبات، وەك ڕەچاوکردنێ بۆ بەرژەوەندی ئافرەتەکەو،

هەروەها وەك ئەوەی كە پیشەكاران ئەوەی لەدەستیاندا خراپ دەبێت، لە موڵكو ماڵی خەڵكی لەسەریانە كە بیبژێرن، مەگەر ئەو خراپ بوونو لەناو چوونە بەهۆی شتێكەوە بووبێت، كە لەدەسەڵاتی كابرای پیشەكار زیاتر بووبێت، هەرچەندە دەستی پیشەكاران، دەستێكی ئەمینە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی ئەم حوكمە چەسپێنراوە، تا خەمسارد نەبن، سەبارەت بە پاراستنی موڵكو ماڵی خەڵكیو، لەم بارەیەوەیش پێشەوا عەلی كوڕی ئەبو طالیب دەفەرموێت: (تەنها بڕیارێكی لەم جۆرە هۆكاری چاكسازییە لە نێو خەڵكیدا)[1]، كە پارێزەری بەرژەوەندی ئەوانەو، هەروەها وەك برشیاری كوشتنەوەی كۆمەڵێك كەس لەجیاتی یەك كەسو، هەر لەم بارەیەوەیش پێشەوا عومەری كوڕی خەطاب چەندەها بڕیاری هەن، كە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مرۆڤەكان بنیاتی ناونو دەری كردوون، وەك بڕیاردان بەستاندنی ماڵی سەعیدی كوڕی ئەبی وەقاص، لە بەر ئەوەی كە لە ماڵەكەیدا كە ناگیری كردبوو لە خەڵكیو هەروەها تاشینی سەری (نەصری كوڕی حەججاج)و، دورخستنەوەی لەشاری مەدینە، بەهۆی ئەوەوە كە بەربگرێت، لەشەیدابوونی ژنان پێی، چونكە گەنجێكی زۆر جوان بوو، ئافرەتان حەیرانی دەبوون، بۆیە پێشەوا عومەر لەترسی ئەم فیتنەیە دوری خستنەوەو، هەروەها وەك دەست بەسەرداگرتنی نیوەی ئەو سامانەی كرێكارەكانی خۆە، كە بە هۆی قۆزینەوەی پێگەو دەسەڵاتەكیانەوە، بەدەستیان هێنابوو، هەروەها جێگای تر هەن، كە زۆر زۆرنو، ئەژمار كردنو باسكردنیان درێژە دەكێشێ، كە هەموویان تایبەتن بەم بوارە، كە رشەچاوكردنی بەرژەوەندی مرۆڤەكانە.

٢٢٥- قسەی لە پێشتر ((الراجح)) لەم بارەیەوە:

لە پیچشاندانی بەلچگەی هەردوو گروپەكەوە، قسەی ئەو گروپە بە لەپێشتر دەزانین، كە دان بە (المصلحة المرسلة) دادەنیچنو، كاری پیچدەكەنو، حوكمی لەسەر بنیات

1 كتاب المالك، للشيخ ابو زهرة، ل٤٠٠.

دەنێن‌و، بەیەکێك لە بەڵگەکانی ئەحکامی ئەژمار دەکەن‌و، بەڕای ئێمە ئەم سەرچاوەیەی شەرعدانان، سەرچاوەیەکی دەولچەمەندوبە پیتەو، ئەحکامی پێویستیمان فریا دەخات، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بارودۆخە گۆڕاوەکانی ژیان، بەبێ دەرچوون لە سنوورو میتۆدەکانی شەریعەت‌و، زیادە ڕەوی کردن بەسەر ئەحکامە قطعی یە کانیدا، بەڵام سەرەڕای ئەمەیش، ئەم تەرجیح دانەی ئێمە بەشێوازێکە کە هەرکات گۆڕابوونی موجتەهیدەکان هاتەدی، ئەوا گەڕانەوەو بەرپابردنە بەر ئەم بەرژەوەندییە دەبێت، بەشێوەیەکی دەستە جەمعی بێت، نەك بەتاك لایانە.

٢٢٦- مەرجەکانی کار کردن بە ((المصلحة المرسلة)):

زۆرینەی ئەو شەرعزانانەی کە کار بە (المصلحة المرسلة) دەکەن، مالکییەکان، کە هەر ئەمانەیش کۆمەڵێك مەرجیان بۆ داناوە، کە دەبێت لە (المصلحة المرسلة)دا، بێنەدی، تا بکرێت‌و بگونجێت پشتی پێ ببەسترێت‌و متمانەی بخرێتەسەرو، ئەو مەرجانەیش بریتین لە:

یەکەم: گونجاوی‌و شیاوی، واتە دەبێت ئەو بەرژەوەندییەی گونجاوو شیاو بێت، لەگەڵ ئامانجەکانی شەریعەتداو، پێچەوانەی هیچ بنەمایەك لە بنەماکانی شەریعەت نەبێت‌و دژی بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکام نەبێت، بەڵکو دەبێت لە جینسی خودی ئەو برەژەوەندییە بێت، کە شەرع مەبەستی بووە بێتەدی‌و، یاخود نزیك بێت لەو مەبەستەوەو، نامۆ بێت پێی.

دووەم: دەبێت لەخودی خۆیدا لەگەڵ ژیریدا بگونجێت، بە جۆرێك کە خرایە بەردەم عەقڵەساغەکان، وەری بگرن.

سێیەم: دەبێت کارکردن بە (المصلحة المرسلة)، لەبەر پاراستنێکی زۆر پێویست بێت، یاخود بۆلادانی نارەحەتییەك بێت، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ

عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ﴾[1] واتـه: خـوای پـەروەردگار لـه ئـاینی ئیـسلامدا هـیچ سـەختی‌و دژوارییەکی لەسەر شانتان دانەناوە[2].

له ڕاستیدا ئەم مەرجانەی کۆمەڵـه یاسـاو ڕێـو شـوێنێکن بـۆ (المـصلحة المرسـلة) کـه دەیپـارێزن، لـه هەڵخلیـسکانی حـەزەکان‌و داواکارییـه نادروسـتەکانی دەروون، بـەڵام پێویـسته کـه دوو مـەرجی تـری بـۆ زیـاد بکـرێن، لـەوەی کـه ئـەو بەرژەوەندییـەی کـه بەشەرعکردنی حوکمەکەی لەسەر بنیات دەنرێت دەبێت

بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە بێ‌و، خەیاڵی نەبێ‌و، دەبێت بەرژەوەندییەکە گشتی بێت، نەوەك تایبەت، واته حوکمەکه تاکه کەسێکی دیاریکراو یان گروپێکی دیاریکراو.

٢٢٧- هەندێ لەو ئیجتیهادانەی که لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەرپاکراون:

لەمەزهەبـه جـۆراو جۆرەکـانی ئیـسلامدا، ئیجتیهـادی زۆر هـەن، کـه لەسـەر بنـەمای بەرژەوەندی ڕەها بنیات نراوەن، لەوانه:-

زانایـانی مەزهـەبی مـالکی وا فـەتوایان داوە، کـه دروسـته، ئەگـەر موجتەهیـد بـوونی نەبوو، باشترین کەسی نا غەیره موجتەهیـدەکان وەك پێـشەوا دیـاری بکرێـت‌و هـەروەها سـەرەڕای بـوونی کەسـی خـاوەن شـکۆ، بەدروسـتیان زانیـوە، کـه بەیعـەت بـدرێت، بەکەسـێکی ئاسـایی‌و، بـێ شـان‌و شـکۆو، هـەروەها دروسـتی دانـانی بـاج لەسـەر دەوڵەمەندەکان، ئەگەر گەنجینەی گشتی (بیت المال) خـاڵی بـووو، ئـەوەی تیایـدا بـوو، بەشـی خەرجییـه پێویـستیەکانی دەوڵـەتی نـەدەکرد، وەك بـەڕێکردنی پێداویـستی سەربازەکان، ئەم باجه تاکێکه که سامان‌و دارایـی لـه (بێـت المـال)دا، زیاد دەکاتـەوە،

---

1 سورة (الحج/٧٨).

2 الأعتصام، للأمام الشاطبي، ب٢،ل٣٠٧-٣١٢.

یاخود بەشی خەرجییەکانی تێ دێتەوە[1]، وەهەروەها بەدروستیان زانیوە، کە منداڵان ببنە شایەت بەسەر یەکترییەوە، لەبریندارکردنی یەکتریدا، لەبەر بەرژەوەندی، چونکە عادەتەن یاری منداڵان خۆیان زیاتر، کەمتر خەڵکی تر دەیانبینێت، هەرچەندە مەرجی بالغ بوون تیایاندا نەهاتۆتەدی، کە لەمەرجەکانی بوونی عەدالەتە، لەکەسی شایەتدا[2]،و شافعییەکان دەفەرموون:- دروستە ئەو ئاژەڵانە لەناو ببرێن، کە بێ باوەڕان بەسواری ئەو ئاژەلانەوە لەگەڵ موسڵمانان دەجەنگێن‌و، هەروەها دروستە دارو درختیان لەناو ببرێت، ئەگەر پێداویستی جەنگ‌و زەفەر بردن بەدوژمنان‌و سەرکەوتن بەسەریاندا ئەمەی دەخواست[3].

پاشان لەلای حەنەفییەکان، دروستە کە ئەوەی موسڵمانان لە جەنگدا دەیگرن‌و، ناتوانن، لەگەڵ خۆیان ببەن، بیسوتێنن، لەکەلو پەلو ڕانەمەڕ، جا مەڕەکان سەردەبڕن‌و گۆشتەکەیان دەسوتێنن‌و، هەروەها کەل‌و پەلەکان دەسوتێنن، تا دوژمنان سودی لێ وەرنەگرن[4].

پاشانیش یەکێك لەجۆرەکانی (ئیستیحسان)، لەلای حەنەفییەکان، بریتییە لە ئیستیحسانی بەرژەوەندی، واتە لەبەرژەوەندییەك بەچاك‌و باش دانراوە، کە پێشتر قسەی لەسەر کرا.

هەروەها پیچەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، فەتوای داوە، بەدەرکردن‌و دوورخستنەوەی خەڵکانی گەندەڵ‌و خراپەکار بۆ جێگایەك، تاخەڵکی لە خراپەکارییان پارێزراوبێ‌و، هەروەها فەتوای داوە، بەدروستی تایبەتکردنی دیاری بەهەندێ لە منداڵانییەوە، لەلایەن باوکیانەوە، لەبەر بەرژەوەندییەکی دیاریکراو وەك ئەوەی کە خەڵاتکراوەکە نەخۆشبێت یان هەژار بێت، یان خێزان‌و کڵفەدار بێت، یاخود قوتابی زانستی شەرعی بێت[5].

---

1 مالك، للشيخ أبو زهرة، ل٤٠٢.

2 بدية المجتهد، ب٢، ل٣٨٤.

3 الأشباه والنظائر، للأمام السيوطي، ل٦٠-٦١.

4 الرد على سير الأزاعي، للأمام أبي يوسف، ل٣.

5 المغني، ب٦، ل١٠٧.

شەرعزانانی مەزهەبی حەنبەلی دەڵێن، دەسەڵاتداری سەردەم بۆی هەیە، کە بەتۆبزی کەسانی قۆرخکار ناچار بکات، کە ئەو شتەی قۆرخیان کردووەو، (إحتكار)یان کردووە، بەنرخی بازاڕ بیفرۆشنەوە، لە کاتی پێداویستی خەڵکدا بەو شتە قۆرخ کراوەو، هەروەها لەسەریەتی کە کەسانی پیشەکارو خاوەن پیشە سازی کە خەڵکی پێویستی بە پیشەو کاروبارەکانیان هەیە، ناچار بکات، کە لە کاتی مانگرتنو کارنەکردنیاندا، بەنرخی بازاڕدەستبکەونەوە بەکار کردنو بەزۆر ئەم کارەیان پێ بکاتدروستە[1]و، هەروەها هەر کەس پێویستی بەوە هەبوو، کە ئاوی زەوییەکەی، لەزەوی کەسێکی ترەوە ببات، بەبێ ئەوەی زیبان بگەیەنێت، بەزەوی کەسی دووە، ئەوە دەبێت بیبات، هەرچەندە بەزۆریش بێتو، کابرای دووەمناچار بکرێت ڕێگا بدات، کە ئاوەکە ببرێتو، ئەمەیش لە پێشەوا عومەری کوڕی خەطابەوە گێڕدراوەتەوەو، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە یەکێك لە دوو گێڕانەوانەی لەوەوە بەدەستمان گەیشتوون، کاری پێکردووەو، گروپێك لە حەنبەلییەکانیش کاریان پێ کردووەو، هەر ئەمەیش ئەو دەرەنجامە دروستەیە، کە دەبێت ئێمە بەرەو ڕووی بڕۆینوکاری پێ بکەینو، کار پێکردنیشی پێچویستە چونکە تاکەرشەویو یەکلایەنەیی لەبەکار هێنانی حەقدا، لە شەریعەتی ئیسلامدا قەدەغەیەو، ئەم پرسەی باسمان کرد، یەکێکە لە ڕاهێنانەکان لەسەر ئەو یاسا بنەرشەتییەیو، فەتوای تری حەنبەلییەکان وەك، ئەوەی کە گوتویانە، هەر کەس بەناچاری ڕۆیشتەماڵیو خانووە کەسێکەوە نیشتەجێ بوو، کە کەسی تری تیادا نەبووو، خانووەکەیش فراوان بووو، جێگای لێقەوماوەکەو خاوەن خانووی بەئاسانیو فراوانی تیادا دەبوویەوە، ئەوە لەسەر کابرای خاوەن ماڵ پێویستە کە بەنرخی کرێ خانووی هاو وێنەی ئەو کاتە بیدات بەوکەسە ناچارو لێقەوماوە، ئەمە لەسەرە ڕای گروپێکی لەشەرعزانانی مەزهەبی حەنبەلیو، لەسەرەڕای هەندێکی تریان دەبێت، هەر بێ بەرامبەر خانووەکە بدات بە کابرای لێقەوماو[2].

---

1 الطرق الحكيمة، ل٢٢٢، ٢٢٦.

2 الطريق الحكيمة، ل٢٣٩–٢٤٠.

﴿بەشی حەوتەم﴾

بەڵگەی حەوتەم

((سدالذرائع: ڕێگرتن لەحەرام))

(الذرائع)، بەمانای ئامرشازەکانی دێتو، (الذريعة)، بریتییە لەو ئامرازو ڕێبازەی کە دەگەیەنێت بەشێك، ئیتر ئەو شتە گەندەڵی هێنەرو خراپ بێت، یان باشو، بەرژەوەندار بێت، چونیەکەو، دیسان زارەکی بێت، یان کرداری هەر چونیەکە، بەڵام زیاتر ناوی (الذرائع) بەکار دەهێنرێت، بۆئەو ئامرازانەی کە دەمانگەیەنن بەشتەخراپەکان، جا کە گوترا، (فلانەشت سەر بەسد الذرائع)ە مانای ئەوەیە کە سەر بەودەروازەیەیە کە ڕێگری دەکات، بەگەیشتن بەشتە خراپەکان.

٢٢٩- هەروەها ئەو کردارانەی کە هۆکارن بەگەیشتن بەشتە خراپەکان (المفاسد)، یان ئەوەیە کە هەر لەخودی خۆیاندا خراپو حەرامن، یاخود ئەوەیە کە هەر لەخودی خۆیاندا موباحو دروستو ڕێگە پێدراون، جا ئەوانەی یەکەم هەر سروشتیان وایە، کە دەبنە هۆکاری شەڕو زیانو خراپە وەك ئەوەی کە خواردنەوەی ئارەق، هۆکارە بۆ خراپ بوونی عەقڵو، بوختان کردن شەرەفو ناموسی خەڵکی لەکەدار دەکاتو، داوێن پیسی هۆکارە بۆ تێکەڵبوونی سپێرمی مرۆڤەکانو دواجار تێکەلچ بوونی وەچەکان.

ئینجا ڕشاجیایی لە نێوان زانایاندا نییە، کە سەراپایان ڕێگرن لەم جۆرە کارانەو، لە ڕاستیدا ئەمانە ناچنە نێو بازنەی ئەو (سد الذرائع)ەی، کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، چونکە هەر لە خودی خۆیاندا حەرامن، بەڵام کردەوە موباحە ڕێگەپێدراومان کە هۆکارن بۆ خراپە کاری، دەبنە چەند جۆرێکەوە :

- جۆری یەکەم:

ئەوەی کە هۆکارە بوونی بۆ خراپە، دەگمەنو کەمە بۆیە ڕەچاو کردنی لەلایەنی بەرژەوەندییەکەی لەپێچشترەو، گرتنەبەری لایەنە خراپەکەی خراوەتە دواترەوە، وەك سەیرکردنی ئافرەتێك کە دەتەوێت، بیخوازێت، هەروەها سەیرکردنی ئەو ئافرەتەی کە شایەتی لەسەر دەدرێتو، ناشتنی رشەزومێو، بۆیە ئەم جۆرە کردەوانە قەدەغەنەکراون، بە بەڵگەو بیانووی ئەو شتە خراپانەی کە دەگونجێت لەکردنیاندا بەرپابێن چونکە خراپەی ئەمانە، لەناو بەرژەوەندیو چاکە بەلەپێشتر دانراوەکەیاندا شاردراوەتەوەو، ئاراستەی دانانی ئەحکامە شەرعییەکان، بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستیەو ڕاجیایش لەم بارەیەوە لە نێوان زانایاندا نییە، جا بۆیە شەرع هەوڵدنی ئافرەتی لەسەر تەواو بوونی ماوەی بێ نوێژی یان تەواو نەبوونی وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوەی کە بۆی هەیە، ڕاست نەکاتو، هەروەها شەرع دانی ناوە، بە بڕیاردان لە سەر وەرگرتنی قسەی شایەت، سەرەڕای ئەوەی کە بۆی هەیە، درۆ بکاتو، هەروەها هەواڵو قسەی تەنها کەسێکی دادگەری وەرگرتووە، کە بۆی هەیە، پلەی لەبەر کردنیشی باش نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم ئەگەرانە بە لەپێشتر دانەنراون، بۆیە شەرع گوێی پێ نەداونو کاری پێ نەکردوون.

- جۆری دووەم:

ئەو شتانەی کە ئەگەریان زیاترە، بینە هۆکاری خراپەو، لایەنی خراپەیان زاڵترە، بەسەر لایەنی بەرژەوەندیو چاکەکەیاندا وەك فرۆشتنی چەك لەکاتی ئاژاوەداو، بەکرێدانی خانووبەرە بەکەسێك کە بۆخراپەو حەرام بەکاری دەهێنێ، وەك ئەوەی کە بیکات بەجێگای قومار کردنو، جنێودان بەخودای هاوەڵ بڕیار دەرەکان، لەکاتی ئامادە بوونی کەسێك لەو هاوەڵ بڕیاردەرانە کە بەوە ناسرابێت، کە ئەو جنێوەی بیست، ئەویش جنێو بەخودای مەزن (عزوجل) بداتو، هەروەها وەك فرۆشتنی ترێ بەکەسێك کە وا ناسراوە، ئارەقی لێ دروست دەکاتو، ئەوە پیشەیەتی!

- **جۆری سێیەم:**

ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری خراپە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو کەسە موکەللەفە ئەو جۆرە شتە بەکار دەهێنێت، لەغەیری جێگای خۆیداو، دەرەنجام خراپە بەم هۆیەوە بەرپا دەبێت، وەك ئەو کەسەی کە ئافرەتێك مارە دەکاتو، ئەم مارەکردنە دەکاتە هۆکار، بۆ حەڵاڵ بوونەوەی ئەو ژنە لەمێردە پێشووەکە، کە بەهۆی تەڵاقدانی سێ بەسێ تەڵاقی داوە، یاخود وەك ئەوەی کە کەسێك مامەڵەکردن دەکاتە هۆکارو ئامراز بۆ گەیشتن بە سووخواردن، وەك ئەوەی کە کەسێك پاڵتاوێ بە هەزار (درهەم بێت، یان دینارو، دۆلار) بفرۆشێت، بەپارەی قەرزەکە دواتر بیداتو، پاشان لە کابرای کڕیاری رکڕێتەوە، بە نۆسەدی حازر، کەلەم حاڵەتەدا لایەنەخراپەکەی کە بەلەپێشتر دانراوە.

٢٣٠- ڕاجیایی نێوان زانایان لەسەر دەستگرتنو کارکردن بە (سد الذرائع):

لەسەر کردەوەی دووجۆرەکەی دووەمو سێیەم ڕاجیایی تێکەوتووە، کە ئایا لەبەر ئەوەی کە دەبنە هۆکاری خراپە، ئیتر قەدەغە دەبن، یان نا.....؟!

حەنبەلییەکانو مالکییەکان دەڵێن: قەدەغە دەکرێنو غەیری ئەمانە وەك شافعیو ظاهیرییەکان، دەڵێن:قەدەغە ناکرێن[1].

بەڵگەی ئەم گروپە ئەوەیە کە ئەم کردەوەگەلە حەڵاڵنو، قەدەغە ناکرێن، بەهۆی ئەگەری بوونە هۆکاریان بۆ خراپەکاری.

ئینجا بەڵگەی گروپی یەکەم: ئەوەیە کە (سد الذرائع) بنەمایەکە لە بنەماکانی شەرعدانانو، خۆڕسکەو پێی خۆی وەستاوەو، بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراوە، لە بەڵگەکانی ئەحکام، کە بنیاتی ئەحکامی لەسەر دەنرێت، جا مادام کردەوەکە زیاتر دەبێتە پاساو بۆ خراپە کرایو، شەریعەتیش بۆ ئەوە هاتووە، کە ڕێگری لە خراپە بکاتو، دەرگاو دەروازەکانی خراپەکاری دابخات، بۆیە هەر دەبێتنەو کردەوەیە قەدەغەبکرێت، بۆیە ئەم

1 الأم، للمام الشافعي، ب٣،ل٦٩، بدايةالمجتهد، ب٢، ل١١٧-١١٩ المغني ب٤، ل١٧٤و دواتر، المدونة الكبرى، ب٢، ل١٧١، وب٣، ل٣٩٩، مختصر الطحاوي، ل٢٨٠.

گرووپە تەماشای ئامانجو مەبەستو دەرەنجامی ئەم کردەوانەیان کردووە، بۆیە گوتویانە کە قەدەغەنو، بە موباح ئەژماریان نەکردوون، بەڵام گرووپی دووەم تەماشای لایەنی موباح بوونی کردەوەکانیان کردووەو، گوتییان بە دەرەنجامەکەی نەداوەو، هەر بەوهۆیەی ئەم بەڵگەیەشەوە، بەقەدەغەیان نەزانیوەو، ئەو مۆڵەتە گشتییەی شەرعیان وەرگرتووە، کەلەم بارەیەوە هاتووەو، وەرگرتنەکەیان بەڕاستر داناوە بەسەر ئەو زیانەدا کە بۆی هەیە، بەهۆیەوە ڕوودەداتو بەرپا ببێت.

ڕای گرووپی یەکەم، کە قەدەغەکارەکانن، بەهێزترە چونکە ئامرازەکان کاتێک حساب بۆکراوان، کە هاوشانو گونجاو بن، لەگەڵ ئامانجەکانداو (ئیبن قەیمی جەوزی)، لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە تەنها لە ڕێگای هۆکارەکانو ڕێبازەکانەوە دەتوانین بگەین بەئامانجەکان، بۆیە کەواتە ئامرازو ڕێبازەکانی ئامانجەکانیش پاشکۆی ئامانجەکاننو، لەوەوە پلەی حساب بۆ کردن وەردەگرنو، لەم ڕوانگەیەوە ئامرازەکانی حەرامییو سەرپێچی کردن، لە کەراهەت بوونیاندا، پەیڕەوی لە ئامانجەکان دەکەنو، بۆیە قەدەغەکردنیشیان هەر لەسەر بنەمای لێژبوونەوەیانە بۆلای ئامانجەکانو ئاستی پەیوەندییان بەو ئامانجانەوە دەبێتو، هەروەها ئامرازەکانی گوێڕایەڵی خودای گەورەو، نزیک کەوتنەوە لێیو، خۆشویستنیو دروست بوونی ئەمە بەپێی ئاستی دەگەڵ کەوتنی ئەم ئامرازانەیە بۆلای ئامانجەکانیان، وەک چۆن کە ئامرای گەیشتن بە هەر مەبەستێک، پاشکۆی ئەو مەبەستەیەو، هەردووکیشیان هەر مەبەستن، بەڵام ئەو شتەی کە مەبەستەکەمان بووە، هاوشانو هاو ئاستی هەیە، لەگەڵ ئامانجەکانیداو، پاشان ئامرازی کارە مەبەستەکەمان، هاوشانە لەگەڵ ئامانجی ئامرازەکاندا)[1].

---

1 إعلام الموقيعين، ب٣، ل١١-١٢.

٢٣١- قسەی لە پێشتر ((الراجح)) لەم بارەیەوە:

ئەوانەی کە (سد الذرائع)، یان وەك بەڵگەیەکی سەربەخۆ لەناو بەڵگەکانی ئەحکامدا ئەژمار نەکردووەو، بەڵگە بەوە دەهێننەوە کە کردەوە مادام موباح بوو، ئیتر قەدەغەکردنی دروست نییە، بیانووی ئەگەر دانان بۆ ئەوەی کە گوایا سەری لەخراپەوە دەردەچێت، چونکە ئەم گەڕانە بۆی هەیە بێنەدیو بۆیشی هەیە، کە نەیەنەدیو، سەر بەپێی گومانەکانن‌و، گومانیش کاریگەری لەسەر ڕاستو حەقیقەت دروست ناکاتو، لەڕاستیدا ئەم بەڵگەیە لاوازە، بێگومان ئێمە گوتمان، کە ئەگەری ڕوودانی خراپە، ئەگەر دەگمەن‌و کەم بوو، یاخود بۆی هەبوو ڕووبداتو، لایەنی ڕوودانی خراپەکە زاڵتر بوو، بەسەر لایەنی ڕوونەدانیدا، ئەمانە نابنە پاساوی قەدەغەکردنی کردەوەکەو، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە کە ئەگەری ڕاپێچ بوونی ڕووەو، خراپە، ئەگەرێکی زۆرو بەهێز بێت، کە لایەنی زۆری گومانی مرۆڤ بەو لایەندا بڕوات، کە کەوتنە ناو خراپەکەوە زاڵترەو، گومانی لە پێشتر (الراجح)، واتەگومان زیاتر بەلا ئەوەدا بوو کە ئەو کردەوەیە سەری لەخراپەوە دەردەچێت، ئەمە لەئەحکامی شەرعییەکردارییەکاندا بڕواپێکراوەو، بۆیە چەسپاندنیان لایەنی یەقین بوون، بەمەرج نەگیراوە، هەروەك پێشتریش لەو ئەحکامانەیدا کە شەرع لەسەر بنەمای گومانی زیاد (الظن الغالب) بنیاتی ناون نموونە گەلێك باسکران، وەك لەوەرگرتنی هەواڵ‌و فەرموودەی تاکە کەس‌و، شایەتیدان‌و، هەواڵدانی ئافرەت خۆی، لەسەر تەوابوونی کاتی بێ نوێژیو عیددەکەیو، ئەم ئەحکامانەیش بۆیە، بەرپاکراون، بۆ هێنانەدی ئەو بەرژەوەندییەی مرۆڤەکان، (کە بەلایەنی لەپیچشتر بە بەرژەوەندی دانراون، کە بۆی هەیە، وانەبێت، بەڵام لایەنی بەرژەوەندن بوونەکەی زاڵترە)، جا سەر ڕای ئەوەی کە لەم بەرژەوەندییانەدا بۆی هەیە، خراپە هەبێت، بەڵام ئەگەرەکەی لاوازە، واتە بوونی بەرژەوەندییەکە (راجح)ـە، و بوونی خراپەکە (مرجوح)ـە، چونکە بۆی هەیە، کە کابرای هەواڵدەر، لەفەرموودەی ئاحاددا، درۆی کردبێتو، ئەگەری هەیە کە شایەتە درۆی کردبێت، یان ئافرەتەکە لە هەواڵدانی بەتەوا بوونی عیددەکەی درۆ بکاتو، دواتر باسی ئەو بڕیارانە دەکەین کە شەرع دەری

کردوون‌و، کردوونی بەیاسا، بۆلادانی ئەو خراپەیەی کە ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئەمەیش لەکاتی باسکردنی بەڵگەی گروپەکەی تردا باس دەکەین.

پاشان بەڕاستی ڕەوا نییە، کە شەرع شتێك حەرام بکات‌و، دواتر هۆکارو ئامرازەکانی ڕێگایی بدات‌و، دواجار کردوەکە حەڵاڵ ببێت، یاخود ئەو ئامرازانە لەسەر موباح بوونی ئەسڵی خۆیان بمهێڵێتەوە، کەواتە لەم حاڵەتەدا مەرجی موباح بوونی هەر شتێك ئەوەیە کە ڕووەو خراپەیەك مل نەنێت، کە گومانی ڕوودانی ئەو خراپەیە لە کردنیدا زیاتر بێت، بەسەر لایەنی ڕوونەدانیدا، جاکە بە ڕەچاوکردنی مەرج گەل‌و بارو دۆخێکی تایبەت، بوویە هۆکار بۆ ڕوونەدانی خراپەیەکی لەم شێوازە، ئەوا لەم حاڵەتەدا قەدەغە دەکرێت‌و، حەرام دەبێت، بۆ نموونە مامەڵە کردن، موباحە، بەڵام لەکاتی بانگدان بۆ نوێژی جومعە حەرامەو، هەروەها جنێودان بەخودای هاوەڵ بڕیاردەرەکان موباحە، بەڵام قەدەغە دەبێت، ئەگەر هاتوو، بوویە هۆی جنێودان بە خودای مەزن (جل وعلا)، هەروەك پێشتریش گوتمان‌و، هەروەها بڕینی دەستی دز پێویستە، بەڵام دەبێت لەکاتی شەڕو جیهاددا دوا بخرێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لاتقطع الأيدي في الغزو: دەستی دز لەکاتی جەنگ‌و جیهاددا نابڕدرێت) تا نەبێتە بیانوو، بۆ کابرای دزەو ڕابکات بۆ ناو ڕیزەکانی دوژمن‌و، هەروەها خەڵات‌و دیاری موباحەو، تەنانەت سوننەتیشە، کە لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێت: (تهادو تحابوا) خەلات‌و دیاری یەکتری بکەن، ئەمە دەبێتە هۆکاری خۆشەوەیستی لە نێوانتاندا، بەلام خەڵاتی قەرزار بۆ خاوەن قەرز قەدەغەیە، ئەگەر پێشتر نەریتی ئەو خەڵاتکردنە لە نێوانیاندا نەبووبێت، تاوەك‌و ئەمە نەبێتە هۆی پاساو بۆ خراپەیەك، کە سووخۆرییەو، هەروەها بەرگرتن لە خراپە ئەرکە، بەڵام ئەگەر بوویە هۆکاری خراپەی گەورەتر، ئەوە دەست لێهەڵگرتنی دروستە.

٢٣٢- لەسەراپای ئەم درێژە باسەوە، دەرکەوت کە ئەسڵ‌و بنەڕەتی (سد الذرائع)و،ئەژمار بوونی وەك بەڵگەیەك لەبەڵگەکانی ئەحکام ڕاستیەتی وەرگێڕاوو

دانپانراوه، چونکه بنه‌مایه‌که که قورئان‌و سوننه‌ت، له‌سه‌ر بڕوا پێکراوییه‌که‌ی کۆکن، له‌و به‌ڵگانه[1]:

١- خـــوای پــه‌روه‌ردگار ده‌فــه‌رموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرْنَا﴾[2] واتــه: ئــه‌ی ئه‌وانــه‌ی باوه‌ڕتــان هێنــاوه، لــه‌کاتی قــسه‌کردن له‌گــه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) مه‌ڵێن، (راعنا)، به‌و مانایه که گوایا بـاش گوێبیـستمان بـه، تـا ئێمـه مه‌به‌ستی خۆمانت پێ ڕاده‌گه‌یه‌نین‌و، تۆیش وه‌ری بگرێت، چونکه ووشـه‌ی (راعنـا) هـه‌ر له‌و ووشه‌یه ده‌چێت، که جوله‌که بۆماناى به‌دکارو لاى خۆیـان بـه‌کاری ده‌هێـنن، چـونکه به‌زمانی عیبری جوله‌که (راعینو) واته، ئه‌ی بـه‌دکارو سـاویلکه‌و، لـه جیـاتی ئـه‌وه بڵێن، (أنظرنا، ته‌ماشامان بکه)، یان (اسمعوا: هۆشت پێمانه‌وه بێت)!

که‌له‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌دا، خوای په‌روه‌ردگار ڕێگری کـردووه، لـه بـاوه‌ڕداران، کـه بڵێن، (راعنا)، هه‌رچه‌نده نیازیـشیان باشـه‌و بـاك بێـت، ئه‌مـه وه‌ك بـه‌رگرتنێك بـۆ ئـه‌و بیـانوو پاسـاوه‌ی کـه هــاو لێکـچوون دروسـت ده‌کـات، له‌گـه‌ڵ جوله‌کـه‌کان، کـه مه‌به‌سـتیان به‌ده‌ربڕینی ئه‌م ووشه‌یه، جنێودان بوو، به پێغه‌مبه‌ری ئازیز (ﷺ).

٢- حه‌رام کردنی دڵۆپێك له ئاره‌ق، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بێته بیانووو پاساو بـۆ خواردنـه‌وه‌ی قومێك‌و، خواردنه‌وه‌ی قومێکیش پاساوه بۆ خواردنه‌وه‌ی ئه‌وه‌نده ئاره‌ق که بخۆره‌کـه‌ی سه‌رخۆش بکات‌و، دوجار بکه‌وێته ناو حه‌رامه‌وه، هه‌ربۆیه‌ش له فـه‌رموده‌دا هـاتووه، کـه ده‌فه‌رموێت: (ما اسکر کثیر، فقلیله حرام) ئه‌وه‌ی خواردنـه‌وه‌ی زۆره‌کـه‌ی مـرۆڤ سـه‌رخۆ بکات، که‌واته که‌مه‌که‌یشی هه‌ر حه‌رامه‌و، هۆکاره‌که‌یشی ئه‌وه‌یه که گوتمان.

٣- حه‌رامی مانه‌وه له‌گه‌ڵ ئافره‌تی نامه‌حره‌مداو، له‌چۆڵه‌وانیدا، بۆ ئه‌مه‌ی سـه‌ری لـه حه‌رامه‌وه ده‌رنه‌چێت.

---

1 بڕوانه إعلام الموقعین، ب٣، ل١٢١-١٤٠.

2 سورة (البقرة/ ١٠٤).

٤- حەرامی گرێبەستی هاوسەر گیری، لە کاتێکدا کە ژنەکە لە عیددەدا بێت، هەرچەندە پرۆسەکەیشی دوا بکەوێت، ئەمەیش وەك بەرگرتنێك بۆ پاساوی گواستنەوەی‌و چوونە لای پێش تەواو بوونی عیددەکەی.

٥- پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە کۆکردنەوەی نێوان غەرزی ڕابردووی بێ سوو، لەگەڵ مامەڵەدا، تا کۆکردنەوەیان نەبێتە هۆکاری پاساو پەیدا بوون بۆ سووخۆری.

٦- شەرع قەدەغەی کردووە، کە کاربەدەستان‌و قازی‌و دادوەرەکان خەڵات‌و دیاری وەربگرن، لەو کەسانەی کە نەریتیان وا نەبووە، کە پێشتر خەڵات‌و دیاریان دابێت، تا ئەو خەڵات‌و دیاریانە نەبنە پاساو بۆ لایەنگیری نادروستی کابرای خەڵاتکارو خۆشەویستبوونی لای قازی‌و کاربەدەستەکان.

٧- ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوەی کە کابرا بۆیە تەڵاقی داوە تا لە میرات پێدانی خۆی دەرباز بکات، میرات هەر دەبات، بۆ ئەوەی کە تەڵاقدان نەبێت بیانووو پاساوێك بۆ بێبەش بوونی لە میرات بردن‌و ئەمەش ڕای جەماوەری شەرعزانانەو، بنەماکەی لەسەر ئەو فەتوایە هاتووە، کە هەندێ لە موجتەهیدەکانی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) فەتوایان پێ داوەو، ئەوەی کە ئەم گروپە لەسەری چوون، لەسەر بنەمای (سد الذرائع) دامەزراوە، کە بە دەقی قورئان‌و فەرمووده ڕاستی‌و دروستیەکەی چەسپێنراوە.

٨- پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە کە کەسێك شتێکی دۆزیەوە هەرچەندە ئەو کەسە بڕواپێکراویشە بەڵام با هەر شایەت بگرێت لەسەر شتە دۆزراوەکە، نەبادا پاساوی شاردنەوەی بە هۆی تەماعەوە لە دواتردا لە لا دروست بێت.

٩- شەرع ڕێگری کردووە، کە کەسێك بچێت ئافرەتێك بخوێزت، کە کەسێکی تر خواستوویەتی‌و هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە، یاخود سەوداو مامەڵە بەسەر هی برا موسڵمانەکەیدا بکات، یاخود شتێك بفرۆشێت کە کەسێکی تر خەریکە هاکا دەیفرۆشێت بە کابرای کڕیارو ئەم مامەڵەکەی خۆی پێش بخات بەسەریدا، ئەمانەیش هەموو بۆ بڕینی ئەو پاساوو بیانووانەن کە دەبنە هۆکاری ڕق‌و قین‌و لێکترازان لە نێوان شیرازەی کۆمەڵگاو موسڵمانانداا.

١٠- شەرع ڕێگری کردووە لە قۆرغکردنی شتوکەمو شاردنەوەی، تا بە گرانتر بفرۆشرێت، واتا (احتكار) کردنو، دەربارەی مرۆڤی خراپی لەم جۆرە وتراوە: (لا يحتكر إلاّ خاطيء) واتە: تەنها مرۆڤی هەڵەکارو تاوانکار، دەچێت قۆرغکردن (احتكار) ئەنجام دەدات، چونکە کردنی ئەم کارە پاساوو هۆکارو بیانووە بۆ خراپەو بەرتەسککردنەوەی نانو خواردنی خەڵکیو سەختکردنی ژیان لەسەریان.

١١- ئەگەر کەسێك شتێك وەك زەکات بدات بە خەڵکی، شەرع قەدەغەی کردووە لەو کەسە کە بیکڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو شتە لە بازاڕیشدا دانرابێتەوە بۆ فرۆشتن، چونکە نەبادا ئەم کارە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو کابرا زەکاتدەرە ئەو شتومەکە بە نرخێکی هەرزان لە کابرای هەژار بسەنێتەوە.

١٢- شەرع ڕێگری کردووە لە خاوەن قەرز، کە خەڵات لە خاوەن قەرزەکە وەربگرێت، مەگەر کاتێك دروستە کە ئەو خەڵاتە لەسەر قەرزەکە دابشکێنێت.

١٢٣- ئەم بەڵگانەو هی تریش بەڵگەیەکی ئەوتۆ پێك دەهێننو بەرپا دەکەن، کە (سد الذرائع)، وەك بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی ئەحکام، دەچەسپێننو بە بڕواپێکراوی ئەژمار دەکەن، جا ئەوانەی کە وەك بنەمایەك لە بنەماکانی شەرع دانانی ئەژمار ناکەن، تەنانەت لە هەندێ لە ئیجتیهادەکانیاندا بە پێی ناواخنو هەژموونی (سد الذرائع) کاریان کردووەو لە ناو بازنەی بنەمایەکی تردا، یاخود یاسایەکی تردا، جێگایان کردۆتەوە.

وەك ئەوەی کە (ظاهیرییەکان) ڕایان وایە فرۆشتنی چەك بە کەسێك کە دڵنیاین بۆ دژایەتیو تێکدانی ئاسایشی بەکار دەهێنێت، مامەڵەیەکی بەتاڵەو هەروەها فرۆشتنی ترێ بە کەسێك کە دڵنیاین ئارەقی لێ دروست دەکات، دیسان مامەڵەیەکی بەتاڵە، چونکە کردەوەی لەم جۆرە هاوکاری کردنە لەسەر خراپەکاریو تاوانو ئەمەیش بە پێی ئایەتی قورئان پیرۆز دروست نیە، کە دەفەرمووێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى

﴿ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾[1]، واتـە: لەسـەر چـاكەو لەخواترسـان هاوكـاری یـەكتری بكـەن، نـەوەك لەسەر خراپەو دوژمنكاری.[2]

حەنەفییەكان ڕایان وایە كە ئافرەتێك بۆیە تەڵاق درابێت، تا میرات نەبات، دەبێت هەر مـیرات ببـاتـون دەڵـێن ئەمـە مەزهـەبی هاوەڵانـە، كـە ئێمـە كـاری پـێ دەكـەین‌و كـەس نەبینراوە كە پێچەوانەی بووبێت‌و.....هتد.

لەم ڕوانگەیەوە هەروەك وتراوە: تەنها مالیكیەكان نین كە بەم بنەمایە دەكـەن، بـەڵكو تەنها مالكییەكان زیـاتر لـە خـەڵكی تـر كاریـان بـەم بنەمایـە كـردووەو زانـاو شـەرعزانی مالكییەكان (الخراف) لەم بارەیەوە دەڵێت: سەبارەت بە (ذرائـع) زانایـان كـۆڕان، لەسـەر ئەوەی كە دەبێتە سێ بەشەوە: یەكەمیان، بە كۆڕا بڕواپێكراوە وەك هەڵكەندنی بیری ئـاو لەسەر ڕێگای موسڵمانان‌و، ژەهراوی كردنی خواردنیان‌و، جنێودان بە بتـەكانیان، لـە لای كەسێكی هاوەڵ بڕیاردەردا كە چـاوەڕێی ئـەوەی لێ بكرێـت، كـە بـە بیـستنی جنێوەكـە، ئەویش پەنا بە خـوا جنێـو بـە خـوای (جـلّ وعـلا) بـدات، دووەمیـان، بـە كـۆڕای زانایـان كارپێنەكراوە، وەك ناشتنی ڕەزو ترێ كە بە هۆی ترسی ئـەوەی كـە بكرێـت بـە ئـارەق، ئەو چاندنەی قەدەغە ناكرێت، سێیەمیان، ڕاجیایی لەسەرە، وەك مامەڵەی ئاینـدە، واتـە لەسەر شتێك كە ئێستا لەبەر دەستدا نەبێت‌و دواتر ئامادە بێت، كە ئێمە (بیانوو: ذریعة) لەمانەدا بە بڕواپێكراو دەزانین، بەڵام خەڵكانی تر لەم باسەدا، لەگەڵ ئێمـە ڕاجیـانن لـەم ڕوانگەیەوە دەرەنجامی ئەم پرسە ئەوەیـە كـە ئێمـە زیـاتر لـەم خەڵكانـە ملكەچـی (سـدّ الذرائع)ین‌و ئەم ملكەچ بوون‌و بڕواپێبوونە تایبەت نییە بە ئێمەوە.[3]

---

1 المائدة (٢).

2 المحلى، ب٩، ل ٣٤٨.

3 تنقیح الفصول، للقرافي، ل ٢٠٠، لەپەراوێزی ل ٤١٦ لە كتێبی (مالك)ی شیخ أبو زهرة وەرگیراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، تەنها مالکیو حەنبەلییەکان (سدّ الذرائع)، وەك بنەمایەکی سەربەخۆ لەناو بنەماکانی ئەحکامدا تەماشا دەکەنو، هەر بەم هۆیەوەیش، زیاتر لە خەڵکانی تر کاریان پێکردووە، هەروەها زیاتر لە گروپەکانی تر ئەحکامەکانی خۆیان لەسەر ئەم (سدّ الذرائع)ە، بنیات ناوەو بەرپاکردووە.

٢٣٤- ((سد الذرائع)) و ((المصالح المرسلة))

بنەمای (سد الذرائع) جەخت کەرەوەیە لەسەر بنەمای (المصالح المرسلة) و توتندکەرەوەو تۆکمەکەرەوەیەتی، چونکە ئەو ئامرازو فاکتەرانە قەدەغە دەکات، کە هۆکارن بۆ مل نان پووەو خراپەو، ئەمەیش ڕەهەندێکی جەخت لەسەر کراوەی بەرژەوەندییەکانەو، کەواتە دواجار تەواوکەرو کاملچکاری بنەمای بەرژەوەندییەکانەو تەنانەت هەندێك شێوازی (سد الذرائع) وەك شێوازو بەشی (المصالح المرسلة) دانراونو ئەژمار کراونو، هەر بەم هۆیەشەوە دەبینین کە ئەوانەی کار بە بنەمای (المصالح المرسلة) دەکەن، وەك بەڵگە وەریان گرتووەو، ئاڵاهەڵگری ئەم گروپەن، وەاتە مالکیو پەیڕەوانیان بە (سد الذرائع) یش هەیەو، هەروەها پیشیان وایە کە ئەگەر ئەو پاساوو بیانووە بوویە هۆکار بۆ مل نان ڕووەو خراپە، ئیتر قەدەغەی دەکەنو، هەرکات زیاتر بوویە هۆکاری بەرژەوندی، ئیتر کاری پێدەکەن، هەر چەندە خودی ئامرازەکانیش حەرام بن، بۆیە رشێگایان داوە بە دەوڵەتی دوژمن تابەم هۆیەوە خۆی لە شەڕیان بپارێزێت، ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامییەکە لاواز بووو، هەروەها بەدروستیان زانیوە، کە هەندێ ماڵو سامانمان، وەك بەرتیل بدرێت، ئەگەر تەنها یەك لەبەر دەم ئەو کەسەدا کە مابوویەوە، ئەو بەرتیلدانە بوو، تا خۆی لەستەمو تاوانێك بپارێزێت، کە زیانی تاوانەکە زیاتر بوو، لە زیانی دانی ئەو بڕەسامانەو، هەروەها بە دروستیان زانیوە، کە موڵکو سامان بدرێت، بە دەوڵەتی شەڕکەر، وەك برێتییەك بۆ ئازاد کردنی گیراوانی مسوڵمانان، سەرەڕای ئەوەی کە دانی سامان بە دەوڵەتی شەڕکەر دروست نییە، کە بەڵام لێرەدا دروستە بۆ لادانی زیانێکی گەورەتر، یان بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکی مەزنتر[1].

---

1 الفروق، للقرفي، ب٢، ل٣٢-٣٣.

﴿بەشی هەشتەم﴾

((بەڵگەی هەشتەم: نەریت: العرف))

عورف ((نەریت)) بریتییە لەو شتەی کە کۆمەڵگە خووی پێوە گرتووەو، کردوویەتیە نەریت بۆ خۆیو، لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەسەری دەڕوات، چ گوفتاری بێت، یان کرداری چونیەکە.

عورفو عادەت ((نەریت)) لەلای شەرعزانەکان یەك مانایان هەیە، جا کە دەڵێین، فلانە شت، بە عورف چەسپاوە، مانای ئەوە نییە، کە عادەتە شتێکی تربێتو، لە عورف جیاواز بێتو، بەڵکو هەمان شتەو هاومانانو، لەسەر بنەمای جەخت کردنەوە لەسەر مانای عورف بەو شێوازە هێنراوە، نەك وەك ووشەیەکی سەربەخۆ.

جا عورف، هەر وەك لە پێناسەکەیەوە ڕوون دەبێتەوە، جاری وا هەیە، کە گوفتارییەو، جاری واهەیە، کە کردارییەو، جاری وا هەیە، کە تایبەتو، جارو باریش گشتییەو، لەسەر جەم ئەم شێوازانەیشەوە، یان دروستە یان نادروستە.

٢٣٦- نەیتی کرداری: بریتییە لەو کردەوانەی کە بوونەتە نەریت لەلای خەڵکی، وەك مامەڵەی دەستاو دەست، واتەبێ بوونی گرێبەستو، دابەکردنی مارەیی ئافرەت، بۆ مارەیی حازرو مارەیی قەرزو، چوونەگەرماوی گشتی بەبێ دیاری کردنی ماوەی مانەوە تیایداو، ئەندازەی ئەە ئاوەی کە بەکاری دەهێنیتو، هەروەها دروست کردنی قاپو قاچاغی ناو ماڵو دروست کردنی پێڵاو.

- نەریتی گوفتاری:- بریتییە لەو دەربڕینە زمانەوانییانەی کە خەڵکی لە هەندێ لە گوفتارییاندا لەسەری ڕاهاتوونو، بووەتە نەریت بۆیان، بەوەی کە مەبەستیان پێی مانایەکی دیاریکراوە، لە غەیری ئەو مانایەی کە لەبنەمادا دانراوە بۆی، وەك ئەوەی کە لەفزی (ولد: منداڵ) بەکار دەهێنن، بۆ کوڕو پیاو نەوەك بۆ مێینە، وەك لە هەندێ ولاتی کوردەواریشدا، وشەی (زەلام) تەنها بۆ پیاو بەکار دەهێنرێتو، هەروەها ووشەی

(گۆشت)، بۆ غەیری (ماسی) بەکار دەهێنرێت، لەکاتێکدا (ماسی) یش گۆشتی هەیەو، هەروەها ناوی (دابە) ئاژەڵ تەنها بۆ ئاژەڵانی چوار پێ بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا ئەم ووشەیە لەبنەمادا دانراوە، بۆ هەر گیانەوەرێ کە بەسەر زەویدا رشێ بکات.

جا عورف بەهەردوو جۆرە گوفتاریو کرداریەکەیەوە، جاری وا هەیە، کە گشتییە، ئەگەر هاتوو بەسەرجەم ولاتی ئیسلامدا بلاو بووبویەوەو، تەواوی خەڵکی لەم ولاتانەدا کردبوویانە نەریت بۆ خۆیانو لەسەری دەڕۆیشتنو، عورفە تایبەت ئەوەیە کە هەندێ ولات بەکاری بهێننو، هەندێکی تر بەکاری نەهێننو، لەلای هەندێ خاوەن پیشەی تایبەت بەکار بێتو، لەلای هەندێکی تریان بەکار نەیەت.

نموونەی عورفی کرداری تایبەت لە عێراقدا، وەك دابەشکردنی مارەیی بۆ حازرو قەرزو، هەروەها لە هەندێ ناوچەی پارێزگای (دیالە) کاتێك کەسێك پرتەقاڵ دەکرێت، کابرای فرۆشیار چەند پرتەقاڵێکی زیادە دەکاتە ناو عەلاگەی کابرای کڕیارەوە.

ئینجا نموونەی عورفی زارەکی گشتی، وەك بەکار هێنانی لەفزی (دابە: ئاژەڵ) بۆ ئاژەلانی چوار پێو، بۆ مرۆڤ بە کاری ناهێنینو، هەروەها وەك بەنەریت کردنی بەکار هێنانی لەفزی (طلاق) بۆ لابردنی پەیوەندییەکانی هاوسەرایەتی پاشان نموونەی عورفی زارەکی تایبەت، وەك ئەو زاراوانەی کە خەڵکانی زانستیو ئەکادیمیو پیشەوەرو پیشە سازەکان لەسەر ڕاهاتوونو، لە کاتی بەکار هێنانیاندا مەبەستیان پێیان، زاراوەی تایبەتی خۆیانە، کەلەلای ئەوان باوە نەوەك مانا زمانەوانییەکانی خۆیان.

٢٣٧- عورفی دروست ئەوەیە کە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێتو، بەرژەوەندییەکی تەندروستو حساب بۆ کراو لەناو نەباتو، نەبێتە هۆکاری هێنانەدی خراپەیەك، کە بەلایەنی زۆری بەو هۆیەوە هاتنەدییەکی پشت ڕاپتبکرێتەوە، وەك بەنەریت بوونی ئەو حاڵەتە لەلای خەڵکی، کە دەچن ئەوەی داواکار دەیکات بۆ ژنە داواکراوەکە، لە جلو بەرگو ئەو شتانە بەخەلاتو دیاری ئەژمار دەکەنو، ناچێتە ناو بازنەی مارەییەوەو، هەروەها وەك نەریتی ئەوەی کە لەکاتی گرێبەستی ژن مارەکردندا خەڵکی کۆ دەکەنەوەو شیرینیان دەدەنێو، هەروەها وەك ئەوەی کە خەڵکی شاری

بەغدا پێش پەنجا ساڵ نەریتیان وابووە، کە خاوەن ماڵ کاتێك خانووی دروست دەکرد، نانو خوانی دەدا بەکرێکارەکانو، هەروەها خاوەن چاپخانەکان نانیان دەدا بەکرێکارەکانیان لە نیوەڕۆو ئێوارەدا، هەروەها وەك ئەوە کە لە عێراقدا وا نەریتە، کە مارەیی قەرز بۆژنەکە ناکرێت، مەگەر لە کاتی تەلاقدانیدا یان مردنی مێردەکەیدا.

عورفی خراپ، ئەوەیە کە پێچەوانەی دەقی شەرعیی بێت، یاخود بەدیهێنەری زیانێك بێك، یاخود لەناوبەری بەرژەوەندی بێت، وەك نەریتی خەڵکی لەوەیدا کە دەچن گرێبەستی بەتاڵ ئەنجام دەدەن، بەهێنانی قەرزی سوودار لە بانکەکان، یاخود لە خەڵکی تر، هەروەها خۆگرتن بە قومار کردن، بە یانسیبو پێشبڕکێی ئەسپو وەرەقێنو تاوڵەو هتد......

٢٣٨- بە بەڵگەبوونی عورف:

زانایان عورفیان بە بنەمایەك زانیوە لە بنەماکانی هەڵهێنجانی ئەحکام، کە حوکمەکانی لەسەر بنیات دەنرێت، لەو قسانەی زانستمەندان کە بەڵگەیە لەسەر بە بەڵگەبوونی عورف، ئەوانەیە کە دەڵێن: (العادة محكمة، لە ڕووی شەرعەوە کار بە عورف دەکرێت، یاخود عورفو عادەت لەشەرعدا پێگەدارە)، هەروەها دەڵێن: (المعروف عرفاً، كالمشروط شرطاً، ئەو شتەی کە لە عورفدا ناسرابێت، وەك ئەوە وایە کە لە گرێبەستدا وەك مەرج دانرابێت، یاخود مەرجی عورفی بوون، وەك مەرجی لەفزی وایە !).

هەندێ لە زانایان،[1] ئایەتی: ﴿ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ ﴾[2] واتە: لێبوردە بەو فەرمان بە چاکە بکە، بە بەڵگەی (بەبەڵگەبوون)ی، عورفی دادەنێ، بەوەیشیان زانیوە کە عورف بەڵگەیە لە بەڵگە بڕواپێکراوەکانی شەریعەت، بەڵام بە ڕاستی ئەم بەڵگەیە لاوازە، چونکە ئەو عورفەی لە ئایەتەکەدا هاتووە، مەبەست پێی (معروف، چاکە)یە، مەعروفیش ئەوەیە

---

1 الفروق، للقرافي، ب٢، ل١٤٩.

2 الاعراف (١٩٩).

کە کردنی بە باش دانراوەو کردنی پێویستکراوە لەسەر شان، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە شەرع فەرمانی پێکردووەو هەندێکیش ئەم فەرموودەیەیان کردووە بە بەڵگە:[1] (ما رآه المسلمون حسناً، فهو عند الله حسن، ئەوەی کە موسڵمانان بە چاکی دەزانن ئەوە لە لای خودایش چاکە)، کە ئەم فەرموودەیەیان بە بەڵگە داناوەلەسەر (بەبەڵگە)بوونی عورف، دیسان ئەم بەڵگەیەش هەر لاوازە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە زانایان وتوویانە کە ئەو فەرموودەیە لەسەر ئیبن مەسعود وەستێنراوە، لەسەر بەبەڵگەبوونی ئیجماع دەلالەت دەکات، نەوەك لەسەر عورف،[2] مەگەر لە کاتێکدا نەبێت کە عورفێکی دروست پاڵپشتی لە ئیجماعەکە بکات، کەواتە دواجار ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی عورف، نەوەك عورف بە ڕەهایی.

لە ڕاستیدا، عورف لە شەرعدا بڕواپێکراوەو خاوەنی پێگەی خۆیەتیو دروستە ئەحکامی لەسەر بنیان بنرێت، لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر ئەمەی کە ئێمە دەیڵێین لە چەند ڕوویەکەوەیە لەوانە:

یەکەم: دەبینین خودای کاربەجێ، ڕەچاوی عورفە تەندروستەکانی عەرەبی کردووە، لەوانە داننانی شەرع بە بازرگانیە جۆراوجۆرەکانو هاوبەشییە دروستەکان لە نێوانیانداو لەناو عەرەبەکاندا، وەك شەریکی دوو کەس لە کاسبیەکداو، کڕینو فرۆشتنوبە کرێدانە دوور لە خراپەکان،[3] لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە شەرع، مامەڵەی (سەلەم)ـی، لە بەر هۆکاری بە عورف بوونی لەناو خەڵکی مەدینەدا هەڵاوێرکردووە لەناو ئەو نەهییە گشتیەدا کە هاتووە سەبارەت بە نادروستی مامەڵەی شتی نادیار، هەروەها مامەڵەی فرۆشتنی خورما بە خورما ڕێگری کردووە، بەڵام سەبارەت بە (عرایا) مۆڵەتو دەرفەتی داوە، کە

---

1 الكاساني في (بدايع الصنايع)، ب٥، ل٢٢٣، والمبسوط، للسرخسي، ب١٢، ل ١٣٨.

2 الاسدي ب٣، ل١١٢.

3 بڕوانە (شرع الكنز) للزبلعي، کە لە بەرگی ٥، ل ٥٢ دا دەڵێت: خەڵکی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لێکدانی مامەڵە (مضاربة)یان دەکردو پێغەمبەریش (ﷺ) نکوڵی لێ نەدەکردن.

(عرايا: بريتيه لەو خورمايانەی كە بە درەختەكەوەن، كە بە شێوەی گۆترە دەفرۆشرێتو ئەندازەيان هەر بە درەختەكەوە بۆ دادەنرێت)، چونكە ئەم جۆرە مامەڵەیە لەناو خەڵكیدا عورف بووەو پێویستیان هەبووە بە كردنی مامەڵەی لەم جۆرە، جا ئەم هەڵسوكەوتەی خودای كاربەجێ لە دانانی شەرعدا، بەڵگەیە لەسەر ڕەچاوكردنی عورفی دروست، كە خەڵكی مامەڵەكانیانیان لەسەر بنیات ناوە، بەڵام سەبارەت بە عورفی خراپ دەبینین كە شەرع ڕەچاوی ئەمەیانی نەكردووەو بە بەتاڵو هەڵوەشاوە ئەژماری كردووە، هەروەك لە عورفی بە كوڕدانانی منداڵی خەڵكیدا ئەم كارەی كردووە، كە یەكێك بووە لە عورفو عادەتەكانی سەردەمی نەفامی، هەروەها سەبارەت بە عورفی میرات نەدان بە ئافرەتان، كە شەرع هات ئەمەیشی هەڵوەشاندەوەو بەشێك میراتی بۆ ئافرەتان دیاری كرد.

دووەم: لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای بەڵگەیەك لە بەڵگەبڕواپێكراوەكانی شەریعەت، وەكو ئیجماعو (المصلحة المرسلة)و (الذرائع)، نموونەی ئەو عورفەی كە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئیجماع، وەك دروستكردنی كەلوپەلو پێداویستیەكانو چوونە گەرماوی گشتی، كە عورف بەبێ نكۆڵی كردن لەسەر ئەمانە چووە، بۆیە لێرەدا سەر بە ئیجماعەو بێگومان ئیجماعیش بڕواپێكراوەو نموونەی عورفیش هەیە، كە دەگەڕێتەوە بۆ لای (المصلحة المرسلة)، چونكە عورف دەسەڵاتی بەسەر دڵو دەروونی مرۆڤەكاندا هەیە، بۆیە ڕەچاوكردنی وەك ئاسانكاری وایە لەسەریانو لادانی ناڕەحەتیو دژوارییە لەسەر شانیان، ئەمە لە كاتێكدایە كە عورفەكە دروست بێت،نەك نادروستو خراپ.

هەروەها وەرچەرخاندنی ئەو خەڵكە لەو عورفە سەختیو ناڕەحەتی بە دواوە دێتو ناڕەحەتیش لابراوە، چونكە خۆی لە خۆیدا خراپەو نادروستی تیادایە، پێشەوا (سەرخەسی) لە كتێبی (المبسوط)دا، ئاماژەی بەمە داوە، كە دەفەرمووێت: (.... چونكە ئەو شتەی كە لە عورفدا چەسپاوە لە واقیعیسدا بە بەڵگەی شەرعی جێگیر بووەو

چەسپاوە، هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی کە وەرچەرخاندنی خەڵکی لە عورفێکی ئاشکرا، بێگومان سەختیو دژوارییەکی ئاشکرا بە دوای خۆیدا دەهێنێت).[1]

سێیەم: شەرعزانان کە عورفیان وەك بەڵگە داناوە، لە سەردەمە جیاوازەکانداو لە ئیجتیهادەکانیاندا وەك پاڵپشتێکی بڕواپێکراو تەماشایان کردووە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عورف بڕواپێکراوە، چونکە ئەم کارەی ئەو شەرعزانانە وەك ئیجماعی بێدەنگ وایە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان هەر بە ڕاشکاوی ئاماژەیان بەم ڕاستیە داوەو هەندێکی قرِوقپیان لێکردووەن کەواتە دواجار بڕواپێکراوی عورف، بە بەڵگەی ئیجماع چەسپاوە.

٢٣٩- مەرجەکانی بڕوا پێکراوی عورف، بۆ بنیاتنانی ئەحکامەکان لە سەری:

بۆ بڕواپێکراوی عورفو بنیاتنانی ئەحکامەکان لەسەری، چەند مەرجێك هەن، کە دەبێت بێنەدی، لەوانە:

یەکەم: نابێت ئەو عورفە پێچەوانەی دەقی شەرعی بێتو دەبێت عورفێکی دروست بێت، وەك لەو عورفنەدا هێنامانەوە سەبارەت بە عورفی دروستو هەروەها وەك ڕاهاتنو خوگرتنی خەڵکی بەوەوە کە کەسێك ئەمانەتو بارمتەی لە لابێت، دروستە بۆی بیداتەوە بەو کەسانەی کە عادەتەن دروستە لێی وەری بگرن، وەك ژنو منداڵو خزمەتکاری کابرای خاوەن ئەمانەت، هەروەها وەك وەقف کردنی شتی گواستراوەو هەروەها ئەو مەرجانەی کە پەیوەستن بەو گرێبەستانەوە کە عورفی دروست لەسەریان دەڕۆن، جا ئەگەر ئەو عورفە پێچەوانەی دەقی شەرعی بوو، ئەوە بڕواپێنەکراوە، وەك مامەڵەی سووخۆریو دابەشکردنی خواردنەوە کهولیەکان لە زەماوەندەکانداون دەرخستنی جێگا یاساغەکانی جەستە، ئەمانەو هاووێنەکانیان بەبێ ڕاجیایی نێوان

1 المبسوط، ب١٢، ل١٤.

زانایان هەموویان بڕواپێنەکراوو بەتاڵن،[1] مەبەستیش لە عورفی پێشەوانەی دەقی شەرعی ئەوەیە کە لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە پێچەوانە بێت، بە جۆرێك ئەنجامدانی ئەو عورفە کارکردن بە دەقەکە بە گشتی بەتاڵ بکاتەوە، وەك لەو عورفانەیدا کە هێناومانننەوە دەرکەوت، بەڵام ئەگەر بەم شێوازە نەبوو، ئەوە بە دژی دەقی شەرعی ئەژمار ناکرێت‌و، لە چوارچێوەی خۆیدا کاری پێدەکرێت‌و، کاریش بە دەقەکە دەکرێت، بەڵام لە غەیری ئەو جێگایەدا کە عورفەکە خوازیاری بووەن وەك لە گرێبەستی دروستکردنی کەلوپەلەکاندا کە لە ڕاستیدا ئەوە مامەڵەی شتی نادیارەو لە شەریعەتیشدا مامەڵەی شتی نادیار دروست نیە، بەڵام دروستکردنی کەلوپەل دروستە لەبەر ئەوەی کە خەڵکی بەبێ نکۆڵی کردن کاریان پێکردووەو بۆیە دواجار لەبەر خاتری عوف کاری پێدەکرێت، بەڵام غەیری ئەم جۆرە لە دروستکردنی کەلوپەل‌و پێداویستی، لە مامەڵەکردن بە شتی نادیار بە حەرام دانراوە، واتە تەنها ئەم جۆرە مامەڵەیە لە گرێبەستی دروستکردن (الاسنصناع)دا دروستە، ئەمەیش بە پێی یاسای: (بیع المعدوم لا یجوز) کڕین‌و فرۆشتن بە شتی نادیارەوە وەك ماسی لە دەریادا دروست نیە.

دووەم: دەبێت عورفەکە (مطرّد) گشتی یان زاڵ (غالب) بێت، مانای (إطراد)یش، واتە: عادەتێکی گشتی بێت‌و پاشکەوتە نەبێت، جاری وا هەیە کە بە (عموم) گشتاندن دەردەبڕدرێت، واتە ئەو عورفە بڵاو بێت لەناو خەڵکەکەیداو ناسراو بێت لە لایان‌و پێش ئەوانیش لەناویاندا کاری پێکرابێت، مەبەست لە زاڵبوون (الغلبة) ئەوەیە کە زۆرینەیان کاری پێکردبێت، واتە مەگەر تەنها کەمێك لەو خەڵکە گوێی نەدابێت پێی، ئینجا ئەم زاڵبوون‌و گشتی بوونە (الغلبة)و (إطراد) کاتێك لە لای ئەهلی ئەو عورفە بینران، بڕواپێکراون، نەك لە پەڕاوەکانی شەرعدا، چونکە بۆی هەیە ئەو عورفانە لەو پەڕاوانەدا بگۆڕدرێن.

---

1 لە کتێبی (المبسوط)دا، ب١٢، ل١٩٦، هاتووە کە دەڵێت: هەموو عورفێك کە دەقی شەرعی بە پێچەوانەیەوە هاتبێت، ئەوە بڕواپێنەکراوە.

سێیەم:- ئەو عورفەی کە خەڵکی کاری پێدەکات، دەبێت هەر لەسەرەتای ئەو هەڵسوکەتو کارپێکردنەوەوە هەبوبێت، واتە بەرپابوونو ڕوودانی عورفەکە لە پێشتر بێت، بەسەر کاتی هەڵسوکەوتەکەداو، دواتر بەردەوام بووبێت، تائەو کاتی ڕوودانەو، ئیدی لەگەڵ بەرابەری (مقارنـە) بکرێتو، لەم ڕوانگەیەوە بەڵگە هێناوەی پرسی وەقفەکانو ڕاسپاردەکانو مامەڵەکانو گرێبەستەکانی هاوسەرایەتیو، مەرجو زاراوە پەیوەستەکان پێیانەوە، هەروەها هەموویان دەبێت، لەسەر بنەمای عورفی کەسانێك ڕاڤە بکرێن، کە ڕوویان لە ئەنجامدانی ئەو کارانە کردووەو، عورف لەسەر دەمی ئەواندا بوونی هەبووە، نەوەك لەسەر بنەمای ئەو عورفەی کە لەدوای ئەوان سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك سودوقازانجی موڵكو ماڵی خۆی وەقف بکات، لەسەر زانایان، یاخود لەسەر فەقێو قوتابیانی زانستو ئەو عورفەی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو وەقفەدا، وابوو، کە مانای زانایانی والێك دەدایەوە، کە بریتییە لەو کەسەی کە شارەزایی لەکاروباری ئایندەدا هەیە، بەبێ مەرجی ترو، مەبەستی لە قوتابیانی زانست، ئەو قوتابیانە بوو، کە قوتابی زانستی شەرعین، ئەوا سودوقازانجی ئەو ئەو موڵكو ماڵە بەو جۆرە زانایانە دەدرێت، بەبێ مەرجی لەسەر دانانی بوونی بڕوانامەی تایبەت لەم بوارەدا، جائەگەر لەدوای ئەو وەقفە، عورفێك داهات، کە داوای بڕوانامەی لەو بوارەدا دەرکرد، لەو زاناو قوتابیانە، ئەوە بوونی ئەو مەرجە بۆ ئەو زانایانە لەو وەقفەدا کارپێکراو نییەو، تەنها بۆ قوتابیانی شەریعەت خەرج دەکرێتو، هیچ کەسێکی تر نادرێت، کە خەرێکی دەستخستنی زانستی جۆری ترە، هەرچەندە ئەو عورفەی کە دواتر داهاتووەو، لەدوای وەقفەکە خەڵك خووی پێوەگرتووە، وا دەربڕدراوە کە جگە لە قوتابیانی زانستی شەرعی، قوتابیانی تریش هەر دەکرێتەوە، بەڵام ئێمە هەر کار بەپێشینەکە دەکەین.

- چوارەم:- نابێت گوفتار یان کردارێکی وا لە ئارادا بێت، کە دژی ناوا خنی عورفەکە بێت، وەك بۆ نموونە لەبازاڕدا عورف وابێت، کە بە بەش بەش نرخەکە ڕشادەست بکرێت، بەلام کرشیارو فرۆشیار لەسەر ئەوە ڕێك بکەون، کە بەڕاشکاویو ڕاستەو خۆیی نرخەکە بەبێ بەشکردن بدەن، یاخود عورف لەسەر ئەوە بێت، کە بڕی

تێچونی ناردن لەسەر کڕیار بێت، بەڵام ڕێك بکەون، کە لەسەر فرۆشیار بێت، یاخود عورف لەسەر ئەوە بێت، کە تێکچوونی تۆمارکردنی خانووبەرە لە بەڕێوبەرایەتی تاپۆ لەسەر کڕیار بێت، بەڵام هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێك بکەون، کە بچنە گردنی فرۆشیارو، یاسا لێرەدا لەسەر ئەوەیە کە: (مایثبت بالعرف، بدون ذکر، لا یثبت، إذا نص علی خلافة: ئەو شتەی کە بەعورفو، بەبێ نابردنی لە گرێبەستی مامەڵەدا دەچەسپێت، لە کاتێکدا کە هەردەولای مامەڵەکە، لەسەر شتێکی پێچەوانەی ئەو گرێبەستە ڕێك بکەون، ئەوە ئەمەیان جێگیر نابێتو ناچەسپێت))[1].

٢٤٠- عورفو وێستگەی پڕاکتیزە کردنی ئەحکامەکان:

هەروەها عورفیش وەك دواوێستگە (مرجع) ێك، دادەنرێت، بۆ پڕاکتزەکردنی ئەحکامەکان، بەسەر ڕووداوو پێشهاتە تایبەتەکاندا، وەك ئەوەی کە دادگەری ((العدالة)) مەرجێکە، بۆ وەرگرتنی شایەتی دانی دروست، بەبەڵگەی ئایەتی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت: ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾[2] واتە: دوو دادگەر بەسەریانەوە بکەن، بەشایەتو، دەدگەری ((العدالة))یش لەلای شەرعزانان، ئەو خولیایەیە، کەوا لە خاوەنەکەی دەکات بەردەوام لەخواترس بێو، پابەند بێت بەڕێو شوێنەکانی مەردایەتییەوەو، هەرچی کاریگەری لەسەر پیاوەتی مرۆڤ هەبێت، ئەوا کاریگەریشی لەسەر دادگەرییەکەی دەبێتو، ئەو فاکتەرانەیش کە کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر دادگەری هەیە، بەپێی کاتو شوێن گۆڕانیان بەسەر دادێت، وەك ئەوەی کە پێشەوا شاطبي باسی کردووەو، دەفەرموێت: بۆ پیاوان، (واتە: نەپێچانەوەی جامانەو، مشکیو مەندیلو مێزەرو ئەو جۆرە شتانە)، کە ئەم کردەوەیە لەواقیعدا، بەگوێرەی جێگا جیاوازەکان، ئەمەیش جیاوازی بۆ دروست دەبێت، کە بێگومان ئەم کارە لە ڕۆژهەڵاتی

---

[1] القواعد، الأمام عز بن عبد السلام، ب٢، ل١٧٨.

[2] سورة (الطلاق/ ٢).

خۆماندا، بۆ پیاوانی خاوەن مەقامو پایە، کارێکی ناشرینەو، جوانتر وایە، سەریان ڕووت نەبێت، بەڵام بۆ ڕۆژئاوا شتێکی ئاساییەو، ناشرین نییە، کەواتە حوکمی شەرعیی، بەپێی ناوچەیش گۆڕانکاری بەرسەردا دێتو، لەدەرەنجامدا، لەلای خەڵکی ڕۆژهەڵات، کاریگەری خراپی لەسەر دادگەری کابرا دەبێت، بەلام بەڵام لەلای ڕۆژئاواییەکان وانییە!

هەر بەم شێوازەیش، لەکاتی پراکتیزە کردنی ئەم حوکمەی ناو ئەم دەقە قورئانییەدا کە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾[1] واتە: لەسەر خاوەن منداڵ ((باوك)) پێویستە کە قوتو جلو بەرگی دیکیان، بەشێوەیەکی شایستە بۆیان فەراهەم بکات، کە ئەم حوکمە دەگەڕێتەوە بۆ عورف، بۆ چەسپاندنی ئەندازەی ئەو نەفەقەیەی کی بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە ئەم دەقە، ئەندازەکەیی دیاری نەکردووە.

پێشەوا (جەصاص)، لە کتێبەکەیدا، (أحكام القران) دەفەرموێت: ئەگەر ژن پێداگیریو زیادەڕەوەی کردوو، داوای نەفەقەی زیاتری کرد، کە عورفو عادەت وانەبووە، ئەوە نایدرێتیٚ، هەروەها ئەگەر پیاوەکەیشی کەمو کوڕی کرد، لەدانی نەفەقەکەداو، کەمتر لە عورفو عادەتی دابین کردنەمەیش دیسان بۆی دروست نییەو، لەسەری پێویست دەکرێت، کە بڕی نەفەقەکە لە عورفی ئەو جێگاو سەردەمەدا چەندە، دەبێت ئەوەندەی بۆ فەراعەم بکات[2].

هەروەها هەر شتیٚ کە شەرع پێویستی کردبووو، ئەندازەیەکی دیاری نەکردبوو، ئەوا دەچین بەپێی عورف دیاری دەکەین.

٢٤١- گۆڕانی حوکمەکان، بە پێی گۆڕانی سەردەمەکان:

ئەو حوکمانەی کە لەسەر بنەمای عورفو عادەت بنیات نراون، بەپێی گۆڕانی عادەتەکان، ئەوانەیش دەگۆڕێن، ئەمەیش هەمان ئەو مەبەستەیە کە شەرعزانان لە

---

[1] سورة (البقرة/ ٢٣٣).

[2] الجصاص، ب١، ل٤٧٨.

فەرمایشتەکانیاندا درکاندویانە، کە فەرمویانە: نکۆڵی ناکریّ، لە گۆڕانی حوکمەکان، بەپێی گۆڕانی کاتو سەردەمەکانو، لەم بارەیەوە ((پێشەوا شەهاب الدین القرافی)) دەفەرموێت: ئەو حوکمانەی کە لەسەر بنەمای عورفو عادەتەکان بنیات نراون، تا عورفەکە هەبێت حوکمەکەیش هەیەو، هەر کە عورفەکەیش نەماو هەڵوەشایەوە، ئەوا حوکمەکەیش هەڵدەوەشێتەوە، وەك پارە لەمامەڵەکانداو، بوونی کەمو کوڕی لەو شتانەیدا کە ئاڵو گۆڕیان لە مامەڵەدا پێوە دەکرێتو، نموونەی تری وەك ئەمانە، جا کە عادەت، لەو پارەیەدا گۆڕدرا، بۆ جۆرێکی تری پارە، ئەوا نرخەکەی بەو پارە نوێیە دەبێتو، عادەتی پێوە گیراوەو، کار ئیتر بەپارە کۆنو ئێکسپایەر بووەکە ناکرێتو، هەروەها ئەگەر بوونی شتێك، لەجلو بەرگیدا بەکەمو کوڕی ئەژمار کراو، بەم بیانووەوە بڕیمانەوە بەسەر کابرای فرۆشیاردا، بەلام ئەگەر دواتر ئەم عورفە گۆڕدراو، ئەو کەمو کورشییە، بەشتێکی ئاسایی جوان تەماشاکراو، بوویەهۆکاری زیادی نرخەکەیشی، ئیتر بەهۆی بوونی ئەو شتەوە (کە پێشتر بەکەمو کوڕی سەیر دەکرا) ناتوانین جلو بەگەکە بدەینەوە بەسەر کابرای فرۆشیاردا، جا سەرجەمی ئەو حوکمانەی کە لەسەر بنەمای عورفو عادەت بنیات نراون بەپێی ئەم یاسایە بەڕێوە دەچنو، ئەم یاسایەیش بووەتە حەقیقەتێك، کە ئیجماعی شەرعزانانی لەسەرەو، بەدرێژایی مێژووفەتوای زانایان لەسەر ئەم یاسایە دەرچوونو، بەرپاکراون، جا هەر کات عورف گۆڕانی بەسەردا هاتو نویّ بوویەوە، دەبێت کەسی موجتەهید ئەو عورفە نوێیە بە بڕوا پێکراو بزانێتو، هەر کاتیش عورفەکە لەکار کەوت، ئەوا دەبێت موجتەهیدیش ئاستی بڕوا پێکراویو کارپێکردنی عورفەکە ئیدی لە کار بخات[1].

هەر لەسەر ئەم بنەمایەش حوکمەکان جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە پیچشەوا ئەبو حەنیفە، دادگەری ڕوکەشی بەهێند وەرگرتووەو، لەپەرسی سزادان لەسەر تاوانەکانو کوشتنەوەدا نەبێت، ئیتر ئەستۆپاکی شایەتەکانی بەمەرج نەگرتووە چونکە لەسەر دەمی

[1] القرافي ب١، ل١٧٦، إعلام الموقعين، ب٣، ل٩.

جەنابیاندا، خەڵکی زیاتر چاكو خواناس بوون‌و، لەگەڵ یەکتریدا ڕاستگۆیانە مامەڵەیان دەکرد، بەڵام لەسەردەمی (ئەبو یوسف)و(موحومەدی کوڕی حەسەن)دا، درۆ زیادی کردو پەرەی سەند، بۆیە کارکردن بەدادگەری ڕووکەشی دەبوویە هۆی گەندەڵی‌و تیاچوونی مافی خەڵکی، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم دووانە ناچار بوون بڕیار بدەن، بە بوونی ئەستۆپاکی شایەتەکان‌و، دواجار شەرعزانەکان سەبارەت بەم ڕشاجیاییەی نێوان پێشەوا ئەبو حەنیفەو قوتابییەکانی دەڵێن: ((ئەمە ڕاجیایی سەردەم‌و کاتە، نەك ڕاجیایی لەسەر بەڵگەکان))و هەروەها وەك ئەوەی کە حەنەفییەکان فەتوایان داوە، کە کڕیار کە ڕووکەشی خانووەکەو هەندێ لە بەردەکانی خانووەکەی بینی، بە مەبستی کڕینی، ئیتر دواتر مافی پەشیمان بوونەوەی نییە، کە بڵێت خانووەکەم نەدیوەو، ئەو ڕووکەش دیتنەی لەسەر ئەژمار دەکرێت، چونکە بەردەکان هەموویان لەسەر یەك شێواز لە دیوارەکەدا دا دەنرێت، بەلام کە دواتر عادەتی خەڵکی سەبارەت بە کردنەوەی خانوو گۆڕدرا، ئیتر زانایانی دوایینەی حەنەفی فەتوایان بەو جۆرە دا، کە دەبێت کڕیاری خانوو، سەرجەمی خانووەکە تەماشا بکات‌و، ببینێت، دەنا هێشتا مافی پەشیمان بوونەوەی دەبێت، ئەگەر ڕشوکەشەکەی‌و هەندێی ببینێت‌و، هەروەها وەك وەرگرتنی پارە لەسەر فێرکردنی وانەی قورئان بە قوتابیان، کە شەرعزانانی دوایینە بەدروستیان زانییوە، چونکە عادەتەکان گۆڕدرا بوون، کە ئەگەر لە ڕبردوودا بڕێك مووچە بۆئەو مامۆستایانە لە دارایی دەوڵەت (بیت المال) دیاری کرابوو، کە دواتر پچڕاو نا بڕاو کران، ئیتر زانایانی دوایینە فەتوایان دا، کە دروستە کرێ وەربگرن، نەبادا خەڵکی پشت لە قورئان خوێندن بکەن‌و، فێربوونی فەرامۆش بکەن‌و، هەروەها وەك، ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەرفترە ساعێك[1] خورما یان جۆ، یان کشمیش، یان کەشکی داناوە، کە بدرێت، چونکە ئەمە خواردنی زۆرینەی خەڵکی شاری مەدینە بوو، بۆیە ئەم خواردنە

[1] صاع: لەلای حەنەفییەکان کێشەکەی سێ هەزارو شەشسەدو سی گرامە، واتە سێ کیلۆو شەشسەدو سی گرام.

بەخواردنی تر بگۆڕدرێت، ئەوا ئەم زەکاتی سەرفترەیەش بەپێی خواردنە نوێیەکانی تر دەگۆڕدرێتو، دەکرێت بدرێت.

٢٤- ئەم گۆڕانە، لەم حوکمانەدا بێگومان تەنها ئەو ژمارە ئەحکامانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای عورف بنیات نراون، هەر وەك گوتمانو، ئەحکامە بەکلایی (قطعي) ییەکانی، شەرع ناگرێتەوە، هەر وەك ئەم گۆڕانە، بە نەسخو سڕەوەی ئەحکامی شەرعی نایەتە ئەژمار، چونکە حوکمەکە هەر ماوەتەوە، بەڵام مەرجەکانی پڕاکتیزە بوونی تیادا بەرجەستە نەبووەو، ناچار شتێکی تر پڕاکتیزە کراوە، لێرەدا دەردەکەوێت، کە عادەت هەرکات گۆڕدرا، ئەمە بەو مانایە کە ئەوە حاڵەتێکی نوێ تر هاتۆتە ئاراوە کە هۆکارە بۆ پڕاکتیزە کردنی حوکمێکی تر، یاخود ئەوەیە کە حوکمە ئەسڵییەکە هەر ماوەتەوە، بەڵام گۆڕانی عورفەکە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە وا پێویست بکات، کە مەرجی دیاریکراوی تر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بۆ پڕاکتیزە کردنی وەك ئەوەی کە بۆ نموونە مەرج لەشایەتەکاندا، دادپەروەری بوونیانەو، دەبێت دادگەربنو، پێشتر دادگەرییەکی ڕووکەشی بۆیان بەس بوو، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی کە درۆکردن لەناو خەڵکیدا زیادی کرد، ئەم مەرجە بوویە هۆکاری ئەوەی کە وا پێویست بکات، کە شاهیدەکان ئەستۆ پاکبنو، لەناواخندا دادگەربن.

((پێشەوا شاطبي)) لەم بارەیەوە دەفەرموێت: مانای ڕاجیایی ئەوەیە کە عورفەکان جیاواز بوون، ئەوا هەر عورفێك دەگەڕێندرێتەوە بۆسەر ئەسڵێکی شەرعیو، ئەو ئەسڵە بۆ ئەو عورفە، حوکم بەر پادەکرێت[1].

---

[1] الموافقات، ب٢، ل٢٨٦.

﴿بەشی نۆیەم﴾

بەڵگەی نۆیەم: ((قول الصحابي: فەرمایشتی هاوەڵان))

٢٤٣- ڕێخۆشکردن:

هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) لەلای جەماوەری زانایانی زانستی ئوصولی فیقە، ئەو کەسەیە کە چاوی بی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتبێتو، بڕوای پێ هێنابێتو، ئەوەندەیش لە گەڵیدا بووبێتو، مابێتەوە، کە لە ڕشووی عورفەوە ووشەی هاوڕێیەتی بۆ بەکار بهێنرێت، وەك خەلیفەکانی ڕاشیدینو عەبدوڵای کوڕی عەبباسو، عەبدوڵای کوڕی مەسعودو، هی تریش، کە بڕوایان پێ هێناوەو، پاڵپشتییان لێ کردووەو، گوتییان بۆ گرتووەو، شوێن ڕێبازی هیدایەتی ئەو زاتە کەوتوون.

لەدوای کۆچی دوای پێغەمبەر (ﷺ) هاوەڵەبەڕێزەکانی، ئەوانەیان کە بە خاوەن زانستو شەرعزانی ناسرابوون، هەستیان بە فەتوادانو، دادگەری کردن لە نێوان خەڵکیداو، فەتواو قەزاوەتەکانیان گێڕدراونەتەوە بۆ ئێمە جا ئایا دروستە کە ئەو فەتواو بڕیارانەی وەك سەرچاوەیەك لەسەر چاوەکانی شەرع سەیر بکەینو، دەبێت موجتەهید پێیانەوە پابەند بێت؟ ئەگەر لەقورئانو فەرمودەو ئیجماعدا حوکمێکی دەست نەکەوت کار بەگوتەی هاوەڵان دەکات؟ زانایان لەسەر وەلامی پرسیارێکی لەم جۆرە ڕاجیاییان هەیە.

٢٤٤- جێگای ڕاجیاییەکان:

ڕاجیایی لەسەر گوتەی هاوەڵان ((خوا لێیان ڕشازی بێت)) بە شێوەیەکی ڕەها نییە، بەڵچکو لەم بارەیەوە درێژە باسێك بەم شێوازەی لای خوارەوە هەیە:

- یەکەم: زانایان ڕشایان وایە کە فەرمایشتی هاوەڵان لەو شتانەیدا کە بەڕاو ئیجتیماع کردن نازانرێت، دەبێتە بەڵگە، چونکە وەك حوکمێکی بیستراو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) تەماشا دەکرێتو، دواجار وەك فەرمودە وایەو، بێگومان سوننەتو فەرمودەیش سەرچاوەی شەرعدانانە، حەنەفیەکان نمونەیان بۆ ئەمە بەو گێڕانەوەیە هێناوەتەوە کە

لە عەبدوڵای کوڕی مەسعوودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە، کە فەرمویەتی: لای کەمی کاتی بێ نوێژی ئافرەت سێ ڕۆژەو، هەروەها نمونەیەکی تری بایەخدار لەو گێڕانەوانەی کە هەن، ئەوەیە کە لە فەرمایشتی هەندێك لە هاوەڵانەوە وەرگێڕدراوە، کە وایان داناوە، لای کەمی مارەیی ئافرەت دە درهەمە.

- دووەم: ئەو فەرمایشتەی هاوەڵان، کە کۆکبوونی گشتتی لەسەر دروست بووە، بە بەڵگەیەکی شەرعی دادەنرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ئیجماعە، هەروەها فەرمایشتی ئەو هاوەڵەی کە ڕای پێچەوانەی لەسەر نەهاتووە، ئەمەیش وەك ئیجماعی بێدەنگ (الأجماع السكوتي) دادەنرێتو، ئەمەیش دیسان بەڵگەیەکی شەرعییە لەلای ئەوانەی کە بڕوایان بە ئیجماعی بێدەنگی هەیە.

- سێیەم: فەرمایشتی هاوەڵێك بەسەر هاوەڵێکی تری وەك خۆیەوە، وەك بەڵگەیەکی پابەند (ملزم) تەماشا ناکرێت، چونکە دەبینین کە هاوەڵان لە نێوان خۆیاندا ڕاجیاییان هەبووە، بەڵام هیچکامیان ئەوەی تری ناچار نەکردووە، کە پابەند بێت بەڕای ئەمەوە.

- چوارەم: ئەگەر فەرمایشتی هەر هاوەڵێك ((خوا لێیان ڕای بێت))،لە ڕاو ئیتیهادی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەمە ئەوەیانە کە ڕاجیایی لەسەرە، ئایا ئەم جۆرەیان دەبێتە بەڵگە بەسەر ئەوانەی لەدوای ئەمانەوە هاتوون، یان نابێتە بەڵگە[1]؟!

- ٢٤٥- هەندێ لە زانایان ڕایان وایە، کە بە بەڵگەی شەرعی دادەنرێتو، لەسەر کەسی موجتەهید پێویستە کە کار بەفەرمایشتی هاوەڵان بکات، ئەگەر ئەو حوکمە لە قورئانو سوننەتو ئیجماعدا دەست نەکەتو، ئەگەر هاوەڵانیش لەسەر ئەو حوکمە ڕاجیاییان هەبوو، ئەوا دەکرێت، کە لەناو ڕاجیاوازەکانیدا، ڕایەك هەڵبژێرێت.

---

[1] شرح مسلم البثبوت، ب٢، ل١٨٥و دواتریش.

ئینجا گروپێکی تر لە زانایان ڕایان وایە کە بە بەڵگەی شەرعی دانانرێت،و موجتەهید لەسەری پێویست نییە، کە کار بە فەرمایشتی هاوەڵان بکاتی، بەڵکو لەسەری پێویستە کە بە داخوازی بەڵگە شەرعییەکان کار بکات.

گروپی یەکەم: بەڵگەیان ئەوەیە کە لایەنی پێکان لە ئیجتیهاد کردنی هاوەڵاندا زۆر زیاترەو، لایەنی هەڵەکردن زۆر کەمترە، چونکە هاوەڵان شایەتحاڵی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز بوونو، لەسەر حیکمەتی تەشریعو، هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی قورئان هەڵوەستەی هەیەو، ماوەیەکی زۆرە لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوونو، بەو هۆیەوە زانیاریان لەسەر شەریعەت دەست کەوتووەو، لەسەر ماناکانی توانی تێگەیشتنیان بۆ دروست بووە، بۆیە لەبەر هەموو ئەمانە ڕای هاوەڵان پلەیەکی بالاتری هەیە، لە ڕای کەسانی ترو، ئیجتیهادی ئەوانیش زۆر نزیکترە لەڕاستیو پێکانەوە، لە ئیجتیهادی کەسانی تر!

گروپەکەی تر بەڵگەیان ئەوەیە کە ئێمە پابەند کراوین، بە گوێڕایەڵی قورئانو سوننەتو، ئەو بەڵگانەوە کە دەقی قورئانو سووننەت ئێمە ڕێنموونی دەکەن بۆ لایانو، فەرمایشتی هاوەڵانیش سەر بەهیچ کام لەم بابەتانە نییەو، ئیجتیهاد کردن بە بیوڕا، شایەتی پێکانو هەڵەکردنیشەو، لەم پرسەدا جیاوازی لە نێوان هاوەڵانو کەسانی تردا نییە، هەرچەندە ئەگەری هەڵە کردنی هاوەڵان کەمترە.

ئەوەی ئێمە بەڕای لە پێشتری دەزانینو (ترجیح)ی، دەکەین، ئەوەیە کە فەرمایشتی هاوەڵان (خوا لێیان ڕای بێت) بەڵگەیەکی وانییە، کە ئێمە ناچار بکات، پابەندبین پێیەوە، بەڵام زیاتر بەلای ئەوەدا دەڕۆین، کە کاری پێبکەین، لە پرسێکدا کە دەقی قورئانو سوننەتو ئیجماعی لەسەر نەبووە، یاخود هەر لەو پرسەدا بەڵگەیەکی بایەخداری تر بوونی نەبوو، ئەوە لەم حاڵەتەدا دەبینین کە کار کردن بە فەرمایشتی هاوەڵان لە پێشترە.

﴿بەشی دەیەم﴾

بەڵگەی دەیەم:

شەریعەتەکانی گەلانی پێش ئێمە ((شرع من قبلنا))

مەبەست لەشەریعەتەکانی پێشین، ئەوئەحکامانەیە کە خودا کردوونی بەشەریعەت بۆ گەلانی پێش ئێمەو ناردوییەتیە سەر پێغەمبەرانی خۆی، تا ئەوانیش ئەو ئەحکامانە وەك پەیام، بدەن بە گوێی ئەو گەلانەدا.

زانایان لەسەر ئاستی پەیوەندی ئەو ئەحکامانەی ئەو گەلانە بەشەریعەتی ئێمەوەو ئاستی بەڵگە بوونیان سەبارەت بە ئێمە، ڕاجیاییان هەیە، جا پێش باسکردنی ڕاو قسەکانیان، پێویستە پێگەی ڕاجیاییەکە باس بکەین، چونکە ئەم پرسی ((شرع من قبلنا))یە، چەندەها جۆری هەیە، جۆری هەیە، کە کۆکی لە نێوان زانایاندا هەیە، لەسەر بە بەڵگە بوونی سەبارەت بە ئێمەو، هەیانە کە کۆکی هەیە، لەسەر ئەوەی کە لەو حوکمانەدا هەیە، کە سەبارەت بە ئێمە نەسخ کراوەتەوەو، هەیشیانە کە هێشتا ڕاجیایی لەسەرە.

جۆرەکانی شەریعەتەکانی پێشین:

٢٤٧- جۆری یەکەم: ئەو ئەحکامانەن کە لە قورئان یان لە سوننەتدا هاتوونو لەشەریعەتی ئێمەدا بەڵگەیان لەسەر هاتووە، کە فەرزن لەسەر ئێمەیش، هەر وەك چۆن لەسەر گەلانی پێش ئێمەیش فەرزبوون، جا ئەم جۆرەی ئەحکامەکان ڕاجیایی لەسەر نییە، کە شەرعە بۆ ئێمەیشو، سەرچاوەی شەرع بوونیو، بە بلگە بوونی سابارەت بە ئێمە، هەر هەمان ئەو دەقانەیە کە بەو جۆرە لە شەریعەتی ئێمەیشدا هاتوون، وەك فەرزبوونی ڕۆژوو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ

ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾﴾[1] واتـه:ئـهى بـاوهڕداران، ڕۆژوو لهسهرتان پێویست كراوه، ههر وهك لهسهر گهلانی پێش ئێوهیش پێویست كرابوو، بههۆی ئهم پهرستشهوه، لهخودا بترسن.

٢٤٨- جۆری دووهم: ئهو ئهحكامانـهن كـه خـودای پـهروهردگار لـه قورئـانی پـیرۆزدا باسی كـردوون‌و، گێڕاونیهنییـهوه، یـاخود پێغهمبـهر (ﷺ) لـه سـوننهتی خۆیدا ڕوونـی كردوونهتـهوهو، لـه شـهریعهتی خۆیـشماندا بهڵگـه ههیـه، لهسـهر ئـهوهی كـه نهسـخ كراوهتهوهو، لهسهر ئێمه نییه، پێوهیانهوه پابهند بـین، واتـه:ئـهو ئهحكامانـه تایبـهتین، بهو گهلانهی پێشووهوه، ئهم جۆره هیچ ڕاجیاییهكی لهسهر نییه، كه شهرع نین بۆ ئێمه، لهوانهیش وهك ئهوهی كه له قورئانی پیرۆزدا هاتووه، كه دهفهرموێت: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٤٥﴾ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾﴾[2] واته: بهوانه كه لهخۆیانهوه ئهو ئاژهڵ‌و مهڕ‌و ماڵاتـه یاسـاغ دهكهن، بڵێ، لهو شتانهدا خوای گهوره بهوهحی بۆی ناردووم، شتێك نابینمهوه خواردنی له كهسێك حهرام بێت، باشه! ئێوه ئهو ههمووشتانهتان چۆن حـهرامكرد؟! بێجگـه لـه مردارهوه بوو، یان خوێنێكی ڕژێندراو، یان گۆشتی بهراز، كه بێگهمانه ئهو بهرازه ههموو گیانی پیس و قێزهوهنه، یان مهگـهر ئـاژهڵێ كـه بـهناوی غـهیری خـوداوه سـهربڕا بێـت، دیاره ئهو خۆره سهربڕینهیش فیسق‌و له سنو دهرچوونهو، خواردنی یاساغه، داسا چاك

---

[1] البقرة (١٨٣).

[2] سورة (ألانعام/ ١٤٥-١٤٦).

بزانن كە هەر ئەو جۆرە شتانە حەرامن، نەك ئەوەنەی وا ئێوە بە ئارەزووی ئەو حەرامانە بخواتو، لە ئەندازەی پێویست نەچێتەدەر، هیچ گوناهێکی ناگات، چەنکە بەڕاستی پەروەدگارت لێبوردەو میهرەبانە، ئینجا گۆشتی هەموو ئاژەڵێکی نینۆکدارو سمدارمان، وەكو وشترە مراویو، هتد....لەسەر جوولەکەکان حەرامکرد، پیوو چەوری سەرپشتو ریخۆڵەکانیان نەێت، یان ئەو پیوەی تێکەڵی ئێسك بوو بێت، واتە: چەوری قەبرغەو دووگ جا ئەم تۆڵەیامان لە بەسەر سەرکردەیشیو یاخی بوونیان بوو، بێگومان ڕاستگۆو دادپەروەریش بووین، لە بڕیارەکانماندا.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەموێت: (وأحلت لي الغنائم، ولم تحل لأحد قبلي)، واتە: دەست کەوتی جەنگ بۆمن حەڵاڵکراوەو، بۆ هیچ پەیامبەرێکی پێش من حەڵاڵ نەبووە، کە لەم بەڵگانەدا ئایەتەکە درکاندنی حەرامبوونی شتگەلێکی تیادابوو، کە لەسەر ئێمە حەرام نییەو، تەنانەت حەڵاڵیش کراوە بۆمانو، فەرمودەکەیش بەڵگەیە لەسەر حەڵاڵی دەسکەوتی جەنگ بۆ مسوڵمانان، کەچی لەسەر گەلانی پێشوو حەڵاڵ نەبووە !

٢٤٩- جۆری سێیەم: ئەو ئەحکامانەن، کە لە قورئانو سوننەتی پێغەمبەرەکەماندا (ﷺ) باسیان لێوە نەکراوەو، ئەم جۆرەیش بەبێ بوونی هیچ جۆرە ڕاجیاییەك لە نێوان زانایاندا، نابنەشەریعەت بۆ ئێمە.

٢٥٠- جۆری چوارەم: ئەو ئەحکامانەن، کە دەقی قورئانو سوننەتیان لەسەر هاتوون، بەلام لەدووتوێی ئەو دەقانەدا بەڵەیەك بەرپا نەبووە کەدەلالەت بکات لەسەر مانەوە یاخود نەمانەوەی ئەو حوکمە سەبارەت بە ئێمە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ﴾[1] واتە: ئێمە لە تەوراتدا لەسەر بەنی ئیسرائیلمان نووسیو بڕیارماندا، کە تۆڵەی کوشتنی گیانێك گیانێکە، واتە ئەگەر کەسێك کوژرا، تەنها بکوژەکەی دەکوژرێتەوەو، نابێ دەست بۆ کەسێکی تر ببرێتو،

[1] سورة (المائدة/ ٤٥).

چاو لەباتی چاو لووت لەجیاتی لـووت‌و، گـوێ لـە جیـاتی گـوێ‌و، ددان لـەجیاتی ددان‌و، هەموو زام‌و برینێکیش بە گوێرەی خۆی قیاس‌و تۆڵەی هەیە.

جا ئەم جۆرە هەمان ئەو جۆرەیـە کـە ڕاجیـایی نێـوان زانایـانی لەسـەرەو، سـەبارەت بەئاستی بەڵگە بوونی بۆ ئێمە دیسان ڕاجیایی هەیە، هەندێ لە زانایان وەك حەنەفیـەکان بەبەڵگەی دەزانن‌و، بە بەشێك لە شەریعەتی خۆمانی دادەنێن‌و، گروپێکی تـر لـە زانایـان ڕایان وایە، کە بۆئێمە نابنە شەریعەت‌و، هەر گروپەو بۆ پاڵپشتی ڕاکەی خـۆی ژمارەیـەك بەڵگەی هێناوە[1].

٢٥١– لەڕاستیدا ئەم ڕاجیاییە گرنگ نییە، چونکە ڕاجیاییەکە لـە حاڵـەتی پڕاکتیکیـدا ڕەنگ ناداتەوەو، تەنها تیۆرییەو، هەر حوکمێك لە ئەحکامەکانی شەریعەتەکانی پێشوو، خودا بۆ ئێمـەی باسـکردووە، یـاخود کـە پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ ئێمـەی ڕوون کردۆتـەوە، بەدڵنیاییەوە لە شەریعەتی خۆماندا بەڵگە هەیە، لەسەر هەڵوەشاندنەوەي ئـەو حوکمـە، یاخود لەسەر مانەوەی ئەو حوکمـە لەسـەر ئێمـەیش، ئیتر چـونیەکە بەڵگـەی مانـەوەی حوکمەکە یـاخود هەڵوەشـانەوەکەی لـەدوو تـوێی ئـەو دەقەکـەدا هاتبێـت، کـە حوکمـە شەرعییەکەی گەلانی پێشوومان بـۆ بـاس دەکـات، یـاخود بەڵگەکـە لـە جێگایـەکی تـری دەقەکانی قورئان‌و سوننەتتدا دەرکەوتبێت، هەر چونیەکە.

لێرەدا بۆ پاڵپشتی قسەکەی خۆمان باسی چەسپاندنی ئەو ئەحکامانە دەکـەین کـە لـە ئایەتی پێشووەکەدا هاتبوون، بەسەر ئێمەیشدا، کە ئایەتەکـە فـەرمووی: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ .... ﴾، کـە بەبەڵگـەی گـەلێك لـە شـەریعەتی خۆمانـدا دەسەلمێنین، کە ئەم حوکم گەلە لەبۆ ئێمەیشن، چونکە هەندێ هەندێ خەڵك بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، کـە تۆڵـە سـەندنەوە لەسـەر ئەندامـەکانی لـەش‌و برینـدار کـردن، ئەمـە نەکراوەتە بۆ ئێمە نییە، کە پێوەی پابەندبین‌و، ئەمەیش غالەیەکی ڕووت‌و قوتەو لەسـەر

---

[1] بڕوانە ((المستصفى)) ل١٣٢و دواتر، والأمدي ب٤، ل١٨٦ و دواتر، وشرح مسلم الثبرت، ب٢، ل١٨٤–١٨٥، المسودة، ل١٩٣، الأحكام، لأبن حزم، ب٥، ل٧٢٤، التلويح والتوضيح، ب٢، ل١٦.

بنەمای بەڵگە دانەمەزراوەو، ڕاجیایی لە نێوان زانایاندا نییە کە حوکم گەلی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسەر ئێمەیش پێویست کراونو، بەشێکن لە شەریعەتی ئێمەو، هەر کەس ئاگاداری پەرتوکی شەرعزانانی سەرجەم ڕەوتە فیقهەی جیاوازەکان بێت ئەوە دەزانێت، کە بەشێکی تایبەتیان تیادا هەیە، کە سەبارەت بە تۆڵەسەندنەوەیە لەسەر گیانو ئەندامەکانو، ئەم حوکمەیش بە بێ ڕاجیایی چەسپێنراوە لەسەر ئێمەیشو دەبێت پێوەی پابەندبین.

ئیمامی شافیعی سەبارەت بەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرموێت: خوای پەروەردگار باسی ئەو شتانەی کردووە لە تەوراتدا کە لە لەسەر بەنی ئیسرائیل پێویست کراونو، فەرمویەتی: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ ....﴾[1] واتە: جا من لەم بارەیەوە ڕاجیاییەك پێ نازانم، کە تۆڵە سەندنەوە لەناو ئەم گەلەدا، بە هەمان ئەو جۆرەیە کە خودا سەبارەت بە ئەهلی تەورات (جولەکەکان) باسی کردووەو، هەروەها هیچ ڕاجیاییەکیشم لەسەر ئەوە نەدیوە، کە تۆڵە سەندنەوە دووکەسی ئازادی مسوڵماندا، لەسەر کوشتن بە تەوراتیو، کەمتر لەوە، واتە بریندار کردن بوونی هەیە، بەڵام بریندار کردنێك کە دەتوانرێت تۆڵەی لێ بکرێتەوە بەبێ ئەوەی کە ئەو جێگایەی بریندار کردنی لێدەکرێتەوە دەبێت وەك خۆی بێتو، تیاچوونی تەواوەتی بەدوادا نەیەت[2].

هەروەها لە پەرتووکی (المغنی) ئیبن قودامەی مەقسییدا هاتووە، کە دەفەرموێت: مسولچمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە تۆڵەسەندنەوە لەسەر غەیری گیان، واتە بریندار کردنو تۆڵەی ئەندامەکان، ئەگەر دەگونجاو دەکرا[3].

[1] سورة (المائدة/ ٤٥).

[2] أحكام القرآن، للأمام الشافعي، ب١، ل٢٨٠-٢٨١.

[3] المغني، ب٧، ل٧٠٢-٧٠٣.

هەروەها پێشەوا ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا، ئیجماعێکی باسکردوە، کە هەیە، لەسەر پێویستی کارکردن بەمەغزای ئەو ئایەتە پیرۆزە[1].

جا ئەحکامەکانی ئەم ئایەتە بۆ ئێمە کار پێکراون لەسەر ڕای هەردوو ئەو گروپەی کە (شرع من قبلنا) بەبەڵگەی دەزانن، بەپێی مەزهەبەکەی خۆیانو، گروپی دووەمیش هەر دەیکەن بەڵگە چونکە بەڵگە هەن لە شەریعەتی خۆماندا، کە دەلالەت لەسەر بوون بەشەرعیان دەکەن بۆ ئێمەیش، لەو بەڵگانەیش، وەك :

- یەکەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ﴾[2]

واتە: لە کزشتندا تۆلچەسەندنەوە لەسەرتان پێویست کراوەو، هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە، کە دەفەرموێت: (والعمد قود، إلا أن يعفو ولي القتيل) واتە لەکوشتنی دەست ئەنقەستدا کوشتنەوە پێویستە، مەگەر کەسی یەکەمی خاوەن کوژراوەکە لێی ببورێتو، هەروەهاله فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (من قتل له قتيل، فهو بخير النظرين: إما أن يفتدي، وإما ان يقتل) واتە: ئەگەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست کوژرا، ئەوە کەسی یەکەمو خاوەنەکەی دەتوانێت یەکێك لەم دووکارە ئەنجام بدات، یان پارە لەبکوژ وەربگرێتو لێی ببورێت، یاخود بیکوژێتەوە.

ئەم بەڵگانە ڕاشکاوانە دەلالەت دەکەن، لەسەر پێویستی تۆڵەسەندنەوە لە کوشتنی بە ئەنقەسداو، کوشتنەوەیش یەکێکە لەو حوکمانەی کە لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتبوو، کە ئێمە قسەمان دەربارەی دەکرد.

دووەم: پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری داون، لەسەر تۆڵەسەندنەوە لەسەر بریندار کردن[3]و، هەروەها لەسەر تۆڵەکەردنەوەلە ددان شکان، بەڵام کابرای ستەملێکراو لێبوردە بووو، تۆڵەی نەکردۆتەوە[1].

---

[1] تفسير إبن كثير، ب٢، ل٦٢.

[2] سورة (البقرة/ ١٧٨).

[3] أقضية الرسول (ﷺ) للشيخ عبدالله بن محمد بن فرج، ل ٩.

سێیەم: هەروەها لە پێغەمبەر (ﷺ) گێڕدراوەتەوە، کە فەرموویەتی: ((من أصيب بدم، أو خبلٍ، أي: جراحٍ، فهو بالخيار، بين إحدى الثلاث، ما أن يقتص، او يأخذ العقل،أي: الدية، أو يعفو))[2]، واتە: ئەگەر کەسێك دووچاری کوشتن، یان بریندار کردن بوویەوە، سەرپشکەلە نێوان ئەم سێ حوکمەدا، یان تۆڵە بەکوشتنەوە ئەنجام دەدات، یاخود خوێن وەردەگرێتو، واتە پارەو سامان، یاخود کابرای تاوانبار دەبورێت.

– چوارەم: خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾[3] واتە هەر کەس دەستدرێژی کردە سەرشان ئەوا ئێوەیش لە تۆڵەدا هەر هێندەی ئەو تۆڵە بەکەنەوەو زیادە ڕەوی مەکەن زانایان دەفەرموون:– لەژێر ئەم ئایەتە پیرۆزەدا، تۆڵەسەندنەوە بە کوشتنەوەو، تۆڵەسەندنەوەی ئەندامەکانو بریندار کردن بوونی هەیە، ئەو تۆڵەسەندەنەوە برینداار کردنو بیریندار کردنو ئەو ئەندامانەی کە لەم ئایەتەدا هاتبوون، کە دەفەرموێت[4]: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ﴾[5] واتە: لەسەر جەم ئەوانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو ئەحکامەکانی ئایەتەکانی تۆڵەسەندنەوە کە گەلانی پێشوو هەبووەو، شەرع بووە بۆ ئەوان بۆ ئێمەیش هەر چەسپاون، بەو بەڵگانەی کە لە شەریعەتی ئێمەدا هەنو، دەبنە بەڵگە لەسەر ئەم ڕاستییە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٣.

[2] نيل الأوطار، للأمام الشوكاني، ب٧، ل٧.

[3] سورة (البقرة/ ١٩٤).

[4] الأمدي، ب٤، ل١١٩، المسصفى، للأمام الغزالي، ب١، ل١٣٤–١٣٥.

[5] سورة (المائدة/ ٤٥).

﴿بەشی یانزدەهەم﴾

((بەڵگەی یانزدەهەم :- ئیستیصحاب))

- پێناسەکەی:

٢٥٢- ئیستیصحاب، لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ویستی هاوڕێیەتی‌و بەر دەوامی پێدانی هاتووەو، لەزاراوەی زانایانی زانستی ئوصولی فیقهدا بریتییە لە بەردەمی پێدانی جێگیر بوون‌و چەسپاندنی ئەو شتانەی کە پێشتر جێگیر بوون‌و، هەروەها بەردەوامی پێدان‌و نەچەسپانی ئەو شتانەی کە پێشتر نەچەسپاو بوون[1]، یاخود بریتییە لە هێشتنەوەی شتێ، لەسەر ئەو شێوازەی کە هەبووە، ئەگەر فاکتەرێ نەبێت، لە ئارادا کە بیگۆڕێت[2]، جا بۆیە هەر شتێك زانرا، کە لە ڕابردوودا هەبووە، بەڵام دواتر دڵە ڕاوکێ دروست بوو، لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە لەسەر ئەو شێوازە نەمابێت، ئەوا حوکم دەدەین لەسەر مانەوەی ئەمە وەك هاوڕابوونێ لە گەڵ بوونی ئەو شتەدا لە ڕابردوودا، بەڵام شتێ کە زانرا لە ڕابردوودا، نەبووە بەڵام دواتر لە دڵدا خورپەیەك پەیدا بوو، لەسەر بوونی ئەوا هەر حوکم دەدەین، لەسەر نەبوونەکەی، وەك هاوڕێ‌و هاوڕابوونێ لەسەر نەبوونی ئەو شتە، لە ڕابردوودا، لەم ڕوانگەیەوە، هەر کەس لەکاتێکی دیاریکراودا زانرا، کە لە ژیاندا بووە، ئەوە هەر حوکم بە بەردەوامی ژیانی ئەو کەسە دەکەین، تا بەڵگەیەك پەیدا دەبێت، لەسەر مردنی‌و، هەرکەس ئافرەتێکی مارەکرد، بەنرخی کچایەتی‌و، دواتر لە دوای خەوتن لەگەڵیدا، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ژن بووە ! ئەوە قسەکەی بەبێ بوونی بەڵگە وەرناگیرێت، ئەمەیش وەك هاوڕێ‌و هاوڕابوونێ لەگەڵ بوونی کچایەتیدا لەو ئافەرتەدا چونکە ئەو حاڵەتە حاڵەتە ئەسڵیەکەیە، کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەو

---

[1] إعلام الموقعين، ب١، ل٢٩٤.

[2] الشوكاني، ل٢٠.

بنەمایە گەشەی کردووە، وەهەرکەس سەگێکی کڕی، بۆ نرخی ئەوەی کە ((سەگی پۆلیسە)) کە بەچاکی شوێن پێ وەردەگرنو شوێنەوار ناسەو، هاوکاری دەکەن لە بەرامبەر ئاشکرا کردنی تاوانەکاندا، یاخود بەنرخی سەگی ڕاو یان تانجی ڕاو کڕی، بەڵام دواتر کڕیار بانگەشەی ئەوەی کرد، کە سەگەکە توانی ئەو کارانەی نییەو، ئەو خەسڵەتانەی تیادانییە، قسە لێرەدا، قسەی کابرایەو، قسەکەی لێ وەردەگیرێت مەگەر بەڵگەیەك بێتە ئاراوە، کە قسەکەی ڕەت بکاتەوە، ئەمەیش وەك هاوڕێو هاوڕابوونێ لە گەڵ حاڵەتە نەبوونیەکەی ڕابردوودا، چونکە لە ئەسڵدا نەبوونی ئەو وەصفو خەسڵەتە لەئارادا هەیەو، دواتر ئەو حاڵەتە لەو سەگەدا بەڕاهێنا تیایدا دروست دەکرێتو، فێردەکرێت.

٢٥٣- جۆرەکانی ئیستیصحاب:

- یەکەم: ئیستیصحاب، حوکمی موباح بوونی ئەسڵیی شتەکانی هەیە:[1]

شتە سوودمەندەکانی، وەك خواردنو خواردنەوەو ئاژەڵو ڕووەكو بێ گیانەکان، کە بەڵگە نییە، لەسەر حەرام بوونیان، ئەمانە موباحن، چونکە موباحو حەڵاڵ بوون حوکمی بنەماییو ئەسڵی شتەکانی ناو ئەم بوونەوەرەیەو، ئەو شتانەی کە حەرامن لە بونەوەردا، بەبەڵگەی شەرعی حەرام دەبن، لەبەر هۆکاری زیانمەد بوونیان.

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە حوکمی ئەسڵیی شتەبەسوودەکان، بریتییە لە موباح بوونیان ئەو فەرمایشتەی پەروەردگارە، کە وەك پێزانینێ بەسەر بەندەکانیدا دەفەرموێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ﴾[2] واتە: هەر چی لە ئاسمانەکانو زەویدا، هەیە هەر هەموو خودا بە میهرەبانی خۆی بۆ ئێوەی ڕمکردووە، جا پێزانین (إمتینان)و ڕامکرن (التسخیر) بە تەواوی کامڵ نابنو، پڕبەپێست نابن، تا کاتێك کە سوود

---

[1] لطائف الأشارات، ل٥٥-٥٦.

[2] سورة (الجاثية/ ١٣).

وەرگرتن لەو لەو دروستکراوانە موباح نەبێت، بەڵام شتە زیانمەندەکان، ئەسڵ تیایاندا حەرام بوونە، لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((لاضرر، ولاضرار)) واتە: کەس مافی زیان لە خولکدانی نییەو، تۆڵەی زیانگەیاندنیش، بەزیان گەیاندن نابێت.

- دووەم: ئیستیصحابی بەرائەتی ئەسڵیی، یان عەدەمی ئەسڵیی:

پەیامی تەکلیف لەسەر شان بوونی مرۆڤ، ئەکتیف ناکرێت تا بەڵگەیەك لە سەر بوونی تەکلیف لەسەری پەیدا نەبێت، کەواتە ئەگەر کەسێك بانگەشەی ئەوەی کرد، کە مافی لەسەر کەسێکی دیاریکراو هەیە، ئەوە سەلماندنی ئەم داوایەی لەسەرە، چونکە داوای شتێتێکی پێچەوانەی ئەسڵ دەکاتو، پێویستە بەڵگەیەکی پێ بێت، کە ئەو داوایەی خۆی پێ بچەسپێنێتو، هەروەها تۆمەتبار لەئەسڵدا دوورە لەو تۆمەتەی بۆی کراوەو، نمونەیەکی تر وەك ئەوەی کە ئەگەر دووکەس شەریك بوون لە کاسبییەکدا یەکێیان گوتی: خێرمان نەکردووە، ئەوە قسەکەی لێ وەردەگیرێت، چونکە ئەسڵ تیایدا، قازانج نەکردنەکەیە، بۆیە ئەو قازانج نەکردنە دەکرێتە هاوڕێو هاوڕای ئەسڵەکە، کە نەبوونەکەیە، تاوەکو بە بەڵگە خێرەکەی لەسەر دەچەسپێنرێت.

- سێیەم: ئیستیصحابو مانەوەی وەو وەصفەی کە چەسپێنەری حوکمە شەرعییەکەیە تا کاتێك کە بەڵگەی پێچەوانە پەیدا دەبێت:

بۆیە هەر کەسێك چەسپا، کە فڵانە خانوو، یان سامانی گواستراوە، هی ئەوە، ئەوە هەر ئەو موڵکیەتەی بۆ دەمێنێتەوەو، ئێمەیش هەر بڕیار بەوە دەدەین، مەگەر بەڵگەیەك بێتە ئاراوەو پەیدا ببێت، کە دەلالەت بکات لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە فڕی نەماوە بە خاوەنێتی ئەو موڵکەوە، وەك ئەوەی کە فرۆشتبێتی، یان کردبێتیە وەقف، یان بەخەلات دابێتی بەخەڵكو، هەروەها وەك لە ئەستۆدا بوونی قەرز، لەکاتی بوونو مانەوەی هۆکارەکانیدا، وەك پابەندبوون وایە بە موڵکێکەوە، یان بەلەناوبردنی موڵکی کەسێکەوە، هەروەك چۆن لەسەر لەناوبەرە بیبژێرێت، ئەمەیش هەروایەو لە ئەستۆدایە مەگەر بەڵگەیەك پەیدا ببێت، پرۆسەکەی بگۆڕێت، واتە، یاخود مەگەر بەڵگەیەك پەیدا ببێت،

ئەو لە ئەستۆدا بوونەی قەرزە لا بدرێت، بەوەی کە بەڵگەکە بیسەلمێنێت، کابرای قەرزار قەرزەکەی داوەتەوە، بەخاوەنەکەی یاخود کابرای داواکار لەقەرزەکەی خۆش ببێتو، هەروەها وەك جێگیر بوونی حەڵاڵێتی ژنو پیاو لە یەکتری بەهۆی گرێبەستی مارە کردنەوەو، ئەم گرێبەستە هەر بەردەوامە، تا بەڵگەیەك بەر پابێت، کە دەلالەت بکات، لەسەر جیابوونەوەی ئەو دووکەسە لەیەکتریو هتد....

٢٥٤- بەبەڵگە بوونی ئیستیصحاب:

ئیستیصحاب، لەلای حەنەفییەکانو هاوڕاکانیان بەڵگەیە، بۆ هێشتنەوەی شتەکان لەسەر ئەو شێوازەی کە هەیانەو، لادانی پێچەوانەکانیانو، ئەمەیش مانای ئەو قسەیانە کە دەڵێن: ئیستیصحاب بەڵگەیە، بۆ ڕەتکردنەوەی گۆڕانی حوکم نەوەك بۆ چەسپاندنی حوکمی نوێ، بەلام لەلای حەنبەلیو شافعییەکان بەڵگەیە بۆ هەردووکیان، چ بۆ هێشتنەوەی حوکمو مافێکی جێگیرو، چ بۆ سەلماندنی مافێکی تازە، واتە: بۆ دەفعیشو بۆ ئیسباتیش، یاخود مانایەکی تر، واتە: بۆ چەسپاندنی حوکم پێشینەکەو، خستنە قالبی ئەوەی کە بە بەڵگەیەکی نوێی ئامادە دیسان چەسپێنراوەتەوە، چونکە ئیستیصحاب لایەنی مانەوەی گومانی مرۆڤ زیاتر بەلای ئەوەدا دەبات، کە ئەو شتە لەسەر ئەو شێوازە ماوەتەوە، کە هەیبووەو، گومانی پشتڕاست کراوەتەوە (الظن الراجح)یش، لە ئەحکامە شەرعییە پراکتیکییەکاندا بایەخدارە، جا لەم ڕاجیاییەوە پرسی ڕاجیایی لەسەر کەسی وون بوو، قوت بووەتەوەو، ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەم کەسە وون بووە، لەلای حەنەفییەکان بەزیندوو ئەژمار کراوە، بەپێی یاسای ئیستیصحاب، بۆیە حوکمی زیندووی بەسەردا دەدرێت، سەبارەت بەماڵو سامانیو مافەکانی، لەکاتی وونبوونیدا، بۆیە ماڵو موڵکی بەسەر میراتگرەکانیدا دابەش ناکرێتو، هاوسەرەکەی لێ جیاناکەینەوە، بەلام ئەم ژیانە گریمانەییەی نابێتە هۆکار بۆ دەست کەوتنی مافی نوێ، واتە بۆ چەسپاندنی مافێك، کە ناکرێت بۆ کەسی وون بوو، لەکاتی ونبوونیدا

بچەسپێنرێت،بۆیە میرات، لە میرات دەرەکەی نابات، ئەگەر میرات دەرەکە پێش ونبووەکە مردن، واتە مافی ئەوەی نییە کە ئەو بەشەی کە هەیەتی، بۆی دابنرێتو، بەڵکو ئەو بەشەی ئەو تا بەدیارکەوتنی چارەنووسەکەی هەر بەوەستاوی دەهێڵرێتەوە، جا یان دەردەکەوێت، کە زیندووەو، جا بەشە وەستێنراوەکەی پێ دەرێتو، یاخود بەفەتوای قازی مردنی ئەو کەسە دەچەسپێنرێتو، بەشەکەی بەسەر ئەو میراتبەرانەیدا دابەش دەکرێت، کە لەو کاتەدا لە ژیاندان.

بەڵام ئەوانەی کە ئیستیصحاب لە هەموو حاڵەتێکدا، چ بۆ هێشتنەوەی حوکمو مافێکی جێگیرو، چ بۆ سەلماندنی مافێکی تازە، واتە بۆ دەفعیشو، بۆ ئیسباتیش لەلای ئەمانە کەسی ونبوو، بەزیندوو دادەنرێتو، بەتەواوی حوکمی کەسی زیندووی هەیە، کە لای ئەم گروپەو، مافی مولچکایەتی لەسەر لانابرێتو، هاسەرەکەیی لێ ناکرێتەوەو، ئەگەر میراتدەرەکەی لە پێشەوە مرد، ئەوا میراتی لێ دەباتو، هەروەها بەشە وەسیەتی پێ دەدرێتو، نموونەی ئەم ڕاجیاییە یان، وەك ئەو ڕاجیاییە وایە، کە لەسەر سولحچ کردنو ئاشتەوایی هەیانە، لەسەر پرسێك کە تۆمەتبار نکۆڵی دەکات، کە ئەو تاوانەی کردبێت، کە لەم پرسەدا حەنەفییەکان ڕایان وایە کە دەرەنجامی ئەم پرۆسەی ئاشتەواییەی نێوان سکاڵاکارو تۆمەتباری نکۆڵیکار دروستە، بەڵام غەیری حەنەفییەکان، وەك شافعییەکان بەدروستی نازانن، بەڵگەیشیان ئەوەیە کە ئیستیصحاب لە هەموو حاڵەتێکدا بەڵگەیە، چ بۆ دەفعو چ بۆ ئیسباتیش!

٢٥٥- تێبینییەکان لە سەر ئیستیصحاب:

- یەکەم: لەڕاستیدا، ئیستیصحاب، حوکمێکی نوێ جێگیر ناکات، بەڵکو بەردەوامی دەدات، بەو حوکمە ڕابردووەی کە جێگیر بووە، بەهۆی بەڵگەیەکی بایەخدارەوە، کەواتە: ئیستیصحاب لەخودی خۆیدا بەڵگەیەکی فیقهی نییەو، هەروەها سەرچاوەیەکیش نییە، کە حوکمی لێوە هەڵبچێنرێت، بەڵکو تەنها نیشانەیەکە لەسەر مانەوەی حوکم پێشووەکە، ئەو حوکمەی کە بە بەڵگە چەسپێنراوە.

- دووەم:- تا بەلگەی تایبەت لەسەر هەر پرسێك هەبێت، ناچین بەلای ئیستیصحدا، ئەوە کە بەلگە نەبوو، جا دەچنە لای بەجۆرێك کە کەسی شەرعزان لێکۆڵینەوە دەکاتو، تەواوی هەوڵی خۆی لەگەرشان بەدوای بەلگەدا دەخاتە گەڕ، کە دەستی نەکەوت، ئیتر دەگەڕێتەوە بۆلای ئیستیصحاب، هەر بۆیەش هەروەك هەندێکیان دەڵێن: کە ئیستیصحاب دوا پێگەی خولانەوەیە، لەفەتوادا، چونکە موفتی ئەگەر سەبارەت بە پرسێك پرسیاری لێکرا، ئەوا بۆ دەسکەوتنی حوکمەکەی لە قورئانو سوننەتدا دەگەڕێتو، تا سەرچاوەکانی تریش.......... جا کە حوکمەکەیی نەدۆزییەوە، ئەوا لە ئیستیصحابدا بەهەردوو بەشی دەفعو ئیسباتەکەیەوە حوکمەکەی دەست دەخات، ئەگەر دڵە خورپەی هەبوو، لەسەر نەمانی حوکمەکە، ئەوە ئەسڵ تیایدا مانەوەیەتیو، ئەگەر دڵە ڕاوکێی هەبوو، لەسەر جێگیر بوونی، ئەوە ئەسڵ تیایدا جێگیر نەبوونیەتی![1]

٢٥٦- ئەو یاساو ڕێساو میتۆدانەی، کە لە سەر بنەمای ئیستیصحاب بنیات نراون، و یاخود لە هەناوی ئەو هاتونەتە دەرەوە، لەوانە:

یەکەم:- (الأصل في الأشياء الأباحة)، ئەسڵیی شتەکان هەموویان ئەوەیە کە حوکمدا موباحنو حەلاڵنو، لە هەناوی ئەم یاسا ئەسڵیەوە ئەو حوکمە تایبەتە هاتووەتە دەرەوە، کە سەرجەم گرێبەستو هەڵسو کەوتو مامەڵە جۆراو جۆرەکانی نێوان خەڵکی، موباحن، مەگەر دەقێك بێتە ئارەاوە کە حەرامیان بکاتو، ئەمەیش ڕای گروپێکە لە شەرعزانەکان.

- دووەم: ئەسڵ ئەستۆ پاکییە، لەسەر مرۆڤو، لەسەر جەم پرسە مەدەنیو سزادانەکاندا وەك یەك کار بەم ئەسڵە کراوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات، کە مافێکی (وەك قەرزی)، لەسەر کەسێکی تر هەیە، ئەوە لەئەسڵدا حوکمەکە ئەوەیە کە ئەو مافە لەسەر کەسی دووەم نییە تا کاتێك کە سکالاکار بە بەلگە ئەو

---

[1] الشوکاني، ل٥٠٨.

داوایەی خۆی بسەلمێنێتو، هەروەها وەك ئەوەی كە تۆمەتباربێ تاوانە تا تاوانەكەی بە بەڵگە دەچەسپێنرێتو، ئەم قسەیەش هەر لەمەوە هاتووە، كە دەڵێت:- بوونی گومانیو ڕاڕایی دەبێت لەبەرژەوەندی تۆمەتباردا بەكار بهێنرێتو، هەڵچەكردن لە چاو پۆشینی تۆمەتباردا باشترە لە هەڵەكردن لە تاوانباركردنی كەسی بێ تاواندا.

– سێیەم: دڵنیایی بەگومانو ڕاڕایی لاناچێت، بۆیە هەركەس دەستنوێژی گرتو دوایی گومانی بۆ پەیدا بوو، كە لەوانەیە دەستنوێژەكەی شكابێت، ئەوە هەر بەدەستنوێژدار ئەژمار دەكرێتو، هەركەس چەسپا كە گرێ بەستی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، ئەوە ئەو بڕیارەی لەسەر لاناچێت مەگەر بە بەڵگەیەكی دڵنیاكرەوەو، هەركەس بەڕێگایەكی شەرعیی بوویە خاوەنی موڵكێك، تەنها بوونی هەڵسوكەوتێكی وادا، ئەو مافەی لەسەر لا دەچێت، كە ئەو هەڵسوكەوتە هۆكاری هەڵوەشانەوەی موڵكیەتەكە بێتو، عیلەتی ئەم یاسایەش ئەوەیە كە دڵنیایی (یقین) شتێكی بەدی هاتوو بووەو، گومانی تیادا نەبووە، بۆیە ئەو یەقینە دەكرێتە هاوڕێو هاوڕای بڕیارەكە، مەگەر بەڵگەیەك پەیدا ببێت لەسەر پێچەوانەكەی، بەڵام گومان بەتەنها خۆی ناتوانێت، كار لەسەر دڵنیایی (یەقین) بكات، بۆیە كار بەگومان ناكرێت.

﴿بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ﴾

١. شەرحی عەوامیلی جورجانی. "کورتە شەرح"

٢. شەرحی عەوامیلی بورکەوی.

٣. شەرحی عەوامیلەین،"الجرجاني، و البركوي". "کۆکراوەی ئەو دروانەی پێشووە"

٤. شەرحی عەوامیلی مەلا موحسین.

٥. شەرحی (المقدمة الآجرومية). "کورتە شەرح"

٦. (حەفتا و سێ فیرقەی جیاواز). دەربارەی دەستە، و تاقمە ئیسلامییەکان، "الفِرَق الاِسلامِيَّة"

٧. شەرحی (الورقات)ـی، ئیمامی حەرەمەین، لە زانستی ئوصولی فیقهدا.

٨. پوختەیەك دەربارەی زانستەکانی قورئانی پیرۆز، "علوم القرآن".

٩. تەرجەمەی (هداية المستفيد)، دەربارەی زانستی تەجوید.

١٠. پوختەیەك دەربارەی زانستەکانی قورئان، و تەجوید.

"کۆکراوەی ئەو دروانەی پێشووە"

١١. شەرحی عەوامیلی جورجانی. "شەرحی درێژ، لە(٤٠٠) لاپەڕەدا".

١٢. شەرحی (المقدمة الآجرومية). "شەرحی درێژ، لە(٣٠٠) لاپەڕەدا".

١٣. الملاّ أبوبكر المصنف، حياته ومؤلفاته وآراؤهُ. (بە عەرەبی، و بە کوردی)

١٤. کوردانی موناجاتی ئیمامی شافیعی.

١٥. تەحقیقی ﴿حەج نامەی کوردی﴾، مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی.

١٦. خوشکم حیجاب خۆش بەختییە.

١٧. شەرحی (الهداية فی النحو).

۱۸. شەرحی (مفتاح الآداب)ـی، (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرّس)، بە کوردی.
۱۹. ئامادەکردن وتەحقیقی (مفتاح الآداب)، بە عەرەبی.
۲۰. گوڵچنیّ لە گوڵزاری فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامﷺ.
۲۱. شەرحی (المنظومة البیقونیة)، لە زانستەکانی فەرموودەدا.
۲۲. شەرحی (الفوائد الصمدیة)، لە زانستی نەحودا.
۲۳. شەرحی (عمدة الطلاب)ـی، شێخ عباس المدنی الشافعی، لە زانستی ئوصولی فیقهـــدا.
۲٤. تەرجەمەی کتێبی (تیسیر مصطلح الحدیث).
۲۵. تەرجەمەی، (منظومة اِبن فرَح الاشبیلی)، لە زاراوەکانی فەرموودەدا.
۲٦. شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی، و دوو پەیامی عیرفانیی لە لووتکەدا.
۲۷. کوردانذنی ﴿شەرحی ئیبن عەقیل﴾.
۲۸. کوردانذنی (صحیح مسند اَسباب النزول)ـی، "الشیخ مقبل بن هادی الوادعی".
۲۹. ئامادەکردنی، ﴿دیوانی جەلال﴾، شیعرەکانی: مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی.
۳۰. ڕیزبەندی قورئانی پیرۆز، بە گوێرەی باس و بابەتە جیاوازەکان.
۳۱. کوردانذنی ﴿أرمغان جوانان﴾ـی، مامۆستا مەلا باقری بالك.
۳۲. چمکێك لە ژیان وکەسایەتی موتەصەویفی مەزن، شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی.
۳۳. شەرحی (نخبة الفِکَر)، لە زاراوەکانی فەرموودەدا.
۳٤. تەرجەمەی﴿الطلاق مرّتان﴾ـی، د. مستەفا زەڵمی.
۳۵. تەرجەمەی﴿خطوات الطلاق، في القرآن الکریم﴾ـی، د. مستەفا زەڵمی.
۳٦. تەرجەمەی﴿الطلاق المعلّق، في الشریعة الاسلامیة﴾ـی، د. مستەفا زەڵمی.

وصلى الله على سيدنا و نبينا محمد و على آله و صحبه وسلم و الحمد لله رب العالمين.